- ڕۆمان -

موسافیر

تا هەڵهاتنی خۆر

گەڕان بە دوای حیکمەتێکی ونبووداً

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com



عبدالکریم فتاح

دەزگای حاجی

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنتَدى إقرَأ الثَقافِي)

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنتَدى إقرَأ الثَقافِي)

براي دانلود كتابهاى مختلف مراجعه: (منتدى اقرا الثقافى)

www. iqra.ahlamontada.com

www.iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى ، عربي ، فارسي)

موسافیر تا هەڵهاتنی خۆر

(گەڕان بە دوای حیکمەتێکی ونبوودا)

نووسینی

عبدالکریم فتاح

کتێبخانەی حاجی قادری کۆیی

بەرانبەر دەرگای قەڵا - بازاڕی ڕۆشنبیری

ئیمەیڵ: Dazgayhaji@gmail.com

سۆشیال میدیاکان: Dazgayhaji

بابەت: ڕۆمان

دیزاینی بەرگ: محمد عبدالله

چاپی یەکەم: ٢٠٢٦ز

لاپەڕە: ٤٩٢

تیراژ: ١٠٠٠ دانە

لە بەڕێوبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان - هەرێمی کوردستان

ژمارە سپاردنی (٣٣٦)ی ساڵی (٢٠٢٦) پێدراوە

موسافیر تا هەڵهاتنی خۆر

(گەڕان بە دوای حیکمەتێکی ونبوودا)

نووسینی

عبدالکریم فتاح

چاپی یەکەم

٢٠٢٦

پێشەکی

-١-

ئاوڕمدایەوە تەمەن تێپەڕی بوو، شەست ساڵ لە عومر گوزەری کرد بوو، کاتێ هاتمەوە بەرهۆش، مووی ڕەشی سەرم بەفری لێ باری بوو، تین و تواناکان ڕوو بە لاوازی بوون، پەتی پەیوەندییەکان لە کورتییان دابوو، حەزی تەنهایی چۆڕابوویە گیانمە.

لە تەمەنی پیری مووی سپی و لاپەڕەی کاری سپی و کفنی سپی و ڕووی سپی بارەگای خودا، دەبێت بە بەشێك لە بیر و خەیاڵ، ئەوەش ڕێگەی نوێی پێ دەگرێتەبەر، ئاراستەی دەگۆڕێ، خامۆشی و تەنهایی لا شیرین دەکات.

لە ئێستادا من دابڕاوم، بۆ خۆم و خودا یەکلابوومەتەوە، ئەو عومرە کەمەی بە دەستەوە ماوە، ئارامانە بەسەری دەبەم، لە سەرقاڵییەکان خۆم بەدوور دەگرم، لە ئاڵۆزییەکان خۆم کەنارگیر دەکەم.

ئێمەی مرۆڤ تەنهاین، بەتەنها لەدایك دەبین، بەتەنهاش دەگەڕێینەوە، ڕووتی جەستەی منداڵ کاتی لەدایکبوون پڕە لە بەرائەت، پڕە لە هیوا و تامەزرۆبوون، پڕە لە خۆشی و شادی، بەڵام کاتی مردن و گەڕانەوە بەرائەتمان لەدەستداوە، پڕین لە نەنگی و عەیب و عار، بۆیە

کفنێکی سپی دەبێتە کاڵای باڵامان، تاکو بە داپۆشین نەنگییەکان بشارینەوە، و بە سپێتی بەرائەتی منداڵی یاد بکەینەوە.

زیاتر لە شەش مانگ لە خۆدا نوقم بووم، تەنها بە جەستە لەگەڵ خەڵك ژیام، بازاڕ و دوکان جەنجاڵ و پڕ زەڵە، وەلێ من خامۆش و کپ و بێدەنگ بووم، وەك ئەوەی لە دوورگەیەکی چۆڵ ژیان بەسەر ببەم.

کار و کەسابەتم رادەستی کوڕەکان کرد، ماف و بەشی کچەکانم جیاکردەوە، دەفتەری قەرزەکانم یەکلاکردەوە، مافی کەسم بەسەر خۆوە نەهێڵا، خێری بەشێك لە ماڵ و سامان و بازرگانیم بۆ هەژاران تەرخان کرد.

بەدوایدا لادێیەکی چۆڵ و ئارامم هەڵبژارد، پارچە زەوییەکم بە کانیاوێکەوە کڕی و خانوویەکی دارم تێدا دروست کرد، لەگەڵ هاوسەرەکەم کۆمەڵێك پەلەوەر و چەند مەڕ و بزنێك و دوو مانگا بەخێو دەکەین، بەشێکی زەوییەکە بۆ سەوزە و تەڕەکاڵ بەکاردەهێنین، بەشێکیش باخێکمان لەسەر رواندووە، چەند دارێکی سێبەریش لەبەردەم خانووەکە، هاوینان دەمانخەنە ژێر میهری خۆیان، دوو دارمێوم لای راست و چەپی پێشەوەی خانووەکە ناشتووە، کەپرێکی گەورەم بۆ دروست کردوون، یەکێکیان ترێی رەش و ئەوێتریان ترێی زەرد دەگرن، لەسەر کەپرەکە ئاوێزانی یەکتر بوون، وەك دوو عاشق بۆ یەکتر گەڵا و

بەریان نمایش دەکەن، پەرژینێك تەلم بە دەوری هەموو زەوییەکەدا هێناوە بۆ پارێزگاری لە پەلەوەر و ئاژەڵان و گیاندارانی درندە و زیانبەخش.

زەوییەکە بە سروشت هەشت دار بەڕووی لەسەر رواوە، تەمەنیان لەسەرو حەفتا ساڵە، سوتەمەنی زستانم پەلوپۆی وشکی ئەو دارانەیە، گردۆڵکەیەك لە ناوەڕاستی پارچە زەوییەکە خۆی باڵا کردووە، دار بەڕووە مەزنەکە -پێدەچێ تەمەنی لە هەموویان زۆرتر بێت- لەسەر لایەکی گردۆڵکەکە گەبەڵ و قەشەنگ لێی وەستاوە، لە دامێنییەوە کانیاوێکی سازگار هەڵدەقوڵێ و ئاوەکەی بەسەر پانتاییەکی بەرینی زەوییەکەدا دەشکێتەوە، ئەستێڵێکم لەبەردەم دروست کردووە وەك خەزانێك بۆ کاتی پێویست بەکاریدەهێنم، بەشێك لە کێڵگەکەم بۆ چاندنی گەنم و جۆ تەرخان کردووە، هەندێ وەرزیش بۆ بەپیتکردنی ئەو بەشەی کێڵگەکە باقلە و نۆکی پیادا دەچێنم، یان دەیکەم بە شەوەر و سێپەڕە بۆ ئاڵفی ئاژەڵەکانم.

خانووەکەمان ڕوو بە خۆرهەڵاتە، چیایەکی مەزنی سەرکەش لە دوورەوە دیارە، تا بەهارێکی درەنگ بە بەفری لوتکە سەرکەشەکەی سڵاومان لێ دەکات، ڕۆژان تەماشای هەڵهاتن و ئاوابوونی خۆر دەکەم، مرۆڤ لە تافی پیری زمردەی ئاوابوونی خۆر پەلکێشی دەکات بۆ

بیرکردنەوە لە ئاوابوونی تەمەن، جاران بە گۆڕستان دەوترا "مەغریبستان"، واتە شوێن و جێی ئاوابووان، ئەو مرۆڤانەی لەم ژیانە ئاوابوون و لە جیهانێکی تر هەڵهاتن، چونکە هەموو ئاوابوونێکی خۆر هەڵهاتنێکە لە مەملەکەتێکی تری ئەم هەسارەیە، شەوانیش تەماشای هەڵهاتنی مانگ دەکەم، بەتایبەت هەڵهاتنی مانگ لە ناوەڕاستی مانگەوە، دوای پڕبوونەوەی مانگ و بوون بە مانگی تابان، شەوانی هاوین لە دەرەوە و لەسەر بانیژەکە دەخەوین، درەنگانی شەو بەئاگا دێم دەبینم مانگ بە کەلی لە چیا مەزنەکەوە هەڵهاتووە، تریفە و نووری بەسەر چیاکە و دەشتە بەرینەکەدا، پەخش بووە، خۆشەویستی لەگەڵ مانگ هەستێکی تایبەت بە مرۆڤ دەبەخشێت، هەستێك پێت دەڵێ مانگ بۆ لای تۆ هەڵهاتووە، ئەو میوانی تۆیە، پەیامێکی بۆ هێناوی، دەیەوێ بە تەنها پێت بڵێ، مانگ تەنها رۆشنایی نییە بۆ رەواندنەوەی شەوەزەنگ، بەڵکو دۆستێکی گیانی بە گیانییە، مرۆڤ دەتوانێ گفتوگۆی لەگەڵ بکات، سینەی بۆ والا بکات، خەم و حوزنی خۆی لای ئەو ئاشکرا بکات، مانگ دەتوانێ خۆشەویستان و ئازیزان بە یەکتر بگەیەنێت، دەڵێن دوو کەس یەکتریان خۆشدەویست، هەریەکەیان لە مەملەکەتێك، کاتێکیان دیاری کرد شەوان هەردوو تەماشای مانگ بکەن، لە مانگدا ژوان ببەستن و بە یەکتر بگەن، هەریەکەیان پەیامی

خۆی بە مانگ بگەیەنێ، مانگیش پەیامەکانیان بۆ ئاڵوگۆڕ بکات، من دڵنیام مانگ بە ئەمانەتەوە پەیامەکانی ئەوانی گەیاندووە، پێغەمبەری ئەکرەم بە مانگدا پەیامی بۆ پەروەردگار ڕەوانە دەکرد، کاتێ مانگی یەکشەوەی دەبینی دەیفەرموو: (خودایە، بە خێر و فەڕ و ئیمانەوە مانگمان لێ هەڵبهێنە)، پاشان بە مانگی دەفەرموو: (پەروەردگاری من و پەروەردگاری تۆ (اللە)یە)، ئەو وەك قسەکردن لەگەڵ زیندوویەك لەگەڵ مانگ قسەی دەکرد.

من و خێزانم لەناو ژیانی پڕ لە سوکنایی نوقم بووین، ئەو مەحەبەت و سەکینەتەی بەهۆی بەخێوکردنی منداڵ و کۆشانی ژیان، لەبیرمان کرد، ئەو ئارامییەی ژیانی ناو شار لێمانی دزی، بۆمان گەڕایەوە، دەمێك بوو چاوەڕوانی ڕۆژێکی وابووین، دەمێك بوو شەوان من و چرا خان خەیاڵی ڕۆژێکی وەك ئەمڕۆمان دەکرد، لەم شوێنە کەناڕە، دواجار لەنگەرمان گرت، دەڵێی دوای گەشتێکی دەریای پڕ شەپۆل لە دوورگەی ئاشتی لەنگەرمان گرتووە، لەوانەیە لە ناو دەریا کابتنێکی باش نەبووبم، بەڵام بە کۆمەکی خودا و پاشان یارمەتی چرا خان توانیومان شەوەزەنگی ئەو دەریا ببڕین، لە ئێستادا من ئەرك و کاروباری گیاندارەکان و زەوی و باخەکەم لەئەستۆ گرتووە، چرا خانی هاوسەرم کاروبارێ ناومانڵ و ئەرکی مەتبەخ و چێشتلێنان.

هەموو رۆژێ بە دەم یادی خوداوە لە شتەکان دەڕوانین، سڵاویان لێ دەکەین، خۆشەویستییان بۆ دەردەبڕین، ئاخر ئەوان دۆستی گیانی بە گیانی ئێمەن، لە زمانمان تێدەگەن، وەڵامیان دەدەنەوە، نەك هەر گیاندارەکان، بەڵکو درەخت و رووەك و تەنانەت چیا مەزنەکەش.

سەرەتای رۆژ بەم جۆرە دەست پێ دەکەین، هەڵبەت بەپێی وەرزەکان کاروباری ئێمەش گۆڕانی بەسەردا دێت، گەر وەرزی گەرما و هاوین بێت، بەر لە هەڵهاتنی خۆر بە ئاودانی درەختەکان دەست پێ دەکەم، هاوسەرەکەم گوڵەکانی سەر بانیژەی حەوشەکە ئاو دەدات، پاشان سەرێك لە دوو چێڵەکە و مەڕەکان و بزنەکان دەدەم، شوێن و جێگەیان خاوێن دەکەمەوە، دەرگای کۆزی بەرخ و کار و گوێرەکەکان دەکەمەوە تاکو بێن بە دیداری دایکانیان شاد بن و ژەمێ شیر بخۆن، هەندێ دەیاندوێنم و دەست بەسەریاندا دەهێنم، گەر شیرمان پێویست بوو، چرا خان هەندێك دەدۆشێ، ئەگەر نە، بۆ بێچووەکان بەجێیدەهێڵێ، ئەوجا ئاژەڵەکان و بەچکەکانیان بەردەدەمە سەر پارچە زەوییە سەوزەکە، تاکو هەندێ بلەوەڕن و بێچووەکان لە دایکانیان تاسەیان بشکێت، ئەوجا دەچم بۆ لای پەلەورەکان، دەرگایان لێ دەکەمەوە، دان و ئاویان بۆ دادەکەم، هێلکەی مریشکەکان کۆدەکەمەوە، پاشان دەچم بۆ سەردانی کەرووێشکەکان، جوانترین و شیرینترین شت لە بەخێوکردنی کەرووێشك،

تەماشاکردنی بەچکە خرپنەکانە، رەش و سپی و زەرد، بینینی هەریەکەیان تام و چێژێ دەبەخشێت، دواتر سەرێك لە هەنگاکان دەدەم، تاوێ لەبەردەمیان دادەنیشم، سەرنج دەدەم بزانم شەنگەسوور و زەردەواڵ رووی لێ نەکردوون، ئەوجا دەچم بۆ سەردانی کۆترەکان، سەرنجدان لە شێوازی ژیانی کۆتر پڕە لە پەند و ئامۆژگاری، شێوازی ژیانی خێزانی کۆتر و بەخێوکردنی بەچکەکان تا کاتی فڕینیان، قۆناغ بە قۆناغ لە هێلکەوە بۆ کۆترێکی کامڵ، ئەوجا دەستپێکردنی ژیانی خێزانی ئەو نەوە نوێیە، ژیانی کۆتر بۆ مرۆڤ پڕە لە پەند و ئامۆژگاری. لە کۆتاییدا پۆشاکی کار لەبەر خۆم دەکەمەوە و دەچم گەرماوێك دەکەم، تا من کارەکان تەواو دەکەم، خێزانم ژەمێکی بەیانی بەتامی ئامادەکردووە، ماستی مەڕەکان و کەرەی دوو مانگاکە و هێلکەی کوردی و هەنگوینی ئەسڵی و رەسەن، ئەوجا لەگەڵ خێزانم بەسەر شۆستە درێژەکەی ناو حەوشەکە و بە قەراغ حەوزەکەدا نیو سەعات پیاسە دەکەین، هەوای پاك و سازگار هەڵدەمژین، ئەوجا دەستنوێژ دەشۆین و نوێژی چێشتنگاو دەکەین، دواتر خێزانم دەچێتەوە بۆ کارەکانی ناو ماڵ و منیش دێمەوە بۆ ناو خۆم و یادی خودا و تێڕامان لە دیمەنی سروشتی جوان و قەشەنگ.

لە وەرزی پایز و سەرما کارەکان گۆڕانیان بەسەردا دێت، پێش نوێژی بەیانی خۆم و خێزانم بەئاگا دێین، سۆپا دارینەکە پێ دەکەین، چەند رکات نوێژێ بۆ خودا ئەنجام دەدەین، نوێژی بەیانی دەکەین و ژەمی بەیانی دەخۆین، ئەوجا هەریەکەمان دەچین بە لای ئەرکی خۆمانەوە، من بۆ لای پەلەور و ئاژەڵەکان و گیاندارەکان، ئەویش بە لای کاروباری ماڵەوە.

لە هەموو وەرزەکان سەوزە و میوەمان لێ نابڕێت، زستانان و بەهاران هەموو جۆرەکانی سەوزە و تەڕە پیاز، هاوینان بامێ و تەماتە و خەیار و شوتی و کاڵەك، پایزان بەری درەختە باڵاکان لە سێو و هەڵوژە و هەنار و و ترێی دار مێوەکان.

کۆتایی وەرزی زستان بڕینی درەختەکان و سەرەتای بەهار هەڵپاچینی دار مێوەکان دەست پێ دەکەم، لە کۆتایی وەرزی هاوین و سەرەتای وەرزی پایزیش داربەڕووەکان و درەختەکانی تر هەڵدەپاچم و داری سۆپای وەرزی سەرمایان لێ ئامادە دەکەم.

لەم کێڵگە بچووکەدا هیچ جۆرە کووت و پەینێکی کیمیایی بەکارناهێنم، پەینی سروشتی ئاژەڵەکان کۆدەکەمەوە و بەسەر کێڵگەکەدا دەیڕژێنم، هەوڵمداوە هیچ جۆرە تۆوێکی بێگانە بە مەملەکەتی خۆمان لەم کێڵگەدا بەکارنەهێنم، هەموو تۆوەکان رەسەنن، زادەی ئەم خاك و

ولاتەی خۆمانن، تەنانەت ئەو گەنم و جۆ و نۆك و پاقلەی دەیچێنم تۆوی رەسەنی ئەم نیشتمانەن.

-٢-

من و چرا خان لە ژیانی لادێ و لە فەزای ئارام و پڕ لە سوکناییدا نغرۆبووین، دوانیوەڕۆیەك لە حەوشەکە و لەسەر کورسییە دارینەکە دانیشتبووم، بە ناو خۆمدا رۆچووبووم، چاوەکانم خامۆش بوون، بە دەنگی تەقەی دەرگای حەوشەکە بەئاگا هاتم، بەسەر شۆستە دریژەکەدا روو بە دەرگاکە رۆیشتم، دەرگام کردەوە ئافرەتێکی گەنج بوو، پۆشاکێ رەشی پۆشی بوو، تەمەنی لە نێوان بیست و پێنج بۆ سی ساڵ بوو، روخساری سپی و باڵای مامناوەند، جانتایەکی پۆشاك و شتومەکی لەدەست گرتبوو، ئۆتۆمبێلکی سپی لەسەر جادەکە وەستا بوو، شۆفێرەکەی ناسراو بوو، بەڵام ناویم لەیاد کرد بوو، شۆفێرکە سڵاوی کرد و وتی: کاك حاجی ئەم خاتوونە لای کوڕەکانەوە رەوانەی لای تۆ کراوە، ئافرەتەکە بە شۆفێرەکەی وت: خاڵە گیان، ئیتر تۆ بڕۆ، من ماڵی خۆمم بینییەوە.

منیش هەروا وەستاوم سەرنج دەدەم، ئافرەتەکە وتی: مۆڵەت هەیە بێمە ژوورەوە؟

شەرمم کرد لەبەر دەرگاکە بپرسم تۆ کێی؟

شڵەژانێك رووی لێ کردم، قسەکانی ئافرەتەکە لەگەڵ شۆفێرەکە وای نیشان دەدا ئێمە دەناسێت، بەڵکو دڵنیایی پێوە دیار بوو، بۆیە مۆڵەتی شۆفێرەکەی دا بڕوات، لە وەڵامیدا وتم: بەڵێ، فەرموو، مااڵی خۆتە.

جانتاکەی هەڵگرت و هاتە ژوورەوە، پێشیکەوتم و بانگی خێزانم کرد، ئەویش هاتە دەرەوە، وتم: میوانمان هەیە، پێشوازی لێ بکە.

خێزانم خۆشهاتنی کرد و بردییە ژوورەوە، پاش کەمێك منیش چوومە ژوورەوە و بەخێرهاتنم کرد و هاتمە دەرەوە، لە بیری خۆمدا وتم: خودایە، دەبێ ئەم ئافرەتە کێ بێت، بۆچی ناینناسم؟! ئەو چۆن ئێمە دەناسێت؟! روخساری نامۆ نییە.

پاش کەمێك پشوو و خواردنەوەی ئاو و چا، خێزانم بانگی کردم، منیش چوومە ژوورەوە، وتی: ئەم خاتوونە قسەی هەیە، دەیەوێ خۆی بناسێنێت.

دووبارە خۆشهاتنم لێ کرد، وتم: تا سێ رۆژی تر خۆی نەناسێنێت، ئێمە لێی ناپرسین، چونکە ئەو میوانە، میوان سێ رۆژ و سێ شەو مافی هەیە بەسەر خانەخوێوە، ئافرەتە گەنجەکە هاتە قسە و وتی: ئاخر من نەهاتووم بۆ مانەوەی سێ شەو و سێ رۆژ، هاتووم ببم بە کچی ئێوە و لاتان بمێنمەوە، بۆیە پێویستە خۆم بناسێنم.

وتم: تۆ ئێمەت بە باوك و دایکی خۆت قبووڵ بێت، ئێمەش تۆ بە کچی خۆمان قبووڵ دەکەین.

خێزانم هاتە قسە و بە هەندێ شۆخی کردنەوە وتی: زۆر پێویستمان بە کچێکی وەك تۆیە، خزمەتی مانگا و بزن و مەڕەکان بکات و بیاندۆشێت.

خاتوونە گەنجەکە رووی لە من کرد و وتی: خەمتان نەبێت، منیش بۆ خزمەت هاتووم، ناوم مینایە، کچی دۆستێکی دێرینی خۆتانم.

بە تامەزرۆییەوە بۆ ناسینی دۆستەکەم پرسیم: کام دۆستی دێرین؟

خاتوونە گەنجەکە پرسی: تۆ لە قۆناغی ئامادەیی هاوڕێیەکت هەبوو بە ناوی کەمال؟

وتم: بەڵێ، چەند ساڵێك لە ناوەندی و ئامادەیی پێکەوە بووین، یەکترمان زۆر خۆشدەویست، یادگاری زۆرمان هەیە پێکەوە، ئێستاش وێنەکانیم هەڵگرتووە و جار جار تەماشایان دەکەم، بەڵام دواتر ماڵیان لەم شارە نەما، بیستم بە کارەساتی ئۆتۆمبێل کۆچی دوایی کردووە، مردنەکەی بۆ من جێگەی خەم و ئازار بوو، تاکو ئێستاش خەونی پێوە دەبینم.

خاتوونە گەنجەکە وتی: من کچی ئەو کەمالەم، هاوڕێکەی تۆ، دوای مردنی باوکم لەدایکیش دابڕام، ئەو مێردی کردەوە، باپیر و داپیرم بەخێویان کردم، دایکم هەموو یادگارییەکان و وێنەکانی باوکمی

رادەست داپیرم کرد، ئەویش رادەست منی کرد، یەکێك لەو کەسانەی زۆرترین وێنەی گەنجێتی لەگەڵ باوکم هەیە تۆی، هەمیشە لە پشتی وێنە دوو کەسییەکان بە (خۆشەویستترین هاوڕێ) ناوی تۆی نووسیوە، کەوتمە پرسیار دەربارەی (خۆشەویستترین هاوڕێ)ی باوکم، سەرەتا لە باپیرم و داپیرم، دەربارەی تۆ سەرەداوێکم گرتە دەست، هاتم بۆ شارەکەی ئێوە، لە بازاڕ و دوکانی قوماشفرۆشەکان پرسیاری تۆم کرد، ماشەڵا هەموو خەڵك تۆیان دەناسی، دوکان و مەخزەنی قوماشفرۆشی کوڕەکانی تۆم دۆزییەوە، وتیان باوك و دایکمان ئێستا لە لادێیەك دەژین، زۆرم هەوڵدا ناونیشانی لادێکەیان لێ وەرگرم، وتیان ئەوان خۆیان کەنارگیر کردووە، حەزی تێکەڵاوییان نەماوە، ئێمەش دەبێ پرسیان پێ بکەین و مۆڵەتیان لێ وەربگرین ئەوجا بچین بۆ لایان و بیانبینین، خۆیان هەفتەیە یان دوو هەفتە جارێ دێنەوە بۆ ناو شار، شوێنێکمان داناوە بۆ نانی هەژاران لە رۆژانی جومعان، زۆربەی جار جومعان باوکم ئامادە دەبێت، لەگەڵ هەژاران ئەو ژەمە دەخوات. منیش باسی خۆمم بۆ کردن، زۆرم تکا کرد، تا دڵیان نەرم بوو، ئۆتۆمبێلێکی ناسراویان بۆ گرتم، ناونیشانی ئێرەیان پێدا و منی گەیاندە لای ئێوە، وێنەکەت لە دوکانەکە هەڵواسرا بوو، بە وێنەی دوکانەکە و وێنەی گەنجییت لەگەڵ باوکم، تۆم ناسییەوە.

کە ئەوەی وت کەمال و سەردەمی گەنجێتی هاتەوە بەر یادم، چاوەکانم بە فرمێسك تەڕ بوون، ڕەحمەتم بۆ کەمال ڕەوانە کرد، کەوتمە وەسف کردنی بۆ کچە تاقانەکەی: کەمال دۆستێکی گیانی بە گیانی بوو، گەنجێکی زۆر ئارام بوو، من و ئەو ئالوودەی یەکتر بووین، بە بێ یەك نەمان دەکرا، دوای قوتابخانەش یان ئەو لای من بوو، یان من لای ئەو بووم، هەموو وێنەکان بە کامێراکەی کەمال گرتوومانە، زستانێك بەفرێکی زۆر باری بوو، وتی بچین وێنە بگرین، کامێراکەی بە جۆرێك بوو، زوومت دەکردە سەر کەسەکان و دەستت بە دوگمەیەکدا دەنا و پاش چەند چرکەیەك وێنەکەی دەگرت، بۆیە کامێرماناکە فریا دەکەوت بێت و لە تەنیشت کەسەکەی تر بوەستێ و وێنەکەی دەربچێت، فیلمێکی کردە ناو کامێرا ڕەش و سپییەکەی، ڕۆیشتین بۆ سەر چیا مەزنەکەی پشتی شار، زیاتر لە سی وێنەی جۆراوجۆرمان گرت، ئێستاش بەشێك لە وێنەکان لای من ماون، هەرکات تەماشایان دەکەم چەند فرمێسکێك هەڵدەوەرێنم.

وێستم هەندێ یادەوەری ئەو ڕۆژگارە بۆ مینا و چرا خانی هەوسەرم باس بکەم، وتم: من بۆ خۆم گەنجێکی عەجوول و پەرش و بڵاو بووم، بەڵام نازانم چ قەدەرێك بوو بەو گشتە چەوتی و خواریيەوە ڕێگەم لە مرۆڤی چاك و پاك دەکەوت، بۆ خۆشم حەزێکم هەبوو لە برادەری

کردنی کەسانی باش، رقم لێیان نەدەبوویەوە، چڵکنی و لیخنی دەرەوە ناوەوەی لیخن نەکردبووم، سەفا و پاکێتییەك ناوەوەی داگیر کردبووم، لە قۆناغی هەرزەیی بوومە هاوڕێ و دۆستی چەندین مرۆڤی باش و چاك، لە قوتابخانەی ناوەندی کۆمەڵێك هاوڕێ پێکەوە بووین، هەستی ئەدەبی و حەزی یاری کۆیکردبووینەوە، ئێستاش دوو دەفتەر هۆنراوەی ئەو رۆژگارەم ماوە، یەکێکیان بە خەتی خۆم و ئەویتریان بە خەتی برادەرێکم، چونکە لە ئێمە خەتی جوانتر بوو، گەر لەسەر خۆی کاری کردبا خۆشنووسێکی مەزنی لێ دەردەچوو،

ئەو گەنجە خۆشنووسە دیوانێکی شیعری بۆ هێنام، کتێبێکی قەبارە بچووك بوو، بەرگی کتێبەکە وێنەی جامەدانە بوو، هۆنراوەکانی مامۆستا (شەریف حوسەین پەناهی) بوو، مامۆستا هێمن پێشەکی بۆ نووسی بوو، زۆر چێژم لێ بینی، بەشێك لە هۆنراوەکانم لەبەر کرد، لەوانە ئەم هۆنراوە کە تا ئێستاش لەبەر خۆمەوە دەیڵێمەوە، هەندێ جاریش ئاوازی بۆ دادەنێم و خۆمی پێ رازی دەکەم:

بەربەیان هێشتا گزنگی بەرزی تاو نادا لە شاخ
ئەو دەمەی سارده هەناسەی بای بەیانی کوچەباخ
کەو بەرەو کانی نزار چین چین لە شاخان دێنە خوار
دێن بنۆشن ئاوی سارد و هەڵفڕن بۆ لای نزار

تاکو خۆر هەڵدێ خەریکی خوێندن و دندووکە شەڕ
با لەسەر کانی بمێنێ جێگە پێ و چەن دەنکە پەڕ
گەر دەباڕێ وردە بارانی بەهاری جار و بار
نم نمی فرمێسکی شادی هەورەکانە دێنە خوار
تەڕ دەکەن رووی چیمەن و لێوی شکۆفەی جوانی دار
با منیش وەك شۆڕەبی کڕنووش بەرم بۆ کردگار
ئەی پەپوولەی شۆخ و شەنگم پێ لەسەر گوڵ دامەنێ
وا وەرە نەك هەڵوەرێ خۆ ژینی دیکەی نادەنێ
چۆڵە دامێنی چیا ئەی گوڵ ئەگەر تۆ هەڵوەری
نایە کەس بۆ سەیری دارستان و سروەی سێبەری

.....

لێرەدا مینا: وتی: بەشێ لە وێنەی ئەو زستانەش لای منە و ئەلبوومەکەم لەگەڵ خۆم هێناوە.

مینا هەستا و لە جانتاکە ئەلبوومەکەی دەرهێنا و وێنەکانی نیشانی من و خێزانم دا، من گریام و خێزانم و مینایش لەگەڵ من گریان.

هەواڵی باپیر و داپیریم پرسی، وتی: پیر بوون، دیارە مردنی باوکم و بێ بابی من خەم و ئازاری زۆری پێدان.

پرسیم: دایکت ماوە؟

وتی: بەڵێ لە ژیاندایە، ئەو گەنج بوو، نەدەبوا بەسەر منەوە دابنیشێت، مێردی کردەوە، ئێستا لەو پیاوە سێ منداڵی هەیە، لەگەڵ من باشن، سەردانم دەکەن، منیش دەچم بۆ سەردانیان.

خێزانم وتی: کەوابوو تۆ برازای ئێمەی، ئیتر ناهێڵین بگەڕێیەوە، دەبێ قسەکەی خۆت ببەیە سەر، لەگەڵ ئێمە بژی و بەجێمان نەهێڵی.

مینا وتی: هەندێك لاتان دەمێنمەوە.

-٣-

دوای چەند رۆژ لە پشوو، پاش عەسرێك من لەسەر کورسییە دارینەکەی نزیك حەوزەکە ڕوو بە باکوور دانیشتبووم، خێزانم گەڵای وەریوی ژێر کەپری دارمێوەکەی کۆدەکردەوە، مینایش لەسەر شۆستە درێژەکەی ناو حەوشەکە ئارامانە پیاسەی دەکرد، لە سروشت ڕامابوو، دواتر هات بۆ لای کەناری حەوزەکە و وتی: حەوز و کۆکردنەوەی ئاو چ نهێنییەکی تێدایە وا بەم جۆرە سەرنجڕاکێشە؟

پرسیارەکەی ئەو ڕوو بە کەسێك نەبوو، هەروا لەبەر خۆیەوە پرسیارەکەی کرد، پێمخۆش بوو شتێك لەسەر پرسیارەکەی ئەو بڵێم، بۆیە وتم: دڵۆپە ئاوەکان-کە لە هەورەکانەوە دادەبارێن- ئۆقرە ناگرن هەتا دەگەنە دایکی دەریا، دڵۆپەکان دەبن بە بەفر، بەفر تنۆك تنۆك دەبێت بە ئاو، ئاوەکان چەم و کانیاو پێکدەهێنن، لێیانەوە ڕوبار و زێی مەزن سەرهەڵدەدەن، بەم جۆرە هەتا لەگەڵ دایکی دەریا ئاوێزان دەبن، ئەوجا ئۆقرە دەگرن، حەوز و گۆم و بەنداو و دەریاچە، بۆ تاوێك-ئەگەر کەمیش بێت- جێگەی پشووی ئاوە، ئیسراحەت بە لاقە ماندووەکانی دەدا و جارێکی تر بەرەو دەریا بەگەڕ دەکەوێت، بۆیە تەماشاکردنی حەوز و گۆم ئارامی بەخشە، چونکە ئاو لە ئارامیدایە.

مینا بە سەرنجێکی قوڵەوە لە قسەکانم ڕاما و حەپەسا، پاشان وتی: قسەکانت چەند جوانن! واتە ئاو عەودالّی جووڵە و گەڕانە تا دەگات بە دایکی دەریا، باشە ئەی عەودالّبوونی مرۆڤ و گەڕانی بۆ چ مەبەستێکە؟

دوای کەمێك رامان لە قسەکەی وتم: گەڕان و عەودالّبوون عیشقە، ئەو دەمەی مرۆڤ دەکەوێتە گەڕان بە عیشقەوە هەنگاو هەڵدەگرێ، ئەو بەدوای عیشقدا دەگەڕێ، نازانێ عیشق هەنگاوەکانی ئەوە، ئەو چاوی لە ئاسۆ دوورەکانە، نازانێ پێ بە خاکی عیشقدا دەنێ، ئەو وا دەزانێ عیشق لە شوێنێکی دوورە، بێئاگایە لەوەی نزیکترینە بە ڕۆحی ئەو.

مینا پرسی: بۆچی دەگەڕێ؟ گەڕان مانای چییە؟

وتم: چارەنووسی مرۆڤ لەسەر ئەم هەسارە گەڕانە، پەردە لادانە، ڕەواندنەوەی تاریکییەکانە، مرۆڤ لە تاریکی دەترسێت، مرۆڤ لە ناڕوونی دەپرسێت، مرۆڤ دەیەوێ ئاسوودە بێ، دەیەوێ دۆستان و نەیاران بناسێ، دەیەوێ بەهێز بێت تاکو هەڕەشەکان لە خۆی دوور بخاتەوە، هەموو ئەمانە پرسیاری بۆ دروست دەکەن، پرسیار لە بوونی خۆ، پرسیار لە دەرەوەی خۆی، پرسیار هانی دەدا بۆ گەڕان، بەر لە گەڕان بە خۆی وتووە دەبێ بگەڕێم، بەر لە گەڕان بە خۆی وتووە شتێك هەیە دەمەوێ بیدۆزمەوە، بەر لە گەڕان لە دەرەوەی خۆی ئامانجێ شك دەبا گەر نەشزانێ لە چ مەملەکەتێکە، بەر لە گەڕان عەودالّی گەڕانە.

مینا وتی: مرۆڤ بۆ بینینەوەی خۆی، کوێ بگەڕێ، چی بپشکنێ؟

وتم: هەندێ پێیانوایە بۆ بینینەوەی خۆ دەبێ شوێن بگەڕێن، مەملەکەت ببینن، سەرنجی مرۆڤەکان بدەن، ئەزموونەکان کۆبکەنەوە، کەسانێ تر دەڵێن ئەوەندە بەسە بیرمان لەناو ئەوانەدا بەگەڕ بخەین، پێویستمان نییە بە پشکنینی شوێن، خەڵکانێکیش دەڵێن دەبێ ناوەوەی خۆمان بپشکنین، لە شتەکانی دەرەوە خاڵبینەوە، لەناو ئێمەدا شتێك بوونی نەمێنێت ناوی دەرەوە بێت، خۆت و خۆت بەیەکتر ئاشنابنەوە، خۆت بەو رەهەندە رەهای لەودیو بیر و جەستەوەیە بگەیەنی، لەگەڵ رۆحی خۆت یەکانگیر بیت، تەنانەت لەو رۆحەوە پێناسەی خۆت وەربگری، لەو رۆحەوە خۆت بناسی، لەو رۆحەوە ناوی شتەکان بنێی، لەو رۆحەوە مانا بە شتەکان ببەخشی.

مینا قسەکانی بە من بڕی و وتی: لای تۆ کام گەڕانیان پێویستە؟

پاش هەندێ بیدەنگی وتم: لای من هەر سێ گەڕانەکە پێویستن.

مینا بە پەرۆشەوە وتی: دەتوانی باسی گەڕانی خۆتم بۆ بکەی؟

پاش کەمێك بێدەنگی وتم: مینا خاتوون، زۆر شاران گەڕاوم، باسی ئەم شارانە باسی تەمەنە و فرە تولانییە.

مینا وتی: منیش هاتووم گوێ لە باسی تولانی بگرم.

خێزانم هەڵیدایە و وتی: باوك و کچ قسەی تولانییان لەگەڵ یەکتر هەیە، ئێمەش بێبەش مەکەن.

دەنگم بەرزکردەوە و وتم: تۆ پارچەیەکی لە رۆحی من، لەناو دڵی منداى، بەبێ بوونی تۆ ئەم هەواره چۆڵە، چرای شەوی منی، بینینی تۆ تین و تەکان بە من دەدا.

بە بیستنی ئەو قسانە خێزانم کەوتە ناو حاڵەتێك لە خۆشی و سروور، تێکەڵ بە هەندێ شەرم و تەریقبوونەوە لەبەر ئامادەبوونی مینا و بیستنی قسەکان، بۆیە وتی: لە پاڵ کچەکەمان ئەو قسانە مەکە، ئەگەر ئازای بەتەنها پێم بڵێ.

مینا رووی لە خێزانم کرد و وتی: ئای چەند گەشامەوە بە بیستنی ئەو قسانەی مامۆستا! یاخوا بە قوربانی هەردووکتان بم، بۆ ئەو جوانی و بەرائەت و خۆشەویستییەی نێوانتان. پاشان رووی لە من کردەوە و وتی: دەتەوێ کەی گەڕانی شارەکانم بۆ باس بکەی؟

لە وەڵامیدا وتم: سبەی شەو دەست دەکەین بە باسکردنی گەڕان بە ناو شارەکاندا، دەمەوێ شەش شارت بۆ باس بکەم، هەر شارە و لە شەوێکدا، شەوی یەکەم شاری فیترەت، شەوی دووەم شاری مەحەبەت، شەوی سێیەم شاری کەسابەت، شەوی چوارەم شاری ویلایەت، شەوی پێنجەم شاری رەحمەت، شەوی شەشەم و کۆتایی شاری رەفاقەت

مینا وتی: باشە، کەوابوو منیش دەفتەر و قەڵەم و ئامێری تۆمارکردن ئامادە دەکەم، بۆئەوەی هەموو قسەکان وەك خۆیان بنووسمەوە و بیکەم بە ڕۆمانێك.

شەوی یەکەم:

شاری فیترەت (شاری رەنگەکان)

بارانێکی لێزمە دەباری، ئێمە لە ژوورەوە و لە دەوری سۆپاکە دانیشتبووین، گوێمان لە خرمەی باران بوو، یەکێك لە جوانییەکانی خانووی دار بیستنی خرمەی بارانە، خێزانم هەندێ پشکۆی ناو سۆپاکەی دەرهێنابوو، لە کۆتاگرە قوڕینەکەی بەردەم سۆپاکە کۆمای کرد بوو، قۆرییە شوشەکەی لەسەر دانابوو، بۆنی چاییەکە دەهاتە بەر هەستمان، دیاربوو دەمی کێشابوو، کتریییەکەش لەسەر سۆپاکە هەڵم لە لوولەی بەرز دەبوویەوە، خێزانم سێ پیاڵەی سپی لەسەر سێ ژێر پیاڵەی شین و سینییەکی رەنگ زێڕین دانابوو، کولیچە و چۆرەکی لە دوو دەوریدا ریز کرد بوو، سێ چای بەتامی بۆ تێکردین، ئەوەندە بە جوانی چایەکەی دەچۆڕاندە ناو پیاڵەکان دەتوت رۆح دەچۆڕێنێتە ناو دەفرێك، یان هەستی جوان بەسەر پەڕەی گوڵدا دەپرژێنێت، خاتوونانی ئەم وڵاتەی ئێمە بە دڵ و رۆحەوە خواردن و خواردنەوە ئامادە دەکەن، بۆیە تام و چێژ لە سفرە و خوانیان دەبینرێت.

مینا وتی: مامۆستا، من ئامادەم، دەنووسم، تۆمار دەکەم، پرسیار دەکەم، دەرگای شاری یەکەمم بە رووداوالا بکە.

هەناسەیەکی قوولم هەڵکێشا و کەمێك بیری خۆم لە ناوەوە رێکخست و پاشان وتم: بە شاری فیترەت-کە شاری رەنگەکانە- باسی گەڕانی خۆمت بۆ دەکەم:

سەرەتا وەسفێکی شاری فیترەتم بۆ کرد: بەشێ لە زنجیرە چیای زاگرۆس ئابلۆقەی شارەکەی داوە، ئەوەش جوانییەکی کەم وێنەی پێ بەخشیوە، دەشتێکی فراوان و دەریاچەیەك لە ئاوی شیرین لە باشووری شارەوە، پانتاییەکی بەرینیان داپۆشیوە، دارستانێکی چڕ باکووری شاری سەوز کردووە، شیوێکی بەرینی پڕ لە کشتوکاڵ لە خۆرهەڵاتی شارەوە درێژ دەبێتەوە و هەزاران خێزان لە فەڕ و بەری بەهرەمەند دەبن.

رەنگ تایبەتمەندی ئەم شارەیە، دەتوانی بە شاری رەنگ ناوی بهێنی، زۆری و چڕ و پڕی رەنگەکان و تێکچڕانیان لە هەموو شت رەنگی داوەتەوە، لە ئاسمانەوە بۆ زەوی و چیا و روبار و دارستان و پۆشاك و روخساری خەڵکی شار و لادێ.

هێشتا ئافرەتان لەم شارە پۆشاکی جوانی کوردەواری دەپۆشن، کراسی کوردی و فەقیانە و سەڵتە و سوخمە و کڵاو و هەوری و لاگیرە و کۆڵوانە و شەدە، پۆشاکی کوردی دیمەنێکی جوان و رەسەن بە شارەکە دەبەخشێ.

هەر ناوچەیەك کراسی کوردی تایبەت بە خۆی هەیە، ئەوەی جۆراوجۆری بە شێوەی کراسەکان دەدات زەوقی ئافرەتی هەر ناوچەیەك، و گونجانی کراسەکە لەگەڵ شێوازی ژیانی ئافرەتی ناوچەکە، و حەزی پیاوان لە جوانبینی پۆشاکی ئافرەتانە.

دایکم ئافرەتێکی مەزن و ڕەسەن بوو، ژنان و کچانی شاری فێری هونەری ڕەنگی پۆشاك دەکرد، ڕەسەنایەتی پەرە پێ دەدا، دایکم، پەریخان، نموونەی باڵای ئافرەتانی شار بوو، ئەقڵی مەزن، و ڕۆحی پاك، و سەلیقەی باڵا، و ڕوخساری شیرین، هەموو ئەمانە لە کەسایەتی دایکمدا ئاوێزانی یەکتر بووبوون، هەرچی سیفەتی جوان و باڵایە لە ئەودا یەکانگیر بوون، پۆشاکی کوردەواری فرە قەشەنگی دەپۆشی، لەگەڵ کڵاو و لاگیرە و کۆڵوانە، خەڵکی پێیان دەوت (شاژنی ڕەنگ)، هەندێکیش بە (دایکی پۆشاك) ناویان دەهێنا، کەسانێکی تر دەیانوت پەری خان ڕۆحی ڕەسەنایەتی خاتوونی کورد نمایش دەکات.

دایکم، پەری خان، هەندێکیش بە (پەری جان) ناویان دەبرد، دەتوت لە زانکۆیەکی جیهانی بڕوانامەی دکتۆرای لە ڕەنگدا هێناوە، ئەو لە خێزانێکی دەوڵەمەند و ناودار و کراوە هاتبووە دنیاوە، بە هۆی دەوڵەمەندی بنەماڵەکەی لە تافی گەنجی هەموو جۆرە پۆشاکەکانی بە ڕەنگە جیاوازەکان، پۆشی بوو، سەلیقە و زانایی پێوان و بڕین و دروونی پۆشاك لای دایکم، کەم وێنە بوو، ئەو بۆ خۆی پۆشاکەکانی خۆی دەدووری، ژنانیش لێیەوە بەهرەمەند دەبوون و فێری سەلیقەی ڕەنگ و دوورین دەبوون.

دایکم، پەری جان، قوتابخانەیەك بوو، دەیان، تۆ بڵێ سەدان ئافرەتی شار و لادێی بەو هونەرە ئاشنا کرد، ئافرەتان وەك مامۆستا و رابەری خۆیان سەرنجی دایکمیان دەدا، ئەو تەنها ئامۆژگاریکەر و مامۆستایەك نەبوو، بەڵکو کاریگەری رۆحیشی لەسەر ئافرەتان هەبوو.

ئافرەتان کێشە و سکاڵایان دەهێنا بۆ لای، تاکو بۆیان چارەسەر بکات، لە کێشەی گەورەدا برا گەورەکەی ئاگادار دەکردەوە، خاڵم، یەکێك بوو لە پیاوماقوولانی شار، هەندێ جاریش ئافرەتەکەی بە نامەیەکەوە رەوانە دەکرد بۆ لای مامۆستای مزگەوتی گەورەی شار، بۆئەوەی چارەسەری کێشەکەی بۆ بکات، مامۆستای گەورەی شار تەنها زانایەکی ئایینی نەبوو، بەڵکو چاکسازێکی کۆمەڵایەتی مەزن بوو.

دایکم لەگەڵ منداڵان زۆر میهرەبان بوو، هەمیشە گوێز و مێوژ و خورما و چوکلێتی لە لا بوو، بۆ منداڵەکان و میوانەکانی دادەنا، رۆژانە خەڵکێکی زۆر رووبان لێ دەکرد، هەندێکیان لە لادێوە دەهاتن و دەست و دیارییان لەگەڵ خۆیان دەهێنا.

هاوڕێی منداڵی و تافی گەنجی خۆی سەردانیان دەکرد و لای دادەنیشتن، هەروەك دایکم پۆشاکیان جوان و رەسەن و سەلیقەیان باڵا و رۆحیان شیرین بوو.

دایکم دەیوت: شێوە و ڕەنگی کراسەکان بە پێی تەمەن دەگۆڕێ، ئافرەتی کامڵ زیاتر ڕەنگی کپ و مات و لێڵی بۆ شیاوە، وەك ڕەش و نیلی و خۆڵەمێشی و قاوەیی تێر، لە کاتێکدا ئافرەتی گەنج ڕەنگی تۆخ و کراوە و بریسکەدار، لە زەرد و سوور و پرتەقاڵی و پەمەیی و شینی کاڵ و مۆری کاڵیان، لێ دەوەشێتەوە.

هەندێ لە ئافرەتان وەك قوتابی لە بەردەم دایکم دادەنیشتن و دەفتەر و قەڵەمیان لە دەست بوو، وشە بە وشەی قسەکانی ئەویان تۆمار دەکرد.

دایکم دەیوت: جوانبینی و سەلیقەی ئافرەتی کورد لە ڕێکخستنی ڕەنگەکان کەمۆنەیە، لە پۆشاکدا ڕەنگە گەرمە سەرەکییەکان لە سوور و پرتەقاڵی و زەرد لەگەڵ یەکتر کۆدەکەنەوە، لەگەڵیدا خشڵێك لە دەست و گەردن دەکەن ڕەنگی زێڕین بێت، ئەوەش بۆ نیشاندانی مەزنی و گەرمی و گەشی.

ئەوجا دەیوت: ڕەنگی قاوەیی زەمینی و ڕەنگی زێڕین و سەوزی زەیتوونی و ڕەنگی شەرابی و شینی تۆخ، هەموو ئەمانە لە ڕووی گەرمییەوە مامناوەندن، لەگەڵ خشڵ بە ڕەنگی جۆراوجۆر، دەبێت لەگەڵ ڕەنگی سەوزی زەیتوونی، خشڵ و بەردی بەنرخ لە عەقیقی سوور یان یاقووتی ڕەنگ پرتەقاڵی بپۆشێت، پۆشاکی شەرابی لەگەڵ بەردی بەنرخی ڕەنگ سەوز ڕێکبخات.

درێژەی بە قسەکانی دەدا و دەیوت: دەبێ ئافرەتان بەپێی جۆری قوماشەکان گونجان لەگەڵ خشڵ پێکبهێنن، لەگەڵ قوماشی نەرم و سووك، وەك ئاورشم و پۆلستەری تێکەڵ بە ئاورشم، خشڵی ورد و نەرم بپۆشن، لە کاتێکدا لەگەڵ قوماشی قورس، وەك مەخمەڵ و خوری، خشڵی ئەستوور و دەرکەوتوو و دیار لەگەڵی رێکبخەن.

دەیوت: ئەو رەنگانەی لە سروشتەوە وەرگیراون، وەك رەنگی ئاسمان و خاك و رووەك، هەست کردن بە سوکنایی و خاوبوونەوە بەرهەم دەهێنن، و گرژی و ئاڵۆزی کەم دەکەنەوە، ئەو رەنگانە زیاتر لە رازاندنەوەی ژووری نووستن بەکاردەهێنرێن.

بەردەوام دەبوو لە سەرنجەکانی و دەیوت:

کڵاوی سەر و سەرپۆش زیاتر لە رەنگی کراسەوە نزیکن، بەڵام بە بوونی پلەیەك لە جیاوازی،

خۆ گەر کراسەکە رەنگاوڕەنگ یان نەخشدار بوو، رەنگێکی بێلایەن بۆ سەرپۆش شیاوە، وەك سپی، یان کرێمی، یان رەش، یان خۆڵەمێشی، یان زێڕین، ئەم جۆرە رێکخستنە هاوسەنگی بە رووالەتی کەسەکە دەبەخشێت.

ئەوجا دەهاتە سەر رێکخستنی ڕەنگەکان بەپێی روخساری کەسەکە، دەیوت: بەشێك لە جوانی و قەشەنگی بریتییە لە رێکخستنی ڕەنگی خشڵ لەگەڵ ڕەنگی روخسار.

لەگەڵ روخساری سپی و زەردباو، گوارەی زیوی بریقەدار و گوارەی ڕەنگ زێڕینی کراوە گونجاوە، کەسەکە دەتوانێ هەردوو کانزاکە زێڕ و زیو تێکەڵ بکات و گەرمییەکی پێ ببەخشێت.

بۆ نەخش و شێوەی گوارە، گونجاو لەگەڵ ڕەنگی سپی و زەردباو، گوارەی بازنەیی یان شێوە دڵۆپی شیاوە.

لە ژیانی ڕۆژانە، واتە جیا لە بۆنەکان، بۆ هەموان گوارەی سادە و کلاسیکی گونجاوە، وەك گوارەی مرواری بچووك یان گوارەی زیوی سادە.

ئەو پێستانەی گەنم ڕەنگن، ڕەنگی گەرم بۆیان شیاوە، وەك ڕەنگی زێڕی و پرتەقاڵی تێر و سووری جگەری، هەروەها ڕەنگە سروشتییەکان لە سەوزی زەیتوونی و قاوەیی و خاکی.

روخساری ئەسمەر و تاریك، بۆ شۆخان پۆشاکی ڕەنگ کراوە لەگەڵی شیاوە، بۆ ئەوانەی کاملّن و روخساریان ئەسمەر و تاریکە، ڕەنگە قووڵ و تێرەکان، وەك پەمەیی و سەوزی زمڕوودی، گونجاوە.

دایکم دەیتوانی بە بەکارهێنانی رەنگ لە پۆشاك و خشڵدا ساردی نێوان ژن و مێرد هەڵبگرێت، بۆیە بەشێك لە ئافرەتان بۆ ئەو مەبەستە سەردانیان دەکرد، تاکو پۆشاکێ بپۆشن ببنە جێ سەرنجی هاوسەرەکانیان و لە ژیانی خێزانی بەختەوەر بن.

دایکم دەهاتە سەر پێوانەی باڵا و رەنگی خشڵ و پۆشاك و دەیوت:

بەگشتی بەرزی باڵای پیاوی کورد لە نێوان سەد و حەفتا بۆ سەد و هەشتا سانتیمەترە و باڵای پیاوی میانە سەد و حەفتا و پێنج سانتیمەترە، لە کاتێکدا باڵای ئافرەتی کورد لە نێوان سەد و پەنجا و پێنج بۆ سەد و شەست و پێنج سانتیمەترە.

دەیوت: رێکخستنی رەنگی پۆشاك و خشڵ لەگەڵ درێژی و کورتی باڵادا هونەرێکی تیرە، بۆ کەسی باڵا کورت ئەو پۆشاکانەی لە باری درێژی هێڵیان تێدایە، یان یەك رەنگی سەراپا لە پۆشاکیاندایە، وەهمی درێژی بە باڵا دەدەن.

ئەو کەسانەش درێژی زیادە کەوتووەتە باڵایان، تێکەڵ کردنی دوو رەنگی جیاواز لە پۆشاك بۆ بەشی سەرەوە و بەشی خوارەوەی جەستە، یارمەتیدەرە بۆ وەهمی کورتکردنەوەی باڵا.

دایکم کانگایەك بوو لە هونەر، دەیتوانی بە ڕەنگ و پۆشاك باڵای کورت درێژ نیشان بدات و باڵای درێژ کورت نیشان بدات، هەموو ئەمانە لە ڕێگەی ڕەنگی پۆشاك و خشڵەوە.

ئەو کەسانەی باڵایان بەرزە و دەیانەوێ لەبەر چاوان درێژی کەم بکەنەوە، بەکارهێنانی پشتێنی پان بە ڕەنگی جیاواز لە پۆشاك، یارمەتیدەرە بۆ کەمکردنەوەی درێژی باڵا لە بەر چاوان.

ئەوجا دایکم دەربارەی گونجانی ڕەنگەکان لەگەڵ وەرزەکان قسەی دەکرد و دەیوت:

لە وەرزی بەهاردا ڕەنگی وەردی کراوە و سەوزی نەعنایی و شینی ئاسمانی و زەردی کاڵ، بەکاردەهێنرێن، هەروەها ڕەنگی کراوەی سپی و عاجی، بەهەمان شێوە ڕەنگەکانی گوڵ، لەوانە ڕەنگی وەردی تێر و ئەرخەوانی کراوە.

لە وەرزی هاویندا ڕەنگێك بەکاردەهێنرێ گەرمی خۆر بشکێنێتەوە، لەوانە ڕەنگە گەرمەکان وەك زەرد و پرتەقاڵی و سوور و زێڕی، هەروەها ڕەنگی دەریایی، وەك شینی ئاسمانی و سپی ڕۆشن.

لە وەرزی پایزدا ڕەنگی گەرم پەسەندە، ئەو ڕەنگانەی لە گەڵای درەختەکانەوە وەردەگیرێن، لەوانە پلە جۆراوجۆرەکانی ڕەنگی قاوەیی و بێجی و زێڕی و پرتەقاڵی تاریك و شەرابی و سەوزی زەیتوونی.

لە وەرزی زستاندا ڕەنگە سارەکان گونجاون، ئەو ڕەنگانەی ساردی دەشکێننەوە و گەرمی هەڵدەمژن، لەوانە ڕەنگی ڕەش و کلی و خۆڵەمێشی و مێوژی.

دواتر دەهاتە سەر قسەکردن دەربارەی پۆشاکی پیاوان:

سەلیقەی ڕەنگ لە پۆشاکی پیاواندا هیچی کەمتر نییە لە سەلیقەی ڕەنگ لە پۆشاکی ئافرەتان، پۆشاکی پیاوان چوار بەشە، چۆغە و شەروااڵ و پشتێن و کااڵو و جامەدانە، هەڵبەت لەگەڵ گۆڕەوی و پێاڵو.

لە پۆشاکی پیاواندا زیاتر ڕەنگە کالسیکییە باوەکان بەکاردەهێنرێن، لەوانە خۆڵەمێشی و ڕەش و بێجی تاریك، لەگەڵ کااڵوی ڕەش یان سپی و جامەدانەی کوردی ڕەش و سپی، یان سپی و سوور.

لە وەرزی زستان بۆ پیاوان قوماشی دروستکراو لە خوری و لۆکە گونجاوە، لە کاتێکدا لە وەرزی هاوین قوماشی کەتان پەسەندە، دەتوانرێ پشتێنی گوڵدار یان سادە بەکاربهێنرێت، بەپێی ڕەنگی پۆشاکەکە، پێاڵویش-کااڵش یان پێاڵوی دروستکراو لە پێست- بەپێی ڕەنگی پۆشاك و وەرزەکانە.

لە جەژنەکان و بۆنە ئایینی و نەتەوەییەکان زیاتر ڕەنگی کالسیکی لە پۆشاکدا بەکاردەهێنرێت، وەك ڕەنگی ڕەش و کلی و خۆڵەمێشی لێڵ و قاوەیی تێر.

کچان و ژنان هەموو قسەکانی دایکمیان لە بیر و هەستی خۆیاندا تۆمار دەکرد، دایکم مامۆستایەکی کەمویّنە بوو، قوتابییەکانی ورد و گوێگر و هەست جوان بوون، سەرباری ڕێز و خۆشەویستی نێوان دایکم و شاگردەکانی.

لە تەمەنی منداڵی ئەوەندە لەگەڵ دایکم دانیشتم، ئەوەندە ڕەنگی جۆراوجۆری پۆشاکم لە ماڵان بینی، شارەزایی هونەری ڕەنگەکانم بۆ دروست بوو، بەڵکو توانای قسەکردن لە ڕەنگەکانم بۆ پەیدا بوو.

ئێستا دەمەوێ بەو سەلیقەی دەربارەی ڕەنگ لە دایکمەوە ومرمگرت باسێکی بازاڕ و دوکانی شارتان بۆ بکەم:

شار و بازاڕی ئێمە فرە ڕەنگینە، بەکارهێنانی ڕەنگ لە نووسینی تابلۆکان هونەرێکی فرە باڵایە، ئەوەش شان لەسەر چەندین هۆکار دادەدات بۆ ڕاکێشانی سەرنج و هاتنەدی ئامانجی بازاڕ، لەوانە: بەکارهێنانی ڕەنگی تەبا و گونجاو لەگەڵ یەکتر، گوزارشت بدات لە ناونیشانە بازرگانییەکان یان لە بەرهەمە بازرگانییەکان، ئەمانەش لەسەر سایکۆلۆژیای ڕەنگەکان شان دادەدەن، بۆ نموونە ڕەنگی سوور ئاماژەیە بۆ وزە و هوروژان، بۆ ڕێکلام و ناونیشانی چێشتخانە و خواردنگەکان. شیاوە، ڕەنگی شین متمانە و دامەزران نیشان دەدات، گونجاوە بۆ تابلۆی بانکەکان و کۆمپانیاکان، لە کاتێکدا ڕەنگی سەوز پەیوەستە بە سروشت

و تەندروستییەوە، گونجاوە بۆ تابلۆ و رێکلامی بەرهەمە ژینگەیی و تەندروستییەکان.

رێکخستنی رەنگی بازاڕ و دوکانەکان لەگەڵ یەکتر، هونەرێکە و شارەوانی هەر شارێك دەیگرێتە دەست، بە جۆرێك هاوسەنگی و تەبایی لە نێوان رەنگەکان هەبێت و بازاڕ رێك و گونجاو نمایش بکات.

بەکارهێنانی رەنگ کاریگەری زۆری هەیە لە راکێشانی کڕیار، بەڵکو هەندێ جار نهێنی بوونی کڕیاری زۆری هەندێ دوکانە، لە کاتێکدا دوکانی بەرانبەر بە ئەو یان تەنیشتی ئەو، کەمترین کڕیار رووی لێ دەکەن.

بازاڕ بەپێی پیشەکان رێکدەخرێت، بە جۆرێك هەر پیشەیەك لە بەشێکی بازاڕدا بێت، بازاڕی پۆشاك و قوماش و بەرگدروو، بەشێکی دیاریکراو داگیر بکات، بازاڕی خۆراك بە هەموو جۆرەکانییەوە لە یەك شوێن و ناوچە بێت، باشترە لە بازاری سەوزە و میوە و گۆشتفرۆشەکانەوە نزیك بێت.

من لەم شارە لەدایکبووم، لە هەمان گەڕەك و خانوودا گەورە بووم، یادەوەری منداڵی لە لام نەقشی گرتووە، ئێستاش دیمەنە شیرینەکانی خەڵك و شار وەك فیلمی سینەمایی دێنە بەر هەستم.

گەڕەکێك لە خشتی قوڕین، کاتێ باران دەباری خۆشترین بۆن هەموو ماڵەکانی دەتەنی، بۆنی تەڕبوونی خشتە قوڕینەکان و دیوارە سواقدراوەکان بە قوڕ.

خشتی قوڕینە لە هاویندا ماڵەکانی فێنك دەکرد و لە زستاندا گەرم دادەهاتن، لەگەڵ ئەوەش سەرما و شێی ناوماڵیان دەمژی و کەشێکی تەندروستیان بە ناو خانووەکە دەبەخشی.

کۆڵانەکان تەسك و باریك و پێچاوپێچ بوون، ئەوەش بۆئەوەی سێبەر بۆ پیادەڕەوان دروست بکات و جووڵەی با کەم بکاتەوە.

مرۆڤی ئەو رۆژگارە دڵ و رۆحیان لە یەکتر نزیك بوو، بۆیە تێکپژاو و تێکەڵ بەیەکتر بوون، حەزیان بەدووری نەبوو لە یەکتر، بۆیە دەتبینی دیزاینی ماڵەکانیان و کۆڵانەکانیان جەستەی لە یەکتر نزیك دەکردنەوە، ئەم رۆژگارە مرۆڤەکان لە یەکتر هەڵدێن و دڵ و رۆحیان بە یەکتر نامۆیە، بۆیە کەنارگرتن و دوورەپەرێزی لە یەکتر بووە بە سیمای ژیانیان.

هەندێ لە کۆڵانەکان بە بەردی جیری تەخت و هەندێکی تریان بە خشتی سورکراو فەرشڕێژ کرابوو، خشتەکان بە یەکەوە دەبەسترانەوە بۆئەوەی هەڵوەشان رووبان لێ نەکات و خلیسکان بۆ پیادەڕەوان دروست نەکەن.

دەرگای دروستکراو لە داری گوێز و سنەوبەر و دار بەڕوو، هەندێ جار ئاسن و لەوح و تەنەکە لەگەڵ داردا هاوەڵ دەکران، بۆیاخکراو بە رەنگی رەش، یان قاوەیی تاریك، یاخود سەوزی زەیتوونی، رووپۆشکراو بە مس یان ئاسن، زەخرەفە و نەقشی جۆراوجۆر لەسەر دەرگاکان دەنەخشێنرا، قەبارە و رەنگ و جۆری دەرگا و نەخشی سەر دەرگا بوو بوو بە هێما بۆ ماڵەکە، هەرکات ئەو دەرگات دەبینی راستەوخۆ خاوەن ماڵەکە و خاتوونی ماڵەکەت دەهاتە بەر یاد، وەك ئەوەی ناوەکانیان لەسەر دەرگاکە هەڵکۆڵدرابێت.

پەنجەرەی ماڵەکان دروستکراو لە داری گوێز و سنەوبەر، پەنجەرەی دارین گەرمای هاوین و سەرمای زستان کەم دەکاتەوە، شوشەی پەنجەرەکان رەنگاورەنگ بوون، ئەو رەنگانەی رێگە بە تیشك دەدەن ئارامی و گەرموگوڕی بە ناوماڵ ببەخشێت.

ئەو رەنگانەی لە پەنجەرەکاندا بەکاردەهێنران: شینی پیرۆزەیی، ئەم رەنگە ئارامی و ئاسوودەیی بە دەوروبەردا پەخش دەکاتەوە، هەندێ باوەڕیان وابوو کاریگەری هەیە بۆ پارێزگاری ماڵ لە چاو و زار، هەندێ جار رەنگی سەوزی گیایی یان زەیتوونی لە پەنجەرەکاندا بەکاردەهێنرا، ئەمە رەنگێکە ئاماژە بۆ نوێبوونەوە و خێر و فەڕ دەکات، تەبایی و رێکی لەگەڵ سروشت نیشان دەدات، کەم جاریش رەنگی زەردی زێڕین یان

عەنبەری بەکاردەهێنرا، ئەم رەنگە گەرموگوڕی و هیوا نیشان دەدات، وزە و چالاکی و جموجوولّی زیاتر دەبەخشێت، جار جاریش رەنگی سپی عاجی بەکاردەهێنرا، ئەم رەنگە پاکژی و ئارامی دەنوێنێت و رۆشنایی زیاتر دەخاتە ناو ژوورەکان.

دەستگێرەکانی ناو کوچە و کۆڵانەکان دیمەنێکی جوانیان بە گەڕەکەکان بەخشی بوو، سەموونفرۆش، نۆکاوفرۆش وقاورمەفرۆش، ومیوەفرۆش و سەوزەفرۆش، وردەواڵەفرۆش و کوتاڵفرۆش و چەندین جۆری تر لە فرۆشیار، ئێستاش دیمەنی نۆکاوفرۆش و قاورمەفرۆشەکەی گەڕەکی خۆمانم لە یادە، عارەبانە دارینەکەی کە بە رەنگی شین بۆیاخی کرد بوو، ئێستاش بۆن و تام و چێژی نۆکاو و قاورمەکەی دێتە بەر هەستم، لەتێ نانی دەهێنا و کەوچکێ قاورمەی تێدەکرد و بە پشتی کەوچەکە لە نانەکەی هەڵدەسوو، پاشان هەندێ کەوەری بەسەردا دەکرد، ئەوجا نیو کەوچك ئاوی چەوری نۆکاوەکەی بەسەردا دەرێژا، ئێستاش دەنگە زوڵاڵەکەی دێتەوە بەر گوێم: نۆکاو، نۆکاو، عال کوڵیوە نۆکاو، قاورمە، ومرە بۆ قاورمە، گەرم و نەرمە قاورمە.

هەتا ئێستا دیمەنی وردەواڵەفرۆشەکە لەبەر چاوان بزر نابێت، پیاوێکی باریکی باڵابەرز، دوو سندووقی دارینی لە شان دەکرد، یەکێکیان وردە پێویستییەکانی ماڵی تێدابوو، لە شقارتە و دەرزی و بەکرە

و مقەست و چەرخ و گۆرەوی و تەختە سیغار بۆ تێکردنی توتن و پێچانەوەی، هەروەها کەوچکی چێشت و کەوچکی چا و پیاڵە و ژێرپیاڵە و چاپاڵێو، زۆرێك لە وردە پێویستی تری ماڵان، سندووقەکەی تر یاری منداڵانی تێدا بوو، چەندین جۆر یاری بۆ منداڵان لەلا بوو، ئۆتۆمبێلی نایلۆن و بووکی کچان، ئەو دوو یارییە سەرەکییە بوون منداڵانی کوڕ و کچ دەیانکڕین، لە سوچێکی سندووقەکەوە و لەناو کیسێکی نایلۆندا، لوقمی هەڵژەنراو لە ئارد دانرابوو، ئێمە منداڵ بووین دەستمان بۆ شتەکان دەبرد، ئەویش بە زمانێکی شیرین دەیوت: شتەکانم تێکمەدەن، ئەگینا بڕۆم نایەمەوە، ئێمەش بۆئەوەی هەمیشە بێتەوە بۆ لامان، دەستمان دەکێشایەوە.

فرۆشیارەکان وەك کەسوکاری خەڵکی گەڕەکیان لێهاتبوو، هەموان دەیانناسین، ئەوانیش هەموانیان دەناسی، بە ناوی خۆیان قسەیان لەگەڵ دانە بە دانەی خەڵکەکە دەکرد، یەکێك تازە رووی لە گەڕەك کردبا دەیانزانی تازە هاتووە، لە کەمترین ماوەدا پێی ئاشنا دەبوون و ئەویش دەچووە ریزی کڕیارە ناسراوەکان.

فرۆشیارەکان شتیان بە قەرز دەدا، زۆرجار نووسین لە نێواندا نەبوو، متمانە لە نێواندا بوو، گەر لایەك لەبیریچووبا لاکەی تر لە یادی بوو.

ژنان سەریان دەخستە سەر فرۆشیارەکان، بە تایبەت ئەو فرۆشیارانەی پیر بوون، لەبیرمە جیرانەکەمان شەونم خان، لە سیەکانی تەمەندا بوو، خاتوونێکی زۆر مەرد و قسە خۆش بوو، دایکی چوار منداڵ بوو، هاوسەرەکەی کۆچی دوایی کرد بوو، سەری دەخستە سەر مام تاهیری نۆکاوفرۆش، دەیوت: وەرە شووت پێ بکەم، مام تاهیر تەمەنی حەفتا ساڵێك دەبوو، دەیوت: خۆزگە تۆزێ جوانبای، پیرەژنەکەی خۆم لە تۆ جوانترە، شەونم خان دەیوت دەی با منیشت هەبێت، خەم مەخۆ لەگەڵ پیرە ژنەکەت شەڕ ناکەم، مام تاهیر دەیوت: ئەم نۆکاو و قاورمە پیرەژنەکە ئامادەی دەکات، تۆ چی دەزانی؟ شەونم خان دەیوت: منیش مەنجەڵ و قاپەکان دەشۆم، سەر و گوێلاکت پاك دەکەمەوە، بەڵێ بەم جۆرە شەونم خان هەر رۆژە و بیانوویەکی بە مام تاهیر دەگرت و بە جۆرێ سەری دەخستە سەر، ئەویش هەر دەیوت پیرەژنەکەی خۆم بە دنیا ناگۆڕمەوە، شەونم خان غیرەی بۆ مام تاهیر دروست دەکرد، دەیوت: لە داخی تۆ شوو بە عارفی سەوزەفرۆش دەکەم، دیاربوو مام تاهیر جووڵەی لێ بڕابوو، باکێکی نەبوو شەونم خان مێرد بە کێ دەکات، دەیوت: خوامەکرد ساڵێ دوو شووت دەکرد، ئەوجا شەونم خان شێوازی دەنگی قسەکردنی خۆی دەگۆڕی و دەیوت: بێ وەفا، من ئەوەندە عاشقی تۆم، کەچی تۆ دەرمدەکەی، بە خوا بە کوڕەکەم

دەڵێم مام تاهیر داوام دەکات، بۆ ئەوەی ئەم گەڕەکەت پێ تەرك بکات، شەونم خان کوڕێکی مێرد منداڵی هەبوو، مام تاهیر دەپارایەوە و دەیوت: شەونم بۆ خاتر خوا، نانم مەبڕە، با چوار عانە پەیدا بکەم بۆ خۆم و پیرەژنەکە، ژنان دەیاندایە قاقای پێکەنین لە گفتوگۆکەی شەونم خان و مام تاهیر.

بەم جۆرە مامەڵە و تێکەڵی لەگەڵ یەکتر ئەنجام دەدرا و سنووری بەرائەت و پاکێتیش پارێزگاری لێ دەکرا، هیچ کەس گومانی خراپی بە یەکتر نەدەبرد، لەم رۆژگارەدا مرۆڤ لە نەوتراو قسە دەتاشێ و لەسەر گومانی خراپ چیرۆك دەهۆنێتەوە، لەو رۆژگارەدا هەموو وتنێك بە گومانی باشەوە سەرنج دەدرا و جگە لە جوانی و بەرائەت پۆشاکێکی تری نەدەپۆشی، خەڵك دەیزانی شەونم خان چەند ئافرەتێکی مەردە! ئەو لەپێناو گەورەکردنی منداڵە بێ بابەکان خۆشی ژیانی خۆی وازلێهێنابوو، لە کاتێکدا چەندین داواکاری هەبوو، ئەوان مام تاهیریشیان دەناسی، زیاتر لە چل ساڵ بوو بە پیشەکەی خۆیەوە خەریك بوو، بە درێژایی ئەو ماوەیە هەڵەیەکی لێ نەبینرا بوو، ئافرەتانی بە خوشك و کچی خۆی دەزانی، ئافرەتانیش وەك برا و باوك مامەڵەیان لەگەڵ دەکرد.

هێشتا خەڵك لەسەر فیترەتی پاکی خۆی مابوو، بیری خراپ نەفسی مرۆڤی نەشێواندبوو، ئامرازە تەکنەلۆژییەکانی سەردەم پەرەیان

نەسەندبوو، هێشتا مرۆڤیان داگیر نەکرد بوو، ئەو رۆژگارە مرۆڤ ئازاد بوو، ئازادی فیترەت و ویژدان مانای جوانی بە مرۆڤ بەخشی بوو، ئەم رۆژگارە مرۆڤ داگیرکراوە، بە کۆیلە کراوە، مێشك و زەینی بە سەدان و هەزاران بیری چەوت و خراپ ئاخنراوە، ئەم رۆژگارە مرۆڤ بێ کارە، کەچی ماندووە، مرۆڤ لە خۆشیدا دەژی، کەچی وەپس و بێزارە، باخەڵی پڕە لە پارە، کەچی هەژارە، پەیوەندی بە هەموو جیهانەوە دەکات، کەچی تەنها و دابڕاوە، لەم رۆژگارە مانای "مرۆڤبوون" کاڵ دەبێتەوە و جێگەکەی "بە ئامێربوون" دەگیرێتەوە.

رۆژگاری منداڵیان پڕ بوو لە خۆشی و سروور، لە باپیرمەوە ماڵەکەمان بۆ بەجێمابوو، خانوویەکی رۆژهەڵاتی بە چەند ژووری نوستن و چێشتخانە و هەیوانێك، ژوورەکان زۆر بەرین نەبوون، بەڵام خۆش و دڵگیر بوون، ماڵەکەمان ڕوو بە خۆرهەڵاتی باشوور بوو، زستانان و پایزان هەتاوی تێدەکەوت و هاوینان و بەهارانیش سێبەری هەبوو، خانووەکەی ئێمە بەراورد بە خانووەکانی گەڕەك تازەتر دیار بوو، ئەوەش لەبەر نۆژەنکردنەوەی لە لایەن باوکمەوە، ئەوکاتەی نۆژەن کرابوو من لە بێشکەدا بووم، دایکم باسی نۆژەن کردنەوەکەی بۆ کردم، ئەو دەیوت سەقفە دارینەکەمان لابرد و سپیدارمان لە جێگەی دانا و تەختەڕێژمان کرد و پاشان نایلۆنمان کێشا بەسەردا و ئەوجا گڵەبانمان کرد، لە کۆتاییدا

لمی تێکەڵ بە چەومان رێژا بەسەریدا، پاسارە دارینەکەمان لابرد و بە خشت پاساری نوێیان بۆ دروست کرد، ئەوسا پێی دەوترا کەتیبە، لە رووی دەرەوە دیوارێکی تری خشتیان بە رووی دیوارە کۆنەکەدا دروست کرد، لە هەندێ شوێنیش هەموو دیوارە کۆنەکەمان دەڕوخان و دیواری نوێیان دروست دەکردەوە، دوو ژوورمان لە یەکتر دا و دیواری نێوانیان هەڵگیرا، ئەوەش بەرینییەکی خستە ناو ماڵەکە.

لە حەوشەی ماڵەکە حەوزێکی ئاو هەبوو، بە پانتایی سێ مەتر بە دوو مەتر، ناوی حەوزەکە بۆیاخی شین کرا بوو، بەردەوام پاکێتی حەوزەکە دەپارێزرا، بە گۆڕینی ئاوەکەی و پاککردنەوەی ناوی و پارێزگاری لە خاوێنی حەوزەکە، جوانییەکی کەموێنەی بە دیمەنی حەوشەکە دابوو، درەختەکانی ناو حەوشەکە چڕ و تێکئاڵاوبوون، هەندێکیان داری بەری بوون، پرتەقاڵ و لیمۆ و ترێ و هەنار و هەنجیر، لەگەڵ دارتوویەکی مەزن کە من حەوت ساڵان بووم تەمەنی لە شەست ساڵ نزیك دەبوویەوە، کەپری مێوەکە هاوتەریب بە حەوزەکە درێژبووبوویەوە کورسییەکی دارینی سێ کەسی لە بن دانرابوو رووی لە حەوزەکە بوو، بە خۆشی ئەو رۆژگارە و دیمەنی جوانی حەوشی جارانی ماڵەکەمان، ئەم حەوشەی ئێرەم رێکخستووە.

دەرگای حەوشەکەمان ئاسن بوو، تۆکمە و بەرگەگر، بە رەنگی سەوز رەنگمان کرد بوو، قوڵفێکی لەسەر دانرابوو، بۆ لێدانی دەرگاکە، وەك زەنگی ئێستا بەکاردەهێنرا، لە بەردەم دەرگاکە پارچە ئاسنێك دانرابوو، بەشێکی بە زەویدا داکوترا بوو و سەرێکی بە بەرزی پازدە سانتیمێك بە دەرەوە بوو، بۆ پاککردنەوەی پێڵاو بەرلەوەی کەسەکە بێتە ژوورەوە بۆ ناو حەوشەکە.

خێزانەکەمان لە باوکم و دایکم و من و سێ خوشك پێکهاتبوو، واتە شەش سەر خێزان بووین، لەبەرئەوەی من تاقانە کوڕی ماڵ بووم هەموان خۆشیاندەویستم، خوشکەکانم لەگەڵم میهرەبان بوون، باوکم و دایکم جیاوازییان نەدەکرد لە نێوان من و خوشکەکان، بۆیە هەستیارییان بەرانبەر بە من بۆ دروست نەبوو، راستە دایکم گرنگییەکی زۆرتری بۆ من هەبوو کاتێ لەگەڵی تەنهادەکەوتم، بەڵام باوکم ئەوەشی نەبوو.

باوکم مەلایەکی باش بوو، لەگەڵ مەلاییەکەی کار و کەسابەتی دەکرد، قورئانم لای ئەو خەتم کرد، کتێبی ئەحمەدیم لەبەر کرد، گولستان و بوستانی سەعدی شیرازیم لای ئەو خوێند، سەرەتاکانی زمانی عەرەبی لای ئەو فێر بووم، کتێبی ئاجروومییە لە نەحودا و فەتحولقەریب لە فیقهدا پێ وتمەوە.

باوکم نێوانی خۆش بوو لەگەڵ دیوانی سەعدی و حافز و هۆنراوەکانی مەسنەوی مەولانای روومی، چوار منداڵەکەی ناونابوو (عیرفان، پەری، ئەدیبە، نیگا)، چەندین دیوانی هۆنراوەی کوردی و فارسی لا بوو، بەشێکیانی لەبەر بوو.

باوکم قوماشفرۆش بوو، پیشەکەی لە باپیرمەوە بۆ بەجێمابوو، منیش لە منداڵییەوە حەزی ئەو کارەم بۆ دروست بوو، زۆرجار باوکم لەگەڵ خۆی دەیبردم بۆ دوکان.

دایکم، پەری خان، خاتوونێکی کەم وێنە بوو، لە بنەماڵەیەکی ناودار هاتبووە دنیاوە، ئافرەتێکی رەسەن و ژیرمەند و خاتوون بوو، باوکم پیاوێکی دەوڵەمەند بوو، بازرگانی نێوان شارانی دەکرد، یەکێك لە جارەکان تەواوی سەرمایەی خۆی دەخاتە ناو بازرگانییەك، پیاوێکی خوانەناس پارە و سامانی باوکم دەبات و خۆی بزر دەکات، ئەوەش باوکم مایەپووچ دەکات، چونکە بەری رەنجی سی ساڵ کار و کەسابەت بوو.

ئەو رۆژگارە خۆشترین کاتی منداڵ رۆژانی جەژن بوو، پۆشینی پۆشاکی نوێ و خواردن و شیرینی و کۆکردنەوەی جەژنانە و سواری عارەبانە و رۆیشتن بۆ یاری چەرخ و فەلەك، لەگەڵ خوشکەکان سواری عارەبانە و ئەسپ دەبووین و بە هاوڕێیەتی پۆلێ منداڵ فڕەیەکی ناو

شاری پێ لێ دەداین، دواتر نزیك بە یارییەکە دادەبەزین و سواری چەرخ و فەلەکە دارینەکە دەبووین، دوای چەندین سوڕ، پێکەنین و قاقا لێدان و هاوار کردن، دادەبەزین و دەگەڕاینەوە بۆ ماڵەوە، ئێستاش هات و هاواری منداڵەکان دێتە بەر گوێم، ئێستاش دیمەنی ڕەنگاو ڕەنگی پۆشاکەکانم لەبەر چاوانە، ئێستاش پیاوی عارەبانەکەم لە پێش چاوە، پیاوێکی باریکی کەڵەگەت بە سمێڵێکی قەیتانییەوە، مشکییەکی لەسەر نابوو، قاتێ جلی خەت خەتی لەبەر بوو، پشتێنێکی گوڵ گوڵی بەستبوو، قەمچییەکی لە دەست بوو جار جار دەیدا لە سمتی ئەسپەکە و خێراتری دەکرد.

هەموو ئەمانە ڕۆژانی جەژنی لای ئێمە شیرین کرد بوو، هەر کەس لە خزمان بۆ جەژنە پیرۆزە دەهاتن بۆ ماڵمان، جەژنانەیان بە من و خوشکەکانم دەدا، بە تایبەت پووڕەکانم، هەڵبەت جەژنانەی باوکم و دایکم لە هەموان زۆرتر بوو، گیرفانیان پڕ لە وردە دەکردین، ئێمەش لە شت کڕین و یارییەکاندا بەشێکی زۆرمان خەرج دەکرد، سێ شەو و سێ ڕۆژ ئێمەی منداڵ لە بەهەشتی خۆماندا بووین.

ڕۆژانی نەورۆز بە خێزانی بۆ سەیران دەچووینە دەرەوەی شار، ڕوومان لە دارستانەکەی باکووری شار دەکرد، دیمەنی داربەڕووەکان کە تەمەنی هەندێکیان زیاتر لە سەد ساڵ بوو، ڕەسانەیەتی ئەم ناوچەیان

نیشان دەدا، راستە دارستانەکان لەسەر زەوی بەرەو قڕکردن چوون، بەڵام ئەم دارستانە بووە بە بەشێك لە کەلەپووری شارەکە و خەڵکەکە وەك شوناسنامەی خۆیان دەیپارێزن، دارستانەکە لای خۆرئاواوە دەشتێکی بەرینی بە دەمەوەیە، خەڵکەکە پۆل پۆل لە دامێنی چیاکە و دەشتە بەرینەکە دادەنیشن، هەر پۆلێك لە کۆمەڵێك خێزانی نزیك و ئاشنا بە یەکتر پێکهاتووە، نەورۆز هەڵێکی باشە بۆ کۆکردنەوەی خێزانەکان و تێکەڵبوونی منداڵەکان بە یەکتر، گۆرانی و هەڵپەڕکێ و دەربڕینی شادی، گۆشتبرژان بووە بە بەشێك لە سروشتی سەیران، وەك ئەوەی یادی ئەو باب و باپیرانە بکەنەوە لە دێرزەمان راویان کردووە و گۆشتیان برژاندووە.

روبارێك لە ئاوی سازگار لە چیا مەزنەکەی پشت دارستانەکەوە شۆڕ دەبێتەوە، دارستانەکە دەبڕێ و بە ناو سینەی دەشتە بەرینەکەدا گوزەر دەکات.

سەیرانکەران وەك مااڵی خۆیان پاك و خاوێنی دەشتەکە و روبارەکە دەپارێزن، زۆری خەڵك و زۆری ئاگرکردنەوە دیمەنی سەوزی گیای دەشتەکەی نەژاکاندووە، ئاوە رۆشن و سازگارەکەی لیخن نەکردووە.

لە تەمەنی حەوت ساڵی نێردرامە بەر خوێندن، قوتابخانەیەکی نزیك بە ماڵ و گەڕەك، لەگەڵ هاوڕێکانم قوتابخانە لە ئامێزی گرتین، کۆمەڵێك

مامۆستای مەزن، تاکو ئێستاش مەزنی و کاریگەرییان لەسەرم دیارە و نەقشی گرتووە، ساتێ بەسۆز و میهرەبان، هەندێ جار لەگەڵمان توند دەبوونەوە، بەڵام لە جێگەی خۆی بوو، ئەوان دەیانزانی چۆن خوری خاوی ئێمە دەڕێسن، هەموو ئاکاریان توندی و زۆر و دار نەبوو، بەڵکو هەندێ توندی تێکەڵ بە میهرەبانی و سۆز، تونديیەکە بۆ گرژکردن و ڕێسانی ئێمە بوو، سۆز و میهرەبانییەکەش ڕێسانەکەی لەسەرمان ئاسان دەکرد، نالی دەڵێ:

مەسەل دنیا ژن و چەرخیش خەڕەك، دەم دەم بە دووخی خەم
سەری تاڵی وجوودت بادەدا، کەچی هێشتاکو هەر خاوی

منداڵ دووخە، واتە خوری خاوە، دەبێ لەناو خێزان و قوتابخانە بە چەرخ یان بە تەشی بڕێسرێت، ڕێسان واتە گۆڕینی خوریەکە بۆ تاڵ و داو، ئەوەش بە باریککردن و گرژکردنی خوریەکە، ئەم کارە هونەرێکی تایبەتە، نابێ ئەوەندە گرژ و باریکی بکەی داوەکە بپسێت، ناشبێت ئەوەندە خاو و بێتین بێت لەبەر یەکتر هەڵبوەشێت و ببێتەوە بە خوری، ئەو کەسانەی کاریان لێ تێکدەچێت، پەندی کوردی دەهێننەوە و دەڵێن: ریسەکەی لێ کردم بە خوری، واتە ڕێستانەکەی منی هەڵوەشاندنەوە و کردییەوە بە خوریيە خاوەکە.

ئەم شێوازە هەڵەی ئەمڕۆ پەرومردە لە قوتابخانەکان جێبەجێی دەکەن، شێوازێکە مرۆڤ ناڕێسێت، بەڵکو ریسەکەی خێزان دەکاتەوە بە خوری، تەنها خوێندنە و پەرومردەی لەگەڵ نییە.

قوتابخانە تەنها بینا و کورسی و تەختە رەش نییە، بەڵکو کایەیەکی مەعنەوییە بەردەبییەوە بۆ ناوی، خۆشەویستی و سۆزێکە منداڵ پێی ئاتاجە، کرانەوەیەکی هۆش و فامە و دەبێتە نوور و رۆشنایی بۆ ژیان، پەیوەندی و کارلێکە لەگەڵ هاوتەمەنەکانی تر، زانینی مانای سەرەتای پابەندبوون و ئەرکە، راهاتنە لەسەر گوێڕایەڵی و وەرگرتن، سەرهەڵدانی پرسیار و زمان گۆکردنە بە پرسیارەکان.

قوتابخانە ئاشنابوونە بە جیهانێکی تر، جیاواز لە جیهانی خێزان و جیهانی گەمەی ناو کۆڵانەکان، لە قوتابخانە فێری بەهای کات دەبین، ئەوەش بە چوونە ناو پۆل و مانەوە بۆ ماوەیەکی دیاریکرا و پاشان زەنگی پشوویەکی کەم و دووبارە چوونەوە ناو پۆل و وەرگرتنی وانە.

قوتابخانە ژیانی ناو خێزانمان لا شیرین دەکات، تامەزرۆ دەبین بۆ گەڕانەوە بۆ لای دایك و باوك و خوشکان و برایان، تامەزرۆ دەبین بۆ خواردنی دەستی دایك، تامەزرۆ دەبین بۆ پشوو بە خۆدان.

ئەو ئەرکەی لە قوتابخانە بەسەرماندا دەدرێ بۆئەوەی لە ماڵەوە جێبەجێی بکەین، ژیانی ناو خێزانمان بە ژیانی ناو قوتابخانەوە گرێ

دەدات، بۆیە هەمان بەرپرسیارێتی ناو قوتابخانە دەگوێزرێتەوە بۆ ناو خێزان.

دیمەنێکی جوانی تری ئەو رۆژگارە شایی و زەماوەند بوو، لە عەسری رۆژی پێش گواستنەوەی بووك، میهرەجانەکە دەستی پێ دەکرد، ئامادەکردنی مەنجەڵ بۆ لێنانی چێشت، رێکخستنی مااڵی زاوا، کۆبوونەوەی خزمە نزیکەکان، هەڵبەت پێشتریش خەڵك دەنگ کرابوون، دەنگکردنی خەڵك لەو رۆژگارە بە کارت و نامە نەبوو، چەند پیاوێك رەوانە دەکران و خەڵکەکەیان لە بانگهێشکردنەکە ئاگادار دەکردەوە.

ئەو رۆژگارە بە زۆری بووکی شار بەهاران دەگوێزرایەوە، بووکی لادێش پایزان، لە شاردا گێرانی ئاهەنگی گەورە لەناو گەڕەکەکان هەندێ بارگرانی تێدا بوو، بۆیە دەبرایە دەشت و سەوزایی، لە دەرەوە مەیدانی هەڵپەڕکێ و شوێنی وەستانی ئۆتۆمبێل و چێشتلێنان و نانخواردن بەردەستە، لە لادێ هۆیەکی تر هەیە بۆ گواستنەوەی بووك لە پایزدا، ئەوەش ئەرك و کاری خەڵکی لادێیە، ئافرەت و پیاو لە هەوڵی بەردەوامی شەو و رۆژدان، بەتایبەت وەرزی بەهار و هاوین، بۆیە مااڵی باوانی بووك لەو دوو وەرزەدا کچەکەیان نەئەدا بە دەستەوە تا گواستنەوەی بۆ بکرێت، بەهار یان هاوین ماڕە دەبڕا، دەیانوت پایز بیگوێزنەوە، مااڵی

زاواش هەر بەو جۆرە بوو، زاوا نەیدەتوانی مانگێکی بەهار یان هاوین سەرقاڵی رێکخستنی زەماوەند و زاوایی بێت، بۆیە لە لادێ ئاهانگی گواستنەوە بە زۆری پایز و زستان بوو، ئەو دوو وەرزە جموجووڵ و ئەرکی خەڵکی لادێ کەم دەبوویەوە.

هەڵپەڕکێ دیمەنێکی جوانی شایی و زەماوەندە، جۆرەکانی هەڵپەڕکێی کوردی زۆرن، هەر ناوچەیەك پەیڕەوی جۆرێك لە هەڵپەڕکێ دەکەن، هەڵپەڕکێی خەڵکی شار جیایە لە هەڵپەڕکێی خەڵکی لادێ، هەڵپەڕکێی ناوچە شاخاوییەکان جیایە لە هەڵپەڕکێی دەشت نشینەکان.

هەڵپەڕکێی شێخان، هەڵپەڕکێیەکی جۆشسەندووە و بە هەنگاوی بەهێز و ریتمی خێرا ئەنجام دەدرێ، بە زۆری لە ناوچە شاخاوییەکانە.

هەڵپەڕکێی گۆڤەند، ناوێکی گشتییە بۆ زۆربەی هەڵپەڕکێ کوردییەکان، ئەوەش بە ئەڵقە و ریزی دوور و درێژ ئەنجام دەدرێت، زۆربەی ناوچە کوردییەکان دەگرێتەوە، هەندێ پێیانوایە هەڵپەڕکێی (دیلان و لۆرکێ و پێنجی) جۆرەکانی هەڵپەڕکێی گۆڤەندن.

هەڵپەڕکێی دیلان، هەڵپەڕکێیەکە بە زۆری لە گواستنەوەی بووکدا ئەنجام دەدرێت، دەستەکان لە یەکتر هەڵدەپێکرێن و بە یەك نەغمە دەجوڵێن.

هەڵپەڕکێی چفتی یان جفتی، هەڵپەڕکێی بووك و زاوایە پێکەوە.

هەڵپەڕکێی سێ پێیی، جووڵەی خێرا و بازی کورت و سووك، و نەوینی جەستە و ئەژنۆ و خرمە و پێکوتانی بە کۆمەڵ، جار جار جیابوونەوەی چۆپیکێش لە ریزەکە و نواندنی جۆرێ لە جووڵەی تر تەبا لەگەڵ ریتمی گشتی هەڵپەڕکێکەران، پاشان گەڕانەوە بۆ ریزەکە و گرتنەوەی چۆپی بەبێ ئەوەی جووڵەی هەڵپەڕکێکەی لەگەڵ ئەوان لێ تێکبچێت.

هەڵپەڕکێی پێنجی، هەڵپەڕکێیەکە زیاتر شان لەسەر لاقەکان دادەدات تا سەر و سینە.

هەڵپەڕکێی تێرێ، ریتمێکی مامناوەندی هەیە، لە نێوان بەشداربووان نەغمەی وردی گەرەکە.

هەڵپەڕکێی دیرۆك، ئەم هەڵپەڕکێیە مێژوو و کەلەپووری کوردی دەنوێنێت و بە شێوازێکی ئارام و هێواش و پڕ لە جوانی و شکۆمەندی ئەنجام دەدرێت.

هەڵپەڕکێی بەریڤان، لە ژیانی ئافرەتی کوردەوە ومرگیراوە، جووڵەکەی جوانی و نەشمیلی هەڵپەڕکێکاران دەشکێنێتەوە.

هەڵپەڕکێی لۆرکێ، زۆرترین هەڵپەڕکێی شەعبییە، بە جووڵەی بازنەیی ئەنجام دەدرێ و تەپڵ و جووزەلەی بۆ بەکاردەهێنرێ.

هەڵپەڕکێی دەلیلۆ، هەنگاوی جێگیر و ریتمێکی رێکخراو، زیاتر لە کوردستانی سوریا پەیڕەو دەکرێت.

هەڵپەڕکێی کۆچەری، هەڵپەڕکێیەکە لە ژیانی پیاوی کوردەوە ومرگیراوە، لاسایی جووڵەی گواستنەوە و گەڕان دەکاتەوە.

ئەمە شاری فیترەت و رەنگەکان، سبەی شەو شاری مەحەبەت و مەعریفەت بۆ باس دەکەم.

شەوی دووەم:

شاری مەحەبەت (شاری مەعریفەت)

شەوی دووەم ئاسمان ساماڵ بوو، کزە بایەکی سارد لە باکوورەوە دەوەزی، لەسەر بانیژەکە دەستنوێژم هەڵگرت، هەستم کرد سەرما و لەرزێك چووەتە گیانم، چەند پارچە داڕێکم لەگەڵ خۆ بردە ژوورەوە و سۆپاکەم پێ ئاخنی، ژوورە بەرینەکە گەرم بوو، لە سوچێکی ژوورەکەوە نوێژی عیشام دابەست، دوای ئەنجامدانی نوێژ، هاتمەوە نزیك سۆپاکە و چرا خانی هاوسەرم چایەکی بۆ تێکردم، بە دەم خواردنەوەی چاوە وتم: ئەم ساڵ یەکەم جارە هەست بە سەرمای لەم جۆرە دەکەم.

هاوسەرەکەم وتی: هێشتا لە کوێمانە، با بەفر و سیخچە دابارێت، ئەوجا لە سەرما حاڵی دەبین!

قومێکم گرت لە چاکە و وتم: پیاو خاتوونێکی وەك تۆی لەگەڵ بێت سەرمای سیبریا کاری تێناکات، هەمیشە چای گەرم و شیری کوڵاو و ژەمی بەلەزەتمان دەرخوارد دەدەی، لە هەمووی گرنگتر ئەو روخسارە گەرم و شیرینەیە دڵ گەرم دەکاتەوە و ناخم جۆش دەدات.

هاوسەرەکەم وتی: پێویستی ژن و پیاو بە یەکتر لە پیری چەند بەرانبەر تەمەنی گەنجییە.

مینا هاتە دەنگ و وتی: خۆتان پیر نیشان مەدەن، ماشەڵا لە هەردووکتان، یاخوا سەد ساڵ تەمەنتان بێت، بە قەدەر دە گەنجی وەك ئێمە دەجوڵێن و تەندروستن. پاشان رووی لە من کرد و وتی: چاوەڕوانم

ئەزموون و بەسەرهاتی ژیانی خۆتم لە شاری دووەم بۆ باس بکەی، بابەتەکەی دوێنێ شەو درێژە پێ بدەی.

بە هەندێ شۆخییەوە بە مینام وت: ماشەڵا تۆش ناهێڵی لەگەڵ خاتوونی خێزانم دوو قسەی مەحەبەت ئاڵوگۆڕ بکەین.

مینا بە خەندەیەکەوە وتی: من بە قوربانی هەردووکتان بم، ئێوە باڵاترن لە ژن و مێرد، دوو رۆحی پاکن لەم مەملەکەتە ئاوێزانی یەکترن، ئەگەر ماندوون باسەکەمان دوادەخەین بۆ شەوێکی تر.

چرا خان وتی: مامۆستا من و مینا تامەزرۆی بیستنی چیرۆکی ژیانین، چایەکی ترت بۆ تێدەکەم و دەست پێ بکە.

وتم: هەرچی تۆ و مینا بیڵێن رەدکردنەوەی نییە.

دوای تێکردنی چایەکی تر بەم جۆرە دەستم پێ کرد:

پۆلی شەشی ئامادەییم بڕی، نمرەی بەرزم بەدەستهێنابوو، لە زانکۆ-کۆلێژی زانست، بەشی فیزیا وەرگیرام، کەوتمە ناو جیهانێکی بەرین لە پەیوەندی و مەعریفەت، بۆ خۆم مرۆڤێك بووم حەزم بە گەردوونناسی بوو، لە قوتابخانەش هەمیشە لە وانەی زانست نمرەکانم بەرز بوون.

من کەسێك بووم پەیوەندیم لەگەڵ دەوروبەر باش و گونجاو بوو، مامۆستاکانم، هاوپۆلەکانم، هاوڕێکانی تەمەنی منداڵی و رەفیقەکانی گەڕەك، ئەو خەسڵەتەم لە فەزای ساز و باشی خێزانەوە وەرگرتبوو، باوك

م دوو مرۆڤی لەگەڵ یەکتر تەبا بوون، یەکتریان خۆشدەویست،
، لەناو منداڵەکان رەنگی دابوویەوە، باوکم شارەزاییەکی هەبوو لە
ێناسی، بە هەوڵی خۆی ئاگاهییەکەی بەدەستهێنابوو، لە
یەوە بۆ مەعریفەت و ناسینی گەردوون، کۆمەڵەی خۆرەکان و
ەشانەکان و بەرینی گەردوون، زۆر جار لەو بارەیەوە باسی بۆ
ین و زانستەکەی دەبەستەوە بەو ئایەتە قورئانییانەی باس لە
ون دەکەن.

ناغی یەکەمی زانکۆ یەکترناسینە، مرۆڤ دەیەوێ هاوپۆلەکان و
ستاکان و کۆڵێژ و زانکۆکەی بناسێت، دەیەوێ تێبگات ئەو لە چ
ن و زەمینێك دەژی و دەجووڵێت، دەیەوێ خاڵەکانی دەوروبەری
.ەستنیشان بکات، مەوداکانی نێوان خۆی و خاڵەکان دیاری بکات،
،کان دوورن یان نزیك، دەیەوێ هەستەکانی خۆی بەرانبەر هەریەك
خاڵانە بخوێنێتەوە، رق، خۆشویستن، بێلایەنی، دەیەوێ لە خاڵەکان
ڕێست وەربگرێت، نزیکبوونەوە، یان پشتهەڵکردن، یاخود وەستان لە
دا و دوورییەکی دیاریکراو.

ماڵی یەکەم قوتابی دەیەوێت خۆی بسەلمێنێت، لە بواری خوێندن
ەلمێنێ مرۆڤێکی زیرەك و سەرکەوتووە، بەڵام کەمێك لە قوتابیان

دەتوانن درێژە بەو ویست و خولیایە بدەن و تا دواپین قۆناغی خوێندن سەرومڕ بۆ گەیشتن بە لوتکە بکۆشن.

لە بواری کەسایەتی قوتابی دەیەوێ هێز و پێز بە کەسایەتی خۆی بدات، بە هەڵسوکەوتی، بە قسەکردنی، بە پەیوەندییەکانی، بە پۆشاکی بەری، تەنانەت بە پێڵاوەکانی.

سااڵی یەکەمی خوێندن قوتابیان زۆر سەرنجی یەکتر دەدەن، بە تایبەت سەرنجی قسە و شێوەزاری هەر قوتابییەك، هەندێ شێوەزار خۆی بە زاڵ و رەوان و باڵا دەبینێ، دەیەوێ خۆی بسەپێنێ بەسەر شێوەزاری ئەوانیتردا، ئەو بێئاگایە لەوەی هەرچی شێوەزارە لای خۆیان شیرین و رەوانن، ئەوان دەکەونە ناو گەمەی توانجلێدان و گاڵتەکردن و لاساییکردنەوە، هەندێ جاریش سووك و کەم تەماشاکردنی یەکتر، تەنها بەوەی شێوەزارەکەی جیاوازە، ئەمەش سەرنجێکی نەرێنییە لە زمان و شێوەزار، گەنجێتی ئەوان و لاوازی ئاستی زانست و مەعریفەیان دروستی دەکات

سااڵی یەکەم قوتابی دەکەوێتە بەراورد کردنی مامۆستایانی زانکۆ بە مامۆستایانی ئامادەیی، مامۆستایانی ئامادەیی قۆناغی کۆتایی لە پێشبڕکێدان بۆ تەواوکردنی پرۆگرامی خوێندن، تەنانەت پێنج خولەکی پشووش لەناو پۆل و لە قوتابیدا خەرج دەکەن.

مامۆستای زانکۆ دەیەوێ قوتابی فێری گەڕان بکات، ئەقڵ و بیری بەکاربهێنێت، مامۆستا تاکە سەرچاوەی ئەو نەبێت، بەڵکو بۆ هەمان بابەت چەندین سەرچاوەی تر بپشکنێ.

سااڵی یەکەم قوتابی فێر دەبێت لەسەر خۆی شان دابدات، ئەو لە خێزانەکەی بڕاوە، بەر لە زانکۆ خێزانەکەی هەموو شتیان بۆ دابین دەکرد، ئامادە کردنی خواردن، شۆرین و ئوتوکردنی پۆشاکەکان، تەنانەت پاککردنەوە و ڕێکخستنی ژوورەکەی، ئەو تەنها ئەرکی خوێندنی لەسەر شان بوو، لە زانکۆ خوێندن و هەموو ئەو ئەرکانە بەرۆکی دەگرن.

پێش زانکۆ تەنها چوار سەعاتێك لە قوتابخانە دەمایەوە و لەگەڵ قوتابیانی تر تێکەڵ دەبوو، ئێستا کاتێکی زۆرتر لە زانکۆیە، هەندێ ڕۆژ دەوام کردنی لە بەیانییەوە بۆ ئێوارە درێژدەبێتەوە، گەر زانکۆکەی لە دەرەوەی شار بێت، خەو و مانەوەش لە دەرەوەی خێزانە و لەناو کۆمەڵێك قوتابی دەژی هەر یەکەیان لە دەقەرێکەوە هاتووە.

هەموو ئەمانە شتی نوێن و دێنە ناو ژیان، گۆڕان لە ئەودا دروست دەکەن، گەر پێشتر لەناو خێزان و لە قوتابخانە قوتابی ئامادەکرابێت، ئەو گۆڕانانەی قۆناغی زانکۆ بە بارێکی ئەرێنی بەسەریدا دەشکێتەوە، ئەگەر نە، کاریگەری نەرێنی لەسەر بەجێدەهێڵن، ئەگەر هەیە بەو

هۆیەوە جۆرێك لە شکست ڕوو لە کەسەکە بکات، هەڵبەت لە بارێکدا گەر بەزوویی خۆی نەگرێتەوە و سازان و خۆگونجان ڕووی لێ نەکات.

ساڵی یەکەم بە هەموو خۆشی و ناخۆشییەکانەوە تەواو بوو، من یەکێك بووم لە قوتابییە باشەکان، نەکەوتمە خولی دووەم، نمرەکانیشم بەرز بوون.

ساڵی دووەمی خوێندنی زانکۆ دەستی پێ کرد، بەشی ناوخۆییان بۆ دابین کردین، ئەگەر ساڵی یەکەم شەرم و شکۆ ڕێگر بێت لە تێکەڵاوی کوڕ و کچ، ئەوا ساڵی دووەم ئەو دەروازەیە دەکرێتەوە، بەشێکی تێکەڵاویی ئاساییە، هەروەك ئەو کارمەندانەی لە فەرمانگەیەك ئاشنایی لەگەڵ یەکتر پەیدا دەکەن، بەشێکیش هەست و حەزێکە بۆ پەردەلادان لەسەر جیهانی یەکتر و ئاشنابوونی نێر بە سایکۆلۆژیای مێ و بە پێچەوانەشەوە، کەمێکیش لەوان چەکەرەکردنی تۆوی خۆشەویستییە.

خۆشەویستی دەکەوێتە دەرەوەی ویستی کەسەکان، مرۆڤ بەبێ ویستی خۆی کەسێکی خۆشدەوێت، تەنانەت گەر پرسیار لە خۆی بکات: بۆچی ئەو کەسەم خۆشدەوێت؟ وەڵامێك نابینێتەوە، گەر قووڵتر و قووڵتریش دابچێ و خۆی بپشکنێ بێوەڵام و سەراسیمە دەگەڕێتەوە، دواجار دەبێ بڵێت: خۆشمدەوێ، چونکە خۆشمدەوێ؟ ئەمەش چونکە

خۆشەویستی جیلوەکردنی رۆحە، پێناسە ئەقڵی و مەنتقییەکان رۆح و جیلوەکانی رۆح ناگرنەوە.

مرۆڤ دەپرسێت: بۆچی دوو مرۆڤ دەبن بە هاوڕۆح؟ یەکتریان خۆشدەوێ و لە یەکتردا دەتوێنەوە؟

رۆحی ئێمە لە جیهانێکی ترەوە هاتووە، جەستەمان سەر بەم جیهان و گەردوونەیە، رۆحمان سەر بە جیهانی مەلەکووت، جیهانی رۆحەکان، جیهانی مانا.

رۆحمان ئەو دەنکە تۆوەیە لە زەوی دەنرێ و چەکەرە دەکات، ماناکانی دەنکە تۆوەکە بە کارلێك کردن لەگەڵ خاك و ئاو دەگۆڕێت بۆ بوونێکی تر، سەرهەڵدانی چلّە گیایەك، کارلێکی نێوان رۆح و جەستەیە، کارلێکی نێوان مانا و وشەیە، کارلێکی نێوان جیهانی مەلەکووت و جیهانی مولْکە، کارلێکی نێوان جیهانی ئەمر و جیهانی خەلقە، ئامادەییەکانی دەنکە تۆوەکە بە چوونە ژێر خاك جیلوە دەکەن و دێنە دەرەوە، وەك ئامادەیی نامێننەوە، بەڵکو وەك بوونەوەرێکی زیندوو، چلّە گیایەك، یان گولّە گەنمێك.

خۆشەویستی چلّە گیایەك بۆ چلّە گیایەکی تر، بۆ ئامادەیی ناو دەنکە تۆوەکە دەگەڕێتەوە، نەك بۆ خاك و ئاو، ئەوان کاتێ پەیام دەگۆڕنەوە، کاتێ تۆوی نێرەکان لە رێگەی مێروو و هەنگەوە مێیەکانی پێ

دەپێتێنرێ، بە ئامادەیی ناو دەنکە تۆوەکە ئەو کارە ئەنجام دەدەن، ئەوە بەشێکە لە رۆحی ئەوان، گەر لێیان بپرسن بۆچی ئەو کارە دەکەن؟ نازانن بۆچی، ئەوان بە ئامادەیی رامهێناون بۆئەوەی ئەو کارە ئەنجام بدەن.

هاوڕۆحی و مەحەبەتیش لەناو هەمان ڕێسای ژیان و گەردوونە.

پەروا کچێکی مەنگ و ئارام بوو، ڕەوشتی جوان بوو، خاوەن کەسایەتی قورس و دامەزراو بوو، کەسێك بوو متمانەی بە خۆ بوو، دیار بوو لە خێزانێکی پارێزگار و دەوڵەمەند بوو، قسەی کەم بوو، وەڵێ هەرکات دەدوا وشەی جوان و دەربڕینی بەهێز بوو، وتنەکانی بە متمانەوە گۆ دەکرد، هەر کات قسەی خۆشی دەبیست قاقای نەبوو، خەندەیەکی دەخستە سەر روخسار و هەستی سروور و خۆشی پێ دەردەبڕی، لای قوتابیان و مامۆستایانیش بە چاوی ڕێزەوە تەماشا دەکرا، مامەڵەیان لەگەڵی ڕێزدارانە بوو، ئەو سنووڕێکی بۆ خۆی دانابوو، هێڵێکی سووری بە دەوری خۆدا کێشا بوو، هەر وەك چۆن سنووری کەسانی تری دەپاراست و هێڵە سووڕەکانی ئەوانی نەدەبەزاند، ئەمەش وای کرد بوو هیچ کەس خۆی نەدات لە مەرز و سنووری قەڵای ئەو.

کەسایەتی باشی ئەو لە ساڵی یەکەمەوە جێگەی سەرنجی من بوو، لە ساڵی دووەم زۆرتر سەرنجی ڕاکێشام، بەڵام سوپایەکی وەك سوپاکەی

هۆلاکۆی گەرەك بوو تا ئابڵۆقەی قەڵاکەی بدەی و بتەوێ داگیری بکەی.

لەم قسانەی منەوە مینا سەرنجی چرا خانی هاوسەرمی دەدا، تا بزانێ هیچ پەرچەکرداری هەیە، گرژی و مۆنی دەخاتە سەر روخسار، ئەو نەك پەرچەکرداری نەبوو، بەڵکو هەستت دەکرد خۆشیدێ لە قسەکانی من، ئەو دەیزانی بۆچی مینا سەرنجی دەدا و دەیەوێ چی بزانێت، بۆیە بە تەنها بزەیەك بەرپەرچی سەرنجەکەی مینای دەدایەوە.

سەرەتا ویستم بزانم ئایا پەروا سەرنجی هەیە بە لای منداء چونکە خۆشویستنی یەك لایەنە مەینەتی و ئازاری ژیانە، ئەو کاتانەی ئەو لەگەڵ هاوەڵەکانی قسەی دەکرد، سەرنجم دەدا، بەڵام ئەو باکی نەبوو بە سەرنجی دەوروبەر، وام لێکدەدایەوە بە هۆی قسەکردنەوە ئاگای نەبێت لە سەرنجەکەی من، مرۆڤ نایەوێ لە هەوڵەکان خۆی بێهیوا بکات، بەردەوام لێکدانەوەیە دەکات هیواکانی کاڵ نەبنەوە، درەنگ کۆڵەدات و بێهیوا دەبێت، کاتێکیش بێهیوا بوو رەشبینی داگیری دەکا و جۆرێك لە هەرەس و روخان رووی لێ دەکات.

بڕیارمدا کاتێ سەرنج بخەمە سەری ئەو لە بێدەنگیدا بێت، بە کەسی ترەوە سەرقاڵ نەبێت، وەلێ ئەم جارەش وەڵامی سەرنجی منی نەدایەوە، وەك ئەوەی کەسێك لە دەوروبەری ئەو بوونی نەبێت، پاساوم دەهێنایەوە

و بە خۆمم دەوت کچەکان قسەی بۆ دەکەن، ئاگای لە دەوروبەر نەماوە، هەوڵمدا کاتێ تەنها و بێدەنگە سەرنجی بدەم، بەڵام باکێکی بە هیچ کەس نەبوو، وام لێکدەدایەوە خەیاڵی رۆیشتووە و بێئاگا بووە، من نەمدەویست خۆم حاڵی بکەم و بە خۆم بڵێم: ئەم کچە هیچ سەرنجێکی لەسەر تۆ نییە، ئاخر ئەو راستییە بۆ من زۆر تاڵ بوو، لەوانەیە تووشی رمانی کردبام.

لێرەدا چرا خان پێکەنینێکی خستە سەر روخسار، مینا رووی لێ کرد و بە هەندێ سەرسوڕمانەوە وتی: پێدەکەنی؟!

چرا خان وتی: پێکەنینی دەوێ.

مینا سەراسیمە بوو لە من و چرا خان، من بێ پەردە باسی پەروا دەکەم و چرا خان خەندە و پێکەنین لەسەر روخساریەتی.

ئەوجا سەرنجی دوورم وازلێهێنا، لە نزیکەوە جار جار سەرنجێکم دەدا.

چرا خان بە خەندەیەکەوە وتی با لە جێگەی مینا ئەم پرسیارە بکەم: بۆچی نەدەچووی قسەی لەگەڵ بکەی؟!

وتم: رۆژگاری ئێمە جیاواز بوو لە رۆژگاری گەنجانی ئەمڕۆ، ئەو سەردەمە قسەکردن کارێکی ئاسان نەبوو، دەبوا چەندین پێشەکیت بۆ چنیبا ئەوجا بکەویە ناو قسە و گفتوگۆ، بۆ کەسێکی وەك من قسەکردنی

راستەوخۆ ئاسان نەبوو، تف لە قوڕگم وشك دەبوو کاتێ بە خەیاڵیش دەمویست قسەی لەگەڵ بکەم.

وام هەست دەکرد هاوەڵە کچەکانی ئاگادارن بە سەرنجەکانی من، پێموابوو پێیان وتبێت ئەو قوتابییە کوڕە ڕۆژانە سەرنجت دەدات، بەڵام ئەوەندە بێ سەرنج بوو، وەك ئەوەی هیچی نەبیستبێت، تەماشاکردنی من لە لایەن هاوەڵە کچەکانییەوە و پاشان قسەکردنیان لەگەڵ ئەو و پێکەنین و سەرکردنیان بە یەکدا، پەیامێکی بە من دەگەیاند، کچەکان دەیانویست بە من بڵێن سەرنجەکەی تۆمان پێ گەیاندووە، ئەوەتە پێی دەڵێین و ئاگاداری دەکەینەوە، بەڵام خۆی بێباك و بێ ڕەحمە، گوناهی ئێمە نییە.

چرا خان وتی: خەیاڵت فرە بەرین بووە!

من بەردەوام بووم لە قسەکان: هەموو ئەو سیناریۆ و خەیاڵانەم دەچنی، دەنگێکی لاوازی کپکراو لە ناخەوە دەیوت: لەوانەیە لە بنەڕەتەوە بە هەڵەدا چووبم، ئەم کچە و هاوەڵەکانی لە من و سەرنجەکانی من بێئاگابن، ئەمانە وەهم و خەیاڵاتی خۆمن، دەمەوێ خۆم دڵخۆش بکەم، یان نامەوێ باوەڕ بەو ڕاستییە بهێنم من جێگەی سەرنجی هیچ کەس نیم.

هەر زوو بە زوو دەنگە کز و شاراوەکەم کپ دەکرد و دەموت بێدەنگ بە، کەی بەو جۆرەیە تۆ دەیڵێی؟ کچەکان بە ئەویان وتووە، بەڵام ئافرەتێکی قورس و سەنگینە، نایەوێ بە ئاسانی وەڵام بداتەوە.

ئەوجا بە خۆمم دەوت: باشە وەڵامی چی بداتەوە؟ خۆ تۆ جگە لە تیلەی چاو شتێکی تر شك نابەی؟! ئێ خۆ هەموو مرۆڤێك دەڕوانێت، قابیلە چاومان بنوقێنین؟! ئەم هەست و بیرەشم بەزوویی دەسڕییەوە و بە خۆم دەوت: ئاخر ئەو تیلە چاوانەی من جیاوازن، پڕن لە هەست و خۆشەویستی، تەماشاکردنی ئاسایی نین، ناخم دەکەوتەوە قسە و دەیوت: جا ئەو کچە چۆن و لە کوێ تیلەی چاوی پڕ خۆشەویستی لە تەماشاکردنی ئاسایی جیابکاتەوە؟ وەڵامم دەدایەوە و بە خۆم دەوت: گەر کەسێکی دڵ زیندوو بێت سەرنجەکان لە یەکتر جیادەکاتەوە، ئافرەت زۆر بە هەستە، وا نازانم ئەوەندە بێ هەست بن سەرنجەکان نەناسنەوە، ناخم دەهاتەوە قسە و دەیوت: ئەم ئافرەتە جیاوازە، مەنگە، قورسە، داخراوە، خۆپارێزە، بێباکە، لەوانەشە لوتبەرز بێت، وەك ئافرەتی تر نییە، تا سەرنجی بچێت بە لای ئەو شتانەدا، یەکسەر دەچووم بە گژ خۆدا و دەموت: پێی مەڵێ لوتبەرز، لە کوێ رۆحی فریشتەئاسا لوتبەرزی لێ دەوەشێتەوە؟!

چرا خان ڕەنگی گەش و سوور هەڵگەڕا، میناش غیرەی لە قسەکانم دەکرد و وەك بەرگری لە چرا خان وتی: پێتوانییە بەم قسانە چرا خان ئازار دەدەی؟!

چرا خان لە جێگەی من وەڵامی دایەوە و وتی: نا، من بەو قسانە ئازار ناخۆم، لەوانەیە دڵخۆشم بکات.

مینا سەرنجێکی ماتی خستە سەر چرا خان و هیچی نەوت.

بەردەوام بووم لە باسەکە: لە خۆمم دەپرسی بڵێی هاوسەرگیری کردبێت، یان خۆشەویستێکی هەبێت و لەم بەشەی ئێمەدا نەبێت، یان هەر لە زانکۆ نەبێت؟ بە نەبوونی ئەڵقە لە دەستی دڵنیابوومەوە هاوسەرگیری نەکردووە، پەیوەندیشی لەگەڵ هیچ قوتابییەکی کۆڕ نەبوو.

دڵەڕاوکێ بەرۆکی بەرنەدەدام، بە خۆمم دەوت: لەوانەیە بۆ کەسێکی خزمی خۆی دیاری کرابێت، یان دڵی لەسەر کەسێکی تر بێت لە دەرەوەی زانکۆ.

بڕیارمدا ماوەیەك سەرنجی نەدەم، بێباکی بنوێنم، خۆم کەنار بدەم، لە هەنگاوی سەرنجدان پاشەکشێ بکەم، بەڵام بەئاگا بم تا بزانم ئەو سەرنج دەدات یان نە.

بڕیارمدا مانگێك بەو جۆرە بم، هەفتەی یەکەم وەك جاران بوو، بێباکی جارانی نەگۆڕا بوو، من تەنانەت سەرنجی هاوڵە کچەکانی ئەوم نەدەدا،

روخسارم لە ئەوان تۆراندبوو، کاتی پیاسەکردنی مەیدانە بەرینەکەی زانکۆ، ئەو دەمەی ئەو و هاوەڵەکانی نزیك دەبوونەوە من خۆم کەنارگیر دەکرد، کاتێیش دووردەکەوتنەوە بە پیاسەکردن لەگەڵ هاوەڵەکانم خۆم نزیك دەکردەوە، هەمیشە مەودایەکم لە نێوان خۆم و ئەوان دیاری کرد بوو، نەمدەهێڵا مەوداکە زیاد بکات، یان کەم بکات، بێئاگابووم لەوەی ئافرەت زۆر بە هەستە، لەو گەمە و یارییەی من حاڵی دەبن، گەمە و یاری هێڵانەوەی مەودای نەگۆڕ لە نێوان من و ئەوان.

هەفتەی دووەم لەسەر بڕیارەکەی خۆم بەردەوام بووم، کۆتایی هەفتە یەکێك لە کچەکان هات و داوای دەفتەری یەکێك لە وانەکانی لێ کردم، من لە نووسینەوەی وانەکان زۆر ورد و خێرا بووم، زۆرجار قوتابیان دەفتەریان لێ وەردەگرتم، وەرگرتنی دەفتەرەکە لە لایەن کچە هاوەڵەکەی پەرواوە لام ئاسایی بوو، رۆژی یەکشەم دەفتەرەکەی بۆ هێنامەوە، لە ناو پۆلدا دایە دەستم، دوای سوپاس کردن وتی: دەفتەرەکە بۆ خۆم نەبوو، بۆ (پەروا) بوو، بۆ خۆی رووی نەهات لێت داوا بکات، سوپاسی دەکردی.

پەروا ئەو خاتوونە مەزنەی لە خەیاڵم دەرنەدەچوو، کاتێ ئەوەم بیست لاقەکانم توانای بە پێوە وەستانیان نەما، خەریك بوو بەربمەوە، بۆیە

لەسەر کورسییەك دانیشتم، هەر ئەوەندەم توانی بڵێم: شایەنی نییە، پێیناوێ، دەست خۆش.

کچە قوتابییەکە هەستی کرد حاڵم تێکچوو و یەکسەر دانیشتم، پرسی: کاك عیرفان، تۆ باشی؟

سەرم بەرزکردەوە و وتم: باشم، سوپاس، تەنها حەزم بە دانیشتنە.

کچەکە بە هەندێ سەرسامییەوە وتی: بەڵێ... راست دەکەی.

ئەوەی وت و رۆیشت، ماوەیەکی باش دانیشتم، لەناو خۆمدا رۆچووم، ئاگام لە دەوروبەر نەما، توند دەفتەرەکەم بە سنگمەوە گرت، بەئاگاهاتمەوە بە پەلە دەفتەرەکەم لەسەر مێزەکە دانا، ماموستا هاتبووە ناو پۆل و من لێی بێئاگا بووم، سەرنجی پەروا و رەفیقەکانیم دا، یەکێکیان پێدەکەنی، دیار بوو بە حاڵی من پێکەنینی دەهات، لە دڵی خۆم وتم گەر تۆش ئەم حاڵەی منت بەسەردا هاتبا، هۆشت لەبەر خۆت دەبڕا، تۆ نازانی چ هەژانێك رووی لە ناخم کردووە! تۆ نازانی وەرگرتنی ئەو دەفتەرە چەند مانایەکی قوواڵی هەیە! تۆ نازانی دەفتەرێك دەستی پەروای بەرکەوتبێت لای من چەند ئازیزە!

چرا خان وتی: دەبێ ئەم پەروا چی بوو بێت، وا بەم جۆرە دڵ و رۆحی تۆی داگیر کردووە!

لە وەڵامیدا وتم: فریشتە بوو، بەڵێ، کەوتمە پرسیار لە خۆم: بۆچی خۆی نەهات دەفتەرەکەم لێ وەربگرێت؟! وەڵامی خۆمم دایەوە: دیارە کچێکی بەشەرمە، نەهاتنەکەی ئەوە دەگەیەنێت شەرمی لە من هەیە، ئەو شەرمەش لە من مانای خۆی هەیە، بەڵێ کەوتمە لێکدانەوەی جۆراوجۆر، ناردنی سوپاسەکەش بەو کچەدا جێگەی هیوا و دڵخۆشیمە، نازانم ئەو وانەیە مامۆستا چی وت و چی بۆ باس کردین، نەمتوانی تەنها وشەیەکیش بنووسم، خەیاڵم رۆیشتبوو، بیرم پەرت بوو، پەروا داگیری کرد بووم، دەفتەرەکەم لەسەر مێزەکە دانابوو، دەستم خستبووە سەری، وەك ئەوەی کەسێك بیەوێ لەژێر دەستم دەربهێنێ و من نەهێڵم و بیپارێزم، جار جار لە دەفتەرەکە ورد دەبوومەوە، دەستم بە بەرگەکەیدا دەهێنا، جاران ئەو دەفتەرە بەو شێوە جوان و ئازیز نەبوو، ئێستا لە هەرچی شتە لای من بەنرختر، لە ترسی ئەوەی نەبادا کەسێکی تر داوای بکات، دەفتەرەکەم هەڵگرت.

لە کۆتایی وانەکە قوتابیە هاوڕێکەی لای راستم وتی: کاك عیرفان، پێچەوانەی جاران، ئەم وانەیە هیچت نەنووسی؟!

وتم: توانام نەبوو.

وتی: نەخۆش نیت، رەنگت گۆڕاوە؟

وتم: نا، حاڵم باشە.

ئەو رۆژە تەواو بوو، رۆژێکی زێڕین بوو لە ژیانی من، سروور و خۆشییەك رووی لێ کردم، گەر مشتێ پەڕ بە باڵەکانمەوە بوایە لە شەقەی باڵم دەدا، ئەو رۆژە جەستەم سووك بوو، وەك ئەوەی پێیەکانم لە زەوی بڕا بن و بەر زەوی نەکەون، ژەمی بەیانیم نەخوارد بوو، دەمویست ژەمی بەیانی و نیوەڕۆ بکەم بە یەك ژەم و لە دەرەوە بیخۆم، بەڵام هەستم بە تێری دەکرد، شتێکی زۆر کەمم پێخورا.

گەڕامەوە بۆ بەشی ناوخۆیی، چوومە ژوورەکە و دەفتەرەکەم هێنا و تێر بۆنم کرد، بۆنێکی خۆشی لێ دەهات، نازانم بۆنی ناو خەیاڵ و هەستی من بوو، یان پەروا عەتری بە دەفتەرەکەدا پژاندبوو، پێمخۆش بوو قەناعەت بە خۆم بکەم، پەروا بۆنخۆشی کردووە، بۆئەوەی بۆنەکەی بکەوێتە بەر هەستی من، ئەوجا پەڕە بە پەڕەی دەفتەرەکەم هەڵدایەوە، بە وردی سەرنجی لاپەڕەکانم دەدا، بزانم نیشانەیەکی بەجێنەهێڵاوە، شتێکی بۆ نەنووسیوم؟ تا بەرگی دووەمی دەفتەرەکە وردبوومەوە هیچم نەبینی، لە جێیەك وشەیەکم بە هەڵە نووسی بوو، خەتێکی بە ژێردا هێنابوو، دیاربوو نووسینەوە و لەبەرگرتنەوەکەی زۆر ورد ئەنجامدابوو.

چرا خان وتی: لەوانەیە بۆنی خۆشی بە دەفتەرەکەوە کردبێت!

مینا وەك غیرەت بۆ چرا خانی هاوسەرم وتی: هیچ بۆنێکی پێوە نەکردووە، تەنها خەیاڵی خۆیەتی.

من بە خەندەیەك قسەکەی مینا بەڕێکرد و بەردەوام بووم لە باسەکە: شەوەکەی زوو چوومە ناو جێگە و دەفتەرەکەم لە تەنیشت خۆم خەواند، کەوتمە بیرکردنەوە لەوەی رووبدا، چەندین سەعات لەناو جێگە بیرمەدەکردەوە و بەئاگابووم، پاشان کەوتمە بیرکردنەوە لە سبەینێ، چی بکەم، هەنگاوی نوێم چی بێت؟ بەردەوام بم لە خۆکەناردان و دوورەپەرێزی تا مانگەکە تەواو دەبێت، وەك بڕیارم دابوو، یان هەڵوێستێکی ئەرێنی بنوێنم؟ گەیشتمە ئەوەی سبەینێ لێیان نزیك بمەوە و بە دەم رێوە سڵاوێکیان لێ بکەم، نەوەستم و بڕۆم، کاتێ گەیشتمە ئەم بڕیارە خەو زۆری بۆ هێنام و بێئاگا بووم.

بەیانی زوو بەئاگاهاتم، یەکەم شت هاتەوە بیرم رووداوەکەی دوێنێی زانکۆ بوو، دەفتەرەکە و پەروا، دەستی راستم درێژ کرد و دەفتەرەکەم بەرزکردەوە، بە راکشانەوە هەندێکی تر سەرنجمدا، بۆنم کرد، بۆنەکەی کەمی کرد بوو، تێگەیشتم پەروا بۆنی لێداوە، گەر بۆنی دەفتەرەکە بێت، یان بۆنی ناو هەست و خەیاڵی من، دەبوا بۆنەکەی هەروەك دوێنێ بوایە، ئەی بۆچی کەمی کردووە؟ بە خۆمم وت لەوانەشە دوێنێ زۆر پەرۆش بووبم، هەستەکانم هوروژا بن و توانای وێناکردن و خەیاڵ کردنی بۆنم زۆر بووبێت، بەڵام ئەم بەیانییە دۆخەکەم ئاسایی بووبێتەوە.

نەمویست لەو بارەیەوە زۆر رۆبچم، هەستام و نوێژی بەیانیم کرد، زۆر شوکری خودام کرد، نەمدەزانی لە چییەوە بیری شوکر کردنم بۆ هاتبوو، بەڵام پێمخۆش بوو شوکری بکەم بۆ ئەو خۆشییەی رووی لە دڵم کرد بوو، دوای نوێژی بەیانی زۆر پاڕامەوە، پاڕامەوە خودا لە گوناهان بەدوورم بگرێت، هەستی پیس و پەست تێکەڵ بە پاکی و پیرۆزی مەحەبەت نەکەم، پاڕامەوە خودا دڵی پەرواش وەك دڵی من لێ بکات، هەستم کرد ناو لەپی دوو دەستم پڕ کرا لە شتی بەنرخ، هەردوو دەستم قورس بوون، دەتوت پڕ کراون لە بەردی بەنرخ، ئەڵماس و مرواری و یاقووت، هەردوو دەستم هێنا بە روخساردا و بە ئامین کۆتاییم بە دوعاکە هێنا.

ئەو رۆژە کراسێکی نوێ و قاتێکی شیکم پۆشی، بۆنی خۆشم لە خۆ دا، زۆر جوان خۆم ڕێکخست، پێڵاوەکانم بۆیاخ کرد، خەندە و بزە لەسەر لێوانم نەدەبڕا، تەنانەت هاوژووەکانم لایان سەیر بوو، یەکێکیان وتی: چییە دەڵێی بۆ داوای ژن دەچی؟

وتم: من هەر وام، جوانپۆشم.

ئەوی تریان وتی: جوانپۆشی، نەك وەك ئەمڕۆ، ئەمڕۆ ماشەڵا، لە دوورەوە بسکەی سمێڵت دێ، بۆنی خۆشت دڵ دەڕفێنێ.!

وتم: کەس ڕێگری لێ نەکردوون، ئێوەش دەتوانن وابن.

ئەوەی یەکەمیان وتی: جا کێ تەماشای لاتێکی وەك ئێمە دەکات تا خۆمانی بۆ جوان بکەین؟!

قوتابی زانکۆ هەموو شتێکی یەکتر دەزانن، بارم لار بوو، دەمزانی قسەکانیان راستە، وەڵامدانەوەکانم بۆیان زۆر لاواز بوو، کردمە شۆخی و وتم: خوا لە چاوی حەسوود بەدوورمان بگرێت.

ئەوەی دووەمیان وتی: پێویستت بە چاوەزار دەبێت، ئەم جارە گەڕایتەوە بۆ شارەکەت نوشتەیە لە مل بکە، ئەوجا وەرەوە.

من پەلەم بوو، چاری زمانی ئەو دوانەم پێ نەدەکرا، وتم: من دەڕۆم، بەختێکی باش بۆ ئێوە.

هەردوو دایان لە قاقای پێکەنین، ئەوەی یەکەم وتی: چواری وەك تۆ نانی ئێمەی بڕیوە.

ئەو رۆژە زۆر بە شەوقەوە رووم لە زانکۆ کرد، دڵم گەش، و رۆحم سووك، جەستەم بێ کێش بوو، گەیشتمە کۆلێژ، دەتوت یەکەمجارە پێ دەخەمە ئەو شوێنە، ئەو رۆژە هەموو شت گۆڕابوو، بە جۆرێکی تر دەهاتنە پێش چاوان، دەتوت گیانیان بە بەردا کراوە، ئەو رۆژە مرۆڤەکان زۆر جوان بوون، باخەوانی باخچەکەی نزیك کۆلێژ روخساری نووڕانی بوو، هەستم بە هەناسەی درەختەکان دەکرد، گوێم لێبوو لەگەڵ باخەوانەکە گفتوگۆیان دەکرد، درەختێکیان دوور و تەنها کەوتبوو،

گازندە و گلەیی هەبوو، بۆچی وەك ئەوان ئاوی پێ نادرێ، باخەوانەکە لە وەڵامدا داوای لێبوردنی لێ کرد، بەڵێنی پێدا گرنگی زۆرتری پێ بدات.

ئەو رۆژە مەیدانی تەنیشت کۆلێژەکە دەتگوت میهرەجان و کەرنەڤاڵی لێ سازدراوە، هەمووان پۆشاکیان جوان و رازاوە بوو، روخساریان سپی بوو، لێویان بە خەندە بوو، ئەو رۆژە لەگەڵ بینینی ئەو گشتە روخسارە، دنیا کپ و ئارام بوو، لێوان دەبزوان و دەنگ و سەدا بوونی نەبوو، هەموو شت سوکنایی لێ دەباری، هەموو شت مەحەبەتیان ئاڵوگۆڕ دەکرد، ئەو بەیانییە کۆمەڵێك باڵندە بە سەر درەختەکانی زانکۆوە دەنیشتنەوە و لە شەقەی باڵیان دەدا، پێشتر نەمبینیبوون، سپی و سەوز و زەرد، هەموو دەنگەکان و ئاوازەکان دەگەیشتنە قوڵایی رۆح بەبێ ئەوەی شەپۆلی دەنگ ببیستم، رۆح دەبیستێ بەبێ گوێ، دەبینێ بەبێ چاو، بۆن دەکات بەبێ هەستی بۆنکردن، دەژنەوێ بەبێ ئەقڵ و دەماغ، هەموو رۆح بینین و بیستن و بۆنکردن و ژنەوتنە.

نازانم چۆن گەیشتمە ناو کۆلێژ، چەند خولەکێکی مابوو بۆ چوونە هۆڵ و وەرگرتنی وانە، بە پاڵ پەروا و سێ هاوەڵەکەیدا گوزەرم کرد، بە دەم رێوە سڵاوێکم لێ کردن و نەوەستام و رۆیشتم، وەڵامی سڵاوەکەیان دایەوە، ئاگادار بووم پەرواش وەڵامیدایەوە، بەرلەوەی پێیان بگەم لە

دوورەوە و بە تیلەی چاو سەرنجێکی منیاندا، هەستیان کرد ئەو رۆژە نائاسایی دەردەکەوم، روخسارم، رۆیشتنم، پۆشاکەکانم، پێڵاوەکانم، هەموو گۆڕانیان بەسەردا هاتبوو، ئافرەت زۆر هەستیارە، کەمترین گۆڕانکاری لە دەوروبەر هەست پێ دەکات، خوێندنەوەیان بۆ دەکات و نەوتراوەکان دەدۆزێتەوە و مانایان لێ هەڵدەگۆزێت.

کاتێ گەیشتمە تەنیشتیان هەموویان جگە لە پەروا پێدەکەنین، بەڵام وایان نیشان دەدا لە نێوان خۆیاندایە و بە قسەی یەکتر پێ دەکەنن.

دکتۆرەیەکی ئافرەتی بەتەمەنمان هەبوو، هەڵگری ئایدۆلۆژیای چەپ بوو، کەسێکی زۆر بە هەست بوو، جار جار قسەی خۆشی بۆ دەکردین، یەکەم وانەمان لای ئەو بوو، هاتە ژوورەوە و چاوێکی بە هەموواندا گێڕا و سەرنجی لەسەر من وەستا، بە شۆخییەوە وتی: عیرفان، ئەمڕۆ بۆنەیەکتان هەیە؟

هەموو هۆڵەکە بوو بە پێکەنین، بۆئەوەی نەبێتە شەرمەزاری و هەستی ناتەواوی بۆم، وتی: ئەوەندە جوان و پێکەوتووی مرۆڤ حەز دەکات لە دوور و نزیکەوە قسەت لەگەڵ بکات، دەبێ بە تیری خۆشەویستی کێت بریندار کرد بێت؟!

من زۆرجار لە دواوە دادەنیشتم، کاتێ دکتۆرە ئەوەی وت، هەموو هۆڵەکە ئاوڕیان دایەوە، بە جارێ سی چل جووت چاو کەوتە سەرم،

زۆر هەستم بە شەرمەزاری و تەریقبوونەوە کرد، بەڵام لەناو هەموو ئەو چاوانە سەرنجی چاوی پەروام دا، سەرنجێکی خستە سەرم و بە پەلە سڕییەوە.

دکتۆرە بەوە کۆڵی نەدا، بۆئەوەی شەرمم بشکێنێ و تەریقبوونەوەم بسڕێتەوە، وتی: هەستە وەرە پێشەوە، تۆ دەبێ هەمیشە لە پێشەوە دابنیشی، مامۆستا روخسارت ببینێت وانەکەی لا خۆش دەبێت و بە جوانی زانستەکەی دەگەیەنێت.

منیش هەستام و چوومە پێشەوە.

ئەو بە شێوازی مامۆستایی خۆی و ئەزموونی لەگەڵ قوتابی، هەستی شەرم و تەریقبوونەوەی منی نەهێڵا، بەڵکو گۆڕی بۆ هەستکردن بە تەواوی و کاملبوون.

جگە لەو سڵاوە ئەو رۆژە نەموێرا لە پەروا نزیك بمەوە، یان سەرنجی بدەم، چونکە دەمزانی قسەکانی دکتۆرە منی خستووەتە بەر چاوان، هەستم کرد دەوروبەر سەرنجیان لەسەرمە.

ئەو هەفتە تا سەر لە پەروا و هاوەڵەکانی کەنارگیریم کرد، پۆشاك و خۆڕازاندنەوەم ئاسایی کردەوە، تا بارودۆخەکەم ئاسایی بوویەوە، لەوانەشە هەر لە یەکەم رۆژەوە هەموو شت ئاسایی بووبێت، بەڵام

هەستی من بەو جۆرە وێنای دەوروبەری کردبێت، گوایە سەرنجم دەدەن و چاویان لەسەرمە.

هەفتەی دوای ئەوە لە مەیدانە بەرینەکەی نزیك کۆلێژ لەگەڵ برادەرێکی خۆم پیاسەم دەکرد، پەروا و هاوەڵەکانیم بینی دەهاتن بۆ مەیدانەکە، نزیك باخچە بچووکەکە دانیشتن، دیواری دەوروبەری باخچەکە بە جۆرێك دروستکرابوو بۆ دانیشتن گونجاو بوو، زۆرجار دەفتەرێکمان دادەنا و لەسەری دادەنیشتین، چونکە دیوارێکی چیمەنتۆی سارد بوو.

کاتژمێرێ وانەی بۆشمان هەبوو، دوای پیاسەیەکی زۆر لەگەڵ برادەرەکەم هاتین و دوور لە ئەوان دانیشتین، بە دەم قسەکردنەوە جار جار سەرنجێکی پەروام دەدا، ئەو رۆژە زۆر بە شەوق بوو، سروور و خۆشی لە روخساری دیاربوو، خەندەی زۆرتری دەکرد، نەمزانی هۆیەکەی چی بوو، مرۆڤ هەندێ رۆژ دڵی خۆشە، بەبێ ئەوەی بزانێ هۆیەکەی چییە، ئەو جۆرە خۆشیانە لە رۆحەوەن، شەپۆلەکانی لە جیهانی مەلەکووتەوە هەڵدەکەن و دەکێشن بە رۆحی ئێمەدا، ئێمەش بە سروور و خۆشی و گەشانەوەی روخسار و خەندەی سەر لێوان، گوزارشتیان لێ دەدەین.

هەستم کرد دوو جار سەرنجی خستە سەرم، بەڵام سەرنجەکانی نەدەوەستان و زوو دەیگۆڕین و دەیسڕینەوە، وەك ئەوەی بینینێکی لابەلا بێت، ئەو دوو سەرنجەش خاڵی بوون لە خەندە و پێکەنین و لە کاتی قسەکردنی ئەودا بوو، زیاتر جدییەتی پێوە دیار بوو، تا شۆخیکردن.

دوو مانگ قۆناغی سەرنجدان بوو، هێشتا دڵنیا نەبووم، ئایا پەروا هەمان هەستی منی هەیە، یان نە؟

چرا خان وتی: پێدەچێ تۆش بەرانبەر هەندێ کەم هەست بووبیت.

مینا وتی: چۆن، بۆچی؟

چرا خان: لەوانەیە ئەو کچە فەقیرە هەستی دەربڕیبێت، بەڵام مامۆستا هەستی پێ نەکردبێت.

من لە قسەکانی خۆم بەردەوام بووم: وەرزی تاقیکردنەوە هاتە بەرەوە، لە تاقیکردنەوەکان زۆر باش بووم، رۆژێك لە یەکێك لە تاقیکردنەوەکان هاتمە دەرەوە، پەرواش بەدوای منداا، لێم پرسی: چۆن بووی؟

وتی: باش بووم، بەڵام لە وەڵامی پرسیارێك دڵنیا نیم.، پرسیاری سێیەم.

قسەکانمان بە دەم ڕێوە کرد، دەمانویست لە کۆلێژەکە بچینە دەرەوە و ڕوو لە مەیدانەکە و پارکە بچووکەکە بکەین.

وتم: با لێرە دانیشین وەڵامەکەی خۆمت بۆ بنووسم.

بە هەندێ شەرمەوە وتی: باش.

دانیشتین و وەڵامەکەم بۆ نووسی.

وتی: سوپاس بۆ خودا، وەڵامەکەی منیش بەو جۆرەیە.

دڵخۆشبووم، وەڵامەکەی راست بوو، پێمخۆش بوو وەڵامەکەی من هەڵە بێت، بەڵام وەڵامەکەی ئەو راست دەربچێت، چونکە یەکەم قسەکردنمان بوو، پێمخۆش نەبوو بە هەواڵێکی ناخۆش دەست پێ بکات.

بە هەندێ شەرم و ترسەوە پرسیم: ماڵتان لەم شارەیە؟

وتی: بەڵێ.

وتم: دەبێ ئێوە زۆر سەرکەوتووبن، دەگەڕێنەوە بۆ ماڵەوە و هەموو شتتان بۆ ئامادە کراوە، ئێمە دەچینەوە بۆ بەشی ناوخۆیی، دەبێ بە ماندوویی چەندین سەعات بە کارەوە خەریك بین، ئەوجا بواری خوێندنمان هەیە.

وتی: راست دەکەی، بەڵام ئێمەی ئافرەتیش دەبێ لە ماڵەوە کار بکەین، یارمەتی دایکمان بدەین.

وتم: راستە، ئەوەش هەیە.

وتی: دیارە ئێوە لێرە نیشتەجێ نین؟

وتم: بەڵێ.

دەمویست بەو ماوە کەمە زۆرترین زانیاری دەربارەی پەروا بزانم، پرسیم: خۆ شوکر دایك و باوکت لە ژیاندان؟

وتی: شوکر بۆ خودا.

وتم: برا و خوشکت هەیە؟

وتی: بەڵێ، من دووەم منداڵی خێزانەکەم، خوشکێکم هەیە لە خۆم گەورەتر، مێردی کردووە، دوو براشم هەیە لە خۆم گچکە تر.

وتم: خودا لە یەکتان نەکات، سێبەری دایك و باوك بەسەرتانەوە بمێنێ.

وتی: سوپاس، ئەی تۆ؟

وتم: من تەنها سێ خوشکم هەیە.

وتی: واتە تاقانەی؟

وتم: بەڵێ.

پرسی: دایك و باوکت ماون؟

وتم: بەڵێ، شوکور بۆ خوا.

وتی: بەختەوەر بن یاخوا.

یەکترناسینێکی سەرەتاییان ئەنجامدا، وێستم بە پرسیاری تر درێژە بە قسەکردن بدەم، دوان لە هاوەڵە کچەکانی هاتن، لە دووروەوە لە ئێمە وردەبوونەوە و پێکەنین لەسەر روخساریان بوو، کاتێ گەیشتنە بەرەوە،

یەکێکیان وتی: با جەوەکەتان لێ تێکنەدەین، ئێمە دەڕۆین، من وەڵامم دایەوە و وتم: نا، نەخێر، ئێوە فەرموون، من دەچم، ئەو برادەرەم چاوەڕوانمە.

بە هەندێ شپرزییەوە خواحافیزیم لێ کردن و ڕۆیشتم.

ئەو ڕۆژە سەرکەوتنێکی مەزنم تۆمار کرد، توانیم لەگەڵ پەروا قسە بکەم، یەکترناسینێکی سەرەتایی لەگەڵ ئەنجام بدەم.

ئەو هەفتەیە تێپەڕی و شتێکی نوێ لە نێوانمان ڕووینەدا، تەنها سڵاوی بەیانیان بوو، جارێکیش پەروا بە کاك عیرفان سڵاوی لێ کردم.

جگە لە پەروا چاوم بە هیچ کچێکی تر هەڵنەدەهێنا، پەرواش مەنگ و خۆپارێز و تا ڕادەیەك شەرمن و کەمدوو، من پێموابوو دەبێ هاوسەرگیری لەسەر بنچینەی خۆشەویستی بێت، خۆشەویستی نێوان کوڕ و کچ گەر سەرئەنجامەکەی هاوسەرگیری نەبێت، ئازار و مەینەتییە، ڕاستە بێ ویستی خۆم و بێ بیرکردنەوە و پلان پەروام خۆشدەویست، بەڵام کە خۆشمویست، بە خۆمم وت باشترین کەسە ببێتە هاوبەشی ژیانم، وەلێ نەمدەزانی پەروا چۆن لە خۆشەویستی بیردەکاتەوە، چ بەرنامەیەکی هەیە بۆ پێکهێنانی ژیان.

بۆنەکانی مانگی ئازار هاتنە بەرەوە و نزیك بە دە ڕۆژ لە زانکۆ دوورکەوتینەوە، ئەو ماوەیە تامەزرۆی دەستپێکردنەوەی دەوام بووم،

بۆئەوەی لە نزیکەوە چاوم لە پەروا بێت، رۆژێك بەرلەوەی زانکۆ بەجێبهێڵم و بگەڕێمەوە بۆ شارەکەی خۆم، لە مەیدانە بەرینەکە قوتابیان وێنەیان دەگرت، بینیم پەروا و هاوەڵەکانی وێنە دەگرن، چووم و سڵاوێکم لێ کردن، یەکێك لە کچەکان وتی: کاك عیرفان با وێنەیەکی بە کۆمەڵ بگرین.

وتم: ئاساییە، با بیگرین.

هەموو ریزمانبەست، وێنەی یەکەم پەروا دوور لە من وەستا بوو، وێنەی دووەم وتیان: با شوێنەکانمان ئاڵوگۆڕ بکەین، کچەکان من و پەروایان خستە پاڵ یەك.

لە کۆتاییدا وتم: من سبەینێ دەگەڕێمەوە، هیچتان ناوێ بۆتان بهێنم؟

کچێکیان وتی: پاکەتێ گەزۆی شارەکەی خۆتان بهێنە، دابەشی دەکەین بەسەر پۆلەکەدا.

کچێکی تریان لە هاوەڵەکەی پرسی: بە چ بۆنەیەکەوە شیرینی بهێنێ؟

وتی: بە بۆنەی گرتنی ئەم دوو وێنەیە.

هەموو پێکەنین، من تێگەیشتم چی دەڵێت، دەیزانی چەند شاد و دڵخۆشم بە گرتنی ئەو وێنانە، بەتایبەت وێنەی دووەم کە من و پەروا لە تەنیشت یەك بووین.

دەوامی زانکۆ دەستی پێ کردەوە، دوو پاکەت گەزۆم لەگەڵ خۆم هێنا بۆ زانکۆ، دوای سڵاوکردن و هەواڵپرسین، پاکەتێکیانم دایە دەست کوڕەکان و پاکەتێکیش بۆ کچەکان، ویستم پاکەتی کچەکان بدەمە دەست پەروا، بەڵام دەستی درێژ نەکرد، یەکێك لە کچەکان لێ گرتم و گێڕای بەسەر کچەکاندا.

قوتابییە کچەکان لەو پاکەتە دەمیان شیرین کرد، مامۆستاکانیش هەر بە جۆرە، پاشان پاکەتە گەزۆکە گەڕایەوە بۆ لای پەروا و هاوەڵەکانی، بە منیان وت فەرموو خۆشت دەم شیرین بکە، پەروا دەنکێ گەزۆی پێبدە.

پەروا بە شەرمێکەوە دانەیەکی هەڵگرت و پێشکەشی کردم.

منیش لە دەستیم گرت و سوپاسم کرد، وتم: فەرموو ئێوەش دەم شیرین بکەن.

ئەوەم وت و بەجێمهێڵان.

یەك هەفتە بیرم لە تام و چێژی ئەو گەزۆیە دەکردەوە لە دەستی پەروا وەرمگرت، بە راستی بەتام بوو، پەنجەکانی نوورین و زێڕین بوون، هەرگیز ئەو دیمەنەم لە یاد ناچێت، هەستەکانم هوروژا بوون، بۆن و تام و بینین بە خۆشی لێوان لێو بوون، کاتێ دایە دەستم خەندەیەکی خستە سەر لێوان، زۆر دەستی درێژ نەکرد، من زیاتر لێی چوومە پێشەوە، لەپی دەستم بۆ واڵا کرد، بۆئەوەی گەزۆکەی لەسەر دابنێت، نەمویست بە

پەنجەکانم لێی وەربگرم، نەمدەویست دەستم بەر دەستی بکەوێت، ئەویش کەسێکی خۆپارێز بوو، بە واڵاکردنی لەپی دەستم دەتوت دوعا دەکەم، وەك ئەوەی داوای دڵی بکەم تاکو بیخاتە سەر لەپی دەستم، یان وەك ئەوەی دڵی خۆم لەسەر لەپی دەست دانابێ و بمەوێ لێم وەربگرێت.

خۆشەویستی بیرکردنەوەی مرۆڤ نائاسایی دەکات، کۆمەڵێ خولیا و خەیاڵی بۆ دروست دەکات زۆرێکیان واقیع نین.

نازانم بۆچی مرۆڤ پێیخۆشە ژیان بەو جۆرە بێت ئەو وێنای دەکات، پێیخۆشە رووداوەکان بەو جۆرە روو بدەن ئەو حەزی لێ دەکات، هەڵوێستەکان خزمەت بە خەون و خولیای ئەو بکەن، ئەم حەز و پێخۆشبوونەی مرۆڤ لەگەڵ هەویری سروشتی ئەودا شێلراوە، لەدایك دەبێت و ئەم ئامادەییە پیایدا چێنراوە، نازانم بۆچی دەبێ مرۆڤ بەو جۆرە بێت، بۆچی دەبێ بەم حەز و ویستەوە لەدایك بێت؟! لەوانەیە ئەم حەزە پەیوەندی هەبێت بە مانەوەی ئەو لەم ژیانە، واتە هۆیەك بێت بۆ بەردەوامیدان بە ژیان، بۆچی بەردەوامی بە ژیان بدات و بمێنێتەوە؟ ئەمەیان نەخشەیەکی گەردوونی سەراپاگیرە و ئەفرێنەر و بەدیهێنەرەکەی بۆی داڕشتووە.

چەند مانگێك گوزەری كرد، بەرەوپێشچوون لە پەیوەندی من و پەروا رووی نەدا، تەنها سڵاوكردن و چەند جارێكیش پرسیاری هاوەڵە كچەكانی دەربارەی هەندێ لەوانەكان، هەڵبەت پەرواش لەگەڵ ئەوان.

بەر لە تاقیكردنەوەی كۆتایی داوایان كرد لە كتێبخانەی گشتی چەند بابەتێكی گرنگیان بۆ باس بكەم دەربارەی وانەی بیركاری و میكانیكی كلاسیكی.

بڕیارماندا لە چێشتخانەی زانكۆ ژەمی نیوەڕۆ بخۆین، زۆرم هەوڵدا دەعوەتی من بن، قبووڵیان نەكرد، هەرچەكە و سینییە خواردنی خۆی هێنا، لای من ژەمێكی بەتام بوو، كچەكان دەستیان بۆ بەردەم یەكتر درێژ دەكرد و هەندێ جاریش شتیان لە یەكتر دەفڕاند، بەڵام من و پەروا لە شەرمی یەكتر سەرمان بەسەر خواردنەكەدا نەوی كرد بوو.

دواتر چووین بۆ كتێبخانەی گشتی، باسی جۆری خۆردن و تام و چێژەكان هاتە بەرەوە، بە فرسەتم زانی پێشنیارێكیان بۆ بكەم، وتم: جارێك وەرن بۆ شارەكەی ئێمە، ئەو شارە ببینن، لەگەڵ خوشكەكانم دەتانبەم بۆ خواردنی كەباب.

هەموو دەعوەتەكەیان پێ باش بوو، پەروا هیچی نەوت، بەڵام رەدی نەكردەوە، یەكێك لە كچەكان وتی: ئێمە خۆمان داوەتە دەست ست پەروا، دەبێ ئەو بڕیار بدات.

پەروا بە کەمێ شەرمەوە وتی: دەبێ پرس بە خانەوادەکانمان بکەین، ئەگەر رازی بوون پێویستە ئۆتۆمبێلێکی ناسراو بە کرێ بگرین.

یەکێك لە کچەکان وتی: مامی من تەکسی هەیە، پێی دەڵێین بمانبات و ئێوارە بمانهێنێتەوە.

وتیان: ئەوە زۆرباشە، با پرسی خانەوادەکان بکەین بزانین رێگەمان دەدەن، ئەگەر رازی بوون دەیخەینە دوای تەواوبوونی تاقیکردنەوەکانی کۆتایی ساڵ.

بەڵێنی سەردانەکەی ئەوانم پێخۆش بوو، بۆئەوەی پەروا لەگەڵ خوشکەکانم یەکترناسین بکەن و لە نزیکەوە چاویان بە یەکتر بکەوێت.

نزیك بە دوو سەعات وانەکانم بۆ شیکردنەوە و پرسیارەکانم وەڵامدانەوە، دوای تەواوبوون خواحافیزیم لێ کردن، پەروا لە کۆتاییدا وتی: سوپاس، لەگەڵمان ماندوو بوویت.

کچەکانی تریش سوپاسیان کردم، یەکێکیان لەوان کراوەتر و راشکاوتر بوو، وتی: ست پەروا، پێموانییە کاك عیرفان زۆر ماندوو بووبێت.

پێکەنین کەوتە سەر روخساریان، بەڵام هەر زوو شاردیانەوە، منیش بە بزەیەکی تێکەڵ بە هەندێ تەریقبوونەوە قسەکەم بەڕێ کرد، ئەوانم بەجێهێڵا و گەڕامەوە بۆ بەشی ناوخۆیی.

تاقیکردنەوەی کۆتایی سالّمان تەواو بوو، بەر لە گەڕانەوە قوتابیان کەوتنە وێنەگرتن، ئێمەش کۆمەڵێك وێنەمان گرت، کۆپییەك لە وێنەکانم لەگەڵ خۆم بردەوە، بۆئەوەی پەروا نیشانی خوشکەکانم بدەم.

هەر ئەو رۆژە ئاگاداریان کردم، پاش دوو هەفتەی تر سەردانی شارەکەی ئێمە دەکەن، کات و شوێن و سەعاتمان دیاری کرد.

دوو هەفتە من چاوەڕوان بووم، چاوەڕوانی تێکەڵ بە تامەزرۆبوون، ئەو رۆژە هاتە بەرەوە، بۆ پێشوازییان دوان لە خوشکەکانم لەگەڵ خۆم برد، سەعات دەی بەیانی رۆژی چوارشەم بوو لە پارکی بەرینی شار پێشوازیان لێ کردن، مامی یەکێك لە کچەکان ئەوانی هێنا بوو، مەوعیدی لێ وەرگرتن سەعات پێنج بێنەوە هەمان شوێن، ئەو خواحافیزی کرد و رۆیشت.

نزیك بە کاتژمێرێك لەناو پارکەکە ماینەوە، دواتر بڕیارماندا بچین بۆ چەقی شار و ناو بازاڕ، من ئۆتۆمبێلەکەی بابم هێنا بوو، تەکسییەکم بۆ ئەوانیش گرت و رۆیشتین.

ئەوان هەرزوو لەگەڵ خوشکەکانم بوون بە ئاشنا، کۆمەڵێك شتی تایبەت بە خۆیان پێویست بوو، من تەنها رێنموونیم دەکردن و شوێنەکانم پێ نیشان دەدان، خۆیان لەگەڵ خوشکەکانم بازاڕ و دوکانیان دەکرد، لە بازاڕ سەردانی دوکانەکەی بابم پێ کردن، کچەکانم بە بابم ناساند،

دیاربوو خوشکەکانم باسی پەروایان بۆ دایکم کرد بوو، دایکم شتێکی لەو بارەوە بۆ باوکم باس کرد بوو، بۆیە کاتێ وتم: ئەمەش پەروا خانە، باوکم کەمێك لێی وردبوویەوە و بێدەنگ بوو، ئەوجا وتی: فەرموون دانیشن، کچی من.

تاوێك لە دوکانەکە دانیشتن، باوکم وتی: دەبێ نیوەڕۆ دەعوەتی من بن.

وتم: بابە گیان، ئەمەی لە باخەڵی منە، هی تۆیە، بۆیە هەموومان دەعوەتی تۆین.

باوکم وتی: باشە، دواتر حساب دەکەین.

کاتژمێر لە یەك لایدابوو، ئەوانم برد بۆ کەباب خواردن.

پێشتر کەبابخانەکەم ئاگادار کرد بوو، سفرە و خوانێکی تایبەتیان بۆ ئامادە کردین، سوپ و زەڵاتە و مقەبیلات و کەباب و تکەی گۆشت و تکەی مریشك و ماستاو، و نانی گەرم، من لە کەنارەوە دانیشتم و خوشکەکانم لای ئەوانەوە، بۆئەوەی کچەکان شەرم نەکەن و بە ئیسراحەتی خۆیان وەربگرن.

کامێرەمانێکم ئامادە کرد بوو، تاکو کۆمەڵێك وێنەی جوانمان بگرێت.

مینا پرسی: وێنەکانی ئەو رۆژگارەت هەڵگرتووە؟

چرا خان وەڵامیدایەوە و وتی: بەڵێ، هەموویانی پاراستووە، ئەو وێنانەی زۆر لا ئازیزە.

مینا وتی: یان ئەم پەروا ناوە ئافرەتێکە مردووە، یان پەروا چرا خانە! بۆیە بەم باس و بابەتانە تێکناچێ و باکێکی نییە.

چرا خان وتی: تۆ دەتەوێ گوێ لە چیرۆك و بەسەرهات بگری، یان بچییە بنج و بناوانی بابەتەکە؟!

مینا وتی: هەردووکیان.

منیش درێژەم دا بە باسی ژەمی نیوەڕۆ و کەبابخانەکە، وتم: خوشکەکانم وتیان لێرە چا ناخۆینەوە، دایکم سوێندنی لێ خواردین چایەکە ببەینەوە بۆ لای ئەو.

تەکسییەکم بۆ گرتن و یەکێك لە خوشکەکانم لەگەڵیان سوار بوو و یەکێك لە کچەکانیش لەگەڵ ئێمە، گەڕاینەوە بۆ ماڵەوە.

دایکم بە شێوازە جوان و شیرینەکەی خۆی پێشوازی لێ کردن، سەری هەموویانی ماچ کرد، پەروای لای خۆی دانا، چای سەماوەری ئامادە کرد بوو، خوشکەکانم چایان بۆ تێکردین و خواردمانەوە.

پاشان میوە دانرا و میوەمان خوارد، دایکم چوار هەدیەی بۆ چوار کچەکە ئامادە کرد بوو، قوماشی گرانبەهای جلی کوردی بوو، دیاربوو وتبووی بە خوشکەکانم ئەو هەدیانەی بۆ بکڕن.

کچەکان زۆر دڵخۆش بوون، خۆشی و شادی لە روخساری پەروا دەبینرا، خوشکەکانم پەروایان بە ماڵەکەدا گێڕا و ئاگام لێبوو هەندێ شتیان چرپاند بە گوێیدا، ئەویش پێکەنی، پێش سەعات پێنج خواحافیزییان لە دایکم و خوشکەکانم کرد، ئەوانم هێنایەوە بۆ پارکەکە، شۆفێرەکە هات و گەڕانەوە بۆ شارەکەی خۆیان.

بە پەرۆش بووم بزانم خوشکەکانم چییان چرپاند بە گوێی پەروادا، گەڕامەوە و لێم پرسین،

وتیان: پێمانوت دایکم و ئێمەش زۆر حەز دەکەین ببیت بە بووکمان، ئەویش پێکەنی و هیچی نەوت.

ساڵی سێیەمی زانکۆ هاتە بەرەوە، تامەزرۆبووم بۆ بینینی هەموو هاوەڵەکان، رۆژی یەکەمی زانکۆ رۆژێکی خۆش بوو، هەواڵی چەند مانگێك دابڕانمان لەگەڵ یەکتر ئاڵوگۆڕ کرد، وێنەی زۆرمان گرت، خەندە و سروری زۆر کەوتە سەر روخسارمان.

رۆیشتم بۆ لای پەروا و هاوەڵەکانی هەواڵی یەکتر و خانەوادەی یەکترمان پرسی، بەدرێژایی هاوین تەنها ترسێکی من ئەوە بوو پەروا داخوازیکاری هاتبێت و مێردی کردبێت، کاتێ بینیم لە پار ساڵ لەگەڵم کراوەتر بوو، روخۆشتر و میهرەبانتر بوو، دڵم خۆش بوو، ئەوەم وەك

نیشانەیە لێکدایەوە داخوازیکاری نەهاتبێت، بۆ ئەم ساڵ بڕیارم دابوو دڵی خۆم بۆ پەروا بکەمەوە و هەموو شتی لەگەڵ باس بکەم.

قۆناغی سێی کۆلێژمان سێ پۆل بوو، بۆ خوێندنی ئەم ساڵ قوتابییەکی نوێ هاتبووە پۆلەکەی ئێمە، ناوی ئارام بوو، کەسایەتی ئارام لەگەڵ ناوەکەی هەماهەنگ بوو، بە مانای ئارامی کەسێکی ئارام بوو، هەرکات دەمبینی دڵی رادەکێشام بۆ لای خۆی، هاوەڵی کۆڕ و کچی نەبوو، تەنهایی پێوە دیار بوو، بەشێکی ئەوە بوو یەکەمین ساڵی بوو لەم زانکۆیە، ئارام لە خۆیدا نوقم بوو، هیچ باکی بە دەوروبەر نەبوو، کەسێکی پاك و خاوێن و جوانپۆش بوو، زۆر جار بۆنی خۆشی لێوە هەست دەکرا، بەڵام هەموو ئەوانەی بۆ خۆی بوو، باکی نەبوو بە دەوروبەر، تێکەڵاوی بێسنوری بە ئافرەتان و دەوروبەر لا پەسەند نەبوو.

هەر لە رۆژەکانی سەرەتاوە من لە ئارام خۆم نزیك کردەوە، چونکە بەرانبەری هەستم بە هۆگری دەکرد، دەمزانی ئەویش هەمان هەستی هەیە بەرانبەر بە من، کاتێ سەرنجم دەخستە سەری خەندەیەکی شیرینی دەخستە سەر روخسار.

یەکترناسینمان کرد، خەڵکی دەرەوەی شار بوو، لە زانکۆیەکی ترەوە گواستبوویەوە بۆ زانکۆکەی ئێمە، کەم کەم پەیوەندییەکەمان گەشەی کرد، هەنگاوی زۆرترم هەڵگرت بۆ چوونە ناو دەریای دڵ و دەروونی

کچەکان زۆر دڵخۆش بوون، خۆشی و شادی لە روخساری پەروا دەبینرا، خوشکەکانم پەروایان بە ماڵەکەدا گێڕا و ئاگام لێبوو هەندێ شتیان چرپاند بە گوێیدا، ئەویش پێکەنی، پێش سەعات پێنج خواحافیزییان لە دایکم و خوشکەکانم کرد، ئەوانم هێنایەوە بۆ پارکەکە، شۆفێرەکە هات و گەڕانەوە بۆ شارەکەی خۆیان.

بە پەرۆش بووم بزانم خوشکەکانم چییان چرپاند بە گوێی پەروادا، گەڕامەوە و لێم پرسین،

وتیان: پێمانوت دایکم و ئێمەش زۆر حەز دەکەین ببیت بە بووکمان، ئەویش پێکەنی و هیچی نەوت.

ساڵی سێیەمی زانکۆ هاتە بەرەوە، تامەزرۆبووم بۆ بینینی هەموو هاوەڵەکان، رۆژی یەکەمی زانکۆ رۆژێکی خۆش بوو، هەواڵی چەند مانگێك دابڕانمان لەگەڵ یەکتر ئاڵوگۆڕ کرد، وێنەی زۆرمان گرت، خەندە و سروری زۆر کەوتە سەر روخسارمان.

رۆیشتم بۆ لای پەروا و هاوەڵەکانی هەواڵی یەکتر و خانەوادەی یەکترمان پرسی، بەدرێژایی هاوین تەنها ترسێکی من ئەوە بوو پەروا داخوازیکاری هاتبێت و مێردی کردبێت، کاتێ بینیم لە پار ساڵ لەگەڵم کراوەتر بوو، روخۆشتر و میهرەبانتر بوو، دڵم خۆش بوو، ئەوەم وەك

نیشانەیە لێکدایەوە داخوازیکاری نەهاتبێت، بۆ ئەم ساڵ بڕیارم دابوو دڵی خۆم بۆ پەروا بکەمەوە و هەموو شتی لەگەڵ باس بکەم.

قۆناغی سێی کۆلێژمان سێ پۆل بوو، بۆ خوێندنی ئەم ساڵ قوتابییەکی نوێ هاتبووە پۆلەکەی ئێمە، ناوی ئارام بوو، کەسایەتی ئارام لەگەڵ ناوەکەی هەماهەنگ بوو، بە مانای ئارامی کەسێکی ئارام بوو، هەرکات دەمبینی دڵی رادەکێشام بۆ لای خۆی، هاوەڵی کۆڕ و کچی نەبوو، تەنهایی پێوە دیار بوو، بەشێکی ئەوە بوو یەکەمین ساڵی بوو لەم زانکۆیە، ئارام لە خۆیدا نوقم بوو، هیچ باکی بە دەوروبەر نەبوو، کەسێکی پاك و خاوێن و جوانپۆش بوو، زۆر جار بۆنی خۆشی لێوە هەست دەکرا، بەڵام هەموو ئەوانەی بۆ خۆی بوو، باکی نەبوو بە دەوروبەر، تێکەڵاوی بێسنوری بە ئافرەتان و دەوروبەر لا پەسەند نەبوو.

هەر لە رۆژەکانی سەرەتاوە من لە ئارام خۆم نزیك کردەوە، چونکە بەرانبەری هەستم بە هۆگری دەکرد، دەمزانی ئەویش هەمان هەستی هەیە بەرانبەر بە من، کاتێ سەرنجم دەخستە سەری خەندەیەکی شیرینی دەخستە سەر روخسار.

یەکترناسینان کرد، خەڵکی دەرەوەی شار بوو، لە زانکۆیەکی ترەوە گواستبوویەوە بۆ زانکۆکەی ئێمە، کەم کەم پەیوەندییەکەمان گەشەی کرد، هەنگاوی زۆرترم هەڵگرت بۆ چوونە ناو دەریای دڵ و دەروونی

ئەو، راستە ئارام کەسێکی گەنج بوو، بەڵام لە ئەقڵ و ئەزموون و زانیاری دەتوت پیاوێکی بەتەمەنە، قسەی کەم بوو، وەلێ قسەکانی لەسەر دڵی مرۆڤ نەقش دەبوون.

دەمویست بزانم ئاراستەی بیری بەرەو کوێیە، زانیم کەسێکی پابەندە بە ئایینەوە، بەڵام مرۆڤێکی دەمارگیر نییە، ئیسلامی بە مەحەبەت وەرگرتووە، خۆشەویستی کاڵای باڵایەتی، ئەوەش حاڵیبووم رێگەی تەسەوفی گرتووەتەبەر، تەکانی زۆری بە خۆ داوە، رێگەیەکی دووری بڕیوە، تەمەنێکە لەو جیهانەدا دەژی.

وام هەست کرد بە بینینی ئارام و دۆستایەتی لەگەڵی، دەستم بە گەنجینەیەك گەیشتووە، من تامەزرۆی جیهانی مەعریفە بووم، بەتایبەت مەعریفەی عیرفان، کەم کەم دەستم بە هەڵکۆڵینی بیر و خولیای ئارام کرد، رۆژێك بەدەم پیاسەکردنەوە لێم پرسی: کاك ئارام، ئەم گشتە ئارامی و سوکناییەت لە کوێ هێناوە؟!

کەمێك بێدەنگی بە نێوانماندا گوزەری کرد، ئەوجا سەرنجێکی دام و وتی: خودا ئارامی و سوکناییان پێ ببەخشێت، مەرج ئەوەیە ناخ و دڵ و دەروون وەك دەرەوەمان ئارام و خامۆش بێت.

وتم: بۆ مەگەر دەکرێ دەرەوە خامۆش بێت و ناوەوە خامۆش نەبێت؟!

کەمێك وەستا و پاشان وتی: بەڵێ، زۆری دەوێ تا ناوەوە وەك دەرەوە خامۆش دەبێت و ئارامی و سوکنایی رووی لێ دەکات، دەرەوە و ناوەوە دوو جیهانی جیاوازن، بەڵام لەگەڵ یەکتر تێهەڵکێشن، دەرەوە ئاسان بێدەنگ دەکرێ، وەلێ ناوەوە زۆری دەوێ تا لە قسە دەکەوێت.

بە هەندێ سەرسامییەوە پرسیم: چۆن؟

وتی: دەرەوە و ناوەوە چەند دۆخ و بارێکیان هەیە: دەکرێ ناوەوە و دەرەوە هەردوو خامۆش و پڕ لە سوکنایی و ئارامی بن، دەکرێ هەردووکیان نائارام و جەنجاڵ و ئاڵۆز بن، دەکرێ دەرەوە خامۆش بێت و ناوەوە نائارام و جەنجاڵ، دەشکرێ دەرەوە سەرقاڵ و جەنجاڵ و ناوەوە ئارام و پڕ لە سوکنایی بێت، باڵاترین و باشترین دوان لەو چوارە ئەوەیە: یان ناوەوە و دەرەوە ئارام و خامۆش بن، یان دەرەوە جەنجاڵ و سەرقاڵ و ناوەوە خامۆش و ئارام بێت، من نالێم دەرەوە خامۆش و ئارام بێت کاریگەری نییە لەسەر خامۆش کردن و بەخشینی سوکنایی بە ناوەوە، بەڵام کاتی گەرەکە تا سوکنایی دەرەوە شۆڕ دەبێتەوە بۆ ناوەوە.

گەیشتە ئەو خاڵە بێدەنگ بوو و خامۆشی و سوکناییەك بە نێوانماندا گوزەری کرد، من هاتمە دەنگ و وتم: پرسیارەکەی من ئەمەیە: چۆن بگەین بە ئارامی و سوکنایی ناوەوە و دەرەوە؟

هەندێك لێم وردبوویەوە و دواتر کەوتەوە سەرنجدان لەبەر پێی خۆی، وتی: ئێمە دەمانەوێ ئارام بین، با لە جێگەیەك دابنیشین، وەڵامی پرسیارەکەت دەدەمەوە.

سەرەتا چووین دوو چامان لە حانووتەکە هێنا و لەسەر لێواری باخچە بچووکەکە دانیشتین، قومێکیدا لە چایەکە و دایناوە و وتی: بۆ ئەوەی بگەین بە سوکنایی دەبێت یەکەمجار مانای سوکنایی بزانین، سوکنایی و ئارامی بریتییە لە هەماهەنگی و تەبایی و گونجان لەگەڵ خۆ و دەرەوەی خۆ، مەبەستم بە دەرەوەی خۆ، مرۆڤ و ژیان و گەردوون و خودایە، هەرکات مرۆڤ لەگەڵ خۆ و دەرەوەی خۆ ئاشتبوویەوە، سوکنایی و ئارامی و سروور رووی لێ دەکات، هارمۆنیا تەنها لە مۆسیقا و هونەردا نییە، بەڵکو لە پەیوەندی مرۆڤیش بە خۆ و دەرەوەی خۆوە.

پرسیم: مانای هارمۆنیا چییە؟

وتی: وشەی هارمۆنیا وشەیەکی یۆنانی کۆنە، چەندین مانای هەیە، بەڵام مانای ریشەیی لە هەموو ماناکاندا بریتییە لە (گونجان و تەبایی)، لە فەلسەفەی یۆنانی کۆندا هارمۆنیا بریتییە لە گونجانی گەردوونی یان هاوسەنگی نێوان توخمەکانی بوون، ڤیساغۆرس و ئەفلاتوون و ئەفلۆتین پێیانوابوو گەردوون لەسەر هارمۆنیای ژمارەکان و دەنگەکان و توخمەکان دامەزراوە، دەیانوت هەرچی شتە لە ئەستێرەوە بۆ مرۆڤ،

نەغمەیەکی تایبەت بە خۆی هەیە، کاتێ ئەم نەغمانە لە گونجان و تەباییدا بن، گونجان و تەبایی گەردوونی بەرهەم دێت، هەموو گەردوون لە لایان مۆسیقایەکی بێدەنگ بوو، مرۆڤیش بەشێکە لەو سەمفۆنیا مەزنە، کاتێ ئالۆزی و هەژان روو لە دەروون دەکات، یان کاتێ مرۆڤ شوێنی ئارەزوو دەکەوێت، نەفسی خۆی لەو گونجان و تەباییە گەردوونییە دەردەکات، دەبێت بە دەنگێکی نەشازی ناوەکی و لە نیگەرانی و پەرێشانی و بزربوواندا خۆی نمایش دەکات.

لە مۆسیقادا هارمۆنیا واتە تەبایی و رێکی نێوان دەنگە ژەنراوەکان، بە جۆرێك بە شێوەیەکی جوان و کاریگەر بکەونە بەر گوێ، لە ئەفسانەی کۆنی یۆناندا هارمۆنیا خواوەندی گونجان و ئاشتی و تەبایی بوو، کچی خواوەند (ئەریس) بوو کە خواوەندی جەنگە، لە تەبایی و گونجانی گشتیدا بە شێوەیەکی مەجاز وشەکە بەکاردەهێنرێت بۆ مانای گونجان و تەبایی نێوان شتەکان و کەسەکان، وەك دەوترێت لە نێوان رەنگەکانی ئەم تابلۆ هارمۆنیا بوونی هەیە.

کاتێ ترپەی دڵی مرۆڤ لەگەڵ نەغمەی ژیان و گەردوون رێك و تەبایە، دەبێت بە بەشێك لە ژیان و گەردوون، ژیان و گەردوون ناڕێکی و دژیەکییان تێدا نییە، پڕن لە ئارامی، پڕن لە سوکنایی، قورئان دەفەرموێت: ﴿... مَّا تَرَىٰ فِي خَلْقِ ٱلرَّحْمَٰنِ مِن تَفَٰوُتٍۖ فَٱرْجِعِ ٱلْبَصَرَ هَلْ

تَرَىٰ مِن فُطُورٍ ﴿٣﴾ الملك-لە دروستکراوانی ڕەحماندا ناڕێکی بوونی نییە، جارێکی تر چاو بە گەردووندا بگێڕە و بزانە هیچ ناتەواوی و ناڕێکییەك دەبینی.

بوون بە ژیان و بوون بە گەردوون مرۆڤ لێوان لێو دەکات بە ئارامی و سوکنایی، ئەو کاتانەی نیگەرانی و نائارامی و شڵەژان و هەڵچوون روو لە مرۆڤ دەکەن، دەبێ بزانێت هۆیەکەی بریتییە لە ناڕێکی و ناتەبایی و دژیەکی نێوان ئەو و خۆی، و ئەو و ژیان، و ئەو و گەردوون.

لێرەدا بە پەرۆشەوە پرسیم: ڕاستەقینەی ئەو ڕێکی و تەبابوونە چییە؟ چۆن لەگەڵ خۆم و ژیان و گەردوون تەبا بم؟

ئارام قومێکی تری لە چایەکە گرت و وتی: ڕێکی و تەبایی و هەماهەنگی بریتییە لە مەحەبەت بۆ خۆ، و بۆ مرۆڤ و گیانداران و ڕووەك و ژیان و ژینگە، هەروەها مەحەبەت بۆ ئەم گەردوونە بەرینە.

وتم: کاك ئارام دەبێ پەلە نەکەی، لەسەر وشە بە وشەی ئەوانەی وتت پرسیارم هەیە، سەرەتا چۆن خۆم خۆشبوێت، ئایا خۆ خۆشویستن خۆپەرستی و ئەنانییەت نییە، چۆن ئەو دوانە لە یەکتر جیادەکرێنەوە؟

ئارامانە وتی: نا، خۆ خۆشویستن جیایە لە خۆپەرستی، خۆپەرستی ژەنگ و ژاری دەروونێکی لیخن و ناپاك و ژەنگاوییە، دەیەوێ هەرچی شتە-بە ڕەوا و بە ناڕەوا- لە خزمەتی ئەودا بێت و بۆ ئەو بێت، تەنانەت

جەستەی خۆ لە خزمەتی حەز و ئارەزووی خۆیدا بەکاربهێنێت، ئەو نایەوێ هیچ ببەخشێ، دەیەوێ هەموو شت وەربگرێت، وەلێ خۆشەویستی خۆ پێدانی مافی خۆیە، مرۆڤ وەك بوونەوەرێك پێویستی هەیە، پێویستی جەستەیی لە خۆراك و خواردنەوە و پۆشین، پێویستی عەقڵی لە مەعریفە و زانست، پێویستی دەروونی لە دروستکردنی خێزان و تێرکردنی سۆز و هەستەکان، مرۆڤ بتوانێ بە رێگەی دروست ئەم مافانە بۆ خۆی دابین بکات، ئەوکات لەگەڵ خۆ ئاشتبووەتەوە و خۆشەویستی بۆ خۆ هەیە.

پرسیم: (بە رێگەی دروست) واتە چۆن؟

وتی: ئایین و ئەقڵ و ئەزموون دروست و نادروستمان بۆ دیاری دەکەن، سەرجەم یاسا و رێساکانی کۆمەڵ لە ئایین و ئەقڵ و ئەزموونەوە وەرگیراون.

پرسیم: ئەی (رێکی و تەبایی لەگەڵ مرۆڤەکان) چ مانایەکی هەیە، ئایا هەر ئەوەندە بەسە لەگەڵیان نەجەنگین؟

وتی: رێکی و تەبایی لەگەڵ مرۆڤ، تەنها نەکردنی جەنگ نییە، ئەوەیە مرۆڤت خۆشبوێت، مافەکانیان پێشێل نەکەی، ئازاریان نەدەی، بتوانی خزمەتیان پێشکەش بکەی، سۆز و بەزەییت هەبێت بەرانبەریان، مەینەتی و ئازاریان کەم بکەیەوە، لەگەڵ خۆیان و ژیان و گەردوون ئاشتیان

بکەیەوە. ئەوجا بۆ ڕوون کردنەوەی ئەو قسانە پرسیارێکی ئاراستە کردم و وتی: پەیوەندی نێوان دوو گەڵا بە یەك دارەوە چییە و چۆنە؟

وتم: پەیوەندی زیندەگی و ژیانە.

وتی: گەڵاکان من و تۆ و خەڵکانی ترن، درەختەکە درەختی ژیانە، خاکەکە ئەم هەسارەی زەوییەیە ئێمەی لەسەر دەژین، هەموو بە پەیوەندی ژیان و زیندەگی پێکەوە گرێدراوین، لە یەکتر دابڕاو نین، ئازاری ئەوان بۆ ئێمەش ئازارە، ڕێکی و باشی ئەوان ڕێکی و باشی ئێمەیە، ئێمەی مرۆڤ بزانین و نەزانین کاریگەریان لەسەر یەکتر هەیە، کار و بیر و هەڵوێست و ئاکاری مرۆڤێك لەوپەڕی دنیا لەسەر من کاریگەری هەیە، چونکە هەموومان گەڵای یەك درەختی گەبەڵ و زەبەلاحین، دەرد و نەخۆشی گەڵایەك دەگوێزرێتەوە بۆ هەموو گەڵاکانی تر و دەبێتە خۆرە بۆ جەستەی درەختەکە.

پرسیم: ئەی بۆچی لە ئیسلامدا جەنگ و کوشتن ڕەوایەتی پێ دراوە، یان بۆچی تۆڵەکردنەوە ڕەوایە؟

پرسیارەکە لای ئارام قووڵ و ورد بوو، هەندێ بیری کردەوە، پاشان وتی: ئەگەر لقی درەختێك تووشی نەخۆشی بێت و هیچ دەرمان و چارەسەرێکی نەبێت، باخەوانەکە نایبڕێتەوە؟

وتم: با

وتی: جەنگ لە ئیسلامدا هەر بەو جۆرەیە و هەمان مانا دەگەیەنێت، کەسانێك دەبن بە دەرد و پەتا و خۆرە بۆ کۆمەڵگەی مرۆڤ، هەرچی رێگەی چاککردن و باشکردنە لەگەڵیان بەکار دەهێنرێت، ئەوان رۆژ لەدوای رۆژ خراپتر و خراپتر دەبن، دواجار دەبێ ئەمانە لە کۆمەڵگە دابەڕی، زیان و زەرەریان لە مرۆڤەکان دووربخەیەوە، جا یان بە بەند کردنیان، یان گەر یاخی بوو بە جەنگان لەگەڵیان، تۆڵەکردنەوەش هەر بەو جۆرەیە، کەسێك بە ناڕەوا کەسێك دەکوژێت دەبێ بکوژرێتەوە، مەگەر خاوەن خوێنەکە لێی ببورێت، تۆڵەکردنەوە وەك هەڵپاچینی درەخت وایە، سااڵنە باخەوان درەختەکان هەڵدەپاچێت، ئەگین بەرنادەن، لق و پۆپی زیاد دەبڕێت، ئەوەش خزمەت کردنە بە درەختەکە و لقەکانی تر.

گەیشتە ئەم خاڵە و وەستا، پێم باش بوو پرسیاری لێ بکەم: دەربارەی تەبایی و رێکی لەگەڵ ژیان و گەردوون؟

وتی: تەبایی و رێکی لەگەڵ ژیان و گەردوون پارێزگاری کردنە لە ژیان و ژینگەی زەوی، زەوی بریتییە لە ئاو و هەوا و خاك، پیس نەکردنی زەوی و ژینگەکەی، نەشێواندنی سروشت، دوورکەوتنەوە لە تیابردن و وێرانکردنی زیندەوەران و گیانداران و رووەك، ژینگەیان تێکنەدەین، وەك یەکێك لە ئەوان خۆت تەماشا بکەی، نابێ مرۆڤ بە

ناوی ئەوەی سەرداری ژیان و گەردوونە، ژیان و ژینگە وێران بکات، چاوچنۆکانە بەکاریان بهێنێت، مرۆڤ هاوڵاتییەکی گەردوونییە، شەوان تەماشای ئاسمان دەکات و رەهەندە گەردوونییەکەی خۆی دەبینێت، دەزانێت ئەم هەسارەی زەوییە گەردێکی بچووکی ناو ملیارەها گەردی ئەم گەردوونەیە، کۆمەڵەی خۆرەکەی یەکێکە لە ملیۆنان کۆمەڵەی خۆری ناو گەلەئەستێرەی رێگەی کاکێشان، گەلەئەستێرەکەمان یەکێکە لە هەزارەها گەلەئەستێرەی ئەم گەردوونە بەرینە، ئەوکات مرۆڤ تێدەگات ئەو لەناو ئەم گەردوونە بەرینە سەنتەر و سەردار نییە، تا بە ویستی خۆی بجوڵێ و بکوژێ و وێران بکات، گەر زەوییەکەمان گەردێك بێت لە بێشومار گەردی گەردوون، دەبێ مرۆڤ بۆ خۆی چی بێت لەسەر ئەم هەسارەیە؟!

وتم: کاك ئارام من مرۆڤێکم شتەکان زۆر ورد دەکەمەوە، دەمەوێ بپرسم: چۆن ئەو خۆشەویستییەم تێدا سەرهەڵبدات؟ چۆن بتوانم هارمۆنی لە نێوان خۆم و دەرەوەی خۆم پێکبهێنم؟ چۆن لە ژەنگ و ژاری دەروون و خۆپەرستی پاك ببمەوە؟

بواری من زۆرتر بوو بۆ خواردنەوەی چایەکە، چونکە زیاتر ئارام دەدوا، بۆیە پێش ئەو تەواوم کرد، دیار بوو ئەو دەیویست دواپین قوم لە چاکەی بگرێت، تەواوی کرد و کوپەکەی دانا، بە خەندەیەکی شیرینەوە

وتی: هارمۆنی و گونجان بوونی نەبوو لە خواردنەوەی چایەکەمان، من دواکەوتم و تۆ پێشکەوتی؟

بە کەمێ شۆخییەوە پرسیم: بۆچی هارمۆنیا ئەو شتە وردانە دەگرێتەوە؟!

بە هەندێ جدییەوە وتی: هارمۆنیا ورد و درشت، گەورە و بچووک دەگرێتەوە، بیربکەرەوە گەر وێنەکێش نەتوانی لە نێوان رەنگەکانی تابلۆکە هارمۆنی دروست بکات، سەرئەنجام تابلۆیەکی ناجوان دەکێشێت، ژیانیش تابلۆیەکی مەزنە، پەروەردگاری وێنەکێش بە جوانترین رەنگ نەخشاندوویەتی، من و تۆ لەناو ئەو تابلۆ مەزنەداین، بۆیە نابێت بە کەمترین جووڵەمان، بە هەستێکی ناباشمان، بە بیرێکی چەوتمان، دیمەنی جوان و دڵڕفێنی تابلۆکە بشێوێنین، بۆ تابلۆی مەزنی ژیان وا جوانبوو پێکەوە دەست بۆ کوپەکان ببەین، هەریەکەمان لە قومێك بین بگرین و پێکەوە کوپەکان دابنێین، هەر بەو جۆرە جاری دووەم و سێیەم، تا دوایین قوم. لێرەدا کردییە شۆخی و وتی: ئێستا هەستە با هارمۆنی بخەینە ناو بردنەوەی کوپەکان بۆ حانووتەکە.

کوپەکانمان دایەوە دەست حانووتەکە و گەڕاینەوە، وتی: ئێستا با هارمۆنی بخەینە نێوان هەنگاوەکانمان، پێکەوە وەك یەك کەس هەنگاو هەڵبگرین، بزانە چ ئاسوودەییەك لە ناخدا سەر هەڵدەدات، رێکی

جووڵەی جەستە، ڕێکی لە ناخ و بیردا دروست دەکات، بۆیە نابێت مرۆڤ پەلە هەنگاو هەڵبگرێت، ناشبێت خاو و خلیچك بەڕێوە بڕوات، دەبێ مامناوەند بێت لە هەنگاوەکان، ئامۆژگارییەکەی لوقمانی حەکیمت بۆ کوڕەکەی نەبیستووە، ئەوەی قورئان بۆمان دەگێڕێتەوە: (لوتبەرزانە ڕوو وەرمەچەرخێنە لە خەڵکی، بەسەر زەویدا خۆت با مەدە، خودا کەسی خۆبەزلزان و شانازیکەری خۆشناوێت، لە ڕۆیشتنت مامناوەند بە، با دەنگت نزم بێت، خراپترین دەنگ دەنگی گوێدرێژە)[1]. ئەم چوار ئامۆژگارییەی لوقمان باڵاترین هارمۆنیا دروست دەکات، هارمۆنیای مرۆڤ لەگەڵ مرۆڤەکان و دەوروبەر، نابێ لوتبەرزانە و خۆبەزلزانانە بە ناو خەڵکدا بڕوات، ناشبێت شڕ و شێواو و ناڕێك بچێتە ناو خەڵکەوە، نابێ دەنگی زۆر بەرز بێت، نابێ ئەوەندەش هێواش بێت کەس نەیبیستێ، هەموو ئەم جووڵانەی دەرەوە کاریگەرییان هەیە لەسەر دڵ و دەروون و ناخ و بیر، هارمۆنی لە شتە وردەکانەوە دەست پێ دەکات.

لێرەدا ویستم بە شۆخییەك ئارام بهێنمە پێکەنین، وتم: کاك ئارام، نازانم بۆچی حەز دەکەم لەگەڵ پەروا لە ئەوپەڕی هارمۆنیدا بم؟!

-.-

[1] ئاماژەیە بۆ ئایەتی: (وَلَا تُصَعِّرْ خَدَّكَ لِلنَّاسِ وَلَا تَمْشِ فِي الْأَرْضِ مَرَحًا إِنَّ اللَّهَ لَا يُحِبُّ كُلَّ مُخْتَالٍ فَخُورٍ ﴿١٨﴾ وَاقْصِدْ فِي مَشْيِكَ وَاغْضُضْ مِنْ صَوْتِكَ إِنَّ أَنْكَرَ الْأَصْوَاتِ لَصَوْتُ الْحَمِيرِ).

ئارام هەندێ پێکەنی، ئەوجا-هێشتا خەندەی بە لێوە مابوو- وتی: ئەوەیان هارمۆنییەکی سروشتییە، نێر و مێ بە سروشت حەز دەکەن لەگەڵ یەکتر رێك و تەبا بن، تاکو بتوانن پێکەوە بژین و ئەرکە مەزنەکە جێبەجێ بکەن، ئەوەش دروستکردنی خێزان و منداڵ و نەوەخستنەوەیە، گرنگ ئەوەیە ئەو کەسە بدۆزییەوە لەگەڵی لە ئەوپەڕی رێکی و تەباییدا بیت، ئایا هەست دەکەی پەروا ئەو کەسە بێت بۆ تۆ؟

وتم: لە ناخەوە خۆشمدەوێت، لە رەوشت و ئاکاریشی رازیم، ئەوەندەی بزانم سەر بە خێزانێکی باشە، بەڵام تا ئێستا نەگونجاوە لەو بارەیەوە قسە بکەین، تا بتوانین هەڵسەنگاندن بۆ یەکتر بکەین.

گەڕاینەوە و لە هەمان شوێن دانیشتینەوە.

ئارام وتی: ئەوەی ماوە و ئەنجامتان نەداوە، گرنگترین بەشی کارەکەیە، هەوڵبدەن قسە لەگەڵ یەکتر بکەن، لە یەکتر حاڵی بن، هەمیشە هەوڵبدە لەگەڵی تەبایی بپارێزی، بۆ خاڵی هاوبەش بگەڕێن، مەرج نییە لە هەموو شت وەك یەك بن، ئێوە دوو مرۆڤن، بە دوو پەروەردەی جیاواز و لە دوو خێزانی جیاوازەوە، بۆیە دەکرێ هەندێ خاڵی ناکۆك هەبن، گرنگ ئەوەیە خاڵە هاوبەشەکان زۆرتر بن، تەبایی و رێکی زۆرتر بێت، لە هەموو ئەوانەش گرنگتر ئەوەیە یەکترتان

خۆشبوێت، لە خۆشەویستیدا مرۆڤ فیداکاری دەنوێنێت، بۆیە خاڵە ناکۆکەکان وازلێدەهێنێت.

کۆتایی قسەکانی کەوتە سەر خۆشەویستی، بۆیە پرسیم: چۆن حەز و هەوەس لە خۆشەویستی جیابکەینەوە؟

ئارام ماوەیەك بێدەنگ بوو، پاشان سەیرێکی روخساری کردم، وتی: ئەو روخسارەی تۆ حەز و هەوەس هەڵناگرێ، تەنها خۆشەویستی لێ دەوەشێتەوە، خۆشەویستی ئارامی و سوکنایی لەگەڵە، حەز و هەوەس هوروژان و هەڵچوونی هاوملە، خۆشەویستی گرێ لە دڵدا دروست ناکات، حەز و هەوەس هەموو ناوەوە دەگۆڕێت بۆ گرێکوێرە، خۆشەویستی بەرائەتی لەگەڵە، حەز و هەوەس چەپەڵە، برسییە، چاوچنۆکە، خۆشەویستی ئافرەت وەك تابلۆیەکی قەشەنگی دەستی خودا تەماشا دەکات، حەز و هەوەس ئافرەت لە یەك شتدا کورتدەکاتەوە، جەستە.

لە ناو ئەو قسانەدا بووین، پەروا و هاوەڵەکانی بە پیاسە لە ئێمە نزیکبوونەوە، سڵاویان کرد، ویستیان بەردەوام بن لە رۆیشتن یەکێك لە کچەکان رووی لە من کرد و وتی: لەو کاتەوەی کاك ئارامت ناسیوە، زۆر کەست لە یاد کردووە!

کاك ئارام وەڵامی خێرای هەبوو، بە شۆخییەوە پێی وت: دوو ساڵە بۆ ئێوەیە، با ساتێکیش بۆ ئێمە بێت.

هەموو پێکەنین، پەروا ئاوڕیدایەوە و وتی: مرۆڤ دڵی مەزن بێت، ڕێز و خۆشەویستییەکەی بەشی هەموو کەس دەکات.

لە قسەکەی پەروا حاڵی بووم، بە فرسەتم زانی لەسەر قسەکەی شتێك بڵێم، قسەیەك کاریگەری قسەکانی ئارامی پێوە دەبینرا، وتم: دڵ تەنها ئەو پارچە گۆشتە نییە لای چەپی مرۆڤ دانراوە، گەردوونێکە بۆ خۆی، دەتوانێ بە ئەندازەی ئەم ژیان و گەردوونە خۆشەویستی بە دەوروبەر ببەخشێت.

کاتێ دەرگای گفتوگۆ کرایەوە، هەموو کچەکان یەك دوو هەنگاو بەرەو لای ئێمە گەڕانەوە، ئەوان بە پێوە، من و ئارام دانیشتبووین، یەکێکی تر لە کچەکان کە ناوی ئامێز بوو، وتی: مرۆڤ ئامادەیی خۆشویستنی تێدا دانراوە، دەبێ بزانێت بە کێی دەبەخشێت.

ئامێز کچێکی کەم قسە بوو، کاتێ دەدوا هەموان سەرنجیان دەدا، قسەکانی قوواڵ و مانادار بوون، بوێری پێوە دیار بوو، قسەکەی ئەو هەموومانی بێدەنگ کرد، بۆ چەند چرکەیەك هەموو خامۆش بووین، لەوانەیە هۆی ئەو خامۆشییە بۆ کاریگەری قسەکە بگەڕێتەوە، هەندێ کات بۆ نەگونجانی قسەکە لەگەڵ قسەکانی تر، لەوانەشە هۆی

خامۆشییەکە تازەیی و نوێبوونی قسەکە بێت، یان بۆ قوواڵی و وردی وتنەکە بگەڕێتەوە و پێویست بێت ساتێ بیری لێ بکەیەوە، بە بیستنی قسەکەی ئامێز هەریەك لە ئێمە لە ناوەوە بیرمان لەوە دەکردەوە ئایا خۆشەویستیمان بە کەسی شایستە بەخشیوە؟

من بێدەنگییەکەم شکاند و وتم: جەماعەت بۆ دانانیشن.

ئەوانیش بە ریز لەسەر دیواری پارکە بچووکەکە دانیشتن، ئارام وتی: بچین چاتان بۆ بهێنین؟

یەکێکی تر لە کچەکان کە ناوی نیگار بوو وتی: ئێمەش پێش ئێوە چامان خواردەوە، بینیمان هاتن بۆ حانووتەکە، ئێمە بەرانبەر بە حانووتەکە دانیشتبووین، بەڵام زۆر بە قوواڵی بە هەناوی قسەکاندا رۆچووبوون، ئاگاتان لە ئێمە نەبوو.

وەڵامی نیگارم دایەوە و وتم: کاك ئارام وەك موگناتیس مرۆڤ کێش دەکات، هەرکە کەوتییە ناو کایەکەی ئاگات لە دەوروبەر نامێنێت.

ئامێز سەرنجێکی قوواڵی ئارامی دا، پەرواش لە منی دەڕوانی، یەکێك لە کچەکان کە ناوی سیما بوو، بە قسەی خۆش بەناوبانگ بوو، بوێر و راشکاو بوو، ئەویش سەرنجی ئامێز و پەروای دەدا، بە شۆخییەوە رووی لە نیگار کرد و وتی: نیگار، وا هەست دەکەم من و تۆ لێرە زیاد بین.

قسەکەی زیاتر توانج بوو بۆ پەروا و ئامێز، بۆیە پەروا وتی: تۆ لێرە زیاد بیت، هەموومان زیادین، تۆ خوێی چێشتی مەجلیسی چاکانی.

ئامێزیش وتی: بە خوا سیما گیان، بەبێ تۆ ناچمە هیچ مەجلیسێ، بشچم لام چۆڵە و هەست بە غوربەت دەکەم.

سیما لێیکردنە شۆخی و وتی: ریابازن، چەند زمانتان لووسە، دەبێ چەندی وەك منتان بەم زمانە فریودابێت!

هەموو پێکەنین، بەڵام ئارام جگە لە خەندەیەکی لاواز پێکەنینی نەبوو، وتی: ئەو قسەی ئامێز جێگەی سەرنج بوو: (مرۆڤ ئامادەیی خۆشویستنی تێدا دانراوە، دەبێ بزانێت بە کێی دەبەخشێت)، ئەو قسە پێیان دەڵێت خۆشەویستی ئەمانەتە، دەبێ لای خەڵکی شایستە دابنرێت، گەر بدرێتە دەستی ناپاکان ئەمانەتەکە تیادەبەن.

پێم باش بوو پرسیارێك بکەم، وەڵامەکەی سوودی هەبێت بۆ هەموان، لە ئارامم پرسی: چۆن کەسی شایستە بناسین، چۆن ئەهلی ئەمانەتی خۆشەویستی بدۆزینەوە تا ئەمانەتەکەی لادابنێین؟

سیما بە عادەتی خۆی هەڵیدایە و بە توانجەوە وتی: کاك عیرفان، ناسینەوە و جیاکردنەوەی ئاسانە، بۆ نموونە باڵاپۆش بێت، سەرپۆشێکی سەوزی بەسەرەوە بێت.

ئەو لەو وەسفەدا مەبەستی پەروا بوو، بزەیەك کەوتە سەر روخساری هەموان، جگە لە پەروا، قسەکە کەمێك شەرم و تەریقبوونەوەی بۆ من و پەروا دروست کرد.

ئارام بۆ گۆڕینی فەزای قسەکە رووی لە من کرد و وتی: پرسیارەکەت بە قەدەر قسەکەی نیگار خان گرنگی خۆی هەیە، ئەو وتی دەبێ بزانێ خۆشەویستی بە کێ دەبەخشی، تۆش دەپرسی چۆن ئەهلی ئەمانەت بۆ پێدانی خۆشەویستی بناسینەوە؟

ئاگام لێبوو سیما لەژێر لێوەوە توانجێکی ئاراستەی قسەکانی من و ئارام کرد دەربارەی خۆشەویستی، لە ناوەوە پێکەنین دروست بوو، بەڵام شاردیانەوە و دەریان نەبڕی.

ئارام بەردەوام بوو لە قسەکردن و وتی: بەر لە خۆشەویستی، دڵ و دەروونی پاك پێویستە، خۆشەویستی لەناو دڵێکی پاك و بێگەردەوە سەرهەڵدەدات، ناخی پیس و لیخن، لێوانلێو بە رق و کینە، خۆشەویستی تێدا دروست نابێت، ئەگەریش تیایدا چەکەرە بکات دەگۆڕێت بۆ حەز و هەوەس، ناخی شێواو وەك زەوییەکە پڕ بێت لە ئافەت و رووەکی زیانبەخش، هەر تۆوێکی پێدا بچێنی سەوز نابێت، یان چەکەرە دەکات و بە ئافەت تیادەچێت، گرنگترین پرسیار ئەمەیە: ئایا ئێمە ناخی خۆمان پاکژ کردووە؟ ئایا خاڵین لە رق و کینە؟ خاڵین لە هەوا و هەوەس؟

هەرکات توانیمان خۆمان لە ئافەتی حەز و هەوا پاکژ بکەین، لە رق و کینە خاڵیبینەوە، جێگەی هەموو ئەوانە بە مەحەبەت دەگیرێتەوە، هەر کات مەحەبەت بوونی هەبوو، دەبێتە پێوەرێك بۆ ناسینەوەی ئەهلی مەحەبەت.

سیما بە دەنگێکی نزم و بە هەندێ شۆخییەوە وتی: خودایە پاکمان بکەیەوە، تا ئەهلی مەحەبەت بناسین، بەدوایدا دەنگی بەرزکردەوە و وتی: ئەرێ بە راست، چۆن پاك ببینەوە؟ ئەم قسەی دوایی سیما هەندێ جدییەتی لەگەڵ بوو.

ئارام وتی: کەم کەم هەنگاو هەڵدەگرین بەرەو دەریای حەقیقەت، خەریکە بیابانەکە دەبڕین و لە کەناراوەکان نزیك دەبینەوە.

سیما بە شۆخییەوە وتی: بە خنکانمان نەدەی باشە!

نیگار قسەیەکی خستە ناو قسەکان و وتی: ئەی ئەگەر گەیشتینە کەنار دەریا و کەشتی بۆ سەفەر بوونی نەبوو؟!

ئارام وتی: پەلە مەکەن، با هەنگاو بە هەنگاو بچینە ناو بابەتەکە، با بچینەوە سەر پرسیارەکەی سیما خان: چۆن پاك ببینەوە؟ سەرەتا دەبێ بزانین (پاکبوونەوە) مانای چییە؟ پاکبوونەوە خۆدارنینە لە سیفەت پەستەکانی مرۆڤ، پاکبوونەوە گۆڕینی پۆشاکێکی پیس و چڵکنە بە

پۆشاکێکی پاك و سپی، پاکبوونەوە خاڵیبوونەوەیە لە هەندێ خوخدەی خراپ و خۆ رازاندنەوە بە هەندێ ئاکاری باش و چاك.

ئامێز پرسی: ئەوانە چین؟ ئەو گۆڕانە چۆن سەرهەڵدەدات؟

ئارام وتی: هەر لە سەرەتاوە دەبێ بزانین تۆوی ئامادەیی بۆ ئەنجامدانی چاکە و خراپە لە مرۆڤدا دانراوە، واتە مرۆڤ ئامادەیی ئەوەی هەیە چاکە و خراپە ئەنجام بدات، فریشتە تەنها ئامادەیی ئەنجامدانی خێریان تێدایە، شەیتانەکان تەنها شەڕیان لێ دەوەشێتەوە، مرۆڤ لەو ناوەندەدایە، دەتوانێ هەردووکیان ئەنجام بدات، خودا لە قورئاندا سوێند بە نەفسێك دەخوات ئیلهامی شەڕ و خێری بۆ کراوە و دەفەرموێت: (سوێند بە نەفس و ئەو کەسەی دروستیکردووە و ڕێکیخستووە، و هێز و ئامادەیی خراپە و چاکەی تێدا داناوە[٢])، گەر پاکبوونەوەی ئەنجامدا بەرزدەبێتەوە بۆ خانەی فریشتەکان، گەر خۆی پشتگوێخست ڕووبەڕووی زیانۆمەندی دەبێتەوە و دادەبەزێت بۆ پەستترین خاڵ، بەدوای ئەو دوو ئایەتەدا لە سورەتی (الشمس) خودا دەفەرموێت: (ئەو کەسەی پاکژی و پاکبوونەوە ئەنجام بدات سەرفراز بووە، ئەو کەسەش خۆی پشتگوێ بخات و نەفسی پاکنەکاتەوە،

-.-

[٢] ئاماژەیە بۆ ئایەتی: ﴿وَنَفْسٍ وَمَا سَوَّىٰهَا ۝ فَأَلْهَمَهَا فُجُورَهَا وَتَقْوَىٰهَا ۝﴾ الشمس.

زیانۆمەند بووە[٣])، ئێستا دەچینە سەر کرۆکی بابەتەکە، چۆن پاکژی و پاکبوونەوە ئەنجام بدەین؟ وەڵامی ئەم پرسیارە هەڵدەگرین بۆ کاتێکی تر.

هەموان وتمان: هێشتا نیو سەعات کاتمان ماوە، پێیانخۆشە وەڵامی پرسیارەکە وەربگرین.

ئارام وتی: باشە.

سیما کردیە شۆخی و وتی: ئەگەر وەڵامەکەی نازانی و دەتەوێ بۆی بگەڕێی پاشان وەڵام بدەیەوە، ئاساییە، شەرمی ناوێ.

ئارام خەندەیەکی خستە سەر روخسار وەك ئەوەی قسەکەی سیمای نەبیستبێت، چونکە دەیزانی تەنها شۆخییە، وتی: مرۆڤ خاوەن سێ ئامادەیی یان سێ هێزە، ئامادەیی بۆ بەدەستهێنانی زانست و مەعریفەت، دەتوانی ناوی بنێی هێزی زانست، دووەمین ئامادەیی بریتییە لە حەز، حەزی خواردن و خواردنەوە، حەزی نێر و مێ بۆ یەکتر، حەزی مآڵ و سامان، حەزی کورسی و دەسەڵات، حەزی بەناوبانگبوون، هەموو ئەمانە بریتین لە حەز، ناوی دەنێین هێزی حەز، ئامادەیی سێیەم بریتییە لە تورەبوون و بەرگری، ناوی دەنێین هێزی تورەبوون، کەوابوو مرۆڤ دارای سێ هێزی سەرەکییە: (هێزی زانست، هێزی حەز، هێزی

-.-

[٣] ئاماژەیە بۆ ئایەتی: ﴿قَدْ أَفْلَحَ مَن زَكَّىٰهَا ۝٩ وَقَدْ خَابَ مَن دَسَّىٰهَا ۝١٠﴾ الشمس.

توڕەبوون)، هەرچی سیفەتی تری مرۆڤە-باش و خراپ- لەم سێ هێزەوە سەرهەڵدەدەن، یەکێکتان بپرسن: چۆن سیفەتی باش و خراپ لەم سێ هێزەوە سەرهەڵدەدەن؟

من پرسیم: چۆن؟

ئارام کەوتەوە قسە و وتی: با دانە دانەی ئە سێ هێزە یان ئەم سێ ئامادەییە دەست بۆ ببەین و باسیان بکەین: یەکەمیان ئامادەیی بەدەستهێنانی زانست و مەعریفەت، واتە هێزی زانست: ئەم هێزە لە مرۆڤدا لە یەکێك لەم سێ دۆخەدایە، بە زمانێکی تر لە یەکێك لەم سێ بارەدایە: باری زیادەڕەوی، یان باری کەمڕەوی، یاخود باری مامناوەند و میانەگیر، گەر زیادەڕەوی لە زانستدا بکرێت سیفەتی فێڵ و فریو و مەکر و حیلە لە مرۆڤدا سەرهەڵدەدات.

لێرەدا نیگار وتی: مەبەستت چییە بە زیادەڕەوی لە زانست، مەبەستت ئەوەیە زانستی زۆر بەدەست نەهێنین؟

دوای کەمێك خامۆشی ئارام وتی: پرسیارەکەت زۆر لە جێگەی خۆی بوو، لەوانەیە ناونانەکە ئەو تەمومژەی دروست کردبێت، لە راستیدا وشەی (زیادەڕەوی) تەنها ئاماژەیە بۆ دۆخێکی ناساز و ناباش و خراپی زانست، مەبەست پێی زیادی و زۆری زانست نییە، بۆیە هەر لە سەرەتاوە دەبێ بزانین مەبەست بە زیادەڕەوی لە زانست بەدەستهێنانی

زانستی زۆر نییە، خودا بۆ خۆی فەرمانی پێ کردووین بڵێین: (پەروەردگار، زانستم زیاد بکە[٤])، هەروەها فەرموویەتی: (لەسەرو هەر خاوەن زانستێکەوە، زاناترێك بوونی هەیە[٥])، کەوابوو هەتا بە زانستدا قووڵبینەوە لای خودا گەورەتر و گەورەتر تەماشا دەکرێین، خودا بۆ خۆی ئەوانەی زانستیان زۆرە بە (رۆچووان بە زانست)دا ناوی لێناون[٦]، گەواهی و شایەتی ئەهلی زانستی خستووەتە پاڵ گەواهی و شایەتی خۆی و فریشتەکان و دەفەرموێت: (خودا و فریشتەکان و خاوەن زانستان شایەتی دەدەن خودا تاك و تەنهایە[٧])، بەڵکو قورئان دەفەرموێت زانایان ئەو کەسانەن لە خودا دەترسن: (بەندە زاناکانی خودان ترس و لەرزیان لە خودایە[٨])، کەوابوو زۆری زانست ناپەسەند نییە، بەڵکو لای خودا کەسەکەی پێ بەرزدەبێتەوە.

-.-

[٤] ئاماژەیە بۆ ئایەتی: (... وَقُل رَّبِّ زِدْنِي عِلْمًا﴿١١٤﴾) طه.

[٥] ئاماژەیە بۆ ئایەتی: (... وَفَوْقَ كُلِّ ذِي عِلْمٍ عَلِيمٌ﴿٧٦﴾) یوسف.

[٦] ئاماژەیە بۆ ئایەتی: (... وَٱلرَّٰسِخُونَ فِي ٱلْعِلْمِ ...﴿٧﴾) آل عمران.

[٧] ئاماژەیە بۆ ئایەتی: (شَهِدَ ٱللَّهُ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ وَٱلْمَلَٰٓئِكَةُ وَأُوْلُواْ ٱلْعِلْمِ قَآئِمًۢا بِٱلْقِسْطِ ...﴿١٨﴾) آل عمران.

[٨] ئاماژەیە بۆ ئایەتی: (وَمِنَ ٱلنَّاسِ وَٱلدَّوَآبِّ وَٱلْأَنْعَٰمِ مُخْتَلِفٌ أَلْوَٰنُهُۥ كَذَٰلِكَ إِنَّمَا يَخْشَى ٱللَّهَ مِنْ عِبَادِهِ ٱلْعُلَمَٰٓؤُاْ إِنَّ ٱللَّهَ عَزِيزٌ غَفُورٌ ﴿٢٨﴾) فاطر.

نیگار پرسی: ئەگەر زیادەڕەوی لە زانست ئەوە نییە، ئەی چییە؟!

ئارام وتی: ئێستا باسی دەکەین، زیادەڕەوی لە زانست-کە دۆخێکی پەست و خراپی زانستە- چەند خاڵێك دەپرۆژنن و گەشەی پێ دەکەن، لەوانە:

یەکەم: ئیمانێکی راست و دروست بە پەروەردگار لە پشتی زانستەکەوە بوونی نەبێت، پەروەردگار سەرچاوەی زانستە، بۆیە لەسەر ئەهلی زانست پێویستە زانستەکەیان بە خوداوە پەیوەست بکەن.

من پرسیم: چۆن زانستەکەیان بە خوداوە پەیوەست بکەن؟

ئارام لە وەڵامدا وتی: هەوڵدەدەم بە خاڵی "ئەلیف و با" بیانڵێم:

ئەلیف: دان بەوەدا بنێن: زانست و ئامرازەکانی بەدەستهێنانی زانست لە خوداوەن، خودا چاوگەی زانستە، ئامرازەکانی بەدەستهێنانی زانستیش لە مرۆڤدا دانراون، بینین و بیستن و ژنەوتن، ئەم سێ ئامرازە سەرەکییە لە بەدەستهێنانی زانست بەرپرسیارێتی گەورەیان هەیە، دەبێ مرۆڤ بزانێ لە کوێدا بەکاریان دەهێنێ و چییان پێ کەسب دەکات، خودا لە قورئاندا دەفەرموێت: (شوێنپێی شتێك هەڵمەگرە زانستت پێی نییە، بیستن و بینین و ژنەوتن، هەموو ئەوانە بەرپرسیارن[٩]).

-.-

[٩] ئاماژەیە بۆ ئایەتی: (وَلَا تَقْفُ مَا لَيْسَ لَكَ بِهِۦ عِلْمٌ إِنَّ ٱلسَّمْعَ وَٱلْبَصَرَ وَٱلْفُؤَادَ كُلُّ أُوْلَٰٓئِكَ كَانَ عَنْهُ مَسْـُٔولًا ۝٣٦) الإسراء.

باء: مەرام و مەبەست لە بەدەستهێنانی زانست بۆ زانست نەبێت، زانست بۆ زانست، یان زانست بۆ بەناوبانگبوون، یان بۆ هەر مەرامێکی تری پەست، زانستەکە دەشێوێنێت، گەر زانستەکە شیر بێت، مەرامی راست و دروست هەوێنە بۆ شیرەکە تاکو بیگۆڕێت بۆ ماست.

لێرەدا ئامێز پرسی: مەرامی راست و دروست لە زانست چییە؟

ئارام وتی: وتمان خودا چاوگەی زانستە، هەر ئەویش ئامرازەکانی بەدەستهێنانی زانستی پێ بەخشیوین، بۆیە دەبێ مەرام و مەبەست لە زانست تەنها بۆ ئەو بێت، نیشانەکەشی ئەوەیە زانستەکە لە خزمەتی مرۆڤدا بەکاربهێنرێ، نەك بۆ مااڵوێرانی و کوشتن و تیابردنی مرۆڤ و ژیان.

ویستم بیرخستنەوەیە بخەمە بەردەم ئارام، وتم: پێشتر وتت زیادەڕەوی لە زانست چەند خااڵنێك دەیڕوێنن، خااڵی یەکەمت باس کرد؟

ئارام وتی: خااڵی دووەم زیادەڕەوی لە زانستدا ئەوەیە: زانستەکە قەدەغەکراو بێت و زیان و زەرەر بە مرۆڤ بگەیەنێت.

سیما پرسی: بۆچی زانستێك هەیە زیان و زەرەر بێت بۆ مرۆڤ؟

ئارام وتی: بەڵێ، بۆمبی ئەتۆمی و هایدرۆجینی، بۆمبی کیمیایی و بایەلۆجی، سیحر و جادوو.. هەموو ئەمانە لەسەر ئاستی مرۆڤایەتی زانستی قەدەغەکراون، دەتوانرێ سوود ببینرێت لە وزەی ئەتۆمی بۆ

مەرامی ئاشتیانە و خزمەت کردن بە مرۆڤ، بەڵام بەکارهێنانی بۆ دروستکردنی چەکی ئەتۆمی زانستێکی شەیتانییە.

پەروا وتی: بەڵام لەسەر ئاستی گەلان، بوونی چەکی ئەتۆمی پارێزگارییە لە ئاسایشی ئەو گەل و وڵاتە؟!

ئارام وتی: ئێمە وتمان لەسەر ئاستی مرۆڤایەتی، زانستێکی حەرامکراوە و کارێکی ناڕەوایە، بەڵام کاتێ دوژمنی گەلێك دەست بۆ ئەو چەکە دەبات و دەیکاتە هەڕەشەی تیابردنی گەلانی تر، ئەوانیش ڕەوایەتی بە کارەکەی خۆیان دەدەن و بە مافی خۆیانی دەزانن چەکی ئەتۆمی بەدەست بهێنن، واتە ڕەوایەتیدان بە کارەکەی خۆیان پەرچەکردارە، بەڵام بیربکەرەوە گەر هەموو مرۆڤایەتی یەك خێزان و یەك گەل و نەتەوە بن، ئایا بوونی ئەو چەکە تیابەرە ڕەوایەتی هەیە، بۆ کێی دروست بکەن؟ کێی پێ بکوژن؟ جنۆکە، بوونەوەرە گەردوونییەکان، نەوەك لەناکاو غەزوومان بکەن؟ مانایەك نییە بۆ دروستکردنی چەکی ئەتۆمی.

پەروا وتی: بەڵام هەتا مرۆڤ لەسەر ئەم هەسارە بوونی هەبێت جیاوازی بوونی هەیە، جیاوازی سەردەکێشێت بۆ ململانێ، ململانێ سەردەکێشێت بۆ بە یەکترداکێشان و جەنگ، بوونی جەنگ سەردەکێشێت بۆ پێشبڕکێ لە مەیدانی هێز و بەدەستهێنانی چەك، ئەم

راستیەیە شەڕە بەرد و قۆچەقانی ناو مێژووی کۆنی گۆڕی بۆ بۆمبی ئەتۆمی، ئەوە نییە خودا فەرمان بە موسڵمانان دەکات و دەفەرموێت: (هەرچی لە توانای ئێوەدایە بۆ ئامادەکردنی هێز دژ بە دوژمنان بەگەڕی بخەن[١٠]).

قسەکەی پەروا زۆر بەهێز بوو، هەستم کرد ئارامی خستە ناو بیرکردنەوە، کەمێك وەستا، ئەوجا وتی: بەڵێ ئەو راستییەی تۆ ئاماژەت پێ کرد رەوایەتی بە گەلان داوە بکەونە پێشبڕکێ لە مەیدانی هێز و چەك، بەڵام هێشتا تاوانباری یەکەم تاوانەکەی لە گەردنە، تاوانباری یەکەم لە دەستبردن بۆ بۆمبی ئەتۆمی و هایدرۆجینی ئەڵمانیای نازی و یەکێتی سۆڤییەت و ئەمریکایە، ئەوانن مرۆڤایەتیان خستە ناو پێشبڕکێی چەکی تیابەرەوە، گەلانی تر لە ترس و هەڕەشەی ئەوان کەوتنە بیرکردنەوە لە چەکی پێشکەوتوو و تیابەر، تاکو خۆیان لەوان بپارێزن، بۆیە خودا لە قورئاندا فەرمان بە پێغەمبەر و هاوەڵان دەکات: هەرچی لە توانادایە بیخەنەگەڕ بۆ بەدەستهێنانی هێز و چەك، چونکە دوژمنەکەیان لە رووی هێز و چەکەوە-بەپێی ئەو رۆژگارە- لەوان باڵاتر بوو، هێزی قورەیش لە کۆێ-لە رووی ژمارە و جۆری چەکەوە- هێزی سوپای مەدینە لە کوێ؟ هێزی عەرەبی نیمچە دوورگەی عەرەب لە کوێ و هێزی ئیمپراتۆرێتی

-.-

[١٠] ئاماژەیە بۆ ئایەتی: ﴿وَأَعِدُّواْ لَهُم مَّا ٱسْتَطَعْتُم مِّن قُوَّةٍ ...﴿٦٠﴾﴾ الأنفال.

فارس و رۆمان لە کوێ؟ بەهێزی دوژمن ڕەوایەتی دەدات بە گەلێك-بۆ پارێزگاری لە بوون و قەوارەی خۆی- بەدوای چەك و هێزدا بگەڕێت، تەنانەت بەشێك لە زانایانی ئیسلام لەسەر ئەوەن گەر دوژمن هێزی سیحر و جادووی بەکارهێنا دژ بە موسڵمانان، پێویستە هەندێ لە موسڵمانی بەهێز لە ئیماندا، فێر ببن چۆن سیحر و جادووی ئەوان پووچ دەکەنەوە.

لێرەدا هەستم کرد ئەم خاڵە تێر بووە، بۆیە بیرخستنەوەیەکی ترم بۆ ئارام خستەڕوو و وتم: خاڵی سێیەم؟

ئارام وتی: بە ڕاستی کاك عیرفان تۆ باشترین بیرخەرەوەی بۆ من، تۆ نەبیت ئاراستە و مەجرای باسەکەمان دەگۆڕێت، خاڵی سێیەم لە زیادەڕەوی لە زانستدا ئەوەیە زانستەکە ببێتە هۆی فریودان و فێڵکردن لە خەڵکی نەزان، لە ئەمڕۆدا زلهێزان زانستی ئابووری و سیاسەت بۆ فێڵ کردن لە گەلان بەکاردەهێنن، سەروەت و سامانی گەلان دەدزن، کانزا و نەوت و غازیان هەڵدەلووشن، ژێرخان و سەرخانی ئابووریان وێران دەکەن و دەڕوخێنن، هەموو ئەمانە بە زانستی ئابووری و پلان و پیلانی ئابووریناسان، ئەوجا بە زانستی سیاسەت-هەڵبەت ئەگەر وشەی زانست بۆ سیاسەت دروست بێت- دەسەڵاتی گەلان دەستەمۆ دەکەن، کێیان بوێت دایدەنێن، بەرژەوەندییان لەگەڵ هەر دەسەڵاتێك نەما

دەیڕوخێنن، ئەمە لەسەر ئاستی گەل و نەتەوەکانی جیهان، لەسەر ئاستی تاکیش هەر بەو جۆرەیە، نابێت زانست وەك هێزێك بۆ فێڵ و فریو و چەوساندنەوە بەکاربهێنرێت.

بەرلەوەی من بڵێم خاڵی چوارەم، سیما هەڵیدایە و وتی: خاڵی چوارەم. ئەوجا رووی لە من کرد و وتی: پێتوایە بەس تۆ دەزانی خاڵ بژمێری!

پێکەنین دروست بوو، ئارام وتی: خاڵی چوارەم، شاردنەوەی زانستەکە و بڵاوە پێ نەکردنی: لەم رۆژگارە شاردنەوەی زانست، بەتایبەت لە بواری چەك و تەکنەلۆژیا بووە بە خەسڵەتی گەلان و دەوڵەتان، دەوڵەتان بە ناوی ئاسایشی نەتەوەیی دەیان و سەدان جۆر زانستی وردی خۆیان دەشارنەوە و وەك چەکێك بۆ بەهێزکردنی خۆ و ململانێی نەیارەکانیان بەکاریان دەهێنن، بۆیە دانیشتوانی دارستانەکانی ئەمازۆن تیر و کەوان بەکاردەهێنن، ئەمریکای جیرانیان دەیەوێ غەزوی مەریخ بکات، زانست مۆڵکی هەموو مرۆڤایەتییە، راستە لە هەر گەل و نەتەوەیە دەستەیەك پێی تایبەتن، بەڵام مۆڵکی یەك گەل و نەتەوە نییە، بۆچی ئەوروپا بە بزاڤی کۆلۆنیالیزم هەرچی زانستی گەلانە کۆیان کردەوە، هەزاران کتێبی مەختووتەیان لە جیهانی ئیسلامی دزی، هەزارانیش لە هند و چین و یابان، سوودیان لە هەموو ئەم سەرچاوانە بینی، شۆڕشێکی زانستی مەزنیان بەرپا کرد، بەشێك لەو شۆڕشە زانستیە

خزمەتی کرد بە مرۆڤایەتی، لە کارەبا و ئامڕازەکانی گواستنەوە و پێشکەوتنی بواری پزیشکی و تەکنەلۆژیای جۆراوجۆر، گەلان و نەتەوەکانی تریش لەم شۆڕشەدا بەشدارن، زانست کەم کەم دەچێتە سەر یەك و کۆما دەبێ و گەشە دەکات، بۆیە هەموو مرۆڤایەتی تیایدا بەشدارن و مولکی هەموانە، ماوە یەك خاڵ ئاماژە پێ بدەم، ئەوەش: زیادەڕەوی لە زانست سیفەتی فێڵ و فریو دروست دەکات.

لێرەدا پێشی سیام دایەوە و پێم سەلماند ئاگاداری هەموو قسە و باسەکەی ئارامم، بۆیە وتم: ئەگەر جگە لەم چوار خاڵە، خاڵی تر نەماوە باسی باری کەمڕەوی زانستمان بۆ بکە.

ئارام وتی: وتمان زانست سێ باری هەیە: باری زیادەڕەوی، ئەمەمان باس کرد، باری کەمڕەوی و باری ماماوەند، باسی دوو بارەکەی تر هەڵدەگرین بۆ دوای محازەرەی چوارەم، پێموایە وانەی پێنجەم پۆلی ئێمە بۆشە و محازەرەی تێدا نییە.

کچەکان لە دەفتەرەکانیان تەماشای خشتەی وانەکانەکانیان کرد، وتیان: پێنجەم بۆشە.

ئارام وتی: کەوابوو باسەکە هەڵدەگرین بۆ ئەو کات.

هەموو هەستاین، بۆ وەرگرتنی وانەی چوارەم رۆیشتین بۆ هۆڵی محازەرە، سیما وتی: پەکو، سەرمان گێژ دەخوات، بێ قەزا بیت، بە قەدەر دوو محازەرە ماندووت کردین، هەرچەند پیاو حەق بڵێت خۆشیش بوو.

هەموو پێکەنین، بە تایبەت بە وتنی (پیاو حەق بڵێت).

وانەی پێنجەم بۆش بوو، هاتینە دەرەوە، پێشنیارم کرد بچین ژەمی نیوەڕۆ بخۆین، ئەوجا باسەکە درێژە پێ بدەین.

هەموو پێیان باش بوو، ژەمی نیوەڕۆمان لە چێشتخانەی زانکۆ خوارد، گەڕاینەوە بۆ شوێنەکەی یەکەمجار و هەندێکمان دانیشتین و یەك دوانێکیش بە پێوە.

ئارام وتی: گەیشتینە باری کەمڕەوی، کەمڕەوی بریتییە لە کەمی زانست، کەمی زانست سیفەتی نەزانی بەرهەم دەهێنێت، پێموایە پێویست بەوە نەکات باسی نەزانی درێژە پێ بدەین، باری میانەگیریش لە زانستدا سیفەتی حیکمەت و دانایی بەرهەم دەهێنێت، کەوابوو زیادەڕەوی لە زانستدا سیفەتی فێڵ و فریو، کەمڕەوی سیفەتی نەزانی، میانەڕەویش سیفەتی دانایی، بەرهەم دەهێنن.

پرسیم: زانیان زیادەڕەوی و کەمڕەویی چییە، ئەی میانەگیری لە زانستدا چییە و چۆنە؟

ئارام وتی: میانەگیری لە زانستدا بە پاکژبوون و پاکبوونەوە-لە زمانی عەرەبیدا وشەی تەزکییەی بۆ بەکاربراوە- بەرهەم دێت، دەبێ بپرسین: چۆن لە زانستدا پاکژبوونەوە و پاکبوونەوە ئەنجام بدەین؟

ئامێز پرسی: چۆن؟

ئارام وتی: چوار خاڵمان باس کرد دەبنە هۆی زیادەڕەوی لە زانستدا و سەرهەڵدانی فێڵ و فریو، ئەو چوار خاڵە نەرێیە بە ئەرێ بکرێن، واتە: یەکەم: بوونی ئیمانێکی راست و دروست لە پشتی زانستەوە، دووەم: زانستەکە قەدەغەکراو نەبێت، زیان و زەرەر بە مرۆڤایەتی نەگەیەنێت، سێیەم: ئەو زانستە نەبێتە هۆی فریودان و فێڵکردن لە خەڵکی نەزان، چوارەم: زانستەکە نەشارێتەوە، بەڵکو بڵاوەی پێ بکرێت، لەگەڵ ئەوەش زانستەکە تووشی خۆپەسەندی و خۆبەزلزانی نەکات.

لێرەدا ئارام وەستا و وتی: کاتێکی تر دوو هێزەکەی تری مرۆڤ-هێزی حەز و هێزی تورەیی- باس دەکەین، ئێستا کاتی محازەرەیە.

هەستاین و رووماں لە هۆڵی وانەکان کرد.

ئەو رۆژە تا رادەیەك شەکەت بووین، بۆیە لە کورتی بڕیمانەوە و ویستمان تەواوکردنی باسەکە بخەینە سبەینێ، سبەینێ دوای وانەی دووەم دوو بۆشمان هەبوو.

من و ئارام گەڕاینەوە بۆ بەشی ناوخۆیی، هەریەکەمان لە نهۆمێکی جیاواز بووین لەگەڵ چەند هاوژوورێك، پاش ئیسراحەت و خۆێندنی وانەکان، دەفتەرێکم هێنا و هەموو ئەوەی ئەو رۆژە لە نێوانمان باس کرا لە پرسیاری ئێمە و وەڵامی ئارام، نووسیمەوە، پاشان بردم بۆ لای ئارام و خۆێندییەوە، دەستخۆشی لێ کردم بۆ تێگەیشتنی ورد لە بابەتەکە و نووسینەوەی.

بۆ سبەینێ لە دوای وانەی دووەم لە کتێبخانەی گشتی دانیشتین، سیما کردییە شۆخی و وتی: نیگار، هەست ناکەی، ئێمە بەمانەوە گیرۆدە بووین؟!

نیگار کەمێك پێکەنی و وتی: ئەوانەی تامەزرۆی زانست و مەعریفەن دەبێ کۆڵنەدەر و پێداگر بن، دەستیش بە رووبانەوە بنێن، نەگەڕێنەوە و کۆڵنەدەن، ئەم کۆڕە مەعریفییە ئەوە دەهێنێت شەرم کردن وەلا بنێین.

وتم: دوێنێ باسی هێزی زانستمان کرد، ئەمڕۆ باسی هێزی حەز و هێزی تووڕەییمان بۆ بکە.

ئارام وتی: دوێنێ بە خێرایی دەربارەی هێزی حەز، جۆرەکانی حەزمان باس کرد، هێزی حەزیش سێ باری هەیە: زیادەڕەوی و کەمڕەوی و مامناوەند یان میانەگیر، هەریەك لەم سێ ئاستە سیفەتێك دروست دەکات، زیادەڕەوی لە حەز سیفەتی چڵێسی دروست دەکات،

چڵێسی لە خواردن، چڵێسی لە داوێن، چڵێسی و هەڵپە بۆ ماڵ و سامان، چڵێسی و چاوچنۆکی بۆ دەسەڵات، هەڵبەت هەڵپە و چاوچنۆکیش هەر چڵێسین، کەمرەوی لە حەز سیفەتی چەقبەستن دروست دەکات.

نیگار پرسی: سیفەتی چەقبەستن چییە؟

سیما لەژێر لێوەوە بە نیگاری وت: ئەی چەقبەستوو.

پێکەنینێکی شاراوە سەریهەڵدا.

ئارام وتی: چەقبەستن کزبوون و لاوازبوونی حەزەکانە تا رادەی خامۆشبوون و کوژانەوە، ئەوەش مرۆڤ لە جووڵە و گەڕان دەخات، کەسەکە دەبێتە پێشێلکار بۆ مافی خۆ.

بۆ ئەوەی ئارام بهێنمەوە سەر ئاراستەی باسەکە وتم: ئەی لە باری میانەگیریدا چی رووەدات؟

ئارام وتی: هەر کات پاکژبوونەوە و پاکبوونەوە لە حەزدا ئەنجامدرا دێتە باری میانەگیری و سیفەتی عیففەت و پاکێتی سەرهەڵدەدات.

ئامێز پرسی: چۆن هێزی حەز پاکژبوونەوە و پاکبوونەوەی تێدا ئەنجام دەدرێ تاکو بێتە باری میانەگیری؟

ئارام وتی: پرسیارێکی دروستە، خودا بۆ حیکمەتێك حەزەکانی لە مرۆڤدا داناوە، پێویستە مرۆڤ بۆ خودا و هێنانەدی ئەو حیکمەتە حەزەکان جێبەجێ بکات، بۆ نموونە حەزی خواردن و خواردنەوە،

حیکمەتەکەی مانەوەی جەستەی مرۆڤە بە زیندووی، مرۆڤ بۆ خودا بخوات و بخواتەوە تاکو ئەو حیکمەتەی خودا-کە مانەوەی جەستەیە بە زیندوویی- بێتەدی، لێرەوە حەزەکانی مرۆڤ باڵا دەبن، تەنها حەزێکی ئاژەڵی نین بۆ خواردن و لەوەڕان بەڵکو کۆمەڵێك حەزن تێکەڵن بە رۆح و هەستی پاك، بیربکەنەوە گەر مرۆڤ حەزی هاوسەرگیری نەبوایە، ئایا ئێستا لەم شوێنەدا ئێمە بوونمان هەبوو، ئایا رەچەڵەکی مرۆڤ قڕی نەدەکرد؟ ئەو حەزە بەم حیکمەتە باڵاوە گرێدراوە، لەگەڵ بوونی سوکنایی دڵ و دەروون بۆ هەردوو رەگەزەکە، گەر مرۆڤ حەزی ماڵ و سامانی نەبوایە، ئایا کار و کەسابەتی پێ ئەنجام دەدرا، منداڵەکانی پێ بەخێو دەکرا؟ ئەگەر حەزی کورسی و دەسەڵات نەبوایە، ئایا بەڕێوەبردن و سەرۆکاری و دەوڵەتداری بوونی دەبوو؟ ئەگەر حەزی بەدەستهێنانی زانست نەبوایە، ئایا ژیانی مرۆڤ گەشە و گۆڕانی بە خۆوە دەبینی؟

سیما وتی: بۆ وەڵامی هەموو ئەوانە، نەخێر.

وتم: ماوە باسی هێزی تورەییمان بۆ بکەی.

ئارام وتی: هێزی تورەیی وەك دوو هێزەکەی تر سێ باری هەیە: باری زیادەڕەوی، سیفەتی سەرکەشی دروست دەکات، باری کەمڕەوی سیفەتی ترسنۆکی دروست دەکات.

سیما ئاماژەیەکی بۆ پەروا کرد و لەژێر لێوەوە پێی وت: ئەی کەمرەوی ترسنۆك.

پەروا پێکەنینەکەی شاردەوە، ئارام بەردەوام بوو و وتی: باری میانەگیری لە توڕەبووندا سیفەتی ئازایەتی و نەبەردی و جوامێری دروست دەکات.

نیگار پرسی: چۆن هێزی توڕەیی بێتە باری میانەگیری؟

ئارام وتی: پێویستە وەك دوو هێزەکەی تر پاکژبوونەوە و پاکبوونەوەی تێدا ئەنجام بدرێت.

نیگار وتی: چۆن پاکژبوونەوە و پاکبوونەوەی تێدا ئەنجام بدرێت؟

ئارام وتی: حیکمەت لە بوونی ئەم هێزە بەرگریکردنە لە دین و پیرۆزییەکانی مرۆڤ، هەروەها بەرگری لە نەفس و گیان، و نەوە و ناموس، و ماڵ و سامان، و خاك و وڵات، هەرکات هێزی توڕەیی بۆ پارێزگاری لەمانە بەکارهێنرا لە باری میانەگیریدایە.

پەروا وتی: ئەمەی وتت نیشانەی میانەگیری هێزەکەیە، هۆی مامناوەندبوونی هێزەکە نییە، پرسیارەکەی نیگار دەربارەی ئەو هۆیەیە پاکبوونەوە لە توڕەییدا دروست دەکات.

ئارام وتی: قسەکەی پەروا خان زۆر ورد و دروستە، هەرکات توڕەیی کەوتە ژێر کۆنترۆڵی ئەقڵ، توڕەبوون دەکەوێتە ناو باری میانەگیرییەوە،

ئەقڵ بڕیار دەدات کەی و لە کوێ ئەو هێزە بەکاربهێنێت، هەرکات تووڕەبوون بەسەر ئەقڵدا زاڵ بوو، هێزەکە دەگۆڕێ بۆ هێزێکی وێرانکەر، یەکەم مەملەکەت وێرانی دەکات خودی خۆیەتی.

نیگار وتی: هێشتا وەڵامی پرسیارەکە ماویەتی، ئەوەش: چۆن تووڕەبوون بخەینە ژێر کۆنترۆڵی ئەقڵەوە؟

ئارام وتی: دەبێ ئەقڵ بەهێز بکەین، هێز و گەشەی ئەقڵ بە زانست و ئەزموونەوەیە، هەرکات زانست و ئەزموون زیادی کرد، ئەقڵ بەهێز دەبێت، ئەوکات وەك فەرماندەیەك بەسەر تووڕەبووندا فەرمان دەردەکات، تووڕەبوونیش وەك سەربازێك تەنها گوێڕایەڵی لەسەرە.

لێرەدا من وتم: کەوابوو پاکژبوونەوە و پاکبوونەوە لە هێزی زانست کاریگەری هەیە لەسەر پاکژی و پاکبوونەوە لە هێزی تووڕەبوون؟!

ئارام وتی: هەر سێ هێزەکە لەگەڵ یەکتر تێهەڵکێشن و کاریگەری ئەرێنی و نەرێنییان لەسەر یەکتر هەیە، گەر یەکێك لەو سێ هێزە بکەوێتە باری میانەگیری کاریگەری ئەرێنی دەبێت بۆ سەر دوو هێزەکەی تر، گەر یەکێکیان زیادەڕەوی یان کەمڕەوی رووی لێ کرد، کاریگەری نەرێنی دەبێت لەسەر دوانەکەی تر، گەر هەر سێکیان کەوتنە باری میانەگیری سیفەتێکی تر سەرهەڵدەدات، ئەوەش سیفەتی عەدل و ڕێکی و راستییە.

وتم: دەتوانی ڕۆشنکردنەوەی زیاتر بدەی لەسەر هێزی عەدل و ڕێکی و ڕاستی؟

ئارام: بەڵێ، کاتێ ئەو سێ هێزە دێنە باری میانەگیری و هیچ کامیان بەسەر ئەوانی تردا زاڵ نابێت، زیادبوونی ئەقڵ و زانست سۆز و بەزەیی ناسڕێتەوە، زاڵبوونی حەز مرۆڤ ناکات بە بەندەی تام و چێژ، زاڵبوونی تورەیی مرۆڤ ناگۆڕێ بۆ کەسێکی ملهوڕ و ستەمکار، لەم بارەدا هاوسەنگییەکی ناوەکی بۆ مرۆڤ دروست دەبێت، ئەو کات ئەقڵ دەبێ بە سەرکردە، و تورەیی دەبێت بە سەربازێکی گوێڕایەڵ بۆ ئەقڵ، و حەزیش دەبێت بە خزمەتکارێکی ملکەچ، لەم کاتەدا نەفس دەگاتە ئەوپەڕی کەماڵ و دەگۆڕێ بۆ نەفسی ئارام و دڵنیا، ئیمامی غەزالی دەڵێت: (عەدل و ڕێکی و ڕاستی هەموو ئاکار و ڕەوشتە بەرز و بڵندەکانی پێ ڕێکدەخرێت، ڕێکی و ڕاستی دنیا و دواڕۆژ بەم هێزەوەیە).

دوای وەستانێکی کەم ئارام وتی: ئێستا بۆ ئەمەی وتمان تاقیکردنەوەیەکی بچووکتان دەکەم، لە باری زیادەڕەوی لەم سێ هێزەدا سێ سیفەتی پەست و خراپ دروست دەبن، ئەو سێ سیفەتە کامانەن؟ تکایە ئەوانەتان لەبیرتان ماوە دوای بیست چرکە دەست هەڵبڕن.

هەموو دەستیان هەڵبڕی، ئارام وتی: سیما خان وەڵام بدەرەوە؟

سیما وتی: سیفەتی فێڵ و فریو لە باری زیادەڕەوی لە هێزی زانستدا، سیفەتی چڵێسی لە باری زیادەڕەوی لە هێزی حەزدا، سیفەتی سەرکەشی لە باری زیادەڕەوی لە هێزی تووڕەبووندا.

ئارام وتی: سی لە سی بۆ سیما خان، هەر سیفەتێکیان دە نمرەی لەسەرە.

سیما وتی: وا مەزانە تەنها قسەی شۆخی دەزانم، ورد گوێ دەگرم بۆ هەموو شت.

ئارام وتی: پرسیارێکی تر: لە باری کەمڕەوی لەو سێ هێزەدا سێ سیفەتی پەست و خراپ دروست دەبن، ئەو سێ سیفەتە کامانەن؟ دوای بیست چرکە دەست هەڵبڕن.

دوای بیست چرکە دەستمان هەڵبڕی، ئارام داوای لە ئامێز کرد وەڵام بداتەوە.

ئامێز وتی: لە باری کەمڕەوی لە هێزی زانست سیفەتی نەزانی سەرهەڵدەدات، لە باری کەمڕەوی لە هێزی حەز، سیفەتی چەقبەستن سەرهەڵدەدات، لە باری کەمڕەوی لە هێزی تووڕەبوون سیفەتی ترسنۆکی سەرهەڵدەدات.

ئارام وتی: سی لە سی بۆ ئامێز خان، پرسیاری سێیەم: لە باری میانەگیری لەو سێ هێزەدا سێ سیفەت سەر هەڵدەدەن، کامانەن؟ با نیگار خان پاش بیست چرکە وەڵام بداتەوە.

نیگار وتی: میانەگیری لە زانسدا حیکمەت و دانایی دروست دەکات، میانەگیری لە حەزدا عیففەت و پاکێتی دروست دەکات، میانەگیری لە توڕەبووندا ئازایەتی دروست دەکات.

ئارام: سی لە سی بۆ نیگار خان، کێ دەتوانێ لەسەر ئەم بابەتە پرسیارێك دروست بکات، سی نمرەی پێ بدرێت؟

وتم: من.

ئارام: فەرموو کاك عیرفان.

وتم: کاتێ هەر سێ هێزەکە هاتنە باری میانەگیری سیفەتی چوارەم سەرهەڵدەدات، ئەو سیفەتە کامەیە؟

ئارام وتی: پرسیارێکی گرنگ و دروستە، بۆ خۆت یەکێك هەڵبژێرە وەڵامت بداتەوە.

وتم: پەروا.

پەروا وتی: سیفەتی عەدل و ڕێکی و ڕاستییە.

ئارام وتی: سی نمرە بۆ پەروا خان.

پەروا وتی: منیش پرسیارێکم هەیە، رۆڵ و کاریگەری عیبادەتەکان چییە لەسەر پاکبوونەوەی دڵ و دەروون و هاتنە باری میانەگیری ئەو سێ هێزە؟

ئارام وتی: گەر پێتان باش بێت، وەڵامی پرسیارەکەی پەروا خان هەڵدەگرین بۆ دانیشتنێکی تر، پێمباشە چەند رۆژێك پشوو بە خۆمان بدەین، ئەوجا دانیشتنێکی تر بکەین

هەموومان پێشنیارەکەی ئارامان پێ باش بوو.

چەند رۆژێك بەسەر دانیشتنەکەمان تێپەڕی، لەو ماوەدا هەموو قسەکانم نووسییەوە.

رۆژێك بە ئارامم وت: دەمەوێ ئەمڕۆ وەك شێر قسە لەگەڵ پەروا بکەم، پێی بڵێم خۆشمدەوێ، دەمەوێ هاوسەرگیریت لەگەڵ بکەم.

ئارام وتی: ئادەی بتبینم، شێرە کوڕ.

وانەی چوارەمی ئەو رۆژە بۆش بوو، پێشنیارم بۆ پەروا کرد پیاسەیەك بکەین و هەندێ قسە هەیە بۆی بکەم.

پەروا رازی بوو.

بە پیاسە هەندێ لە کۆلێژەکە دوورکەوتینەوە، چەند جارێك دەمویست قسە بکەم، شەرم دایدەگرتم و زمانم هەڵنەدەهات، دوو جار پەروا پرسی: قسەیەکت هەیە بە منی بڵێی؟

لە کۆتاییدا وڕەم دایە بەر خۆ و وتم: بەڵێ قسەیەکم هەیە، بەس نازانم چۆن باسی بکەم.

پەروا وتی: بیڵێ، شەرم مەکە.

کە ئەوەی وت هێزم دایە بەر خۆم و وتم: پەروا خان، هەرچەند وتنی بۆ من گرانە، بەڵام دەبێ بیڵێم.

پەروا وتی: بیڵێ.

وتم: تۆ ئافرەتێکی زۆر باشی، خاوەن حەیا و شەرمی.

لێرەدا هەندێ وەستام، پەروا وتی: هەر ئەوەندە؟!

وتم: نا، زۆریش بەڕێزی.

وتی: ئێ؟

وتم: ئێمە لە تەمەنێکداین دەبێ بیر لە داهاتوو بکەینەوە.

وتی: بۆچی؟

وتم: چووزانم، بۆ ژیان.

وتی: چ ژیانێك؟

وتم: بڵێم چی؟ مرۆڤ دواجار هەر دەبێ ژیان پێکەوەبنێ و هاوسەرگیری بکات.

وتی: لەگەڵ کێ؟

وتم: لەگەڵ کەسێك خۆشیبوێت.

وتی: تۆ کەسێکت دیاری کردووە خۆشتبوێ، تا من پێی بڵێم کاك عیرفان تۆی خۆشدەوێ؟

وتم: بەڵێ، کەسێکم لە خەیاڵ گرتووە.

وتی: ئەی ئەو دەزانێ تۆ خۆشتدەوێ؟

وتم: نازانم، تۆم بۆ ئەوە بانگ کردووە قسەت لەگەڵ بکەم.

پەروا گەمەی بە هەستم دەکرد و بابەتەکەی لە خۆی دوور دەخستەوە، وتی: جا بۆ منت بانگ کردووە، ئەوت بانگکردبا و قسەت لەگەڵ کردبایە، چ عەیبێکی تێدایە؟!

هەرکە وتی: چ عەیبێکی تێدایە، وڕەم دایە بەر خۆ و وتم: پەروا خان..

وتی: بەڵێ

وتم: پەروا خان من..

زمانم گۆی نەکرد، پەروا وتی: تۆ چی؟

تەکانم دایەوە بەر خۆم و وتم: من.. من.. تۆم خۆشدەوێت.

سوپاس بۆ خودا بە وتنی ئەو قسە چیایەك لە قورسایی لە شانم بەربوویەوە، چی دەبێت با ببێت، رزگارم بوو، ئاسوودە بووم، تەنانەت گەر وەڵامەکەی پەرواش نەخێر بێت.

پەروا وەستانێکی بۆ کرد، هەندێ تەماشای روخساری کردم، ڕەنگم سوور هەڵگەڕا بوو، وام بیردەکردەوە ئێستا زلەیەك لە بناگوێم دەدات،

لێم وردبوویەوە، چاوی بڕیبە چاوەکانم، ئەوجا چاوی پڕ بوو لە فرمێسك و وتی: گەمژەی نەزان، یەك ساڵە چاوەڕوانی ئەو قسەی تۆم.

ئەوەی وت و دەستی بە گریان کرد، منیش لەگەڵی گریام، وتم: شەرمم دەکرد، ترسم هەبوو، دەترسام بڵێی نەخێر، نەمدەویست خۆم بێهیوا بکەم.

پەروا فرمێسکەکانی سڕی و وتی: یانی ئەو هەموو سوتانەی منت نەدەبینی؟!

وتم: لەبەرچاوم زۆر مەزن و شکۆداری، نەمدەوێرا هیچ بڵێم.

پەروا هەندێکی تر فرمێسکی هەڵوەراند، وتی: ئەو فرمێسکانە فرمێسکی خۆشین، ئەمڕۆ خۆشترین رۆژی ژیانمە، ئەو کەسەی بە دڵ خۆشم دەوێت، پێی وتم خۆشمدەوێی.

لە خۆشیدا نەماندەزانی بگرین یان پێبکەنین، گریان و پێکەنین ئاوێزانی یەکتر بووبوون، کاتێ هۆشمان کردەوە دمرسێکمان فەوتا بوو، گەڕاینەوە بۆ لای هاوەڵەکان.

سیما لە دوورەوە کەوتە گاڵتە پێ کردن، وتی: دەڵێن لەناو بەهەشت لە دیمەنێك رادەمێنی، کاتێ هۆش دەکەیەوە هەزار ساڵ تێپەڕیوە!

کچەکان پێکەنین، من و پەروا تەنها خەندەمان خستە سەر لێوان، پەروا خۆی لە گێلی دا و وتی: بۆچی چی بووە؟

سیما وتی: هیچ نەبووە، تەنها لە وانەی بیرکاری بە غائیب نوسران، بەڵام گرفت نییە کاك عیرفان لە بیرکاری زیرەکە وانەکەت پێ دەڵێتەوە.

نیگار رووی لە سیما کرد و وتی: ئیتر بەسە، وازیان لێ بهێنە، لێیان مەکە بە مەرگەموووش.

سیما وتی: جا من حەقم چییە. رووی لە ئێمە کرد و وتی: کاکە بەخێربێنەوە، خێر و بەرەکەتتان لەگەڵ خۆتان هێنا بێت.

من زوو خۆم رزگار کرد و داوای مۆڵەتم لێ کردن و وتم: دەمەوێ کاك ئارام ببینمەوە.

رۆیشتم ئارامم بینییەوە هەواڵەکەم پێ راگەیاند، زۆری پێخۆش بوو، پیرۆزبایی لێ کردم.

ماوەیەك بوو مینا بێدەنگ بوو، لەم شوێنەدا خۆی پێ نەگیرا و هاتە دەنگ و وتی: سوێند بە خودا، پەروا بریتییە لە چرا خان، ئەگینا ئەوەندە رۆمانسیانە ناتوانی لە بەردەمی باسی پەروا بکەی.

من و چرا خانی هاوسەرم بە دەمیەوە پێکەنین و هیچمان نەوت، بەردەوام بووم لە باسەکە و وتم: دوو رۆژ دوای ئەوە هەموو بڕیارماندا دوای تەواوبوونی دەوام و خواردنی ژەمی نیوەڕۆ، لە کتێبخانە دابنیشین، کاك ئارام باسەکەمان بۆ تەواو بکات.

لە دانیشتنی ئەم جارە قوتابییەك بە ناوی مورادە بەشداری دانیشتنەکە بوو، ئێمە (مورادە)مان ناو نابوو فریشتەی مزگەوت، هەر کاتێکی زیادەی هەبوایە رووی لە مزگەوتی زانکۆ دەکرد و خەریکی پێداچوونەوەی قورئان بوو، ئەو هەموو قورئانی لەبەر بوو، لە کۆلێژی ئاداب بەشی زمانی عەرەبی وەرگیرابوو، هەروەك ئێمە لە قۆناغی سێدا بوو، مورادە مورادی خودا بوو، مرۆڤ دەیبینی خودا و دواڕۆژی بیردەهاتەوە، خەڵکی دەرەوەی شار بوو، لەگەڵ نیگار خزمایەتی و ناسراوییان هەبوو، دیار بوو نیگار باسی دانیشتنەکەی بۆ کرد بوو، ئەویش پێیخۆش بوو یەکترناسین لەگەڵ ئێمە بکات و بەشداری دانیشتنەکە بێت.

دوای یەکتر ناسین لەگەڵ مورادە و بەخێرهاتنی، من وتم: دانیشتنی پێشوو لە پرسیارەکەی پەروادا وەستاین: رۆڵ و کاریگەری عیبادەتەکان لەسەر پاکبوونەوەی دڵ و دەروون و هاتنە باری میانەگیری ئەو سێ هێزە؟

سیما وتی: چەند جوان پرسیارەکەی پەروات لەبەرکردووە، وەك خۆی بێ کەم و زیاد!

لەبەر ئەوەی مورادە یەکەم بەشداربوونی بوو لەگەڵمان و هێشتا لەگەڵ یەکتر شەرمان نەشکا بوو، دەمانویست پێنەکەنین، هەر چۆن بوو بە پێکەنینێکی شاراوە قسەکەمان بەڕێ کرد.

ئارام وتی: بەشداری کاك موراد دانیشتەکەمانی ئارامتر و بۆنخۆشتر کردووە، ئێمە خۆشحاڵین بە ناسین و هاتنت. دوای کەمێك وەستان کەوتەوە قسەکردن و وتی: لەبەر گرنگی عیبادەتەکان کەسانێك پێیانوایە پاکژبوونەوە و پاکبوونەوە تەنها لە رێگەی عیبادەتەکانەوە ئەنجام دەدرێت، لە راستیدا بینش و جیهانبینی مرۆڤ، و بیروباوەڕ، و عیبادەت، و یادی خودا، و کاروکردەوە، و قسە و گوفتاری مرۆڤ، هەموو ئەمانە رۆڵ و کاریگەری گەورەیان هەیە لەسەر پاکبوونەوە.

لێرەدا ئامێز وتی: وشەی (پاکبوونەوە) ئەوە دەگەیەنێت مرۆڤ پیس بێت و بیەوێت چڵك و چەپەڵی لە خۆی بکاتەوە، ئایا مرۆڤ پیسە؟

ئارام وتی: دەبوا هەر لە سەرەتاوە وەڵامی ئەم پرسیارەی تۆم باسکردبا، بەڵام دیارە جێگەکەی ئێرەیە، لە زمانی کوردیدا وشەی پاکژی و پاکبوونەوە بۆ وشەی (تزکیة)ی زمانی عەرەبی دانراوە، (تزکیة) زاراوەیەکی قورئانییە، لە قورئاندا بە شێوەی کردار، واتە بە فیعل هاتووە، وەك (زکّی) و (تزکّی) و (یزکّی) گەر بمانەوێ لەسەر بنچینەی رەگی وشەکە بۆ هەموو داتاشراوەکانی لە قورئاندا بگەڕێین و باسیان بکەین، باسەکەمان درێژە دەکێشێت، من تەنها باسی تەزکییە دەکەم بە مانای پاکبوونەوە، ئەم کۆمەڵە ئایەتەی سورەتی (الشمس) ئاماژەی بۆ دەکەن: (سوێند بە نەفس و ئەو کەسەی دروستی کردووە و رێکیخستووە، نەفسێك ئیلهامی خراپە و چاکەی بۆ کراوە، ئەو کەسەی نەفس پاك

بکاتەوە و پاکژی ئەنجام بدات، سەرفراز بووە، ئەو کەسەش خۆی پشتگوێ بخات و نەفسی پاك نەکاتەوە، زیانۆمەند بووە)[11]، وشەی تەزکییە لە زمانی عەرەبی چەند مانایەکی هەیە:

یەکەم: (التَّطْهیر-پاککردنەوە).

دووەم: (النَّماء والزِّیادَة-گەشەکردن و زیادبوون).

سێیەم: (المَدْح والثَّناء-پیاهەڵدان و مەدح و سەنا).

تەزکییەی نەفس مانای یەکەم و دووەم لەخۆ دەگرێت، مانای یەکەم کە پاککردنەوەیە، بریتییە لە پاککردنەوەی نەفس لە سیفەتە پەست و نزمەکان، لە رق و کینە و حەسادەت و حەزبازی و فێڵ و فریو، هتد.. مانای دووەمیش گەشەسەندن و زیادبوونی سیفەتە باش و چاکەکانە لە مرۆڤدا، لە راستگۆیی و دڵسۆزی و عیففەت و خۆشەویستی، هتد..

وتم: ئەی چی دەربارەی خاڵی سێیەم؟

ئارام وتی: خاڵی سێیەم تەزکییەکردنی نەفسە تەنها بە دەم و زمان، بەبێ بوونی حەقیقەتی تەزکییە، واتە مەدح و سەناکردنی خۆیە، تەنها بانگەشە و خۆهەڵکێشانە، بۆیە سیفەتێکی نەرێنییە و قورئان نەهی لێ دەکات و دەفەرموێت: (بە دەم و زمان تەزکییەی نەفسی خۆتان مەکەن،

-.-

[11] ئاماژەیە بۆ ئەم کۆمەڵە ئایەتە: ﴿وَنَفْسٍ وَمَا سَوَّىٰهَا ۝٧ فَأَلْهَمَهَا فُجُورَهَا وَتَقْوَىٰهَا ۝٨ قَدْ أَفْلَحَ مَن زَكَّىٰهَا ۝٩ وَقَدْ خَابَ مَن دَسَّىٰهَا ۝١٠﴾ الشمس.

خودا زاناترە بەوانەی تەقوادارن)[١٢]، مرۆڤ-وەك مرۆڤ- پیس نییە، ئەو سیفەت و ئاکارانە پیسن لە دنیا و دواڕۆژ زیان بە خۆی و خەڵك دەگەیەنن، خودا دەیەوێ مرۆڤ لەو سیفەتانە رزگار بکات، کاتێ مرۆڤ بە خزمەتی مەلیك دەگات پاك و بێگەرد بێت.

نیگار وتی: بچینەوە سەر بابەتە سەرەکییەکە، کاریگەری زکر و عیبادەت لەسەر پاکبوونەوە.

ئارام وتی: دەست خۆش نیگار خان، بگەڕێینەوە سەر بابەتە سەرەکییەکە، هەموو عیبادەتەکان لە نوێژ و زەکات و ڕۆژوو و حەج و خوێندنەوەی قورئان و زیکر و فیکر و کاری چاکە، بۆ دوو مەرامن، یەکەم: مافی خودان بەسەر مرۆڤەوە و پێویستە جێبەجێیان بکەن، خودا دەفەرموێت: (جنۆکە و مرۆڤم بۆ عیبادەت کردنی خۆم دروستکردووە[١٣])، دووەم: بۆ پاکبوونەوەی مرۆڤن لە سیفەتە پەست و نزمەکان و گەشەپێدانی سیفەتە بەرز و بڵندەکان، عیبادەت مافی خودایە لەسەر بەندەکان، لەگەڵ ئەوەش خودا موحتاج نییە بە بەندایەتی و عیبادەتی بەندەکان، بەڵکو خێر و کاریگەری عیبادەت بۆ خۆیان دەگەڕێتەوە، لە دنیا لە سیفەتە پەستەکان پاك دەبنەوە و خۆیان بە سیفەتە باڵاکان دەڕازێننەوە، ئەمەش ئارامی و بەختەوەریان پێ دەبەخشێت، لە

-.-

[١٢] ئاماژەیە بۆ ئایەتی: ﴿... فَلَا تُزَكُّوٓاْ أَنفُسَكُمۡۖ هُوَ أَعۡلَمُ بِمَنِ ٱتَّقَىٰٓ ۝٣٢﴾ النجم.

[١٣] ئاماژەیە بۆ ئایەتی: ﴿وَمَا خَلَقۡتُ ٱلۡجِنَّ وَٱلۡإِنسَ إِلَّا لِيَعۡبُدُونِ ۝٥٦﴾ الذاريات.

دواڕۆژیش بە پاکی بە خزمەت پەروەردگار دەگەنەوە و شایستە دەبن بەوەی لە بەهەشتی بەرین جیرانی خودا بن، خودا لە قورئاندا باس لە حیکمەتی نوێژ دەکات و دەفەرموێت: (نوێژ نەهی دەکات لە هەرچی کاری خراپەیە بە گەورە و بچووکییەوە[١٤])، زەکات مانای پاکبوونەوەی تێدایە، ڕۆژوو ترس و خۆپارێزی بەرهەم دەهێنێت[١٥]، حەج پاکبوونەوەیە وەك ئەو ڕۆژەی لە دایك بووە، وەك لە فەرموودەدا هاتووە[١٦]، مەزنترین پایەکانی ئیسلام بریتییە لە نوێژ، لەگەڵ ئەوەش خودا لە قورئاندا بەدوای نوێژدا دەفەرموێت: زیکر و یادی خودا گەورەتر و مەزنترە[١٧]، واتە کاریگەری زیکر و یادی خودا مەزنتر و گەورەترە، ئەگینا نوێژ مەزنترین فەرزێکە لەدوای شایەتمان، نوێژ بۆ

-.-

[١٤] ئاماژەیە بۆ ئایەتی: (... إِنَّ ٱلصَّلَوٰةَ تَنْهَىٰ عَنِ ٱلْفَحْشَآءِ وَٱلْمُنكَرِ ۗ ...﴿٤٥﴾) العنكبوت.

[١٥] ئاماژەیە بۆ ئایەتی: (يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ كُتِبَ عَلَيْكُمُ ٱلصِّيَامُ كَمَا كُتِبَ عَلَى ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِكُمْ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ﴿١٨٣﴾) البقرة.

[١٦] ئاماژەیە بۆ فەرموودەی: (من حج فلم يرفث ولم يفسق رجع كيوم ولدته أمه) رواه البخاری ومسلم.

[١٧] ئاماژەیە بۆ ئایەتی: (... وَأَقِمِ ٱلصَّلَوٰةَ ۖ إِنَّ ٱلصَّلَوٰةَ تَنْهَىٰ عَنِ ٱلْفَحْشَآءِ وَٱلْمُنكَرِ ۗ وَلَذِكْرُ ٱللَّهِ أَكْبَرُ ۗ ...﴿٤٥﴾) العنكبوت.

خۆی مەزنترین زیکری خودایە[١٨]، هەر بەو جۆرە هەموو عیبادەتەکانی تر.

سیما پرسی: چی بکەین بۆئەوەی حەزمان لە عیبادەتەکان بێت، بەتایبەت نوێژ؟

ئارام کردییە شۆخی لەگەڵی و وتی: دواجار پرسیارێکت کرد پێنەکەنین. کەمێك پێکەنین کەوتە سەر روخسارمان، سیما وتی: ئەی ئەوە نییە بە هۆی پرسیارەکەی منەوە پێدەکەنن.

ئارام کەوتەوە قسە و وتی: لە سەرەتاوە ئەنجامدانی عیبادەتەکان ماندووێتی و شەکەتییان تێدایە و کەسەکە بۆ ئەنجامدانیان زۆر لە نەفسی خۆ دەکات، لەگەڵ ناسینی زیاتری پەروەردگار و بەهێزبوونی ئیمان و بەردەوامی و کۆڵنەدان لە ئەنجامدانی عیبادەتەکان، کەم کەم تام و چێژ دەکەونە ناو ئەنجامدانیان، خاڵێکی گرنگ ئەوەیە: دڵسۆزی و بۆ خودابوون لە ئەنجامدانی عیبادەتەکان بوونی هەبێت، هەروەها بەو جۆرە ئەنجامیان بدەین پێغەمبەری ئەکرەم ئەنجامیداون و شەرع و دین داوای دەکات، ئەم دوو مەرجەی عیبادەت لە کۆتایی سورەتی (الکهف)دا هاتوون: (هەر کەس رجای لیقای پەروەردگار دەکات، با

-.-.-.-.-.-.-.-.-.-.-.-.-.-.-.-.-.-.-

[١٨] ئاماژەیە بۆ ئایەتی: ﴿إِنَّنِيٓ أَنَا ٱللَّهُ لَآ إِلَٰهَ إِلَّآ أَنَا۠ فَٱعۡبُدۡنِي وَأَقِمِ ٱلصَّلَوٰةَ لِذِكۡرِيٓ﴾ طه.

کاری چاکە ئەنجام بدات و لە عیبادەت کردنی پەروەردگاری هاوبەش و هاوەڵ بۆ خودا بڕیار نەدات[١٩]).

ئامێز پرسی: چۆن بزانین عیبادەت و کارە چاکەکانمان ئیخلاصیان تێدایە؟

ئارام وتی: بەر لە ئەنجامدانی عیبادەت و کاری چاکە، سەرنجی نیێتەکەت بدە، بۆ خودا ساغی بکەرەوە ئەوجا ئەنجامی بدە، لە ئەنجامدانی کارە چاکەکە هیچ مەرام و مەبەستێکی ترت نەبێ جگە لە رازیکردنی خودا.

ئامێز پرسی: مەرام و مەبەستی تر وەك چی؟

ئارام وتی: وەك ئەوەی بیەوێت بەو کارە خەڵکی مەدح و سەنای بکەن، یان بیەوێت ناوبانگ بەدەست بهێنێت.

سیما پرسی: ئەی چۆن بزانین کارەکە بەو جۆرەیە پێغەمبەر ئەنجامیداوە؟

ئارام وتی: ئەمەیان زانست و شارەزایی گەرەکە لە قورئان و فەرموودە و رووکردنەوەی زانایان بۆ قورئان و فەرموودە، پێغەمبەری ئەکرەم دەربارەی نوێژ دەفەرموێت: (بەو جۆرە نوێژ بکەن منتان بینیوە نوێژ دەکەم(٢٠))، هاوەڵان پێغەمبەریان بینی و گەیاندیان بە شوێنکەوتوان و

-.-

[١٩] ئیمامی بخاری ریوایەتی کردووە.

[٢٠] ئیمامی بوخاری ریوایەتی کردووە.

ئەوانیش بەوانەی دوای خۆیان، نزیك بە چوارده سەدەیە، لە مەدینە هەمان ئەو نوێژە ئەنجام دەدرێت پێغەمبەری ئەکرەم ئەنجامیداوە، هەر بەو جۆرە عیبادەتەکانی تر، یان دەبێت موسڵمان بۆ خۆی زانا بێت، گەر زانا نەبوو، دەبێ خۆی رادەستی زانایەك بکات متمانەی بە دین و زانستی هەبێت، تاکو ئەو زانستانەی فێر بکات.

پەروا پرسی: دەربارەی زیکر شتێکمان بۆ باس بکە، زیکر چییە؟ چۆن ئەنجامی بدەین؟ بە ئاشکرا یان بە نهێنی؟ چ کاتێك زیکر بکەین؟

لێرەدا من وتم: گەر پێتان باش بێت، وەڵامی پرسیارەکەی پەروا هەڵبگرین بۆ سبەینێ، بۆ ئەمڕۆ با ئەوەندە بەس بێت، کاك ئارامیش پشوویەك وەربگرێت.

بڕیارماندا سبەینێ دوای تەواوبوونی دەوام و دوای خواردنی ژەمی نیوەڕۆ لە کتێبخانەی گشتی یەکبگرینەوە.

سبەینێ وانەی سێیەم بۆش بوو، لەگەڵ پەروا کەوتینە پیاسە، نەمانزانی چۆن ئەو یەك سەعاتە تەواو بوو، زۆر کەم قسەمان کرد، بەڵام لە دڵەوە نامەی زۆرمان ئاڵوگۆڕ کرد، پێم وت: لە یەکەمین بینینەوە خۆشمویستی، هیچ ویستێکی منی تێدا نەبوو، ناشزانم بۆچی، تەنها دەزانم تۆ هاوتاکەی منی، تۆ ئەو هاوڕۆحەی لە سایەت ئاسوودە دەبم.

پەروا وتی: منیش هەمان هەستی تۆم هەبوو، بەڵام زاڵ دەبووم بەسەر خۆدا و بێباکیم دەنواند، زاڵبوون بەسەر خۆدا لە ئافرەتدا بەهێزترە، ئەوەش حیکمەتێکی خودایە، گەر وا نەبێت کۆمەڵگا بەردەبێتەوە بۆ ناو

ژیانی ئاژەڵی، هەر ئەوەشە وا دەکات ئافرەت داواکراو بێت و پیاویش داواکار.

وتم: لە تۆدا شکۆ و مەزنییەکم دەبینی نەمدەوێرا پڕ بە چاوان تەماشات بکەم، نازانم هۆیەکەی شەرمی خۆم بوو، یان هێزی خۆپارێزی تۆ؟!

پەروا وتی: فامم کردووەتەوە چاو و گوێ و زمانم لە حەرام پاراستووە، بەردەوام دوعام دەکرد و دەموت (خودایە، بە داپۆشینی خۆت دامپۆشە، حەیا و حورمەتم بپارێزە).

دوای تەواوبوونی وانەکان لە کتێبخانەی گشتی کۆبووینەوە، ئارام وەڵامی پرسیارەکەی پەروای دایەوە دەربارەی زیکر، وتی: زیکر بریتییە لە یاد، لە مانای وشەی (یاد)ەوە دەردەکەوێت لە بیری کەسەکەدا شتێك هەبووە و پاشان لەبیری کردووە، جارێکی تر دەیهێنێتەوە بەر یادی خۆی، واتە لەبیرچووەکە یاد دەکاتەوە، باوەڕ بە خودا لە هەویر و بوون و فیترەتی مرۆڤدایە، بەرهەمی سەرقاڵی و گوناە و بێئاگایی ئەو حەقیقەتە مەزنە لەبیر دەکات، بە هۆی ئیمانەکەیەوە جارێکی تر دەیەوێ بیهێنێتەوە بەر یادی خۆ و لە دڵدا ئامادەی بکاتەوە، خودا لە قورئاندا دەفەرموێت: (یادی خودا بکەن، وەك چۆن یادی باب و باپیرانتان دەکەن، بەڵکو

زۆرتر و زیاتر لەوەش[٢١])، هەروەها دەربارەی بێباوەڕان دەفەرموێت: (ئەوان خوایان لەبیربردەوە، خوداش ئەوان لەبیر دەباتەوە[٢٢])، خودا هیچی لەبیر ناچێت، مەبەستەکە ئەوەیە وێڵ و سەرگەردان و گومڕایان دەکات و هیدایەت و ڕێنموونییان لێ دەگرێتەوە، چونکە لە ئایەتێکی تر دەفەرموێت: (پەروەردگاری تۆ هیچی لەبیرناچێت[٢٣]).

موراد پرسی: چۆنێتی یادکردنەکەمان بۆ باس بکە، بە زمانە، یان بە دڵ، بە دەنگی بەرزە، یان بە دەنگی نزم؟

ئارام وتی: یادکردن بە دڵ و بە زمانە، باڵاترین یاد ئەو یادەیە دڵ و زمان تیایدا یەکانگیر بن، لە خوار ئەم یادە باڵاوە یادی خودایە تەنها بە دڵ، لە خوار ئەم پلەیەوە یادی خودایە تەنها بە زمان، لە خوار ئەوەوە یاد بوونی نییە و بریتییە لە بێئاگایی و لەبیرچوونی خودا، قورئان بۆمان ڕۆشن دەکاتەوە و دەفەرموێت: (بەیانیان و ئێواران، لە نەفسی خۆدا بە ترس و زەلیلی و ملکەچییەوە و بەبێ هاوار و دەنگی بەرز، یادی

-.-

(٢١) ئاماژەیە بۆ ئایەتی: (... فَٱذْكُرُوا۟ ٱللَّهَ كَذِكْرِكُمْ ءَابَآءَكُمْ أَوْ أَشَدَّ ذِكْرًا ...﴿٢٠٠﴾) البقرة.

(٢٢) ئاماژەیە بۆ ئایەتی: (... نَسُوا۟ ٱللَّهَ فَنَسِيَهُمْ ...﴿٦٧﴾) التوبة.

(٢٣) ئاماژەیە بۆ ئایەتی: (... وَمَا كَانَ رَبُّكَ نَسِيًّا ﴿٦٤﴾) مریم.

پەروەردگارت بکە و مەچۆرە ریزی بێئاگایان[٢٤])، ئەم ئایەتە موبارەکە چەند راستییەك بە ئێمە دەگەیەنێت:

یەکەم: یاد بریتییە لە یادی پەروەردگار.

دووەم: باشترین کات بۆ یادی خودا بەیانیان و ئێوارانە.

سێیەم: یادی خودا لە ناخ و دڵ و دەروونەوە دەست پێ دەکات و بە دەنگێکی نزمی هێواش بە زمان گۆ دەکرێت.

چوارەم: دەبێ ترس و زەلیلی و ملکەچی لە یادەکەدا بوونی هەبێت.

پێنجەم: هەر کەس بەیانیان و ئێواران یادی خودای کرد، ناچێتە ریزی بێئاگایان.

ئامێز پرسی: ئەو وشە و کەلیماتانە چین یادی خودایان پێ دەکرێت؟

ئارام وتی: یادی خودا مەزن راگرتن و پاك راگرتن و شکۆمەند کردنی خودا و داوای لێخۆشبوونە لە ئەو، هەروەها تاك و تەنها کردن و سوپاسگوزارییە، بۆیە وشەکان ئەم مانانە لە ئامێز دەگرن.

سیما قسەی خۆی کرد و وتی: وشەیە تر نییە لە جێگەی (لە ئامێز بگرن) بەکاریبهێنی، بۆ نموونە (لە خۆ بگرن)؟!

دیاربوو دەیویست بڵێ ئارام خۆشیدێت لە بەکارهێنانی وشەی (ئامێز) کە ناوی یەکێك لە کچەکان بوو.

-.-

(٢٤) ئاماژەیە بۆ ئایەتی: ﴿وَٱذۡكُر رَّبَّكَ فِي نَفۡسِكَ تَضَرُّعًا وَخِيفَةً وَدُونَ ٱلۡجَهۡرِ مِنَ ٱلۡقَوۡلِ بِٱلۡغُدُوِّ وَٱلۡأٓصَالِ وَلَا تَكُن مِّنَ ٱلۡغَٰفِلِينَ ٢٠٥﴾ الأعراف.

ئارام وتی: سیما خان، ئێمە لەناو یادی خوداداین، دەبێ لە ئێستادا تەنها ئەومان لە یاد بێت.

سیما بەردەوام بوو لە شۆخییەکەی خۆی و وتی: راست دەکەی، ئیتر جاری وایە، مرۆڤ لە یادی کەسێکەوە دەچێت بۆ یادی کەسێکی تر.

ئارام قسەکەی پشتگوێخست و وتی: کۆمەڵێك کەلیمات هەن یادی خودایان پێ دەردەبڕین، لەوانە: (سبحان الله)، (الحمد لله)، (لا إله إلا الله)، (الله أكبر)، (أستغفر الله)، سەرنج بدەن هەموو کەلیماتەکان وشەی (الله)یان لەگەڵە.

نیگار پرسی: چۆن لە دڵەوە ئەم کەلیماتانە بڵێین؟

ئارام وتی: سەرەتا دەبێ مانای کەلیماتەکان بزانین، ئەوجا ئەو مانانە بەسەر دڵدا بهێنین و لەناو دڵدا ئامادەیان بکەین، هاوشان و هاوتا بەوە- بە هێواشی و ئارامی- بە زمان گۆیان بکەین، بۆیە هەندێ لە عاریفان پێیانوایە سەرەتا تەنها بە دڵ زیکر بکرێت و زمان بەکارنەهێنرێت، تا ماناکە لەسەر دڵ نەقش دەبێت، ئەوجا بە دڵێکی نەقش بوو بە مانا و بە زمانێکی پاراو بە زیکر، یادی خودا بکەین.

پەروا پرسی: یادی خودا چیان پێ دەبەخشێت؟

ئارام وتی: سەرەتا دەبێ بزانین ئێمە بە یادی خودا فەرمانێکی خودا جێبەجێ دەکەین، خودا لە قورئاندا فەرمانی کردووە یادی بکەین، هەموو قورئانی بە زیکر باس کردووە و دەفەرموێت: (ئایا ئێوە سەرتان سوڕ دەمێنێ لە پەروەردگارەوە زیکر دابەزیوە بۆ سەر پیاوێك لە

خۆتان؟[٢٥])، یادی خودا کۆمەڵێك مانا بە ئێمە دەبەخشێت، پێمخۆشە بە خاڵ ئاماژەیان پێ بکەم:

یەکەم: ئێمە یادی خودا بکەین، خوداش یادی ئێمە دەکات، دەفەرموێت: (یادم بکەن، یادتان دەکەم[٢٦]).

دووەم: بە یادی خودا دڵ ئارام دەبێتەوە و سوکنایی و دڵنیایی رووی لێ دەکات، دەفەرموێت: (دەزانن بە یادی خودا دڵان ئارام دەبنەوە و دڵنیایی رووبان لێ دەکات[٢٧]).

سێیەم: بە یادی خودا رێگەمان بۆ رۆشن دەبێتەوە و لە شەڕی شەیتان رزگارمان دەبێت، دەفەرموێت: (ئەوانەی خۆپارێزن، کاتێ شەیتان تەفرەیان دەدات، یادی خودا دەکەن و چاوی دڵیان دەکرێتەوە، و رێگەیان بۆ رۆشن دەبێتەوە[٢٨]).

چوارەم: زیکر مەزنترین عیبادەتە و مرۆڤ لەگەڵ خۆی و ژیان و گەردوون ئاشتدەکاتەوە، چونکە هەرچی شتە تەسبیحاتی خودا دەکەن،

-.-

[٢٥] ئاماژەیە بۆ ئایەتی: ﴿أَوَعَجِبْتُمْ أَن جَآءَكُمْ ذِكْرٌ مِّن رَّبِّكُمْ عَلَىٰ رَجُلٍ مِّنكُمْ ...﴿٦٣﴾﴾ الأعراف.

[٢٦] ئاماژەیە بۆ ئایەتی: ﴿فَٱذْكُرُونِىٓ أَذْكُرْكُمْ ...﴿١٥٢﴾﴾ البقرة.

[٢٧] ئاماژەیە بۆ ئایەتی: ﴿... أَلَا بِذِكْرِ ٱللَّهِ تَطْمَئِنُّ ٱلْقُلُوبُ ﴿٢٨﴾﴾ الرعد.

[٢٨] ئاماژەیە بۆ ئایەتی: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ ٱتَّقَوْا۟ إِذَا مَسَّهُمْ طَٰٓئِفٌ مِّنَ ٱلشَّيْطَٰنِ تَذَكَّرُوا۟ فَإِذَا هُم مُّبْصِرُونَ﴿٢٠١﴾﴾ الأعراف.

بەڵام ئێمە لە زمانی تەسبیحاتی ئەوان تێناگەین[٢٩]، کاتێ ئێمەش دەکەوینە تەسبیح و یادی خودا تێکەڵ بەو کەڕنەقاڵە گەردوونییە دەبین و دەبینە بەشێکی تەبا و دانەبڕاو لە ژیان و گەردوون.

پێنجەم: بە یادی خودا سیفەتی دوڕوویی لە خۆمان دەکەینەوە، خودا باسی دووڕووان دەکات و دەفەرموێت: زۆر کەم یادی خودا دەکەن[٣٠].

من پرسیم: ئایا بە پێوە یادی خودا دەکرێت، یان بە دانیشتنەوە؟

ئارام وتی: لە هەموو بارێکدا یادی خودا دەکرێت، بە پێوە، بە دانیشتنەوە، بە راکشانەوە[٣١].

ئارام لە کۆتایی باسەکەیدا وتی: ئێستا هەموو ئەوەی لەم چەند دانیشتنەدا وتمان کورتەکەینەوە، دەزانن ئەم باسەی ئێمە لە کوێوە هات؟

من وتم: لە پرسیارەکەی منەوە کاتێ پرسیم: چۆن کەسی شایستە بە مەحەبەت ببینینەوە؟

ئارام وتی: بەڵێ، لەو جێگەوە دەستمان پێ کرد، منیش لە وەڵامدا وتم:

-.-

[٢٩] ئاماژەیە بۆ ئایەتی: ﴿... وَإِن مِّن شَيْءٍ إِلَّا يُسَبِّحُ بِحَمْدِهِۦ وَلَٰكِن لَّا تَفْقَهُونَ تَسْبِيحَهُمْ ...﴿٤٤﴾﴾ الإسراء.

[٣٠] ئاماژەیە بۆ ئایەتی: ﴿... وَلَا يَذْكُرُونَ ٱللَّهَ إِلَّا قَلِيلًا﴿١٤٢﴾﴾ النساء.

[٣١] ئاماژەیە بۆ ئایەتی: ﴿ٱلَّذِينَ يَذْكُرُونَ ٱللَّهَ قِيَٰمًا وَقُعُودًا وَعَلَىٰ جُنُوبِهِمْ... ﴿١٩١﴾﴾ آل عمران.

(بەر لە خۆشەویستی، دڵ و دەروونی پاك پێویستە، خۆشەویستی لەناو دڵێکی پاك و بێگەرد سەرهەڵدەدات، ناخی پیس و لیخن، لێوانلێو بە رق و کینە، لێوان بە ئارەزوو، خۆشەویستی تێدا دروست نابێت، ئەگەریش تیایدا چەکەرە بکات دەگۆڕێت بۆ حەز و هەوەس، ناخی شێواو وەك زەوییەکە پڕ بێت لە ئافەت و گیای زیانبەخش، هەر تۆوێکی پێدا بچێنێت سەوز نابێت، یان چەکەرە دەکات و بە ئافەت تیادەچێت، گرنگترین پرسیار ئەمەیە: ئایا ئێمە ناخی خۆمان پاکژ کردووە؟ ئایا خاڵین لە رق و کینە؟ هەرکات توانیمان خۆمان لە ئافەتی حەز و هەوا پاکژ بکەین، و لە رق و کینە خاڵی بینەوە، جێگەی هەموو ئەوانە بە مەحەبەت دەگیرێتەوە، هەر کات مەحەبەت بوونی هەبوو، دەبێتە پێوەرێك بۆ ناسینەوەی ئەهلی مەحەبەت.

نیگار وتی: بە دوای ئەوەدا چووینە سەر ئەو پرسیارە: مرۆڤ چۆن پاکبوونەوە و پاکژی ئەنجام بدات؟.

پەروا وتی: ئەوجا چووینە سەر باسی کاریگەری عیبادەتەکان لەسەر پاکبوونەوە.

ئامێز وتی: ئەوجا باس لە گرنگی یادی خودا بۆ پاکژی و پاکبوونەوە.

موراد وتی: دەبوا لە سەرەتای دانیشتنەکانەوە نیگار خان منی ئاگادار کردبا، بە بەشێك لە باسەکە نەگەیشتم.

سیما کردییە شۆخی و بە گۆڕینی دەنگی کە تانە و توانجی دەگەیاند، وتی: الحمد لله، لە کۆتاییدا هەموو ئاسوودە بووین و یەکترمان ناسی. ئەو بە ئاماژە دەیویست بڵێ هەموو زانیمان مەحەبەت چییە، بۆیە ئەهلی مەحەبەتمان ناسی.

هەموومانی هێنایە پێکەنین.

پەروا وتی: کاك ئارام، لە کۆتایی ئەم باسەدا، دەمەوێ باسی ئایەتەکەی سورەتی (النور)مان بۆ بکەی، ئەو ئایەتەی باسی نوور دەکات و سورەتەکەی بە ناوەوە ناونراوە: (خودا نووری ئاسمانەکان و زەوییە).

هەموو وتمان با بۆ ئەمڕۆ ئەوەندە بەس بێت، سبەینێ وەڵامی پرسیارەکەی پەروا بدەرەوە، ئەو رۆژە گەڕامەوە بۆ بەشی ناوخۆیی و هەموو بابەتەکەم نووسییەوە، بۆ سبەینێ لە هەمان شوێن و هەمان کات کۆبوونەوە، من پرسیارەکەی پەروام دووبارە کردەوە و وتم: دوێنێ پەروا وتی: (باسی ئایەتەکەی سورەتی (النور)مان بۆ بکە).

لێرەدا مینا وتی: ماشەڵا، مامۆستا تۆش زۆرت پێخۆش بووە پرسیارەکەی پەروا خان دووبارە بکەیەوە.

مینا و چرا خانی هاوسەرم هەندێ پێکەنین، منیش خەندەیەکم خستە سەر روخسار و درێژەم بە قسەکانمدا:

ئارام بێدەنگ و خامۆش بوو، دیاربوو ئایەتەکەی دەهێنایەوە بەر هەستی خۆ و تێڕامانی لە ماناکەی دەکرد، پاشان وتی: کاك موراد، دەتوانی ئایەتەکەمان بۆ بخوێنی؟

موراد ئارامانە و هێواش دەستی کرد بە خوێندنەوەی ئایەتەکە: (* ٱللَّهُ نُورُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۚ مَثَلُ نُورِهِۦ كَمِشۡكَوٰةٖ فِيهَا مِصۡبَاحٌۖ ٱلۡمِصۡبَاحُ فِي زُجَاجَةٖۖ ٱلزُّجَاجَةُ كَأَنَّهَا كَوۡكَبٞ دُرِّيّٞ يُوقَدُ مِن شَجَرَةٖ مُّبَٰرَكَةٖ زَيۡتُونَةٖ لَّا شَرۡقِيَّةٖ وَلَا غَرۡبِيَّةٖ يَكَادُ زَيۡتُهَا يُضِيٓءُ وَلَوۡ لَمۡ تَمۡسَسۡهُ نَارٞۚ نُّورٌ عَلَىٰ نُورٖۚ يَهۡدِي ٱللَّهُ لِنُورِهِۦ مَن يَشَآءُۚ وَيَضۡرِبُ ٱللَّهُ ٱلۡأَمۡثَٰلَ لِلنَّاسِۗ وَٱللَّهُ بِكُلِّ شَيۡءٍ عَلِيمُۢ ٣٥) النور، کاتێ موراد ئایەتەکەی خوێندەوە لامان ئاشکرا بوو چ دەنگێکی خۆش و کاریگەری هەیە! هەستم کرد هەندێك لە کچەکان بە بیستنی ئەو دەنگ و ئاوازە فرمێسکیان هەڵوەراند، وتم: ماشەڵا، هەزار ماشەڵا، لەو دەنگە شیرینەی مرۆڤ دەباتە ناو مەلەکووت!

ئارام دەستخۆشی لە موراد کرد، وتی: وەك ئەوەی خودا بۆ خزمەتی قورئان تۆی دروستکردبێت، خوای میهرەبان لە ریزی ئەهلی قورئان ناوت بنووسێت، سەرنجی مورادم دا چاوەکان بە فرمێسك تەڕ بوون.

ئارام هاتەوە سەر باسەکە و وتی: پەروا خان، من تێگەیشتنێکی ترم هەیە لەم ئایەتە، جیاواز لە تێگەیشتنە ئاشکراو و باوەکە، نااڵێم لە تێڕامانی خۆمەوە سەرچاوەی گرتووە، چونکە هەندێ لە زانایان بە پوختی ئاماژەیان بۆ کردووە، بەڵام من بۆ خۆم قوواڵتر و وردتر چوومەتە

ناو ئاماژەکانی ئەم ئایەتە موبارەکە، ئەم تێگەیشتنانەی خۆم ناو نانێم تەفسیری ئایەتەکە، دەڵێم ئاماژەم لە ئایەتەکە بۆ ئەو تێگەیشتنە ومرگرتووە.

لێرەدا من وتم: کاك ئارام، تامەزرۆت کردین بۆ تێگەیشتنەکەت لەم ئایەتە.

ئارام وتی: مرۆڤ چرایە، یان دەتوانین بڵێین هەر مرۆڤێك چرایەکی تێدایە، هەیانە دایدەگرسێنن و رۆشنایی بە خۆیان و دەوروبەر دەبەخشن، هەشیانە فەرامۆشی دەکەن و لە ناو تاریکیدا دەمێننەوە.

نیگار پرسی: مەبەستت ئەوەیە مرۆڤ نوور و رۆشنایی تێدایە؟

ئارام وتی: بەڵێ، نوور و رۆشناییەك لە چراکەوە، مرۆڤ هەر بە راستی چرایەکی راستەقینەی تێدایە، بەکارهێنانی وشەی چرا لای من مەجازی نییە، بەڵکو حەقیقییە.

سیما قسەی خۆی کرد و وتی: گرمان تێبەرنەدەی!

ئارام بەردەوام بوو و وتی: خودا لەم ئایەتە موبارەکە هەموو بەشەکانی چرا باس دەکات: زەیت(زَيْتُ)، و گوڵی چراکە(الْمِصْبَاحُ)، و شووشەی چراکە(الزُّجَاجَةُ)، وەسفی شووشەکە دەکات بە هەسارەیەکی پرشنگدار(كَوْكَبٌ دُرِّيٌّ)، و ئەو تاقەی چراکەی لە ناو دادەنرێت(مِشْكَاةٍ)، تەنانەت سەرچاوەی زەیتەکە(شَجَرَةٍ مُبَارَكَةٍ زَيْتُونَةٍ)،

زیاتر لەمەش وەسفی درەختە زەیتوونەکە بەوەی ئاراستەی خۆرهەڵاتی و خۆرئاوایی وەرناگرێت(لَا شَرْقِيَّةٍ وَلَا غَرْبِيَّةٍ)، ئەوجا وەسفی زەیتەکە بە پاکی و بێگەردی، بە جۆرێك خەریکە بێ بوونی ئاگر گڕ دەگرێت(يَكَادُ زَيْتُهَا يُضِيءُ وَلَوْ لَمْ تَمْسَسْهُ نَارٌ نُورٌ)، پاشان ئاماژە بەوەی زەیتەکە نووڕە و گوڵی چراکە نووڕە و شووشەکە نووڕە و تاقەکە نووڕانییە، بۆیە دەفەرموێت: (نُورٌ عَلَىٰ نُورٍ)، هەموو ئەم وردەکارییە لە باسی نوور چرایەکی ڕاستەقینە دەگەیەنێت، ئێستا دەبێ بپرسین: ئەم چرایە لە کوێی مرۆڤدایە؟ بۆچی ئێمە هەستی پێ ناکەین؟ چۆن هەستی پێ بکەین و چراکە پێ بکەین؟

وتم: ئەوانە پرسیاری ناو بیری هەموومانن.

ئارام وتی: مرۆڤ لە جەستە و ئەقڵ و نەفس و دڵ پێکهاتووە، جەستە ئەو تاقەیە چراکەی تێدا دانراوە، نووڕانی بوونی تاقەکە-کە جەستەیە- بە داگیرسانی چراکەوەیە، هەر کات جەستە نووڕانی بوو هەموو ئەندامەکان، چاو و گوێ و زمان و دەست و لاق نووڕانی دەبن، واتە لە خێر و باشەدا بەکاردەهێنرێن و لە شەڕ و خراپە کەنارگیر دەبن، ئەقڵ گوڵی چراکە، یان گڕی چراکەیە، زانست و مەعریفەت بە ئەقڵ بەدەستدەهێنرێت، بۆیە وتراوە: (زانست نووڕە)، نەفس شووشەی چراکەیە، پاکبوونەوەی لە سیفەتە پەست و نزمەکان وەك پاکبوونەوەی

شووشەی چراکەیە لە تۆز و گەرد و چڵکنی، دڵیش ئەو شوێنەیە زەیتی چراکەی تێدەچۆڕێ و دەبێتە هۆی بەردەوام گڕانی گوڵی چراکە، بۆیە لە قورئاندا لە جێگەی (قَلْب) وشەی (فُؤاد)یش هاتووە، ریشەی وشەی (فُؤاد) لە (فَأَدَ)ەوە یان لە(فَؤَدَ)ەوە هاتووە کە بریتییە لە سوتانی شتێك و زیادبوونی گڕ و تین و گەرمییەکەی، چی دەسوتێت؟ ئەو زەیتەی دەچۆڕێتە ناو دڵ دەسوتێ و گوڵی چراکە دادەگیرسێنێت.

پرسیم: ئەی زەیتەکە چییە؟

ئارام وتی: زەیتەکە لە درەختە زەیتوونەکەوە سەرچاوەی گرتووە، درەختە زەیتوونەکە رۆحی مرۆڤە، رۆح لە جیهانی خەلق نییە، لە جیهانی ئەمرە، بۆیە وەسفی درەختەکەی کرد بە (لَا شَرْقِيَّةٍ وَلَا غَرْبِيَّةٍ)، هەرچی شتە لە ناو جیهانی خەلق بە ئاراستە وەسف دەکرێن، شتێك بە ئاراستە وەسف نەکرێت لە جیهانی خەلق نییە، لە جیهانی ئەمرە.

ئامێز پرسی: جیهانی خەلق و جیهانی ئەمر چین؟

ئارام وتی: خودا خاوەن دوو جیهانە، دەفەرموێت: (دەزانن خەلق و ئەمر تەنها بۆ خودان[٣٢])، جیهانی خەلق بریتییە لە جیهانی بینراو و ئاشکرا، ئەم گەردوون و ژیانە کە دەکەونە ژێر یاساکانی مادەوە، جیهانی ئەمر بریتییە لە جیهانی پەنهان و رۆح و نادیار کە نایەنە ژێر یاساکانی

-.-.-.

ماده، رۆحی مرۆڤ سەر بە جیهانی ئەمرە، بۆیە قورئان دەفەرموێت: (پرسیارت لێ دەکەن دەربارەی رۆح، بڵێ رۆح لە ئەمری پەروەردگارمە، ئێوە کەمێك لە زانستتان پێدراوە[٣٣])، کەوابوو درەختە زەیتوونەکە رۆحی مرۆڤە سەر بە جیهانی ئەمرە، رۆح بە نووری ناوە جوانەکانی خودا باڵا و نوورانی دەبێت، وەك چۆن درەختی زەیتوون پێ دەگات، واتە دەگاتە کەماڵی خۆ و بەر دەدات، لە بەرەکەی زەیتی زەیتوون دروست دەبێت، رۆحیش دەگاتە کەماڵی خۆ و نوورانی دەبێت و لەو نوورە دەچۆڕێنێتە ناو دەفری دڵ، عاریفان هاتنی ئەم نوورەیان-کە زەیتی دار زەیتوونەکەیە- بە واریدات ناوبردووە، هەر کات دڵ بوو بە دەفرێك بۆ تێچۆڕانی ئەو نوورە راستەوخۆ دەبێت بە فوئاد، زەیتەکە دادەگیرسێنێ و گڕ دەستێنێ و چرای ناو دەماغ پێ دەبێت.

پەروا پرسی: چۆن زەیتەکە لە دڵەوە دەگاتە چراکە لە ناو دەماغ؟

ئارام وتی: نابینی دڵ خوێن بە هەموو جەستەدا بڵاوە پێ دەکات، هەر بەو جۆرە ئەو زەیتە مەعنەوییە دەگەیەنێتە گوڵی چراکە.

پرسیم: بەڵگە چییە لەسەر بوونی ئەم چرا؟

-.-.-.-.-.-.-.-.-.-.-.-.-.-.-.-.-.-.-

[٣٣] ئاماژەیە بۆ ئایەتی: ﴿وَيَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلرُّوحِۖ قُلِ ٱلرُّوحُ مِنْ أَمْرِ رَبِّى وَمَآ أُوتِيتُم مِّنَ ٱلْعِلْمِ إِلَّا قَلِيلًا۝٨٥﴾ الإسراء.

ئارام وتی: خودا لە قورئاندا پێغەمبەری ئەکرەمی بە چرایەکی رۆشن و نوورىبەخش وەسف کردووە[٣٤]، هەروەها دەفەرموێت: (ئایا کەسێك مردوو بێت و زیندووومان کردبێتەوە و نوورێکمان پێ بەخشیبێت بە ناو خەڵکدا پێی بڕوات، وەك ئەو کەسە وایە لە ناو تاریکییە و ناتوانێ لێی بێتە دەرەوە؟[٣٥]، لەسەر چیای (طور) درەختە زەیتوونەکە رۆحی موسا بوو(سەلامی خودای لەسەر) لەگەڵ پەروەردگار گفتوگۆی دەکرد.

نیگار پرسی: دەور و کاریگەری چارای پێغەمبەر(سەلامی خودای لەسەر) چییە لە داگیرسانی چرای باوەڕدار؟

ئارام وتی: ئێمە دەبێ شوێن نوور و رۆشنایی چرای پێغەمبەری ئەکرەم بکەوین، خودا لە قورئادان دەفەرموێت: (پێیان بڵێ گەر خوداتان خۆشدەوێت شوێنی من بکەون خودا خۆشیدەوێن و لە گوناهانتان خۆشدەبێت[٣٦])، ئێمە بە نووری وەحی دەتوانین چرای خۆمان دابگیرسێنین، وەحی بریتییە لە قورئان و فەرموودەی پێغەمبەری ئەکرەم،

-.-

[٣٤] ئاماژەیە بۆ ئایەتی: ﴿وَسِرَاجًا مُّنِيرًا﴾ الأحزاب .

[٣٥] ئاماژەیە بۆ ئایەتی: ﴿أَوَمَن كَانَ مَيْتًا فَأَحْيَيْنَاهُ وَجَعَلْنَا لَهُۥ نُورًا يَمْشِى بِهِۦ فِى ٱلنَّاسِ كَمَن مَّثَلُهُۥ فِى ٱلظُّلُمَٰتِ لَيْسَ بِخَارِجٍ مِّنْهَا ...﴾ الأنعام.

[٣٦] ئاماژەیە بۆ ئایەتی: ﴿قُلْ إِن كُنتُمْ تُحِبُّونَ ٱللَّهَ فَٱتَّبِعُونِى يُحْبِبْكُمُ ٱللَّهُ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ ...﴾ آل عمران.

هەروەها لە ئاکار و رەوشتی پێغەمبەرەوە(دروود و سەلامی خودای لەسەر) ئاکار و رەوشتی خۆمان دادەمەزرێنین، بە رۆشنکردنەوەکانی ئەو لە قورئان تێدەگەین، پێغەمبەری خودا ئەو نموونە باڵایە لە هەموو شت چاوی لێ دەکەین و شوێنپێی هەڵدەگرین، پێغەمبەری ئەکرەم دەرگای مەحەبەتی خودایە، لەو دەرگاوە دەگەین بە خۆشەویستی خودا، لە فەرزەکان و نافیلەکان شوێنی پێغەمبەر دەکەوین، چۆن نوێژی ئەنجامداوە بەو جۆرە نوێژ ئەنجام دەدەین، هەر بەو جۆرە هەموو عیبادەتەکان، بەم رێگە دەگەینە مەحەبەتی خودا، وەك لە فەرموودەکەی ئیمامی بوخاریدا هاتووە: (باشترین کارێك بەندەکەم بە هۆیەوە لە من نزیك ببێتەوە بریتییە لە فەرزەکان، بەردەوام بەندەکەم بە نافیلەکان لە من نزیك دەبێتەوە تا خۆشمدەوێت، کاتێ خۆشمویست دەبم بەو گوێیەی پێی دەبیستێ، دەبم بەو چاوەی پێی دەبینێت، دەبم بەو دەستەی دەیوەشێنێت، دەبم بەو لاقەی پێی دەڕوات، گەر داوای لێکردم پێی دەبەخشم، گەر پەنای پێگرتم پەنای دەدەم).

سیما پرسی: دەبم بەو چاوەی پێی دەبینێ، دەبم، دەبم... مانایان چییە؟

ئارام وتی: هەر باوەڕدارێك گەیشتە ئەم قۆناغە دەبێتە مرۆڤێکی ڕەبانی، لە ناوە جوانەکانی خودا بەهرەمەند بووە، لە (علیم) خوداوە دەبێت بە زانا، لە (رحمان و رحیم)ی خوداوە پڕ دەبێت لە ڕەحمەت، لە

(سمیع و بصیر)ی خودا بەهرەمەند دەبێت، چاو و گوێ لە حەرامکراوان دەپارێزێت، نووری بەصیرەت دەکەوێتە ناو چاو و گوێی، دەبێتە خاوەن فیراسەت، هەر بەو جۆرە لە تەواوی ناوە جوانەکانی خودا.

هەفتەیەك بەسەر ئەو چەند دانیشتنەدا تێپەڕی، رۆژێك دوو بە دوو، من و ئارام پیاسەمان دەکرد، پێم وت: لە مێژە پرسیارێکم لە دڵدایە دەمەوێ بپرسم.

ئارام وتی: بپرسە.

وتم: هەرچەند پرسیارەکە تۆزێ شەخسییە، بەڵام پێموایە وەڵامەکەی بۆ من سوودی هەبێت، ئایا تۆ مامۆستا و شێخ و مورشیدت هەیە؟

ئارام ماوەیەك بێدەنگ بوو و هیچی نەوت، ئەوجا وەستا و سەرنجێکیدام و وتی: زانینی وەڵامەکەی چ سوودێك بە تۆ دەگەیەنێت؟

وتم: گەر ئەقڵ و دڵم وەڵامەکەی لا پەسەند بێت، منیش هەمان ڕێگەی تۆ دەگرمەبەر، پێمخۆشە ئەو زانستە بەدەستبهێنم تۆ بەدەستتهێناوە، لەو سەرچاوە هەڵبگۆزم تۆی لێی پاراوبوویت.

دیاربوو وەڵامەکەم کاریگەری هەبوو لەسەر ئارام، بۆیە وتی: سەرەتا دەمەوێ دەست خۆشیت لێ بکەم بۆ خەمخۆری و لێبڕانت، بەڵێ، من مامۆستا و مورشیدی خۆم هەیە.

پرسیم: کێیە؟ لە کوێیە؟

وتی: پیاوێکی ئاساییە، خوێندەواری نییە، لەگەڵ ئەوەش خودا دەرگای ئیمان و مەعریفەی لێ کردووەتەوە.

وتم: دەکرێ کەسێکی نەخوێندەواری ئاسایی دەرگای مەعریفەی لێ بکرێتەوە؟!

وتی: دەکرێ، بەڵگە ئەو پیاوە نەخوێندەوارە جوتیارەیە.

پرسیم: نیشتەجێی کوێیە؟

وتی: لێرەیە، لەم شارە دەژی.

وتم: دەتوانی ئەوم پێ بناسێنی.

وتی: دەبێ مۆڵەتی لێ وەربگرم، گەر مۆڵەتیدا دەتبەم بۆ لای، ئەگەر نە، ناتوانم سەربەخۆ ئەوت پێ بناسێنم.

ئەم قسەی کۆتایی جێگەی سەرسوڕمان بوو، بینینی پیاوێکی سادەی جوتیار، مۆڵەتی بۆ چییە؟! لەگەڵ ئەوەش وتم: باشە، داوای مۆڵەتی لێ بکە. پاش تێپەڕبوونی خامۆشییەك بە نێوانمان، کەوتمەوە پرسیار و وتم: تۆ لەمێژە دەیناسی؟

وتی: چەند ساڵێکە.

پرسیم: چۆن ئەوت ناسی؟

وتی: ناسینی ئەو قەدەرێکی سەیر بوو، لە رێگەی خەونێکەوە ئەوم ناسی، سەردەمێك وێڵ و سەرگەردان بووم، لە خەوندا ناوی ئەو پیاوەیان پێدام، پێم وترا سەردانی بکە، بۆ بەیانی رووم لەم شارە کرد، ئەو رۆژە تا ئێوارە لەم شارە پرسیارم کرد، کەسێکم نەبینی ئەو بناسێت، ئەمە لە

کاتێکدا ئەو پیاوێکی ناسراوی ئەم شارەیە، شەوم بەسەردا هات، نوێژی عیشام لە مزگەوتێك کرد، وتم: بەڵکو رێگەم بدەن شەو لە مزگەوتەکە بمێنمەوە، دانیشتم تا مزگەوتەکە چۆڵ بوو، بابای مجێور هات و وتی: کاکە، دەرگای مزگەوت دادەخەین، بڕۆ دەرەوە.

وتم: من کەسێکی غەریبم، خەڵکی ئەم شارە نیم، شوێن و جێگەم نییە، دەمەوێ ئەم شەو لێرە بمێنمەوە.

مجێورەکە وتی: نابێت، کاکە گیان، قەدەغەیە.

وتم: بەڵام شوێنێکم نییە بۆی بچم، رێگەم بدە بمێنمەوە.

وتی: بە خودا منیش فەرمانم پێکراوە، ناتوانم رێگە بدەم بمێنییەوە.

بە دەم قسەکردنەوە لە ناو مزگەوتەکە هاتینە دەرەوە و گەیشتینە ناو حەوشی مزگەوتەکە، من هەر تکام دەکرد و ئەو هەر دەیوت نابێت، لەو قسانەدا پیاوێکی عەشایەری جامەدانە بەسەر رووی لێ کردین، لە مجێورەکەی پرسی: کێشەتان چییە؟

مجێورەکە وتی: ئەم گەنجە دەیەوێ ئەم شەو لە مزگەوت بمێنێتەوە، منیش ناتوانم رێگەی بدەم، چونکە مانەوەی شەو لە مزگەوت قەدەغەیە.

پیاوە عەشایەرەکە رووی لە من کرد و وتی: کاکەِ گیان، رازی دەبیت ئەم شەو میوانی من بیت؟

وتم: بۆچی رازی نابم، مااڵت ئاوەدان بێت.

لە ناکاو کارەبا کوژایەوە، چرا خانی هاوسەرم هەستا و چرای ناو تاقەکەی داگیرساند، مینا وتی: ئێستا ئیتر فەزای دانیشتنەکەمان عاریفانەیە! وتت ئارام رۆیشت بۆ ماڵی پیاوە عەشایەرەکە.

هاتمەوە سەر باسەکە و وتم:

ئارام وتی: پیاوەکە منی بردەوە، خزمەتێکی زۆری کردم، پرسیاری لێ نەکردم، ناوت چییە؟ خەڵکی کوێی؟ بۆچی هاتووی بۆ ئەم شارە؟ لە دڵی خۆم وتم پرسیاری ئەو پیاوەی لێ بکەم لە خەونەکە ناوەکەیان پێدام، بەڵکو بیناسێت، پرسیم: پیاوێك بە ناوی مام حەمید دەناسی، ئەو رۆژانی جومعە نانی هەژاران دەدات؟

خانەخوێیەکەم سەرنجێکیدام و بزەیەك کەوتە سەر روخساری، پاشان وتی: من ئەو پیاوەم تۆ بۆی دەگەڕێی، لە بەیانییەوە لە دەوروبەری مزگەوتەکە چاوەڕوانت بووم.

ئای چەند خۆشی و سروور رووی لێ کردم! هەستام ویستم دەستی ماچ بکەم، رێگەی نەدا و وتی: دانیشە.

ئەو شەوە مام حەمید هەموو ژیانی منی باس کرد، هەرچی نهێنی منە ئاماژەی پێ کرد، پێی سەلماندم پزیشکی دڵانە، هەموو پرسیارەکانی وەڵام دامەوە بێ ئەوەی بپرسم.

لێرەدا لە ئارامم پرسی: پرسیارەکانت چی بوون؟

وتی: ئەو پرسیارانەی لە ئێستادا ناخی تۆیان داگیر کردووە.

تێگەیشتم ئارام ئاماژە بە چی دەکات، لە راستیدا پرسیاری زۆر بیر و زەینی منی ئاخنی بوو، دەربارەی ئەقڵ و دڵ، بیر و ئیمان، مرۆڤ و خودا، دنیا و دواڕۆژ، بۆیە وتم: زۆرم پێخۆش دەبێت بە خزمەتی ئەو پیاوە بگەم.

ئارام وتی: گەر رۆزییەکی مەعنەوی تۆ لای ئەو پیاوە دانرابێت، دڵنیابە دەیبینی، ئەگەر نە، بینین بۆ بینین هیچ سوودی نییە.

ئەم قسەی کۆتایی جێگەی سەرنج و بیرکردنەوەی من بوو، گەر خودا هیدایەتی مرۆڤ بدات هۆکارەکانیشی بۆ دەڕەخسێنێت، بە مەرجێ کەسەکە هیدایەت بە مەبەست بگرێ و هەموو هەوڵی خۆی بەگەڕبخات.

چەند هەفتەیەك گوزەری کرد، من هەر چاوەڕوان بووم، بەیانییەکی رۆژی پێنجشەم، ئارام بە رووبەکی خۆشەوە هات بۆ لام، وتی: ئەم ماوەیە زۆر چاوەڕوان بوویت، مژدەت لێ بێ، مام حەمید ئاگاداری کردمەوە سبەینێ کە جومعەیە بچین بۆ لای.

هەواڵەکە بۆ من زۆر خۆش بوو، نازانم بۆچی ئەوەندە تامەزرۆی دیداری ئەو پیاوە بووم.

سەر لە بەیانی رۆژی جومعە دروست سەعات دە گەیشتینە بەردەم ماڵی مام حەمید، چووینە ژوورەوە، سڵاومان کرد و دانیشتین، جگە لە ئێمە چەند کەسێکی تر لای مام حەمید بوون، بەڵام بە بیرکردنەوەی خەڵك و ناولێنانیان ئەو کەسانە شێت بوون، مام حەمید وشەی (شێتی) بۆ ئەوان بەکارنەدەهێنا، ئەو پێیدەوتن (غەریب).

هەریەکەیان لە ئاوازێك دەیخوێند، یەکێك لە غەریبەکان سەیرێکی کردم، ئەوجا لەبەر خۆیەوە وتی: ئافرەتێکی باشە، بیهێنە.

لە راستیدا ئەوە یەکێك بوو لە پرسیارەکانی ناخم، ئایا من دەتوانم پەروا خۆشبەخت بکەم؟ ئایا ئاسوودەیی و بەختەوەری دەکەوێتە ناو ژیانمان گەر خێزان پێکبهێنین؟

غەریبێکی تر سەرنجیدام و وتی: شارەکەی خۆت باشترین شوێنە بۆ نیشتەجێبیوون، مرۆڤ لە نیشتمانی خۆی بمرێت حسابی جیاوازە و پلەی بەرزە، مەگەر لەبەر خودا کۆچی کردبێت بۆ جێگەیەکی تر.

ئەمەش پرسیارێکی ترم بوو، دەموت گەر لەگەڵ پەروا خێزان پێکبهێنین، بێم لەم شارە نیشتەجێ بم، یان لە شارەکەی خۆم؟

مام حەمید، بێدەنگ سەری داخستبوو، وەك ئەوەی لە شتێکی قووڵ بیربکاتەوە، منیش چاوم لەسەر لانەدەدا، سەری هەڵبڕی و تەماشایەکی مەجلیسەکەی کرد، بە ئارامی وت: لەگەڵ هاوڕێکەت نزیکبنەوە، ئێمە لە سەرەوە دانیشتبووین، مام حەمید لەبەردەم دەرگای ژوورەکە دانیشتبوو، هەستاین چووین لای چەپییەوە دانیشتین، لای راستی ئەو دەرگای ژوورەکە بوو، بە ئارامی وت: لەگەڵ کاکە، لە مێژە یەکتر دەناسن؟

مەبەستی بە "کاکە" من بوو، ئارام وتی: چەند مانگێکە، لە یەك کۆلێژین و یەك قۆناغین، من تازە گواستوومەتەوە بۆ کۆلێژەکە.

مام حەمید وتی: یەکترناسینمان قەدەری خودایە، دەبێ تۆ لەو شارەوە بگوێزییەوە بۆ ئێرە تاکو کاك ئەم کاکەیە بناسی و بیهێنی بۆ ئێرە، هەموو ئەمانە قەدەری خودان و دەستی خودایان تێدا دەبینرێت، ئەو کەسانەی لەم مەجلیسەن هەریەکەیان بە قەدەرێك گەیشتوونەتە ئێرە.

بەردەوام لە دەرەوە خەڵك رووی لە مەجلیسەکە دەکرد و قەرەباڵغ دەبوو، کەسی غەریب و خەڵکی ئاسایی و کەسانی پلەداری حوکمەت، و مامۆستای ئایینی، تەنانەت دادوەری دادگا لە مەجلیسەکە بوونیان هەبوو، لەو مەجلیسەدا کەس لە کەس زیاتر نەبوو.

پیاوێك لە نێوان دوان لە غەریبەکانی شار دانیشتبوو، هەر سێ بە گەرمی لەگەڵ یەکتر قسەیان دەکرد، وەك ئەوەی سێ دۆستی گیانی بە گیانی بن. ئارام وتی: ئەو پیاوە دەبینی لە نێوان ئەو دوو غەریبە دانیشتووە؟

وتم: بەڵێ.

وتی: ئەوە بەڕێوەبەرە لە فەرمانگەیەکی باڵای حوکمەت، ئەو دوانەش-بە دەربڕینی خەڵك- شێتی سەر شەقامەکانن.

پاشان وتی: ئەی ئەو پیاوە دەبینی لەگەڵ ئەو غەریبەی تەنیشتی پێدەکەنن؟

وتم: بەڵێ.

وتی: ئەوە دادوەرە لە مەحکەمە، ئەو غەریبەش هەندێ جار دێ بەسەریدا و لەسەر شەقامەکان خۆی رووت دەکاتەوە، رۆژێ دادوەرەکە

پێی وت: ئەم جارە خۆت رووت بکەیەوە، پۆلیس دەنێرم بتگرن، غەریبەکە لە وەڵامیدا وتی: منیش بە یەك هەفتە بڕیاری گرتنی تۆ دەردەکەم، تۆ دەخەمە جێگەی خۆم و بۆ خۆم دێمەوە بۆ سەر شەقامەکان، دادومەرەکە وتی: کاکە، من حەقم نییە بەسەرتەوە، تۆش حەقت نەبێت بەسەر منەوە. ئێستاش کە دادومەرەکە دێت بۆ ئێرە لە تەنیشت ئەو غەریبە دادەنیشێت، غەریبەکە سەر دەخاتە سەری و پێی دەڵێ: دەڵێی چی بتنێرم بۆ سجن؟

بە سەرسامییەوە لە ئارامم پرسی: جا ئەو غەریبە کێ دەناسێت تا دادوەرێك رەوانەی بەندیخانە بکات؟

مام حەمید بە درێژایی قسەکانی ئارام بێدەنگ بوو، بۆ پرسیارەکەی من لە جێگەی ئارام وەڵامیدایەوە و وتی: با بەسەرهاتێکی خۆمت بۆ بگێڕمەوە، سالّەکانی شەست ناوم بۆ عەسکەری هاتەوە، قەدەر وابوو ئەرکی سەربازییەکەم لەم شارەی خۆمان بێت، بۆ من زۆر باش بوو، شوێنەکەم نزیك بوو، ئاگام لە باوك و دایکم بوو، رۆژێك ئاگادار کراین سبەینێ لیواکەمان بۆ شارێکی تر نقڵ دەکرێت، زۆرم لەبەر دڵ گران بوو، بە دڵتەنگی و خەمبارییەوە هاتم بۆ ناو بازاڕ، رووم لە مزگەوتێك کرد، لەبەر دەرگای مزگەوتەکە پیاوێکی غەریب دەستاڵێکی راخستبوو، سوالّی دەکرد، منیش دەستم برد بڕێك پارەم بۆ دانا، پیاوە غەریبەکە سەیرێکی منی کرد و وتی: خەمبار دیاری!

منیش باسی حاڵی خۆم بۆ کرد، پیاوە غەریبەکە وتی: حەز ناکەی نقڵ بیت بۆ شارێکی تر؟

وتم: حەز ناکەم، دەمەوێ لێرە ئاگام لە دایك و باوکم بێت.

پرسی: ناوت چییە؟

وتم: حەمیدی کوڕی فلّان.

پیاوە غەریبەکە ئاوڕی دایەوە بۆ ئەو دیوارەی پشتی پێوە دابوو، و وتی: کاکە، ئەوە فلّانی کوڕی فلّان نایەوێ نقڵ بێت. ماوەیەك بێدەنگ بوو، دواتر لەپی دەستی چەپی پان کردەوە و دەستی راستی کرد بە مۆر و نای بەسەر دەستی چەپیدا و وتی: ئەوە بڕیار درا تۆ نقڵ نابیت.

لێرەدا چەند کەسێك هاتنە ژوورەوە و سەلامیان کرد، مام حەمید سەلامەکەی وەڵامدانەوە و بەخێرهاتنی کردن، پاشان درێژەی بە قسەکەی دا و وتی: بۆ بەیانی هەموو مەعسکەر و لیواکە نقڵ بوون، جگە لە من، هەتا عەسکەریم تەواو کرد، لەم شارە بووم، بە درێژایی ئەو ماوەی سەربازی چەندین فەوج و لیوا دەهاتن و نقڵ دەکران، من هەر لە شوێنی خۆم بووم، کەس لێم حاڵی نەدەبوو بۆچی من لەم سەربازگەیە نقڵ نابم و ماومەتەوە، کەسیش نەیدەپرسی!

مام حەمید مەبەستی لە بەسەرهاتەکە پوختە کرد و وتی: تێگەیشتم هەندێك لەم غەریبانە لای خودا بەقەدرن و دوعا و داوایان لای ئەو ناگەڕێتەوە، ئەمەش وەڵامی پرسیاری سێیەمم بوو.

مام حەمید وەك ئەوەی باوکم بناسێت، پرسی: باوکت چۆنە؟

وتم: شوکور بۆ خودا، باشە، سەرقاڵی دوکانداری و کەسابەتە.

وتی: سەلامی منی پێ بگەیەنە، هەر کات هاتم بۆ شارەکەتان سەردانێکی دەکەم.

وتم: سەلام و ڕەحمەتی خودا لەسەر ئێوە بێت، بە هاتنت دڵخۆش دەبین و پێی گەورە دەبین.

نوێژی جومعەمان کرد، پاشان سفرە ڕاخرا، ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی هەژار ئامادە بوون، ژوورێکیش تایبەت کرا بوو بە ئافرەتان، دوای تەواوبوون لە خواردنی ژەمی نیوەڕۆ خەڵکەکە بڵاوەیان لێ کرد، خواحافیزییان لە مام حەمید دەکرد، ئەوانەیان هەژار بوون مام حەمید شتێك پارەی پێ دەدان.

ئێمەش هەستاین و خواحافیزیمان کرد، بە چوونم بۆ ماڵی ئەو پیاوە زۆرێك لە گرێی دەروونم کرایەوە، بەشێك لە نهێنی کردنەوەی گرێکان لە چوون و دانیشتن بوو لەو مەجلیسەدا، ئەو مەجلیسە ئاسایی نەبوو، چونکە مرۆڤەکانی ئاسایی نەبوون، کۆمەڵێك قسان دەکران من لە کەمێکی حاڵی دەبووم، دەمویست لە ئارام بپرسم ئەو پیاوە، یان ئەو پیاوەی تر، یان ئەو غەریبە، چی دەڵێن؟ ئارام دەیوت: تەنها گوێبگرە و بێدەنگ بە، ماوەیەکی دەوێت تا لێیان حاڵی دەبیت.

لە ڕێگەی گەڕانەوەمان بە ئارامم وت: بۆچی بە کچەکانیش نەڵێین سەردانی مام حەمید بکەن؟

وتی: بۆیان باس بکە، گەر داوای بینینیان کرد، بڵێ با مۆڵەتی چوونەکەتان وەربگرین.

هەر بەو جۆرەی من گەیشتمە لای مام حەمید، کچەکانیش گەیشتن، هەموو بووین بە دۆستی ئەو شوێنە فەرداڕە و مام حەمید، دەتوت دوای چاوەڕوانییەکی زۆری ناو دوورگەیەك، خودا کەشتی بۆ ڕەوانە کردووین، هەموو جومعەیەك بە تامەزرۆییەوە ڕوومان لەو شوێنە دەکرد، کچەکان لە ئێمە ئازاتر و دڵسۆز تر بوون، دوای ڕۆیشتنی میوانەکان ماڵەکەیان خاوێن دەکردەوە ئەوجا دەڕۆیشتن، من و ئارامیش چەندمان پێ کرابا کەمتەرخەم نەبووین، لە ماڵی مام حەمید کۆمەڵێك گەنجی خۆبەخش هەبوون خزمەتیان دەکرد، بەڵکو لە نێوانیان پێشبڕکێ بوو بۆ خزمەتی هەژاران، بۆیە زۆرجار مام حەمید بە من و ئارامی دەوت: ئێوە دانیشن، کەسی تر هەیە خزمەت بکات.

هەژاران لە مەجلیسی مام حەمید مەلیك بوون، خزمەتیان دەکرا، دەستیان ماچ دەکرا، بەڵکو بەرماوەیان لە خواردن وەك بەرەکەت دەخورا، ئەوانیش ڕۆژێکیان هەبوو تیایدا مەلیك بن، ئەوەش ڕۆژی جومعە بوو لە ماڵی مام حەمید.

کێشە جۆراوجۆرەکانی خۆمان لای مام حەمید باس دەکرد، داوای دوعامان لێ دەکرد، خودا ڕێزی لە ئەو نابوو، دوعا و داوای لای خودا وەرگیراو بوو.

دوو ساڵی زانکۆ هاتوچۆی لای مام حەمیدمان کرد، خۆشترین دوو ساڵی تەمەنم بوو، تەکیەکەی مام حەمید دەتوت کەشتییەکەی نوحە، هەموو جۆرە مەخلوقێك رووی لێ دەکرد.

مینا پرسی: مام حەمید-وەك بەڵێنی دابوو- سەردانی شارەکەی ئێوەی کرد، لەگەڵ باوکت چاویان بە یەکتر کەوت؟

وتم: بەڵێ، چەند جارێك سەردانی شارەکەی ئێمەی کرد، دۆست و ناسراوی لەم شارە زۆر بوو، لەگەڵ باوکم چەند جارێك یەکتریان بینی، دەتوت ناسراوی دەیان ساڵەن، کۆمەڵێ شتیان بۆ یەکتر باس دەکرد من لە هیچی حاڵی نەدەبووم، ئێستا کە کەم لە هەندێ وتن و سەرنجیان تێدەگەم.

مینا سەرئەنجامی خوێندنتان بە چی گەیشت؟

وتم: زانکۆمان تەواو بوو، لە بڕینی خوێندنی زانکۆ هەموو سەرکەوتوو بووین، نمرەی هەموومان بەرز و باش بوو.

من و پەروا هاوسەرگیریمان کرد.

لێرەدا مینا بە خەندەیەکەوە وتی: مامۆستا، ئەوا ئاشکرا بوو، دڵنیابووم پەروا بریتی بوو لە چرا خان کە ئێستا لات دانیشتووە؟

چرا خان پێکەنی و وتی: بەڵێ.

وتم: ناوەکەیم گۆڕی تا بۆ تۆ جێگەی سەرسوڕمان بێت، چرا خانیش لە بەردەم تۆ لە گێڕانەوەی باسەکە تەریقبوونەوەی بۆ دروست نەبێت.

مینا وتی: دەمزانی ئەو ماستە بێ موو نییە، ئەی کوپەکانی تر و کچەکانی تر سەرئەنجامیان بە کوێ گەیشت؟

وتم: ئارام و ئامێز، و موراد و سیما، هاوسەرگیرییان کرد.

مینا پرسی: ئەی نیگار؟

وتم: نیگار لەگەڵ پیاوێکی بانگخواز هاوسەرگیری کرد، بۆ خۆشی ئێستا یەکێکە لە ئافرەتە بانگخوازەکان، دوای تەواوبوونی زانکۆ لە زانکۆی ئەزهەر زانستە شەرعییەکانی خوێند، تا بەدەستهێنانی دکتۆرا کۆڵی نەدا، ئێستا لە کۆلێژی شەریعەت مامۆستایە.

مینا پرسی: ئارام و ئامێز بە کوێ گەیشتن؟

وتم: هەردوو لە پسپۆرییەکەی خۆیان بەردەوام بوون لە خوێندن، لە دەرەوەی وڵات ماجستێر و دکتۆرایان هێنایەوە، ئێستا مامۆستای زانکۆن.

مینا پرسی: ئەدی سیما و موراد؟

وتم: سەردەمێك لە سعوودییە ژیان، موراد کاریگەر بوو بە بیری سەلەفی، دواتر گەڕانەوە و لێرە قوتابخانەیەکی زانستی و پەروەردەییان دامەزراند، ئێستا سیما نیقابدارە، هەردوو دەیان کوڕ و کچیان پەروەردە کردووە.

مینا پرسی: پەیوەندیتان لەگەڵ یەکتر ماوە؟

وتم: بەڵێ، من و خاتوونی مامۆستا سەردانی هەموویان دەکەین، ئەوانیش دێن بە سەردانمان.

مینا پرسی: جیاوازی فکر و مەدرەسە نەبووە بە هۆی دووری و ساردی لە نێوانتان؟

وتم: ئێمە هەموو ئەهلی یەك قیبلەین، یەك خودا دەپەرستین و شوێنکەوتەی یەك پێغەمبەرین، یەك کتێبمان هەیە قورئانە، هەموو دەمانەوێ خودا لە خۆمان رازی بکەین، ئیتر بۆ دەبێ رقمان لە یەکتر بێت؟! بۆ دەبێ لەگەڵ یەکتر هەڵنەکەین؟! بۆچی رێز لە جیاوازییەکانی یەکتر نەگرین، گەر هەر کەسە و بەڵگەی خۆی بەدەستەوە بێت؟!

مینا وتی: گوڵی چراکەش وەك ئێمە کزبووە.

خاتوونی مامۆستا وتی: پێدەچێ نەوتەکەی کەمی کردبێت.

وتم: چراکەی من هەرگیز کز نابێت، هەمیشە شەوقدارە. من مەبەستم بە "چرا" چرا خانی هاوسەرم بوو.

هاوسەرم لە وەڵامدا وتی: لەوانەشە چراکە وەك ئێمە شەکەت بێت و بیەوێ چاولێك بنێت.

مینا وتی: گەشتی ئەم جارەمان دوور و درێژ بوو، بۆ ئەم شەو لەمە زیاتر ماندووتان ناکەم، هەرچەند بوومە هۆی زیندووکردنەوەی گیانی لاوێتی و شۆخێتی خۆت و خاتوونی مامۆستا.

شەوی سێیەم:

شاری کەسابەت (شاری سەخاوەت)

لە دوای عەسرەوە پەڵە هەورەکان هەڵیان کرد و ئاسمانی سامالّیان داپۆشی، هەورە قورسەکان لە زەوی نزیك دەبوونەوە و چەخماخەیان لێ دەدا، دیاربوو بارانیان لەگەڵ خۆ هەڵگرت بوو.

من و چرا خانی هاوسەرم ئاژەڵەکانمان کردە ژوورەوە و ئاڵفمان بۆ دانان، پەلەورەکانمان کردە کولانەکان، تا ئەو کارانەمان ئەنجامدا نوێژی مەغریب هاتە بەرەوە، دەر و دەرگامان بەست و پێش دابارینی باران چووینە ژوورەوە، ئەو ئێوارەیە بە هۆی چڕی هەورەکان و نزیکییان لە زەوی تاریکی زوو داهات.

رۆژی دووشەم بوو، من و خاتوونی هاوسەرم بەڕۆژوو بووین، بۆ ژەمی ئێوارە خاتوون دۆڵمەی دروست کرد بوو، بۆ خۆی زۆر عاشقی دۆڵمە بوو، دیاربوو میناش هەروەك ئەو خۆشی لە دۆڵمە دەهات، لە نیوەڕۆوە کەرەستەیان بۆ ئامادە کرد و بە دەوریدا هەڵدەهاتن، پیاو بۆ خودا بڵێ هەتا بڵێی دۆڵمەیەکی بەتام بوو، هەرچەند من هەواداری دۆڵمە نیم.

دوای خواردنی ژەمی ئێوارە و کۆکردنەوەی سفرە و پاککردنەوەی مەتبەخ و شۆرینی قاپەکان لە لایەن خاتوونی هاوسەرم و میناوە، تا ئەوان ئەرکی مەتبەخیان تەواو کرد، منیش چایەکەم ئامادە کرد، هەموو لە دەوری سۆپاکە کۆبوونەوە، سێ چام تێکرد، لە کاتی خواردنەوەی

چایەکە، گوێیان لە خرمەی باران بوو، دیاربوو تێکەڵ بوو بە بایەکی توند، چونکە لووڕەی بایەکە دەهاتە بەر گوێیان و دەنگ و سەدای بە گەڵا و لق و پۆپی دارەکان دروست کرد بوو، لەسەر بەرماڵە چنراوەکەی دەستی دایکم نوێژی عیشام کرد، شوکور و سوپاسی خودام کرد بۆ ئەو بارانی ڕەحمەتە.

هاتمەوە بۆ نزیك سۆپاکە، مینا دەفتەر و قەڵەمی هێنا، هێنانی دەفتە و قەڵەم واتە گێڕانەوەی چیرۆکی تەمەن، دوای نووسینی چەند سەرنجێك سەری بەرزکردەوە و وتی: دوێنێ شەو گەیشتینە ئەو جێگە تۆ و خاتوونی مامۆستا زانکۆتان تەواو کرد و خێزانتان پێکهێنا، ئێستا من تامەزرۆی تەواوکردنی چیرۆکەکەم.

دوای ڕێکخستنی بیر و گەڕانەوە بۆ ناو ڕۆژگاری تەمەن وتم:

بە هۆی ناپاکی یەکێك لە شەریکەکان، باوکم مایەپووچ بوو، ئەوەش بوو بە ئازارێك، ڕۆیشتە دڵ و ناخی و دوای دوو ساڵ کۆچی دوایی کرد، باوکم بۆ ناپاکی دۆستەکەی خەمی دەخوارد، ئەگین کەسێکی پارەپەرست نەبوو، خەمی لەوە دەخوارد چەندین جار ئەو مرۆڤە ناپاکە هاتبووە ماڵمان و نانی ئێمەی خواردبوو، ناپاکی کەسی نزیك خراپترین و بەئێشترین ناپاکییە،

باوکم جگە لە پارەی حازر چەند مووڵکێکی فرۆشتبوو، هەموو پارەکەی لە دەستی ئەو پیاوە خوانەناسە نابوو، گوایە خێری ئەو بازرگانییە چەند بەرانبەرە، بازرگانییەکی نێودەوڵەتییە و دەستگرتنە بەسەر بازاڕی عێراقدا، لەگەڵ ئەوەش بەڵێنی کارگەیەکی دروستکردنی قوماشی بە باوکم دابوو، جگە لەو بڕە قوماشەی لە دوکانەکە بوو، باوکم سەرمایە و مووڵکی بە دەستەوە نەما، پارەی قوماشی دوکانەکەش بەشێکی بە قەرزدا درایەوە، باوکم مایەپووچ بوو، بەو خەمەوە سەرینایەوە.

رۆژی مردنی باوکم زۆرێك لە خەڵکی شار لە مەراسیمی ناشتن و تەعزێکەی ئامادە بوون، تەنانەت لە لادێکانی دەوروبەر خەڵکێکی زۆر هاتبوون، کۆمەڵێك زانا و مامۆستای ئایینی لە پێشەنگی خەڵکەکە بوون، دوکانداران و بازرگانان و پیاوماقوڵان ئامادە بوون، کۆمەڵێك خەڵکی هەژار لە من گەرمتر بۆ باوکم دەگریان، باوکم پیاوێکی رەوشت بەرز و زمان شیرین و خێرۆمەند بوو، پیاوێکی زانا بوو، لەگەڵ ئەوەش کەسێکی خاکی بوو، بەڵکو مشتێ خۆڵی داکراو بوو.

نەبوونی و هەژاری دوای هەبوون و دەوڵەمەندی بۆ مرۆڤ سەخت و گرانە، لەبەر خراپی دۆخی خێزانەکەمان لە رووی دارایییەوە، سەری خۆم هەڵگرت، بە مەبەستی کار و کەسابەت شارەکەی خۆمانم بەجێهێڵا،

بیستبووم شاری موسڵ شارێکی گەورەی بازرگانییە، بڕیارمدا ڕوو لەو شارە بکەم، گەر لەوێ کارێکی باشم دەستکەوت، باشە، ئەگەر نە، ڕوو لە شارێکی تر بکەم.

دایکم و خوشکەکان و چرا خانم وەك ئەمانەت ڕادەستی خودا کرد، پارەی زۆرم پێ نەبوو، بەڵام زۆر بە وردە و متمانەوە هەنگاوەکانم هەڵدەگرت، باوەڕم بە خودای خۆم بوو، من نیێتم خێر بوو، دەمویست نانی حەڵاڵ پەیدا بکەم، لەو شکستە گەورەی تووشمان هات ڕاست بینەوە، خواحافیزیم لە دایکم و خاتوون و خوشکەکانم کرد، لە گەراج سواربووم و بەرەو ئەو شارە بەڕێکەوتم.

لە ڕێگە زۆر لەبەر خودا دەپاڕامەوە، دەلیلێکم بۆ بنێرێ و دەستم بگرێت، باوکم باسی ئەوەی بۆ کردبووم گۆڕی یەکێك لە پێغەمبەران بە ناوی نەبی یونس لە شاری موسڵە، لە دڵی خۆم وتم چاکترە یەکەمجار ببم بە میوانی ماڵی خودا و زیارەتێکی گۆڕی ئەو پێغەمبەرە بکەم، بەڵکو خودا بە بەرەکەتی ئەو پێغەمبەرە و مەحەبەتی من بۆ چاکان، دەرگایەکم لێ بکاتەوە.

گەیشتینە بەرەوە، لە گەراجی شیمال دابەزیم پرسیاری مزگەوتی نەبی یونسم کرد، ڕێگەکەیان نیشاندام، دوای نیو سەعات ڕۆیشتن بە پێیان شوێنەکەیم دۆزییەوە، مزگەوتەکە بەسەر گردێکەوە بوو، سەرکەوتمە

سەرەوە و دەستنوێژم هەڵگرت و دوو رکات نوێژم کرد، هەستام و رۆیشتم زیارەتێکی گۆڕی ئەو پێغەمبەرە نازدارەم کرد، زۆر لەبەر خودا پاڕامەوە، لە دەرگایەکەوە دەچوویە ژوورەوە و لە دەرگایەکی ترەوە دەهاتیە دەرەوە، ئەو کاتەی من چوومە خزمەتی هیچ کەس لەوێ نەبوو، لە خزمەتی خودا دەستم بە دوعا کرد، هەستم کرد دوو پیاو کە پۆشاکی سپییان لەبەر بوو هاتن و لە تەنیشتمەوە وەستان، هەردووکیان ریشیان رەش بوو، یەکێکیان باڵابەرز و ئەویتریان باڵای میانە، من دوعام دەکرد، ئەوانیش وەك ئەوەی ئامین بۆ دوعاکەی من بکەن، پاشان لە پشتمەوە هاتن و کەوتنە پێشم، گەیشتنە گۆشەی گۆڕەکەی نەبی یونس و بزر بوون، نێوان من و بزربوونی ئەوان چەند هەنگاوێك بوو، بە خێرایی بە دواياندا رۆیشتم و هاتمە دەرەوە، دوو پیاوەکە وەك ئەوەی بە ناخی زەویدا چووبن، دیار نەمان.

بە هەیوانی مزگەوتەکەدا کەوتمە هاتووچۆ، کۆمەڵێك گۆڕم بینی، یەکێك لەو گۆڕانە گۆڕی شێخ رەشیدی لۆلان بوو، یەکێك لە شێخانی تەریقەتی نەقشبەندی، وتراوە لە شێخانی نەهرییەوە تەریقەتی نەقشبەندی وەرگرتووە، دەشڵێن لە شێخانی بیارەوە تەریقەتەکەی وەرگرتووە، بە بینینی گۆڕەکەی بەسەرهاتێکی مام حەمیدم هاتەوە یاد، رۆژێك بۆی باس کردم، وتی: کۆتایی ساڵەکانی پەنجا، من گەنجێکی

غەریب بووم، لە ناوچەی خۆشناوەتی و گوندەکەی خۆمانەوە گوند بە گوند بەڕێکەوتم، بۆ خۆشم نەمدەزانی بۆ کوێ دەڕۆم، رۆیشتم هەتا گەیشتمە ناوچەی برادۆست و گوندی لۆلان، لە لۆلان چوومە خانەقای شێخ رەشیدی لۆلان، شێخ خاوەن دیوەخانێکی گەورە بوو، خەڵکێکی زۆر لە زانایان و پیاوماقوڵان و خەلیفەکانی شێخ و موریدان لە خزمەتی دانیشتبوون، منیش گەنجێکی غەریب و نامۆ لە خوارەوە دانیشتم، سەرنجمدا دوو سێ کەس بە ئامادەکردنی جگەرەی قامیشەوە خەریکن، شێخ جگەرەی قامیشی دەکێشا، جگەرەی قامیش بە تۆپ ئامادە دەکرا و تووتنی وردکراوی بەسەردا دەکرا، پاشان دانە دانە دەمەکەیان دەنوشتاندەوە، ئەوجا قل قل پێشکەشی شێخ و ئەهلی مەجلیس دەکرا، لەو خوارەوە هەڵمدایە و وتم: باشە قوربان، تۆ لە رۆژی قیامەت چی وەڵامی خودا دەدەیەوە، کاتێ لێت بپرسێ: بۆچی چەند کەسێك بە جگەرەی تۆوە سەرقاڵ بوون؟

قسەکەی من وەك تەقینەوەی بۆمبێك بوو لە مەجلیسەکە، هەمووان بێدەنگ بوون، چەند کەسێك وایانزانی شێتم ویستیان پەلم بگرن و بمکەنە دەرەوە، وتنی ئاوا قسەیەك لە خزمەتی شێخ رەشید لەو مەجلیسەدا بۆ گەنجێکی غەریبی وەك من شیاو نەبوو، شێخ رەشید پیاوێکی بە هەیبەت بوو، شێخی تەریقەت بوو، کاریگەری گەورەی

رۆحی لەسەر خەڵك هەبوو، لەناو عەشرەتەکانی ناوچەکە پیاوێکی ڕێزدار و سەنگین بوو، ڕۆڵی کۆمەڵایەتی و سیاسی هەبوو.

شێخ ڕەشید هاتە دەنگ و بە پیاوەکانی وت: لەو گەنجە بگەڕێن. پاشان ڕووی لە من کرد و وتی: وەرە بۆ لای من، کاکە گیان.

لە تەنیشتی خۆی داینام، ڕێزی لێگرتم، پرسی: ئەی تۆ دەڵێی من چی بکەم؟

وتم: جگەرە مەکێشە.

بێ دوودڵی وتی: ئەوا بڕیارمدا لەسەر دەستی تۆ ئیتر جگەرە نەکێشم.

مام حەمید دەیوت: ئەو پیاوێکی مەزن و پلەدار بوو، لە دنیای مەعنەویات بڕیار درابوو نابێ جگەرە بکێشێت.

نهێنی چوونەکەی مام حەمید بۆ گەیاندنی ئەو پەیامە بوو.

مام حەمید وتی: شێخ پێی وتم: هەر کات ویستت بگەڕێیەوە بۆ ناوچەی خۆتان ئاگادارم بکە.

دوای چەند ڕۆژ مانەوە، ڕۆژێك چوومە خزمەتی و پێم وت: دەمەوێ بگەڕێمەوە. شێخ دوو پیاوی خۆی بانگ کرد، پێی وتن: بۆ ئەم گەنجە باری دوو ئێستر خۆراك و پێویستی بار بکەن، ئەم گەنجە دەبەنەوە بۆ گوندەکەی خۆی، دەستی لێ بەرنادەن تا دەگاتەوە ماڵی خۆیان.

مام حەمید وتی: دوو پیاوەکە دوو ئێستریان بار کرد لە ئارد و شەکر و رۆن و پێویستی تر، لەگەڵم هاتن هەتا گوندەکەی خۆمان.

بگەڕێمەوە سەر باسەکەی خۆم، پاشان لە هەیوانی مزگەوتەکەی نەبی یونس دانیشتم، خەڵکانێك لە زیارەتکاران هاتوچۆیان دەکرد، منیش سەرسامانە تەنها سەرنجم دەدا و وردەبوومەوە، جار جارێکیش بە دڵ داوا و دوعایەکم لە خزمەتی خودای خۆم دەکرد، بیرم لە شوێنی مانەوەی شەو دەکردەوە، ئەوەندە پارەم پێ نەبوو بتوانم لە ئوتێل جێگەیەك بگرم، بەڵام زۆر ئارام بووم، سوکناییەکی کەم وێنە بەسەرمدا دابارى بوو، بیرم لە دایکم و خێزانم و خوشکەکانم دەکردەوە، وام هەست دەکرد دایکم لەسەر بەرماڵە و بۆم دەپارێتەوە، هەستەکەی من بینین بوو، تەنها خەیاڵێك نەبوو، لەسەر بەرماڵەکە دایکم دەبینی.

لەو حاڵەی خۆمدا بووم کەسێك لای راستەوە دەستی خستە سەر شانم، سەلامی کرد و وەڵامم دایەوە، پیاوێکی رەقەکاری لاواز بوو، روخسارێکی تیژ و ریشێکی تەنکی هەبوو، چەند ساڵێك لە من بەتەمەنتر دیاربوو، خەندەیەکی شیرین لەسەر لێوانی بوو، بە زمانێکی تێکەڵاو لە کوردی و عەرەبی پرسیاری کرد: خەڵکی کوێی؟ لە کوێوە هاتووی؟ منیش حاڵی خۆم بۆ باس کرد، پیاوەکە خەندە و پێکەنین لە لێوانی نەدەبڕا، پرسی شوێنی مانەوەی شەوت هەیە؟

وتم: نەخێر.

وتی: هەستە با بچین بۆ شوێنێك خواردن و شوێنی مانەوەی شەوت پێ دەدەن.

لە راستیدا کەمێك ترسم هەبوو، چونکە پیاوەکەم نەدەناسی، نزیك بە سێ چارەك ئێمە بە پێیان رۆیشتین، لە رێگە پرسی: زیارەتی نەبی یونست کرد؟

وتم: بەڵێ.

وتی: سوودت لێ بینی؟

وتم: مەبەستت چییە؟

وتی: خۆشی و سروور کەوتە ناو دڵت؟

وتم: بەڵێ، زۆرم دوعا کرد، پاشان وتم: دوو پیاوی نامۆم لەو شوێنە بینی.

بێ دوودڵی وتی: ئەوە نەبی یونس و هاوەڵەکەی بوون.

وتم: چی دەڵێی؟ تێناگەم!

وتی: ئەو دوو پیاوە یەکێکیان نەبی یونس بوو و ئەویتریان هاوەڵەکەی.

موچڕکێك لە تەوقی سەرەوە تا ئەنگوستی پێ داگیری کردم، پرسیم: چۆن دەزانی نەبی یونس بوو؟

وتی: ریشی رەش نەبوو؟

وتم: با، هەردووکیان ریشیان رەش بوو.

وتی: یەکێکیان باڵای بەرز و ئەویتریان باڵای میانە؟

وتم: بەڵێ، هەر بەو جۆرەی تۆ دەیڵێی.

وتی: باڵا بەرزەکە نەبی یونسە، باڵا میانەکەیان هاوەڵەکەیەتی.

وتم: دەبێ بەو جۆرە بێت تۆ دەیڵێی، چونکە کاتێ پێشمکەوتن و رۆیشتن پیاوە باڵا بەرزەکە لە پێشەوە دەڕۆیشت و ئەویتریان بەدوایدا.

پاش ماوەیە رۆیشتن، کەوتینە ناو گەڕەکێکی کۆنی شارەکە، چەندین کۆڵانی پێچاوپێچمان بڕی، دواجار لە بەردەم دەرگایەکی گەورە وەستاین، بێ تەقەلێدان پیاوەکە رۆیشتە ژوورەوە و فەرمووی لە من کرد، ماڵەکە قەرەباڵغ بوو، دیار بوو خەڵکێکی زۆر هاتوچۆی ئەو شوێنەیان دەکرد، لێم پرسی ئەم شوێنە کوێیە؟

پیاوەکە وتی: ئەمە تەکییەی محەمەدی کوڕی یونسە.

پرسیم: محەمەدی کوڕی یونس کێیە؟

وتی: پیاوێکی زانا و صاڵح بووە، لە مەدرەسەی نیزامییەی بەغداد زانستە ئیسلامییەکانی خوێندووە، دوای ئەوەی مۆڵەتی زانستی وەردەگرێت روو لە شاری موسڵ دەکات، نور الدین ئەرسەلان شا، حاکمی موسڵ بانگهێشتی دەکات و دەیکات بە نوێنەری خۆی بۆ بەغداد

و دیمەشق، بۆ ماوەیەك لە شاری موسڵ قازی بووە، ساڵی شەششەد و هەشتی کۆچی دنیای بەجێهێڵاوە و هەر لەم شارەش نێژراوە.

پرسیم: نەوەکانی ئەو زانا بەناوبانگە ئەم جێگەیان دروستکردووە؟

وتی: ئەم تەکیە پیاوێکی دەوڵەمەندی خواناس بینای کردووە و ناوی ئەو زانای لێناوە، لەسەر گیرفانی ئەو دەوڵەمەندە دوو ژەم خواردنی تێدا دابەش دەکرێت، مانەوەی شەویش بۆئەوانەی غەریبن و خەڵکی ئەم شارە نین.

پاشان وتی: با بچین بۆ لای سەید تەها.

پرسیم: سەید تەها کێیە؟

وتی: پیاوێکە ئەم تەکیە بەڕێوە دەبات، پیاوە دەوڵەمەندەکە لەسەر ئەم شوێنە دایمەزراندووە.

چووین بۆ خزمەت سەید تەها، پیاوێکی تەمەن شەست ساڵان بوو، روخساری شیرین و جوان بوو، سەلامم لێکرد و تەوقەم لەگەڵ کرد، ئەویش بە رووبەکی خۆشەوە بەخێرهاتنی کردم، من حاڵی خۆم بۆ باس کرد، ئەویش وتی: إن شاء الله، هەموو شت باش دەبێت، جارێ بڕۆ پشوو بدە و ئیسراحەت بکە، پاشان رووی لەو پیاوە کرد منی هێنابوو بۆ ئەو شوێنە، پێی وت: سەید رافیع، ئادابی مانەوەی ناو تەکییەی فێر بکە، ئەو دەمە زانیم ئەم پیاوەی منی هێناوە، ناوی سەید رافیعە.

لای سەید تەها هاتینە دەرەوە، سەید رافیع بردمی بۆ ژوورێك، نوێنی زۆری تێدا بوو، وتی: شەوان لەم ژوورە بخەوە، منیش هەر لێرە دەخەوم، لەوانەیە گەر تەکیە قەرەباڵغ بێت میوانێکی تریش لەگەڵمان بێت. پاشان درێژەی بە قسەکان دا و وتی: لێرە نوێژەکان بە جەماعەت دەکەین، شەوانی دووشەمان و شەوانی پێنجشەمان زکر و خوێندنی قورئانمان هەیە، دوای سێ رۆژ مانەوە دەبێ بتوانی بەشی خۆت خزمەتی ئەم شوێنە بکەی، مەبەستم خزمەتی میوانەکانە، ئەو هەژارانەی دێن بۆ خواردنی ژەمێك، رێکخستنی ژوورەکەت، شۆرینی قاپ و مەنجەڵ، گسکڵێدان.

وتم: جا من چۆن دەتوانم بەتەنها ئەم هەموو ئەرکە ئەنجام بدەم؟!

وتی: تەنها نیت.

وتم: من پێویستە بەدوای کاردا بگەڕێم، بۆ دۆزینەوەی کار و کەسابەت شارەکەی خۆم بەجێهێڵاوە.

وتی: إن شاء الله، کاریش دەبێت.

هەموو وەڵامەکانی سەید رافیع بە خەندە و پێکەنینەوە بوو.

من زۆر شەکەت بووم، سەید رافیع وتی: من دەڕۆم، تۆ تاوێك ئیسراحەت بکە، دەرگاکە دابخە با کەس نەیکاتەوە تا تێر خەو دەبیت.

عەسرێکی درەنگ بەئاگاهاتم، خەونم بە دایکمەوە بینی بوو، من لە سەفەر گەڕابوومەوە و ئەو لە حەوشی ماڵەکەمان میهرەبانانە هات بە پیرمەوە، دەرگاکەم کردەوە و دانیشتم، پاش کەمێك سەید رافیع هاتە ژوورەوە، بە خەندەیەکی شیرینەوە وتی: تێر خەوبوویت؟

وتم: بەڵێ.

وتی: خەونت نەبینی؟

وتم: با، خەونم بە دایکمەوە بینی.

وتی: خەونەکە چۆن بوو؟

وتم: لە سەفەر گەڕابوومەوە، دایکم لە حەوشی ماڵەکەمان میهرەبانانە هات بە پیرمەوە.

سەید رافیع پاش کەمێ بێدەنگی وتی: تۆ بەرەو لای خودا هەنگاوت هەڵگرتووە، إن شاء الله، خوداش میهرەبانانە دێت بە پیرتەوە. ئەوجا بۆ تەئویلی خەونەکە ئاماژەی بۆ دوو فەرموودەی پێغەمبەری ئەکرەم کرد، فەرموودەی یەکەم: (خودا بە بەزەییترە بە بەندەکانی لەو دایکە بە منداڵەکەی)[٣٧]، فەرموودەی دووەم: (هەر کەس بستێك لێم نزیکبێتەوە، باڵێك لێی نزیك دەبمەوە)[٣٨]. درێژەی بە قسەکان دا و وتی: نوێژی

-.-

[٣٧] ئیمامی بوخاری و موسلیم ریوایەتیان کردووە.

[٣٨] ئیمامی بوخاری و موسلیم ریوایەتیان کردووە.

عەسرت نەکردووە، بڕۆ نوێژەکەت بکە با خودا چاکەکانی ئەمڕۆت بۆ بنووسێت[٣٩]، فریشتەکانی رۆژ و شەو لە نوێژی بەیانی و نوێژی عەسر ئاڵوگۆڕ دەکرێن، نوێژی بەیانی فریشتەی رۆژ دادەبەزن و فریشتەی شەو بەرزدەبنەوە، نوێژی عەسر فریشتەی شەو دادەبەزن و فریشتەی رۆژ بەرزدەبنەوە[٤٠].

نوێژی عەسرم کرد و هەستم بە برسێتی کرد، وتم: کاك سەید زۆرم برسییە.

وتی: دوای نوێژی مەغریب خواردن دابەش دەکرێت، سەعاتێکی تر.

لێم پرسی: بۆچی پرسیارت کرد خەونم بینیوە؟!

وتی: ئەم ژوورە هەموو کەس خەونی تێدا دەبینێ، خەڵك بە تایبەت دێن بۆئەوەی تیایدا بخەون و خەونێکی خۆش ببینن.

قسەکەی جێگەی سەرسوڕمانی من بوو، من هێشتا دووربووم لەو جۆرە ئەزموونانە، لێم پرسی: چۆن لە مزگەوتی نەبی یونس هاتییە لای من و پرسیاری حاڵی منت کرد؟

-.-

[٣٩] ئەو کەسەی نوێَژی عەسری بڕِوات چاکەکانی ئەو رۆژەی پووچ دەبنەوە، ئیمامی بوخاری ریوایەتی کردووە.

[٤٠] ئیمامی بوخاری و موسلیم ریوایەتیان کردووە.

وتی: پێتەوە دیاربوو کەسێکی غەریبی، بەزەیم بۆت جوڵا، وتم با سەلامێکی لێ بکەم.

دوای نوێژی مەغریب بە ئۆتۆمبێل دوو سێ مەنجەڵی گەورە خواردن هێنرا بۆ تەکیە، چوار پێنج گەنجی چالاك و رووخۆش سفرەیان راخست، دەستکرا بە تێکردنی خواردن، شلە و برنج و مریشك، ئەوانەی رووبان لە دیوەخانی تەکیە کردبوو خەڵکی هەژار و غەریب بوون، هەندێکیشیان بەخشراوانی سەر شەقامەکان بوون، مام سەید تەهاش لەناو خەڵکە هەژارەکە دانیشتبوو، هەروەك ئەوان خواردنی بۆ دانرا، لەبەر برسێتی زۆر من نەمتوانی خزمەت بکەم، شەوی یەکەمیش بوو، کاك سەید رافیع دەیوت: تا سێ رۆژ و سێ شەو بۆت هەیە ئیسراحەت بکەی و خزمەت بکرێی، دوای سێ رۆژ چەند دەتوانی خزمەت بکە، بەڵام من ئەو گەنجانەم دەبینی وەك جێبەجێی کردنی ئەرك کارەکەیان ئەنجام نەدەدا، بەڵکو بە عیشق و تامەزرۆییەوە خزمەتیان دەکرد، پێشبڕکێیان بوو لەسەر خزمەت بە میوانان.

هەڵوێستی جوامێرانەی گەنجەکان وڕەی دایە بەر من و دوای تەواوبوون لە نانخواردن، هەستام بۆ کۆکردنەوەی سفرە و قاپەکان، گەنجەکان نەیانهێڵا دەست لە هیچ شت بدەم، وتیان ئێمە کارەکە دەکەین، تۆ دانیشە، هیچم پێ نەوترا و دانیشتمەوە.

سێ شەو و سێ رۆژ نەیانهێڵا دەست بۆ هیچ کارێك ببەم.

شەوی سێیەم سەید رافیع میوانێکی هێنا بۆ مانەوە لە ژوورەکە، ئەو پیاوێکی غەریب دیار بوو، سەید رافیع بە چپە پێی وتم: داوای لێ بکە دوعات بۆ بکات بەڵکو کارێکی باشت دەستگیر بێت.

پیاوە غەریبەکە مرۆڤێکی ئاسایی نەبوو، هەیبەت و ویقاری پێوە دیار بوو، کەسێکی سوورکار بوو، ئارام و بێدەنگ بوو، هیچ قسەی نەدەکرد، تەنها دەمبینی لێوەکانی دەجوڵاند، دیاربوو لەناو زکردا رۆچوو بوو، دوو جار پێم وت: دوعام بۆ بکە، ئاگای لە قسەکەم نەبوو، سێیەم جار دەنگم هەڵبڕی و وتم: پێویستم بە دوعایە، دوعام بۆ بکە.

چاوێکی بۆ هەڵدام و لێوەکانی لە جووڵە کەوتن و وتی: دوعای چیت بۆ بکەم؟

وتم: بۆ کار و کەسابەت رووم لەم شارە کردووە، دوعام بۆ بکە کارێکی باشم دەستگیر بێت.

پیاوە غەریبەکە وتی: سەید رافیع ئەم گەنجە ببە بۆ لای حاجی سەلمان، پێی بڵێ ئیشێکی بۆ بدۆزێتەوە.

سەید رافیع وتی: بەسەرچاو، قوربان، هیچی تری پێ نەڵێم؟

پیاوە غەریبەکە وتی: با، پێی بڵێ بە ناونیشانی دوو کولێرەکە.

سەید رافیع وتی: بەڵێ، قوربان بەسەرچاو.

ئەو شەوە ژوورەکە پڕ بوو لە بۆنی خۆش، هەستم بە ئاوەدانییەکی زۆر دەکرد، ئاوەدانییەك لەناو سوکنایی و ئارامیدا نغرۆ بووبوو، ئەو شەوە خەون نەدەچووە چاوان، وەك ئەوەی چەندین شەو و چەندین رۆژ خەوتبم، لاشەم سووك و دڵم خۆش و دەروونم خامۆش، ئەو شەوە هەرچی چاوم دەکردەوە سەید رافیعم لەسەر بەرماڵ دەبینی، پیاوە غەریبەکەش پشتییەکی لە پشت نابوو و ئەژنۆکانی لە باوەش گرتبوو، چاوەکانی خامۆش و بەردەوام لێوەکانی دەجوڵاند.

رۆژمان لێبوویەوە لەگەڵ سەید رافیع رۆیشتین بۆ لای حاجی سەلمان، دیاربوو لەگەڵ سەید رافیع یەکتریان دەناسی، رێزی لێگرتین، فەرمووی لێ کردین و لەسەر دوو کورسی دانیشتین، ئەو کۆگای قوماشی پیاوانی هەبوو، وەکیلی سەرەکی قوماشی شارەکە بوو، لە شارەکانی ترەوە دەهاتن بۆ لای، بە جومله قوماشیان لێ دەکڕی، سێ گەنج لەگەڵ کڕیارەکان داهاتن و دەچوون، حاجی سەلمان رووی لە سەید رافیع کرد و وتی: سەید ماوەیەکی زۆرە سەردانمان ناکەی، تۆ دەزانی من تۆم خۆشدەوێ و سەرقاڵبوونم بە دنیاوە رێگە نادات بتبینم، ئەی بۆچی تۆ ئەوەندە بێ مەیلی؟!

قسەکانی لە قسەی دەوڵەمەندە دنیاییەکان نەدەچوو، پڕ بوو لە سۆز و مەحەبەت و خاکیبوون، لام سەیر بوو چۆن پیاوێکی ئاوا دەوڵەمەند

دۆستی هەژارێکی وەك سەید رافیعە! سەرسوڕمانەکەی من لەو دابەشکردنە چینایەتییەوە سەری هەڵدابوو شار و وڵاتی داگیر کرد بوو، لەگەڵ ئەوەش ئەزموونی جیهانی خواناسانم نەکرد بوو، سەید رافیع وتی: حاجی سەلمان، من پیری گەڕۆك ناردوومی.

هەر کە وشەی پیری گەڕۆك لە دەمی سەید رافیع دەرچوو، حاجی سەلمان لەسەر کورسییەکەی راستبوویەوە و هەستایە سەر پێ، دانیشتەوە و وتی: نێراوی پیری گەڕۆك پێڵاوی بەسەر چاوانم، فەرموون.

سەید رافیع وتی: پیری گەڕۆك فەرمووی: کارێك بۆ ئەم گەنجە بدۆزییەوە.

حاجی سەلمان وتی: هەر ئەوەندەی فەرموو؟

سەید رافیع وتی: پیری گەڕۆك دەیوت بە ناونیشانی دوو کولێرەکە.

حاجی سەلمان وتی: بە چاوان، خۆزگەم بەم گەنجە جوانە، پیری گەڕۆك کاری بۆ دەبینێتەوە، خۆزگەم بە خۆت.

دیاربوو حاجی سەلمان مەبەستی من بوو، بەڵام من هیچ حاڵی نەبووم.

سەید رافیع بە حاجی سەلمانی وت: داوایەکت لێ بکەم رەدی ناکەیەوە؟

حاجی سەلمان وتی: دەزانم داوای چیم لێ دەکەی، دەتەوێ باسی دوو کولێرەکەت بۆ بکەم.

سەید رافیع وتی: لوتف بفەرموو بۆمان باس بکە.

حاجی سەلمان ئاماژەیەکی بە سەید رافیع دا، دەربارەی من، ئایا گونجاوە ئەو باسانە ببیستێ؟

سەید رافیع وتی: پیری گەڕۆك کار بۆ هەر کەس بدۆزێتەوە کەسێکی شیاوە، بۆ خۆشت وتت خۆزگەم بەم گەنجە پیری گەڕۆك کاری بۆ بینیوەتەوە.

حاجی سەلمان وتی: تەنها دەتوانم کەمێکی باس بکەم، من پیاوێکی هەژار بووم، خێزانم زۆر بوو، کەوتبوومە ژێر قەرز، خاوەن قەرزەکانیش بۆ وەرگرتنەوەی قەرزەکانیان پێداگر بوون، لێبوردنیان کەم بوو، بەیانییەك بە دنیایە خەم و پەژارەوە لە ماڵ دەرچووم، رووم لە مزگەوتی نەبی یونس کرد، دوو رکات نوێژم کرد و سەلامم دایەوە، زۆر پاڕامەوە خودا دەرووبەکم لێ بکاتەوە، ئەوجا روو بە قیبلە دانیشتم، دەنگێك لە ناوەوە پێی دەوتم هەستە بڕۆ بۆ مزگەوتی نەبی شیت، ئەوبەری دیجلە، هەستام و خۆم گەیاندە سەر شەقامەکە، لەبەر خاڵیبوونی گیرفانم بە پێیان کەوتمە ڕێ، گەیشتمە مزگەوتی نەبی شیت، لەوێش دوو رکات نوێژم کرد و کۆمەڵێك دوعام خوێند و دانیشتم، پیاوێك بەرەو رووی من هات نەمدەناسی، هات و لە تەنیشتم دانیشت، پیاوەکە ئەم پیری گەڕۆکە بوو، پرسی: دوعا و داوات چییە؟

وتم: دوعا و داوام لە خزمەتی خودایە.

وتی: باشە، هەموومان بەندەی خوداین، بەڵام هەر شیو و دۆڵێ بە کەسێ رادەست کراوە.

وتم: داوام لە بەندەی خودا نییە، ئەو کەسەی منی بەم دۆخە گەیاندووە، هەر ئەو دەتوانێ حاڵ و بار و دۆخم بگۆڕێت.

وتی: کوڕە، ئەوەندە منجڕ و لاسار مەبە، ئەم قسانەی من و تۆش بەبێ خودا ناکرێت، لە مزگەوتی نەبی یونس کێ بە تۆی وت بڕۆ بۆ مزگەوتی نەبی شیت؟

کە ئەوەی وت موچڕکێك بەسەرمدا هات و لە ئەنگوستی پێیەکانمەوە دەرچوو، لە خۆمم پرسی ئەمە مرۆڤە یان فریشتە، یاخود جنۆکە؟ ناچار هەندێ شتم بۆ باس کرد، وتم دۆخم باش نییە، هەژاری دەرگای پێ گرتووم، قەرزارم.

وتی: هەستە، لەگەڵم وەرە، منیش بەبێ ئەوەی بزانم بۆ کوێم دەبات شوێنی کەوتم، دوای نیو سەعات رۆیشتن بە پێیان بردمی بۆ لای پیاوێك، کارگەی چنینی بەرماڵ و فەرشی یچووکی هەبوو، کارگەیەك پازدە کرێکار کاری تێدا دەکرد، هەروەك چۆن تۆ ئەم گەنجەت هێنا، پیری گەڕۆك بە خاوەن کارگەکەی وت: دوو کولێرەکەت لەبیرە؟

خاوەن کارگەکە وتی: چۆن لە تەمەنم لەبیری دەکەم؟!

دیاربوو خاوەن کارگەکە ناوی حاجی موحسین بوو، پیری گەڕۆك وتی: حاجی موحسین، قەرزی ئەم پیاوە بدەرەوە، پارەی پێ بدە با دوکانێکی قوماشی پیاوان دابنێت، هەموو قەرزەکەی لەسەر بنووسە، إن شاء الله، خودا دەرگای لێ دەکاتەوە و قەرزەکەت بۆ دەگێڕێتەوە.

خاوەن کارگەکە زۆر مەردانە قەرزەکەی بۆ دامەوە و دەستپایەی پێدام، دوکانێکی بچووکی قوماشم دانا، حەمد و سەنا بۆ خودا، بەرەکەت کەوتە ناو کار و کەسابەتم، قەرزەکەی حاجی موحسینم دایەوە و کارەکەم رۆژ لەدوای رۆژ گەورەتر بوو، تا گەیشتە ئەمەی دەیبینن، ئەمەی دەیبینن خاوەنی راستەقینەی خودایە، نەك من، تەنها وەك کرێکارێك خۆم لەسەر ئەم کارە دەبینم، سەروەت و سامانەکە بە ئەمانەت تەماشا دەکەم.

سەید رافیع وتی: بەڵام نهێنی دوو کولێرەکەمان دەست نەکەوت، لە حاجی موحسین، یان لە پیری گەڕۆکت نەپرسی نهێنی دوو کولێرەکە چییە؟

حاجی سەلمان وتی: با، پرسیارم لە حاجی موحسین کرد دەربارەی ئەو دوو کولێرە، ئەو وتی: شەوێك بە رێگەی قاچاغ شتمان لە شامەوە بۆ موسڵ دەهێنا، لەسەر سنوور تەقەمان لێکرا، چەند کەسێك بووین، لە یەکتر دابڕاین، من بریندار بووم، فیشەکێك بەر نەرمەی رانم کەوتبوو،

هەموو شتەکانمان دەستی بەسەردا گیرا، لەو تاریکییەی شەو بە تەنها و بە بریندارى هەڵهاتم، دواى سەعاتێ رێگەبڕین، خوێنى زۆرم لەبەر رۆیشت، بەربوومەوە بۆ ناو چاڵێك و بێهۆش کەوتم، بەئاگاهاتم خۆر هەڵهاتبوو، خوێنەکەم گیرسابوویەوە، بەڵام لەبەر بریندارى و قووڵى چاڵەکە نەمدەتوانى بێمە دەرەوە، زۆر هاوارم کرد کەسێك نەبوو بێ بە هانامەوە، دەستم بە گریان و پاڕانەوە کرد، گوێم لە تەپەى پێ بوو، هاوارم کرد، فریامکەون من بریندارم، من کەوتوومەتە ناو ئەم چاڵە، زۆرى نەبرد پیاوێك لەسەر چاڵەکە وەستا، پەلى گرتم و هێنامیە دەرەوە، ئازار و برسێتى و تینوێتى تینى لەبەر بڕیبووم، بە پەڕۆیەکى پاك برینەکەى رانمى پێچا، گولەکە ئێسکى نەگرتبوو، بەناو گۆشتى راندا تێپەڕى بوو، دوو کولێرەى دەرهێنا و وتى: بخۆ، زۆرم برسى بوو، هەردوو کولێرەکەم خوارد، وتى: زۆر ئاو مەخۆرەوە، تەنها چەند قومێك، ئەو یارمەتیدام تا گەیاندمییە ئاوەدانى و لەو دەشت و چیایە رزگارى کردم، لە رێگە ئامۆژگارى کردم ئەو کارە نەکەم، بڕۆم کارێکى تر بدۆزمەوە، گەیشتمەوە شار و خۆم چارەسەر کرد، لە بیرمچوو لێى بپرسم تۆ ناوت چییە؟ خەڵکى کوێى؟ تا بتوانم پاداشتى ئەم چاکەیەت بدەمەوە، وازمهێنا لە کارى قاچاغى، کەوتمە ناو کار و کەسابەت، خودا دەرگاى رەحمەت و بەرەکەتى لێکردمەوە، دە ساڵ بەسەر ئەو روداوەدا تێپەڕى، رۆژێك

پیاوێك هاته دوکانەکەم، دار عەسایەکی لەدەست بوو، وتی: خێرێ بەم هەژارە بکە.

نازانم بۆچی لە دڵەوە بەرانبەری هەستم بە خۆشەویستی و ڕەحم و بەزەیی کرد، کورسییەکم بۆ دانا و فەرمووم لێ کرد، ئەویش دانیشت، زۆر سەرنجمدا، وەك ئەوەی بیناسم، وتم: وا هەست دەکەم تۆم بینی بێت؟!

وتی: مەگەر لە دەشت و سارا منت بینی بێت.

تێنەگەیشتم لە قسەکەی، وتم: وەڵا بڵێم چی، بەڵام نامۆ نیت لەبەر چاوم؟!

وتی: بڵێی کوڵێرەی منت نەخواردبێت؟

سەرەتا وامزانی دەڵێ حەقی منت خواردبێت، بەڵام دواتر بە وتنی دەشت و سارا و کوڵێرە بیری ڕوداوەکەی دە ساڵ پێشترم کەوتەوە، ئەو پیاوەم هاتەوە یاد بە هانامەوە هات، بیری دوو کوڵێرەکەم کەوتەوە، ڕاستەوخۆ هەستام و دەستم ماچ کرد، وتم: خەجاڵەتم تۆم نەناسییەوە، ڕۆژی ڕوداوەکە لە تاو ئازار و پەشێوحاڵیم بیرم نەبوو ناو و ناونیشانت بپرسم، لەبەر خودا پێم بڵێ تۆ کێی؟ ناوت چییە و خەڵکی کوێی؟

وتی: من پیاوێکی گەڕۆکم، شار بە شاری شام و عێراق دەگەڕێم، هەر ڕۆژێ لە شوێنێکم.

بە بینینەوەی زۆر دڵخۆش بووم، زۆرم لێ کرد شەوێك لام بمێنێتەوە، وتی باشە دەمێنمەوە، بەڵام هەر کات رۆیشتم و لێت بزر بووم گلەیم لێ مەکە، بەر لە نوێژی بەیانی بەئاگا هاتم، پیری گەڕۆك لەناو جێگەکەی نەمابوو، بەبێ تەقە و بە ئەسپایی منی بەجێهێڵابوو، سااڵێك جارێ دوو جار سەردانم دەکات، هیچ دەربارەی کاروباری ئەو نازانم، تەنها دەزانم پیاوێکی گەڕۆکە، کارەکانی لە مرۆڤی ئاسایی ناچێت، هاتنی ئەو فەڕ و بەرەکەتی ناو رۆزییە، دەست و دوعای شیفای نەخۆشانە، دانیشتن لە خزمەتی سوکنایی و ئارامی دڵانە.

حاجی سەلمان دوای تەواوبوونی چیرۆکەکەی حاجی موحسین بە سەید رافیعی وت: کاروباری تەکیە باشە، لە هیچ کەمتان نییە؟

سەید رافیع وتی: حەمد و سەنا بۆ خودا، هەموو شت بە باشی بەڕێوەدەچێت.

دیار بوو حاجی سەلمان ئەو دەوڵەمەندە بوو خانەکەی دروست کردبوو و خواردنی بە هەژاران پێشکەش دەکرد.

ئەوجا بە سەید رافیعی وت: تۆ برۆ بە لای کارتەوە، ئەم گەنجە لای من بەجێبهێڵە، سەید رافیع رووی لە من کرد و وتی: رێگەی گەڕانەوە بۆ تەکیە دەزانی؟

بەرلەوەی من وەڵام بدەمەوە حاجی سەلمان وتی: یەکێك لە گەنجەکانی لەگەڵ دەنێرم، خەمت نەبێت.

سەید رافیع رۆیشت، حاجی سەلمان وتی: وەرە نزیکەوە، لەسەر ئەو کورسییە دانیشە.

هەنگاوێك زیاتر لە مێز و کورسییەکەی حاجی سەلمان چوومە بەرەوە و لەسەر کورسی بەر مێزەکە دانیشتم، حاجی سەلمان کۆمەڵێك پرسیاری لێ کردم، دەربارەی شار و خانەوادە و خوێندەوەری و پیشەزانی، لە کۆتاییدا وتی: رۆژانە لە سەعات هەشتەوە دەگەیە ئێرە و لەم کۆگایە کار دەکەی، لەگەڵ ئەو سێ گەنجە دەبن بە برای یەکتر، ورد سەرنج بدە و کارەکە فێر بە، جۆری قوماشەکان، لە کوێ دروستکراون، نرخەکانیان، هەڵسوکەوت لەگەڵ کڕیاران، ناسینی کڕیاری ئەو شارانەی روو لە ئێمە دەکەن، هەر شار و کڕیارەی و چ جۆرە قوماشێك دەبەن.

لە ماوەی شەش مانگدا هونەری قوماشفرۆشی فێربووم.

سەرەتا ناو و جۆری قوماشەکان و شوێنی هەناردەکردنیان:

قوماشی ئاورشم لە چین و هندەوە هاوەردە دەکرا، لە دروستکردنی پۆشاکی فرە باڵادا بەکاردەهێنرا.

قوماشی موسڵی، (موسڵین)یشی پێ دەوترا، چنینێکی وردی هەبوو لە لۆکە دروست دەکرا، ئەوەش دوو جۆر بوو، جۆرێکیان لە شاری موسڵ

دەچنرا و هەناردەی دەرەوە دەکرا، جۆرێکیش لە هند و ئێرانەوە هاوەردە دەکرا، بەڵام لە رووی باشی و چۆنێتییەوە نە دەگەیشتە قوماشی موسڵی.

قوماشی خوری فارسی، لە ئێرانەوە هاوەردە دەکرا، لە دروستکردنی عەبای سەر شانی پیاوان و کراسی دەرەدامانی پیاوان بەکاردەهێنرا.

قوماشی کەتانی میسری، لە میسرەوە هاوردە دەکرا، لە دروستکردنی پۆشاکی هاوینەدا بەکاردەهێنرا.

قوماشی مەخملّی ئەوروپی، لە ئیتالیا و فەرەنساوە، هاوەردە دەکرا، پۆشینی بوو بوو بە هێمای خۆشگوزەرانی ئەو کەسانەی دەیانپۆشی.

شاڵی کشمیری، لە هندستانەوە هاوەردە دەکرا، فرە جوان و بەرگەگر بوو.

ئەمانە ئەو قوماشانە بوون لە دێر زەمانەوە لە ئاسیا و ئەوروپاوە هاوەردەی عێراق دەکران، کۆمەڵێ قوماشی نوێ و سەردەمیانەش هەبوون، لەوانە:

پۆڵیستەر، لە چین و کۆریای باشوورەوە هاوەردە دەکرێت، قوماشێکی بەربڵاوە، ئەوەش لەبەر هەرزانی نرخەکەی و تا رادەیەك باشی قوماشەکە.

قوماشی ئاورشمی پیشەسازی، (ڕایۆن)یشی پێ دەوترێ، لە هندستان و تورکیاوە هاوەردە دەکرێت، بووە بە جێگرەوەی ئاورشمی سروشتی و نرخەکەی هەرزانە.

قوماشی لۆکەی میسری و هندی، هەندێ جار وەك قوماش لەو دوو وڵاتە هاوەردە دەکرا، هەندێ جاریش لۆکە هاوەردە دەکرا و لە عێراق چنینی بۆ دەکرا.

قوماشی دانتێل و تووڵ، لە فەرەنسا و ئیتالیاوە هاوەردە دەکرێ، قوماشێك بوو ئافرەتان بۆ دروستکردنی جلی بوکێنی بەکاریان دەهێنا.

قوماشی جینز لە پاکستان و تورکیاوە هاوەردە دەکرێت، بۆ دروستکردنی پۆشاکی گەنجان بەکاردەهێنرێت.

قوماشی خوری دەستکرد، لە چین و تورکیاوە هاوەردە دەکرێت، لە دروستکردنی پۆشاکی زستانە و دروستکردنی بەتانیدا بەکاردەهێنرێت.

قوماشی مەخمەڵی هاوچەرخ یان نوێ، بە شێوەیەکی گشتی لە چین و تورکیاوە هاوەردە دەکرێت، لە دروستکردنی کەلوپەلی ناوماڵ و پۆشاکی باڵادا بەکاردەهێنرێت.

ڕێکخستنی تۆپی قوماشەکان بە شێوەیەکی جوان و سەرنجڕاکێش هونەرێکی تری فرۆشتنە، هەروەها ڕێکخستنی ڕەنگی قوماشەکان و

بەکارهێنانی رۆشنایی و ئێناره، هەموو ئەمانە بە جۆرێك ئاوێزانی یەکتر بن، فەزایەکی خەیاڵی بۆ کڕیار دروست بکات.

فرۆشتن و ساغکردنەوەی کاڵا هونەرێکی تایبەتە، لە دوای ناسینی ناوی قوماشەکان و شوێنی هاومردەکردنیان، پێویستە تایبەتمەندی هەر قوماشێك بزانی، بۆ چ وەرزێك بەکاردەهێنرێ، بۆ کام تەمەن شیاوە، چەندە بەرگەگرە، دەستێدانی چۆنە، زبرە یان لووس، ئایا ئاو هەڵدەمژێت، چەندە جەستە پێی ئاسوودەیە، راوەستان و قاڵبگرتنی لەسەر جەستە، مانەوەی ڕەنگ و تێکنەچوونی بە شۆرین، نەچوونەئاو و کورتنەبوونەوە.

دەبێ فرۆشیار خزمەتی کڕیار بکات و یارمەتی بدات، پرسیاری لێ بکات چ جۆرە قوماشێکی دەوێت و کامەی لا پەسەندە، راستگۆیانە وەسفی قوماشەکان بکات، بەبێ ئەوەی درۆکردن و فریودان لە کارەکەیدا هەبێت، دەتوانێ بڵێی ئەمە قوماشێکی ئاساییە، ئەمەیان قوماشێکی جوان و نموونەییە، بۆ فلان وەرز شیاوە.

پێشنیاری گونجاو پێشکەش بە کڕیارەکە بکە، بۆ نموونە قوماشێکی دەوێت بۆ ئاهەنگ، یان بۆ ڕۆژی بووك و زاوایی، بۆنەکان پۆشاکی تایبەتیان گەرەکە و پێویستە فرۆشیار سەلیقەی هەبێت، داشکاندن وەك هاندان بۆ کڕین، پێویستە فرۆشیار خەندەی لە لێو نەبڕێت، ئەگەر بە

سروشت ناتوانێ خەندە بکات، با خۆی فێر بکات، ئەگەر ناتوانێ خۆی فێر بکات، با دوکان دانەنێت، پێویستە فرۆشیار هەڵسوکەوتی نەرم و نیان بێت، گەر کڕیار لە نرخەکە سەرنەدەکەوت، قوماشی تری بۆ پێشنیار بکات، نزیك بەو نرخەی ئەو.

پێویستە فرۆشیار کڕیارە هەمیشەییەکانی خۆی بناسێتەوە، ناویان بزانێت، خاتریان بگرێت، لەگەڵیان راستگۆ بێت، هەدیەی تایبەتی هەبێت بۆیان، متمانە و رازیبوونیان بەدەست بهێنێت.

دانانی نرخ لەسەر کاڵا هونەرێکی تیرە، نرخی کڕین و نرخی گواستنەوە و هێنان و تێچوونەکانی ناو دوکان کۆدەکاتەوە و لەسەر ئەو تێچوونانە نرخ دادەنێت، دەبێ ئاگاداری نرخی کاڵاکان بێت لە بازاڕ، نرخێ لەسەر کاڵا دانەنێت بە کەسێکی گرانجان ناو دەربکات و کڕیار رووی لێ نەکات، بەڵکو بە دابەزاندنی نرخ پێشبڕکێ لەگەڵ بازاڕ بکات، هەڵبەت دابەزاندنی نرخیش هونەرێکی تیرە، پێویستە لەگەڵ بازاڕ ئەوەندە جیاوازی نەبێت کڕیار لە کاڵاکەی تۆ بکەوێتە گومان و وابزانێت نائەسڵ و خراپە.

گەر قوماشەکەت دەگمەن بوو و لە بازاڕدا لەو جۆرە نەبوو، دەتوانی نرخی بەرز بکەیەوە، هەروەها گەر کڕیاری زۆر بوو، دەتوانی بە رێژەیەك خێری زیاتری لەسەر دابنێی، ئەو قوماشانەش زۆر باڵان و نرخەکانیان

گرانە و خەڵکانی دەوڵەمەند دەیکڕن، دەتوانی خێری زۆرتری لەسەر دابنێی.

من عاشقی کارەکەم بووم، بەهرە و لێوەشاوەییم هەبوو، زانیاری و زانستم لەو مەیدانەدا بەدەستهێنابوو، قوماشفرۆشی پێویستییەکی خەڵك بوو، جۆرێك بوو لە خزمەت، لەگەڵ ئەوەش ژیان و گوزەرانی منی لەسەر بوو، یەکانگیری ئەم چوار خاڵە لە هەر کارێکدا داهێنان بەرهەم دەهێنێت، مرۆڤ تیایدا بێزار و وەڕس نابێت، نازانێ چۆن کات تێدەپەڕێ، بۆیە ئەو جۆرە مرۆڤانە تەمەندرێژ دەبن و تا دوایین هەناسەی تەمەن لە کارکردن چالاکن.

شەوان دەگەڕامەوە بۆ تەکیە و ژوورەکەی سەید رافیع، لە سەید رافیعەوە فێری خواناسی و عیبادەت بووم، ئەو هەڵگری کۆمەڵێك سیفەت و خەسڵەتی باڵا بوو لە کەم کەسدا کۆدەبنەوە، عیبادەتی شەوان و خزمەتی رۆژان، شەوی بۆ پەروەردگار تەرخان کرد بوو، رۆژیش بۆ خزمەت بە بەندەکانی خودا، لەگەڵ ئەوەش زمانی بە زکر بوو، کەسێکی خاکی و نەفسنەویست بوو، ئەو خواناسێکی راستەقینە بوو.

شەوێك لێم پرسی: سەید رافیع تۆ خێزانت نییە؟

خەندەیەکی خستە سەر لێوان، ئەوجا خامۆشییەك داگیری کرد، پاشان وتی: خێزانم هەبوو، بەڵام تیاچوون.

کاتێ ئەو پرسیارەم کرد راکشابووم، لەگەڵ بیستنی ئەو قسەی سەید رافیع، راستبوومە و سەرسوڕمانانە وتم: بە چی تیاچوون؟! چۆن تیاچوون؟!

سەید رافیع بە روخسارێکی خەماوی و چاوی پڕ لە حوزنەوە وتی: من خەڵکی شامم، هەموو خێزانەکەم لە شام تیاچوون.

پرسیم: بوومەلەرزە بوو؟

وتی: نەخێر، بە دەستی بە نیزامی بەعسی سووری تیاچوون، لە خێزانەکەی من، باوکم و دایکم و خوشکێك و دوو برا و خێزانی من و منداڵێکم تیاچوون، واتە هاتمەوە بەسەر جەنازەی حەوت لە ئازیزانم، هەر لە خانووەکەدا گۆڕم بۆ هەڵکەندن و ناشتمن، خۆشم هەڵهاتم بۆ عێراق.

کاتێ سەید رافیع ئەو قسانەی کرد خۆم پێ نەگیرا و دامە پرمەی گریان، من بۆ خۆم لە مێژبوو لە کەسوکارم بڕابووم، دڵم تامەزرۆی دیداریان بوو، بۆ سەید رافیع و بۆ خۆم تێر گریام، سەید رافیع نەدەگریا، دیاربوو ئەوەندە گریابوو لە فرمێسك خاڵی بووبوویەوە، تەنها ئەوەندەی وت: مەگری، ئێمە هەموومان لای خودا یەکدەگرینەوە، لەوێ مردن و ئازار و مەینەتی ناچێژین، لەوێ ستەمکاران بوونیان نییە، هەر قەدەرێك لای خوداوە بێت پێویستە پێی رازی بین.

وتم: سەید رافیع، بەو پرسیارە برینەکانی تۆم کولاندەوە، داوای لێبوردنت لێ دەکەم.

سەید رافیع خەندەیەکی خستە سەر لێوان و وتی: عیرفان، گیان، من خەمم بەجێهێڵاوە، خەمی ئێستای من ئەوەیە چۆن خودا لە خۆم رازی بکەم.

وتم: تەنها یەك پرسیاری تر بکەم؟

وتی: بپرسە.

وتم: چۆن رێت لەم شوێنە کەوت؟

وتی: پیری گەڕۆك ئەم شوێنەی پێ ناساندم.

پرسیم: چۆن بوو پیری گەڕۆکت ناسی؟

سەید رافیع لێی کردمە شۆخی و وتی: خۆ تۆ وتت تەنها یەك پرسیاری تر!

وتم: سەید گیان، پرسیار پرسیار بەدوای خۆیدا دەهێنێت.

سەید رافیع وتی: لە شام دەربەدەر بووم، رووم لە شاری موسڵ کرد، ئازاری مردنی ئازیزانم توانای لەبەربڕیبووم، نەمدەتوانی کارێ، کەسابەتێ بکەم، بە دوو رۆژ و سێ رۆژ هیچم نەدەخوارد، لەسەر شەقامەکان و ناو پارکەکان دەخەوتم، رۆژێك زۆرم برسی بوو، توانام

نەبوو بڕۆم داوای خواردن بکەم، لە پارکێك راکشابووم، پیاوێکی غەریبە هاتە تەنیشتمەوە، بە ئەسپایی وتی: هەستە خواردنم بۆ هێناوی.

دەستی خستە ژێر پشتم و راستی کردمەوە، ماست و خورما و کولێرەی گەرمی بۆ هێنا بووم، بە دەستی موبارەکی چەند پاروویەکی بۆ کردم، دواتر بە دەستی خۆم پاروەکانم دەگرت، کولێرە و ماستەکە زۆر خۆش بوو، تامی خورماکە ئێستاش لەبەر هەستمە، دەزانی هەندێ رۆژ بەڕۆژوو دەبم، بە یادی ئەو رۆژە ماست و خورما و کولێرەی گەرم دەکڕم و دەچم بەربانگ لەو پارکە دەکەمەوە.

ماست و کولێرەکەم تەواو کرد، تین و توانایەك هاتەوە بە بەرمدا، وتی: هەستە لەگەڵم وەرە.

لە پێشمەوە رۆیشت تا منی گەیاندە ئەم تەکیە، پاشان پێی وتم: خزمەتی ئەم شوێنە بکە، لێرە خواردن و جێگەی خەوت پێ دەدەن، ئەو پیاوە پیری گەڕۆك بوو، ئێستاش جار جار سەردانم دەکات.

منیش پەیمانم لەگەڵ خودای خۆم بەست خزمەتی غەریبان و هەژاران بکەم، نەتبینی لە نەبی یونس تۆم بینییەوە؟ ئەو رۆژانەی خۆم بیرهاتەوە غەریب و تەنها بووم لەم شارە.

شەوێ پێداگرانە پرسیاری پیری گەڕۆکم لێ کرد، پرسیم: ئەم پیاوە فریشتەیە، یان جنۆکە، یان مرۆڤ، بۆچی هەمیشە لە تەنگانە و بەگیرهاتن سەرهەڵدەدات، گەر مرۆڤە ئەو لەو شوێنە چی دەکات؟

سەید رافیع وتی: ئەو مرۆڤە، بەڵام بە دڵی فریشتەوە، خودا ڕەحمەت و زانستێکی تایبەتی پێداوە.

وتم: دەبێ تەمەنی درێژ بێت، ئەو بە فریای حاجی موحسین کەوتووە لە ساڵەکانی پەنجا، پاشان فریای حاجی سەلمان کەوتووە لە ساڵەکانی حەفتا، پاشان فریای تۆ کەوتووە هەر لە حەفتاکان، ئەوە سەرەتای هەشتایە فریای من دەکەوی و بۆ کار ڕەوانەی لای حاجی سەلمانم دەکات، کەچی ئەو شەوەی لامان بوو وا دەردەکەوت تەمەنی پەنجا بۆ شەست ساڵ بێت؟!

سەید رافیع وەك ئەوەی بیەوێ شتێك لە من بشارێتەوە، وتی: هەندێ مرۆڤ درەنگ پیر دەبن، هەندێکیش زوو پیر دەبن.

وتم: سەید رافیع: ئەم پیاوە هەر ئەو کەسە نییە لای ئێمە پێی دەوترێ خدری زیندە؟

سەید رافیع وتی: نازانم، لێم نەپرسیوە، تەنها دەزانم پیاوێکی گەڕۆکە لە نێوان شام و عێراق و فەلەستین و حیجاز.

لێم کردە شۆخی و وتم: قاچاخچی نەبێت؟

سەید رافیع دەستی بە پێکەنین کرد و وتی: هەرکات سەردانی کردین ئەو قسەی بۆ دەگێڕمەوە، دڵنیام پێ دەکەنێ.

پرسیم: ئاو و نان دەخوات؟

وتی: هەندێ کات میوەم بۆ داناوە لێی خواردووە.

وتم: کەوابوو فریشتە نییە.

وتی: نا، بابە، مرۆڤە وەک من و تۆ.

نەمویست زیاتر سەید رافیع بە خۆمەوە خەریک بکەم، هەر ئەوەندەم وت: ئەگەر ئەم جارە هاتەوە هەرچی شتە لەگەڵی یەکلا دەکەمەوە.

سەید رافیع وتی: کەوابوو نایبینییەوە.

پرسیم: بۆچی؟

وتی: وا تێدەگەم.

خامۆشییەک هەردووکمانی داگیر کرد و خەوملێکەوت، بەرلەوەی بە تەواوی بێئاگابم، هەستم کرد سەید رافیع بەتانییەکەی بەسەردا دام.

شەوێکی تر پرسیاری سەید تەهام لە سەید رافیع کرد.

وتی: سەید تەها بە بنەچە لە شێخانی نەهرییە، لە عەمادییەوە هاتووەتە موسڵ، هەر لێرەش هاوسەرگیری کردووە، پیاوێکی بۆ خودا سوڵحاوە، هەژاردۆستە، خەڵکی ئەم شارە رێزی لێ دەگرن و خۆشیاندەوێت.

پرسیم: چۆن لەگەڵ حاجی سەلمان یەکتریان ناسیوە، تا لەسەر ئەم تەکیە دایبنێیت؟

وتی: ئەوە چیرۆکێکی ترە.

وتم: سەید رافیع بۆم باس بکە، وا دەزانم ئەو داوەی هەموو ئەم کەسانەی هۆنیوەتەوە و پێکەوە گرێیداون، پیری گەڕۆکە.

سەید رافیع بە هەندێ شۆخییەوە وتی: تۆیشی هۆنیوەتەوە، ئێستا تۆ لە رێکخستنە نهێنییەکەی پیری گەڕۆکی.

بە وشەی رێکخستنی نهێنی و دانەپاڵی بۆ لای پیری گەڕۆک، هەندێ پێکەنیم، وتم: جا ئەوە بۆ من شەرەفێکی گەورەیە لە خزمەت پیاوانێکی وەک ئێوە بم.

وتی: هاتنی ئەو رۆژەی من بۆ نەبی یونس لەسەر داواکاری سەید تەها بوو، بەیانییەکەی پێی وتم: ئەمڕۆ گەنجێك بەم ناو و نیشانە دێتە نەبی یونس بڕۆ بیهێنە بۆ تەکیە، من لە بەیانییەوە چاوەڕوانی هاتنی تۆ بووم.

بە سەرسوڕمانەوە وتم: سەید رافیع، بە خودا، ئێوە من شێت دەکەن! باشە سەید تەها چۆنی زانی من ڕوو لەم شارە دەکەم و ڕوو لە نەبی یونس دەکەم، لەوانەیە ڕاست بکەی، ئێوە رێکخستنێکی نهێنین!

سەید رافیع هەندێ پێکەنی، وتی: لەوانەیە شەوەکەی خەونی بینی بێت.

وتم: خەون! ئاوا ورد و پڕ یەقین و یەکلاکەرەوە!

سەید رافیع وتی: خەونی صاڵحان رۆشنە، وەهم و خەیاڵی پێ تێکەڵ نابێت، چووزانم! لەوانەشە ئاگادار کرابێت.

پرسیم: کێ ئاگاداری کردبێت؟

وتی: نازانم، لەوانەیە پیاوێ وەك پیری گەڕۆك هاتبێت بۆ لای.

بە هەندێ شۆخییەوە وتم: سەید رافیع، ئەم بەزمانە هەمووی لە ژێر سەری پیری گەڕۆکە، هەمووتان کرێکارن لە کومپانیاکەی ئەو.

سەید رافیع بە خەندەیەکی شیرینەوە وتی: بۆ مەگەر تۆش کرێکار نیت؟!

قسەکەی دوو رووی هەبوو، کرێکار لە کومپانیاکە و کرێکار لای حاجی سەلمان.

ئەوجا درێژەی بە قسەکەی دا و وتی: تۆ قازانجت کردووە، یان زەرەر؟

وتم: هیچ کەس نییە بە قەدەر من قازانجی بەدەست هێنا بێت، خودام ناسی، کۆمەڵێ مرۆڤی صاڵحم ناسی، فێری کار و بازرگانی بووم، فێری رەوشتی بەرز و راستگۆیی بووم، من دەبێ زۆر شوکری خودا بکەم، ئێوە دەروازەیەکی رەحمەت بوون بۆ من.

سەید رافیع وتی: إن شاء الله، شایستەیت بۆیە خودا رێی لەم شوێنە خستووی، باوکت پیاوێکی صالّح بووە و خوداش بە پیاوچاکی باوکت دەستی لە تۆ بەرنەداوە.

پرسیم: جا شتی وا دەبێت، باوکەکە چاك بێت و دوای مردنی خودا بە چاکەی ئەو یارمەتی منداڵەکانی بدات؟!

وتی: بەڵێ، ئەی چیرۆکی هاوەڵەکەی موسات لە سورەتی (الکهف) نەخوێندووەتەوە، پیاو چاکەکە دیواری کەلاوە روخاوەکە چاك دەکاتەوە بۆئەوەی گەنجینەکە دەرنەکەوێت، تا دوو منداڵە بێبابەکە گەورە دەبن و دەکەون بەسەر گەنجینەکەدا، خودا دەفەرموێت (باوکی دوو منداڵەکە پیاوێکی صالّح بوو).

کە سەید رافیع ئەوەی وت راستەوخۆ شتێك کەوتە دڵمەوە، صالّحبوونی باوکم، ئەو کەسێکی تایبەت بوو، پرسیارێکم لە قسەکانی سەید رافیع بۆ دروست بوو، وتم: چۆن دەزانی باوکی من صالّح بوو؟

سەید رافیع ماوەیە بێدەنگ بوو، پاشان وتی: صالّحان یەکتر دەناسن.

وتم: بەڵام موسڵ لە کوێ و شارەکەی ئێمە لە کوێ؟!

سەید رافیع خەندەیەکی بەرین کەوتە سەر لێوەکانی و وتی: سەید تەها باوکت دەناسێت.

کە ئەوەی وت تەزوویەك هات بەسەرمدا، ماوەیەك کپ و بێدەنگی کردم، پاشان هۆشم هاتەوە بەر خۆم و پرسیم: لە کوێوە دەیناسێت؟

دوای ماوەیە لە بێدەنگی سەید رافیع وتی: سەردانی سەید تەهای کردووە.

بەسەرسوڕمانەوە پرسیم: باوکم سەردانی سەید تەهای کردووە؟!

وتی: بەڵێ.

پرسیم: چۆن یەکتریان ناسیوە؟!

وتی: باوکت پیاوێکی صاڵح و دڵڕۆشن بوو، ئاگادار کرابوو بێت بۆ شاری موسڵ و بەدوای سەید تەهادا بگەڕێت.

لە دڵی خۆمدا وتم: ئەی خودایە، من سەراسیمە بووم، ئەمانە چین و کێن؟! من تەنانەت باوکی خۆمم نەناسیوە، لە ساڵێکدا یەك دوو جار بابم هەفتەیە بزر دەبوو، لای دایکم و خێزانەکەمان جێگەی پرسیار بوو، تەنانەت دایکم دەیوت: بڵێی ئەم پیاوە ژنی تری هێنابێت؟

پرسیم: ئەی بۆچی ئەم ماوەیە سەید تەها هیچی نەپرسی دەربارەی باوکم؟

وتی: ئەو ئاگادار بوو بە مردنی باوکت، پێش مردنی نامەی بۆ سەید تەها نووسی بوو.

وتم: ئەی نەدەبوا سەید تەها بە من بڵێ، باوکت دەناسم؟

وتی: هەموو شتێك وادە و کاتی خۆی هەیە، ئەوە زانیت.

سەید رافیع ئەو قسەی کرد و هەستا چووە دەرەوە، منیش بەتانییەکەم راکێشا بەسەر خۆمدا و چوومە ناو خەوێکی قوولْ.

لە خەونمدا: بە خزمەت باوکم گەیشتم، پۆشاکێ سپی لەبەر بوو، بە روومەوە پێدەکەنی.

دیمەنەکە هەر ئەوەندە بوو، خەونەکەم بۆ سەید رافیع گێڕایەوە، وتی: پۆشاکی سپی واتە خودا لێیخۆشبووە و ئەهلی بەهەشتە، پێکەنینەکەی مانای وایە لێت رازیبە، لەوانەشە مژدەیەکت پێ بدرێت، تۆش رێگە و رەوگەی بابت بەر مەدە.

حاجی سەلمان بازرگانێکی نموونەیی بوو، جێگەی متمانەی هەموو خەڵکی بوو، لە بازاڕدا قسەی حاجی سەلمان سەنەد بوو، بە کەفالەت و دەستەبەری ئەو هەزاران دینارت قەرز دەکرد، پیاوێکی کەسابەت حەڵاڵی بێ غەل و غەش بوو، لەسەر راستگۆیی و دڵسۆزی و کاری حەڵاڵ ئێمەی رادەهێنا، فێری دەکردین چۆن رێزی کڕیاران بگرین، حاجی سەلمان پیاوێکی نەرم و نیان بوو، خاوەن بەزەیی بوو بە هەژاران، خێرخوازێکی نموونەیی بوو، خاوەن لێبوردن بەرانبەر قەرزاران، لە قەرزی هەژاران و دەستەنگان خۆشدەبوو، خودا دەرگای رۆزی حەڵاڵی بۆ بەرین کرد بوو، ئەو پیاوێکی بەوەفا بوو، چاکە و پیاوەتی

حاجی موحسینی لە یاد نەکردبوو، دوای مردنی حاجی موحسین دۆستایەتی لەگەڵ کوڕەکانی هەبوو، سەردانی یەکتریان دەکرد، لە کاتی پێویستی قەرزی پێ دەدان.

ناوی حاجی سەلمان سەرجەم کوچە و کۆڵان و شەقامەکانی شاری تەنی بوو، کەسانێکی نەیار هەبوون، دەیانویست ململانێی نەرێنی حاجی سەلمان و بازرگانییەکەی بکەن، بەڵام سەرکەوتوو نەبوون، چونکە بە گژداچوونی ناوبانگی باشی حاجی سەلمان خۆ عەیبدار کردن بوو، بۆیە دواجار ئەو کەسانەش لەبەر پارێزگاری لە بەرژەوەندی خۆیان یان لەگەڵ حاجی سەلمان دۆستایەتییان دادەمەزراند، یان بێدەنگ دەبوون و دەچوونە دواوە.

لە حاجی سەلمانەوە فێری زۆر شتی باش بووم، هونەری بازرگانی، خۆشەویستی هەژاران، خاکیبوون و خۆنەویستی و دوورەپەرێزی لە خۆپەسەندی و خۆبەزلزانی، راستگۆیی و ئەمانەتداری، دوورەپەرێزی لە غەش و فێڵ و فریو، لێبوردەیی بەرانبەر بە هەموان، خواویستی و دینداری، پارێزگاری لە نوێژەکان و دووری لە بێئاگایی.

حاجی سەلمان قوتابخانەیەکی فێرکردنی سیفەتە بەرز و بڵندەکان بوو، نازانم لە کوێ و چۆن ئەم گشتە سیفەتە جوانانەی لە خۆدا جەم کرد بوو!

دوای شەش مانگ راهێنان، رۆژێ بانگی کردم و پێی وتم: تۆ شەش مانگە لای من کار دەکەی، تەنانەت رۆژێك نەهاتی بڵێی حەق و کرێی من چەندە، شەش مانگە لە کەسوکارت بڕاوی، ئێستا کاتی ئەوە هاتووە بگەڕێیەوە بۆ شارەکەی خۆت و بۆ لای کەسوکارت، کرێی ئەم شەش مانگەم بۆ هەڵگرتووی، دە هەزار دینارە، بڕۆ لە شارەکەی خۆتان دوکانێکی قوماش دابنێ، تەلەفوونم بۆ بکە با قوماشت بۆ بنێرم، چەندت پێویست بوو بۆت رەوانە دەکەم، هەر کۆمەکی و یارمەتییەکی ترت پێویست بوو، ئاگادارم بکە.

دە هەزار دیناری عێراقی ئەو رۆژگارە زۆر زۆر بوو، خانوویەکی پێ دەکڕا، خواحافیزیم کرد لە حاجی سەلمان و گەنجەکانی هاوڕێم، دەستی حاجی سەلمانم ماچ کرد، کاتی رۆیشتنم وتی: ئەو کارتۆنە پێچراوەش لەگەڵ خۆت ببە.

وتم: قوربان، ئەمە چییە؟

وتی: هەدیەی منە بۆ تۆ و خانەوادەکەت، شەوەکەی گەڕامەوە بۆ تەکیە، سەید رافیع وتی: دیارە کاتی گەڕانەوەت هاتووە؟

وتم: دەمەوێ سبەینێ بگەڕێمەوە.

وتی: کەوابوو با بچین بۆ لای سەید تەها، خواحافیزی لێ بکە.

چووینە خزمەتی سەید تەها، بۆنی باوکمی لێ دەهات، خۆم پێ رانەگیرا، دەستم بە گریان کرد.

سەید تەها دەستی خستە سەر سەرم، وتی: مەگری، تۆ بۆ ئێمە تام و بۆنی باوکت دەدەی.

زانیم سەید رافیع بە مۆڵەتی سەید تەها باسی باوکمی بۆ کردم، وتم: تۆ لە جێی باوکمی، من زۆر شەرمەزارم، ئەم ماوەی شەش مانگە نەمتوانی وەك پێویست بێمە خزمەتت.

سەید تەها وتی: بە رۆژدا بە کارەوە ماندووبووی، بۆیە شەوان لە تەکیە پشوو و ئیسراحەتت پێویست بوو.

وتم: قوربان، من دەمەوێ بگەڕێمەوە، هاتووم خواحافیزیت لێ بکەم، گەڕامەوە دەمەوێ دوکانی قوماش دابنێم، پێویستم بە دوعای خێرە.

سەید تەها وتی: خودا دەرگای رۆزی حەڵاڵت لێ بکاتەوە، رێگەی باوکت بەرمەدە، ئەو پیاوێکی صاڵحی حەڵاڵخۆر بوو، دەمەوێ شتێکت پێ بڵێم ژیرانە و حەکیمانە ئەنجامی بدە.

وتم: من لە خزمەتم.

وتی: ئاگاداری کەسێك سەرمایە و دەستمایەی باوکتی برد و خواردی.

وتم: بەڵێ، کەسێکی خوانەناس.

وتی: باوکت وازیهێنا لە دوکانی قوماشفرۆشتن، هەرچەند من پێم وت وازمەهێنە لەو کارە.

وتم: بەڵێ.

وتی: ئێستا کەسێکی تر لە هەمان دوکان بووە بە قوماشفرۆش.

وتم: بەڵێ، دەزانم.

وتی: ئەو دوکاندارە و بازرگانێکی چاوچنۆکی بەغدادی و کابرایەکی ساحیر، هەر سێ شەریکن لە خواردنی پارەکەی بابت، کابرای قوماشفرۆش لە مەرکەزی پۆلیس بە گرتن بدە، ئەو مەرکەزەی لەناو چەقی بازاڕەکەیە، مفەوەزێکی تێدایە ناوی سەعدوونە، پێشەکی بابەتەکە بۆ ئەو باس بکە، خودا ئاسانی دەکات و حەقەکەتان وەردەگرنەوە، ئەو سەعدوونە کوڕێکی هەیە بێکارە، بەڵام کەسێکی پاك و زیرەك و باشە، بیکە بە شاگردی دوکانەکەت، بە ناوی منەوە بچۆرە لای سەعدوون، سەلامی منی لێ بکە.

سەید رافیع وتی: ئەوە مژدەکەت پێ درا، خەونەکەی پێکەنینی باوکت.

بە بیستنی ئەو قسە زۆر دڵخۆش بووم، سەید تەها دواین ئامۆژگاری بۆ من ئەوە بوو وتی: لەگەڵ دایکت و هاوسەرەکەت و خوشکەکانت باش بە، جێگەی باوکت پر بکەرەوە.

دەستی سەید تەهام ماچ کرد و خوا حافیزیم لێ کرد، گەیشتمە دەرگاکە، سەید تەها وتی: بە یادی جارانی بابت جار جار سەردانمان بکە.

وتم: إن شاء الله، ئێوە لە یاد ناکەم، ئێوە گەورەی منن، چاوەڕوانی دوعای خێرتانین.

دواین شەوم بوو لەگەڵ سەید رافیع، وتم: سەید رافیع، من نازانم چۆن شوکر و سوپاسی خۆم بۆ تۆ دەربڕم، ئەم شەش مانگە بۆ من مامۆستایەکی مەزن بووی، زۆر شتی باش لە تۆوە فێربووم، بە راستی جیابوونەوە لە تۆ خەم و پەژارەیە بۆ من.

سەید رافیع وتی: عیرفان گیان، ژیانی دنیا هەرچەند درێژ بێت، هەر کورتە، تەنانەت گەر سەد ساڵ پێکەوە بین، دواجار مردن لە یەکترمان دادەبڕێت، ئێمە دەبێ هۆگریمان بە کەسێك ببەخشین هەمیشە لەگەڵمانە، دەبێ هۆگریمان بە خودا ببەخشین، خودا هەموو دڵە پاکەکان کۆدەکاتەوە، ئەوەش بە یاد کردنی خودا، تۆ یادی خودا بکە، منیش یادی خودا دەکەم، خودا کۆماندەکاتەوە، عیرفان گیان، دەبێ ئاسوودەیی و بەختەوەریمان بە خوداوە بێت، چاوببڕینە کۆبوونەوە لە بەهەشت، لە خزمەتی پێغەمبەران و صاڵحان.

کۆتا قسەم ئەوە بوو پێم وت: سەید رافیع، پێمخۆشە سەردانم بکەی، من لە دۆستایەتی تۆ زۆر خۆشحاڵم.

سەید رافیع وتی: تۆ بە خێر و سەلامەت بگەڕێوە شارەکەی خۆت، حەقەکەی باوکت وەربگرەوە، دوکانێك دابنێ، ئەو کات خودا کەریمە، توانیم سەردانت دەکەم.

هەموو قسەکانی سەید رافیع کاریگەر بوون، دەروازەی جیهانێکی تری بە رووداً دەکردەوە.

ئەو شەوە دواییین خەونم لە ژووڕەکە بینی: لە خەونەکە تەمەنم هەڵکشابوو، مووی سپی کەوتبووە ریشم، هەوڵی سەرکەوتنم دەدا بەسەر چیایەکدا، نزیك بووبوومەوە لە گەیشتن بەسەر شاخەکە، بەڵام لەسەر شاخەکەوە لوتکەیەك بە ئاسماندا چوو بوو، دەمویست بەو لوتکەش بگەم.

بەیانی خوا حافیزیم لە سەید رافیع و دۆستانی ناو تەکیە کرد، سەید رافیع وتی: هەتا گەراج لەگەڵت دێم، گەیشتینە گەراج و بە چاوی پڕ فرمێسکەوە خواحافیزیم لە سەید رافیع کرد، ئەو وای نیشان دا ناگری، بەڵام کاتێ پشتی هەڵکرد و رۆیشت ئاگام لێ بوو بە دەستەکانی فرمێسکی لە چاوان دەسڕی.

نزیك عەسر بوو گەیشتمەوە شارەکەی خۆمان و بەر دەرگای ماڵی خۆمان، هەناسەیەکی قوونڵم هەڵمژی، تەقەم دا لە دەرگا، دایکم دەرگای کردەوە، هەردوو ئاوێزانی یەکتر بووین، دایکم لە خۆشیدا زۆر گریا، خێزانم بە فرمێسکی خۆشییەوە بەرەو پیریم هات، خوشکەکانم بەپێی پەتی و بە راکردن هاتن بۆ لام، ساتێکی پڕ لە خۆشی و سروو بوو، ئەو ساتەم دەهاتەوە یاد قورئان بۆ ئەهلی بەهەشتی باس دەکات: (بە خۆشی و سروورەوە دەچێتەوە بۆ ناو خانەوادەی[٤١]).

سێ شەو و سێ رۆژ لە ماڵی ئێمە خۆشی و شادی بوو، پوورەکانمان و خزمان و خەڵکی گەڕەك پۆل پۆل دەهاتن بۆ بەخێرهاتنەوەم، تا هەفتەیە میوانمان هەبوو.

دایکم وتی: نامەکەتمان بە دەست گەیشت، سەبووری و ئارامی بوو بۆمان.

هەموو ئەوەی پەیدام کرد بوو رادەستی دایکمم کرد، زۆر دڵی خۆش بوو، چونکە هەستی کرد گەورە و پشتیوانێك هەیە بۆ خێزانەکە، زۆر دوعای بۆ کردم.

دوای تەواوبوونی میوان وتم بە خێزانم ئەو کارتۆنە پێچراوە بهێنێت کە حاجی سەلمان وتی دیاری منە بۆ ئێوە.

-.-.-.-.-.-.-.-.-.-.-.-.-.-.-.-.-.-.-

[٤١] ئامازەیە بە ئایەتی: (وَيَنْقَلِبُ إِلَىٰ أَهْلِهِ مَسْرُورًا).

کارتۆنەکەمان کردەوە، لە سەر شتەکان نامەیەکی دانابوو، نامەکەم کردەوە تیایدا نووسی بووی: بۆ خزمەت خوشکی خۆم، پەری خان، خودا سەبووری خۆت و کچەکان و کاکە عیرفان بدات، مردنی هاوڕێی خۆشەویستم، جەنابی مامۆستا، وەك مردنی برایەکم بوو، ئەو ساڵانە دەهات بۆ سەردانم، داوامە خودا بە بەهەشتی بەرین شادی بکات.

ئەمە هەدیەی خێزانمە بۆ خۆتان و کچەکان و خێزانی کاك عیرفان.

هەدیەکان کۆمەڵێك قوماشی ئاورشم بوون بۆ ئافرەتان، لەگەڵ چوار جووت گوارەی زێڕ و چەند ملوانکەیەك بە بەردی بەنرخ، و چوار تاك بازنی زێڕ، لەگەڵ هەزار دیناری عێراقی.

لە کۆتایی نامەکەدا نووسیبووی: برات: حاجی سەلمان.

دایکم پرسی: رۆڵە، ئەم حاجی سەلمانە کێیە؟

وتم: دایە گیان، ئەو پیاوە بازرگانەیە من شەش مانگ لە لای کارم کرد، بەڵام ئەو شەش مانگە بە منی نەوت باوکت دەناسم.

ئەوجا هەرچیم بینی بوو لە شاری موسڵ بۆ دایکم و خوشکانم باس کرد، سەید رافیع، سەید تەها، خەڵکی تەکیە، حاجی سەلمان و پیری گەڕۆك و تەواوی رووداوەکانی تر، بۆم باس کرد حاجی سەلمان چەند پیاوێکی مەرد و موسڵمانە.

دایکم وتی: گلەییم هەبوو لە باوکت بۆچی نەیتوانیوە دۆستەکانی بناسێ و رەفیقی کەسی نامەردی کردووە و ماڵ و سامانەکەی لەدەستدا، بەڵام لێرە بەدواوە ئەو گلەیی و کەسەرە لە دڵم دەسڕمەوە، کاتێ دەبینم ئەم کۆمەڵە دۆستەی هەبووە.

وتم: دایە گیان، خەم مەخۆ، ئەو پارە دزراوەش دێتەوە دەستمان و ئەو ناپاکانە یە سزای خۆیان دەگەن.

پرسی: چۆن؟

وتم: با ئەمەیان بمێنێ، دواتر هەموو شتت بۆ باس دەکەم.

شەوی چوارەم:

شاری ویلایەت (شاری نهێنییەکان)

لە رێگەی مام سەعدوونەوە، ئەویش لە رێگەی چەند بەرپرسێکی باڵاوە، سێ تاوانبارەکەم بە سزای یاسا گەیاند و پارەکەی باوکم وەرگرتەوە، دوکانێکی قوماشم دانا، بە تەلەفوون لای حاجی سەلمان قوماشم داوا دەکرد، و ساغم دەکردەوە، کوڕەکەی کاك سەعدوون ناوی هەڵمەت بوو، هێنامە لای خۆم، حاجی سەلمان فێری کردبووم چۆن هەڵسوکەوت بکەم لەگەڵ کڕیار و شاگرد و خەڵکی بە گشتی، هەڵمەت گەنجێکی دڵ و دەست پاك بوو، زیرەك و بەرەوشت بوو، جێگەی متمانە بوو، وەك برازای خۆم هەڵسوکەوتم لەگەڵ دەکرد، خودا دەرگا و دەروویی لێکردینەوە، کردم بە دوکانێکی گەورە، سااڵێ دوو سێ جار دەچووم بۆ شاری موسڵ، سەردانی سەید تەها و سەید رافیع و حاجی سەلمانم دەکرد، قەرزی هێنانی قوماشەکانم لەگەڵ حاجی سەلمان ساف دەکرد، لە خزمەتی دۆستەکانی باوکم پشوویەکم بە رۆحی خۆم دەدا، چونکە کاری دوکانداری سەرقاڵی کردبووم.

هەر لەو ساڵانەدا خوشکەکانم بە مێرد دا و هاوسەرگیرم بۆ رێکخستن، خودا منداڵێکی بە خۆم بەخشی، هێشتا دایکم سایە و سێبەری لەسەرمان ماوە، بەردەوام ئافرەتان دێن بۆ لای، هەریەکەیان بۆ مەبەستێك و تیماری دەردێك روو لە دایکم دەکەن، دایکیشم میهرەبانانە

پێشوازییان لێ دەکات، گوێیان بۆ دەگرێت، زۆر شتی جوانیان فێر دەکات، کێشەکانیان بۆ چارەسەر دەکات.

لە یەکێك لە سەردانەکانم بۆ شاری موسڵ، سەید رافیع وتی: دەمەوێ بگەڕێمەوە بۆ شام و لە حەڵەب نیشتەجێ بم، پیری گەڕۆك و سەید تەها داوام لێ دەکەن بگەڕێمەوە بۆ شام، جاری داهاتوو لە حەڵەب یەکتر دەبینین، وەرە سەردانم بکە، هەرکات هاتی وەرە مزگەوتی گەورەی شاری حەڵەب، لە مامۆستای مزگەوتەکە و خەڵکی مزگەوتەکە پرسیاری من بکە، دەمبینییەوە.

دوو ساڵ بەسەر گەڕانەوەی سەید رافیع بۆ شام تێپەڕی، ئارەزووی دیداری ئەو کەوتە سەرم، بڕیارمدا سەردانی بکەم، چوومە ئوردەن و لەوێوە داوای ڤیزەی سوریام کرد، عێراق لەگەڵ سوریا نێوانی نەبوو.

چووم بۆ شاری حەڵەب و رووم لە مزگەوتی گەورەی شار کرد.

شاری حەڵەب دەکەوێتە باکوری سوریا، دووەمین شاری گەورەی سوریایە، دەشتی بە پیت دەورەی داوە، بۆیە بووە بە شارێکی بازرگانی و کشتوکاڵی، هاوینی گەرمە و زستانی سارد، لەگەڵ بارانی مامناوەند.

قەڵای حەڵەب لە چەقی شاردا، بەناوبانگترین شوێنی شارەکەیە، یەکێکە لە مەزنترین قەڵاکانی جیهان، بازاڕە دێرینەکەی شار سەرگیراوە

و بووە بە قەیسەری، یەکێکە لە قەرەباڵغترین شوێنی شار، موجەوهەرات و قوماش و سابوونی حەڵەبی و شتی توحفەی لێ دەفرۆشرێت.

شارەکە کۆمەڵێك خانووی کۆنی تێدا ماوە بۆ سەدەکانی ناوەڕاست دەگەڕێنەوە، خانووەکان لە ناوەوە حەوشەیەکی بەرینیان هەیە و حەوز و نافوورەی ئاویان بۆ دروستکراوە، لەگەڵ باخچەیەکی بچووك، دیوارەکانیان بەردی ئەستووری سپی و رەش، سەقفەکانیان بەرز و بڵند، بۆئەوەی لە هاویندا فێنکی بە ماڵەکە ببەخشن، هەندێ لە خانووەکان بۆ سەدەی شازدە تا نۆزدەی سەردەمی عوسمانی دەگەڕێنەوە، زەخرەفە و جوانکاری زیاتریان بۆ کراوە، بەتایبەت دەرگا و پەنجەرەکان، پەنجەرەکان بە زۆری لە دار دروستکراون، نیوە بازنەیی و لاکێشەیی، خانووەکەی ئەجقباش بۆ سەدەی هەژدە دەگەڕێتەوە، ژیانی نەرێتی و باوی حەڵەبییەکان نمایش دەکات.

ئەو خانوانەش بۆ سەدەی نۆزدە و بیست دەگەڕێنەوە، نوێگەرییان پێوە دیارە، بەڵام شقڵ و مۆرکە حەڵەبییەکەیان بزر نەکردووە، لەگەڵ پەنجەرەی گەورە و باڵکۆنی بەرین.

مزگەوتی گەورەی شار کە بە مزگەوتی ئەمەوی بەناوبانگە، توحفەیەکە لە تەلارسازی و مێژوویەکی دێرین، کۆنترین مزگەوتی

شارەکەیە، مێژوویەکی دێرینی هەیە، ئەندازیاری و تەلارسازی بیناکە گەشە و گۆڕانی هونەری ئیسلامی نیشان دەدات.

لە سەدەی هەشتی زایینی لە لایەن دوو خەلیفەی ئەمەوی، وەلیدی کوڕی عەبدولمەلیك و سولەیمانی کوڕی عەبدولمەلیك، دروستکراوە، بە درێژایی چاخی زەنکییەکان و چاخی ئەیوبییەکان و چاخی مەملووکییە و چاخی عوسمانییەکان، چەندین جار نوژەن کراوە و زەوی دراوەتە دەم و بەرین کراوە، هەر چاخێك هونەری جوانکاری خۆی لەسەر بیناکە بەجێهێڵاوە.

مەیدانی بەرینی مزگەوتەکە بە بەردی روخام رەسیف کراوە، مێژووی دروستکردنی منارەکەی بۆ کۆتایی سەدەی یازدەهەمی زایین دەگەڕێتەوە، نموونەیەکە لە تەلارسازی ئیسلامی.

سەقفی مزگەوتەکە بە پایەی زەبەلاح راوەستاوە، میحرابێکی بەرین و زەخرەفەی کەوانەیی، دەوترێ گۆڕی پێغەمبەر زەکەریا لەو مزگەوتەدایە، پێشتر لەو جێگە بووە و دواتر مزگەوتەکە دروستکراوە.

بە درێژایی مێژوو مزگەوتی ئەمەوی ناوەندێك بووە بۆ زانستە ئیسلامییەکان، بەڵکو زانکۆیەکەیەکی مەزن بووە و هەزاران زانای پێگەیاندووە.

شاری حەڵەب پایتەختی بازرگانی شامە و دەکەوێتە سەر ڕێگەی کۆنی حەریر، ناوەندێکە بۆ پیشەوەری دەست و چنین.

دوای دوو ساڵ یەکتر نەبینین لەگەڵ سەید رافیع بە یەکتر شادبووینەوە، بە ناو مزگەوتەدا منی گێڕا و مێژووی مزگەوتەکە و شاری حەڵەبی بۆ باس کردم، ئەوجا فەرمووی لێ کردم بۆ ماڵەوە، لێم کردە شۆخی و وتم: سەید رافیع نەمبەی بۆ تەکیەیەکی تر!

سەید رافیع بە خەندەیەکی شیرینەوە وتی: بۆ مەگەر لەو تەکیە زەرەرت کرد تا ترسی چوون بۆ تەکیەت هەبێت؟!

وتم: هەتا مردن شوکری خودام پێ تەواو ناکرێت بۆ گەیشتن بەو تەکیە و ناسینی ئێوە.

سەید رافیع لە حەڵەب هاوسەرگیری کرد بوو، خودا دوو منداڵی دوانەی پێدا بوو، ماڵێکی خنجیلانەی پڕ بەرەکەتی پێکهێنا بوو، لێم پرسی: خانووی خۆتە؟

وتی: حەمد و سەنا بۆ خودا، هەندێ زەوی و عەقارمان هەبوو فرۆشتم و ئەم خانوەم لێرە پێ کڕی،

خێزانەکەی ئافرەتێکی میوانپەزێر و زمان شیرین بوو، دیاربوو لەگەڵ سەید رافیع زۆر تەبا و بەختەوەر بوون.

شەوەکەی لە سەید رافیعم پرسی: بە چ کارێکەوە خەریکی؟

سەید رافیع ماوەیەك خامۆش بوو، ئەوجا وتی: مرۆڤ بێ کار نابێت، بەتایبەت گەر خانەوادەی هەبێت، سەرقاڵی کڕین و فرۆشتنی تەڵا و زێڕ و زیو و بەردی بەنرخم.

پرسیم: دوکانت هەیە؟

وتی: نا، گەڕۆکم، پاش کەمێك وەستان لە منی پرسی: تۆ چی دەزانی دەربارەی (نهێنی سیمیا)؟

هەندێ بە سەرسامییەوە وتم: یەکەمجارە ئەو ناوە دەبیستم، (نهێنی سیمیا) چییە؟

سەید رافیع وتی: (سیمیا یان خیمیا) زانستێکی دێرینە، دەربارەی تێگەیشتن لە نهێنییەکانی گەردوون و رۆح، سێ زانست کۆدەکاتەوە: (فەلسەفە، کیمیا، رۆحانیات)، ئامانجەکەی گۆڕینی کانزای هەرزانە بۆ زێڕ، هەروەها گەڕان بە دوای نهێنی درێژبوونەوەی تەمەن.

وتم: سەید رافیع وتت ئەم زانستە کۆنە، بۆ کەی و بۆ کێ دەگەڕێتەوە؟

سەید رافیع وتی: منیش دەمویست ئەوەت بۆ باس بکەم، (سیمیا) لە چەندین شارستانی کۆن و نوێدا سەریهەڵداوە و گرنگی پێدراوە، لەوانە شارستانێتی دۆڵی رافیدەین، سۆمەرییەکان و بابلییەکان و ئاشووریەکان، هەروەها لە شارستانێتی میسریە کۆنەکان و هندستان و

چین، پاشان لە شارستانێتی جیهانی ئیسلامی و دواتریش لە ئەورووپا پەرەیسەندووە.

وتم: دەمەوێ هەندێ وردتر و درێژتر باسم بۆ بکەی، بۆ نموونە لە شارستانێتی سۆمەرییەکان چ هەوڵێك دراوە بۆ ئەم زانستە؟

وتی: خەڵکی دۆڵی رافیدەین باوەڕیان وابوو، گەردوون لە کۆمەڵێك توخمی پیرۆز پێکهاتووە، ئەم توخمانە بە ویستی خواوەند لەگەڵ یەکتر کار دەکەن و کانزاکان پێکدەهێنن، ئەوان کوورەی تواندنەوەی کانزاکانیان هەبوو، رەنگ و بۆیاخیان لە تواندانەوەی ئەو کانزانە دروست دەکرد، دڵۆپاندنیان هەبوو بۆ دەرهێنانی عەتر و و بۆنی خۆش و زەیتی عەتری، ئەوەش یەکێکە لەو بنچینانەی دواتر کیمیا شانی لەسەر دادەدات، هەندێ پێکهاتەی کیمیاییان دۆزییەوە، لەوانە خوێیەکان و کبریت کە لە کاری پزیشکی و پیشەکانی دەستدا بەکاریان دەهێنان.

پرسیم: سەید رافیع ئەم زانیاری و زانستانەی ئەوان چۆن گوازراوەتەوە بۆ ئێمە؟

وتی: بە رێگەی نووسین، نووسینی بزماری لەسەر تەبەڵەی قوڕین و بەردین، تەبەڵەی قوڕین و بەردینی چاخی بابلی -کە بە نووسینی بزماری نوسراوە- کۆمەڵێك هەنگاویان تێدا تۆمار کراوە بۆ ئامادە کردنی موادی کیمیایی، ئەمەش دەبێتە بنچینەیەکی تر بۆ کیمیا لە شارستانێتەکانی

دواتر، ئەوان بۆ کاری کیمیاگەری دین و سیحر و زانستیان تێکەڵ کرد بوو.

وتم: سەید رافیع، باسی شارستانێتی میسری کۆنم بیستووە، بە تایبەت زانستیان لە مەیدانی کاری پزیشکی و مۆمیاکردن، لە زانستی سیمیادا چ هەنگاوێکیان ناوە؟

سەید رافیع وتی: با بچم دوو چا بهێنم، باسەکەت بۆ تەواو دەکەم، دوو چای حەڵەبی هێنا و باسەکەی دەست پێ کردەوە و وتی: شارستانێتی میسری کۆن رۆڵ و کاریگەری زۆری هەبووە لە پێشخستن و پەرەپێدانی ئەم زانستە، ئەوان باوەڕیان وابوو دەکرێ گۆڕان بەسەر مادەکاندا بهێنرێت، وەك چۆن رۆح لەدوای مردن گۆڕانی بەسەردا دێت، ئەمەش بیری گۆڕانکاری کیمیایی مادەکانی بەهێزکرد، کیمیاگەرانی کۆنی میسر باوەڕیان وابوو کردە کیمیاییەکان هەروەك سوڕی ژیان و مردن و زیندووبوونەوەن، خواوەندی توحوت پارێزەری مەعریفە و خیمیایە.

پرسیم: سەید رافیع، میسرییە کۆنەکان دەیانزانی زێڕ و زیو چییە، ئایا لەو سەردەمەدا زێڕ و زیو دۆزرابوونەوە؟

سەید رافیع قومێك چای خواردەوە و پیاڵەکەی ئارامانە خستەوە سەر ژێرپیاڵەکە و وتی: بەڵێ، لەو سەردەمەدا، زێڕ و زیو دۆزرابوونەوە،

میسرییە کۆنەکان لە دەرهێنانی زێڕ و زیو و مس لە کەرەستە خاوەکان و تواندنەوەیان، زۆر لێهاتوو بوون، بە کارلێکی کیمیایی خشت و داڕشتەی کانزاییان دروست دەکرد، هەوڵیان دەدا بزانن سروشتی ئاڵوگۆڕی نێوان کانزاکان چۆنە، لەو کاتەوە بیرۆکەیەك سەریهەڵدا، ئەوەش (چۆن کانزای کەم نرخ بگۆڕین بۆ کانزای بە نرخ)، ئەمە بنچینەییترین بیرۆکەیە لە زانستی سیمیادا.

وتم: سەید رافیع، خودا لە قورئاندا باسی قاروون دەکات، کلیلی گەنجینەی زێڕ و زیوی قاروون بە کۆمەڵێك پیاو هەڵنەدەگیرا، ئەوەندە گەنجینەکانی زۆر بوون، بڵێی ئەم زانستەی لا بووبێت، زانستی گۆڕینی کانزای کەم نرخ بۆ کانزای بە نرخ؟

سەید رافیع دواین قومی لە چاکە گرت و وتی: ئەی ئەوە نییە کاتێ هۆزەکەی پێی دەڵێن لە ماڵ و سامانەکەت ببەخشە، چاکە بکە وەك چۆن خودا چاکەی لەگەڵ کردووی، قاروون دەڵێت: من ئەم ماڵ و سامانەم بە زانستی خۆم پێکەوەناوە، دەبێ بپرسین ئەو زانستە کامە بوو لای قاروون بوو؟

پرسیم: ئەو زانستە کامەیە؟

سەید رافیع وتی: زانستی گۆڕینی کانزای کەم نرخ بۆ کانزای بە نرخ، وەك زێڕ و زیو، میسرییەکان چوار کردە فێربووبوون: دڵۆپاندن،

نیشاندن، بلووراندن، ترشاندن، ئەمانە کۆمەڵێك کردە و گۆڕانن بەسەر مادەدا دێن، ئەو دوو گەنجەی لەگەڵ یوسف پێغەمبەر بەند کران، هەریەکەیان خەونێکی بینی، یەکێکیان لە خەوندا بینی لە میوە عارەق دروست دەکات، یوسف تەئویلی خەونەکەی بۆ کرد و وتی: تۆ دەبیت بە مەیگێڕی مەلیك و عارەقی بۆ تێدەکەی، کەوابوو کاری ترشاندن لەو سەردەمەدا هەبووە، ئەمەش واتە زیاتر لە هەزار و شەشسەد ساڵ پێش لەدایکبوونی عیسا، ترشاندن لە میسر بوونی هەبووە.

لێرەدا هاتمە ناو قسەکانی و وتم: سەید رافیع هەندێ شتم دەربارەی مۆمیاکردن بۆ باس بکە.

سەید رافیع سینی پیاڵەکانی هەڵگرت و بردییەوە بۆ چێشتخانەکە و گەڕایەوە و وتی: سێ هەزار و دووسەد ساڵ بەر لە میلاد، واتە نزیك بە پێنج هەزار ساڵ پێش ئێستا، مۆمیاکردنی جەستە لە میسر هەبووە، مۆمیاکردن چەندین مواد و کەرەستەی پێویست بووە، ئاڵۆزترینیان جێبەجێ کردنی سیمیایە، نیترۆن کە بریتییە لە کاربۆنات و بیکاربۆناتی سۆدیۆم بۆ وشکردنەوەی جەستە بەکارهێنراوە، شیلەی داری سنەوبەر و داری ئەکاسیا و زەیتی بۆنداریان بۆ پارێزگاری شانەکانی جەستە بەکارهێناوە، مادەی قاڕی لینج کە بە رێگەی دڵۆپاندن لە بەرد و درەخت دەریانهێناوە، لەگەڵ مادەیەکی تاڵ کە لە ریشاڵی درەختی بیابانی

دەریانهێناوە، هاوڕێ لەگەڵ "لەبان" کە لە درەختی لەبان دەریانهێناوە، ئەم سێ مادەیان تێکەڵ دەکرد و بەکاریان دەهێنا بۆ ڕێگری لە شیبوونەوەی جەستە، مۆمیاکردن زانستێکی فرە وردە، هەروەها بۆیاخ و بۆنی خۆش و کەرەستەی جوانکاری و شووشەیان بە ڕێگەی کیمیایی بەرهەم هێناوە، ترشەکان و ئۆکساندنیان دۆزیوەتەوە و بۆ نەقشی سەر کانزا و پارێزگاری جەستە بکاریانهێناوە.

پرسیم: ئایا میسرییەکان گەیشتبوونە بەرهەم هێنانی دەوا بە ڕێگەی کیمیایی بۆ چارەسەری نەخۆشییەکان؟

سەید رافیع وتی: قوڕی بەبەردبوو و مادەی کیمیایی بەبەردبوو دۆزراوەتەوە بۆ دروستکردنی دەرمان و بۆیاخ و کانزا بەکارهاتوون، بە ئاشکرا کارلێکی کیمیایی و دەوا لەخۆ دەگرن، بیری زانستی سیمیا لە قوتابخانە میسرییەکانەوە گوازراوەتەوە بۆ ئیغریق و ڕۆمان، هەرامیسەی ئیغریق چەندین مانایان لە زانستی سیمیا لە میسرییەکان وەرگرتووە.

لێرەدا وتم: سەید رافیع نابێ شارستانی چین لەم مەیدانەدا بێ قسە بێت، ئەوان چی دەڵێن؟

سەید رافیع وتی: بێگومان چینییەکان قسەی خۆیان هەیە، زانستی پزیشکی لای چینییەکان بەشێکە لە کەلەپووری ڕۆشنبیری و فەلسەفی ئەوان، سیمیا لای چینییەکان کۆمەڵێك تێگەیشتنە مامەڵە دەکەن لەگەڵ

هاوسەنگی نێوان توخمە جۆراوجۆرەکان لە گەردووندا، هەر بەو جۆرە پەیوەندی مرۆڤ بە سروشتەوە، سیمیا چووەتە ناو فەلسەفەی چینەوە، وەك فەلسەفەی تاوییەکان و کۆنفۆشیوسییەکان.

وتم: پێمخۆشە وردتر لە بارەیەوە باسم بۆ بکەی.

وتی: سیمیا لای چینییەکان لەسەر (ین) و (یانغ) شان دادەدات، ئەوەش بنەمایەکە هاوسەنگی نێوان هێزە دژ بەیەکەکان رۆشن دەکاتەوە، ئەو هێزانەی گەردوون و ژیان پێکدەهێنن، هەرچی شتی ناو ژیانە پەیوەستە بەم دوو بنەماوە: (ین)، (یانغ)، ین لایەنی مێینەیی، سارد، تاریك، سالب، نەرێنی، نمایش دەکات، لە کاتێکدا (یانغ) لایەنی نێرینەیی، گەرم، رۆشن، موجەب، ئەرێنی، نمایش دەکات.

وتم: ین و یانغ، چاك و خراپیش دەگرێتەوە؟

وتی: ئەوان بە چاك و خراپ تەماشای هیچ کام لەو دوانە ناکەن، هەردووکیان لە ژیان بوونیان هەیە، هاوسەنگی نێوانیان هەموو داهێنان و چاکە و خێر و خۆشییەك بەرهەم دەهێنێت، تێکچوونی هاوسەنگی نێوانیان و زاڵبوونی یەکێکیان بەسەر ئەویتردا، کاولکاری و وێرانبوونی مرۆڤ و ژیانە.

پرسیم: ین و یانغ چۆن باس لە زانستی سیمیا دەکات؟

وتی: سیمیا لای ئەوان پێنج توخم لە خۆ دەگرێت: (دار، ئاگر، خاك، کانزا، ئاو)، ئەمانە ئەو رەگەزانەن لەگەڵ یەکتر کارلێك دەکەن و گەردوون پێکدەهێنن، بەکارهێنانی سیمیای چینییەکان بوار و مەیدانی زۆرە، لەوانە کاری پزیشکی و چارەسەر، لای چینییەکان کاری پزیشکی و چارەسەر پەیوەستە بە هەڵقوڵاندن و دەرپەڕاندنی وزەی زیندوو لە جەستە کە بە زمانی چینی پێی دەڵێن (چی)، ئەوان بە دەرزی ئاژن و گیای پزیشکی و چارەسەر بە کەڵەشاخ، ئەم وزە لە جەستە هەڵدەقوڵێنن، لای ئەوان سیمیا لە فەلەك و هونەری ئەستێرەناسی و دروستکردنی بینادا بەکاردەهێنن، بە جۆرێ دەرگا و پەنجەرە دادەنێن هاوسەنگی بە وزە بدەن لە ماڵەکاندا، لای چینییەکان سیمیا تێگەیشتنە لە گونجان و تەبایی لە ژیانی رۆژانە، گونجان و تەبایی لەگەڵ خۆ و دەرەوەی خۆ، گونجان لەگەڵ سروشت، لەگەڵ سەرهەڵدانی رووداوەکان بەبێ ئەوەی بەرەنگاریان ببینەوە، سیمیای چینی نەقشی خۆی لەسەر هونەری وێنەکێشان و هۆنراوە و مۆسیقا بەجێهێڵاوە، لە پێش میلادەوە سیمیای چینی سەریهەڵداوە، بەردەوام بووە لە گەشە و گۆڕان تا ئەم رۆژگارە، لای ئەوان سیمیا ئامرازێکە بۆ جێگیربوونی دەروونی و جێگیربوونی سیاسی و کۆمەڵایەتی، تاکو ئێستاش سیمیا لە کاری پزیشکی شەعبیدا رۆڵ و کاریگەری هەیە و یابان و کۆریاش پێی کاریگەرن.

دوای ئەوەی هەندێ میوەمان خوارد، وتم: سەید رافیع باسی سیمیام بۆ بکەلای هندەکان؟

وتی: رەگ و ریشەی سیمیا لای هندەکان بۆ ڤیدایی و بودایی و هندۆسی دەگەڕێتەوە، بە (راسایانا) ناوزەدیان کردووە، راسایانا لقێکە لە کیمیای نەرێتی هەوڵدەدات بۆ بەدەستهێنانی درێژکردنەوەی تەمەن و پارێزگاری لە تەندروستی و گۆڕینی کانزای کەم نرخ بۆ کانزای بە نرخ، (ناگارجونا) مەزنترین زانای هندی بوو، هەستا بە پێشخستنی سیمیای کۆنی هندی، چەند کارێکی مەزنی ئەنجامدا، لەوانە: بەکارهێنانی جیوە و کانزا لە کاری پزیشکی هندیدا، بە کردەی کیمیایی چەندین پێکهاتەی کانزایی بەسوودی ئامادە کرد، زانایانی هند هەوڵیاندا ئاسن و مس بگۆڕن بۆ زێڕ بە کردەیەکی کیمیایی ئاڵۆز، هەندێ لە دەقە هندییەکان ئاماژە بۆ بەکارهێنانی هەندێ گیای نهێنی و کانزای نهێنی دەکەن بۆ سەرخستن و هێنانەدی ئەو کارە.

لێرەدا سەید رافیع وەستا، رۆیشت دەستنوێژێکی هەڵگرت و هاتەوە دوو رکات نوێژی کرد، دواتر دانیشتەوە، پێم وت: باسی سیمیات نەکرد لە شارستانی ئیسلامدا؟

سەید رافیع وتی: لە شارستانی ئیسلامدا سیمیا لە سیحر و دەجەل جیاکرایەوە، راستە تێکەڵ بوو بە فەلسەفە، بەڵام وەك زانستێك سەرنج

دەدرا، شارستانێتی فارس و هند و یۆنان کاریگەرییان هەبوو لە سەرهەڵدانی سیمیا لە شارستانێتی ئیسلامدا، ئەوەش لە رێگەی وەرگێڕانەوە، زانایانی موسڵمان جیوە و کبریتیان لە کاری پزیشکیدا بەکارهێناوە، بەناوبانگترین زانای موسڵمان لەم مەیدانەدا جابری کوڕی حەیانە، ئەو بە باوکی کیمیا ناسراوە، دڵۆپاندنی بۆ جیاکردنەوەی مادەی جۆراوجۆر، و بلوراندن بۆ پاککردنەوەی پێکهاتەکان، وغازاندن کە بریتی بوو لە گۆڕینی مادەی رەق بۆ غاز بەبێ گوزەرکردن بە قۆناغی شلیدا، و کلساندن کە بریتییە لە جیاکردنەوەی مادەی ئۆرگانی لە کانزاکان، هەموو ئەمانە مشتێکن لەو خەرمانە بەرینەی لە مەیدانی کیمیادا پەرەی پێداوە، ئەو مواده کیمیاییەکانی پۆلێن کردووە بۆ:

رۆحی مادەکان، وەك جیوە و کبریت.

کانزاکان، وەك زێڕ و زیو و ئاسن.

پێکهاتەکان، وەك خوێیەکان و ترشەکان.

جابری کوڕی حەیان بیردۆزەیەکی داهێنا بە ناوی بیردۆزەی یەکگرتنی کبریت و جیوە، جابر پێیوایە هەموو کانزاکان لە یەکگرتنی ئەم دوو توخمەوە سەرهەڵدەن، رێژەی پێکهاتەی یەکگرتنی ئەم دوو توخمە جۆری کانزاکە دیاری دەکات، زێڕ بێت یان زیو، ئەو باوەڕی وابوو کانزای پاك وەك زێڕ، لە یەکگرتنی کیبریتی پاك و جیوەی پاك پێکدێت،

کانزا ناخاوێنەکانیش، وەك ئاسن و مس خەڵتەی یەکێك لەو دوو توخمەیان تێدایە، ئەو پێیوابوو لە ناو سکی زەوی کێبریت و جیوە بە ڕێژی جۆراوجۆر یەکدەگرن و کانزا جۆراوجۆرەکان پێکدەهێنن، بەپێی ئەم بیردۆزە باوەڕ وایە دەتوانرێ کانزا کەم نرخ و ناخوێنەکان بگۆڕی بۆ کانزای بە نرخ و خاوێن، وەك گۆڕینی ئاسن بۆ زێڕ، هەرچەند زانست ڕەخنە لەم بیردۆزە دەگرێت و ڕەدی دەکاتەوە، بەڵام هەنگاوێکی کاریگەر بوو بۆ سەرهەڵدانی کیمیای ئەزموونی، بە دوای جابری کوڕی حەیاندا سێ زانای تر هاتن، ئەوانەش (ئەبوبەکری ڕازی، و ئەبو ڕێحانی بێروونی، و ئیبن سینا)، زانستی کیمیای ئەوروپا قەرزاری ئەم سێ زانایەیە.

سەید ڕافیع کەمێك بۆی وەستا و وتی: ئەمە کورتەیەك بوو لە زانستی سیمیا، یان خیمیا، یان کیمیا، لە شارستانێتە کۆن و نوێیەکاندا.

پرسیم: لە هیچ کام لەو شارستانێتە کۆن و نوێیانە نەسەڵما کانزای کەم بایەخ دەگۆڕێ بۆ کانزای بە نرخ، تەنها هەوڵی بێ ئەنجام هەبووە؟

سەید ڕافیع وتی: قسەکەی تۆ تەواو ڕاستە، زانایانی کیمیا نەیانتوانیوە ئەو کارە ئەنجام بدەن، کیمیای هاوچەرخیش ئەو بیردۆزە ڕەد دەکاتەوە.

پرسیم: ئەی ئەوەی گوایە قاروون ئەو زانستەی لا بووبێت، بەوەش گەنجینەکانی پڕ کردبێت لە زێڕ و زیو؟

سەید رافیع وتی: ئەهلی تەفسیر لەسەر ئەو بۆچوونە هاوڕەنگ نین، تەنها بۆچوونێکە.

پرسیم: تۆ پێتوایە زانستێك هەبووبێت کاری مەزنی پێ ئەنجام درابێت، پاشان ئەو زانستە بزر بووبێت، یان زانستەکە مابێتەوە و زۆر نهێنی بێت و تەنها لە نێوان چەند کەسێکی کەم هاتوچۆ بکات؟

سەید رافیع چاوی بڕییە چاوەکانم، ماوەیەك بێدەنگ بوو، پاشان وتی: لە چییەوە و لە کوێوە ئەو پرسیارەت بۆ دروست بوو؟

وتم: لەوەوە هەست دەکەم نهێنییەك، زانستێك لای تۆیە، بۆ باسکردن لەناو خەڵك شیاو نییە.

سەید رافیع وتی: قورئان لە چەند شوێنێك ئاماژە بە زانستێکی فرە باڵا دەکات، لە سورەتی (الکهف) لە دوو شوێن، باس لە دوو جۆر زانست دەکات فرە باڵان، خودا هەردوو زانستەکە بە خۆیەوە دەبەستێتەوە، یەکێکیان ئەو زانستەی بە پیاو صاڵحەکە درابوو، ئەو پیاو چاکەی لەگەڵ موسا پێغەمبەر بوون بە هاوەڵ، لە سێ رووداودا باڵابوونی زانستی خۆی بۆ موسا دەردەخات، تەنانەت موسا نایزانێت، خودا دەفەرموێ ئێمە ئەو زانستەمان فێرکرد، جۆری دووەم لە زانست ئەوە بوو خودا بە زولقەرنەینی بەخشیبوو، خودا دەفەرموێ ئێمە ئەومان لە زەوی دامەزراند و هۆی گەیشتن بە ئامانجەکانمان فێر کرد، ئەمە دوو زانست،

زانستێکی قەلبی و زانستێکی ئەقڵی، زانستێك سەرئەنجامی شتەکان دەزانێت، زانستێك هۆیەکان پەی پێ دەبات بۆ گەیشتن بە سەرئەنجامەکان، هەردوو کەسەکە پێغەمبەر نین، بۆئەوەی خودا پێیان بفەرموێ دەکرێت کەسەکە پێغەمبەریش نەبێت و ئەم دوو زانستە فێر ببێت، پاشان لە دوو جێگەی تری قورئان، سورەتی (النمل) و سورەتی (الأعراف) باس لە دوو جۆری تر لە زانست دەکرێت، جۆرێك خێری پێ ئەنجام دەدرێ و دەتوانێ بە چاوتروکانێك عەرشی بەڵقیس لە یەمەنەوە بهێنێت بۆ فەلەستین، ئەم کەسە خودا دەفەرموێ زانستەکەی لە کیتابەوە بەدەست هێنا بوو، زانستی دووەم لە سورەتی (الأعراف) خودا باس لە پیاوێك دەکات زۆرێك لە ئایەت و کەراماتی پێدرابوو، بەڵام خۆی لە هەموو ئەوانە داڕنی و شوێنی هەوا و ئارەزوو کەوت و شەیتان شوێنی کەوت، ئەم کەسە زانستەکەی لە رێگەی خراپەدا بەکارهێنا، لەگەڵ ئەوەی خودا دەفەرموێت ئێمە زانستەکەمان پێ دابوو، هەڵبەت بۆئەوەی کاری چاکەی پێ ئەنجام بدات، بەڵام ئەو لە خراپەدا بەکاریهێنا.

وتم: پوختەی قسان لەم چوار جۆرە زانستە چییە؟

وتی: پوختەی قسان ئەمەیە: زانستێکی شاراوە بوونی هەیە، دەست بە دەست دەگوێزرێتەوە، بەڵام گواستنەوە لە دەستێکی ئەمانەتەوە بۆ دەستی ئەمانەت و شایستە بە هەڵگرتنی زانستەکە.

وتم: ئێستا هاتینە سەر ئەسڵی بابەتەکە، من لە عێراقەوە بۆ ئەمە هاتووم بۆ شام، راستە مەحەبەتی تۆ لەو دووڕەوە منی بۆ ئێرە هێناوە، بەڵام عەودالّی ئەو راستییەم، شەش مانگ ژیان لە موسڵ لە خزمەت ئێوە زۆر شتی پێ وتم، زۆر پرسیاریشم لا دروست بووە، باسی ئەو زانستە نەهێنییەم بۆ بکە.

سەید رافیع بە بێدەنگی سەرنجێکی پڕ مانای دام، وتی: ئەوانەی پێش تۆ بە ئاسانی ئەو زانستەیان وەرنەگرت، تا بە ئاسانی بیبەخشن بەوانەی دوای خۆیان.

بە هەندێ سەرسوڕمانەوە وتم: زۆر حاڵی نیم لە مەبەستت؟!

سەید رافیع: هەناسەیەکی قوواڵی هەڵکێشا و بەدوایدا سەری نەوی کرد، وەك ئەوەی بیر لە شتێك بکاتەوە، پاشان سەری بەرزکردەوە و بە هەندێ گیری و قورسی لە دەربڕین وتی: ئەو کەسانەی ئەمانەتەکەیان ڕادەست دەکرێت، مەرجیان لێ دەگیرێ و تاقیدەکرێنەوە، ئەوەش بۆ تۆ گرانە و خۆت مەخە ئەو مەیدانەوە.

بە هەندێ چاوقایمی و وڕە بەرزییەوە وتم: لە تەمەنم لە هیچ شت نەترساوم، پیاوێکی بێ ئیرادە و وڕە نزم نیم، گەر کەسێکی سەرکەش نەبوومایەوە لە شارەکەی خۆمەوە نەدەگەیشتمە شاری موسڵ.

سەید رافیع خەندەیەکی خستە سەر لێوان و وتی: دەستێکی شاراوەی قەدەر تۆی هێنا بۆ موسڵ، شوکری خودا بکە بۆ ئەو قەدەرە باشە.

بە هەندێ پێداچوونەوە و ڕاستکردنەوەی قسەکەی پێشووم وتم: زۆر شوکری خودا دەکەم، زۆر مننەتبارم، باسم لە سروشتی مرۆڤبوونی خۆمە، باس لەو دەستە شاراوە ناکەم مرۆڤ دەبزوێنێ، هەزار جار شوکری خودا ئێوەی پێ ناساندم.

سەید رافیع وتی: حەمد بۆ خودا، کەسێکی باوەڕداری و پایەکانی ئیسلام جێبەجێ دەکەی و صاڵحانت خۆشدەوێ، لەگەڵ ئەوەش خودا دەرگای ڕۆزییەکی حەڵاڵی بە ڕووداوالاکردووی، چی ترت دەوێ، مانای ئەو دوعا قورئانییە لە تۆدا هاتووەتە دی: (پەروەردگار، لە دنیا چاکەمان پێ بدە و لە دواڕۆژ چاکەمان پێبدە، و لە ئاگر بمانپارێزە).

وتم: سەید رافیع، هەموو ئەوەی دەیڵێی دروستە و شوکری خودای لەسەر دەکەم، بەڵام حەزم لە زۆرترە.

وشەی (حەز) لەناو قسەکانی من سەرنجی سەید رافیعی ڕاکێشا، دیاربوو، لە مانا و ریشە و سەرچاوەی ئەو وشە ترسی هەبوو، بۆیە وتی:

ئەگەر سەربردنە ناو ئەم جیهانە تەنها حەز و خولیا بێت بۆ وەرگرتنی زانیاری و ناسینی جیهانی تر، هاتنت بە زیانێکی گەورە دەشکێتەوە، ئەم دنیایە دنیای کۆکردنەوەی زانیاری و ئەزموون کردنی دنیای تر نییە، ماوەیەك تیایدا بژی و پاشان بەجێیبهێڵی و روو لە دنیا و جیهانێکی تر بکەی.

بۆ رۆشنکردنەوەی قسەکەی پێشووم وتم: حەزەکەی من دواڕۆژییە نەك دنیایی، جیهانێکیش خەرمانی دواڕۆژی لێ هەڵبگرم بەجێیناهێڵم، مەگەر جیهانێکی تر هەبێ خەرمانی گەورەتری لێوە بەدەست بهێنم.

سەید رافیع بەردەوام بوو لەسەر پێدانی ئاگاداری و هۆشیار کردنەوە، وتی: پارێزگاری لە نهێنی فرە گرانە، هەندێ جار ئەوەندە لە ناخدا پەنگ دەخواتەوە کەسەکە تووشی نەخۆشی دەروونی دەبێت، بەسەرهاتێك هەیە نازانم چەند راستە و چەند ناڕاستە، بەڵام پەند و وانەی تێدایە، تۆ تەنها وەك هێنانەوەی نموونە وەربیگرە، دەڵێن: زولقەرنەین دوو شاخی هەبوو لە هەموو خەڵکی شاردبووەوە، تەنها سەرتاشەکەی بەو نهێنییەی دەزانی، هەڕەشەی لێ کرد بوو ئەو نهێنییە بدرکێنی لە گەردنت دەدەم، بابای سەرتاش لەو مرۆڤە قوواڵانە نەبوو بتوانێ نهێنی لە خۆیدا بزر بکات، لەگەڵ ئەوەش لە گیانی خۆی زۆر دەترسا، بۆیە نهێنییەکە لە دەروونی بوو بە نەخۆشی، خواردن و خواردنەوەی پێ نەدەخورا، رەنگی

زەردەخەنگەڕا و جەستەی وەك قامیش باریك بوو، کەسوکاری حەکیمێکیان هێنایە سەری، پشکنینی بۆ کرد، لە کۆتاییدا حەکیمەکە وتی: ئەم پیاوە نهێنییەك لە ناخیدا پەنگی خواردووە، با بچێت لە شیو و دۆڵێکی چۆڵ، یان لە دەشت و بیابانێك پڕ بە قوڕگی هاوار بکات و نهێنییەکە بدرکێنێ، دەڵێن پیاوەکەیان هەڵگرت و بردیانە دەشت و سارایەك، خواردن و خواردنەوەی سێ رۆژیان بۆ دانا و بەجێیانهێڵا، وتیان پاش سێ رۆژی تر دێینەوە بۆ لات، تۆش لەم شوێنە پڕ بە قوڕگت نهێنییەکە بدرکێنە، هاوار بکە و خۆت ئاسوودە بکە، ئەوان ڕۆیشتن، لە سەرەتاوە پیاوەکە زمانی گۆی نەدەکرد، هێشتا هەر دەترسا، کەم کەم لە ژێر لێوەوە دەیوت (زولقەرنەین دوو شاخی هەیە)، وتی و وتی، وردە وردە دەنگی بەرز دەبوو، تا کەوتە هاوار کردن و پڕ بە قوڕگی دەیقیراند و دەیوت (زولقەرنەین دوو شاخی هەیە)، ئیشتیهای بەر بوو، کەوتە خواردن و خواردنەوە، وزە و تینی هاتەوە بە بەردا، لەسەر پێیەکانی وەستا و کەوتە ڕۆیشتن، بە بیابانەکەدا سەرمەستانە دەڕۆیشت و هاواری دەکرد: زولقەرنەین دوو شاخی هەیە، لەو سێ ڕۆژەدا بە تەواوی چاك بوویەوە، خواردن و خواردنەوەکەی تەواو کرد، چاوەڕوان بوو کەسوکاری بێنەوە بە دوایدا، بەڵام زولقەرنەین بەوەی زانی بوو حەکیمەکە چ تەگبیرێکی بۆ بابای سەرتاش کردووە، بە سوپا

دەروازەکانی شاری گرت و کەسوکاری نەیانتوانی دوای سێ رۆژ بچنەوە بۆ لای، پیاوەکە بە بیاباندا وێڵ بوو، بزر و بێ ئەسەر بوو، هیچ کەس نەیزانی رووی لە کوێ کرد و سەرئەنجامی چی بوو، بەدووری نازانم زولقەرنەین ئاگادار بووبێت بە سەرئەنجامی.

من تێگەیشتم لەو نموونەوە سەید رافیع دەیەوێ چی بە من بڵێ، دەیەوێ بڵێت گەر پیاوی هەڵگرتن و پاراستنی نهێنی نیت، خۆت مەخە ناو ئەو مەیدانە، چونکە سەرئەنجامەکەی ترسناکە، پرسیم سەید رافیع مەرجەکانی هاتنە ناو ئەو جیهانە چین، تاقیکردنەوەکان لە چیدایە و چۆن ئەنجام دەدرێن؟

سەید رافیع وتی: هەتا لەسەر کەسێك بڕیار نەدرێت، مەرجەکانی پێ ناوترێ و تاقیشناکرێتەوە.

رێگەیەکی ترم لێ گرتەبەر، پرسیم: مرۆڤ چۆن شایستە بێت بە هاتنە ناو ئەو جیهانە؟

وتی: راستە ئیمان و ئیسلام و بەرزبوونەوە بە پلەکانی ئیحساندا، بناغە و بنچینەی شایستەبوونە، لەگەڵ ئەوەش هەندێ سیفاتی تری تاکە کەسی هەن، کەسەکە شایستە دەکات.

پرسیم: وەکو چی؟

دیار پرسیارە زۆرەکانی من، سەید رافیعی ماندوو کرد بوو، وتی: با ئەمەیان بمێنێ بۆ سبەی، ئێستا کاتی خەو و ئیسراحەتە.

منیش ماندوو و شەکەت بووم، بۆیە لەگەڵ چوونە ناو جێگە چوومە ناو خەوێکی قوواڵ، سەید رافیع بۆ نوێژی بەیانی بەئاگای هێنام، ڕۆیشتین لە مزگەوت نوێژی بەیانیمان کرد.

خێزانی سەید رافیع بۆ ژەمی بەیانی سفرە و خوانێکی حەڵەبی بۆ ئامادە کردبووین، یەکێك لە خواردنەکان سورکراوەی حەڵەبی بوو، پێکهاتبوو لە بیبەری سووری وشککراو و گوێز و زەیتی زەیتوون، لەگەڵ ناندا پێشکەش دەکرێت، پەنیری حەڵەبی سپی سوێرکراو، لەگەڵ نان و زەیتوون، شەنکلیش جۆرێك بوو لە پەنیری ترشاو کە بە زەعتەر و بیبەر داپۆشرابوو و لەگەڵ تەماتە و خەیار پێشکەش دەکرێت، پاقلەی حەلەبی، ڕاشی و سیر و زیرە و ئاوی لیمۆ تێکەڵ دەکرێ و لەگەڵ پاقلەکە دادەنرێ، باینجانی مەحشی بە گوێز و بیبەری سوور و سیر کە لە زەیتی زەیتوون هەڵژەنراوە، مرەبای حەڵەبی، وەك مرەبای زەنجەبیل و مرەبای گوێزی سەوز و مرەبای کولەکە، کولێرە بە قیمەی حەڵەبی، لەگەڵ ڕاشی و ڕوبەهەنار، هێلکەی سووڕەوەکراو بە ڕۆنی عەرەبی، نانی تەنووری حەڵەبی گەرم، قۆرییەك چا و قۆرییەك ئاوی گەرم لەسەر خەڵوز و پیاڵە و ژێرپیاڵەی زەڕلی و دوو سێ جۆر شەکر، هەموو ئەمانە

بە جوانترین و نایابترین شێوە لەسەر مێزێك دانرابوو، خاتوون فەرمووی لێ کردین، نەمان دەزانی بۆنی چی بکەین، لە چی وردببینەوە، یەکەمجار تامی کامیان بکەین، وتم: سەید رافیع بۆچی خوشکم ئەم گشتە زەحمەتەی کێشاوە؟

سەید رافیع وتی: خێزانم لە سفرە و خوان کەموێنەیە، زۆر رێز لە میوان دەگرێت، هەرچی لە توانایدا بێت ئەنجامی دەدات، ئەوە رەوشتی خۆیەتی و لەسەر داوای من نییە، لە موسڵ گەڕاومەتەوە بە هۆی خێزانمەوە حەزی خواردنم زۆر بووە، وا دەزانم کێشم زیادی کردووە.

ئەوەندە ژەمەکە و خواردنەکان خۆش و زۆر بوون، زیاتر لە نیو سەعات لەسەر خوانەکە ماینەوە، هەڵبەت لەگەڵ بەسەرهات و قسە شیرینەکانی سەید رافیع.

دوای خواردنی ژەمی بەیانی لەگەڵ سەید رافیع لە ماڵ چووینە دەرەوە، سەرەتا رووماں لە مزگەوتی گەورەی شار کرد، نوێژی چێشتنگاومان لەوێ کرد، دواتر رووماں لە بازاڕە شەعبییەکەی حەڵەب کرد، لە حاویەیەکی خاشاك سەید رافیع عەلاگەیەکی پڕ لە خاشاکی بە دەستەوە گرت، پرسیم: سەید رافیع ئەو خاشاکەت بۆ چییە؟

وتی: مەپرسە.

رۆیشتین تا گەیشتینە پیاوێك لەسەر عارەبانە شلەی نۆکی دەفرۆشت، نزیك بوو لە نۆکاوەکەی خۆمان، بەڵام خەستتر و ڕەنگی جیاواز، نزیك بەو فرۆشیارە وتی: بوەستە.

وەستاین، پیاوێك هاتە لای عارەبانەچییەکە و قاپێ نۆکی خوارد و ڕۆیشت، سەید رافیع وتی: بڕۆ ئەو عەلاگە خاشاکە بکە ناو نۆکەکەی، وتم: سەید رافیع، تۆ دەڵێی چی؟! چۆن کاری وا لەگەڵ ئەو پیاوە هەژارە دەکەی؟!

سەید رافیع بۆ خۆی عەلاگە پڕ خاشاکەکەی برد و ڕژاندنی بەسەر تەشتە نۆکەکەدا، کابرای فرۆشیار زۆر تووڕە بوو، ویستی پەلاماری سەید رافیع بدات، من کەوتمە نێوان و وتم: نرخەکەی چەندە من پارەکەی دەدەم، کابرای خاوەن عارەبانە وتی: باس لە نرخەکەی نییە، باس لە ڕێز و خاوێنی پیشەکەی منە، هەرچۆنێ بوو هەوڵمدا ڕازی بکەم، سەید رافیع هیچی نەدەوت، تەنانەت خۆشی لانەدا لە هێرش و پەلاماری بابای نۆکفرۆش، پیاوەکە هێور بوویەوە، سەید رافیع وتی: عارەبانەکەت بپێچەرەوە، وەرە لەگەڵم با پێت بڵێم بۆ وامکرد، خاوەن عارەبانەکە شتەکانی پێچایەوە و کەمێك لەو شوێنە دوورمانخستەوە، سەید رافیع وتی: بەرلەوەی من بێم عەلاگە خاشاکەکە بکەمە ناو نۆکەکەت، پیاوێ هات لای تۆ قاپێ نۆکی خوارد.

پیاوی عارەبانەکە وتی: بەڵێ.

سەید رافیع وتی: چەمیتەوە بۆئەوەی دوبەیە ئاوی پێ بدەی؟

وتی: بەڵێ.

سەید رافیع وتی: دەزانی ئەو پیاوە چی کردە ناو نۆکەکەت؟

وتی: چی؟

وتی: ژەهر، ئەگەریش باوەڕ ناکەی بڕۆ لە تاقیگەیەك نۆکاوەکە فەحس بکە.

نۆکفرۆشەکە پرسی: بۆچی ئەو کارەی لەگەڵ کردم؟

سەید رافیع وتی: دەیەوێ رەوانەی بەندیخانەت بکات و لەگەڵ ژنەکەت تەنها بکەوێ، بڕۆ خەمی خانەوادەکەت بخۆ، ئەوان لەم کارەدا بێتاوانن، گومانی خراپیان پێ مەبە، تەنها ئاگات لە خۆت و کارەکەت و خانەوادەکەت بێت، ئەمەش دوو بەرانبەری ئەوەی ئەمڕۆ بەم کارە پەیدای دەکەی.

نۆکفرۆشەکە چەمییەوە دەستی سەید رافیع ماچ بکات، نەیهێڵا ئەو کارە بکات، پێی وت: تۆ پیاوێکی کەسابەتی حەڵاڵ دەکەی، لای خودا کەسێکی بە قەدەری، بۆیە من ئاگادار کرام بێم ئەو کارە بکەم، زوو فریانەکەوتبام، دەرخواردی خەڵکت دەدا و خۆیشت رووبەڕووی بەندیخانە دەکردەوە، ئاگادار بە، ئەو پیاوە ناپاکە لە گەڕەکەکەی پشتەوە

دوکاندارە، بیناسە، خێزانت ئاگادار بکە سەردانی ئەو دوکانە نەکات، ئەم ماوەیە ئەو ناپاکە بە سزای خۆی دەگات، تۆ هیچی لەگەڵ مەڵێ و لەگەڵی مەجەنگە، ئەو پیاوی نیزامە، تۆ دەستی ئەوت پێ ناشکێتەوە.

نۆکفرۆشەکەمان بەجێهێڵا، بە بازاڕەکەدا خەریکی گەڕان بووین، سەید رافیع رووی لێ کردم و پێی وتم: لە تاقیکردنەوەی یەکەم دەرنەچووی، داواکەی منت جێبەجێ نەکرد و عەلاگە خاشاکەکەت نەکردە ناو نۆکەکە، لەگەڵ ئەوەش کاتێ من کارەکەم کرد، کەوتییە لۆمە و سەرزەنشتم.

وتم: سەید رافیع بەرلەوەی تۆ پێم بڵێی من خۆم بەوەم زانی لە تاقیکردنەوەکە دەرنەچووم، بەڵام بە خودا فریات نەکەوتبام نۆکفرۆشەکە لێی دەدای.

سەید رافیع بە خەندەیەکەوە وتی: جا یاخوا نەشتوانی ناوبژییەك بکەی، شەق و زلەیەکم لە کۆڵ بکەیەوە!

وتم: داوای لێبوردن دەکەم، ماشەڵا تاقیکردنەوەی ئێوەش هەند قورسە لەو کاتەدا مێشکی پیاو رادەوەستێ و بیر و هۆشی نامێنێت!

سەید رافیع بۆ کاری خۆی سەردانی چەند زەرەنگەرێکی کرد، دیاربوو جێگەی رێز و حورمەتی هەموان بوون، دەچووە لای هەر کامیان بە زۆریش بوایە دایان دەنیشاند، لەگەڵ هەندێکیان کار و مامەڵەی

کڕین و فرۆشتنی زێڕی هەبوو، یەکێك لە دوکانی زەڕەنگەرەکان زۆر قەرەباڵغ بوو، کڕیاری زۆری لێ بوو، دوکانەکەی گەورە و بەرین بوو، فەرمووی لێ کردین، دانیشتین، پیاوێك و دوو منداڵ و دوو ژن لە دوکانەکەدا بوون، هەریەکەیان داوای شتێکی دەکرد، یەکێکیان داوای گوارەی دەکرد، یەکێکی تریان داوای ملوانکە، پیاوەکەش گوایە لەگەڵ ژنەکانە بە جۆرێکی تر زەڕەنگەرەکەی سەرقاڵ دەکرد و پرسیاری دەکرد، دوو منداڵەکەش هەر یەکەیان لە دوای ئافرەتێکەوە وەستا بوون، زەڕەنگەرەکە چوارچاو بووبوو، لام سەیر بوو سەید رافیع ئەوەندە ورد سەرنجی ژنەکانی دەدا، هەندێ خەیاڵم رۆیشت، سەید رافیع دەمی لە گوێم نزیك کردەوە و وتی: بڕۆ ئەو منداڵەی چووە دەرەوە گوێی بگرە و بیهێنە ژوورەوە و جامخانەی دوکانەکە دابخە و لە بەردەرگاکە بوەستە مەهێڵە کەس بچێتە دەرەوە.

خەریك بوو بە گوێی نەکەم، بەڵام تاقیکردنەوەکەم بیرهاتەوە، بە پەلە هەستام و منداڵەکەم لەسەر شۆستەی بەردەم دوکانەکە هێنایە ژوورەوە و دەرگاکەم داخست، سەید رافیع بە زەڕەنگەرەکەی وت: ئەمانە دزن، وەرە بیانپشکنە.

زەڕەنگەرەکە و دوو شاگردی هاتن، ئافرەتێکیان لە دەرەوە بانگ کرد، بێت و دوو ئافرەتەکە بشکنێت، چەندین پارچە زێڕی لە گیرفانیان

دەرهێنا، ملوانکەیەك لە گیرفانی ئەو منداڵەدا بوو رۆیشتە دەرەوە، دیاربوو لە پەناوە یەکێك لە ژنەکان لە دەستی منداڵەکەی نابوو، تەلەفوونیان کرد و رادەستی پۆلیس کران.

زەرەنگەرەکە شوکر و سوپاسی خۆی بۆ سەید رافیع و من دەربڕی.

گەڕاینەوە روو بە مزگەوتی گەورەی شار، سەید رافیع وتی: ئەم جارەیان سەرکەوتووبووی.

وتم: بە خودا سەید رافیع، خەریك بوو بە گوێت نەکەم، زوو فریای خۆم کەوتم، بەڵام پێم بڵێ تۆ چۆن زانیت ئەوانە دزن؟

وتی: نەتبینی چۆن سەرنجی دەستیانم دەدا؟

وتم: با، بینیم، سەرنجدانەکەت جێگەی پرسیارم بووم.

وتی: هەر کە ئەوانەم بینی شکم بۆ دروست بوو، وتم با سەرنجیان بدەم، بینیم لە پەناوە زێرەکەی کردە دەستی منداڵەکە.

گەیشتینە مزگەوتەکە، دوای نوێکردنەوەی دەستنوێژ و ئەنجامدانی دوو رکات نوێژ، دانیشتین بۆ خوێندنی قورئان تا هاتنەبەرەوەی نوێژی نیوەڕۆ، نوێژمان کرد و ماوەیەك لە مزگەوت ماینەوە، پاشان رۆیشتین ژەمی نیوەڕۆمان خوارد، دواتر چووین بۆ بازاڕی قوماشفرۆشان، سەید رافیع لە هەموو شوێن دۆست و ناسراوی هەبوو، کەوتمە پرسیاری جۆری قوماشەکان و نرخەکان و شوێنی هاوەردەکردنیان، زیاتر لە سێ

سەعات ئێمە لە بازاڕی قوماشفرۆشان ماینەوە، زانیاری فرە باشم دەربارەی قوماشی بازاڕی حەڵەب بەدەستهێنا، لەو دنیا جەنجاڵە هاتینە دەرەوە، لە دوورەوە پیاوێکم بینی شێوە و هەڵکەوتەی ئەو پیاوە بوو لە موسڵ بینیم و شەوێك لە ژوورەکەی من و سەید رافیع مایەوە، ئەو پیاوەی ناوی (پیری گەڕۆك)ە، وتم: سەید رافیع پیری گەڕۆکم کەوتە بەر چاو، بەرلەوەی بگاتە ئێمە بە لای راستدا لایدا، با شوێنی بکەوین.

سەید رافیع پرسی: بەرەو کوێ رۆیشت؟

وتم: هەر لێرەوە، لەم فەرعەی دەچێتەوە سەر شەقامە سەرەکییەکە.

شوێنی کەوتین و هەموو ئەو ناوەی بۆ گەڕاین، بوو بە ئاو و چوو بە ناخی زەویدا، سەید رافیع وتی: پێدەچێ لێت تێکچووبێت.

وتم: باوەڕ بکە، ئەو بوو، خۆی بزر کرد.

سەید رافیع وتی: گەر بیەوێ دەمانبینێ، خۆت ماندوو مەکە، منیش دڵم دەڵێ لەم دەوروبەرەیە.

بە بازاڕی گۆشتفرۆش و میوە و سەوزەفرۆشەکاندا تێپەڕین، سەید رافیع هەندێ پێویستی ماڵەوەی کڕی، هەردوو هەڵمانگرت و بەرەو ماڵەوە گەڕاینەوە، چەند کۆڵانێکی پێچاوپێچمان بڕی، گەیشتینە سەر کۆڵانەکەی ماڵی سەید رافیع، دەرگای ماڵەکەی دیاربوو، چونکە پێنجەمین ماڵ بوو لە سەرەتای کۆڵانەکەوە، بینیمان پیری گەڕۆك لەبەر

دەرگاکە وەستاوە و پشتی بە دیواری ماڵەکەوە ناوە، ئێمە نزیکبووینەوە و چەند مەترێکمان مابوو بە خزمەتی بگەین، بە گۆچانەکەی دەستی دوو سێ جار کێشای بە دەرگاکەدا و سەیری سەید رافیعی کرد و وتی: ئەمە ماڵە، یان کەلاوەیە؟

سەید رافیع بە پەلە بەرەو رووی هەڵهات و دەستی ماچ کرد، منیش بەدوایدا دەستم ماچ کرد، چاوێکی بۆ هەڵدام و رووی لە سەید رافیع کرد و وتی: ئەمە کابرا شێتەکەی موسڵ نییە، لە ژووروەکە لەگەڵت بوو؟

سەید رافیع بە دەم کردنەوەی دەرگاکەوە وتی: بەڵێ، قوربان، ئەوە عیرفانە.

چووینە ژوورەوە، سەید رافیع و خێزانی لە خۆشیان نەیاندەزانی بە پێوە بن، یان دانیشن، دیاربوو خێزانی سەید رافیع پیری گەڕۆکی دەناسی، پێشتر سەردانی کرد بوون، پیری گەڕۆك وتی: سەلما خان، بۆ ئێوارە چیبان بۆ ئاماده دەکەی؟

سەلما خان وتی: هەرچی ئێوە پێتان خۆش بێت.

پیری گەڕۆك: وتی شتێ ئاماده بکە، من و تۆ دەیخۆین، بەشی ئەم دوانە نادەین، ئەمانە نیوەڕۆ نانی باشیان خواردووە، هەژار داوای ژەمێ نانیان لێ دەکات بۆی ناکڕن.

که ئەوەی وت، هەژاری ناو چێشتخانەکەم بیرکەوتەوە، ئەو سەری خۆی داپۆشی بوو، داوای خێری کرد، ئێمە لە گەرمەی نانخواردندا بووین، لامان بە لایدا نەکردەوە.

سەید رافیع وتی: خەجاڵەتم، ئەوە تۆ بووی؟

پیری گەڕۆك وتی: بۆ هەر دەبێ من بم، ئەوجا خێر بکەی، بۆ تەنها من هەژارم، بۆچی چاکەی خوداتان بەسەر خۆتانەوە لەبیرچووە؟! دەزانن ئێوە چ هەژار و نەدارێك بوون، خودا دەرگای لێ کردنەوە؟! هۆزەکەی قاروون بە قاروونیان وت: (چاکە بکە، وەك چۆن خودا چاکەی لەگەڵ کردی)

سەید رافیع دەستی بە گریان کرد، زۆر گریا، منیشی لەگەڵ خۆی هێنایە گریان.

پیری گەڕۆك ئەوەندەی وت و بێدەنگ بوو، ئێمەش لە گریان خاڵیبووینەوە، ماوەیەکی دوور و درێژ لە بێدەنگی بە نێوانمان تێپەڕی، پیری گەڕۆك خێزانی سەید رافیعی بانگکرد و دەفرێکی شووشەی بچووکی دایە دەستی و وتی: ئەو ئاوە بکە ناو چێشتەکەی من و خۆت.

ئەویش شووشەکەی وەرگرت و بردی بۆ چێشتخانەکە.

پاش سەعاتێ خواردن ئامادە کرا، سفرە راخرا، سەلما خان چەندین جۆر خواردنی ئامادە کرد بوو، شۆربایەکی برنجیش بە شیر، تەنها یەك

قاپی هێنا بوو، ئەویش بۆ پیری گەڕۆك، پیری گەڕۆك لە سەلما خانی پرسی: بەشی خۆت هەڵگرت؟

وتی: بەڵێ.

پیری گەڕۆك وتی: ئەم ژەمە تەنها ئەوە بخۆ، هیچی تر مەخۆ.

سەید رافیع ویستی کەوچکێك لە شۆرباکە بخوات، پیری گەڕۆك وتی: بەشی تۆی تێدا نییە.

لە راستیدا من لە نهێنی شۆرباکە حاڵی نەبووم، بەڵام دەمزانی بێ نهێنی نییە، دوای تەواوبوون لە ژەمی ئێوارە و پێچانەوەی سفرەکە، پیری گەڕۆك بە سەید رافیعی وت: هەستە برۆ بۆ گەڕەکی (حي الصاخور)، بەشی خۆرهەڵاتی شار، ئۆتۆمبێلێ پڕ بکە لە خۆراك، برنج، ڕۆن، ئارد، شەکر، چا، هەموو پێویستییەکانی تر، لە جسرەکە دەپەڕییەوە، ڕوو لە مزگەوتی (الصاخور) بکە، کە دەگەیە بەردەم مزگەوتەکە و ڕوو بە مزگەوتەکە دەوەستی، تەماشای لای ڕاست بکە، کۆڵانێك سەردەکەوێت، بەو کۆڵانەدا برۆ، کەسێك دێتە دەرەوە و شتەکانت لێ وەردەگرێت، ئافرەتێکی ڕەشپۆشە، هەندێ پارەشی پێ بدە.

لە پیری گەڕۆکم پرسی: من نەچم لەگەڵی؟

وتی: نەخێر، تۆ مەچۆ، ئەو خۆی دەزانێت چی بکات.

سەید رافیع رۆیشت و دوای زیاتر لە دوو سەعات گەڕایەوە، خۆی بۆی باس کردم، وتی: جیرانی سەر کۆڵانەکەمان ئۆتۆمبێلی باری هەیە، رۆیشتم تەقەمدا لە دەرگا، هاتە دەرەوە، وتم: لەگەڵم دێی کارێکم هەیە؟

وتی: بە چاوان، خۆم دەگۆڕم و دێمە خزمەتت.

بە ئۆتۆمبێلەکەی ئەو رۆیشتین بۆ کۆگای خواردنی حاجی جابر، ئەوەی پێویست بوو لە خۆراك بارم کرد، وتم: ئێستا لێبخوڕە بۆ (حي الصاخور)، بەردەم مزگەوتی (الصاخور).

گەیشتینە بەردەم مزگەوتەکە، وتم بەم کۆڵانەی لای راستدا سەربکەوە، بەڵام هێواش و لەسەرخۆ.

زۆر سەرکەوتین، بەرلەوەی کۆڵانەکە بگاتە کۆتایی دەرگای خانوویەکی فرە کۆن کرایەوە، ئافرەتێکی رەشپۆش هاتە دەرەوە، دەستی لە ئۆتۆمبێلەکەی ئێمە راگرت، ئێمەش وەستاین، سەلامی کرد و وتی: ئەو شتانە بۆ ئێرەیە، زەحمەت نەبێ بۆمان دابگرن.

شتەکانمان بۆ داگرتن، سەرمکێشایە ژوورەوە جگە لە فەرشێکی دڕاو و کەمێك نوێن هیچی ترم نەبینی، چوار کچی رەشپۆشی هەبوو، بێ باوك و بێ برا و بێ سەرپەرشتیار بوون، بەرماڵێك راخرا بوو، ئەوەندە سوژدەی لەسەر برابوو، شوێنی ناوچەوان و شوێنی دوو دەست و دوو ئەژنۆی

لەسەر دیاربوو، بەڵکو شوێنی ئەژنۆکانی دڕابوو، پرسیم: خوشکی من ئێوە لە کوێوە هاتوون؟

وتی: پێشتر لە (حي الأكراد) بووین، ئێمە کوردین، مێردەکەم بە دەستی ئەم زاڵمانەی بەعس شەهید بوو، لەوێ کرێیان بۆ نەدرا، هاتین بۆ (حي الصاخور)، لەم کەلاوە دەژین، بۆیان گریام، بەتایبەت بۆ کچەکان، ناونیشانی مااڵی خۆمانم پێدا، پێم وت: مااڵەکەت نەدۆزییەوە لە مزگەوتی گەورەی شار هەواڵم بپرسە، بڵێ (سەید رافیع) لە کوێیە، هەواڵی منت پێ دەدەن، هەموو سەری مانگێك وەرە و کرێ خانووەکە و خۆراکی مانگانە ببە بۆ خۆت و منداڵەکان، هەوڵدەدەم، خانوویەکی باشترتان بۆ بگرم، ئافرەتەکە بە گریانەوە زۆر دوعای بۆ کردین.

نوێژی عیشامان کرد و خەوتین، پێمواید هێشتا چەند سەعاتێکی مابوو بۆ نوێژی بەیانی، بانگی لە من و سەید رافیع کرد، هەستاین، دەستنوێژمان هەڵگرت، چەند رکات نوێژمان کرد، رووی لە من کرد، هەستە برۆ بۆ گۆڕستانی (الشعبانية) بگەڕێ بزانە گیانداڕێ گیریخواردووە تا رزگاری بکەی، ئاوی بۆ ببە، دواتر بچۆ نوێژی بەیانی لە مزگەوتی گەورە بکە، پیاوێك دەبینی بە پارە کۆمەکی بکە، زۆری پێ بدە، کەمی پێ مەدە.

ترسێك داگیری کردم، سەردانی قەبرستان و لە شەودا، پرسیم: ئەو قەبرستانە لە کوێوەیە؟

پیری گەڕۆك سەرێکی راوەشاند و وتی: بڕۆ بیدۆزمەوە.

سەید رافیع وتی: مەگەر تەکسی بگری، شوێنەکە دوورە، ئەوجا رووی لە پیری گەڕۆك کرد و وتی: با بچم لەگەڵی.

پیری گەڕۆك وتی: خۆی دەچێت، پێویستی بە تۆ نییە.

سەید رافیع وتی: بڕۆ سەر شەقامە سەرەکییەکە تەکسی دەست دەکەوێ، بڵێ بۆ مەقبەرەی (الشعبانیة) نزیك بە (باب النصر).

سەید رافیع دبەیەکی پێنج لیتری پڕ کرد لە ئاو و دایە دەستم، منیش هەڵمگرت و هاتمە دەرەوە، لەسەر شەقامە سەرەکییەکە زۆر وەستام تا تەکسییەك هات، وتم: بمبە بۆ (مقبرة الشعبانیة) نزیك (باب النصر)،. پێم وت: لە دەرگای گۆڕستانەکە دادەبەزم.

شۆفێری تەکسییەکە سەرسامییەکی تێکەڵ بە ترس و حەزەر رووی لێ کرد بوو، دوو سێ جار پرسی: بەم شەوە کارت چییە بە گۆڕستان؟!

وتم: زیارەتی قەبرستان.

تەکسییەکە منی گەیاندە بەردەم دەرگای قەبرستانەکە، پارەکەم پێدا و ڕۆیشت

مەتارە ئاوەکەم بە دەستەوە گرت و بە هەندێ ترسەوە یەکەمین هەنگاوم

هەڵگرت، چوومە ناو گۆڕستانەکە، دەستم بە گەڕان کرد، قەبرستانێکی کۆن بوو، بەناوبانگانی شاری حەڵەب لە زانایان و دەسەڵاتداران و دەوڵەمەندان لەو گۆڕستانە نێژراون، دوای چارەکێ گەڕان لە دووڕەوە گوێدرێژێکم بینی، لێی نزیکبوومەوە، بینیم گوریسێك بە ملیەوەیە و گوریسەکە ئاڵاوەتە چەند کێلێك، ئەوەندە تەکانی بە خۆی دابوو، گوریسەکە لە ملی توند بووبوو، لە خنکان نزیك بوو، دیاربوو چەند رۆژێك بوو هیچی نەخواردبوو، گوریسەکەم لە کێلەکان کردەوە و گوێدرێژەکەم رزگار کرد و لە گۆڕستانەکە هێنامە دەرەوە، دەمی مەتارەکەم لە دەمی نزیك کردەوە و ئاوم پێدا، ئەو گیاندارە هەژارە وەك مرۆڤ دەمی دەکردەوە و ئاوەکەی دەخواردەوە، دواتر گوریسەکەم لە ملی کردەوە و ئازادم کرد، دەشتێك بە دەوری گۆڕستانەکەدا هەبوو گیای لێ ڕوابوو، بۆیە خەمی خواردنم نەبوو بۆ گوێدرێژەکە.

لەبەرئەوەی تەکسی لە شەودا زۆر کەم لە قەبرستانەکە نزیك دەبوویەوە، خۆم گەیاندە شەقامێکی سەرەکی، لە شەقامە سەرەکییەکەوە تەکسییەکم گرت بۆ مزگەوتی گەورەی شار، لەبەردەم مزگەوتەکە دابەزیم، هێشتا نیو سەعاتی مابوو بۆ بانگی بەیانی، وەستام تا دەرگا دەکرێتەوە، پاش دە خولەك تا چارەکێك وەستان، پیاوێکی باڵابەرزی

رەقەکار دەرکەوت، هات و سەلامی کرد، وتی: ئەو ئەمانەتەی پێتە بۆ منە.

پرسیم: بە چ ناونیشانێ؟

وتی: بۆچی پێیان وتی کەسەکە ناونیشان بڵێیت؟

وتم: نەخێر، تەنها بۆ ئەوەی دڵنیابم تۆ ئەو کەسەی.

وتی: بەو ناونیشانەی گوێدرێژەکەت رزگار کرد.

کە ئەوەی وت دڵنیابوومەوە، وتم: کێشەکەت چییە و بە چەند پارە چارەسەر دەبێت؟

وتی: قەرزارم، پێویستم بە چوار هەزار لیرەیە.

پرسیم: بە دۆلار چەند دەکات؟

نزیك سێ سەد دۆلار.

دەستم کرد بە گیرفانمدا و وتم: ئەمە پێنج سەد دۆلار.

پیاوەکە هەندێ دوعای بۆ کردم، کاتێ ویستی بڕوات، پشتی هەڵکرد و چەند هەنگاوێکی هەڵگرت، دەنگم بەرزکردەوە و وتم: نەتوت چۆنت زانی من گوێدرێژەکەم رزگار کرد؟

ئاوڕیدایەوە و وتی: بە پیری گەڕۆك بڵێ، سەردانێکمان بکات.

لە دڵی خۆمەوە وتم: ئەی هاوار، خۆ ئەمانە هەموو پێکەوە پەیوەستن، جگە لە من!

نوێژی بەیانیم کرد و گەڕامەوە بۆ ماڵی سەید رافیع، دیار بوو سەید رافیع لە حەوشەکە چاوەڕوانی گەڕانەوەی من بوو، لەگەڵ لێدانی تەقە، راستەوخۆ دەرگاکەی کردەوە و گەشایەوە، بەرلەوەی بچینە ژوورەوە، هەموو شتێکم بۆ گێڕایەوە.

چوومە ژوورەوە و سەلامم کرد لە پیری گەڕۆک، وتم: قوربان، گوێدرێژێك بوو، رزگارم کرد.

ئەو بێدەنگ بوو هیچی نەوت، وتم: ئەمانەتەکەشم رادەستی پیاوەکە کرد.

دوای کەمێك بێدەنگی وتی: هیچی نەوت؟

وتم: با، وتی بە پیری گەڕۆك بڵێ سەردانێکمان بکات.

بە هەندێ ترس و شەرمەوە وتم: پیرم، پرسیارێك بکەم؟

وتی: نەخێر-

وتم: باشە.

رووی لە سەید رافیع کرد و وتی: خودا پلەی باڵای بە خێزانت بەخشیوە، ئەم دەچێتە جێگەی ئافرەتەکەی گەڕەکی ماوەردی.

سەید رافیع پرسی: ئەی ئەو چی بەسەر دێت؟

پیری گەڕۆك وتی: ئەم شەو کۆچی دوایی کرد.

فرمێسك كەوتە ناو چاوەكانی سەید رافیع و وتی: (إنا لله وإنا إلیه راجعون)، خودا بیخاتە بەر رەحمەتی خۆی، پاشان پرسی: ئەی ئافرەتەكەی گەڕەكی (الصاخور)؟

وتی: شوێنێكی تریان بۆ بگرە، ژیانیان بۆ دابین بكە، سەرۆكاری بەشوودانی كچەكان بكە، دایكیان ئافرەتێكی پلەدارە.

پیری گەڕۆك كە ئەوەی وت، هەستا و وتی: من دەڕۆم، ویستم لەگەڵ سەید رافیع تا دەرگای حەوشەكە لەگەڵی بچمە دەرەوە، رووی لە من كرد و وتی: هەركات گەڕایتەوە بۆ شارەكەی خۆت خانەیەك تەرخان بكە بۆ نانی هەژران و خزمەتكردنیان، جومعان بۆ خۆت و بە دەستی خۆت خزمەتیان بكە، بەزەییشت هەبێ بۆ گیانداران.

وتم: بەسەر چاو.

وتی: تۆ دانیشە، مەیە دەرەوە.

منیش لە شوێنی خۆم دانیشتمەوە، ئەو چووە دەرەوەی ژوورەكە دیسان هەستامەوە بۆئەوەی لە پەنجەرەكەوە تەماشای بكەم، ئاگام لێبوو لە حەوشەكە بە ئامادەبوونی سەید رافیع قسەی بۆ سەلما خان كرد، ئەوانیش پێكەنین و خۆشی و سروور كەوتە سەر روخساریان.

ئەو رۆیشت و سەید رافیع هاتە ژوورەوە، پرسیم لە حەوشەكە مژدەی پێدان، وا پێكەنین؟

وتی: بە سەلما خانی وت: خودا بە یەك سك دوو کوڕت پێ دەبەخشێ، خێزانم پرسیاری نهێنی ئاوەکەی لێکرد، لە وەڵامدا وتی: خودا تەمەنت درێژ دەکات و پلەت باڵا دەکات، ئاوی شووشەکە و شۆرباکە بۆ ئەوە بوو.

وتم: خۆت و خێزانت شایستەی ئەو مژدانەن، سەید رافیع، باسی ئەو ئافرەتە چی بوو ئەم شەو کۆچی دوایی کردووە؟

سەید رافیع وتی: جارێ هەستە با پەلە بچین بۆ گەڕەکەکەیان، فریای نوێژ و سەر قەبران بکەوین.

تەکسییەکمان گرت و رۆیشتین، تازە هێنابوویان بۆ مزگەوت بۆئەوەی نوێژی لەسەر بکەن، خەڵکێکی بێشومار کۆبووبوونەوە، دەتوت رۆژی حەشرە، پیاوان و ژنان پۆل پۆل دەهاتن، جارِ بە شاردا درابوو، هەزاران کەس نوێژیان لەسەر کرد، هەتا ناشتنی لەگەڵی رۆیشتین، سەید رافیع وتی: ئەم ئافرەتە گەورەی ئەم شارە بوو، رەحمەتی خودا بوو بۆ خەڵکی ئەم شارە، نزا و دوعای لای خودا نەدەگەڕایەوە، زانایان و خواناسان، تەنانەت دەسەڵاتدارانیش سەردانیان دەکرد و داوای دوعا و بەرەکەتیان لێ دەکرد، دایکێکی کەموێنە بوو بۆ ئافرەتان و هەژاران.

پاشان گەڕاینەوە بۆ مزگەوتی گەورەی شار، سەید رافیع بە خەندەیەکەوە وتی: مژدەیەکم پێیە، با دوو رکات نوێژ بکەین، بۆت باس دەکەم.

زۆر دڵم گەشایەوە و سروور رووی لێ کردم، بە دڵ دەمزانی مژدەکە پیری گەڕۆك پێی وتووە، دوای دوو رکات تەحیەتولەسجید لە پاڵ پایەیەکی مەزنی ناو مزگەوتەکە دانیشتین، سەید رافیع بە خەندەیەکەوە وتی: خودا بە ئیمان و ئیسلام رێزی لێناوی، بە پلەکانی ئیحسانیش لە مەولای حەق نزیکی، ئەمە ئەو مژدە بوو پیری گەڕۆك فەرمووی بە تۆی بڵێم.

هەر لە جێگەی خۆمەوە سوژدەیەکی شوکرم بۆ خودا برد، دواتر وتم: سەید رافیع، باوەڕ بکە کاتێ لە ژیانی خۆم ورد دەبمەوە هیچ چاکەیەك لە خۆم نابینم، هەموو لە فەزڵ و مننەتی مەولاوەیە، من نازانم چۆن شوکری بکەم.

سەید رافیع وتی: حەقیقەتی شوکر ئەوەیە خۆت بە دەستەوسان بزانی لەوەی بتوانی شکوری مەولا بکەی.

وتم: یانی ئێستا من شایستەم بەوەی نهێنییەکانم بۆ باس بکەی.

پرسی: ئەوەی رۆژی یەکەم بۆم باسکردنی دەربارەی زانستێکی ون و شاراوە؟

وتم: بەڵێ.

سەید رافیع کەمێ خامۆشی کەوتە سەر روخساری، پاشان وتی: دەتوانم بڵێم لە تاقیکردنەوەکان دەرچووی، جگە لە یەکێکیان، بەڵام هێشتا مەرجەکانم باس نەکردووە.

پرسیم: مەرجەکان چین؟

دوای هەندێ وەستان وتی: یەکەم: نابێ بۆ خۆت و بەرژەوەندی خۆت بەکاربهێنی، دووەم: بەبێ مۆڵەت هیچ کەسی تر فێر ناکەی، سێیەم: لە کاتی زەروورەت و پێویست بەکاری دەهێنی، چوارەم: بەر لە بەکارهێنانی دوو رکات نوێژی ئیستیخارە دەکەی، بۆئەوەی دڵنیابیت لە بەکارهێنان و بەکارنەهێنانی، پێنجەم: گەر بەکارتهێنا بۆ خزمەت بە هەژاران و موسڵمانان بەکاریدەهێنی، ئەمە پێنج مەرجە و لەسەر ئەمە عەهد و پەیمانت لێ وەردەگیرێ.

بە هەندێ ترسەوە وتم: قبووڵمە.

وتی: کەوابوو پێنج مەرجەکە بڵێرەوە.

منیش پێنج مەرجەکەم وتەوە، بەڵام بە گۆڕینیان بۆ سەر زمانی خۆم: نابێ بۆ خۆم و بەرژەوەندی خۆم بەکاربهێنم...

سەید رافیع دەستی راستی درێژکرد و وتی دەستی راستت بێنە.

منیش دەستی راستم خستە ناو دەستی راستی، سەید رافیع وتی: بڵێ خودا دەکەم بە شایەت بەسەر ئەم پەیمانەوە.

وتم: خودا دەکەم بە شایەت بەسەر ئەم پەیمانەوە.

وتی: ئەو پێنج خاڵە وەك خۆی جێبەجێ دەکەم.

وتم: ئەو پێنج خاڵە وەك خۆی جێبەجێ دەکەم.

وتی: (واللّٰهُ علی ما نقولُ شهید-خودا شایەتە بەسەر ئەوەوە ئێمە وتمان).

وتم: خودا شایەتە بەسەر ئەوەوە ئێمە وتمان.

سەید رافیع دەستی بەردا و لە ژێر پۆشاکەکانی زەرفێکی کاغەزی دەرهێنا، لەناو زەرفە کاغەزەکە نایلۆنێکی دەرهێنا، لەناو نایلۆنەکە دەفتەرێکی دەرهێنا و دایە دەستم و وتی: هەموو شتەکان لێرە نوسراون، لێرە دانیشە بیخوێنەرەوە، لە هەر شت حاڵی نەبووی پرسیارم لێ بکە، من دەچم و دواتر دەگەڕێمەوە.

سەید رافیع ڕۆیشت، زۆر تامەزرۆیانە دەستم بۆ دەفتەرەکە برد، دەفتەرێکی سەد پەڕەیی بوو بەرگێکی ئەستووری مەیلە و سووری هەبوو، وتم: (بسم اللّٰه) و بە ئەسپایی دەفتەرەکەم کردەوە، بە دەست نوسرا بوو، مەرەکەبەکەی زۆر تایبەت بوو، شێوەی نوسینەکەی لەو جۆرانە بوو قەڵەمەکەی پەڕی باڵندەیە و دەکرێت بە شووشەی مەرەکەبدا، بۆیە سێ جۆر مەرەکەبی تێدا بەکارهاتبوو، ڕەش و سوور و

سەوز، پەڕەی دەفتەرەکە ئەستوور بوو، لە پەڕەی ئاسایی نەدەچوو، بۆنێکی زۆر خۆشی هەبوو.

سەرەتاکەی بە (بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ) دەستی پێ کرد بوو.

پاشان ناونیشانێکی بە رەنگی سوور هێنا بوو بە ناوی: (یەکتایی و ناوی مەزنی خودا)، سەرەتا بەگشتی باسی یەکتاپەرستی کرد بوو، ئەوجا باسی ناوەکانی خودا و ژمارەیان، و باسی نەوەد و نۆ ناوە جوانەکانی خودا، مانایان و نهێنی هەر ناوێك بۆ کردنەوەی دەرگایەك.

هەر لە ژێر ئەم ناونیشانە باسێکی هێنا بوو دەربارەی کەلیمەی یەکتاپەرستی بەم جۆرە: (لَا إِلَهَ إِلَّا الَّذِي آمَنَتْ بِهِ بَنُو إِسْرَائِيلَ)، ١ جار هاتووە، (لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ)، ٣٠ جار هاتووە، (لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ)، ٢ جار هاتووە، و (لَا إِلَهَ إِلَّا أَنْتَ)، ١ جار هاتووە، و (لَا إِلَهَ إِلَّا أَنَا)، ٣ جار هاتووە، کۆمەڵێك نهێنی لەسەر ئەمانە باس کرد بوو، (لَا إِلَهَ إِلَّا الَّذِي آمَنَتْ بِهِ بَنُو إِسْرَائِيلَ) ئیمانی ناچاریيە و بە هانا و فریای خاوەنەکەی ناگات، پاشان بەپێی دوور و نزیکی دڵی بەندە لە خوداوە چوارەکەی تری رێکخستبوو، (لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ) سەرەتای دەستپێکردنی گەشتەکەیە و دڵ لە دوورترین خاڵدایە لە خوداوە، پێویستە تەمەنێکی زۆر لەم مەقامەدا کار بکات، چونکە سی جار لە قورئاندا هاتووە، ئەوجا دەگوێزێتەوە بۆ (لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ)، ناوی (اللَّهُ) جێگەی (هُوَ)ی گرتەوە، ناسینی زۆرتر و مەعریفەی

زۆرتر لە خودا سەریهەڵداوە، ئەوجا سەر دەکەوێت بۆ مەقامی (لَا إِلَهَ إِلَّا أَنْتَ)، باڵاترین مەقامە و دوعا و داوای لای خودا ناگەڕێتەوە، بۆیە ئەمەیان لە دوعاکەی یونس پێغەمبەردا هاتووە بۆ رزگاربوون لە سکی حوتەکە: (لَا إِلَهَ إِلَّا أَنْتَ سُبْحَانَكَ إِنِّي كُنْتُ مِنَ الظَّالِمِينَ)، خودا دەفەرموێ بەو دوعا و داوایە وەڵامی (یونس)مان دایەوە و لەو خەم و پەژارە و تەنگانە رزگارمان کرد، هەر بەو جۆرە باوەڕدارانیش بەو دوعا و داوایە رزگار دەکەین: (فَاسْتَجَبْنَا لَهُ وَنَجَّيْنَاهُ مِنَ الْغَمِّ وَكَذَلِكَ نُنْجِي الْمُؤْمِنِينَ)، ئەوجا باسی ترسناکی (لَا إِلَهَ إِلَّا أَنَا)ی کرد بوو، باسی لەوە کرد بوو چۆن هەندێك بە مەقامیان زانیوە و بۆی سەرکەوتوون و دواجار تووشی سەرلێشێوان و گومڕایی بوون و خالق و مەخلووقیان بە یەکتر تێکەڵ کردووە، خودا سێ جار لە قورئاندا تەئکید لە (لَا إِلَهَ إِلَّا أَنَا) دەکاتەوە، ئەوە تەنها بۆ خودایە و بەندە بۆی نییە رووی لەو مەقامە بکات.

پاشان ناونیشانێکی دانابوو بە ناوی (إسم الله الأعظم-ناوی مەزنی خودا)

بەدوایدا ئەم چەند ئایەتە نوسرابوون:

(شَهِدَ اللَّهُ أَنَّهُ لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ وَالْمَلَائِكَةُ وَأُولُو الْعِلْمِ قَائِمًا بِالْقِسْطِ لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ)-خودا شایەتی دەدات خۆی تاك و تەنهایە، فریشتەکان

و خاوەنانی زانستیش بەو شایەتیدانەوە رێك و راست وەستاون، هیچ خواوەندێك بوونی جگە لە ئەو، ئەو عەزیز و حەکیمە.

(إِنَّهُ مِنْ سُلَيْمَانَ وَإِنَّهُ بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ)-ئەمە لە سولەیمانەوەیە، بریتییە لە (بسم الله الرحمن الرحيم).

(قَالَ الَّذِي عِنْدَهُ عِلْمٌ مِنَ الْكِتَابِ أَنَا آتِيكَ بِهِ قَبْلَ أَنْ يَرْتَدَّ إِلَيْكَ طَرْفُكَ)-ئەو کەسەی زانستی لە کتێبەکە هەبوو وتی: من عەرشەکەی بەلقیست بۆ دەهێنم بە چاوتروکانێك.

(فَوَجَدَا عَبْدًا مِنْ عِبَادِنَا آتَيْنَاهُ رَحْمَةً مِنْ عِنْدِنَا وَعَلَّمْنَاهُ مِنْ لَدُنَّا عِلْمًا)-هەردوو(موسا و گەنجەکە) بەندەیەك لە بەندەکانی ئێمەیان بینییەوە، رەحمەتێکمان لای خۆمانەوە پێدابوو، هەروەها زانستێکمان لای خۆمانەوە فێر کرد بوو.

(وَاتَّقُوا اللَّهَ وَيُعَلِّمُكُمُ اللَّهُ وَاللَّهُ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ)-لە خودا بترسن و خۆپارێز بن، خودا فێرتان دەکات، خودا بە هەموو شت زانایە.

ئەوجا لە ژێر ئایەتەکاندا ئەم دوعانە دانرا بوون:

(اللَّهُمَّ إني أسألُك بأني أشهدُ أنك أنت اللهُ لا إلهَ إلا أنت الأحدُ الصمدُ الذي لم يلِدْ ولم يولَدْ ولم يكنْ له كُفُوًا أحدٌ-خودایە، من داوات لێ دەکەم، بەوەی شایەتی دەدەم، تۆ خودایەکی هیچ خودایەك بوونی نییە جگە لە تۆ، کەسی لێ نەبووە و لە کەس نابێت و هیچ هاوتا و هاوشانێکی نییە).

(اللَّهمَّ إنِّي أسألُك بأنَّ لك الحمدُ لا إلهَ إلاّ أنت وحدَك لا شريكَ لك المنَّانُ بديعُ السَّمواتِ والأرضِ ذو الجلالِ والإكرامِ-خودايه، من داوات لێ دەكەم بەوەی حەمد تەنها بۆ تۆیە و هیچ خودایەك بوونی نییە جگە لە تۆ، تۆ تاك و تەنهای و هاوەڵت بۆ نییە، مەنان و داهێنەری ئاسمانەكان و زەویت، خاوەن مەزنی و شكۆمەندی و ئیكرامی).

(لا إلَـهَ إلاّ أَنتَ سُبْحَانَكَ إنِّي كُنتُ مِنَ الظَّالِمِينَ-هیچ خواوەندێك بوونی نییە جگە لە تۆ، پاكی و بێگەردی بۆ تۆیە، من لە ریزی ستەمكاران بووم).

(اللَّهمَّ إنِّي أسألُكَ بأنِّي أشهدُ أنَّكَ أنتَ اللَّهُ لا إلَهَ إلاّ أنتَ الأحدُ الصَّمدُ، الَّذي لم يلِدْ ولم يولَدْ ولم يَكُن لَهُ كفوًا أحدٌ-خودایە، من داوات لێ دەكەم بەوەی شایەتی دەدەم تۆ خودایەكی هیچ خواوەندێك نییە جگە لە تۆ، تاك و تەنها و سەرداری، كەسی لێ نەبووە و لە كەس نەبووە و هیچ هاوتا و هاوشانێكی بۆ نییە).

(اللَّهُمَّ إني عبدُك ابنُ عبدِك ابنُ أمَتِك ناصيَتي بيدِك ماضٍ فيَّ حُكمُك عَدْلٌ فيَّ قضاؤُك أسألُك بكلِّ اسمٍ هو لك سميتَ به نفسَك أوْ علَّمْتَه أحدًا مِنْ خلقِك أو أنزلته في كتابِك أو استأثرتَ به في علمِ الغيبِ عندَك أنْ تجعلَ القرآنَ ربيعَ قلبي ونورَ صدري وجلاءَ حُزني وذهابَ هَمِّي-خودایە، من بەندەی تۆم، كوڕی بەندەی تۆم، كوڕی كەنیزەكی تۆم، ناوچاوانم بە دەستی تۆیە، حوكمی تۆ لە منداتێپەڕیوە، بڕیاری تۆ لە منداداپەروەرانەیە، بە هەرچی ناوی خۆتە داوات لێ دەكەم، ئەو ناوانەی

نەفسی خۆت پێ ناو ناون، یان بەو ناوانە کەسێکت فێرکردووە، یان لە کتێبەکەت داتبەزاندووە، یان لە جیهانی پەنهان و لای خۆت تەنها خۆت دەیانزانی، قورئان بکە بە بەهاری دڵم و نووری سینەم و لادانی دڵتەنگی و ڕۆیشتنی خەم و پەژارەم).

ئەوەی جێگەی سەرنجی من بوو ئەوە بوو پێنج ئایەت و پێنج دوعای هێنا بوو.

پاشان ناونیشانێکی دانابوو بە ناوی: فەرز و سوننەت، تیایدا باسی پایەکانی ئیسلام و نەوافیلەکانی کرد بوو لە گەیشتن بە مەقامی مەحەبەت.

ئەوجا باسی خوێندنی قورئان و تێڕامان لە قورئان، ئەوجا هاتبووە سەر باسی سورەتەکان، لەسەر هەر سورەتێك نهێنییەك یان چەند نهێنییەکی باس کردبوو، لەسەر کۆتا سورەتی موصحەف کە سورەتی (الناس)ە باسی لە نهێنی پیتی (نون)ی شەددەدار و پیتی (سین) کرد بوو، لە شکاندنی سوپای شەیاتین و چارەسەری نەخۆشییە دەروونییەکان.

پاشان ناونیشانێك بە ناوی (علم الکتاب-زانستی کتێبەکە).

چواردە پیتەکەی سەرەتای بیست و نۆ سورەتەکەی قورئانی هێنا بوو، نهێنی و سیفەتی پیتەکانی باس کرد بوو، سورەتی (یس)ی بە (قَلْب)ی

قورئان دانابوو، ئەوەی بە فەرموودە هێنا بوو، پاشان باسی لەوە دەکرد بۆچی ئەم سورەتە بە (قَلْب) ناوبراوە؟ باسی لە نهێنی پیتی (ی) و (س) کردبوو، پیتەکانی (یاء) و (سین)ی بە ژمارەی (أبجد، هوز، حطي..) کۆکردبووەوە، بەم جۆرە: (ي) یەکسانە بە (١٠)، (ا) یەکسانە بە (١)، (ء) یەکسانە بە (١)، (س) یەکسانە بە (٦٠)، (ي) یەکسانە بە (١٠)، (ن) یەکسانە بە (٥٠)، هەموو ژمارەکانی کۆکردبوەوە (١٣٢) دەرچوو بوو، (١٠٠) بریتییە لە پیتی (ق)، (٣٠) بریتییە لە پیتی (ل)، (٢) بریتییە لە پیتی (ب)، (ق) و (ل) و (ب) بریتییە لە (قَلْب)، بۆیە (یس) بریتییە لە (قلب)ی قورئان.

قسەی لەسەر (حم) کرد بوو، دەیوت: بەم جۆرە دەخوێنرێتەوە (حا میم)، بە (أبجد، هوز..) دەکاتە (٩٩)، ئەوەش کۆبوونەوەی نهێنی (٩٩) ناوە جوانەکەی خودایە لەم دوو پیتەدا، حەوت جار لە حەوت سورەتی قورئاندا هاتووە، هەموو سورەتەکان مەکین، خوێندنی ئەو حەوت سورەتە یان حەوت جار خوێندنی (٩٩) ناوە جوانەکەی خودا، کاری گەورەی پێ ئەنجام دەدرێ، بۆیە لە جەنگی بەدر پێغەمبەری خودا(دروود و سەلامی خودای لەسەر) بەکاریهێنا و فەرمووی: (حم لا يُنْصَرون-حم ئەوان سەرناخرێن و سەرکەوتوو نابن)

بەم جۆرە نهێنی چواردە پیتەکەی سەرەتای بیست و نۆ سورەتەکەی قورئانی باس کرد بوو.

ئەوجا ناونیشانێك بە ناوی (زکر و دوعا و ئیستیغفار): باسی گرنگی زکری (سبحان الله وبحمده، سبحان الله العظیم) و زکری (لا إله إلا اللهُ وحدهُ لا شَریكَ لَه، لَهُ المُلكُ ولَهُ الحمدُ وهو علی كلِّ شَیء قَدیر)ی کرد بوو، هەروەها دوعای (سیّد الإسْتِغْفار)، سەرداری داوای لێخۆشبوون کە بریتییە لەم دوعایە (اللّٰهُمَّ أَنْتَ رَبِّي لا إِلَهَ إلا أَنْتَ، خَلَقْتَنِي وَأَنَا عَبْدُكَ، وَأَنَا عَلَى عَهْدِكَ وَوَعْدِكَ مَا اسْتَطَعْتُ، أَعُوذُ بِكَ مِنْ شَرِّ مَا صَنَعْتُ، أَبُوءُ لَكَ بِنِعْمَتِكَ عَلَيَّ، وَأَبُوءُ لَكَ بِذَنْبِي، فَاغْفِرْ لِي؛ فَإِنَّهُ لا يَغْفِرُ الذُّنُوبَ إلا أَنْتَ-خودایە، تۆ پەروەردگاری منی، تۆ تاك و تەنهایی و هیچ خواوەندێك جگە لە تۆ بوونی نییە، منت دروست کردووە و من بەندەی تۆم، من هەتا بتوانم لەسەر بەڵێن و پەیمانی تۆ دەمێنمەوە، پەنات پێ دەگرم لە شەڕی ئەوەی بەرپام کرد، داندەنێم بە نیعمەتی تۆ بەسەر منەوە، و داندەنێم بە گوناهی خۆمدا لەبەردەم تۆ، لێمخۆش بە، تۆ تەنها کەسێکی دەتوانی لە گوناهان خۆشبیت).

نهێنی بەکارهێنانی ئەم دوعایە لە بەیانیان و ئێواران باس کرد بوو.

دەفتەرێکی سەد پەڕەیی ئەم پێنج ناونیشانە، یان ئەم پێنج بەشەی لەخۆ گرتبوو.

من ناتوانم نهێنییەکانی ناو ئەم دەفتەرە بۆ ئێوە باس بکەم، چونکە سەید رافیع بەڵێنی لێ وەرگرتم و یەکێکە لە مەرجەکان، منیش لەسەر ئەوە پەیمانم بە خودا داوە، ئەوانەی بۆم باس کردن تەنها ئاماژەن نەك نهێنی ناو دەفتەرەکە.

نوێژی نیوەڕۆ و عەسرم لە هەمان مزگەوت کرد و دوای نوێژەکان تامەزرۆیانە دادەنیشتمەوە بۆ خوێندنەوەی دەفتەرەکە، پێش نوێژی مەغریب تەواوم کرد، نوێژی مەغریبم کرد بینیم سەید رافیع گەڕاوەتەوە، هات بۆ لام و وتی: لە خوێندنەوەی تەواو بووی؟

وتم: بەڵێ.

وتی: دەزانم هێشتا ژەمی نیوەڕۆت نەخواردووە، ماڵەوە فەرمانیان کردووە لە هیچ شوێنێ نان نەخۆین، خواردنی ئامادە کردووە.

وتم: خواردن و خواردنەوەم لەبیرچوو.

گەڕاینەوە بۆ ماڵی سەید رافیع، بێ ئێوە ناخۆش ژەمێکی خۆشمان خوارد، من زۆرم برسی بوو، وتم: سەید رافیع، لەبەر من مەخۆ، من زۆرم برسییە، ئەم ئێوارەیە ئیشتیهایەکی زۆرم بۆ خواردن هەیە.

دوای ژەمی ئێوارە کەوتمە پرسیار لە سەید رافیع، پرسیم: ئەم دەفتەرە بۆ منە؟

سەید رافیع وتی: نا، ئەوە دەفتەری کەسێکی تره، دەبێ دانیشی بە خەتی خۆت نوسخەیەکی لێ بگرییەوە، من دەچمەوە بە نووسینەکەی تۆدا، گەر هەڵەیەکت کردبێت لە نووسیمەوە، راستی دەکەمەوە، دواتر نوسخە ئەسڵییەکە بۆ من بگێڕەوە، لای من ئەمانەتە هەتا خاوەنەکەی دێت بۆی.

وتم: خانەوەنەکەی پیری گەڕۆکە.

وتی: بەڵێ.

وتم: هەر ئەم شەو دەست بە نوسینەوەی دەکەم.

وتی: ئەم دەفتەرە چاپ ناکرێ و نادرێتە دەست هیچ کەس، دەبێ لە ماڵەوە لەناو قاسەی ئاسنین دابنرێ، قورئان لەسەر دەفتەرەکە دابنێ، سورەتی (البقرة) بەسەر قاسەکەدا بخوێنە، بۆئەوەی دەستی جن و شەیاتینی پێ نەگات، چونکە ساحیرەکان لێت دەدزن.

وتم: بێخەم بە.

وتی: پیتی خۆت و ناوی خۆت دۆزییەوە.

وتم: شتێك حاڵی بووم، بەڵام دەمویست پرسیارت لێ بکەم.

سەید رافیع دەفتەرەکەی کردەوە و دەستی خستە سەر پیتێك لەو چوارده پیتەی لە سەرەتای بیست و نۆ سورەتی قورئانەوە هاتوون، وتی: ئەم پیتەی قورئان پیتی تۆیە: پاشان دەستی خستە سەر ناوێك و وتی: ئەم

ناوەی خودا بە تۆ دراوە، کار بەو دوانە بکە، بۆ گۆڕینی کانزای کەم نرخ بە کانزای بە نرخ مۆڵەتی راستەوخۆی پیری گەڕۆکی دەوێت، هەتا ئەو مۆڵەت نەدا، ئەو کارە ئەنجام نەدەی.

پرسیم: جا چۆن بتوانم ببینم و مۆڵەتی لێ بخوازم؟!

وتی: ئەوەیان خۆی دەیزانێ، کەی دێ بۆ لات و چیت پێ دەڵێ.

وتم: ئەوەشیان بەسەرچاو، لە رێنموونییەکانی ئێوە لانادەم.

شەو و رۆژێك دانیشتم دەفتەرەکەم نوسییەوە، سەید رافیع بۆی دەخوێندمەوە و من دەمنووسی، پاشان پێداچوونەوەی بۆ لاپەڕەکە دەکرد.

لەگەڵ تەواوبوون سەید رافیع دەفتەرە ئەسڵییەکەی لێ وەرگرتمەوە و دایە دەست خێزانی، ئەویش بردی بۆ ژوورێکی تر و هەڵیگرت، دیاربوو خێزانی ئاگادار بوو بە نهێنی ناو دەفتەرەکە.

بۆ سبەینێ خواحافیزم لە سەید رافیع و خێزانی کرد و شوکرم کردن بۆ ئەو هەموو خزمەت و سوودەی لەوانەوە بەدەستم هێنا، بە سواری فڕۆکە چوومە ئوردەن و لەوێوە هاتمەوە بۆ بەغداد و گەڕامەوە بۆ شارەکەی خۆم.

شەوی پێنجەم:

شاری ڕەحمەت (شاری ریسالەت)

-١-

گەڕامەوە بۆ شارەکەی خۆم، کەوتمە بیرکردنەوە لە جێبەجێ کردنی ئەو دوو ئەرکەی پیری گەڕۆك بۆی دانام، خزمەت کردن بەئاژەڵانی بێ خاوەن و کردنەوەی خانەیەك بۆ هەژاران و ژەمێك خۆراك لە رۆژانی جومعان.

بەرەکەتی کار و کەسابەت بەسەرمدا دابارێ، چەند دوکانێکم بە دەم دوکانەکەی خۆمەوە کڕی و بەرینم کرد، دوو شاگردی ترم کرد بە هاوکاری هەڵمەت، کوڕەکەی کاك سەعدوون، کاتێ خودا دەرگای رۆزی بەرین دەکات، مرۆڤ نازانێ چۆن دادەبارێ، ئەوەی بە بیری مرۆڤدا نەیەت دێتە ئاراوە و دەبێتە هۆی فراوانبوونی رۆزی حەڵاڵ.

من دڵم وابەستەی دنیا نەبوو، لە منداڵییەوە ئەو حاڵەتەم هەبوو، زۆر دڵخۆش نەبووم بە شتە دنیاییەکان، تەنها دڵخۆشی من لە ئێستادا خزمەتکردنە بە هەژاران، رەنج و کۆشانێکە خودا بە کاری چاکە بۆم بنووسێت، دابین کردنی رۆزی حەڵاڵ بۆ خۆم و چەند خێزانێك، کۆمەکی دەستکورتان و نەداران، نیشاندانی نموونەیەکی جوان بە خەڵکی لە مەیدانی کار و کەسابەتی حەڵاڵ، هەروەك حاجی سەلمانی موسڵ، ئەمانە جێگەی دڵخۆشی من بوون.

لە ئێستادا سەری خۆم سووك كردووە و كاری دوكانداری قوماشم ڕادەستی كوڕەكان كردووە، تەنها لە دووڕەوە سەرۆكارییان دەكەم، لە حەڵاڵ و حەرامیان ورد دەبمەوە، مامەڵە و هەڵسوكەوتیان لەگەڵ خەڵك تەماشا دەكەم، دڵ و دەروونیان دەخوێنمەوە، بزانم دنیا فریوی نەداون، خۆیان لێ نەگۆڕاوە، خودایان لە یاد نەچووە، هەژارانیان لەبیر نەكردووە؟

سەرەتا لە چەقی بازاڕ و نزیك مزگەوتی گەورە، خانوویەكم كڕی، كەرەستەی مەتبەخ و چێشتلێنانم بۆ ئامادە كرد، ویستم چێشتلێنەرێك بۆ ئامادەكردنی خواردنەكە بگرم، دایكم وتی: من خۆم ئامادەی دەكەم، با منیش ئەو خێرەم هەبێت، مامۆستای ئایینی چەند مزگەوتێكم ئاگادار كرد لەو جێگەیە ڕۆژانی جومعان ژەمی نیوەڕۆ خوادن بۆ هەژاران و غەریبانی شار ئامادە دەكرێ، تاكو بەبێ ناوهێنان و بانگەشە بۆ كەسە موحسینەكە، لە مزگەوت باسی بكەن و هەژاران بە شوێنەكە ئاگادار بكەن، سێ شاگردەكە خۆبەخشانە وتیان: ئێمەش ڕۆژانی جومعان خزمەت دەكەین. بۆ خۆشم یەكێكم لە خزمەتكاران، دوای تەواوبوون خێزانم و خوشكەكانم مەنجەڵ و قاپەكان دەشۆن، خانووەكە خاوێن دەكەنەوە، خودا بەرەكەتی خستە ناو كارەكە، ڕۆژانی هەینی نانی زیاتر

لە سەد هەژار، ئامادە دەکرێت، بەشێکیان ئافرەت و منداڵن و شوێنی تایبەتمان بۆ ئامادە کراوە، دایکم سەرۆکاری هەموو ئافرەتان دەکات.

بە قەدەر هەموو کار و بازرگانیەکەم دڵم بەو ناندانە خۆشە، سروو و دڵخۆشیم پێ دەبەخشێت.

رۆژێ لە دوکان دانیشتبووم هاوڕێیەکی کۆنی باوکم، بە ناوی مام حاجی محەمەد، هات بۆ دوکانەکە، رێزم لێگرت و خزمەتم کرد. نازانم چۆن بوو کەوت بەسەر باسی پزیشکێکی ئاژەڵی بە ناوی موراد، وتی: ئێمەی خەڵکی لادێ زۆر سوودمان لێ بینیوە بۆ ئاژەڵەکانمان.

لە مام حاجیم پرسی: خەڵکی بۆچی گیاندارانی خۆیان بەرەڵا دەکەن و خزمەتیان ناکەن؟

پرسی: گیاندار وەك چی؟

وتم: گوێدرێژ و سەگ و پشیلە و ئەو گیاندارانە.

وتی: گوێدرێژ مەگەر نوقسان بووبێت، یان پیر بووبێت و توانای کاری نەمابێت، ئەگینا بەرەڵا ناکرێت، چونکە خەڵك پێویستی پێیەتی، کەم کەس سەگ رادەگرێ, مەگەر ماڵات و حەیوانی هەبێت، بۆیە سەگی بەرەڵا زۆرە.

پرسیم: ئەو سەگە بەرالّانە بە چی دەژین و لەسەر چی دەژین؟

وتی: ئاژەڵی مردارەوە بوو، خواردتی رژاو، هەندێ کاتیش زیانی دەکەن و گیاندار و پەلەوەر دەخۆن.

ئەوجا مام حاجی محەمەد پرسی: بۆچی پرسیاری ئەوانە دەکەی؟

وتم: بەزەییم بەو گیانداره بێ خاوەنانەدا دێتەوە، بەتایبەت لە وەرزی زستان کە هیچ نییە بیخۆن.

مام حاجی وتی: ئەی برا، خەڵك بەزەیی بە برای خۆیدا نایەتەوە، تۆ بەزەیت بە سەگی بەرەڵادا دێتەوە!

وتم: چی بکەم مام حاجی محەمەد، بە دەستی خۆم نییە، بەزەییم هەیە بۆیان.

بە دەنگێکی نەرم وتی: بەزەیی لە خواوەیە، خوا سەرکەوتووت بکات، کوڕە باشەکەم، باوکیشت پیاوێکی بە بەزەیی بوو، وەجاغی باوکت رۆشن کردووە.

وتم: مام حاجی محەمەد، لە گوندەکەی خۆتان و دەوروبەر هەر گیاندارێکی بەرەڵات بینی خزمەتی بکە، خواردنی لەسەر من، هەرچەندی تێبچێت.

مام حاجی محەمەد پیاوێکی مەردی لادێی بوو، وتی: جا بۆچی خێری خۆم بە تۆ دەدەم، خۆم خزمەتی دەکەم، بڵێی نەتوانین لەتێ نانیان بۆ هەڵبدەین؟!

وتم: مام حاجی، من دەزانم ئێوەی خەڵکی لادێ چەند مەرد و جوامێرن، من فەرمانم پێکراوە ئەو کارە بکەم، خزمەت بە گیاندارانی بێ خاوەن.

مام حاجی محەمەد بە سەرسوڕمانەوە وتی: کێ فەرمانی پێ کردووی، حوکمەت؟

وتم: شەڵا حوکمەت بوایە، پیاوێکی صاڵحی وەك تۆم بینی وتی: بەزەیت هەبێ بە گیانداران.

مام حاجی محەمەد بە هەندێ شۆخییەوە وتی: باوکیشت ئەو بەزمانەی هەبوو، تێدەگەم دەڵێی چی و کێ فەرمانی پێ کردووی؟

منیش بە هەندێ سەرسوڕمان لە قسەکەی پرسیم: کێ فەرمانی پێ کردووم؟

وتی: ئەو کەسەی فەرمانی بە باوکت دەکرد.

ویستم زانیاری زیاتری لێ وەربگرم، پرسیم: کێ فەرمانی بە باوکم دەکرد؟

مام حاجی سەرێکی بۆ ڕاوەشاند و وتی: ئەی برا، من سی ساڵ دۆستی باوکت بووم، هەرچی نهێنییە لای من داناوە، ئێمە دۆستی گیانی بە گیانی بووین.

وتم: کەوابوو تۆش لەوانی؟

مام حاجی محەمەد بە خەندەیەکەوە وتی: ئەگەر خودا لە ریزی ئەوانم بنووسێت، هیچی ترم ناوێت.

لێم پرسی: ئەی دوای مردنی باوکم بۆچی نەهاتی سەردانێکم بکەی، ئەم هەموو ساڵە خۆت دواخست؟!

مام حاجی محەمەد وتی: دەبێ من گلەیی لە تۆ بکەم لە دۆستانی باوکی خۆت ناپرسی، لەگەڵ نەخۆشکەوتنی باوکت منیش نەخۆشکەوتم، دوو ساڵ لە جێگەدا بووم، دوای دوو ساڵ لە ئازار، هاتوچۆی دکتۆر، خودا شفای ڕەوانە کرد .

وتم: مام حاجی محەمەد، تۆ ڕاست دەکەی، زۆر شەرمەندەم، دەبوا من دوای مردنی باوکم هەواڵی تۆم زانیبا، منیش بە هۆی مردنەکەی باوکم و ئەو زەرەرەی بەسەریدا هات، سەرم لێ شێوابوو، لەتاو هەژاری ئەم شارەم بەجێهێڵا، ماشەڵا شوێن و گوندی ئێوەش لەم شارەوە زۆر دوورە، کەسێکی ناسراوم نەبینیوە تا هەواڵێکت بزانم، لە کەمتەرخەمیم ببوورە.

وتی: بیستوومە خانێکت بۆ هەژاران و غەریبان داناوە، زۆرم پێخۆش بوو.

وتم: مام حاجی محەمەد، پێتخۆشە بچین سەردانێکی شوێنەکە بکەین و بۆ بەرەکەت هەندێ دوعاش بۆشوێنەکە بکەی، بەڵام سەرەتا

ئیسراحەتی نیوەڕۆ دەکەین، ماڵەوەم لە هاتنەکەت ئاگادار کردووە، پاشان دەچین سەردانی خانەکەش دەکەین.

بۆ نیوەڕۆ میواندارییم لە مام حاجی محەمەد کرد، دوای نوێژ و ئیسراحەت چووین بۆ سەردانی خانەکە، مام حاجی محەمەد دوو رکات نوێژی تێدا کرد، زۆر پاڕایەوە، وتی: ئەو جێگە شوێنێکی موبارەکە، چونکە بۆ خوا کراوەتەوە و هەژار نانی لێ دەخوات.

پاشان وتی کوڕی خۆم دانیشە با نهێنییەکی باوکت پێ بڵێم، دەستی بە باخەڵدا کرد و نامەیەکی دەرهێنا، وتی بیخوێنەرەوە، تەماشای نامەکەم کرد دەستخەتی باوکم بوو، نامەکە بۆ مام حاجی محەمەدی نووسی بوو، تیایدا وتبووی: بە هۆی ئەو زەرەرەی بەسەرمدا هاتووە، مایەپووچ بووم، لێرە بەدواوە ناتوانم یارمەتی ئەو کۆمەڵە هەژارە بدەم، تا دەرگایەکی رۆزیم لێ دەکرێتەوە، ئەوکات یارمەتییەکەیان دەست پێ دەکەمەوە.

دوای تەواوبوونم لە خوێندنەوەی نامەکە، مام حاجی محەمەد وتی: باوکت دوای ئەو زەرەرە نەخۆشی بەسەردا هات و کۆچی دوایی کرد، من بەپێی توانای کەمی خۆم یارمەتی ئەو هەژارانەم داوە، هەندێکیان حەمد و سەنا بۆ خودا، لە هەژاری رزگاریان بووە و دەرگای رۆزی حەڵاڵیان لێکراوەتەوە، بەڵام هەندێك هەژاری تر هەن، گەر دەتوانی کۆمەکییان بکە، منیش چەند بتوانم کۆمەکییان دەکەم.

وتم: مام حاجی محەمەد، من خێری باوکم بنبڕ ناکەم، هەرچیم پێ بکرێ ئەنجامی دەدەم، تەنها جەنابت بۆم دیاری بکە، چەند خێزانن، ڕادەی هەژاریيەکەیان چەندە، مانگانە چەند باشە پێیان بدرێت؟

مام حاجی محەمەد ئەو لیستەی دەرهێنا مانگانە باوکم ڕەوانەی کردووە بۆ خێزانە هەژارەکان، لەگەڵ خستنەسەری سێ خێزانی تر، شوکر و مەمنوونیم بۆ مام حاجی محەمەد دەربڕی، پێم وت: هەموو سەری مانگێك خۆت یان هەر کەس خۆت بە باشی دەزانی وەرنە ئێرە و ئەو بڕە پارە وەربگرن، خۆشم لێرە نەبووم شاگردەکانم ئاگادار کردووە. زیندووکردنەوەی ئەو خێرەی باوکم زۆر دڵی خۆشی کردم.

-٢-

خودا سەفەرێکی عومرەی بۆ رێکخستم، یەکەمجار چووینە مەککە، عومرەمان کرد و سەرمانکردە عیبادەت و خوێندنی قورئان و رۆژوو، سێ رۆژی یەکەم حاڵی دڵ و دەروونم ئاسایی بوو، هەستم بە کاریگەری عیبادەتەکان و بەرەکەتی ئەو شوێنە موبارەکە نەدەکرد، بەیانی رۆژی چوارەم نوێژی بەیانیمان کرد، من لە بەیت مامەوە، تا رادەیەك کەعبەی موشەرەف چۆڵ بوو، چونکە خەڵکەکە بۆ پشوو و ئیسراحەت گەڕابوونەوە بۆ ئوتێلەکانیان، لە قاتی یەکەم تەنها دانیشتبووم، پیاوێکم بینی جلی پاکستانی لەبەر بوو، سنگێکی بەرین و جەستەیەکی گەورە، قورئانێکی لە رەفەکان دەرهێنا و لای راستمەوە دانیشت، ماوەیە قورئانی خوێند، کاتێ تەواو بوو، سەلامێکم لێ کرد، لەگەڵ یەکتر تەوقەمان کرد، بە زمانی عەرەبی پرسی: خەڵکی کوێی؟

وتم: خەڵکی کوردستانم.

پرسیم: تۆ خەڵکی کوێی؟

وتی: پاکستان، بەردەوام بوو لە قسەکردن و وتی: سەردانی بەغدادم کردووە، تۆ سەردانی شێخی گەیلانیت کردووە؟

وتم: بەڵێ.

داوام لە پیاوە پاکستانییەکە کرد دوعام بۆ بکات، دەستی گرتم و نایە سەر دڵی، بە زمانی ئۆردی دەستی بە دوعا کرد، لەگەڵ دوعاکان بە خوڕ فرمێسك لە چاوانی دادەبارین، لە دوعاکان تێنەدەگەیم، بەڵام لەسەر دڵم زۆر کاریگەر بوون، دواتر خواحافیزی کرد و ڕۆیشت.

ئەو ڕۆژە حاڵم گۆڕا، ڕۆحم کەوتە باڵەتەپێ، هەستم دەکرد ئاسۆیەکی مەلەکووت بە ڕومدا واڵا بووە، دوای نوێژی عەسر لە سەحنی کەعبەی موشەڕەف ڕوو بە کەعبە دانیشتبووم، پشتم بە دیواری سەحنی کەعبەوە نابوو، خەیاڵ و چڕبوونەوەم لەسەر ئەو ماڵە دێرینەی خودا بوو، بەناو هەناوی مێژوودا ڕۆچووبووم، ئێستام بەجێهێڵا بوو، ئیبراهیم و ئیسماعیلم دەبینی خەریکی هەڵچنینی ماڵەکەی خودان، دایکە هاجەرم دەبینی ئاوی زەمزەمیان بۆ دەهێنێ و تاوێ تەماشای هاوسەرەکەی و کوڕەکەی دەکات، بە ناخی چەند هەزار ساڵدا ڕۆچووبووم، کاتێ هۆشم کردەوە و هاتمەوە بۆ ئێستا بینیم پیاوێکی جەستە بچووك لە بەردەمم دانیشتووە، تەمەنی لەسەرو پەنجا ساڵ بوو، پۆشاکێکی لەبەر بوو نەمزانی پۆشاکی چ وڵاتێکە، لاواز و ڕەنگ زەرد و هەندێ سورکار، لای چەپی کردووەتە کەعبە و لای ڕاستی لە منە، لە سەرەتاوە زۆر سەرنجم نەدا، وتم کەسێکی ئاساییە و عەمرەکارە، لەو کاتەدا بوو، گەنجێك تەمەنی سی و پێنج ساڵ دەبوو، ئافرەتێکی بە تەمەنی سواری عارەبانەیەك کرد بوو،

هات و بۆ پشوویەك لای راستی منەوە دانیشت، پیاوەکەی بەردەمم گومێکی لێوە دەهات وەك دەنگی پوورە هەنگ، بەردەوام لێوی دەبزواند، ئەو حاڵەی سەرنجی راکێشام، لە دڵی خۆم وتم، ئەم پیاوە ئاسایی نییە، لەوانەیە یەکێك بێت لە دۆستانی خودا، سەعاتێکی لە دەست بوو، قایشەکەی چەرم بوو، رەنگی قاوەییەکی کاڵ بوو، وتم بە دڵ پرسیارێکی لێ دەکەم، گەر دۆستی خودا بێت وەڵام دەداتەوە، لە مێژ بوو پرسیارێك ناخی داگیر کردبووم، نەمدەوێرا لای هیچ کەس باسی بکەم، ئێستاش ناوێرم بۆ ئێوەی باس بکەم، بە دڵ لێم پرسی: (گەر ئەو بابەتە بەو جۆرەیە، سەعاتەکەی دەستت بکەرەوە و لەسەر کاشی سەحنی کەعبە دایبنێ، ئەگەریش وا نییە بە رێگەیەکی تر تێمبگەیەنە)، من لە دڵەوە قسەکەم کرد سەرنجێکی دام و سەعاتەکەی دەستی کردەوە و لە بەردەم خۆی داینا، کاتێ ئەوەم لێ بینی دەستیم ماچ کرد، پاشان سەعاتەکەی هەڵگرتەوە و ئاوڕی دایەوە بۆ لای ئەو گەنجەی لای راستی منەوە دانیشت بوو، دەستی درێژ کرد بۆئەوەی سەعاتەکەی پێی ببەخشێت، دیاربوو گەنجە تورك بوو، چونکە دەستی راوەشاند و بە زمانی تورکی وتی (ئۆڵماز، ئۆڵماز) واتە نابێ و نامەوێ، لەوە زیاتر پیاوە نامۆکە دەستی نەگرت و دەستی گێڕایەوە و سەریداخستەوە و کەوتەوە ناو گمە گمی خۆی، ئەو پشتی لە گەنجە تورکەکە بوو، گەنجەکە بە ئاماژەی دەستی

بە منی وت ئەو پیاوە شێتە، یان تەواو نییە، چونکە دەستی ڕاستی بڵاو کردەوە و نزیکی کردەوە لەسەری خۆی و بۆ پێشەوە دەستی سوڕاند، واتە مێشکی تەواو نییە، کە گەنجەکە ئەو ئاماژەی دا بە من، پیاوە غەریبەکە-کە پشتی لە گەنجەکە بوو- تەماشایەکی منی کرد و هەمان ئاماژەی ئەوی کرد و بە منی وت ئەو گەنجە شێتە، تەواو نییە، وەی پێبکەنە بەو دیمە، وەی سەرتسوڕبمێنێ ئەم پیاوە کە پشتی لە گەنجەکە بوو، سەری نەوی کرد بوو، چۆن زانی گەنجەکە ئەو ئاماژەی بە من داوە، سەعاتەکەم لە دەست وەرگرت و کردمەوە دەستی و بۆ جاری دووەم دەستیم ماچ کردەوە.

دیسان لە دڵەوە پرسیارێکی ترم لێ کرد، ئەویش بە ئاماژە حاڵی کردم، لە مەدینە وەڵامەکەت وەردەگری.

گەنجە تورکەکە ڕۆیشت، پیاوە غەریبە جەستە بچووکەکە بە دەست ئاماژەی کرد بۆ لای تەرمۆزی ئاوەکان، من وا حاڵیبووم دەڵێ دەچم ئاو دەخۆمەوە، جانتایەکی ڕەشی دەستی پێ بوو، بە ئاماژە وتی: با ئەمە لای تۆ بێت، لام ئاسایی بوو، منیش بە ئاماژە پێم وت لە بەردەمم دایبنێ، پیاوە غەریبە جەستە بچووکەکە هەستایە سەر پێ، وەك ئەوەی ئیسپرنگێك بێت و بکشێت، زیاتر لە بیست سانتیمەتر سەر و باڵای لەسەرو خەڵکەکەوە بوو، حەپەسان ڕووی لێ کردم، خودایە ئەم پیاوە

بچووکە چۆن ئاوا جەستەی کشا؟! ئەو بە لۆقە بە ناو خەڵکەکەدا دەڕۆیشت، سەر و هەندێ لە ملی لە خەڵکەکە بەرزتر بوو.

چارەکێك چاوەڕوان بووم تا بگەڕێتەوە، دیار نەبوو، بوو بە بیست خولەك ئەسەری نەبوو، هەستام بە جانتاکەی ئەوەوە رۆیشتم بۆ لای شوێنی ئاوخواردنەوەکە نەمبینی، هاتمەوە بۆ شوێنەکەی خۆم و ئەوەندەی تر دانیشتم، کابرا خۆی لێ بزر کردم، لە دڵی خۆم وتم بزانم ئەم جانتا چی تێدایە بەسەر منەوە بەجێیهێڵاوە، زینجیرەکەم کردەوە، بینین پڕە لە مرواری سپی، لەگەڵ هەندێ پارەی کاغەز رەنگیان سەوز بوو، بە پەلە دامخستەوە، وتم نەوەك لەم کاتەدا بگەڕێتەوە و ببینێت دەرگای جانتاکەم کردووەتەوە، نیگەرانی و پەرێشانی رووی لێ کردم، سوڕێکی ترم خوارد بە سەحنی کەعبەدا کابرا بوو بە ئاو و چوو بە ناخی زەویدا، هاتمەوە بۆ هەمان شوێن، لە گەڕانەوەی پیاوەکە بێهیوا بووم، لە دڵی خۆم وتم کاتێ دەوروبەرم چۆڵ بوو لەم شوێنە جانتاکە بەجێدەهێڵم، جا یان کابرا دەگەڕێتەوە و جانتاکەی هەڵدەگرێتەوە، یان یەکێك جانتاکە هەڵدەگرێتەوە و رادەستی پۆلیسەکانی ناو کەعبەی دەکات، وەستام تا دەوروبەرم کەسی لێ نەما، جانتاکەم دانا و سێ هەنگاوم هەڵگرت و ئاوڕمدایەوە بینیم جانتاکە نەمابوو، بەبێ ئەوەی هیچ کەس لەو شوێنە

وەستابێت، ئەی خودایە نهێنی ئەم کابرا غەریبە چی بوو نیشانی منت دا؟!

دوای حەوت رۆژ مانەوە لە مەککە رۆیشتین بۆ مەدینەی منەورە.

گەیشتن بە خزمەتی پێغەمبەری ئەکرەم و نوێژی مزگەوتی نەبەوی و سەردانی مزگەوتی قوبا و سەردانی شوهەدای ئوحد و گۆڕستانی بەقیع.

شەوی دووەم دوای نوێژی عیشا لە مزگەوت مامەوە، بە حەوشی مزگەوتی نەبەویدا دەچووم و دەهاتم، بە هۆنراوەکەی نالی کەوتمە گفتوگۆ لەگەڵ پێغەمبەری خودا:

ئەی تازە جەوان، پیرم و ئوفتادە و کەوتووم
تا ماوە حەیاتم
دەستێ بدەرە دەستی شکستەم کە بەسەرچووم
قوربانی وەفاتم

گریانێك رووی لێ کردم هەموو روخسارم تەڕ بوو، فرمێسك خۆشنەدەبوویەوە، چاوەکانم هەڵئاوسابوون، دواتر لە پاڵ یەکێك لە پایەکانی حەوشی مزگەوت دانیشتم، بینیم پیاوێکی پیر وەك ئەوەی لە قادرمەوە دابەزێت بۆ خوارەوە و بۆ سەر زەوی، عەسایەکی لە دەست بوو، پێی کەوتە سەر زەوی و رۆیشت بۆ لای پایەکەی بەرانبەر من، منیش سەرسامانە کەوتمە وردبوونەوەی، لای پایەکە دوو پیاو

دانیشتبوون، یەکێکیان لەسەر کورسییەکی سەفەری دانیشتبوو، کە پیاوە ریش سپییەکە رووی لێ کردن هەردوو هەستان و شوێنەکە و کورسییەکەیان بەجێهێڵا، پیاوە ریش سپییەکە رۆیشت بەرانبەر بە من لەسەر کورسییەکە دانیشت و دوو دەستی خستە سەر کەمەی عەساکە و خۆیدا بەسەریدا، کەوتە وردبوونەوە لە من، بە دڵ پرسیارێکم لێ کرد بە عەساکەی وەك کەسێك تفەنگێکی بە دەستەوە بێت و بیەوێت بیتەقێنێت، عەساکەی ئاراستەی عێراق کرد، وەڵامی پرسیارەکەم لێ وەرگرت، هەستام بچم بۆ لای دەستی ماچ بکەم و داوای دوعای خێری لێ بکەم، چەند هەنگاوێکم مابوو بگەمە لای، دوو ئافرەتی پیادەڕەوی سیاپۆش کەوتنە نێوان من و پیاوە ریش سپییەکە، دوو ئافرەتەکە تێپەڕین پیاوە ریش سپییەکە لەسەر کورسییەکە نەما بوو، تێپەڕینی دوو ئافرەتەکە و بزرکردنی پیاوە ریش سپییەکە لە من تەنها چەند چرکەیەك بوو، چوومە لای کورسییە چۆڵەکە، تاوێ وەستام، بەڵام دیاربوو پەیامەکەی خۆی بە من گەیاند و رۆیشت، منیش بە دڵ لێی حاڵیبووم چی دەڵێت، بینینی پیاوە ریش سپییەکەی مەدینە، وەڵامی پرسیاری دووەمم بوو لە مەککە لە پیاوە غەریبەکەم کرد و ئاماژەی بۆ مەدینە کرد.

-٣-

بۆ وەرگرتنی بەرەکەتی زانست لە شاری پێغەمبەری ئەکرەم، پێمخۆش بوو کتێبێك لە زانستە ئیسلامییەکان لای زانایەکی ئەو شارە بخوێنم، بیرمکردەوە باڵاترین زانست زانستی بیروباوەڕە، چونکە شەرەفی زانست بە بەرزی و بڵندی ئەو بابەتەوەیە دەستی بۆ دەبات، خودا مەزنترین پرس و بابەتی مرۆڤە، بۆیە زانستەکە مەزنترین زانستە، باشترین کتێبێك لەم مەیدانەدا کۆدەنگی لەسەر بێت کتێبەکەی ئیمامی تەحاوییە کە بە عەقیدەی تەحاوی ناوبانگی دەرکردووە، لە مزگەوت دوو رکات نوێژم کرد و زۆر پاڕامەوە خودا ئەو کارەم بۆ ئاسان بکات، دانیشتم و کەوتمە بیرکردنەوە، لە کوێوە دەست پێ بکەم؟ چۆن بتوانم زانایەك بدۆزمەوە و بەرەکەتی زانستی لێوە وەربگرم؟ لەو بیرکردنەوانەدا بووم پیاوێك هاتە تەنیشتم و سەلامی لێ کردم، پرسی: تۆ کوردی؟

وتم: بەڵێ.

پرسی: خەڵکی عێراقی؟

وتم: بەڵێ.

وتی: پێویستیت چییە؟

وتم: پێویستیم لای خودایە، تەنها دوعای خێرم بۆ بکە.

وتی: برام، تۆ پێویستییەکت هەیە بە من بڵێ رێگەت پێ نیشان بدەم.

کە ئەوەی وت زانیم ئەمە ئەو کەسەیە رێنموونیم دەکات بۆ بینینەوەی زانایەك، پێم وت: بەدوای زانایەکدا دەگەڕێم بەرەکەتی زانستی لێ وەربگرم.

پیاوەکە وتی: هەستە وەرە لەگەڵم.

بێ بیرکردنەوە هەستام و شوێنی کەوتم، لە مزگەوتی پێغەمبەری ئەکرەم چووینە دەرەوە، بە پێیان نیو سەعاتێك رۆیشتین، کەوتینە ناو گەڕەکێك، لە بەردەم ماڵێکی گەورە وەستا و زەنگی لێدا، گەنجێك هات بە دەم دەرگاوە، پیاوەکە لێی پرسی: شێخ لە ماڵەوەیە؟

گەنجەکە وتی: بەڵێ، فەرموون وەرنە ژوورەوە.

پێشوازی لێ کردین بۆ ژوورێکی گەورە، چەند تاقم قەنەفەی لێ دانرا بوو، دوای کەمێك دانیشتن پیاوێکی ریش سپی هاتە ژوورەوە، پیاوێکی سیما شیرینی خاکی و سادە، لەبەری هەستاین، بەخێرهاتنی کردین و تەوقەی لەگەڵ کردین، ئەو پیاوەی لەگەڵم بوو زاناکەی پێ ناساندم و وتی: ئەمە شێخ (ناصر فەقیهی)یە، رووی لە زاناکە کرد و وتی: ئەمە ئەو پیاوەیە تۆیان ئاگادار کرد بوو.

قسەکەیم لا سەیر بوو، دەبێ کێ ئەو زانای ئاگادار کردبێت دەربارەی من، زاناکە لە من وردبوویەوە و پرسی: لە کوێوە هاتووی؟

وتم: لە عێراقەوە، من کوردم.

وتی: دووبارە بەخێر بێی.

پرسی: پێویستیت چییە؟

وتم: تەنها وەرگرتنی بەرەکەتی زانست لە شاری پێغەمبەری ئەکرەم.

پرسی: دەتەوێ چ زانستێك وەربگری؟

وتم: کتێبەکەی ئیمامی تەحاوی دەربارەی بیروباوەڕ.

وتی: (بارك الله فيك)، بیروباوەڕ بنچینە و بناغەی موسڵمانێتییە.

وتم: بەڕێزت کاتت هەیە لە هەفتەیەکدا پوختەی کتێبەکەم پێ بڵێیەوە؟

وتی: توانای تۆ دەزانێت، من دەتوانم دوای نیوەڕۆ تا عەسرت بۆ دابنێم.

وتم: من لە خزمەتم، لە کەیەوە دەست پێ بکەین؟

وتی: سبەینێ بۆ ژەمی نیوەڕۆ دێیە لای من و وانەکەمان دەست پێ دەکەین.

سبەینێ دوانیوەڕۆ وانەکەم دەست پێ کرد، شێخ ناصر وتی: تەنها پوختەیەکت پێ دەڵێمەوە، خۆت دەتوانی شەرحێکی لەسەر بخوێنییەوە.

وتم: ئەوە بۆ من گونجاوە، چونکە تەنها هەفتەیە کاتم لەبەر دەستە.

وانەی یەکەم و لە رۆژی یەکەمدا:

شێخ ناصر وتی: دەقی کتێبەکە بە خاڵ دەخوێنمەوە، لە هەر جێگەیەك راستەوخۆ بەدوای دەقی کتێبەکەدا وتم: (واتە) ئەوە قسە و لێکدانەوەی منە.

لە دوای (بسم الله الرحمن الرحیم) و حەمد بۆ خودا و صەڵەوات لەسەر پێغەمبەری ئەکرەم، بەم جۆرە وانەکەی دەست پێکرد:

((دەربارەی یەکتایی خودا، بە باوەڕەوە و بە کۆمەکی خودا دەڵێین:

یەکەم: خودا تاك و تەنهایە و هاوبەش و هاوەڵی نییە. واتە خودا یەکە، هاوشان و هاوتا و هاوشێوەیەك بۆ ئەو یەکە بوونی نییە.

دووەم: هیچ شت وەك ئەو نییە. واتە شتێك بوونی نییە لە زات و لە سیفەت و لە کاریدا لە خودا بچێت.

مینا پرسی: جیاوازی چییە لە نێوان زات و سیفەت و کاری خودا؟

وتم: خودا لە کار و ناو و سیفەت و زاتیدا یەك خودایە، ئەم بەشانە پارچە پارچە کردنی خودا نییە، خودا یەك خودایە، ئێمە بۆ تێگەیشتن لە خودا بەش بەشی دەکەین، بۆ ئەوەی مرۆڤی باوەڕدار بزانێت چۆن گەشتەکەی بۆ لای خودا دەست پێ دەکات.

مینا پرسی: چۆن گەشتەکەی دەست پێ دەکات؟

وتم: سەرەتا بزانە ناوە جوانەکان ڕێگەیەکە بۆ گەیشتن بە خودا، ئەمەش دوو ڕێگەی هەیە:

ڕێگەی سالیکان لە ئاسارەوە دەچێت بۆ ناوەکان، لە ناوەکانەوە دەچێت بۆ سیفەتەکان، لە سیفەتەکانەوە کەماڵی زاتی خودای بۆ ئاشکرا دەبێت.

مینا پرسی: ئاسار چییە؟

وتم: گەردوون و دروستکراوان، بۆ نموونە لە ناو دروستکراوان دەبینێ مرۆڤ بەزەیی بە منداڵی خۆی دەکات، گیانداران بەزەیی بە بێچووەکانیان دەکەن، لەم ڕەحمەت و بەزەییەوە دەگاتە ناوی (ڕەحمان و ڕەحیم)، لەم ناوانەوە دەگاتە سیفەتی ڕەحمەت، چونکە لە ناو زماندا ناو لە سیفەتەوە سەر هەڵدەدات، هەرچەند وشەی سەرهەڵدانی ناو بۆ خودا شیاو نییە، لە ناو مرۆڤدا گەر کەسەکە هەڵگری سیفەتی بەخشندەیی نەبێت، پێی ناوترێت بەخشندە، بەخشندەیی سیفەتە، بەخشندە ناوە، لە سیفەتی ڕەحمەتەوە دەگاتە زاتێکی خاوەن کەماڵی وەسفکراو بە ڕەحمەت.

مینا وتی: تت دوو ڕێگە هەیە، ئەمە یەکەمیان بوو.

ڕێگەی دووەم: کەسانێکی زۆر کەم کە مورادانی خودان، خودا کەماڵی زاتی خۆی بەوان دەناسێنێت، لە کەماڵی زاتەوە دەگەڕێنەوە بۆ

سیفەتەکان، ئەوجا بۆ ناوەکان، پاشان کردار و ئاسار، ئەمانە پێغەمبەران و ژمارەیەکی کەمن لە صدیقان.

مینا پرسی: مورادان کێن و چین؟

وتم: لە رێگەی بەرەو خوداچوون عاریفان دوو ناو بەکاردەهێنن، مورید و مراد، مورید خودادۆز و خوداویستە، تەواوی هەوڵ و کۆشانی خۆی بەگەڕخستووە بۆ گەیشتن بە خزمەتی خودا، مراد کەسێکە خودا بۆ خۆی هەڵبژاردووە، بە موسا دەفەرموێت: (تۆم بۆ خۆم دروستکردووە و تایبەتم کردووی بە خۆم و ئامادەم کردووی[٤٢]).

سێیەم: هیچ شت خودا دەستەوسان ناکات. واتە شتێك بوونی نییە ویستی زاڵ بێت بەسەر ویستی خودادا.

مینا وتی: ئێمە دەزانین خودا شەڕی خۆشناوێت، ویستی شەڕی مرۆڤ بۆ ئەنجامدانی کارێکی خراپە ئەوەی لێ ناخوێنرێتەوە دژ بە ویستی خودایە؟

وتم: دەبێ دوو ویست لە یەکتر جیا بکەینەوە، ویستێکی کەونی و ویستێکی شەرعی، کارە خراپەکەی ئەو دژ و پێچەوانەیە بە ویستی شەرعی خودا، بەڵام ویستە خراپەکەی لە ناو بازنەی ویستە کەونییەکەدایە و لێی دەرناچێت.

-.-

[٤٢] ئامازەیە بۆ ئایەتی: (وَٱصْطَنَعْتُكَ لِنَفْسِى﴿٤١﴾) طه.

مینا پرسی: مەبەستت چییە بە ویستی شەرعی؟

وتم: ویستی شەرعی بریتییە لەو پەیامانەی خودا بۆ پێغەمبەرانی ڕەوانە کردووە.

مینا وتی: ئەی ویستی کەونی چییە؟

وتم: ویستی کەونی ئەوەیە خودا لە ئەزەلەوە ویستوویەتی و خواستوویەتی لەم ژیان و گەردوونەدا ڕووبدات، ئەم ویستە لای ئێمە ئاشکرا نییە و خودا بۆ خۆی دەیزانێت، بەڵام ویستە شەرعییەکە لامان ئاشکرایە.

مینا وتی: لەم پێناسەوە ویستە شەرعییەکەش دەبێت بەشێك لە ویستە کەونییەکە، چونکە هاتنی پێغەمبەران بە پەیامەوە ڕووداوێکی ناو ئەم گەردوونەیە.

وتم: وەك هاتنی پێغەمبەران و دابەزینی کتێبە ئاسمانییەکان لە سەردەمە جیاجیاکانی ژیانی مرۆڤایەتی، بەڵێ بەشێکە لە ویستە کەونییەکە، بەڵام جەوهەری ئەو وەحییەی بۆ پێغەمبەران هاتووە کەلامی ئەزەلی خودایە و ڕووداو نییە.

چوارەم: هیچ خواوەندێك جگە لە ئەو بوونی نییە. واتە شتێك بوونی نییە شایستە بێت بە پەرستن.

مینا پرسی: ئەی ئەو هەموو خواوەندە چین لە خوار خوداوە دەپەرستریّن؟!

وتم: ئەگەر سەرنجی قسەکەی شێخ ناصر بدەی وتی: (واتە: شتێك بوونی نییە شایستە بێت بە پەرستن)، کەوابوو هیچ خواوەندێك لە خوار خوداوە شایستە نییە بە پەرستن، تەنها (اللّٰه) شایستەیە بە پەرستن.

پێنجەم: دێرینە بەبێ سەرەتا، هەمیشەییە بەبێ کۆتایی. واتە سەرەتا و کۆتایی بۆ خودا بوونی نییە.

مینا پرسی: ئایا (دێرین) و (هەمیشەیی) ناوی خودان؟

وتم: دێرین کە بەرانبەر وشەی (القَدیم)ی زمانی عەرەبی دانراوە، هەمیشەییش بەرانبەر وشەی (الدائم) دانراوە، ئەو دوو وشە وەك ناوی خودا لە قورئان و فەرموودەی سەحیحدا نەهاتوون، بەڵام ماناکەیان بۆ وەسف کردنی خودا راست و دروستە، دێرین بریتییە لە (بێ سەرەتا)، هەمیشەییش بریتییە لە (بێ کۆتا)، ئەو دوو وشە وەك ناو بۆ پەرستنی خودا-هەر وەك ناوە جوانەکان- بەکارناهێنرێن، وشەی دێرین مانای ناوی (الأوَّل-یەکەمین)ی تێدایە، وەك چۆن وشەی هەمیشەیی مانای ناوی (الآخِر-دواهەمین)ی تێدایە.

مینا پرسی: مەبەستت چییە لەو قسەی دەڵێی (ئەو دوو وشە وەك ناو بۆ پەرستنی خودا-هەر وەك ناوە جوانەکان- بەکارناهێنرێن)؟

وتم: سەرەتا بزانە ناوە جوانەکان تەوقیفین، واتە هیچ کەس ناتوانێ ناو بۆ خودا دابتاشێت، جگە لە خودا بۆ خۆی و پێغەمبەرەکەی، خودا لە قورئاندا فەرمانی پێ کردووین بە ناوە جوانەکان عیبادەتی بکەین و دوعا بکەین و داوای لێ بکەین، لەبەر ئەوەی (القدیم و الدائم) ناوی جوانی خودا نین، ناتوانین بەو دوو ناوە دوعا بکەین و داوا لە خودا بکەین[٤٣].

شەشەم: نە فەنای بەسەردا دێت، نە تیادەچێت. واتە: عەدەم و نەبوون روو لە خودا ناکات، مانەوەی پچڕانی تێناکەوێت، بەڵکو بە بەردەوامی و بۆ هەتاهەتا زیندووە، وەك چۆن لە ئەزەلەوە زیندوو بووە.

مینا پرسی: دەتوانین وشەی (ئەزەلی) وەك ناوی خودا بەکاربهێنین؟

وتم: وشەی ئەزەلی زاراوەی فەلاسفەیە، لە قورئان و سوننەتدا نەهاتووە، بۆیە هەروەك دوو ناوەکەی تر.

حەوتەم: تەنها ئەوە دەبێت ئەو دەیەوێت. واتە ویست و بڕیاری ئەو لەسەرو هەموو ویست و بڕیارێکەوەیە.

---

[٤٣] ئاماژەیە بۆ ئایەتی: ﴿وَلِلَّهِ ٱلْأَسْمَآءُ ٱلْحُسْنَىٰ فَٱدْعُوهُ بِهَا ۖ وَذَرُوا۟ ٱلَّذِينَ يُلْحِدُونَ فِىٓ أَسْمَٰٓئِهِۦ ۚ سَيُجْزَوْنَ مَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ﴿١٨٠﴾﴾ الأعراف.

هەشتەم: وەهم و خەیاڵ ناگاتە وێناکردنی خودا، حاڵیبوون و تێگەیشتن پەیی پێ نابات. واتە مرۆڤ ناتوانێت وێنای زاتی خودا بکات، هەر وێنەیەکت بۆ دروست بوو، بزانە ئەوە خودا نییە.

مینا وتی: ئەی چۆن بیناسین و خۆشمانبوێت؟

وتم: ئێمە سیفەتەکان و ناوەکان و کارەکانی خودا دەزانین و دەناسین، لەو ڕێگەیەوە دەیناسین و خۆشمان دەوێت.

مینا پرسی: ئەوەندە ناسین بەسە بۆ خۆشویستنی خودا؟

وتم: گەر یەکێك باسی مەلیکی دادپەروەرت بۆ بکات لە مەملەکەتێکی تر، ئایا سیفەتەکەی ئەوت خۆشناوێت؟

مینا وتی: خۆشمدەوێت.

وتم: ئەی ئەگەر کۆمەڵێك سیفەتی بەرز و بڵندی زۆرتر و زیاتری ئەوت بۆ باس بکرێت؟

مینا وتی: زیاتر دەیناسم و زۆرتر خۆشمدەوێ.

وتم: لەگەڵ ئەوەش تۆ مەلیکەکەت نەبینیوە و نازانی ڕوخساری چۆنە، نموونەی بەرز و بڵند تەنها بۆ خودایە، ناسین و خۆشویستن و گوێڕایەڵی کردنی خوداش هەر بەو جۆرەیە.

نۆیەم: لە دروستکراوان ناچێت. واتە: چۆن دروستکراوان لە خودا ناچن، خوداش لە دروستکراوان ناچێت.

مینا پرسی: لێکچوون لە زاتیدا؟

وتم: لێکچوون لە زات و سیفەت و ناو و کرداردا.

مینا وتی: بەڵام خودا لە قورئاندا پێغەمبەر(دروود و سەلامی خودای لەسەر) بە (... رَءُوفٌ رَّحِيمٌ ۝) النور ناو دەبات، لە کاتێکدا ئەو دوو ناوە بۆ خوداش بەکاردێن و لە ناوە جوانەکانن؟

وتم: بەکارهێنانی ئەو ناوانە بۆ مرۆڤ مانایەکە و بۆ خودا مانایەکی تر.

مینا پرسی: چۆن؟

وتم: سیفەتی خودا زاتی و ئەسڵین و لە خودا دابڕاو نین، لە ئەزەلەوە خودا ئەو سیفەتانەی هەبووە و بە هەتاهەتایش خاوەن ئەو سیفەتانەیە، ڕادە و سنوور بۆ سیفەتەکانی خودا بوونی نییە، بەڵام بەکارهێنانیان بۆ مرۆڤ کەسب و بەدەستهێنانە و ڕادە و سنووریان هەیە، ئێمە دەڵێین خودا زانایە و فڵان کەسیش زانایە، جیاوازی ئەم دوو زانا چییە؟ زانستی خودا ئەزەلی و ئەبەدییە، زانستی مرۆڤەکە کاتییە، زانستی خودا فەنا ڕووی لێ ناکات، زانستی مرۆڤ فەنا ڕووی لێ دەکات، زانستی خودا نەزانی لە پێشەوە نییە، زانستی مرۆڤ نەزانی لە پێشەوەیە، واتە کاتێك هەبووە نەزان بووە و دواتر خۆی زانا کردووە، زانستی خودا بڕ و ئەندازە

و سنووری بۆ نییە، زانستی مرۆڤ سنووردارە و لە سەروو هەر زانایەکەوە زاناترێك بوونی هەیە،

دەیەم: زیندووە و نامرێ، راگرە و ناخەوێ. واتە: راگری ئاسمانەکان و زەوی و تەواوی دروستکراوانە بۆ ئەوەی نەچنە ناو جیهانی عەدەم و نەبوون.

مینا وتی: واتە ئاسمانەکان و زەوی بە خوداوە راوەستاون؟

وتم: ئاسمانەکان و زەوی بە سیفەت و ناوی (القَیُّوم - راگر) راوەستاون، گەر بۆ چاوتروکانێك ئەم سیفەتە لە ئاسمانەکان و زەوی بگیرێتەوە سەراپا دەچنە ناو جیهانی نەبوون، بوون دوو جۆرە: جۆرێك بوونی بە زاتی خۆیەوە و شانی لەسەر هیچ شت دانەداوە، ئەمە بریتییە لە بوونی خودا، بوونێکیش شانی لەسەر زاتێکی تر داداوە بۆ مانەوە و بوون، ئەمەیان هەرچی بوونە جگە لە خودا، ئێمەی دروستکراو پێیەکمان لە ناو عەدەمە وەك هەویر و سروشتی خۆمان، پێیەکیشمان لە ناو بوونە بە بوونی خوداوە، بەردەوام دەچینە ناو جیهانی عەدەم و نەبوون، خودا بەردەوام بوونمان پێ دەبەخشێتەوە، خودا (خالِق) نییە بە تەنها، بەڵکو (خَلاّق)یشە، واتە بەردەوام خەلق دەکات، ئەم راستییە زانستی فیزیای سەردەم پێیگەیشتووە، زانست دەڵێت: گەر تەنەکان وردبکەینەوە دەبن بە گەرد، گەردەکان دەبن بە گەردیلە، گەردیلەکان دابەش دەبن بۆ

ئەلەکترۆن و ناوك، ناوك دابەش دەبێت بۆ پرۆتۆن و نیوترۆن، ئەوانەش دابەش دەبن بۆ تاڵە وزە، بەم جۆرە بونیادی سەراپای گەردوون وزەیە، زانست دەڵێ کەمتر لە یەك لەسەر هەزاری چرکەیەك ئەم کۆما وزە زەبەلاحەی گەردوون دەکوژێتەوە و دادەگیرسێتەوە، جارێکی تر دەکوژێتەوە و دادەگیرسێتەوە، هەموو کوژانەوەیەك چوونە عەدەمە وەك سروشتی بوون، هەموو پێبوونەوە و داگیرسانێك هاتنەوە ناو بوونە وەك راگرتنی لە لای خوداوە.

یازدەهەم: دروستکەر و ئەفرێنەرە بەبێ پێویستی، رۆزیدەرە بەبێ تێچوون. واتە خودا پێویستی بە دروستکروان نییە، رۆزییان دەدات و هیچی تێناچێ و بۆ خودا گران نییە.

دوازدەهەم: مرێنەرە بە بێ ترسان، زیندووکەرەوەیە بێ سەختی و گرانی. واتە دەمرێنێ و لە کەس ناترسێ، زیندووکەرەوەیە و بۆ ئەو سەخت و دژوار نییە، بەڵکو بە کەلیمەی (ببە) زیندوو دەبنەوە.

سیازدەهەم: بەردەوام بە سیفەتەکانییەوە راوەستاوە بەر لە دروستکردنی دروستکراوان. واتە هەموو سیفەتەکانی خودا ئەزەلی و هەرهەرین، بەر لەوەی دروستکراوان دروست بکات.

چواردەهەم: بە بوونی دروستکراوان شتێك لە سیفەتی بۆ زیاد نەبووە پێشتر نەیبووبێت.

پازدەهەم: وەك چۆن بە سیفەتەکان ئەزەلییە، بە هەتاهەتاییش خودا بەو سیفەتانەوە دەمێنێتەوە.

شازدەهەم: لە دوای دروستکردنی دروستکراوان، ناوی ئەفرێنەر(الخالِق)ی بەدەست نەهێناوە، بە هێنانەدی دروستکراوان ناوی بەدیهێنەر(الباري)ی بەدەست نەهێناوە.

مینا وتی: لەم خاڵە تێناگەم!

وتم: واتە: خودا بەر لەوەی خەلق بکات خالق بووە، بەرلەوەی بەدیهێنان بکات بەدیهێنەر بووە، نەك بوونەوەرانی دروست کردبێت ئەوجا ناوی خالقی لێنرا بێت.

حەڤدەهەم: مانای پەروەردگاری هەبووە بەبێ بوونی (پەروەردەکراو)، مانای دروستکەری هەبووە بەبێ بوونی (دروستکراو).

هەژدەهەمم: وەك چۆن زیندووکەرەوەی مردووانە دوای ئەوەی مردووان زیندوو دەکاتەوە، هەر بەو جۆرە شایستەیە بەو ناوە بەرلەوەی زیندوویان بکاتەوە، بە هەمان شێوە شایستەیە بە ناوی دروستکەر بەرلەوەی دروستیان بکات.

مینا وتی: زیاتر بۆم ڕۆشن بکەرەوە.

وتم: لە ئێستادا خودا ناوی (المُحْيِي-زیندووکەرەوە) نییە؟

مینا وتی: با.

وتم: هێشتا مردووەکانی زیندوو کردووەتەوە؟

مینا وتی: نەخێر.

وتم: کەوابوو هەر بەو جۆرە خودا خالق بووە بەرلەوەی خەلق دروست بکات.

مینا وتی: تێگەیشتم.

نۆزدەهەم: ئەوەش چونکە خودا خاوەن توانا و دەسەڵاتە بەسەر هەموو شتدا، هەرچی شتە هەژارە بۆ لای ئەو، هەرچی کارە لەسەر ئەو ئاسانە، ئاتاج نییە بە هیچ شت: ﴿... لَيۡسَ كَمِثۡلِهِۦ شَيۡءٞۖ وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلۡبَصِيرُ ١١﴾ الشوری-شتێك نییە هاوشێوە و هاوتای ئەو، ئەو بیسەر و بینەرە.

بیست: بە زانستی خۆی دروستکراوانی دروست کردووە. واتە بەر لە خەلق کردن و دروستکردن، تەواوی دروستکراوان لە زانستی خودادا بوون.

بیست و یەك: قەدەرەکانی بۆ دیاری کردوون. واتە هەموو ئەو شتانەی ڕوویان لێ دەکەن، تەواوی جووڵە و وەستان و ڕووداوی ژیانیان.

بیست و دوو: وادە و ئەجەلی بۆ داناون. واتە سەرئەنجام و چارەنووسی بۆ دیاری کردوون.

بیست و سێ: بەر لە دروستکردن هیچ شت لە ئەو شاراوە نەبووە، زانیویەتی چی دەکەن بەرلەوەی دروستیان بکات. ئەم خاڵە دڕێژەدانە بە خاڵی بیستهەم.

بیست و چوار: فەرمانی کردووە بە گوێڕایەڵی لە خۆی و نەهی کردووە لە یاخیبوون لە خۆی.

بیست و پێنج: هەرچی شتە بە تەقدیر و ئەندازەگیری و ویستی ئەو جاری دەبێت، ویست و خواستی خودا جێبەجێ دەبێت.

بیست و شەش: بەندەکان هیچ ویستێکیان نییە جگە لەوەی ئەو بۆی ویستوون، ئەوەی بۆ ئەوانی ویستووە بووە و ئەوەی بۆ ئەوانی نەویستووە، نەبووە.

بیست و حەوت: هیدایەتی هەرکەس دەدات گەر بیەوێ و بخوازێت، بە فەزڵی خۆی دەیپارێزێ و عافییەتی پێ دەبەخشێت، هەرکەسیش گومڕا و سەرلێشێواو دەکات گەر بیەوێ و بخوازێت، بە دادپەروەری خۆی شەرمەزار و موبتەلای دەکات.

مینا پرسی: مەبەست چییە لە فەزڵی خودا و دادپەروەری خودا؟ چۆن فەزڵی خودا بمانگرێتەوە؟

وتم: خودا خاوەن عەدل و ئیحسانە، عەدل واتە دادپەروەرە و ستەم ناکات، ئیحسان واتە چاکەکارە و بەخشندەیە و میهرەبانە، مرۆڤ دەتوانێ بە کەسێك بڵێت مافی خۆمە داوات لێ بکەم لەگەڵم دادپەروەر بیت، ستەمم لێ نەکەی، بەڵام مافی خۆی نییە بڵێیت: مافی خۆمە ئیحسان و چاکەم لەگەڵ بکەی، فەزڵ و بەخشندەییم لەگەڵ ئەنجام بدەی، ئەو

تەنها دەتوانێ بپارێتەوە و داوا لە خودا بکات لەگەڵی فەزڵ و ئیحسان بەکاربهێنێت، بەڵام پێویست نییە بپارێتەوە و بڵێت: خودایە، زوڵمم لێ مەکە و لەگەڵم دادپەروەر بە، چونکە ئەوە بڕاوەتەوە خودا ستەمکار نییە و ستەم لە بەندەکانی ناکات.

بۆ ئەو بەشەی پرسیارەکەت: چۆن فەزڵی خودا بمانگرێتەوە؟ نیشانە هەیە، گەر ڕێگەی خودامان گرتەبەر و شوێنی پێغەمبەران کەوتین، دەتوانین ئەوە بکەین بە نیشانە و بڵێین فەزڵ و چاکەی خودا ئێمەی گرتووەتەوە، ئەگینا هیچ کەس تەماشای لاپەڕەکانی قەدەر و پەنهانی نەکردووە تا بزانێت خودا چاکەی لەگەڵ کردووە و بەهەشتی بۆ نووسیوە، یان نە.

بیست و هەشت: هەمووان لەناو ویست و خواستی ئەودا، و لە نێوان فەزڵ و دادپەروەری ئەودا، وەرچەرخان دەکەن.

بیست و نۆ: ئەو باڵایە لە دژ و نەیار و هاوشێوە و هاوشان.

سی: بڕیاری بڕاوەی ئەو بەرپەرچدانەوەی بۆ نییە، حوکمی ئەو پێداچوونەوە و تێهەڵچوونەوەی بۆ نییە، بەسەر کاروبار و بڕیاری ئەودا زاڵێك بوونی نییە.

سی و یەك: ئیمانمان بە هەموو ئەوانە هێناوە، یەقینمان بۆ پەیدا بووە هەموو ئەوانە لای خوداوەن).

لەسەر یەك بە یەکی ئەم خاڵانە شێخ ناصر دەوەستا و شەرحێکی کورت و پوختی پێ دەدام، منیش لە تێنووسێکدا سەرنج و شەرحەکەی ئەوم تۆمار دەکرد، ئەم خاڵانە باس لە باوەڕ بە خودا بوو.

وانەی دووەم لە رۆژی دووەم:

لە مزگەوتی نەبەوی نوێژی نیوەڕۆم کرد و رۆیشتم بۆ خزمەت شێخ ناصر.

پرسی ژەمی نیوەڕۆت خواردووە؟

وتم: بەڕۆژووم.

وتی: خودا قبووڵی بکات.

بەم جۆرە وانەکەی دەست پێ کرد:

(سی و دوو: هەروەها باوەڕمان وایە محەمەد(صلى الله عليه وسلم) باشترین بەندەی پاڵفتەکراو، و پێغەمبەری هەڵبژێرراو، و نێراوی خودایە، و جێگەی رەزامەندی ئەوە.

سی و سێ: ئەو دواییین پێغەمبەرە لە پێغەمبەران، ئیمامی تەقوادارانە و سەرداری پێغەمبەران و خۆشەویستی پەروەردگاری جیهانانە.

سی و چوار: هەرچی بانگەشەی پێغەمبەرایەتییە لەدوای ئەو: سەرلێشێوان و گومڕایی و ئارەزووبازییە. واتە لە دوای ئەو پێغەمبەرێك نایەت بە پەیامەوە، پەیامەکەی ئەو بسڕێتەوە.

مینا پرسی: ئەی هاتنەوەی عیسا بۆ سەر زەوی هاتنی پێغەمبەر نییە؟!

وتم: کاتێ عیسا دەگەڕێتەوە بۆ سەر زەوی بە پەیامەکەی محەمەد(سەلامی خودا لەسەر هەردووکیان) کار دەکات، بەڵکو سەرخەری پەیامەکەی ئەوە، عیسا بە پەیامێکی نوێوە نایەت پەیامەکەی محەمەد بسڕێتەوە.

سی و پێنج: ئەو(صلی الله علیه وسلم) بە حەق و هیدایەت و نوور و ڕۆشناییەوە ڕەوانەکراوە بۆ لای جن بەگشتی و تەواوی مرۆڤایەتی).

مینا وتی: ئەم خاڵانە باس بوو لە باوەڕ بە پێغەمبەری ئەکرەم؟

وتم: بەڵێ، ئەوجا دێتە سەر باوەڕ بە قورئان:

(سی و شەش: قورئان کەلامی خودایە، لە خوداوە دەرکەوتووە، بەبێ چۆنێتی وتنەکە، وەك وەحی دابەزاندووە بۆ سەر پێغەمبەرەکەی، باوەڕدارانیش بە حەق لەسەر ئەوە بە ڕاستیان زانیوە، و یەقینیان پەیداکردووە قورئان بە حەقیقەت کەلامی خودایە. واتە ئێمە چۆنێتی دەرکەوتنی قورئان لە خوداوە نازانین، تەنها باوەڕمان بەوەیە کەلامی خودایە.

سی و حەوت: قورئان مەخلوق نییە وەك کەلامی مرۆڤ.

مینا پرسی: مەبەست چییە لەم خاڵە: قورئان مەخلووق نییە؟

وتم: ئەم خاڵە کێشەیەکی ناو مێژوو دروستی کردووە، کاتێ موعتەزیلە رایانگەیاند قورئان مەخلووقە، چونکە دەیانوت ئەوەی لە بووندایە یان خالقە یان مەخلووق، خودا خالقی هەموو شتێکە، ئەهلی سوننەت بەرەنگاریان بوونەوە و وتیان قورئان نە خالقە، نە مەخلووق، قورئان کەلامی خودایە، کەلام سیفەتی پەروەردگارە، بەڵام ئەو لاپەڕە و قەڵەم و مەرەکەبەی لەسەر زەوی قورئانی پێ نوسراوە مەخلووقە.

سی و هەشت: هەر کەس قورئان ببیستێ و بانگەشەی ئەوە بکات کەلامی مرۆڤە، بێباوەڕی نواندووە، خودا زەمی کردووە و نەنگی داوەتە پاڵ و هەڕەشەی سەقەری لێ کردووە، کاتێ دەفەرموێ: (سَأُصْلِيهِ سَقَرَ- ئەو کەسەی وتی قورئان کەلامی مرۆڤە، ڕەوانەی سەقەر دەکەین کە جێگەیەکە لە دۆزەخ)، کاتێ خودا هەڕەشەی کرد لەو کەسە بێباوەڕەی وتی: (إِنْ هَذَا إِلَّا قَوْلُ الْبَشَرِ-ئەم کەلامە هیچی تر نییە جگە لە قسەی مرۆڤ)، زانیمان و یەقینمان پەیدا کرد قورئان قسەی خالقی مرۆڤە و قسەی مرۆڤ لە قورئان ناچێت.

سی و نۆ: هەر کەس بە مانایەك لە ماناکانی مرۆڤ وەسفی خودا بکات، بێباوەڕی نواندووە، هەر کەسیش ئەمە ببینێ و پەیی پێ ببات، پەند و ئامۆژگاری وەرگرتووە و لە وتنی هاوشێوەی قسەی بێباوەڕان

خۆی بەدوور گرتووە و لەو وتنە دەمکوت بووە، ئەو دەزانێت خودا بە سیفەتەکانییەوە وەك مرۆڤ نییە).

مینا پرسی: مانای ئەم بەشە (هەر کەسیش ئەمە ببینێ و پەی پێ ببات، پەند و ئامۆژگاری وەرگرتووە)؟

وتم: مەبەستی ئەوەیە هەر کەس توانی سیفەتی مرۆڤ نەداتە پاڵ خودا و سیفەتەکانی خودا وەك سیفەتی درسوتکراوان تەماشا نەکات، تێگەیشتووە و سەرفراز بووە، ئەم خاڵانە باوەڕ بە قورئان بوو، ڕاڤە و شەرحی ئەم خاڵانە درێژەی کێشا، شێخ ناصر لەسەر خاڵەکان زۆر وەستا، کات لە نوێژی عەسر نزیك بوویەوە، هەردوو لە ماڵی شێخ ناصرەوە بەڕێکەوتین، کوڕەکان وێستیان بە ئۆتۆمبێل شێخ ناصر و من بگەیەنن، شێخ ناصر وتی: لەگەڵ ئەم پیاوە بە پێیان دەڕۆم، لە ڕێگە پرسی: ژنت هێناوە؟

وتم: بەڵێ، ژنم هێناوە.

وتی: موبارەکە، هەندێك وەستا و پاشان پرسی: ژیان و گوزەرانت باشە؟

وتم: الحمد لله، زۆر باشم.

وتی: الحمد لله، ماوەیەك بێدەنگ بوو، پاشان بە خەندەیەکەوە پرسی: سەلەفیت، یان صۆفی، یان ئیخوان، یان نووریییەکانی تورکیا؟

منیش خەندەیەکم خستە سەر روخسارم و وتم: هیچ کامیان نیم و هەمووشیانم.

پرسی: جا ئەوە دەبێت؟!

وتم: باوەڕ بکە، شێخم، من بۆ خۆشم نازانم چیم، دەزانم خودا و پێغەمبەرم خۆشدەوێت، ئەوەی رووی لە قیبلە بێت خۆشمدەوێت، پێمخۆشە بیروباوەڕ و دینداری و عیبادەتم بەو جۆرە بێت خودا و پێغەمبەرەکەی پێی رازین و لێی رازین، بۆ هیچ شتێك جگە لە دینی خودا دەمارگیر نیم، دینی خوداش ئەوەی لە قورئان و فەرموودەی پێغەمبەری ئەکرەمدا ڕۆشن و ئاشکرایە و زانایان لەسەری هاوڕان.

شێخ ناصر سەرنجێکی دام و وتی: خودا بەرەکەت بخاتە ناو تەمەنت، کوڕی خۆم، ئێمەش هەر ئەوەمان مەبەستە تۆ بەمەبەستت گرتووە.

پرسیم: شێخم، پرسیارێك بکەم ئاساییە؟

وتی: فەرموو.

وتم: ئەو پیاوەی منی هێنا بۆ لای تۆ بە تۆی وت: (ئەمە ئەو پیاوەیە تۆیان ئاگادار کرد بوو)، چۆن دەربارەی من ئاگادار کرای؟ کێ ئاگاداری کردی؟ چییان دەربارەی من وت؟

شێخ ناصر ماوەیەك خامۆش بوو، پاشان وتی: کوڕم، پێغەمبەر(درووود و سەلامی خودای لەسەر) فەرمووی: (لە پێغەمبەرایەتی تەنها مژدەکان

ماون)، پرسیاران: مژدەکان چین؟ فەرمووی: (خەونی صاڵح)، خەونەکە خۆی ببینێت، یان پێیەوە ببینن، نبووەت و پێغەمبەرایەتی تەواو بووە، ئەو ئاگادارییە تەنها خەونێکی صاڵح بوو، لە خەو ئاگاداریان کردم کەسێك لە فڵان کات لە مزگەوتی نەبەوییە، ئەمە شێوە و ناو و نیشانییەتی، کەسێك ڕەوانەکە بیهێنێت، منیش ئەو پیاوەم ڕەوانە کرد بۆ لات.

وتم: تێگەیشتم.

لە مزگەوتی نەبەوی نزیکبووینەوە و قسەکانمان کۆتایی پێهێنا.

وانەی سێیەم و لە ڕۆژی سێیەم:

ڕۆژی پێشتر شێخ ناصر پێی وتبووم سبەی لای من ژەمی نیوەڕۆ دەخۆی، دوای نوێژی نیوەڕۆ چووم بۆ ماڵیان، ژەمێکی تایبەتیان ئامادە کرد بوو، چەند میوانێکی تریش ئامادە بوون، سفرە و خوانیان کەرەم و بەخشندەیی خەڵکی مەدینەی پێوە دیار بوو، من دەمزانی ئاکار و ڕەوشتیان لە میوانپەزێری وەك ئاکار و ڕەوشتی بەرزی پێغەمبەری خودایە، پێمخۆش بوو زۆرم برسی بێت کاتێ دەچم بۆ دەعوەتەکە، بۆیە ژەمی بەیانیم نەخوارد.

پاشان بە ئامادەبوونی ئەوْ چەند میوانە وانەکەمان دەست پێ کرد:

(چل: بینینی خودا بۆ ئەهلی بەهەشت حەقە، بێ ئەوەی بینین ئابڵۆقەی خودا بدات، و بەبێ چۆنێتی، بەو جۆرەی کتێبەکەی پەروەردگارمان باسی کردووە: ﴿وُجُوهٌ يَوْمَئِذٍ نَّاضِرَةٌ ۝٢٢ إِلَىٰ رَبِّهَا نَاظِرَةٌ ۝٢٣﴾ القيامة- لەو رۆژەدا کۆمەڵێك روخسار سوور و گەش هەڵدەگەڕێن، تەماشای پەروەردگاریان دەکەن. واتە چاو ناتوانێ سنوور و رادە بۆ زاتی خودا دابنێت، چۆنێتی و تەفسیری بینینەکە بەو جۆرەیە خودای موتەعال ویستویەتی و زانیویەتی.

چل و یەك: هەموو ئەوەی هاتووە لە پێغەمبەری خوداوە، دەربارەی بینین لە فەرموودەی سەحیحدا، بەو جۆرەن ئەو فەرموویەتی، و ماناکەیان بەو جۆرەیە ئەو ویستوویەتی، بە بیروبۆچوونمان و بە تەئویل کردن ناچینە ناو ئەو بابەتانە، بە ئارەزووەکانیش وەهم و خەیاڵ بۆ ئەو بینینە و مانای ئەو بینینە دروست ناکەین. واتە ئەو فەرموودانەی باسی بینین دەکەن فەرموودەی موتەشابیهن، هەروەك چۆن بەشێك لە قورئان موتەشابیهە، نابێ بە نەزانی و بە ئارەزوو تەئویل بکرێن و قسەیان لێ بکرێت.

مینا پرسی: مانای تەئویل کردن چییە؟

وتم: تەئویل گۆڕینی مانای ئاشکرای وشەیەکە بۆ مانایەکی تر، بۆ نموونە کاتێ خودا دەفەرموێت: ﴿ٱلرَّحْمَٰنُ عَلَى ٱلْعَرْشِ ٱسْتَوَىٰ ۝٥﴾ طه- ڕەحمان لەسەر عەرش ئیستیوای کرد)، ئەهلی تەئویل دەڵێن مانای

(اسْتَوَى) بریتییە لە (استولی-دەستی بەسەردا گرت)، لای ئیمامی تەحاوی تەئویلی سیفاتی خودا دروست نییە.

مینا پرسی: لای پێشینی چاکان چۆن تەماشای سیفات دەکرا؟

وتم: ئەوان بەبێ تەئویل و بەبێ پەکخستن و بەبێ نواندن و بەرجەستەکردن سەرنجی سیفاتیان دەدا.

مینا پرسی: ئایا ئەوە بریتی نییە لە خاڵیکردنەوەی وشەکە لە مانا؟

وتم: نەخێر، کاتێ خودا دەفەرموێت: ﴿... يَدُ ٱللَّهِ فَوْقَ أَيْدِيهِمْ ...﴿١٠﴾﴾ الفتح-دەستی خودا لەسەرو دەستی ئەوانەوەیە) دەست بۆ خۆی جێگیر دەکات، وشەی (یَد) پێیان دەڵێ باس لە دەستە، باس لە سەر و لاق و چاو و گوێ نییە، بەڵام ئەو دەستە ناشوبهێنن بە دەستی دروستکراوان، وەك چۆن تەئویلی ناکەن بە مانایەکی تر، دەست بۆ خودا جێگیر دەکەن بەو جۆرەی شایستەی بە زاتی خودا و ئێمە چۆنێتییەکەی نازانین.

چل و دوو: هیچ کەس لە دینەکەی سەلامەت نەبووە، جگە لە کەسێك خۆی ڕادەستی خودا و پێغەمبەرەکەی کردبێت، ئەو شتانەش لای ئەو ناڕوون و ئاڵۆزن بیانگێڕێتەوە بۆ لای زانا بەو شتانە.

مینا پرسی: مەبەست چییە بە خۆ ڕادەست کردن؟

وتم: ئەوەی لە کتێبەکەی خودا و لە فەرموودەی سەحیحی پێغەمبەرەوە هاتووە قبوواڵی بکات، بەبێ بەرهەڵستکاری و ڕەدکردنەوە لەسەر ئارەزوو، گوایە ئەقڵی ئەو شتە یان ئەو مانا بە ڕاست نازانێت.

چل و سێ: پێی ئیسلام لە دڵدا تەنها لەسەر پشتی قبووڵ کردنی تەواو بۆ فەرمانەکانی خودا و پێغەمبەر، هەروەها ملکەچی و گوێڕایەڵی تەواو بۆ خودا و پێغەمبەر، جێگیر دەبێت.

مینا پرسی: مانای (پێی ئیسلام) چییە؟

وتم: مەبەست باوەڕ و دینی کەسەکەیە.

چل و چوار: هەر کەس زانینی ئەوەی لێی قەدەغەکراوە، بە مەبەست بگرێت، و تێگەیشتنی بە رادەستبوون رازی نەبێت، مەرامەکەی لە یەکتاپەرستی پاك، و مەعریفەی پاڵفتە، و ئیمانی راست و دروست، بێبەشی دەکات، ئەوکات لە نێوان بێباوەڕی و ئیمان، و بەڕاستزانین و بەدرۆزانین، و دانپیادانان و ئینکارکردن، دێت و دەڕوات و لەرزە و پێچسکێیەتی، وەسوەسەدار و وێڵ، و شککەر و گوماناوی، نە باوەڕدارێکی بەڕاستزانە، نە بێباوەڕێکی بەدرۆزان.

مینا وتی: گەر بتوانی رۆشنکردنەوەی لەسەر بدەی.

وتم: ئەم خاڵە باس لەو کەسە دەکات دوو سیفەتی هەیە: یەکەم شوێنی ئەو شتە دەکەوێت لێی قەدەغە کراوە، وەك گەڕان بە دوای ئەوەی بزانێت زاتی خودا چۆنە، یان گەڕان بە دوای چۆنێتی سیفەتەکانی خودا، دووەم: تێگەیشتنی رازی نەبێت بەوەی لە خودا و

پێغەمبەرەوە بە دەستی گەیشتووە دەربارەی سیفەتەکان، ئەم کەسە لە نێوان بێباوەڕی و باوەڕدا گیری کردووە و گیرۆدە بووە.

چل و پێنج: باوەڕ بە بینینی خودا بۆ ئەهلی خانەی ئاشتی لە بەهەشت، بۆ ئەو کەسە ڕاست و دروست نابێت بینینەکە بە وەهم بزانێ، یان بە تێگەیشتنی خۆی تەئویلی بکات، چونکە تەئویلی بینینی خودا-و تەئویلی هەر مانایەکی تر بدرێتە پاڵ پەروەردگاریی خودا- ئەوەیە وازبهێنی لە تەئویل و بە ڕادەستبوونەوە پابەند بیت، دینی موسڵمانان لەسەر ئەمەیە.

مینا وتی: ئەو قسەیە چەند ورد و ماناداڕە کاتێ دەڵێ: تەئویلەکەی ئەوەیە تەئویل وازلێبهێنی!

چل و شەش: هەرکەس خۆی نەپارێزێت لە نەرێکردن و شوبهاندنی سیفەتی خودا، پێی دەخلیسکێ، و پاکراگرتنی خودا بەدەست ناهێنێت. واتە نەرێ کردنی سیفەتەکان، یان شوبهاندنی سیفەتەکان بە سیفەتی دروستکراوان.

چل و حەوت: پەروەردگارمان-شکۆمەندی و بەرزی و بڵندی بۆ ئەو- بە سیفەتی تاك و تەنهایی وەسفکراوە، هیچ کام لە دروستکراوان ئەو سیفەتانەی نییە.

چل و هەشت: بەرزی و بڵندی بۆ زاتی خودا لەوەی سنوور و رادە و کۆتایی هەبێت، بەش و ئەندام و ئامرازی هەبێت، شەش ئاراستەکە خودا لە ئامێز ناگرن، وەك چۆن ئاراستەکان دروستکراوان و داهێنراوان لە ئامێز دەگرن).

مینا پرسی: مەبەست چییە بە شەش ئاراستەکە؟

وتم: مەبەست پێی سەرەوە و خوارەوە، و راست و چەپ، و پێشەوە و دواوەیە.

ئەم خاڵانە دەربارەی بینینی خودا لە بەهەشت، هەروەها ناسینی خودا، و چۆنێتی تێگەیشتن بوو لە سیفەتەکانی خودا.

ئەوجا هاتە سەر باسی میعراجی پێغەمبەری ئەکرەم:

(چل و نۆ: میعراج حەقە، شەوڕەو بە پێغەمبەری ئەکرەم کراوە، خودی پێغەمبەر بە رۆح و جەستەوە و لە ئاگاهیدا بەرزکراوەتەوە بۆ ئاسمان، پاشان بۆ هەموو ئەو جێگا بەرز و بڵندانەی خودا ویستویەتی، خودا رێزی لێناوە بەوەی خواستویەتی و ویستویەتی، و ئەوەی بۆ وەحی کردووە کە بۆی وەحی کردووە: (مَا كَذَبَ الْفُؤَادُ مَا رَأَى- ئەوەی دڵ بینی درۆی نەکردووە، یەکەمین و دواهەمین صەڵات و سەلام لەسەر پێغەمبەری ئەکرەم بێت.

مینا پرسی: بەڵگە چییە شەوڕەو بە رۆح و جەستە بووە؟

وتم: خودا دەفەرموێت: ﴿سُبۡحَٰنَ ٱلَّذِيٓ أَسۡرَىٰ بِعَبۡدِهِۦ لَيۡلٗا ...﴿١﴾﴾ الإسراء-پاکێتی بۆ خودا کە لە بەشێك لە شەودا شەوڕەوی بە بەندەکەی خۆی کرد)، وشەی (عَبْد) ڕۆح و جەستەیە، نەك تەنها ڕۆح.

پەنجا: ئەو حەوزەی خودا بە هۆیەوە ڕێزی لە پێغەمبەر ناوە و ئومەتەکەی لێی پاراو دەبن، حەقە. واتە حەوزی کەوسەر.

مینا پرسی: ئایا حەوزی کەوسەر لە ناو بەهەشتە؟

وتم: نەخێر، لە دەرەوەی بەهەشتە، کاتێ ئومەتی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) لە سیرات دەپەڕنەوە دەچنە سەر ئەم حەوزە و ئاوی لێ دەخۆنەوە، دوو پلوسك ئاوی لە بەهەشتەوە بۆ هاتووە و دەچۆڕێنە ناوی.

پەنجا و یەك: شفاعەتی پێغەمبەر لە ڕۆژی قیامەت بۆ ئومەتەکەی حەقە، وەك چۆن فەرموودە ڕیوایەتی کردووە.

مینا پرسی: شفاعەت چییە و چۆنە؟

وتم: شفاعەت بریتییە لە تکاکردن لە خزمەتی خودا بۆ ئەوەی لە کەسێکی باوەڕدار خۆشبێت کە تای ترازووی چاکەکانی سووکە و بە هۆی گوناهی گەورەوە شایستە بووە بە چوونە ناو ئاگر، خودا مۆڵەت بە پێغەمبەری ئەکرەم دەدات تا شفاعەتیان بۆ بکات و لە ئاگر بێنە دەرەوە.

مینا پرسی: بەڵگە چییە لەسەر ئەوەی کەسێك بچێتە ناو ئاگر دێتە دەرەوە؟

وتم: بەڵگە بریتییە لە قورئان و سوننەت، بەڵگەی قورئان ئەم سێ ئایەتەیە: ﴿فَأَمَّا ٱلَّذِينَ شَقُواْ فَفِي ٱلنَّارِ لَهُمْ فِيهَا زَفِيرٌ وَشَهِيقٌ ١٠٦ خَٰلِدِينَ فِيهَا مَا دَامَتِ ٱلسَّمَٰوَٰتُ وَٱلْأَرْضُ إِلَّا مَا شَآءَ رَبُّكَ ۚ إِنَّ رَبَّكَ فَعَّالٌ لِّمَا يُرِيدُ ١٠٧ * وَأَمَّا ٱلَّذِينَ سُعِدُواْ فَفِي ٱلْجَنَّةِ خَٰلِدِينَ فِيهَا مَا دَامَتِ ٱلسَّمَٰوَٰتُ وَٱلْأَرْضُ إِلَّا مَا شَآءَ رَبُّكَ ۖ عَطَآءً غَيْرَ مَجْذُوذٍ ١٠٨﴾ هود-ئەوانەی بەدبەخت کران لە ناو ئاگردان، بە هەناسەبڕکێ هەناسەی توند دەدەنەوە و هەناسەی توند هەڵدەمژن، بە نەمری تیایدا دەمێننەوە هەتا ئاسمانەکان و زەوی بەردەوام بن، جگە لەوانەی پەروەردگارت بخوازێت، پەروەردگارت کارایە بۆ ئەو شتەی دەیەوێت، ئەوانەش بەختەوەرکران لەناو بەهەشتن، بە نەمری تیایدا دەمێننەوە بە مانەوەی ئاسمانەکان و زەوی، جگە لەوانەی پەروەردگارت دەخوازێت، بەخششێکی نەبڕاوە و تێر و تەواو. ئەهلی تەفسیر بەم جۆرە تەفسیری هەڵواردنەکەی یەکەم دەکەن: (إِلَّا مَا شَاءَ رَبُّكَ)-جگە لەوانەی خودا دەخوازێت لە ئاگر رزگاریان بکات)، (إِلَّا مَا شَاءَ رَبُّكَ)ی دووەم کە باس لە ئەهلی بەهەشت دەکات ماناکەی بەم جۆرەیە: (جگە لەوانەی پەروەردگارت دەخوازێت ماوەیەك لە بەهەشت دابڕێن)، واتە ئەهلی بەهەشت بە نەمری و هەتاهەتایی لە بەهەشت دەمێننەوە، جگە لەوانەی ماوەیەك لە دۆزەخ دەبن، پاشان دەخرێنە بەهەشتەوە، واتە ئەو ماوەی مانەوایان لە ناو ئاگر لە ژیانی نەمری ناو بەهەشت هەڵواردن(إستثناء)ی بۆ کراوە.

هەروەها بە بەڵگەی کۆمەڵێك فەرموودەی سەحیح:

لەوانە ئەو فەرموودەی ئیمامی بوخاری ڕیوایەتی کردووە: (ئەهلی بەهەشت دەچنە بەهەشتەوە و ئەهلی ئاگریش دەچنە ناو ئاگر، پاشان خودا(تعالی) دەفەرموێت: هەر کەس دەنکە خەردەلێك ئیمان لە دڵیدایە لە ئاگر دەربهێنن..)، هەروەها ئەو فەرموودەی ئیمامی موسلیم ڕیوایەتی کردووە:(خودا ئەهلی بەهەشت بە ڕەحمەتی خۆی دەخاتە ناو بەهەشت و ئەهلی ئاگر دەخاتە ناو ئاگر، پاشان دەفەرموێ: بڕۆن وردبنەوە هەر کەس بە قەدەر دەنکە ڕەشکەیەك ئیمان لە دڵیدایە لە ئاگر دەربهێنن..).

پەنجا و دوو: ئەو پەیمانە توندوتۆڵەی خودای موتەعال لە ئادەم و نەوەکانی وەرگرت، حەقە.

مینا پرسی: ئەو پەیمانە چییە و کامەیە لە نەوەکانی ئادەم وەرگیراوە؟

وتم: مەبەست ئەو پەیمانەیە لەم ئایەتەدا هاتووە: ﴿وَإِذْ أَخَذَ رَبُّكَ مِنۢ بَنِىٓ ءَادَمَ مِن ظُهُورِهِمْ ذُرِّيَّتَهُمْ وَأَشْهَدَهُمْ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمْ أَلَسْتُ بِرَبِّكُمْ ۖ قَالُوا۟ بَلَىٰ شَهِدْنَآ ۛ ...﴿١٧٢﴾﴾ الأعراف، خودا هەرچی نەوەی ئادەمە پشت لە دوای پشت ڕایوەستاندن و پرسیاری لێ کردن و شایەتی پێدان و فەرمووی: ئایا من پەروەردگاری ئێوەم؟ ئەوانیش وتیان: بەڵێ شایەتی دەدەین تۆ پەروەردگاری ئێمەی، واتە ئیمانێکی فیتری بە خودا بە ناخی هەموو مرۆڤێکدا چێنراوە، بۆ ئەوەی لە دواڕۆژ کەسەکە پاساو و بیانووی نەمێنێت.

پەنجا و سێ: خودا لە ئەزەلەوە ژمارەی ئەوانەی زانیوە دەچنە بەهەشتەوە، هەروەها ژمارەی ئەوانەی دەچنە ناو ئاگرەوە، بە زانستێك گۆڕان و نوێبوونەوە و زیادبوون و کەمبوون رووی لێ ناکات، لەو ژمارەیە زیاد ناکرێ و لەو ژمارەیە کەم ناکرێت.

مینا پرسی: ئایا زانستی خودا بە چارەنووسی مرۆڤ، ئێمە ناچار دەکات رێگەی بەهەشت یان رێگەی دۆزەخ بگرینەبەر؟

وتم: نەخێر، چونکە خودا دەفەرموێت: ﴿وَجَعَلْنَا ٱلَّيْلَ لِبَاسًا﴾ النبأ- رێنموونیان کردووە بۆ سەر هەردوو رێگەکە، مرۆڤ ئامادەیی و توانای پێدراوە بۆ گرتنەبەری هەریەك لەو دوو رێگە، هەردوو رێگەکە لە بەردەمی والاّن.

پەنجا و چوار: هەر بەو جۆرە خودا لە ئەزەلەوە زانستی بە کارەکانیان هەبووە لەوەی ئەوان بە ویستی خۆیان ئەنجامی دەدەن.

پەنجا و پێنج: هەموو مرۆڤێ ئەو رێگەی بۆ ئاسان کراوە لەپێناوی خولقێنراوە.

مینا وتی: رۆشنکردنەوەی پێویستە.

وتم: ئەمە فەرموودەیەکی پێغەمبەرە(صلى الله عليه وسلم) کە ئیمامی بوخاری و موسلیم ریوایەتیان کردووە، دەفەرموێ: (کار بکەن، هەر کەس ئەوەی بۆ ئاسان دەبێت لە پێناوی دروستکراوە)، ئەوەی لەسەر ئێمەیە ئەنجامدانی کاری چاکەیە، لەگەڵ بڕیارماندا رێگەی چاکان

بگرینەبەر و چاکە ئەنجام بدەین، گرتنەبەری ڕێگە و ئەنجامدانی کاری چاکەمان بۆ ئاسان دەبێت، هەر بەو جۆرە کەسێك ڕێگەی خراپە دەگرێتەبەر و خراپە ئەنجام دەدات.

پەنجا و شەش: کارەکان بە کۆتاییەکانیانن.

مینا پرسی: ئەم خاڵە چ واتایەکی هەیە؟

وتم: ئەوەش دیسان دەقی فەرموودەیەکی پێغەمبەری خودایە، ئیمامی بوخاری و موسلیم ڕیوایەتیان کردووە: (إنما الأعمالُ بالخواتيم)، ئەگەر کەسێك تەمەنی هەشتا ساڵ بێت، بە هەموو تەمەن خودای پەرستبێت، گەر ڕۆژێك بێباوەڕ بوو بە خودا و بە ڕۆژی دوایی، و لەو ڕۆژەدا بە بێباوەڕییەوە مرد، بێباوەڕی بۆ دەنوسرێ و هەموو چاکەکانی پووچ دەبنەوە، هەر بەو جۆرە گەر کەسێك هەموو تەمەنی بێباوەڕ بێت و ڕۆژێك تەوبە بکات و لەو ڕۆژەدا بمرێت، بە باوەڕداری مردووە.

پەنجا و حەوت: بەختەوەر ئەو کەسەیە بە بڕیاری بڕاوەی خودا بەختەوەر بووە، بەدبەخت ئەو کەسەیە بە بڕیاری بڕاوەی خودا بەدبەخت بووە.

مینا پرسی: بڕیاری بڕاوە چییە؟

وتم: بڕیاری بڕاوە ئەو بڕیارەیە خودا لە ئەزەلەوە دەریکردووە، ئێمە نازانین بڕیار لە چارەنووسمان چییە و چۆنە، بۆیە دەبێ هەمیشە لە نێوان

ترس و رجادا بین، لەگەڵ ئەوەش بێهیوا نەبین و رێگەی چاکان بگرینەبەر تا بکرێتە نیشانە لەسەر ئەوەی خودا بەهەشتی بۆ ئێمە نووسیوە.

پەنجا و هەشت: بنچینە و بناغەی قەدەر نهێنی خودایە لەناو دروستکراوان، فریشتەیەکی نزیك لە خودا، و پێغەمبەرێکی رەوانەکراو، بەو نهێنییە ئاگادار نییە.

مینا پرسی: واتە؟

وتم: واتە نهێنی قەدەر نوسراوێکە لای خۆیەتی و هیچ کەس پێی ئاگادار نییە.

پەنجا و نۆ: قوولبوونەوە و وردبوونەوە لە قەدەردا هۆیەکە بۆ گومڕایی و شەرمەزاری لای خودا، رێگەیەکە بۆ بێبەشبوون و پلەیەکە لە توغیان، بە تەواوی خۆت بپارێزە و خۆت بەدوور بگرە لە وردبوونەوە و بیرکردنەوە و خایلە و خاتیرە لە قەدەر، چونکە خودای موتەعال زانستی قەدەری لە دروستکراوان پێچاوەتەوە و نەهی لێ کردوون لە بەمەبەستگرتنی، وەك لە کتێبەکەیدا دەفەرموێت: (لَا يُسْأَلُ عَمَّا يَفْعَلُ وَهُمْ يُسْأَلُونَ-خودا پرسیاری لێ ناکرێت لەوەی ئەنجامی دەدات، ئەوان پرسیاریان لێ دەکرێت)، هەر کەس پرسی: خودا بۆ ئەوەی کرد؟ حوکمی

کتێبەکەی ڕەد کردووەتەوە، هەر کەسیش حوکمی کتێبەکەی خودا ڕەد بکاتەوە دەچێتە ریزی بێباوەڕان.

شەست: ئەمانە پوختەیەکن لەوەی دڵ ڕۆشنان لە دۆستانی خودا، پێیان ئاتاجن، ئەوەش پلەی ئەو کەسانەن بە زانستدا ڕۆچوون و قووڵبوونەتەوە.

شەست و یەك: چونکە زانست دوو زانستە: زانستێك لەناو خەڵك بوونی هەیە، زانستێکیش لەناو خەڵك بزر و نادیارە، ئینکار کردنی زانستی دیار و هەبوو بێباوەڕییە، بانگەشەی زانستی بزر و نادیار بێباوەڕییە، تەنها بە قبووڵ کردنی زانستی هەبوو و وازهێنان لە زانستی بزر و ونبوو، ئیمان جێگیر و دامەزراو دەبێت).

ئەم خاڵانە چەندین بابەتی لە خۆ گرت، لەوانە بینینی خودا لە بەهەشت و ئایەتی سیفات و هەندێ لە تایبەتمەندی پێغەمبەر و قەزا و قەدەر و جۆرەکانی زانست.

وانەی چوارەم و ڕۆژی چوارەم:

لە کۆتایی وانەی سێیەم شێخ ناصر پێی وتم: وانەی چوارەم لە مزگەوتی نەبەوی ومردەگرین، ئەو ژوورێکی تایبەت بە خۆی هەبوو، کاتژمێر یەك و نیو شێخ ئامادە بوو، چەند قوتابییەکی تایبەت بە خۆی لەگەڵ بوو، منی ناساند بە قوتابییەکان، ئەوانیشی بە من ناساند، ئیمان و

ویقاریان پێوە دیاربوو، شێخ ناصر وتی: هەر سێ حافزی قورئانن، یەکێکیان بەرنوێژی دەکرد بۆ نوێژخوێنانی مزگەوتی پێغەمبەری ئەکرەم.

پاشان وانەکەمان دەستی پێ کرد، وتی: گەیشتینە ئەم جێگە دەڵێت:

(شەست و دوو: هەروەها باوەڕمان هەیە بە لەوح و قەڵەم و تەواوی ئەوەی تیایدا تۆمار کراوە. واتە لە لەوحولمەحفوزدا، خودا لە قورئاندا دەفەرموێت: (فِي لَوْحٍ مَحْفُوظٍ).

شەست و سێ: گەر خودا بڕیاری بوونی شتێکی نووسی بێت، هەموو دروستکراوان کۆببنەوە بۆ ئەوەی نەهێڵن ببێت، ناتوانن ئەو کارە بکەن، گەر خودا بڕیاری نەبوونی شتێکی نووسی بێت، هەموو دروستکراوان کۆببنەوە بۆئەوەی ببێت، ناتوانن ئەو کارە بکەن، مەرەکەبی قەڵەم وشکبوویەوە بەوەی دەبێت هەتا رۆژی قیامەت. واتە لاپەڕەکانی قەدەر و چارەنووسی مرۆڤ گۆڕانیان بەسەردا نایە.

مینا پرسی: ئەمە هەمان بیروباوەڕی جەبرییەکان نییە کە دەیانوت مرۆڤ خاوەن ویست نییە و هەرچی شتە بە ناچاری پێی ئەنجام دەدرێت؟

وتم: خاڵی شەست و سێ لە فەرموودەیەکی پێغەمبەری خودا هەڵگۆزراوە، لە کۆتایی فەرموودەکەش دەفەرموێ: (قەڵەمەکان بەرزکرانەوە و لاپەڕەکان وشك بوونەوە)، واتە ئەو قەڵەمانەی

چارەنووس و قەدەری مرۆڤیان پێ نووسراوە، دەستی لێ بەرزکرایەوە و مەرەکەبی سەر لاپەڕە نووسراوەکان وشکبوویەوە.

مینا پرسی: کەوابوو دەوری دوعا و پاڕانەوە و خێر و سەدەقەکردن چییە لە گۆڕینی قەدەردا؟

وتم: خودا بەرلەوەی دروستکراوان دروست بکات زانستی هەبووە بەوەی چی دەکەن و چی ناکەن، خودا زانیویەتی تۆ دوعا دەکەی و دەپاڕێیەوە، بۆیە قەدەری باشی بۆ نووسیوی، خودا زانیویەتی ئیمان دەهێنی و کاری چاکە ئەنجام دەدەی، بۆیە بەهەشتی بۆ نووسیوی، مرۆڤ بە دانیشتن و کار ئەنجام نەدان هیچ نیشانەیەك لەسەر چارەنووسی خۆی بەدەستناهێنێ، بەڵکو ئیمان نەهێنان و ئەنجام نەدانی کاری چاکە ئاماژەیە بۆ نیشانەی خراپ لەسەر چارەنووس و سەرئەنجام، بۆیە پێویستە هەرچی توانای خۆمانە لە ڕێگەی خێردا بەگەڕ بخەین، ئەو کات گرتنەبەری ڕێگەی چاکە نیشانەیە بۆ چارەنووسی باش و چاك، چونکە ئێمە نازانین پەروەردگار لە لاپەڕەکاندا چ قەدەرێکی بۆ مرۆڤ نووسیوە، دەبێ ژیریمان بەگەڕ بخەین و هەرچی ئامڕاز و هۆکاری خێرە بگرینەبەر، ئەمەش ئەرك و تاقیکردنەوەی ئێمەی مرۆڤە.

مینا پرسی: بۆچی لە فەرموودەکەدا دەفەرموێ (ئەو قەڵەمانەی) بۆچی نەیفەرموو: (ئەو قەڵەمەی) بۆچی بە کۆ ناوی قەڵەمی هێنا و بە تاك نەیهێنا؟

وتم: واتە هەر مرۆڤە و چارەنووسێکە، هەر چارەنووسە و بە قەڵەمێك نووسراوە و لاپەڕەیەکی تایبەت بە خۆی هەیە، فەرموودەیەکی تر ئەم قەڵەم و نووسینە رۆشن دەکاتەوە، ئەوەش ئەو فەرموودەیە دەفەرموێت: دوای تێپەڕبوونی سێ چل رۆژی، واتە چوار مانگ بەسەر قۆناغی گەشەی کۆرپەلەدا لە رەحمی دایك، خودا فەرمان دەکات بە فریشتەیەك چوار کەلیمە بۆ ئەو کۆرپەیە بنوسێت: رۆزییەکەی، و ئەجەلەکەی، و بەختەوەرە یان بەدبەخت، کەوابوو هەر کۆرپەیەك لە رەحمی دایکدا نوسراوێکی بۆ دەنوسرێت، ئەو نوسراوەش لەبەرگیراوەی نوسراو و کتابێکە لای خودا خۆیەتی و پێی دەوترێ: (أُمُّ الكِتاب-دایکی هەموو نووسراوەکان)، دەبێ خاڵێکی تر ئاماژە پێ بدەم، ئەوەش نابێ لە وشەی قەڵەم و لاپەڕە و نووسین، قەڵەم و لاپەڕە و نووسینی باو و بینراو وێنا بکەین، باوەڕمان بە قەڵەم و لاپەڕە و نووسین هەیە بۆ نووسینی قەدەری مرۆڤ، باوەڕیشمان وایە لە جۆری ئەم قەڵەم و لاپەڕە و نووسینە نییە ئێمە پێی ئاشنایین.

شەست و چوار: ئەوەی لە قەدەری خودادا بەندەی نەپێکاوە تووشی نایەت، ئەوەش بەندەی پێکاوە تووشی دێت. واتە هەرچی بەڵا و مەینەتی و ناخۆشییە، هەروەها هەرچی خێر و خۆشییە لە قەدەردا نوسراوە.

مینا وتی: ئەمەی ناونراوە عەقیدەی ئەهلی سوننەت لە نێوان باوەڕی جەبرییەکان و باوەڕی قەدەرییەکاندایە.

وتم: ئافەرین، دروست بەو جۆرەیە تۆ دەیڵێی، باوەڕی ئەهلی سوننەت میانەگیر و ناوەندگیرە لە نێوان ئەو دوانە، ئەهلی سوننەت لە لایەکەوە باوەڕیان وایە هیچ شت لە ویست و خواستی خودا دەرناچێت و ویست و خواستی ئەو باڵاترینە و لەسەرو هەموو ویستێکەوەیە، لە دەستەکەی تەوە باوەڕیان وایە مرۆڤ خاوەن ویستە و پێویستە ژیری خۆی بەگەڕ بخات و هەموو هۆیەکان و ئامڕازەکان بگرێتەبەر، بازنەی هۆیەکان و ئامڕازەکان بازنەی بەندایەتی ئێمەیە بۆ خودا، بازنەی ئەنجامەکان و سەرئەنجامەکان لە دەستی خودادایە.

مینا وتی: لەم قسەی کۆتایی تێنەگەیشتم!

وتم: هەموو ئەنجامێك لە هۆیەکەوە یان لە چەند هۆیەکەوە سەرهەڵدەدات، بۆ نموونە نەخۆشی هۆی تایبەت بە خۆی هەیە، شفای نەخۆشیش بەهەمان شێوە، خودا ئاگری دروستکردووە، ئاویشی

دروستکردووە ئاگر دەکوژێنێتەوە، ئاو و ئاگر هەردوو قەدەری خودان، ئێمە دەتوانین بە قەدەرێك قەدەرێکی تر لابدەین، دەتوانین بە قەدەری ئاو خۆمان لە قەدەری سوتان بە ئاگر لابدەین، ئێمەی مرۆڤ بۆ کارە باشەکان و بەرژەوەندییەکانی خۆمان لەسەرمانە هەموو هۆیەکان و ئامڕازەکان بگرینەبەر، گرتنەبەری هۆیەکان و ئامڕازەکان بەندایەتی ئێمەیە بۆ خودا، چ سەرئەنجامێك لە هۆیەکە پەیدا دەبێت، ئەوەیان بازنەی ئەرك و کاری ئێمە نییە، ئەوە خودایە کارایی دەباتە ناو هۆیەکان و ئامڕازەکان تاکو سەرئەنجامیان لێوە سەرهەڵبدات، بۆ مرۆڤ گرنگ ئەوەیە لە هۆیەکان و ئامڕازەکان دڵنیابێتەوە و پاشان بیانگرێتەبەر، مەبەستم بە دڵنیابوونەوە ئەوەیە دڵنیابێت ئەو هۆیە بۆ ئەو ئەنجامە گونجاو و شیاوە.

مینا پرسی: چۆن بزانێت ئەو هۆیە بۆ ئەو ئامانج و ئەنجامە گونجاو و شیاوە؟

وتم: بە چەند رێگەیەك دەتوانێ دڵنیابێتەوە، یەکەم: رێگەی شەرع و وەحی، خودا فەرموویەتی گرتنەبەری هۆی ئیمان سەرئەنجامەکەی گەیشتنە بە بەهەشت و رەزامەندی خودا، هەروەها فەرموویەتی بێباوەڕی و هاوەڵدانان هۆن بۆ بەدبەختی و چوونە ناو دۆزەخ، هەر بەو جۆرە فەرموویەتی نوێژ رێگری دەکات لە کاری خراپە، و سەدەقەکردن

توڕەیی خودا دەکوژێنێتەوە، ڕێگەی دووەم ڕێگەی ئەقڵ و زانستە، ئەوەی ئەقڵ و زانست بە بڕاوەیی پێی دەگەن و یەکلابووەتەوە، حوکمەکەی لە شەرعدا پەسەندە و دەبێ پێیەوە پابەند بین، زانست سەلماندوویەتی هەندێ نەخۆشی دەگوێزرێنەوە، بۆیە دەبێ خۆپارێزی بکەین تاکو تووشنەبین و نەخۆشییەکە پەرەنەستێنێت، پابەندبوون بەم حوکمەی زانستەوە لە ڕووی شەرعەوە پێویستە و نابێ لێی لابدەین، ڕێگەی سێیەم بریتییە لە ئەزموون، ئێمە بە ئەزموون بۆمان دەرکەوتووە ئاگر دەسوتێنێ، ئاو تینوێتی دەشکێنێ، چوونە بەر سێبەر تینی گەرمای هاوین کەم دەکاتەوە، بەم ڕێگانە هۆیەکان و ئامڕازەکان دەناسین، ئەو کات هۆیە باش و گونجاوەکان دەگرینەبەر بۆ سەرئەنجامە باش و گونجاوەکان، لێرەدا دەکرێ هۆی گونجاو بگرینەبەر و هیچ ئەنجامێکی لێوە سەرهەڵنەدات، خودا کارایی لە هۆیەکان وەربگرێتەوە و بێئەنجام دەربچن، ئاگر هۆیەکە بۆ سوتان، خودا کارایی لێ وەردەگرێتەوە و ناتوانێ ئیبراهیم(سەلامی خودای لەسەر) بسوتێنێ، مرۆڤ نەخۆش دەکەوێ و هۆی چارەسەر دەگرێتەبەر، لەوانەیە بچێتە لای چەندین پزیشك و چەندین دەرمان تاقیبکاتەوە، بەڵام چارەسەر نابێ و نەخۆشییەکەی زیاد دەکات و کەم ناکات، لەوانەشە کەسێك هەمان نەخۆشی هەبێت، بەو دەرمانانە چارەسەر بێت، یان هیچ دەرمان نەخوات

و لە نەخۆشییەکە چاك بێتەوە، ئەمەی دەیڵێین بێ متمانەیی بە دکتۆر و دەرمان دروست ناکات، وەك وتمان لەسەرمان پێویستە هەموو هۆیەکی شیاو و گونجاو بگرینەبەر، چونکە بەندایەتی ئێمەیە بۆ خودا، ئێمە لە رەحمی دایکاندا لای خودا رۆزیمان بۆ بڕاوەتەوە، لەگەڵ ئەوەش شەرع و ئەقڵ و ئەزموون لەسەرمان پێویست دەکات رێگەی بەدەستهێنانی رۆزی بگرینەبەر کە کار و کەسابەتە، کار و کەسابەتی ئێمە بەندایەتیمانە بۆ خودا، کەسێك دەڵێ رۆزی لای خودا بڕاوەتەوە و پێویستم بە کار و کەسابەت نییە، ئەو بێئاگایە لەوەی لە بەندایەتی کردنی خودا مانیگرتووە و وازیهێناوە، بەڵێ، رۆزی بڕاوەتەوە، بەڵام تۆ لای خودا گوناهباری، چونکە بەندایەتیت بۆ ئەو ئەنجام نەداوە، بەندایەتی تۆ گرتنەبەری هۆیەکانی بەدەستهێنانی رۆزی بوو.

شەست و پێنج: لەسەر بەندەیە بزانێت زانستی خودا لە هەرچی دروستکراوانە پێشکەوتووە، بە تەقدیرێکی وردی تۆکمە و دامەزراو ئەوەی دیاری کردووە، هیچ کەس ناتوانێ پووچی بکاتەوە و بیرمێنێ و دژایەتی بکات، هیچ کەسیش ناتوانێ پێداچوونەوە و پیاهەڵچوونەوەی بۆ بکات و بەرهەڵستکاری بکات، هەر بەو جۆرە هیچ کەس ناتوانێ تیای ببات و بیسڕێتەوە، و گۆڕانی بەسەردا بهێنێت، لە ئاسمانەکان و زەوی و لەناو دروستکراوانی کەمکەرەوە و زیادکەرێك بوونی نییە.

مینا پرسی: (زانستی خودا لە هەرچی دروستکراوانە پێشکەوتووە)، واتە زانستی خودا ئەزەلییە و دروستکراوان نائەزەلین؟

وتم: بەڵێ.

مینا پرسی: دەڵێت (ئەوەی دیاری کردووە)، لە کوێ دیاری کردووە؟

وتم: لە لەوحولمەحفوز.

وتی: ئەی مانای (کەمکەرەوە و زیادکەر) چییە؟

وتم: واتە کەسێك، یان شتێك لە ئاسمانەکان و زەوی بوونی نییە بتوانێ لە قەدەری خودا زیاد و کەم بکات.

شەست و شەش: ئەوە لە دامەزرانی ئیمانە و بنەڕەت و بناغەی مەعریفەی دروستە، و داننانە بە یەکتایی و پەروەردگاریی خودای موتەعالدا، وەك چۆن لە کتێبەکەیدا دەفەرموێت: (وَخَلَقَ كُلَّ شَيْءٍ فَقَدَّرَهُ تَقْدِيرًا-هەموو شتێکی بە بڕ و ئەندازەگیری ورد و دیاریکراو، دروستکردووە، هەروەها دەفەرموێت: (وَكَانَ أَمْرُ اللَّهِ قَدَرًا مَقْدُورًا-ئەمری خودا قەدەرێکی دیاریکراو و نوسراو و بڕاوەیە).

مینا پرسی: (ئەوە لە دامەزرانی ئیمانە...) مەبەستی کامەیە؟

وتم: مەبەستی هەموو ئەوانەیە لە خاڵی شەست و پێنجدا هاتووە.

شەست و حەوت: هاوار بە حاڵی کەسێك لە قەدەردا دەبێ بە نەیاری خودا و بە دڵێکی نەخۆشەوە لە قەدەر وردەبێتەوە، بە وەهم و خەیاڵ-

لە پشکنینی پەنهان- هەوڵی بەدەستهێنانی نهێنییەکی شاراوە دەدات، بەوەی دەربارەی پەنهان و نهێنی شاراوە دەیڵێت بووە بە درۆزنێکی تاوانبار).

مینا پرسی: چۆن لە قەدەردا دەبێت بە نەیاری خودا؟

وتم: لە قەدەردا بە دڵێکی نەخۆش و پڕ لە شك و گومان موجادەلە بکات و بەرهەڵستی قەدەر بکات، وەك ئەوەی بە زمانی حاڵ بڵێت: بۆچی خودا ئەو قەدەرەی لەسەر من نووسیوە، بۆ دەبێ من بەو بەڵایە تووشبکات و کەسێکی تر تووشنەکات؟ واتە یەکێك لە پایەکانی ئیمان کە باوەڕە بە خێر و شەڕی قەدەر، ڕەد بکاتەوە.

ئەم خاڵانە باسیان لە قەدەر کرد.

(شەست و هەشت: عەرش و کورسی حەقن. واتە باوەڕمان هەیە بەوەی خودا خاوەنی عەرش و کورسییە.

مینا پرسی: عەرش و کورسی مەخلوقن؟

وتم: بەڵێ، بە کۆدەنگی ئەهلی سوننەت.

مینا پرسی: خودا عەرش و کورسی بۆ چییە؟

وتم: دەبێ هەمان پرسیار بکەین و بڵێین: خودا ئاسمانەکان و زەوی بۆ چییە؟ یەکەم: خودا پرسیاری لێ ناکرێ بۆ ئەو کارە دەکەی و ئەو کارە ناکەی؟ لە قورئاندا دەفەرموێت: ﴿لَا يُسْأَلُ عَمَّا يَفْعَلُ وَهُمْ يُسْأَلُونَ﴾-خودا

پرسیاری لێ ناکرێ بۆ ئەو کارانەی دەیکات، مرۆڤەکانن پرسیاریان لێ دەکرێت. دووەم: دەبێ باوەڕمان وابێت هەموو کارەکانی خودا لەسەر زانست و حیکمەتن، چونکە خودا زانا و دانایە، هەوانتە و هەڕەمەکی لە کاری خودادا نییە، دەفەرموێت: (وَمَا خَلَقْنَا السَّمَاءَ وَالْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا بَاطِلًا ذَٰلِكَ ظَنُّ الَّذِينَ كَفَرُوا-ئاسمان و زەوی و ئەوەی لە نێوانیانە بە پووچ و باتڵ دروستمان نەکردوون، ئەوە گومانی ئەو کەسانەیە بێباوەڕیان نواند. سێیەم: عەرش و کورسی مەزنی و شکۆمەندی و گەورەیی خودا بە ئێمە نیشان دەدەن، باوەڕمان وایە خودا خاوەن عەرش و کورسییە، نەك لە شێوەی عەرش و کورسی مەلیکانی دنیا.

شەست و نۆ: خودا بێنیازە لە لە عەرش و ئەوەی لە خوار عەرشەوەیە. واتە خودا بێنیازە لە دروستکراوان، لە عەرشەوە بۆ فەرش دروستکراون.

حەفتا: ئابڵۆقەی بە هەموو شت داوە و لەسەرو هەموو شتەوەیە، دروستکراوانی دەستەوسان کردووە لە ئابڵۆقەدان بە خودا.

مینا پرسی: مانای ئابڵۆقەدان چییە؟

وتم: خودا دەفەرموێت: (وَلَا يُحِيطُونَ بِشَيْءٍ مِنْ عِلْمِهِ إِلَّا بِمَا شَاءَ- دروستکراوان ئابڵۆقە نادەن بە شتێك لە زانستی خودا، مەگەر بەوەی خودا بخوازێت و بیەوێت. زانستی خودا بە دروستکراوانی تەنها خودا

بۆ خۆی دەیزانێت، مەگەر بڕێکی زۆر کەم و دڵۆپێك لە دەریا، خودا بیەوێت بەندەیەکی لێ ئاگادار بکات.

مینا پرسی: ئەو بەندانە کێن لە شتێك لە زانستی خودا ئاگادار دەکرێن؟

وتم: فریشتەکان و پێغەمبەرانن(سەلامی خودایان لەسەر بێت)

حەفتا و یەك: هەروەها دەڵێین: خودا ئیبراهیمی بە خەلیلی خۆی هەڵبژارد، خودا بە قسەکردنێکی راستەقینە لەگەڵ موسا قسەی کرد، ئیمانمان بەمە هێناوە و بەڕاستی دەزانین و پێی رادەستین.

مینا پرسی: مانای خەلیل چییە؟

وتم: وشەی خەلیل لە (الخُلَّة)ی زمانی عەرەبییەوە هاتووە، ماناکەی بریتییە لە ئەوپەڕی خۆشەویستی و مەحەبەت کە دەچۆڕابێتە ناو دڵ و دڵی پڕ کردبێت، کەوابوو ئیبراهیمی خەلیل خاوەن ئەوپەڕی مەحەبەت بوو بۆ خودا، خۆشەویستی خودا چۆڕابووە دڵییەوە و ناخی پڕ کرد بوو.

حەفتا و دوو: باوەڕمان هەیە بە فریشتەکان و پێغەمبەران و کتێبە دابەزێنراوەکان بۆ سەر رەوانەکراوان لە پێغەمبەران، شایەتی دەدەین ئەوان هەموویان لەسەر حەقێکی روون و ئاشکرا بوون.

مینا وتی: بە کورتی باوەڕ بەو سیانەم بۆ باس بکە.

وتم: باوەڕ بە فریشتە ئەوەیە: باوەڕمان هەبێت کۆمەڵێك دروستکراون، خودا بۆ عیبادەت و بەندایەتی دروستی کردوون، بەڕێزن و لە خودا یاخی نابن، فەرمانەکانی خودا لەناو ئاسمانەکان و زەوی جێبەجێ دەکەن، هەر یەکەیان تایبەتە بە کاروبارێك، وەك فریشتەی وەحی(جیبریل) کە لای خوداوە وەحی بۆ پێغەمبەران دەهێنێت، هەروەها فریشتەی گیانکێشان و فریشتەی دابەشکردنی ڕۆزی کە ناوی میکال یان میکائیلە.

باوەڕ بە کتێبەکان: باوەڕە بەوەی خودا کۆمەڵێك لاپەڕە و کتێبی بۆ سەر پێغەمبەران دابەزاندووە، لەوانە لاپەڕەکانی سەر ئیبراهیم و موسا(سەلامی خودایان لەسەر)، هەروەها تەوراتی موسا و زەبووری داود و ئینجیلی عیسا و قورئان کە بۆ سەر محەمەد(سەلامی خودا لەسەر هەموویان) دابەزی.

مینا پرسی: جیاوازی چییە لە نێوان لاپەڕەکانی موسا و تەوراتی موسا؟

وتم: لاپەڕەکانی موسا ئەو لەوحانە بوون خودا لەسەر چیای (طور) بە موسای بەخشی، تەورات لە زمانی عیبریدا مانای شەریعەت یان تەعلیمی هەیە، وەك ئەوەی تەورات درێژەپێدەری ئەوە بێت لە ناو لەوحەکاندا نوسرا بوو، زانایان دەڵێن دە وەسێتەکە و حوکمە بنەڕەتییەکان لە ناو لەوحەکاندا نوسرابوون.

مینا پرسی: دە وەسێتەکە چین؟

وتم: دە وەسێتەکە لە دینی یەهوودا شتانێکی تڕە جیاواز لەوەی لە قورئاندا گرنگی پێدراوە، قورئان باس لە ژمارەی دە ناکات، بەڵکو کۆمەڵێك ئەمر و نەهی هەن دەبێ جێبەجێیان بکەین، لەوانە: فەرمان کردن بە پەرستنی خودا بە تاك و تەنهایی و بڕیارنەدانی هاوەڵ و هاوبەش بۆ خودا، چاکە لەگەڵ دایك و باوك، ئەنجامدانی نوێژ و زەکات و ڕۆژوو و حەج، هەروەها پارێزگاری لە ڕاستگۆیی و ئەمانەت، قەتڵ نەکردن و زینا نەکردن و دزی نەکردن و سوو نەخواردن و دووڕکەوتنەوە لە شایەتیدانی درۆ، و هەڵنەهاتن لە ڕیزی سوپای موسڵمانان لە ڕۆژی ڕووبەڕووبوونەوە.

مینا پرسی: ئایا جگە لەم کتێبانە کتێبی تر لە ئاسمانەوە دابەزیوە بۆ سەر پێغەمبەران؟

وتم: خودا لە قورئاندا باسی بیست و پێنج پێغەمبەر دەکات، ژمارەی پێغەمبەران زۆرتر و زیاترن لەو بیست و پێنجە، قورئان دەفەرموێت: (وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا رُسُلًا مِنْ قَبْلِكَ مِنْهُمْ مَنْ قَصَصْنَا عَلَيْكَ وَمِنْهُمْ مَنْ لَمْ نَقْصُصْ عَلَيْكَ-پێش تۆ کۆمەڵێك پێغەمبەرمان ڕەوانە کرد، چیرۆکی هەندێکیان بۆ تۆ باس کردووە، و چیرۆکی هەندێکی ترمان باس نەکردووە. دەکرێ لەو پێغەمبەرە باسنەکراوانە کەسانێ هەبن کتێب و لاپەڕەیان بۆ سەر دابەزی بێت.

باوەڕ بە پێغەمبەران ئەوەیە: باوەڕمان هەبێت خودا لە ناو مرۆڤەکان کۆمەڵێك مرۆڤی پاك و چاکی هەڵبژاردووە و وەحی بۆ ڕەوانە کردوون بۆئەوەی بانگی خەڵکی بکەن بۆ لای خودا و پەرستنی ئەو(سبحانه وتعالی) بە تاك و تەنهایی.

حەفتا و سێ: ئەوانەی ئەهلی قیبلەی ئێمەن بە موسڵمان و باوەڕداریان دادەنێین، هەتا ئەوان دانبنێن بەوەی پێغەمبەری ئەکرەم هێناویەتی، و هەموو ئەوەی فەرموویەتی و هەواڵیداوە بەڕاست بزانن.

مینا وتی: پێویستم بە ڕۆشنکردنەوەیە.

وتم: لای ئەهلی سوننەت هەر کەس ئەهلی قیبلە بێت، واتە نوێژ بکات و باوەڕی هەبێت بەوەی پێغەمبەر هێناویەتی لە قورئان و پەیام، هەروەها باوەڕی هەبێت بەوەی پێغەمبەر فەرموویەتی و هەواڵیداوە و ڕایگەیاندووە، بەم سێ مەرجە کەسەکە دەبێتە موسڵمان و باوەڕدار، نوێژەکە بەڵگەی موسڵمانبوونەوە و باوەڕ بە پەیام و ریسالەت-ئەوەی لە قورئان و فەرموودەدا هاتووە- بریتییە لە باوەڕ.

مینا پرسی: لە دیندا حوکمی ئەو کەسە چییە فەرموودەی سەحیحی پێغەمبەر(صلی الله علیه وسلم) ڕەد دەکاتەوە و قبووڵی ناکات؟

وتم: بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە سەرەتا ڕێسایەکی چەسپیوی قورئان هەیە دەبێ ئاماژەی پێ بکەین، ئەوەش هەر کەس فەرموودەی پێغەمبەر(صلی

اللە علیه وسلم) ڕەد بکاتەوە، وەك ئەوە وایە قسەی خودا(سبحانه وتعالی) ڕەد بکاتەوە، قورئان دەفەرموێت: (وَمَا آتَاكُمُ الرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَاكُمْ عَنْهُ فَانْتَهُوا-ئەوەی پێغەمبەری پێیدان وەریبگرن، ئەوەی نەهی لێکردن دەستهەڵبگرن و کۆتایی پێ بهێنن. فەرموودەی سەحیح وەحییە لە خوداوە بە مانا، بەڵام وشەکانی لە لایەن پێغەمبەرەوەیە، قورئان وەحییە بە مانا و بە وشە و کەلیمات، ئەوانەی فەرموودەی سەحیح ڕەد دەکەنەوە چەند جۆرێکن:

دەستەی یەکەم: ئەوانەن لوتبەرزانە سوننەت ڕەد دەکەنەوە و تانە و تەشەری لێ دەدەن، ئەمە بێباوەڕییەکی ئاشکرایە و بەدرۆزانینی پێغەمبەرە، ئیمامی شافیعی دەڵێت: هەر کەس فەرموودەیەکی سەحیحی لە پێغەمبەرەوە پێگەیشتن و ئینکاری کرد و ڕەدی کردەوە، بێباوەڕی نواندووە.

دەستەی دووەم: کەسانێکن بە تەئویلێك فەرموودەی سەحیح ڕەد دەکەنەوە، یان لەبەر تێنەگەیشتن، یان وا گومان دەبەن ساغ نەبووەتەوە فەرموودەی پێغەمبەر بێت، ئەم کەسە تەکفیر ناکرێت، بەڵام بە کەسێکی هەڵەکار و سەرلێشێواو و بیدعەچی لە قەڵەم دەدرێت، نموونە وەك ئەو کەسەی فەرموودە ڕەد دەکاتەوە گوایە پێچەوانەی قورئانە، هەڵبەت ئەو قورئانەی ئەو لێی حاڵی بووە، لە کاتێکدا نەشارەزا و نەزانە بە زانستی

کۆکردنەوەی دژە ڕووالّەتییەکان، واتە توانای زانستی ئەو لە ئاستێکدا نییە بتوانێ تەبایی بخاتە نێوان دوو دەقەکە و جیاوازی و دژیەکی ڕووالّەتی بسڕێتەوە.

دەستەی سێیەم: ئەوانەن فەرموودە ڕەد دەکەنەوە بە بیانووی ئەوەی ئەقڵی نایگرێ و قبوولّی ناکات، یان پێی سەرسام نییە و حەزی پێی نییە، ئەمەش لادانە لە مەنهەجی ڕاست و دروست بۆ تێگەیشتن لە دەق، ئەمانە هەوا و ئارەزوو زالّە بەسەریاندا، لە هەوا و ئارەزووەوە ڕاست وْ هەلّە دیاری دەکەن.

دەستەی چوارەم: ئەوانەن گوایە پێغەمبەریان زۆر خۆشدەوێت، پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) لە لایان بەرز و شکۆمەند و پیرۆزە، بۆیە بەم بیانووە کۆمەلّێك فەرموودەی سەحیح ڕەد دەکەنەوە، گوایە شیاو نین بە شکۆمەندی پێغەمبەر، ئەمانە پێویستیان بە زانستە، دەبێ بەناو زانستدا ڕۆبچن، تاکو بتوانن لە بڕیاری سۆز و عاتیفە ڕزگاریان ببێت، واتە لە کەمی زانستەوە کەوتوونەتە ناو ئەو دۆخە.

حەفتا و چوار: لە خودادا ڕۆچوون ناکەین، و لە دینی خودادا بە شك و گومان موجادەلەی پووچ ناکەین.

مینا وتی: هەندێ ڕۆشنکردنەوەی گەرەکە.

وتم: واتە بەبێ زانست دەربارەی زاتی خودا و سیفەتەکانی خودا قسە ناکەین و ڕۆناچین، لە سنووری ئەوەی قورئان و فەرموودە بەیانیان کردووە دەوەستین و سنوور نابەزێنین، هەر بەو جۆرە خۆمان بەدوور دەگرین لە موجادەلەی نەزۆك و نازانستی و بێ ئەنجام دەربارەی دینی خودا.

حەفتا و پێنج: دەربارەی قورئان موجادەلە ناکەین، شایەتی دەدەین قورئان کەلامی پەروەردگاری جیهانانە، ڕۆحی ئەمین کە جیبریلە دایبەزاندووە، و سەرداری پێغەمبەران، محەمەدی فێری قورئان کردووە.

مینا پرسی: ئەی بۆچی قورئان دەفەرموێت: (وَجَادِلْهُمْ بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ- بە باشترین شێوە موجادەلەیان بکە؟

وتم: یەکەم: ئەم ئایەتە باس لە موجادەلە دەکات لەگەڵ هاوەڵدانەران و بێباوەڕان و ئەهلی کیتاب، دووەم: مەرجی بۆ موجادەلەکە داناوە دەبێ (بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ) بێت، واتە بە باشترین شێوە، ئەم موجادەلەی لێرە باس کراوە و نەهی لێکراوە، موجادەلەیە لە نێوان موسڵمانان، موجادەلەیەك مەرجەکەی تێدا نییە و ناکۆکی و تەفرەقە و دابڕان دەخاتە نێوان موسڵمانان.

حەفتا و شەش: قورئان کەلامی خودای موتەعالە، هیچ شت لە کەلامی دروستکراوان یەکسان نییە بە قورئان و شان لە شانی نادات، ئێمە نالێین قورئان مەخلووقە.

مینا وتی: هەندێ ڕۆشنکردنەوە لەسەری بدە.

وتم: قورئان بە لەفز و بە مانا کەلامی خودایە، نە کەلامی جیبریلە، نە کەلامی پێغەمبەر، موعتەزیلە دەیانوت قورئان مەخلووقە، ئەهلی سوننەت نالێین قورئان مەخلووقە، دەڵێین قورئان کەلامی خودایە، کەلامیش سیفەتێکە لە سیفەتەکانی خودا(سبحانە وتعالی).

حەفتا و حەوت: سەرپێچی ناکەین لە کۆمەڵی موسڵمانان.

مینا پرسی: کۆمەڵی موسڵمانان کێن؟

وتم: کۆمەڵی موسڵمانان موسڵمانانن بەگشتی، ئیمامێکیان بۆ خۆیان داناوە ئەحکامی دینی خودایان بۆ جێبەجێ دەکات و بەرژەوەندییەکانیان دەپارێزێت.

حەفتا و هەشت: هیچ کەس لە ئەهلی قیبلە بەهۆی گوناهەوە، تەکفیر ناکەین، مەگەر بە زانینەوە گوناهەکەی پێ حەڵاڵ بێت.

مینا پرسی: یانی چۆن بە زانینەوە گوناهەکەی پێ حەڵاڵ بێت؟

وتم: واتە لە باوەڕی ئەهلی سوننەتدا هیچ کەس بە ئەنجامدانی گوناهی گەورە تەکفیر ناکرێ، مەگەر کەسەکە بزانێت ئەو کارە حەرامە،

لەگەڵ ئەو زانینەش گوناهەکە بە حەڵاڵ دابنێت، بۆ نموونە کەسێك دەزانێت عارەق حەرامە، لەگەڵ زانینەکەش دەڵێت عارەق حەڵاڵە، بەم وتنە کەسەکە بێباوەڕ دەبێت، ئەگەر هۆش و ئاگای لە خۆ بێت و مەبەستی شتێکی تر نەبێت، ئەم کەسە بە هۆی خواردنەوەی عارەقەوە بێباوەڕ نەبووە، بەهۆی بە درۆزانینی ئایەتی خوداوە بێباوەڕ بووە، چونکە خودا لە قورئاندا فەرمویەتی عارەق حەرامە.

حەفتا و نۆ: ئێمە ناڵێین لەگەڵ ئیمان گوناە زیان بەو کەسە ناگەیەنێت ئەنجامی دەدات. واتە گوناە زیان دەگەیەنێت بە ئەنجامدەرەکەی لە دنیا و دواڕۆژ با ئیماندارێش بێت.

مینا پرسی: مەبەست چییە لە زیان؟

وتم: لە دنیا ئاساری گوناە لە ژیانی کەسەکە رەنگ دەداتەوە، لە دواڕۆژیش سزاکەی وەردەگرێت گەر تەوبەی لێ نەکردبێت، خودا دەفەرموێت: (وَمَنْ أَعْرَضَ عَنْ ذِكْرِي فَإِنَّ لَهُ مَعِيشَةً ضَنْكًا وَنَحْشُرُهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ أَعْمَى-هەر کەس پشت هەڵبکات لە یادی من، ژیانێکی نائارام و تەنگەلان دەژی، لە دواڕۆژیش بە کوێری حەشری دەکەین.

هەشتا: رجامان وایە چاکەکاران لە باوەڕداران خودا لێیان ببورێت و بە بەزەیی خۆی بیانباتە ناو بەهەشتەوە، ئێمە دڵنیاییان لەوەدا پێ نادەین و بە چوونە بەهەشت شایەتییان بۆ نادەین، داوای لێخۆشبوون بۆ

خراپەکاران لە باوەڕداران دەکەین، ترسمان هەیە لە سەرئەنجامیان، بەڵام بێهیوا و نائومێدیان ناکەین.

هەشتا و یەك: دڵنیابوون و بێهیوابوون، لادانە لە ئایینی ئیسلام، ڕێگەی حەق بۆ ئەهلی قیبلە لە نێوان ئەو دوانەدایە.

مینا پرسی: ئەی ئەگەر کەسەکە لای خوداوە مژدەی بەهەشتی پێ درابێت؟

وتم: ئەمە چەند جۆرێکە:

یەکەم: هەندێ لە هاوەڵان لە پێغەمبەرەوە(صلی الله علیه وسلم) مژدەی بەهەشتیان پێدراوە، ئەوانەش دە هاوەڵن: ئەبوبەکر و عومەر و عوسمان و عەلی و تەلحەی کوڕی عوبەیدوڵا و زوبێری کوڕی عەوام و عبدالرحمنی کوڕی عەوف و سەعدی کوڕی ئەبی وەقاس و سەعیدی کوڕی زەید و ئەبو عوبەیدەی کوڕی جەڕاح.

مینا پرسی: لە ئافرەتان کەسێك هەیە مژدەی بەهەشتی پێدرابێت؟

وتم: لە ڕاستیدا ئەوانەی مژدەی بەهەشتیان پێدراوە زۆرترن لە دە، لە ئافرەتان خەدیجە و فاتیمە مژدەیان پێدراوە، هەروەها پێغەمبەر(صلی الله علیه وسلم) دەفەرموێت: حەمزە سەرداری شەهیدانە، بە هەمان شێوە پێغەمبەر مژدەیدا بە بیلال، هەروەها مژدەی داوە حەسەن و حوسەین سەرداری گەنجانی بەهەشتن، هەر بەو جۆرە پێغەمبەر(صلی الله علیه

وسلم) مژدەی بەهەشتی بە چەند هاوەڵێکی تر داوە، لەوانە: عەبدوڵای کوڕی سەلام و سابیتی کوڕی قەیس و عوکاشەی کوڕی موحصن و زەیدی کوڕی حاریسە و جەعفەری کوڕی ئەبی تالب و عەبدوڵای کوڕی رەواحە و عەمری کوڕی سابیتی کوڕی وەقش و سەفینە، مەولای پێغەمبەری خودا، قورئانیش دەربارەی ئەو کۆمەڵە هاوەڵەی لە ژێر درەختەکە بەیعەتیاندا بە پێغەمبەر دەفەرموێت: (لَقَدْ رَضِيَ اللَّهُ عَنِ الْمُؤْمِنِينَ إِذْ يُبَايِعُونَكَ تَحْتَ الشَّجَرَةِ-خودا لە باوەڕداران رازی بوو کاتێ لە ژێر درەختەکە بەیعەتیاندا بە تۆ.

مینا وتی: جۆری یەکەمت باس کرد، جۆری دووەم؟

دووەم: ئەوەیە کەسێك لە خەوندا بە خزمەت پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) بگات و مژدەی بەهەشتی پێ بدات.

سێیەم: دۆستێکی خودا یان کەسێکی سالّح بە خزمەت پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) بگات و پێی بفەرموێ مژدە بدە بە فلّان ئەهلی بەهەشتە.

مینا پرسی: ئایا ئەم کەسە کە مژدە دەدات بە کەسێك ئەهلی بەهەشتە سەرپێچی نەکردووە لە خالّی هەشتا؟

وتم: لەبەرئەوەی خەونەکە بە پێغەمبەرەوە بینراوە و خەون بینین بە پێغەمبەرەوە حەقە و شەیتان ناتوانێ لە شێوەی پێغەمبەردا خۆی بۆ باوەڕدار نمایش بکات، کەسەکە لەسەریەتی مژدەکە بگەیەنێت، بەڵام

هۆشداری پێ بدات و ئاگاداری بکاتەوە شەیتان لە شکاردایە و بە مژدەکە فریو نەخوات، بەڵکو زۆرتر بکۆشێ و پارێزگاری لە ئیمان و ئیسلامی بکات، هەندێ لە هاوەڵانی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) مژدەی بەهەشتیان وەرگرت، بەو مژدەیە پاڵیاننەدایەوە و پشتوێنیان لێ نەکردەوە، بەڵکو ترسیان لە خودا زیاتر بوو و کۆشانیان لە پێناویدا زۆرتر بوو.

مینا پرسی: جیاوازی چییە لە نێوان مژدەدانی پێغەمبەر بە کەسێك، لەگەڵ مژدەدانی دۆستێکی خودا بە کەسێك؟

وتم: مژدەدانی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) بە کەسێك لە هاوەڵان وەحییە و حوکمی شەرعی لەسەر دادەمەزرێت، بۆ نموونە قازی موسڵمان ناتوانێ حوکمی کوشتنی بۆ دەربکات، گوایە لە ئیسلام پاشگەزبووەتەوە، واتە ناتوانێ خوێن و ماڵ و ناموسی حەڵاڵ بکات، هەروەها تا ڕۆژی دوایی موسڵمانان ناتوانن بە بێباوەڕ یان دووڕوو یان هاوەڵدانەر ناوی بهێنن، بەڵام مژدەی دۆستێکی خودا بە کەسێك، یان مژدە وەرگرتن لە ڕێگەی خەونەوە-با مژدەکەش پێغەمبەر لە خەوندا بە کەسەکەی وتبێت- حوکمی شەرعی لەسەر بینا ناکرێت، تەنها مژدەیەکە بۆ ئەوەی لەسەر ڕێگەی دینداری و خواناسی بەردەوام بێت.

وانەی پێنجەم و لە رۆژی پێنجەمدا:

بۆ وەرگرتنی وانەی پێنجەم رۆیشتین بۆ مزگەوتی قوبا، دوای ئەنجامدانی چەند رکاتێك نوێژ لە پەنایەکەوە دانیشتین، خەڵکێکی زۆر بۆ سڵاوکردن دەوری (شێخ ناصر)یان دا، دوای رۆیشتنی خەڵکەکە وانەکەمان دەست پێ کرد:

(هەشتا و دوو: بەندە لە ئیمان دەرناچێت مەگەر بێباوەڕی دەربېڕێت بەوەی بەهۆیەوە هاتووەتە ناو ئیمان.

مینا پرسی: بە چی هاتووەتە ناو ئیمان؟

وتم: بە شایەتمان، هەر کەس بە دڵ و زمان رایگەیاند: (شایەتی دەدەم خودا تاك و تەنهایە و محەمەد پێغەمبەری خودایە) بەو شایەتیدانە دێتە ناو ئیمان، هەر کات بێباوەڕی دەربڕی بە تاك و تەنهایی خودا، یان بێباوەڕی دەربڕی بە پێغەمبەرایەتی محەمەد، لە ئیمان دەردەچێت.

هەشتا و سێ: ئیمان دانپیادانانە بە زمان، و بەڕاست زانینە بە دڵ و ناخ. واتە راگەیاندنی ئیمان بە زمان، بەشێکە لە ئیمان، تەنها لە دڵی خۆدا بەس نییە ئیماندار بێت.

مینا پرسی: گرنگی راگەیاندنی ئیمان بە زمان چییە؟

وتم: رۆشنکردنەوەی سەنگەری خۆیە، دەبێ دەریبخات لە کام سەنگەرە، سەنگەری باوەڕ، یان سەنگەرێکی تر، راگەیاندنی ئیمان بە

زمان حوکمی شەرعی لەسەر بینا دەکرێت، خوێن و ماڵ و ناموووسی پارێزراو دەبێت، دەتوانێ لەگەڵ ئافرەتی موسڵمان، یان گەر ئافرەت بوو لەگەڵ پیاوی موسڵمان هاوسەرگیری بکات، هاوسەرگیرییەکەی دامەزراو دەبێت، ڕەچەڵەکی منداڵەکانی ئاشکرا دەبێت، میرات وەردەگرێت و میراتی لێ دەگیرێت، ئەگەر هەژار بوو زەکاتی پێ دەشێت و خێر و سەدەقەی پێ دەدرێت، شایەتیدانی لێ وەردەگیرێت، دەتوانێ بچێت بۆ بەرەکانی جیهاد و لە ڕێگەی خودا تێبکۆشێت، دەتوانێ سەردانی ماڵی خودا بکات لە مەککە، هەموو ئەمانە حوکمی شەرعین و پەیوەستن بە ڕاگەیاندنی ئیمانی کەسەکەوە.

هەشتا و چوار: هەموو ئەوەی خودا لە قورئاندا دایبەزاندووە و هەموو ئەوەی لە پێغەمبەری ئەکرەمەوە بە ڕاست و دروستی بە دەستمان گەیشتووە، لە شەرع و بەیان و ڕۆشنکردنەوە، هەر هەموو حەق و ڕاستین.

هەشتا و پێنج: ئیمان یەکە، لە ئەسڵی ئیماندا هەموو ئەهلی ئیمان یەکسانن، فەزڵ و گەورەیی نێوانیان بە ترسان لە خودا و خۆپارێزییە لە گوناهان، و سەرپێچی لە ئارەزو، و پابەندبوون بە باشترین و لەپێشترین.

مینا پرسی: ئەسڵی ئیمان چییە؟

وتم: ئەسڵی ئیمان شەش بەشە: ئیمان بە خودا، ئیمان بە فریشتەکان، ئیمان بە کتێبەکان، ئیمان بە پێغەمبەران، ئیمان بە ڕۆژی دوایی، ئیمان بە خێر و شەڕی قەدەر.

مینا پرسی: ئیمان بە قەزا و قەدەر لە قورئاندا هاتووە؟

وتم: ئیمان بە قەدەر لە کۆمەڵێك ئایەت ومرگیراوە، لەوانە: (إِنَّا كُلَّ شَيْءٍ خَلَقْنَاهُ بِقَدَرٍ-ئێمە هەموو شتمان بە بڕ و ئەندازە و پێوانەی دروستکردووە، واتە هەرچی لە ژیان و گەردووندا ڕووەدات-خێر بێت یان شەڕ- بە تەقدیر و زانست و ویستی خودایە و لە خواست و ویستی ئەو دەرناچێت، هەروەها دەفەرموێت: (مَا أَصَابَ مِنْ مُصِيبَةٍ فِي الْأَرْضِ وَلَا فِي أَنْفُسِكُمْ إِلَّا فِي كِتَابٍ مِنْ قَبْلِ أَنْ نَبْرَأَهَا-ئەوەی لە زەوی و نەفسی خۆتان تووشتان دێت، لە نوسراوێکدا نوسراوە بەرلەوەی بەدیبهێنین، بەدوای قسەی بێباوەڕاندا کە قورئان بۆمان دەخاتە ڕوو، کاتێ تووشی چاکە دەبن دەڵێن ئەمە لە خوداوەیە، کاتێ تووشی ناخۆشی و خراپە دەبن دەڵێن ئەمە لە تۆوەیە-واتە لە پێغەمبەرەوە- بەدوای ئەم قسەدا خودا دەفەرموێت: (قُلْ كُلٌّ مِنْ عِنْدِ اللَّهِ-بڵێ هەموو لای خوداوەن. واتە خێر و شەڕ، چاکە و خراپە لای خوداوەیە و لە ویست و خواستی ئەو دەرناچێت.

مینا پرسی: مانای پابەندبوون بە باشترین و لەپێشترین چییە؟

وتم: واتە پابەندبوون و دەستگرتن بەوەی نزیکترینە لە گوێڕایەڵی خوداوە، و باشترین و چاکترینە لە دیندا، بۆ نموونە جێبەجێ کردنی نوێژ لە سەرەتای کاتەکەیەوە لەپێشترە لە دواخستنی، وەك لە فەرموودەکەی بوخاری و موسلیمدا هاتووە، پێغەمبەر فەرمووی: (باشترین کار بریتییە لە نوێژ لە کاتی خۆیدا)، لە دەستنوێژدا یەك جار شۆرینی ڕوخسار و دەست دەستنوێژەکەی پێ دادەمەزرێ، بەڵام سێ جار شۆرینی ڕوخسار و دەست پابەندبوونە بە باشترین و کاملْترینە.

هەشتا و شەش: باوەڕداران، هەر هەموویان دۆستی ڕەحمانن، بەڕێزترینیان لای خودا، ئەوەیانە گوێڕایەڵی و شوێنکەوتنی بۆ قورئان زۆرترینە.

مینا پرسی: دۆستانی خودا مەبەست ئەولیایە؟

وتم: بەڵێ، واتە بە ئیمان و تاعەت کەسێك دەبێت بە دۆستی خودا، وەك لە فەرموودەکەی ئیمامی بوخاریدا هاتووە، فەرموودەکە قودسییە، خودا(سبحانە وتعالی) دەفەرموێت: (باشترین کارێك بەندەکەم بە هۆیەوە لە من نزیك ببێتەوە بریتییە لە فەرزەکان، بەردەوام بەندەکەم بە نافیلەکان لە من نزیك دەبێتەوە تا خۆشمدەوێت، کاتێ خۆشمویست دەبم بەو گوێیەی پێی دەبیستێ، دەبم بەو چاوەی پێی دەبینێت، دەبم بەو دەستەی دەیوەشێنێت، دەبم بەو لاقەی پێی دەڕوات، گەر داوای لێکردم پێی

دەبەخشم، گەر پەنای پێگرتم پەنای دەدەم)، کەوابوو مرۆڤ یەکەمجار ئیمان دەهێنێت، ئەوجا فەرزەکانی خودا جێبەجێ دەکات، پاشان نافیلەکان ئەنجام دەدات، بەم سێ هۆیە دەگاتە مەحەبەتی خودا، لەگەڵ گەیشتن بە پلەی مەحەبەت ئەو وەرچەرخانە مەزنە روودەدات، خودا گوێ و چاو و دەست و لاقی ئەو هەڵدەسوڕێنێت.

مینا پرسی: فەرزەکان چین؟

وتم: نوێژ و زەکات و رۆژوو و حەج، و تێکۆشان لە رێگەی خودا و چاکە لەگەڵ دایك و باوك.

مینا پرسی: نافیلەکان چین؟

وتم: هەموو فەرزێك نافیلەیەك لە پاڵیدایە، نوێژی فەرز، نوێژی سوننەتی هەیە، زەکات سەدەقەی لەگەڵە، رۆژووی مانگی رەمەزان رۆژووی سوننەتی لەگەڵە، حەجی ماڵی خودا عومرەی لەگەڵە.

هەشتا و حەوت: ئیمان بریتییە لە باوەڕ بە خودا، و باوەڕ بە فریشتەکانی خودا و بە کتێبەکانی خودا، و بە نێراوانی خودا، و بە رۆژی دوایی، هەروەها باوەڕ بە قەدەر، خێر و شەڕی، و شیرین و تاڵی، هەموو لە خوداوەن.

هەشتا و هەشت: ئێمە ئیمانمان بە هەموو ئەوانە هێناوە، جیاکاری و ناکۆکی ناخەینە نێوان پێغەمبەرانەوە، هەموویان بە راست دەزانین لەسەر ئەوەی هێناویانە.

مینا پرسی: ئایا بە گەورەتر و مەزنتر زانینی هەندێ لە پێغەمبەران دەچێتە خانەی جیاکاری خستنە نێوانیان؟

وتم: بێگومان نەخێر، ئەو پێغەمبەرانەی خودا بە مەزنتر باسی کردوون، دەبێ لامان مەزنتر بن، خودا دەفەرموێت: ﴿تِلْكَ الرُّسُلُ فَضَّلْنَا بَعْضَهُمْ عَلَىٰ بَعْضٍ﴾-ئەو کۆمەڵە پێغەمبەرە فەزڵی هەندێکیاندا بەسەر هەندێکی تردا، لە ناو پێغەمبەران ئەم بیست و پێنج پێغەمبەرەی لە قرئاندا ناویان هاتووە مەزنتر و گەورەترن، لە ناو ئەو بیست و پێنجە خاوەن عەزمان باشترین و گەورەترینن.

مینا پرسی: خاوەن عەزمان کێن؟

وتم: خاوەن عەزمان نوح و ئیبراهیم و موسا و عیسا و محەمەدن(سەلامی خودا لەسەر هەموویان)، خودا بە پێغەمبەر دەفەرموێت: ﴿فَاصْبِرْ كَمَا صَبَرَ أُولُو الْعَزْمِ مِنَ الرُّسُلِ﴾-ئارامبگرە وەك چۆن خاوەن عەزمان لە پێغەمبەران ئارامیان گرت.

مینا پرسی: ئایا بەڵگەیەك هەیە خاوەن عەزمان لە پێغەمبەران تەنها ئەو پێنجەن؟

وتم: بەڵگەی راشکاو بوونی نییە، زانایان تێڕامانیان کردووە لە کۆمەڵێك دەقی قورئان و ئەو پێنج پێغەمبەرەیان بە خاوەن عەزمان داناوە، بۆ نموونە لەم ئایەتەدا: (وَإِذْ أَخَذْنَا مِنَ النَّبِيِّينَ مِيثَاقَهُمْ وَمِنْكَ وَمِنْ نُوحٍ وَإِبْرَاهِيمَ وَمُوسَى وَعِيسَى ابْنِ مَرْيَمَ وَأَخَذْنَا مِنْهُمْ مِيثَاقًا غَلِيظًا-پەیمانمان لە پێغەمبەران وەرگرت، هەروەها لە تۆ و نوح و ئیبراهیم و موسی و عیسا پەیمانمان وەرگرت، لە هەموویان پەیمانێکی تووندوتۆڵمان وەرگرتووە. لێرەدا ئەو پێنج پێغەمبەرەی جیاکردووەتەوە و ناوی هێناون، هەروەها لە ئایەتی: (شَرَعَ لَكُمْ مِنَ الدِّينِ مَا وَصَّى بِهِ نُوحًا وَالَّذِي أَوْحَيْنَا إِلَيْكَ وَمَا وَصَّيْنَا بِهِ إِبْرَاهِيمَ وَمُوسَى وَعِيسَى)، خودا دینی بۆ ئێوە رەنگڕێژ کردووە، ئەوەی وەسێتمان کرد بۆ نوح و ئەوەی بۆ تۆمان وەحی کرد و ئەوەی وەسێتمان کرد بۆ ئیبراهیم و موسا و عیسا)، لێرەدا هەمان پێنج پێغەمبەری ناوهێناوە.

مینا پرسی: ئایا ئەمە ئەوە دەگەیەنێت پێغەمبەرانی تر خاوەن عەزم نەبوون؟

وتم: نەخێر، هەموو پێغەمبەران خاوەن عەزم بوون، ئەو پێنج پێغەمبەرە لە عەزمدا تێیانپەڕاندووە، وەك دەوترێ خاوەن عەزمی پۆڵایین بوون.

هەشتا و نۆ: ئەهلی گوناهی گەورە لە ئومەتی محەمەد(صەلات و سەلامی خودای لەسەر) بە نەمری لە ئاگردا نامێنننەوە، گەر مردن و

ئەوان ئەهلی یەکتاپەرستی بوون، با تەوبەشیان نەکردبێت، دوای ئەوەی بە خودا دەگەن بە باوەڕدارانە و خوداناسانە.

ئەوان لەبەردەم ویست و خواست و بڕیاری خودادان، گەر بیەوێ بە فەزڵی خۆی لێیانخۆش دەبێت و لێیان دەبوورێت، وەك چۆن خودای موتەعال لە کتێبەکەیدا باسی کردووە: (وَيَغْفِرُ مَا دُونَ ذَٰلِكَ لِمَنْ يَشَاءُ-خودا لە خوار هاوەڵدانانەوە لە گوناهان خۆشدەبێت، بۆ هەر کەس بیەوێت، ئەگەریش بخوازێت بە دادپەروەری خۆی لە ئاگردا سزایان دەدات، پاشان بە ڕەحمەتی خۆی و تکای تکاکاران لە ئەهلی گوێڕایەڵی، لە ئاگر دەریاندەهێنێت، و ئەوجا ڕەوانەی بەهەشتیان دەکات.

مینا پرسی: ئەگەر کەسێکی باوەڕدار گوناهی گەورە بکات و تەوبەی لێ بکات، ئایا بە هۆی گوناهە گەورەکەیەوە دەچێتە ناو ئاگر؟

وتم: نەخێر، خودا دەفەرموێت: (إِلَّا مَنْ تَابَ وَآمَنَ وَعَمِلَ عَمَلًا صَالِحًا فَأُولَٰئِكَ يُبَدِّلُ اللَّهُ سَيِّئَاتِهِمْ حَسَنَاتٍ وَكَانَ اللَّهُ غَفُورًا رَحِيمًا-جگە لەوانەی تەوبە دەکەن و ئیمان دەهێنن و کاری چاکە ئەنجام دەدەن، ئەوانە خودا خراپەکانیان بە چاکە ئاڵوگۆڕ دەکات، خودا لێخۆشبوو و بە بەزەییە، هەروەها دەفەرموێت: (قُلْ يَا عِبَادِيَ الَّذِينَ أَسْرَفُوا عَلَىٰ أَنْفُسِهِمْ لَا تَقْنَطُوا مِنْ رَحْمَةِ اللَّهِ إِنَّ اللَّهَ يَغْفِرُ الذُّنُوبَ جَمِيعًا إِنَّهُ هُوَ الْغَفُورُ الرَّحِيمُ-بڵێ: ئەی ئەو بەندانەی ستەمتان لە نەفسی خۆتان کرد و زیادەڕەویتان ئەنجامدا، لە

بەزەیی خودا بێهیوا مەبن، خودا لە هەموو گوناهان خۆشدەبێت، ئەو لێخۆشبوو و بە بەزەییە.

نەوەد: ئەوەش چونکە خودا سەرۆکاری ئەهلی ناسینی خۆی دەکات و لە هەردوو خانەکە وەك خوانەناسان مامەڵەیان لەگەڵ ناکات، ئەو خوانەناسانەی زیانۆمەند بوون بە لەدەستدانی هیدایەت و نەگەیشتنە ویلایەت و سەرۆکاری خودا بۆ ئەوان.

نەوەد و یەك: خودایە، ئەی دۆست و سەرخەری ئیسلام و ئەهلی ئیسلام، لەسەر ئیسلام دامەزراومان بکە، هەتا بە ئیسلامەوە بە خزمەتی تۆ دەگەین.

شێخ ناصر وتی: بڵێن: ئامین، هەموو وتمان ئامین.

میناش وتی: ئامین.

نەوەد و دوو: ئێمە نوێژکردن لە دوای هەموو چاکەکار و خراپەکارێکی ئەهلی قیبلەوە بە دروست دەبینین، هەر بەو جۆرە نوێژکردن لەسەر هەموو چاکەکار و خراپەکارێکی ئەهلی قیبلە کاتی مردنیان. واتە نوێژکردن لە دوای موسڵمانی گوناهبار و خراپەکارەوە دروستە، تا ئەو کاتەی بە کوفرێکی ئاشکرا بێباوەڕی خۆی رادەگەیەنێت، ئەو کات دروست نییە نوێژی لە دواوە بکەی، دروستیش نییە کاتی مردنی نوێژی لەسەر بکەی.

نەوەد و سێ: هیچ کام لە موسڵمانان لە بەهەشت و لە ئاگر دانانێین و شایەتی لەسەریان نادەین بە بێباوەڕی و هاوەڵدانان و دووڕوویی، گەر شتێك لەوانە لە ئەوانەوە ئاشکرا نەبووبێت و دەرنەکەوتبێت، نهێنی و پەنهانیان بۆ خودا وازلێدەهێنین.

نەوەد و چوار: بەکارهێنانی شمشێر بە دروست نابینین بۆ هیچ کەس لە ئومەتی محەمەد(صەلات و سەلامی خودای لەسەر)، مەگەر کەسێك شمشێری لەسەر پێویست بێت.

مینا پرسی: شمشێر لەسەر کێ پێویست دەبێت؟

وتم: کەسێك کەسێکی کوشتبێت، یان لە موسڵمانان یاخی بووبێت و لە زەوی فەسادی بەرپا کردبێت.

نەوەد و پێنج: دەرچوون لە فەرمانی ئیمامان و فەرمانڕەوایان لە خۆمان، بە دروست نابینین، با ستەمیش بکەن، دوعایان لێ ناکەین، دەستمان لە گوێڕایەڵی ئەوان ناکێشینەوە، گوێڕایەڵی ئەوان بە فەرز دەزانین و بە گوێڕایەڵی کردنی خودای دادەنێین، گەر ئەوان فەرمان بە گوناە و یاخیبوون نەکەن، دوعای چاکبوون و باشبوونیان بۆ دەکەین.

مینا پرسی: بۆچی دەبێت گوێڕایەڵیان بین و دوعایان لێ نەکەین گەر ستەمکار و خراپەکار بن؟!

وتم: فەرمانڕەوایان لە قورئاندا بە (أولي الأمر) ناوبراون، ئەوەی گوێڕایەڵی (أولي الأمر) لەسەر موسڵمانان پێویست دەکات ئەم ئایەتەیە، هەڵبەت لەگەڵ چەندین فەرموودەی سەحیح: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُواْ ٱلرَّسُولَ وَأُوْلِي ٱلۡأَمۡرِ مِنكُمۡۖ فَإِن تَنَٰزَعۡتُمۡ فِي شَيۡءٖ فَرُدُّوهُ إِلَى ٱللَّهِ وَٱلرَّسُولِ إِن كُنتُمۡ تُؤۡمِنُونَ بِٱللَّهِ وَٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِۚ...٥٩﴾ النساء- ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە، گوێڕایەڵی خودا بکەن، هەر بەو جۆرە گوێڕایەڵی پێغەمبەر بکەن، هەروەها گوێڕایەڵی فەرمانڕەوایان لە خۆتان، گەر لەسەر شتێك ناکۆکی کەوتە نێوانتان بیگێڕنەوە بۆ لای خودا و پێغەمبەر گەر باوەڕتان هەیە بە خودا و بە ڕۆژی دوایی.

مینا پرسی: مانای (أولي الأمر) چییە؟

وتم: دەستەیەکن لە موسڵمان، دەڵێم دەستەیەکن و یەك کەس نییە، چونکە قورئان بە کۆ (أولي) باسیان دەکات، دەڵێم لە موسڵمانانن، چونکە دەفەرموێت: لە خۆتان (منكم)، ئەو دەستەیە هەڵدەستن بە ئەرکی بەڕێوەبردن و سەرۆکاری موسڵمانان، هەروەها هەستان بە پارێزگاری لە خاکی ئیسلام و پارێزگاری لە موسڵمانان لە هێرش و پەلاماری دوژمنان، هەر بەو جۆرە ڕێکخستنی حەج و دروشمە ئیسلامییەکان.

مینا پرسی: دەتوانم بزانم پایەکانی حوکمڕانی لە ئیسلامدا کامانەن؟

وتم: پایەی یەکەم شەریعەتە: لە دەرکردنی یاسا بۆ ڕێکخستنی دەوڵەت و کۆمەڵگە دەبێ بگەڕێنەوە بۆ دوو سەرچاوە سەرەکییەکەی

ئیسلام: قورئان و سوننەت، واتە یاسایەك رەنگڕێژ نەکرێت دژ بە دەقەکانی قورئان و فەرموودەی سەحیح بێت، قورئان دەفەرموێت: (فَاحْكُمْ بَيْنَهُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ-بەوەی خودا دابیەزاندووە حوکم لە نێوانیان بکە، هەروەها دەفەرموێت: (فَإِنْ تَنَازَعْتُمْ فِي شَيْءٍ فَرُدُّوهُ إِلَى اللَّهِ وَالرَّسُولِ-گەر لەسەر شتێك ناکۆکی کەوتە نێوانتان بیگێڕنەوە بۆ لای خودا و پێغەمبەر).

پایەی دووەم ئومەت: کۆمەڵێك مرۆڤن لەسەر باوەڕ و بەرژەوەندی هاوبەش و زەوی هاوبەش یەکیانگرتووە، ئومەت فەرمانڕەوایان هەڵدەبژێرن.

پایەی سێیەم شورا: دەستەیەکی هەڵبژێرراون لە ئومەت بۆ ئیجتیهاد و کاری یاساڕێژی.

پایەی چوارەم ئیمام، یان سەرۆك، یان پێشەوا: کەسێکە ئومەت راستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ لە لایەن مەجلیسی شوراوە هەڵیدەبژێرێت بۆ پێشەوایەتی کردنی کاروبارەکانی ئومەت.

پایەی پێنجەم عەدل: دادپەروەری و رێکی و راستی بناغەی حوکمی ئیسلامە، قورئان دەفەرموێت: (*...وَإِذَا حَكَمْتُم بَيْنَ ٱلنَّاسِ أَن تَحْكُمُواْ بِٱلْعَدْلِۚ ...﴿٥٨﴾) النساء-گەر لە نێوان خەڵك حوکمتان کرد دادپەروەرانە حوکم بکەن).

مینا وتی: باش تێگەیشتم.

نەوەد و شەش: شوێنی سوننەت و جەماعەت دەکەوین، خۆمان بەدوور دەگرین لە شاز و جیاوازی و ناکۆکی.

مینا پرسی: سوننەت و جەماعەت چییە؟

وتم: ئەهلی سوننەت ئەوانەن دەستیان بە قورئان و سوننەتی پێغەمبەرەوە گرتووە لەسەر فەهم و تێگەیشتنی هاوەڵان و پێشینی چاکان، خۆیان بەدوورگرتووە لە بیدعە و ئارەزوو و دەستە و کۆمەڵی لادەر لە شا ڕێگەی ئیسلام، ئەسڵ و بنەمای ئەهلی سوننەت و جەماعەت چەند خاڵێکە:

یەکەم: ئیمان بە خودا و ناو و سیفەتەکانی وەك لە قورئان و سوننەتدا هاتووە، بەبێ لادان و پەکخستن، هەروەها بەبێ چۆنێتی و نواندن و بەرجەستەکردن.

دووەم: باوەڕ بە خێر و شەڕی قەدەر.

سێیەم: پێشخستنی دەقە شەرعییەکان بەسەر ئەقڵ و بۆچووندا.

چوارەم: ڕێزگرتن لە هاوەڵان و قسە پێ نەوتن، و بێدەنگبوون لەوەی لە نێوانیان سەریهەڵدا لە ناکۆکی.

پێنجەم: باوەڕبوون بە خەلافەتی ئەبوبەکر و عومەر و عوسمان و عەلی(خودا لە هەموویان ڕازی بێت)

شەشەم: کۆبوونەوە لەسەر حەق و وازهێنان لە دەستەگەرایی و دابڕان و پێڕپێڕێن و ناکۆکی.

حەوتەم: خۆشەویستی پێغەمبەر و ئالو و بەیت و هاوسەرەکانی و هاوەڵانی.

نەوەد و حەوت: ئەهلی دادپەروەری و ئەمانەتمان خۆشدەوێت، رقمان لە ئەهلی ستەم و ناپاکییە.

شێخ ناصر بە دوای ئەم خاڵەدا وتی: خۆشویستنی دادپەروەری و رقبوون لە زوڵم و زۆرداری لە فیترەتی مرۆڤدایە، مرۆڤێك فیترەتی ساغ و سەلیم بێت ناتوانێ زوڵمی خۆشبوێت، یان رقی لە دادپەروەری بێت.

نەوەد و هەشت: هەروەها بۆ ئەو شتانەی زانینیان لە ئێمە لێڵ و ناڕوونە، دەڵێین: خودا زاناترە.

نەوەد و نۆ: مەسح لەسەر دوو خوفەکە بە دروست دەبینین، لە سەفەر و لە نیشتەجێبوون، وەك لە ئەسەردا هاتووە.

مینا پرسی: مەسحکردن لەسەر خوف بابەتێکی فیقهییە، بۆچی کراوە بە بابەتێکی عەقیدەیی؟

وتم: خوف گۆرەوییەکی ئەستوورە لەسەر پاکێتی، واتە بوونی دەستنوێژ، لە پێ دەکرێت، مەسحکردن لەسەر خوف سوننەتە و فەرز نییە، لە فەرموودەیەکدا کە ئیمامی موسلیم ریوایەتی کردووە، هاتووە:

(پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) مۆڵەتیدا موسافیر سێ رۆژ و سێ شەو، کەسی نیشتەجێش رۆژ و شەوێك، لەسەر خوف مەسح بکەن)، واتە پێیەکانیان نەشۆرن، بە مەرجێ کاتێ خوفەکەی لە پێ کردووە دەستنوێژی هەبووبێت، ئێستا دێمە سەر وەڵامی پرسیارەکەت: بۆچی مەسحی دوو خوفەکە تێکەڵ کراوە بە بابەتی عەقیدە؟ سەرەتا دەبێ بزانین بابەتەکە باوەڕبوون و باوەڕنەبوونە بە مەسح لەسەر خوف، لێرەوە بابەتەکە لە بابەتێکی فیقهی رووتەوە دەگوێزێتەوە بۆ مەیدانی بیروباوەڕ، لە سەدەکانی سەرەتای ئیسلام، خەوارج و موعتەزیلە و چەندین دەستە سەریانهەڵدا، هەندێك لەوانە فەرموودەی ئاحادیان وەرنەدەگرت و زۆرێك لە سوننەتی جێگیربووی پێغەمبەریان رەد دەکردەوە، هەندێکیان مەسحکردنیان لەسەر خوف قبوڵ نەبوو، هەرچەند لە ناو هاوەڵاندا لە پێغەمبەرەوە وەك متەواتیری لێ هاتبوو، لێرەوە ئەهلی سوننەت مەسحکردنیان لەسەرِ خوف کرد بە نیشانە بۆ ئەو کۆمەڵەی شوێنکەوتەی سوننەتن و فەرموودەی ئاحاد رەد ناکەنەوە، واتە خۆ جیاکردنەوە لە ئەهلی بیدعەت و ئارەزوو، بە باوەڕبوون بە مەسح لەسەر خوف.

سەد: حەج و جیهاد لەگەڵ فەرمانڕەوایان لە موسڵمانان بەردەوامە هەتا رۆژی قیامەت، فەرمانڕەوایان چاکەکار بن، یان خراپەکار، هیچ شت ئەو

دوو پایە پووچ ناکاتەوە و هەڵناوەشێنێت. واتە خراپەکاری و ستەمکاری فەرمانڕەوا ناکرێتە پاساو و بیانوو بۆ حەج نەکردن لەگەڵیان و جیهاد ئەنجام نەدان لە ناو سوپایان، چونکە زیانی دابڕان و پشتهەڵکردن و پەکخستنی حەج و جیهاد، زۆر گەورەترە لە زیانی گوێڕایەڵی فەرمانڕەوای ستەمکار.

وانەی شەشەم لە رۆژی شەشەمدا:

رۆژی شەشەم لە خزمەتی شێخ ناصر رۆیشتین بۆ سەردانی چیای ئوحد، لە دامێنی چیاکە دانیشتین، شۆفێری ئۆتۆمبێلەکە یەکێك لە کوڕەکانی بوو، فەرشێکی بچووکی هێنا و رایخست، شێخ ناصر دانیشت و وتی: تۆش وەرە بەرانبەرم دانیشە، با لێرە وانەی شەشەم وەربگرین:

(سەد و یەك: باوەڕمان هەیە بەو فریشتە بەڕێزانەی کار و کردەوەی مرۆڤ دەنووسن، خودا ئەوانی بەسەر ئێمەوە کردووە بە پارێزەر و تۆمارکار.

مینا پرسی: مەبەست لەو فریشتانە ئەو دوو فریشتەن لای راست و چەپی مرۆڤ دانیشتوون و کار و کردەوەکان دەنووسن؟

وتم: بەڵێ، قورئان دەفەرموێ: ﴿إِذْ يَتَلَقَّى ٱلْمُتَلَقِّيَانِ عَنِ ٱلْيَمِينِ وَعَنِ ٱلشِّمَالِ قَعِيدٌ ﴿١٧﴾ مَّا يَلْفِظُ مِن قَوْلٍ إِلَّا لَدَيْهِ رَقِيبٌ عَتِيدٌ ﴿١٨﴾) ق-ئەو دوو فریشتەی کە لای راست و لای چەپی کەسەکەوە دانیشتوون، هەموو

کار و کردەوەکان وەردەگرن و تۆمار دەکەن، هەر وشەیەك لە دەمی دەربچێت تۆماری دەکەن، خودا ئەوانی بە ﴿كِرَامًا كَاتِبِينَ﴾ الانفطار -کۆمەڵێك نووسەری زۆر بەڕێز) ناوبردووە.

سەد و دوو: باوەڕمان بە فریشتەی رۆحکێشان هەیە، خودا ئەوەی راسپاردووە بۆ کێشانی رۆحی خاوەن رۆحان.

مینا پرسی: فریشتەی گیانکێشان گیانی جنۆکەش دەکێشێت؟

وتم: بەڵێ، چونکە جنۆکەش نەفسە و خودا دەفەرموێت: ﴿كُلُّ نَفْسٍ ذَآئِقَةُ ٱلْمَوْتِ...﴾ آل عمران-هەموو نەسێك مردن دەچێژێت)، هەروەها دەفەرموێت: ﴿كُلُّ مَنْ عَلَيْهَا فَانٍ﴾ الرحمن، هەرچی لەسەر زەوییە فانییە و تیادەچێت.

سەد و سێ: هەروەها باوەڕمان هەیە بە سزای گۆڕ بۆ کەسێك شایستەیە بە سزا، هەر بەو جۆرە باوەڕمان هەیە بە پرسیاری دوو فریشتەی ناو گۆڕ، مونکەر و نەکیر، دەربارەی پەروەردگار و دین و پێغەمبەرەکەی، بینا لەسەر ئەوەی لە فەرموودەدا لە پێغەمبەرەوە(دروود و سەلامی خودای لەسەر) و لە هاوەڵانەوە(خوایان لێ رازی بێت) هاتووە.

مینا پرسی: راستەقینەی مونکەر و نەکیر چییە؟

وتم: مونکەر و نەکیر دوو فریشتەن خودا رەوانەیان دەکات بۆ سەر ئەو کەسەی لە گۆڕ دەنرێت، تاکو پرسیار بکەن لە کەسە مردووەکە

دەربارەی پەروەردگاری و دینەکەی و پێغەمبەرەکەی، هاتنی ئەم فریشتانە-لە دوای هاتنی فریشتەی گیانکێشان و مردن- تاقیکردنەوەی یەکەمی ناو گۆڕە، پێی دەوترێت فیتنەی ناو گۆڕ.

مینا پرسی: بۆچی ناونراون مونکەر و نەکیر؟

وتم: هەردووو ناوەکە لە وشەی (إنكار)ی زمانی عەرەبی وەرگیراون، چونکە مردووەکە لەبەر ترسناکی دیمەنی دوو فریشتەکە ئینکاری حاڵیان دەکات، واتە لێیان دەترسێ و حاڵەتەکەی لا ناپەسەند و ناخۆشە، لە فەرموودەیەکدا کە ئیمامی ترمزی ریوایەتی کردووە، پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێت: (کاتێ یەکێك لە ئێوە دەخرێتە ناو گۆڕ، دوو فریشتەی شینی ڕەش رووی لێ دەکەن، بە یەکێکیان دەوترێت مونکەر، بەویتریان دەوترێت نەکیر، بە کەسەکە دەڵێن: چی دەڵێی دەربارەی ئەو پیاوە، محەمەد(صلى الله عليه وسلم)؟). واتە ئایا ئیمانت بە محەمەد هێناوە؟ گەر لە دنیا ئیماندار بێت بە زمانێکی ڕەوان دەڵێت: خودا پەروەردگارمە، ئیسلام دینمە و محەمەد پێغەمبەرمە، کەسی بێباوەڕ ناتوانێ وەڵامی پرسیارەکان بداتەوە و دەڵێت: ها، نازانم، بیستبووم خەڵکی شتێکیان دەوت، منیش وەك ئەوانم دەوت، سەرئەنجام کەسی باوەڕدار لە گۆڕەکەیەوە ڕێگەیەکی بۆ دەکرێتەوە بۆ بەهەشت، کەسی بێباوەڕیش ڕێگەیەکی بۆ دەکرێتەوە بۆ ناو ئاگر).

سەد و چوار: گۆڕ یان باخچەیەکە لە باخچەکانی بەهەشت، یان چاڵێکە لە چاڵەکانی ئاگر.

مینا پرسی: ئەی بۆچی ئێمەی زیندوو کاتێ گۆڕی مردوویەك هەڵدەدەینەوە، باخچە و بەهەشت یان ئاگر نابینین؟!

وتم: سەرەتا بزانە خاڵی سەد و چوار فەرموودەیەکی پێغەمبەرە(صلی الله علیه وسلم)، ئیمامی ترمزی ریوایەتی کردووە، بۆچی بە هەستەکانمان لە گۆڕی مردوودا باخچە و ئاگر نابینێت، چونکە ئەوەی لە ناو گۆڕ رووەدات پەنهانە و لە ناو جیهانی بەرزەخە، لەم جیهانەی ئێمە نییە کە بە هەستەکانمان دەیبینین، دوو جیهانی جیاوازن لە یەکتر، هەریەك لە ئێمە دوو فریشتەی لەگەڵە و نایانبینین، چونکە لە جیهانی پەنهانن، ئەگەر مرۆڤ سزای ناو گۆڕ ببینێت، لە ترس و تۆقین ناتوانێ لە ژیان بەردەوام بێت، هەر بەو جۆرە گەر پاداشتی ناو گۆڕ ببینین، هەموومان وازدەهێنین لە دنیا و بە عیبادەتەوە خەریك دەبین، ئەوکات تاقیکردنەوە بۆ مرۆڤ مانایەکی بۆ نامێنێتەوە.

سەد و پێنج: باوەڕمان بە زیندووبوونەوە هەیە، هەروەها باوەڕ بە پاداشت و سزای کاروکردەوەکان لە رۆژی قیامەت، هەروەها باوەڕ بە خستنەڕووی کار و کردەوەکان، و حساب و دادگایی، و خوێندنەوەی

نوسراوی کار و کردەوەکان، و پاداشت و سزا، و پردی سیرات، و ترازوویی پێوانەی کار و کردەوەکان.

سەد و شەش: بەهەشت و ئاگر دوو دروستکراون، بە هەتاهەتایی فەنا و تیاچوون ڕوویان لێ ناکات.

سەد و حەوت: هەروەها باوەڕمان وایە خودا بەر لە دروستکردنی خەڵك بەهەشت و ئاگری دروستکردووە و بۆ ئەو دوو شوێنەش ئەهلی دروستکردووە، بخوازێت هەر کەس لە دروستکراوان ڕەوانەی بەهەشت دەکات، وەك فەزڵ لە ئەوەوە، بشخوازێت هەر کەس ڕەوانەی ئاگر دەکات وەك دادپەروەری لە ئەوەوە.

سەد و هەشت: هەر کەس بەوە کار دەکات بۆی بڕاوەتەوە، و دەچێت بۆ ئەوەی لەپێناوی دروستکراوە.

سەد و نۆ: خێر و شەڕ لەسەر بەندەکان دیاریکراون.

سەد و دە: ئەو توانینەی کاری پێ پێویست دەبێت-وەك ئەو تەوفیق و کۆمەکیەی دروست نییە وەسفی مەخلووقی پێ بکەی- ئەو توانینە لەگەڵ کارەکەدایە، بەڵام توانین لە ئاراستەی ڕاستی و دروستی، و بۆ گونجان و لەبەر ڕۆیشتن، و دەست بەسەردا ڕۆیشتن، و سەلامەتی ئامڕازەکان، هەموو ئەمانە بەر لە کارەکەن، گوتاری خودایان پێوە پەیوەستە، و بەو جۆرەیە خودای موتەعال دەفەرموێت: ﴿لَا يُكَلِّفُ ٱللَّهُ

نَفْسًا إِلَّا وُسْعَهَا ...﴿٢٨٦﴾ البقرة-خودا بەپێی توانا و بۆ گونجان داوا لە کەسێك دەکات.

مینا وتی: پێویستی بە رۆشنکردنەوە هەیە.

وتم: توانین دوو جۆرە، توانینێك کە بریتییە لە قودرەتی راستەقینە بەسەر کارەکەدا، ئەوەی کارەکەی پێ بەدیدێت، ئەم توانینە پێش کارەکە نییە، بەڵکو لەگەڵ کارەکەیە، چونکە کۆمەکییە لە خوداوە(سبحانه وتعالی)، بۆ نموونە کاتێ کەسێك نوێژ دەکات، ئەو توانینەی کارەکەی پێ ئەنجام دەدات بریتییە لە کۆمەکی خودا بۆ ئەو لە کاتی نوێژەکە، ئەم توانینە دروستکراوی خودایە، لە خودی مرۆڤەوە نییە، ئێمە دەبینین بەردێك توانای ئەنجامدانی کاری نییە، بەڵام مرۆڤ دەتوانێ کار ئەنجام بدات، بۆیە دەڵێت نابێ ئەم توانینە بدەینە پاڵ مرۆڤ و ئەوی پێ وەسف بکەین، چونکە کۆمەکییە لە خوداوە، کەوابوو توانا بەسەر کاردا لە کاتی رووداندا کارەکە لە خوداوەیە و کۆمەکی ئەوە، ئەم توانایە لەگەڵ کارەکەدایە، نەك پێش کارەکە.

جۆری دووەم لە توانین پێش کارەکەیە، واتە ئەو مەرجانەی وا دەکەن مرۆڤ بتوانێ کارەکە ئەنجام بدات، وەك: سەلامەتی جەستەی کەسەکە، کاتی پێویست بۆ ئەنجامدانی کارەکە، ئامراز و وەسیلەی گونجاوی بۆ فەراهەم بێت، کەسەکە ناچار نەکرێت، هەروەها کەسێکی دەستەوسان

نەبێت، گوتاری شەرع ڕوو لەم توانینە دەکات، خودا بەپێی توانای کەسەکە داوای لێ دەکات، بۆ نموونە داوا لە منداڵ ناکات مانگی ڕەمەزان بەڕۆژوو بێت، داوا لە کەمئەندام ناکات بچێت بۆ جیهاد، بە کورتی خودا ئامادەیی بە مرۆڤ بەخشیوە بتوانێ کار ئەنجام بدات، ئەمە جۆری یەکەمە، هەروەها ئامڕاز و هۆکاری بۆ ئامادە کردووە بتوانێت بۆ ئەنجامدانی کار بەکاریان بهێنێت، ئەمە جۆری دووەمە، مرۆڤ لە گرتنەبەری هۆیەکان و ئامڕازەکان بەرپرسیارە، لە ئامادەیی بۆ ئەنجامدانی کار بەرپرسیار نییە، ئەمەش مەنهەجی ئەهلی سوننەتە کە میانەگیرە لە نێوان جەبرییەکان و قەدەرییەکان یان موعتەزیلە.

سەد و یازدە: کار و کردەوەکانی مرۆڤ خەلقی خودان و مرۆڤەکان کەسپیان دەکەن.

مینا پرسی: ئەم خاڵە تەواوکاری خاڵی پێشووە؟

وتم: بەڵێ، لە خاڵی پێشوو هەڵگۆزراوە، کارەکان کە بە جۆری یەکەم لە توانین بەدیدێن دروستکراوی خودان، چونکە بە توانایەك لای خوداوە هاتوونەتە بوون، مرۆڤ بە گرتنەبەری هۆیەکان و ئامڕازەکان کارەکان کەسب دەکات و بەدەستیان دەهێنێت، بەرپرسیارێتی مرۆڤ لەم جێگەدایە، بۆچی هۆیەکان و ئامڕازەکانی گرتەبەر بۆ کەسبی ئەو کارە، یان بۆچی ئامڕازەکان و هۆیەکانی نەگرتەبەر بۆ کەسبی ئەو کارە.

سەد و دوازدە: خودا ئەوەندەیان لێ داوا دەکات لە توانایاندا بێت، تەنها شان دەدەنە ژێر ئەوەی داوایان لێکراوە، ئەوەش بریتییە لە تەفسیری (لا حول ولا قوة إلا بالله-هیچ هەوڵ و هێزێك بەبێ خودا بوونی نییە. دەڵێین: هیچ خۆ لادان و هیچ جووڵە و هیچ هەوڵێك بۆ خۆ لادان لە گوناە و یاخیبوون، بۆ هیچ کەس بوونی نییە، مەگەر بە کۆمەکی خودا، هیچ کەسیش هێزی نییە لە ئەنجامدانی تاعەت و کاری چاکە و دامەزران لەسەریان، مەگەر بە کۆمەکی و یارمەتی خوداوە.

مینا وتی: لێرەدا و لەم خاڵەدا توانای گرتنەبەری هۆیەکان و ئامڕازەکانیش دەداتە پاڵ خودا! وتم: ئێستە هەست دەکەم بە ناو بابەتەکەدا رۆچووی، گرتنەبەری هۆیەکان و ئامڕازەکان توانای پێویستە، ئایا دەکرێ توانایەکی سەربەخۆ هەبێت لە دەرەوەی توانا و قودرەتی خودا؟! ناکرێ، چونکە ئەو زاڵە بەسەر بەندەکانیدا: (وَهُوَ الْقَاهِرُ فَوْقَ عِبَادِهِ-خودا زاڵە بەسەر بەندەکانیدا، توانای کەسبیش پێویستی بە کۆمەکی خودایە، بۆیە دەبێ بڵێین: (إِيَّاكَ نَعْبُدُ وَإِيَّاكَ نَسْتَعِينُ-تەنها تۆ دەپەرستین و تەنها لە تۆ داوای کۆمەکی دەکەین. ئێمە بە کۆمەکی خوداوە دەتوانین خودا بپەرستین.

مینا پرسی: ئایا خودا کۆمەکیان دەکات بۆ کەسبی شەڕ و خراپە؟

وتم: کۆمەکی کردنی خودا بۆ ئێمە لە کاری چاکەدا فەزڵ و چاکە و ئیحسانە لە ئەوەوە، خودا مرۆڤ ناچار ناکات بۆ ئەنجامدانی شەڕ و خراپە، چونکە خودا ڕازی نییە بە بێباوەڕی بەندەکەی، ئەو(سبحانه وتعالی) بە ئیمان و چاکە و شوکری بەندەکەی ڕازییە (وَلَا يَرْضَى لِعِبَادِهِ الْكُفْرَ وَإِنْ تَشْكُرُوا يَرْضَهُ لَكُمْ-ڕازی نییە بە بێباوەڕی بۆ بەندەکانی، گەر ئیمان بهێنن و شوکر بکەن لەوە ڕازییە بۆ ئێوە، بەڵام کاتێ دەبینێ کەسەکە گرتنەبەری هۆیەکانی خێری وازلێهێناوە، لە خراپەکاریدا دایدەمەزرێنێ و شەرمەزاری دەکات، نەك خودا ڕازی بێت بەوە، بەڵکو بە مۆڵەتێکی گەردوونی قەدەری، نەك بە ڕازیبوون و مۆڵەتێکی شەرعی.

مینا پرسی: وتت هۆی تووشهاتنی کەسەکە بە خراپە وازهێنانە لە گرتنەبەری ڕێگەی خێر و چاکە؟!

وتم: خێر و شەڕ وەك ڕۆشنایی و تاریکی وان، هەر وەك نوور و ڕۆشنایی چرایەك لە شەودا، کاتێ چراکە کز دەکەی و ڕۆشناییەکەی لاواز دەبێت، لە هەموو لایەکەوە تاریکی پەلامار دەدات، کاتێ ڕۆشنایی چراکە زیاد دەکات، تاریکییەکە دەڕەوێتەوە و دەچێتە دواوە.

سەد و سیازدە: هەرچی شتە بە ویست و زانست و قەزا و قەدەری خودای موتەعال جاری دەبێت.

سەد و چواردە: ویست و خواستی خودا زاڵە بەسەر هەرچی ویست و خواستی تردا، هەر بەو جۆرە بڕیاری بڕاوەی زاڵە بەسەر هەرچی هەوڵ و تەگبیرە.

سەد و پازدە: هەرچی بخوازێت و بوێت ئەنجامی دەدات و ئەو هەرگیز ستەمکار نییە.

مینا وتی: پرسیارم هەیە لەسەر قەزا و قەدەر، مانای ئەو فەرموودە چییە کە دەڵێت: (ئیمان بهێنی بە خێر و شەڕی قەدەر)؟ ئایا قەدەری هەموو کەس لە رەحمی دایك دەنوسرێت، وەك لە فەرموودەدا هاتووە؟

وتم: بەڵێ ئیمان بە قەزا و قەدەر بەشێکە لە شەش بەشەکەی ئیمان، لەبەر دوو هۆ:

یەکەم: لە فەرموودەی سەحیحی پێغەمبەردا هاتووە کە ئیمامی موسلیم ریوایەتی کردووە، وەك چۆن جیبریل پرسیار لە پێغەمبەر دەکات و دەفەرموێت: (هەواڵم پێ بدە دەربارەی ئیمان، پێغەمبەر دەفەرموێت: ئەوەیە ئیمان بهێنی بە خودا و فریشتەکان و کتێبەکان و پێغەمبەران و رۆژی دوایی، هەروەها ئیمان بهێنی بە خێر و شەڕی قەدەر).

دووەم: ئیمان بە قەدەر لە کۆمەڵێك ئایەتی قورئان ومرگیراوە، لەوانە: (مَا أَصَابَ مِنْ مُصِيبَةٍ فِي الْأَرْضِ وَلَا فِي أَنْفُسِكُمْ إِلَّا فِي كِتَابٍ مِنْ قَبْلِ أَنْ نَبْرَأَهَا إِنَّ ذَلِكَ عَلَى اللَّهِ يَسِيرٌ-هەرچی موسیبەتە لە زەوی و لە نەفسی خۆتان

تووشتان دێت لە نوسراوێکدایە بەرلەوەی بیهێنینە بوون و بەدیبهێنین، ئەوە لەسەر خودا ئاسانە.

مینا وتی: وەڵامی بەشی دووەمی پرسیارەکەم؟

وتم: بۆ بەشی دووەمی پرسیارەکەت، بەڵێ، وەك لەو فەرموودەی ئیمامی بوخاری و موسلیم ریوایەتی دەکەن، دوای چوار مانگ لە تەمەنی کۆرپەلە خودا فەرمان دەکات بە فریشتەیەك چوار وشە بۆ کۆرپەکە بنووسێت: رۆزییەکەی، وادەی مردنەکەی، ئەهلی ئاگرە، یان ئەهلی بەهەشت، چونکە خودا بە ئاگایە لە داهاتووی ئێمە و کار و کردەوەکانمان.

مینا پرسی: ئەو نوسراوەیە وا دەکات ئێمە بە کاری ئەهلی بەهەشت کار بکەین، گەر بەهەشتیان بۆ نوسرابێت، یان بە کاری ئەهلی ئاگر کار بکەین، گەر ئاگرمان بۆ نوسرابێت؟

وتم: پێشتر بە رادەی پێویست قسەمان لە قەدەر کردووە، ماوە قسەیەك بکەم: بابەتی قەدەر تەنها بە ئەقڵ چارەسەر نابێت، بە ئیمان و تەسلیمبوون بە خودا چارەسەر دەبێت، گەر بڵێم بەڵێ نووسراوەکەیە وا لە ئێمە دەکات بەو جۆرە کار بکەین، تۆ دەپرسی: گوناهی ئەهلی ئاگر چییە ئاگریان بۆ نوسراوە و نووسینەکە کاری ئەهلی ئاگریان پێ ئەنجام دەدات؟! گەر بڵێم نەخێر نوسراوەکە نییە، مرۆڤ بۆ خۆی چارەنووسی

خۆی دیاری دەکات، تۆ دەڵێی ئەو کات ئیمان بە قەزا و قەدەر چ مانایەکی هەیە؟! ئەم بابەتە بە تەنها ئەقڵ چارەسەر نابێت، ئیمانی گەرەکە، بەڵکو لای غەزالی ئیمانێکی شهوودی پێویستە تا دەستی قەدەری خودا لە هەموو کار و بارەکاندا ببینێت.

سەد و شازدە: خودا پاك و پیرۆزە لە هەرچی خراپە و تیاچوونە، هەروەها پاك و بێگەردە لە هەرچی نەنگی و ناتەواوییە: (لَا يُسْأَلُ عَمَّا يَفْعَلُ وَهُمْ يُسْأَلُونَ-خودا پرسیارێ لێ ناکرێت لەوەی ئەنجامی دەدات، مرۆڤەکانن پرسیار و لێپێچینەوەیان لێ دەکرێت.

سەد و حەڤدە: لە دوعای زیندووان و صەدەقەکردنیان بۆ مردووان، سوود و قازانج هەیە.

مینا پرسی: سوود و قازانج بۆ کێ؟

وتم: سوود و قازانج بۆ مردووەکە و سوود و قازانج بۆ خاوەن خێرەکە، واتە خێری زیندوو بە مردوو دەگات.

سەد و هەژدە: خودای موتەعال وەڵامی دوعاکان دەداتەوە، و پێویستییەکان جێبەجێ دەکات.

سەد و نۆزدە: هەرچی شتە ئەو خاوەنییەتی و هیچ شت خاوەنی خودا نییە.

سەد و بیست: چاوتروکانێك بێنیازی لە خودا بوونی نییە، هەر کەس چاوتروکانێك لە خودا بێنیاز بێت، بێباوەڕی نواندووە و چووەتە ریزی تیاچووانەوە.

بیست و یەك: خودا تۆڕە دەبێت و رازی دەبێت، نەك وەك یەکێك لە دروستکراوان. واتە تۆڕەبوون و رازیبوونی خودا وەك تۆڕەبوون و رازیبوونی دروستکراوان نییە.

تا ئەم جێگە باس لە سیفەتەکانی خودا بوو.

وانەی حەوتەم لە ڕۆژی حەوتەمدا:

وانەی حەوتەم کۆتا وانەی کتێبەکە بوو، شێخ ناصر وتی: دوای نوێژی عیشا زیارەتێکی گۆڕستانی بەقیع دەکەین و دێینەوە لە حەوشی مزگەوتی نەبەوی دواییں وانەی کتێبەکە وەردەگرین، هەر بەو جۆرە ئەو وتی لە حەوشی مزگەوت و نزیك پایەیەك دوو کورسی سەفەریان دانا و دانیشتین، وانەکە بەم جۆرە دەستی پێ کرد:

(سەد و بیست و دوو: هاوەڵانی پێغەمبەری خودامان خۆشدەوێت، زیادەڕەوی ناکەین لە خۆشویستنی هیچ کامیان و خۆمان لە هیچ کامیان بەری ناکەین، هەر کەس رقی لێیان بێت و بە خراپ باسیان بکات، رقمان

لێیەتی، تەنها بە خێر باسیان دەکەین، خۆشویستنیان دین و ئیمان و چاکەیە، و رق لێ بوونیان بێباوەڕی و دووڕوویی و توغیانە.

مینا پرسی: بۆچی خۆشەویستی هاوەڵان کراوە بە بابەتی عەقیدە؟

وتم: لە چاخەکانی سەرەتای ئیسلام هەر کەس ئارەزوویەکی هەبوایە هاوەڵێك یان چەند هاوەڵێکی دەکردە ئیمامی خۆی و دەکەوتە دوژمنایەتی هاوەڵانی تر و قسە پێ وتنیان، سەرهەڵدانی رافیزە و ناسیبە باشترین بەڵگەیە، هەر لایەکیان چەند هاوەڵێکی قبووڵ بوو و هاوەڵانی تریان لە دین دەردەکرد، ئارەزووکانی خۆیان لە خەڵکی دەکرد بە دین، بانگەشەی ئەوەیان دەکرد شوێنکەوتەی فلان هاوەڵی پێغەمبەرن، لە راستیدا هاوەڵانی پێغەمبەر لە هەوا و ئارەزووی ئەوانە بەریبوون، بێباوەڕکردنی هاوەڵان رەد کردنەوەی چەندین ئایەتی قورئانە، لەوانە: (كُنْتُمْ خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ-ئێوە باشترین ئومەتێکن بۆ خەڵك دەرهێنراون، هەروەها (رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمْ وَرَضُوا عَنْهُ-خودا لەوان رازیبە و ئەوانیش لە خودا رازین، هەروەها (يُحِبُّهُمْ وَيُحِبُّونَهُ-خودا ئەوانی خۆشدەوێت، ئەوانیش خودایان خۆشدەوێت، کەسێك تەکفیری هاوەڵان بکات و قسەیان پێ بڵێ و رقی لێیان بێت، دەچێت بە گژ ئەم کۆمەڵە ئایەتە موبارەکەدا.

سەد و بیست و سێ: لەدوای پێغەمبەری خودا خەلافەت جێگیر دەکەین بۆ ئەبوبەکری صدیق(خوا لێی ڕازی بێت)، وەك فەزڵدان و پێشخستنی بەسەر هەموو ئومەتدا، پاشان بۆ عومەری کوڕی خەتاب(خوا لێی ڕازی بێت)، پاشان بۆ عوسمان(خوا لێی ڕازی بێت)، پاشان بۆ عەلی(خوا لێی ڕازی بێت)، ئەوانە خەلیفەی ڕاشیدینن و ئیمامە هیدایەتدراوەکانن.

سەد و بیست و چوار: عەشرەی موبەشرە، ئەو دە کەسەی مژدەی بەهەشتیان پێ درا، ئەوانەی پێغەمبەری خودا(درووود و سەلامی خودای لەسەر) ناوی هێنان، شایەتیان بە بەهەشت بۆ دەدەین، لەسەر ئەوەی پێغەمبەری خودا(درووود و سەلامی خودای لەسەر) شایەتی بۆ داون و قسەی ئەو حەق و ڕەوایە، ئەوانەش بریتین لە: ئەبوبەکر، و عومەر، و عوسمان، و عەلی، و تەلحە، و زوبێر، و سەعد، و سەعید، و عبدالرحمانی کوڕی عەوف، و ئەبو عوبەیدەی کوڕی جەڕاح کە ئەمینی ئومەتە، خودا لە هەموویان ڕازی بێت.

سەد و بیست و پێنج: هەر کەس قسەی باش بکات دەربارەی هاوەڵانی پێغەمبەری خودا(درووود و سەلامی خودای لەسەر) و هاوسەرە پاکەکانی لە هەر پیسییەك، و نەوە پاکەکانی لە هەر چەپەڵییەك، لە دووڕوویی بەری بووە. واتە قسەی خراپ دەربارەی هاوەڵان و

هاوسەرەکانی پێغەمبەر و ئالوبەیتی پێغەمبەر(سەلامی خودای لەسەر) نیشانەی نیفاق و دووڕوویی لە ناخدا، ئەوەش سزایەکە لە خوداوە بۆ ئەو کەسە لادەرە.

سەد و بیست و شەش: زانایانی پێشینی بەرایی و ئەوانەی بەدوایاندا هاتن لە شوێنکەوتوان، ئەهلی خێر و ئەسەرن، ئەهلی فیقە و وردبوونەوەش تەنها بە جوانی باس دەکرێن، هەر کەس بە خراپ باسیان بکات لەسەر رێگەیەکی تڕە.

مینا پرسی: مانای ئەسەر چییە؟

وتم: واتە زانستیان لە دوا بەجێماوە، جا یان دەماودەم گواستویانەتەوە، یان لە کتێبدا نوسراوە، زانستی بیروباوەڕ بێت، یان زانستی فیقە و تەفسیر و سیرە و فەرموودە.

سەد و بیست و حەوت: فەزڵی هیچ یەک لە ئەولیایان نادەین بەسەر پێغەمبەراندا(سەلامی خودایان لەسەر)، دەڵێین: فەزڵی یەک پێغەمبەر لە هەرچی ئەولیایە زۆرترە.

مینا پرسی: ئەم خاڵەش دەبێ بەرپەرچدانەوەی دەستەیەک بێت؟

وتم: بەڵێ، هەندێ دەستەی سەرلێشێواو لە ناو تەصەوفدا سەریانهەڵدا، ئەوان پلەی وەلییان وەک پلە و پایەی پێغەمبەر بوو، بەڵکو هەندێکیان پلە و پایەی وەلییان لا مەزنتر بوو.

مینا پرسی: ئایا هەموو ئەهلی تەصەوف ئەو باوەڕەیان هەیە؟

وتم: نەخێر، ئیمامی غەزالی و شێخ عبدالقادری گەیلانی بۆ پاڵفتەکردنی تەصەوف لەو بانگەشەکەرانە کاری مەزنیان ئەنجامداوە.

سەد و بیست و هەشت: باوەڕمان هەیە بەوەی هاتووە دەربارەی کەرامەتیان و لە ئەهلی متمانەوە ڕیوایەتەکانی ئەوانمان بۆ گواڕاوەتەوە). شێخ ناصر وتی: ئەهلی سوننەت زیادەڕەوی و کەمڕەوی لە هەموو شت ڕەد دەکاتەوە، ڕێگەیەکی ناوەندە و شا ڕێگەی ڕاست و دروستە، دۆستانی خودا لە شوێن و پلە و پایەی شیاوی خۆیان دادەنێن، زیادەڕەوی ناکەن و نااڵێن پلەی وەلی لە پلەی پێغەمبەر بەرزترە، کەمڕەویش ناکەن و نااڵێن ئەوانە دۆستی شەیتانن، نەك دۆستی ڕەحمان.

تا ئێرە باس لە هاوەاڵن و شوێنکەوتوان و فەقیهان و ئەولیا بوو.

(سەد و بیست و نۆ: ئیمانمان هەیە بە نیشانەکانی قیامەت: لە هاتنەدەرەوەی دەجال، و دابەزینی عیسای کوڕی مەریەم(سەلامی خودای لەسەر) لە ئاسمانەوە، هەروەها باوەڕمان هەیە بە هەڵهاتنی خۆر لە خۆرئاواوە، و هاتنەدەرەوەی گیاندارە زەبەلاحەکە لە شوێنی خۆی.

مینا پرسی: گیاندارە زەبەلاحەکە چییە؟

وتم: مەبەست پێی گیاندارێکە لەم ئایەتەدا ئاماژەی پێکراوە: ﴿* وَإِذَا وَقَعَ ٱلْقَوْلُ عَلَيْهِمْ أَخْرَجْنَا لَهُمْ دَآبَّةً مِّنَ ٱلْأَرْضِ تُكَلِّمُهُمْ أَنَّ ٱلنَّاسَ كَانُواْ

بِـَٔايَـٰتِنَا لَا يُوقِنُونَ﴿٨٢﴾) النمل -کاتێ بەڵێن و قسەی خودا بەسەریاندا سەپا، گیاندارێکیان لە زەوی بۆ دەردەهێنین قسەیان لەگەڵ بکات، خەڵکی یەقینیان نەبوو بە ئایەتەکانی ئێمە، ئەم گیاندارە زەبەلاحە پێش بەرپابوونی قیامەت لە زەوی دێتە دەرەوە.

سەد و سی: کاهین و عەڕاف بەڕاست نازانین.

مینا پرسی: جیاوازی چییە لە نێوان کاهین و عەراف؟

وتم: کاهین ئەو کەسەیە هەواڵی غەیب و پەنهان دەدات بۆ داهاتوو، ئەوەش بەپێی ئەو هەواڵانەی جن و شەیتان پێی دەگەیەنن، کاهین بە زۆری لەگەڵ سیحر و شەیتان مامەڵە دەکات، لە فەرموودەیەکدا کە ئیمام ئەحمەد و حاکم ریوایەتیان کردووە، هاتووە: (هەر کەس بچێت بۆ لای کاهینێك و ئەوەی ئەو دەیڵێ بە راستی بزانێت، بێباوەڕ بووە بەوەی بۆ سەر محەمەد دابەزیوە).

عەرافیش کەسێکە بانگەشەی زانینی کاروباری شاراوە دەکات، ئەوەش بە رێگەی گومان و خەملاندن و فێڵ و فریو، مەرج نییە لەگەڵ جن و شەیتان مامەڵە بکات، زیاتر هەواڵ دەدات دەربارەی رابردوو و ئێستا، بۆ نموونە قسەکردن لەسەر شتی دزراو، یان کەسی بزر بوو.

سەد و سی و یەك: هەر بەو جۆرە باوەڕمان نییە بە هەر کەس بانگەشەی شتێك بکات سەرپێچی بێت لە قورئان و سوننەت و کۆدەنگی ئومەت.

سەد و سی و دوو: ژیان لەناو کۆمەڵدا بە حەق و راست دەبینین، جیابوونەوە و دابڕانیش بە لادان و سەرلێشوان و سزا دەبینین.

سەد و سی و سێ: دینی خودا لە زەوی و ئاسمان یەکێکە، ئەوەش بریتییە لە دینی ئیسلام، خودا(سبحانه وتعالی) دەفەرموێت: ﴿إِنَّ ٱلدِّينَ عِندَ ٱللَّهِ ٱلْإِسْلَٰمُ ...﴿١٩﴾﴾ آل عمران-لای خودا دین بریتییە لە ئیسلام)، هەروەها دەفەرموێت: ﴿...وَرَضِيتُ لَكُمُ ٱلْإِسْلَٰمَ دِينًا ...﴿٣﴾﴾ المائدة-رازی بووم بەوەی ئیسلام دینتان بێت.

سەد و سی و چوار: دینی ئیسلام لە نێوان زیادەڕەوی و کەمڕەویدایە، هەروەها لە نێوان شوبهاندنی سیفەتەکانی خودا بە سیفەتی دروستکراوان، و پەکخستنی سیفەتەکانی خودادایە، هەر بەو جۆرە لە نێوان باوەڕی جەبری و قەدەریدایە، بەهەمان شێوە لە نێوان لە ئاسایشدابوون لە سزای خودا و بێهیوابوونداید لە بەزەیی و لێخۆشبوونی خودا.

ئەمە بریتییە لە دینی ئێمە و لە ئاشکرا و شاراوە و و دەرەوە و ناوەوەمان باوەڕمان پێیەتی، ئێمە خۆمان بەری دەکەین لە هەر کەس سەرپێچی دەکات لەوەی باسمان کرد و رۆشنمان کردەوە.

داوا لە خودا دەکەین لەسەر ئیمان دامەزراومان بکات و تەمەنمان بەوە کۆتایی پێ بهێنێت، و لە ئارەزووی جۆراوجۆر و بۆچوونی جیاواز

و مەزهەبی هەڵدێر بمانپارێزێت، وەك: موشەبیهە و موعتەزیلە و جەهمی و جەبری و قەدەری و ئەوانی تریش جگە لەمانە، لەوانەی سەرپێچییان کرد لە سوننەت و جەماعەت، ئەوانە لای ئێمە گومڕا و خلیساکاو و لادەرن، پارێزگاری و کۆمەکی سەرکەوتن هەر بە خوداوەیە.

ئەمە کۆتایی کتێبی عەقیدەی تەحاوی بوو.

لێرەدا وێستم دەستی شێخ ماچ بکەم، بەڵام رێگەی نەدا، داوام لێ کرد هەندێ دوعای خێرم بۆ بکات، ئەویش بە میهرەبانی خۆی کۆمەڵێك دوعای خێری بۆ کردم، لە کۆتاییدا خواحافیزیم لێ کرد و وتم: من سبەی شەو دەگەڕێمەوە بۆ وڵاتی خۆم.

بە مینام وت: ئەمە کۆتایی شاری مەعریفەت، یان شاری نبووەت بوو، سبەی شەو باسی شارێکی ترت بۆ دەکەم.

شەوی شەشەم:

شاری رەفاقەت (شاری بۆنە خۆشەکان)

شەوی شەشەم، سەرماکەی توند بوو، کزە بایەك لە باکوورەوە هەڵیکردبوو، رۆژەکەی هەر سێکمان بەڕۆژوو بووین، ئەو ئێوارەیە خێزانم قەل و برنجی کوردی بۆ ئامادە کردین، مینا وتی: ڕێگە دەدەن بە شێوازی خۆم قەلەکە لێ بنێم؟

خێزانم پرسی: هونەری چێشت لێنان دەزانی؟

وتی: زۆر باشم تیایدا.

خێزانم لەگەڵی کردییە شۆخی و وتی: مینا، هەر سێ بەڕۆژووین ئێوارە خراپ دەرچێت، لێت دەدەین، ها؟

مینا وتی: بەدڵتان نەبوو، سزاکەم ئەوە بێت یەك سەعات لەبەر سەرما رامبگرن.

لای من باشترین و بەتامترین ئامادەکردن ئەو شێوازە بوو خێزانم ئامادەی دەکرد، بەڵام وتمان با ئەمەش تاقیبکەینەوە، سەرەتا بە ئاو و خوێ و لیمۆ گۆشتەکەی زۆر جوان شۆردەوە، پاشان ئاوی ساردی پیادا کرد و لە سوزگییەك داینا تا وشك بێتەوە، کەمێك خوێی هاڕاو و بیبەری تێکەڵ کرد و هێنای بە پێستی قەڵەکەدا، و ماوەیەکی تر داینا.

لە دەفرێکدا کەرەی تواوە و زەیتی زەیتوون و ئاوی لیمۆ و خوێ و بیبەری ڕەش و بیبەری سوور و زەعتەر و سیر و پیازی هاڕاوی تێکەڵ

کرد، هەموو قەلەکەی لەم گیراوەیە هەڵژەند، لە هەندێ جێگەوە ژێری پێستی قەلەکەی بە گیراوەکە ئاخنی، بۆنەوەی تام و بۆن بگرێت.

گەڵای غار و سیری هاڕاو و پیاز و گێزەری لەتکراو و چەند قاژێك لیمۆی کرد بە حەشووی ناو سکی قەلەکە.

فڕنە کارەباییەکەی لەسەر سەد و هەشتا پلە جێگیر کرد، قەلەکەی بە گەڵای ئەلەمنیۆم داپۆشی و خستییە سەر سینییەك و هەندێ ئاوی کردە سەر سینییەکە بۆنەوەی ببێت بە هەڵم و گۆشتەکە نەسوتێت.

پاشان لەناو فڕنەکەی دانا و دوو سەعات تا سێ سەعات تیایدا مایەوە، هەڵبەت مانەوە لە فڕندا بەپێی قەبارە و پیری و گەنجی قەلەکەیە، هەموو کیلۆیەك گۆشت سی بۆ چل خولەك لێنانی گەرەکە.

خێزانم برنجە کوردییەکەی ئامادە کرد، پێم وت زۆر لێ بنێ، رۆژووم شکاند مالێکی هەژار هەیە دەمەوێ لەو قەلەیان بۆ ببەم و لێی بخۆن.

خێزانم دوای شۆردنەوەی برنجە کوردییەکە، بۆ ماوەی سی خولەك لە ئاوی شلەتیندا دایدەنێت، مەنجەلێك دەخاتە سەر ئاگر و رۆنی تێ دەکات، سەلکێك پیاز لەت دەکات و دەیکاتە ناو رۆنەکە، کەمێك زەردەچەوە و بیبەری رەش و خوێی تێدەکات، پاشان برنجەکەی تێدەکات و جوان وەریدەگێڕێت و لەگەڵ کەرەستەکان تێکەڵی دەکات، ئەوجا ئاوی گەرم و ماجیك تێکەڵ دەکات و دەیکاتە ناو برنجەکە تا

ئاوەکە سەر برنجەکە دەکەوێت، کە برنجەکە کوڵێکی دا، ئاگرەکەی کز دەکات و تا بیست خولەکێك لەسەر ئاگر دەبێت، ئەوجا دەم دەکێشێ و ئاماده دەبێت.

پاشان مینا قەڵەکەی دەرهێنا و ماوەیەك داینا تا کەمێك ساردبێتەوە، ئەوجا هێنایە سەر سفرەکە و لەگەڵ برنجی کوردی و سەوزە و ماستاوێکی خەست پێشکەشیان کرد.

مرۆڤ بە بۆنەکەی تێری دەخوارد، هەر سێ تامەزرۆی خواردنی بووین، سەرما بوو و برسێتیش بەگیری هێنابووین، لەگەڵ قوتدانی پارووی یەکەم، مینا وتی: ئێستا بچمە بەر سەرماکە و سزاکەم وەرگرم، یان دانیشم لەگەڵتان قەل بخۆم؟

خێزانم وتی: بە راستی زۆر خۆش ئامادەت کردووە.

منیش کردمە شۆخی و وتم بە خێزانم: دەڵێی چی بڵێین ناخۆشە و مینا بکەینە دەرەوە و خۆمان قەڵەکە بخۆین؟

مینا وتی: جا دڵتان دێ، بەبێ من بیخۆن.

وەك دریژەدان بە شۆخییەکە وتم: مینا گیان, نەفس زاڵمە، بۆ تێرکردنی خۆی ویژدانی نییە و بیر لە هیچ ناکاتەوە.

خێزانم رووی لە من کرد و وتی: ئێمە دوانین، ئەی ئەگەر تۆمان کرَدە دەرەوە و خۆمان خواردمان؟

وتم: وەڵا خۆ ئەوەش وایە، کاکە با پێکبێین و هەر سێ بمێنینەوە.

ئەو هەموو شەڕەمان لەسەر قەڵەکە، کەچی لە سێ بەش دوو بەشی وەک خۆی مابوویەوە، وتم بە خێزانم: برنجەکە و هەرچی ماوەتەوە لە گۆشت بیکە دوو مەنجەڵ و بیپێچەرەوە، خانەوادەیەکی هەژار هەیە بۆیان دەبەم.

ئەوەی زۆر جێگەی دڵخۆشیم بوو، خواردنەکەم بە گەرمی بۆ بردن و هێشتا ژەمی ئێواریان نەخوارد بوو.

کاتێ گەڕامەوە بۆ باسی شاری رەفاقەت، یان شاری بۆنە خۆشەکان، مینا خۆی ئامادە کردبوو، سەرمای دەرەوە دانیشتنی دەوری سۆپا دارینەکەی خۆش کرد بوو، خێزانم سێ چای تێکرد و نۆشیان کرد، مینا وتی: دوێنێ شەو وتت: سبەی شەو باسی شاری رەفاقەت یان شاری بۆنەکانت بۆ دەکەم، من ئامادەم، ئەگەر تۆ توانات هەیە.

وتم: توانام هەیە.

لەو کاتەدا کارەبا بڕا و خێزانم هەستا چرا دیوارکۆکەی داگیرساند، سەرەتا ژوورەکە لێڵ و ناڕوون دەردەکەوت، بەڵام کەم کەم بەرچاومان ڕۆشن بوویەوە و بە شەوق و روناکی چراکە راهاتین، من بۆ خۆم چراکەم پێخۆشتر بوو تا هەڵکردنی موەلیدە، خێزانم و مینایش هەروەک وەک من بوون.

دریژەم بە قسەکەم دا و وتم: لە سەفەری عومرەکەم و لە شاری مەککە نوێژی عەسرمان دەکرد، کاتێ سەلامم دایەوە سڵاوم کرد لەوەی لای راستم، بینیم فارسە و خەڵکی شاری کاشانە، ناوی جەواد بوو.

کاشان شارێکی ئێرانە سەر بە پارێزگای ئەسفەهانە، دەکەوێتە نێوان تاران و ئەسفەهانەوە، دووسەد و بیست کیلۆمەتر خواروویی تاران و دووسەد کیلۆمەتر باکووری ئەسفەهان، شاری کاشان هاوینان گەرمە و زستانان سارد، چونکە بە لێواری دەشت و بیابانەوەیە.

لەگەڵ جەواد یەکترناسینمان کرد، منیش خۆم بە ئەو ناساند، لە روخساری پاکی ئەو بەرائەت دەدرەوشایەوە، خۆشەویستی و مەحەبەتی لێ دەباری، کەسێکی ئارام و پڕ لە سوکنایی بوو، لەگەڵ ئەوەش وەك خۆی ناساند پیاوێکی دەوڵەمەند بوو، لە مەیدانی عەتر و بۆندا کاری دەکرد، لە کاشان و تاران خانووی خۆی هەبوو، ئەو دەیوت: هاوینان بە خێزانی گەشتی مەشهەد دەکەین، زستانیش بەشێکی لە کاشان و بەشێکی لە تاران بەسەردەبەین.

نهێنییەکی گەورە لەو پیاوەدا خۆی حەشاردابوو، بەزوویی خۆشەویستییەکی زۆر کەوتە نێوانمان، بە درێژایی ئەو ماوەیە لە مەککە بووین هەموو رۆژ یەکترمان دەبینی، ئەو بە فارسییەکی تێکەڵ بە هەندێ عەرەبی قسەی دەکرد و منیش هەر بەو جۆرە فارسی و کوردی و عەرەبیم

بە یەکتر تێکەڵ دەکرد تاکو یەکتر حاڵی بکەین، هەرچەند من لای باوکم گولستان و بوستانی سەعدیم بە فارسی خوێند بوو، بەڵام ئەزموونی قسەکردنم لەگەڵ فارسی کەم بوو.

ئەو پیاوە نوورێکی خودایی لە ناوچاوانی بوو، عیشقێکی مەزن ناخی داگیر کرد بوو، من چۆن ئەوم خۆشدەویست ئەویش بۆ من هەر بەو جۆرە بوو، ناونیشانی هەر دوو ماڵەکەی لە کاشان و تاران پێدام، لەگەڵ ژمارەی تەلەفوون، بەڵێنی لێ وەرگرتم گەڕامەوە لە عومرەکەم بچم سەردانی بکەم، بەدرێژایی ئەو ماوەی لە حیجاز بووم و دوای گەڕانەوەش رۆحی پاکی ئەو پیاوە لە من جیانەدەبوویەوە، دەتوت لە دروستبوونی ئادەمەوە یەکتر دەناسین و دۆستی گیانی بە گیانین، بەهۆی سەرقاڵییەوە چەند مانگ دوای گەڕانەوەم نەمتوانی سەردانی بکەم، بەڵام رۆژ لە دوای رۆژ مەحەبەتم بۆ ئەو زیادی دەکرد و تامەزرۆبوونم زۆرتر دەبوو، دواجار بڕیارمدا لەگەڵ خێزانم گەشتێکی ئێران بکەین تاکو بە دیداری ئەو دۆستە خۆشەویستە شاد ببم.

مینا پرسی چۆن خۆشەویستی رۆحی لە نێوان شێعەیەك و سوننییەك سەرهەڵدەدات؟

وتم: دەڵێن حەکیمێك هەر کات بیویستبا مانایەکی قوڵ لە قوتابییەکانی بگەیەنێت، نموونەیەکی زیندووی لە واقیعی ژیان پێ

نیشان دەدان، رۆژێك چەند قوتابییەکی برد بۆ لای زەرەنگەرێك، ئافرەتێك هات و بە زەرەنگەرەکەی وت: ئەم شەش بازنە زێڕەم بۆ بتوێنەوە و بۆم بکە بە گەردانەیەك، زەرەنگەرەکە بازنەکانی هێنا و دەستی بە کارەکەی خۆی کرد، دوای تواندنەوەیْ بازنە زێڕەکان دەستی دایە دروستکردنی گەردانەکە لە زێڕە تواوەکە.

حەکیمەکە لەگەڵ قوتابییەکان هەستان و گەڕانەوە بۆ فێرگەکەیان، قوتابییەکان زانییان مامۆستای حەکیم بەو کارە دەیەوێ مانا و حەقیقەتێك باس بکات، بۆیە پرسییان لە حیکمەتی چوونەکەیان بۆ لای زەرەنگەرەکە.

حەکیمەکە بە قوتابییەکانی وت: بازنە زێڕەکانتان بینی، زەرەنگەرەکە لە بازنەوە گۆڕینی بۆ گەردانە، سێ شت لە بازنەکاندا گۆڕان: ناوی بازن گۆڕا بۆ ناوی گەردانە، شێوەی بازنەکان لە ئەڵقەییەوە گۆڕا بۆ شێوەی سێگۆشەیی، ئەرکی بازنەکانیش لە کردنە دەست و مەچەکەوە گۆڕا بۆ کردنە گەردن، بەڵام یەك شت نەگۆڕا، دەزانن ئەو نەگۆڕەوە چی بوو؟ جەوهەری زێڕەکە، بازن بێت یان گەردانە هەردووکیان زێڕن.

مەزهەب و بیر و بۆچوون، زمان و کولتوور، نەژاد و نەتەوە و رەچەڵەك، شێوە و رەنگ و روو، جوفرافیا و کیشوەر، هەموو ئەمانە لە یەکترمان جیادەکەنەوە، دابڕان لە نێوانمان دروست دەکەن، پەردە

دەخەنە نێوانمان، هەندێ جار جەنگمان بۆ بەرپا دەکەن، بەڵام رۆح و جەوهەرمان یەکە و ئاوێزانی یەکترن، لە یەك دایك و باوکەوە هاتووین و برای مرۆیی یەکترین.

مینا وتی: چەند نموونەیەکی جوان و بااڵیە!

وتم: دێمەوە سەر باسەکە، خۆشترین وەرز بۆ سەردانی دۆستان و ئازیزان وەرزی پایزە، شەوگاری درێژ و ئارام، گەرما بەسەرچووە و سەرمای زۆر نەهاتووە، نیمچە بەهارێك سەرهەڵدەدات، کۆمەڵێك دیاری کوردەواریمان کڕی بۆ ئەو خانەوادانەی دەمانەوێت لەم گەشتەمان سەردانیان بکەین، سەرەتا لە مەریوان چووینە ماڵی دۆستێکی دێرینم بە ناوی سەید رەحمان، شەوێك لە ماڵیان ماینەوە، تەلەفوونی بۆ کاشان کرد و ئاغا جەوادی بۆ وەرگرتم، دوای سەلام و هەواڵپرسین، پێی وتم: برام، بڕیاربوو تۆ بێی سەردانم بکەی، دەزانی من چەند چاوەڕوانم؟

وتم: ئاغا جەواد، ئەوە هاتووم دەمەوێ سەردانت بکەم، مۆڵەت هەیە سبەینێ بەڕێبکەوین؟

ئاغا جەواد وتی: خەونم بینی دەتەوێ سەردانم بکەی، سێ رۆژە چاوەڕوانم و دوعا دەکەم، با ئۆتۆمبێلێك رەوانەکەم بتهێنێ؟

وتم: ئۆتۆمبێلمان پێیە، زەحمەت مەکێشن، سبەینێ لەگەڵ خانەوادەم بەڕێدەکەوین.

سەید رەحمان بە ئۆتۆمبێلی خۆی لەگەڵمان هات هەتا کاشان، بەو ناونیشانەی لە حەج پێیدابووم شوێنی کارەکەی ئاغا جەوادمان دۆزییەوە، ئای چەند یەکتر بینینێکی پڕ لە خۆشی و سروور بوو، دەستمان لە گەردنی یەکتر کرد، ئاغا جەواد فرمێسکی خۆشی هەڵوەراند، سەید رەحمان هەرچەند کردی و کۆشا مۆڵەتی گەڕانەوەی بدات، مۆڵەتی نەدا و وتی: دەبێ ئەم شەو لامان بمێنییەوە، سوار بووین و بەرەو ماڵی ئاغا جەواد بەڕێکەوتین، لە کاشان خانوویەکی قەشەنگ و کەموێنەی هەبوو، خانوویەکی نەرێتی و سوننەتی گەورە و بەرین و باخچە و باخ و حەوزی ئاو.

کاشان شێوە و نەخشەی تایبەت بە خۆی هەیە لە دروستکردنی خانوو، یەکەمین شت گرنگی پێ دەدەن حەوشی ماڵە، حەوشێکی بەرین کە باخچە و حەوز و نافوورەی ئاو لەخۆ دەگرێت، بە دەوریدا درەخت و گوڵ چێنراون، ئەوەش جوانییەکی کەموێنە بە حەوشەکە دەبەخشێت، دووەمین بەشی خانوو بریتییە لە هەیوان، لە هەندێ وەرزدا خێزان روو بە حەوشەکە تیایدا دادەنیشن و میوە دەخۆن و چا دەخۆنەوە، هەیوان سێ لا و سەقفی گیراوە و لایەکی بە رووی حەوشدا ئاوەڵایە، بە چەند پایە و کۆڵەکەیەکی نەقشکراو بە نەخشی جۆراوجۆر راوەستاوە، سەقفەکەشی هەروەك پایەکان زەخرەفەی جۆراوجۆر لە ئامێز دەگرن،

بەشی سێیەمی خانووی کاشانی بوونی ژووری سارده که پێی دەوترێت سەرداب، زیاتر له هاویندا بەکاری دەهێنن، لەو ژوورەدا بەراورد به دەرەوە پلەی گەرما زۆر نزمە، ئەوەش بەهۆی دیواره ئەستوورەکەیەوە له هەموو لاکانەوە، بەشی چوارەمی ماڵی کاشانی یەخچاڵە، مەخزەنێکی سارده بۆ هەڵگرتنی بەفر و خۆراك له شوێنێکی سارد به دریژایی وەرزی گەرما، بەشی پێنجەمی خانووی کاشانی بورجی هەواگۆڕکێیە که خۆیان به بادگیر ناوی دەبەن، پەیکەرێکی دریژە بۆ راکێشانی هەوای سارد له سەرەوە و هێنانی بۆ ناو ماڵەکە، ئەمەش دەبێته هۆی ئاڵوگۆڕی هەوا، هەڵبەت خانووی کاشانی مەتبەخ و ژووری نوستن و ژووری میوان و هۆڵی دانیشتنیش لەئامێز دەگرێت، دەرگا و پەنجەرەکان رەنگاوڕەنگ و رازاوەن، ماڵەکان به خشت دروستکراون، بۆئەوەی گەرمای هاوین و سەرمای زۆری زستان کەم بکاتەوە.

دیاربوو خانەوادەی ئاغا جەواد خۆیان ئاماده کرد بوو، هەموویان له حەوشی خانووەکه بۆ پێشوازی ئاماده بوون، ژنێك و دوو کچ، و دوو بووك، رێزی زۆریان له خۆم و خێزانم گرت، بۆ ژەمی ئێواره خاتوونەکەی ئاغا جەواد هەرچی هونەری کاشانه له خواردنەکانیدا رەنگی گرتبوو، هەریسەی کاشانی وەك سوپ ئاماده کرد بوو، هەریسەی کشانی له گەنمی کوتراو-که ماوەیەکی زۆر دەخرێته سەر ئاگر- و گۆشتی بەرخ

یان مریشك و بەهارات و هێل و مێخەك و ئاو و خوێ، دروست دەکرێت، هەروەها ئامادەکردنی ئاش کە شۆربایەکی بەناوبانگە و لە نیسك و نۆك و فاسۆلیا و سەوزەی سپیناخ و کەرەوز و پیاز، و برنج و بەهارات بەتایبەت زەردەچەوە و نەعنای وشك و ئاو و خوێ، پێکدێت، کەبابی زرشکی، گۆشت دەکرێت بە قیمە و توی کێوی(تودڕك) وشکەوەبووی پێ تێکەڵ دەکرێت، بۆن و بەرامێکی خۆشی پێ دەدات، هەروەها قورمە کاشانی کە بە سەوزە و گۆشت و بەهاراتی ناوخۆی ئێران ئامادە دەکرێت، شفتەی کاشانی، گۆشتی خرچکراوە، ناوەکەی گوێز و فستق و بادەمی تێکراوە، بەهاراتی تایبەتی پێ تێکەڵ کراوە.

شیرنی کاچی کاشانی جۆرێکە لە شیرینی، لە ئارد و زەعفەران و ئاوی گوڵ و شەکر دروست دەکرێت، کاشانییەکان هونەری تایبەت بە خۆیان هەیە لە ئامادەکردنی چێشتی برنج، ئەوان ریشاڵی زەعفەرانی هەڵژنراو لە ئاوی گەرم و تودڕك و فستق و بادەم و ئاوی گوڵ تێکەڵ بە برنج دەکەن، کاشان بە ئاوی گوڵ بەناوبانگە، هەر بەو جۆرە ئاوی نەعنا و ئاوی زەعفەران کە لە ئامادەکردنی خواردندا بەکاردەهێنرێ، چوار جۆر شلەیان لەسەر سفرەکە دانابوو، شلەی بامێ، و شلی بەی کە یەکەمجار بوو ببینم، ئەم شلەیە لە گۆشتی بەرخ یان مریشك و بەیی قاژکراو و پیازی هاڕاو و دۆشاوی تەماتە و شەکر و زەعفەران و مێخەك و خوێ

و بیبەر، ئامادە دەکرێت، هەروەها شلەی لۆبیای تایبەت بە کاشان، و شلەی هەنار و گوێز کە بە (فسنجان) بەناوبانگە، ئەم شلەیە لە گۆشت و گوێزی هاڕاو و نیو کوپ روبەهەنار و بیبەر و مێخەک و ئاوی گوڵ، دروست دەکرێت.

ئاغا جەواد خاوەنی دوو کچ و دوو کوڕ بوو، ژنی بۆ کوڕەکان هێنا بوو، خانووەکانی تەنیشتی راست و چەپ ماڵی کوڕەکانی بوو، یەکێک لە کچەکانی کە منداڵی گەورەی بوو، مێردی کرد بوو، منداڵێکیان هەبوو، هەمووان لە ماڵی بابیان کۆبووبوونەوە، هاتنی ئێمە بۆ لایان وەک بۆنەیەکی خۆش وابوو، دیار بوو ئاغا جەواد زۆر باسی منی بۆ خێزانەکەی کرد بوو، ئەوانیش وەک ئاغا جەواد تامەزرۆ بوون بۆ بینینمان، شەوەکەی سەیدرەحمان ماندوو بوو، زوو رۆیشت بۆ ناو جێگە، من و ئاغا جەواد دوو بە دوو ماینەوە.

مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە، بەبێ بوونی پەیوەندی لەگەڵ هاوشێوەکانی ناژی، خۆشەویستی و ئولفەت و دۆستایەتی نێوانیان پێویستی ژیان و بوونیانە، سەردانی و یەکتربینین و هاموشۆکردن بەرهەم دەهێنێت.

هاوەڵی کردن واتە پەیوەندی نێوان چەند کەسێک لەسەر بنچینەی خۆشەویستی و رێزی نێوانیان، هەموو یاسا ئاسمانییەکان و رێسا و

نەرێتەکانی مرۆڤ ، هان دەدەن بۆ هاوەڵی کردن و دۆستایەتی و خۆشەویستی، مانا و مەرامی ئەم دۆستایەتییە داخوازی فیترەتی مرۆڤە، چونکە تۆوی هاوەڵی کردن بە هەویریدا چێنراوە، وەلێ بنچینەکانی دۆستایەتی جۆراوجۆرن، دەکرێ ئایین و باوەڕ دوو کەسەکەی کردبێت بە دۆست و هاوڕێ، واتە تۆوی فیترەتی دۆستایەتی هێنرابێت و لە زەمینەی ئایینداً چێنرا بێت، دەکرێ لەسەر بنچینەی کار و بەرژەوەندی نێوانیان بێت، یان پەیوەندی خوێن و خزمایەتی بێت، یاخود خۆشویستنی قوولّ بێت بەبێ زانینی هۆیەکەی، ئاوێزانبوونی دوو رۆح بێت، یەکانگیربوونی دوو دلّ بێت، راکێشانی دوو ناخ و دوو هەست بێت، هەریەکەیان بە لای ئەویتردا.

خۆشویستنی من و ئاغا جەواد لەم جۆرەیان بوو، ئێمە زمان و مەزهەب و نەتەوەمان لە یەکتر جیاواز بوو، تەنانەت نەرێت و کەلەپوور و یاسا و رێسا باوەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیان وەك یەك نەبوون، زێد و نیشتمانمان لە یەکتر دوور بوو، کەچی لە ناخەوە کانیاوی مەحەبەت بۆ یەکتر قوڵپی دەدا، حەزمان دەکرد تەمەنێك دوو بە دوو بێدەنگ و ئارام لە پاڵ یەکتر دانیشین، رۆحمان تینووی دانیشتنی دوو بە دوو بوو، چاوەڕوان بووین هەموان بچن و ئێمە تەنهابکەوین، ساتێ سوکنایی رۆح بۆ یەکتر رەوانە بکەین، هەر لە ئێوارەوە من و ئاغا جەواد قسەمان کەم

بوو، زیاتر سەید رەحمان و کوڕەکانی ئاغا جەواد و زاواکەی باس و خواسیان دەکرد، بەشداری ئێمە بۆ قسەکانیان کەم و کورت بوو، من و ئاغا جەواد دەمانزانی بۆچی بەو جۆرەین، جۆرێك لە نامۆبوونمان هەبوو لەناویاندا، تامەزرۆی قسەی دوو بە دوو و بەخشینی رۆح بووین بە یەکتر، ئەوەش لەناو مەجلیسێکدا ئەنجام نەدەدرا کەسانی تر لەخۆ بگرێت.

بۆ ماوەیەکی زۆر کپ و خامۆش و بێدەنگ هەریەکەمان تەماشای ناخی خۆی دەکرد، لە راستیدا هەر یەکەمان تەماشای دۆستە گیانی بە گیانییەکەی خۆی دەکرد لە ناو دڵ و رۆحی، راستە ئێمە بە چاوی سەر لە یەکتر وردنەدەبووینەوە، بەڵام بە چاوێکی گەشتر و بەهێزتر لەو دوو چاوە، لە بەژن و باڵای رۆحی یەکترمان دەڕوانی.

روانین لەو مەملەکەتەوە وشە بەرهەم ناهێنێت، بیر و فکر بەگەڕ ناخات، خەیاڵ دریژ ناکاتەوە، بەڵکو سوکنایییەکی بێوێنەیە، شەپۆلی مانای پێناسە نەکراوە، چێژێکە وەك ئەوەی هەرچی چێژی دنیایە کۆکرابێتەوە و جەوهەرێکی چێژی پاڵفتەی لێ بەرهەم هاتبێت، دیسان ئەو جەوهەرە لە کورەی رۆحدا توابێتەوە و پاڵفتە کرابێت و بووبێت بە تنۆکێك لە چێژی فرە باڵا.

نازانم چەند بوو بەبێ وتنی یەك وشە دانیشتین، بەڵام دەزانم ئێمە لە جیهانێکی تر دانیشتبووین، لەوانەیە ئەو زانینەش هێشتا لێواری جیهانەکە بێت، هێشتا کەناراو و تەنکاوی دەریاکە بێت، چونکە لەو جیهانە زانین بوونی نییە، تەنها شەپۆلی چێژ و مانای وەسف نەکراو بوونی هەیە، لەوانەیە وشەی شەپۆل و مانا گونجاو نەبێت بۆ وەسفی ئەو حاڵە، لەوانەیە ئەو ساتە مەلەکوتیانە حاڵ نەبن، لەوانەیە وشەی "ساتی مەلەکووتی" پێناسەی ئێستام بێت کە لەو جیهانە دەڕوانم، نەك راستەقینەی ئەوەی من و ئاغا جەوادی تێدا بوو.

ئاغا جەواد بۆ خۆی لە پەنجاکانی تەمەندا بوو، کەچی لەو جیهانە گەنجێکی خەڵفە نەمام بوو، تەمەنی شازدە بۆ حەڤدە ساڵان بوو، لەو جیهانە زمان و مەزهەب و کلتوور بوونی نەبوو، تەنها پاکی و جوانی رۆح بوونی هەبوو، لەو جیهانە رق و کینە جێگەی نەدەبوویەوە، تەنها خۆشەویستی و سۆز و بەزەیی وەك لێشاوێك کەسەکانی لە خۆدا نوقم دەکرد، لەو جیهانە جیاوازییەکان لە بەین چووبوون، تەنها رێکی و تەبایی بوونی هەبوو، لەو جیهانە هەموو شتەکان یەك بوون، یان دەتوانین بڵێین لە یەکێکی مەزن و زەبەلاحدا توابوونەوە، لەوێ بیر و خەیاڵ رۆڵێکیان نەبوو، چونکە شەپۆلی ماناکان بۆ خۆیان دەهاتن و سەراپای بوونیان دادەپۆشی، لەو جیهانە دەنگ و وشە بوونیان نەبوو، دەربڕین و

بیستن بە رێگەی تر بوو، نالێم لەوێ و لەو جیهانە ئامێری تر هەبوو، نا، لەوێ بیستن و دەربڕین پێویستی بە ئامێری گوێ و زمان نەبوو، قسەت دەکرد بەبێ بوونی وشە، دەتبیست بەبێ بوونی دەنگ، لەو جیهانە گەنج و پیر و منداڵ بوونیان نەبوو، هەموان گەنج و لاوی تازە پێگەیو بوون، کاتێ شەپۆلی ماناکان هەڵیان دەکرد و ڕوو بە ئێمە دەهاتن ئێمەش دەبووین بە شەپۆل، ئێمەش شەپۆل بووین، کاتێ شەپۆلەکان دەوەستان هەستمان بە بوونی خۆمان دەکرد، لەو جیهانە هەستکردن بە ڕەگەزی نێر و مێ، تەنها کاتێ بوونی هەبوو، دەبووینەوە بە خۆمان، خۆبوون لەو جیهانە، نەك خۆبوون لە ناو ئەم جیهانە، ئاخر لەو جیهانەش خودێکی باڵاتر لە خودی ناو ئەم جیهانە بوونی هەیە، کاتێ لەوێ باڵاتر دەبێ لەگەڵ بێشومار خود ئاوێزانی یەکتر دەبن و لە دەریای ماناکاندا دەتوێنەوە، لەگەڵ ئەو توانەوە و بوون بە خودێکی زەبەلاح یان بوون بە یەکێکی مەزن، هۆشیارییەك بوونی هەبوو، هۆشیاری بە بوونە زەبەلاحەکە، هۆشیارییەکە زۆر مەزن بوو، ملیارەها هۆشیاری پاك کۆبکەرەوە، هێشتا دڵۆپێك بوو لە دەریای هۆشیاری خودە زەبەلاحەکە.

زۆر جار وشەی مانا بۆ وەرگرتنی نهێنییەکانی ئەو جیهانە بەکاردەهێنم، لە ڕاستیدا وشەی مانا سەر بە تێگەیشتنەکانی ئەم جیهانەیە، لەوێ شتێك نییە ناوی مانا بێت، لەوێ شتێك بوونی نییە ناوی

نهێنی بێت، مرۆڤ و هەموو شتەکان بۆ یەکتر جیلوە دەکەن و دەبن بە یەکتر، جیادەبنەوە و دیسان ئاوێزانی یەکتر دەبنەوە، بۆیە تۆ دەبیت بە ئەوان و هەموو ئەوان دەبن بە تۆ، لێرەوە شتێك بوونی نامێنێت ناوی نهێنی بێت، لە ئێستادا کە لەو جیهانە دابڕاوم هەموو جیهانەکە بە نهێنی وەسف دەکەم، ئەوەش چونکە ئەوێ بەم جیهانەی ئێرە نامۆیە، راستتر وایە بڵێم ئەم جیهانەی ئێمە بەوێ نامۆیە.

رەنگەکانی ئەو جیهانە جیان لەم رەنگانەی لێرە پێیان ئاشنایین، نازانم بڵێم لەوێ رەنگ بوونی نییە، یان بڵێم لەوێ هەرچی شتە رەنگە، واتە لەو جیهانە من و ئاغا جەواد و ئەوانی تر رەنگ بووین، کاتێ بوونەکان دەبن بە رەنگ، جۆری رەنگ مانایەکی بۆ نییە.

مینا وتی: مامۆستا، لەم قسەی کۆتایی تێناگەم؟

وتم: بە نموونەیەك حاڵیت دەکەم، ئێمە کە وەسفی جوانی شتێك دەکەین دەڵێین: دەڵێی گوڵە! ئەی ئەگەر شتەکە ببێت بە گوڵ چۆن وەسفی بکەین؟ ئەوکات شت بوونی نامێنێت، گوڵ بوونی هەیە، دەبێ وەسفی گوڵ بکەین، ئێ خۆ ئەم گوڵە بۆ خۆی لە بنچینەدا شتێکی تر بووە، گوڵەکەش بە شتێکی تر وەسف دەکەین، بۆ نموونە دەڵێین ئەم گوڵە لە دڵ دەچێت، ئەی ئەگەر گوڵەکە ببێت بە دڵ، ئەوکات گەر وەسفی بکەی وەسفی دڵ دەکەی، بەم جۆرە، بێ شومار وەسف و بێ شومار

وەسفکراو، وەسف دەبێت بە وەسفکراو و وەسفکراو دەبێت بە وەسف، ئەم نموونە تەنها بۆ نزیکردنەوەی تێگەیشتنە لە بیری مرۆڤ، ئەگینا "راستییەکان"ی ئەو جیهانە بەم پێوانە پێوانە ناکرێن.

مینا وتی: وشەی "راستی"ش سەر بەم جیهانەیە و بەکارهێنانی بۆ ئەو "جیهان"ە پڕاوپڕ نییە، تێگەیشتم لە نموونەکە.

وتم: مینا گیان، وشەی "جیهان"یش بەکارهێنانی بۆ ئەو جیهانە پڕاوپڕ نییە، بەڵکو دەڵێم: زمان ناتوانێ وەسفی ئەوێ بکات، مرۆڤ ناتوانێ لە رێگەی زمانەوە راستەقینەی ئەوێ دەربڕێت و بەرجەستە بکات، چەند جوانی فەرموو پێغەمبەری ئەکرەم کاتێ وەسفی بەهەشت دەکات و دەفەرموێت: (لە بەهەشت شتانێك هەن، چاو نەیبینیون، گوێ نەیبیستوون، بە خایلە و خاتیرەی مرۆڤدا گوزەریان نەکردووە)، گەر چاو نەیبینی بێت و گوێ نەیبیستبێ و خەیاڵ نەیگاتێ، واتە نایەتە ناو بیرەوە، نەهاتە ناو بیر واتە نایەتە ناو زمانەوە، نەهاتە ناو زمان واتە وەسف ناکرێ و دەربڕین بۆی بوونی نییە، ئەمە باڵاترین و وردترین وەسفێکە بۆ ئەو جیهانە پێغەمبەری ئەکرەم گوزارشتی لێداوە.

من و ئاغا جەواد هەردوو لە یەك کات بەئاگاهاتینەوە، لە گەشتی ئەو جیهانە هاتینە دەرەوە، گەڕاینەوە بۆ ناو ژوورەکە، هەریەکەمان بە خەندەیەکەوە تەماشای ئەوێترمان کرد، ئاغا جەواد وتی: بڵێی من و تۆ

دوانەی رەحمی یەك دایك نەبین؟ بڵێی کارەسات و روداوی ناخۆشی دنیا من و تۆی لە یەکتر دابڕی بێت؟

وتم: ئێمە دوانەی رۆحین، نەك دوانەی خوێنی و جەستەیی، لە جیهانەکەی تر رۆحمان بە دوانەیی هاتووەتە بوون، لێرە و لەم جیهانە لە یەکتر دابڕاوین، تۆ بۆ رەحمی دایکێك و منیش بۆ رەحمی دایکێك، بە راست ئاغا جەواد تۆ لەم جیهانە کەی لەدایك بووی؟.

وتی: من بە بەرواری زایینی لە دایکبووی ساڵی هەزار و نۆسەد و پەنجام.

پرسیم: چ مانگێك و چ رۆژێك؟

وتی: شەشی مانگی مارت کە مانگی سێ دەکات.

کە ئەوەی وت سەرسام بووم، چونکە منیش لەدایکبووی هەمان ساڵم، بۆیە بە خەندەیەکەوە وتم: منیش هەمان مەوالیدم، لە هەمان ساڵدا.

ئاغا جەواد بە پێکەنینەوە وتی: ئەی من نەموت دوانەین!

وتم: رۆحی من و تۆ لەو جیهانە ئاوێزانی یەکتر بوون تا لە یەك شەودا رەوانەی سەر زەوی کراوین و لە یەکتر جیابوونەوە، ئێمە یەك رۆحین لە دوو جەستەدا، هەموو خوشکەکانم باسی ئەو شەوەیان بۆم گێڕاوەتەوە لەدایك بووم، باسی خۆشی و سروری خێزانەکە، چونکە من کوڕە تاقانەم و بەسەر سێ خوشکدا هاتووم.

ئاغا جەوادیش وتی: منیش برام نییە، تەنها دوو خوشکم هەیە.

وتم: ئەوا دوو براکە یەکتریان بینییەوە، لێرە بەدواوە من و تۆ تاقانە نین.

ئاغا جەواد وتی: لە ئێستاوە خەمی دابڕان لە تۆ داگیری کردووم، من و تۆ نابێ لە یەکتر دابڕێین، ئاخر من بەبێ نزیکی لە تۆ هەراسان دەبم.

وتم: جەوادی برام، دەبێ بە چارەنووسمان رازی بین، لەم ژیانە زوو زوو یەکتر دەبینین، تا دەچینەوە بۆ مەملەکەتی خۆمان و دیسان رۆحمان ئاوێزانی یەکتر دەبێتەوە، ئەو کات یەك رۆحین لە یەك جەستەدا.

ئاغا جەواد وتی: ئەوەی من لەم دانیشتنەمان لەو جیهانە بینیم تۆش بینیت؟

پرسیم: تۆ چیت بینی؟

وتی: ئەوەی بینیم ناکرێت بە قسە، زمان کۆڵە لە گوزارشت لێدانی، وشە دەفرێکی بچووکە و ناتوانێ ئەو مانانە لە ئامێز بگرێت، تەنها ئەوەندە بوو تۆ گەنج بووی، پیر نەبووی، لەوێ رێگە ئاڵۆزەکان دەبوون بە یەك رێگەی رۆشن، ئاسۆ دوورەکان نزیك دەبوونەوە، لەوێ رۆح لە باڵەتەپێدا بوو، لەوێ هەموو شتەکان یەك بوون، یەکەکەش بێشومار رۆح بوو، هەمووی سوکنایی و ئارامی بوو، شەپۆلەکانی رۆح دەهاتن و هەموو بوونیان دادەپۆشی، لەوێ هەرچی زمانە بوو بوون بە یەك زمان،

ئەو زمانەش بێزمانی بوو، لەو جیهانە هەموو نهێنییەکان والّا بوون، بەڵکو شتێك بوونی نەما ناوی نهێنی بێت.

کاتێ ئاغا جەواد بێدەنگ بوو، وتم: منیش هەموو ئەوانەم بینی، بەڵام نازانم بڵێم هەموو ئەوانەم بینی، یان بڵێم هەموو ئەوانەم هەڵمژی، یاخود بڵێم من بووم بە هەموو ئەوانە؟!

ئاغا جەواد وتی: ئێرە جیهانی فرەییە، ئەوێ جیهانی وەحدەتە، لێرە جەستەمان جیاواز، لەوێ بوو بووین بە یەك بوون، لێرە رەگەز و زمان و کولتوور و نەتەوە و ئایین و مەزهەبی جیاواز، لەوێ جیاوازییەکان نامێنن، بەری ئەو تەوحیدەی ئایینی ئیسلام داوای دەکات، گەیشتنە بەم وەحدەتە، فۆرمە لە یەکتر جیاوازەکان رووالّەتی شتەکانن، ماهییەت و چییەتی شتەکان یەك جەوهەر و مانایە، ئەمەی لێرە بە چاوی سەر دەیبینین و هەستی پێ دەکەین، شەپۆلی دەریایە، ئەوەی لەو جیهانە هەستی پێ دەکرێ ئاوی مەنگی قوڵایی دەریاکەیە کە بە هەڵکردنی شەپۆلەکان نابزوێ و مەنگی و شێوەی ناشێوێت.

جێگەمان راخست و راکشاین، ئاغا جەواد بە راکشانەوە وتی: بیست ساڵی رابردوو، هەرکات لەم جێگە راکشابم، تۆم لەو جێگەی خۆت دەبینی راکشابووی، لە خۆم دەپرسی: خوایە، ئەم مرۆڤە کێیە؟ چ پەیوەندییەکی بە منەوە هەیە؟ بڵێی جنی بێت؟ بڵێی رۆحی مردوویەك

بێت و لەم شوێنە نێژرابێت؟ بڵێی رۆحی خاوەنی پێشووتری ئەم زەویە بێت، یەکێك لێی داگیر کردبێت؟ بەم جۆرە چەندین خەیاڵاتم بۆ دروست بوو، چەند جار هەوڵمدا قسەت لەگەڵ بکەم، تەنها خەندەیەکت دەکرد و وەڵامت نەدەدایەوە.

وتم: منیش زۆر جار لە خەون تۆم دەبینی, دەموت لەوانەیە یەکێك بێت لە باپیرانم، یان نەوەیەکی من بێت لە داهاتوو دێتە ناو ژیان.

خامۆشبووین خەومان لێکەوت، شەو بەئاگا هاتم هێشتا مابووی بۆ نوێژی بەیانی، بیرمکەوتەوە خەونێکم دیوە، لە خەونمدا لەگەڵ ئاغا جەواد سواری کەشتییەك بووبووین، من کەشتییەوانەکە بووم، ئاغا جەواد یاریدەدەرم بوو، کەشتییەکە لە شتومەك ئاخنرا بوو، دەمانویست بیبەین بۆ شار و وڵاتێکی تر، لە سەرەتاوە دەریا زۆر ئارام بوو، کاتێ گەیشتینە ناوەڕاستی دەریا شەپۆلەکان هەڵیانکرد، لەگەڵیدا بارانێکی گەرم دەباری، بەردەوامبووین تا لە دوورەوە شارێك بەدەرکەوت، لە دوورەوە منارەی نوورینی مزگەوت دیاربوو، شەپۆلەکان ئارامبوونەوە، کەشتییەکە لەنگەری گرت، ویستمان دابەزین، بەئاگاهاتم، لەگەڵ بەئاگاهاتنی من ئاغا جەوادیش بەئاگا هات لەبەرخۆیەوە وتی: حەمد بۆ خودا بە سەلامەتی گەیشتینە بەرەوە، خەرك بوو بخنکێین.

منیش وتم: حەمد و سەنا بۆ خودا، رزگارمان بوو، شەپۆلەکان توند بوون، کەشتییەکەمان قورس بوو.

ئاغا جەواد وتی: تۆش بینیت؟

وتم: بەڵێ.

وتی: خەونەکە چی دەگەیەنێت؟

وتم: بە کۆمەکی خودا لە سەفەری بەرەو خودا چوونمان بە سەلامەتی دەگەینە بەرەوە.

وتی: باری کەشتییەکە چی دەگەیەنێت؟

وتم: تۆشووی دواڕۆژ، گەورەترین تۆشمان بەخشینە لەو ماڵ و سامانەی خودا پێمانی بەخشیوە، خزمەتکردنە بە خەڵک.

وتی: منارەکان چی بوون؟

وتم: ئەو تەپۆڵکانەی مەحەبەتە لە رۆژی دوایی ئەوانەی لەبەر خودا یەکتریان خۆشویستووە لەسەریان دەوەستن، پێغەمبەری ئەکرەم دەفەرموێت: ئەوانەی لەبەر خودا یەکتریان خۆشدەوێت: (ئەوانەی لەبەر شکۆمەندی من یەکتریان خۆشدەوێت لەسەر کۆمەڵێك تەپۆڵکەی نوورینن).

پرسی: شەپۆلەکان چین؟

وتم: بەڵا و ناخۆشی و فیتنە و ئاشووبی ئەم دنیان، بە کۆمەکی خودا ئێمە لە سەفەرەکەمان لانادەن و پەکناخەن.

دەستنوێژمان هەڵگرت و چەند رکاتێك نوێژمان کرد تا هاتنەبەرەوەی نوێژی بەیانی.

لای کاشانییەکان-بەتایبەت بەتەمەنەکان- دوای نوێژی بەیانی خەوتنەوە زۆر دەگمەنە، بۆیە کەمێك دوای نوێژ و زکر، ریزێك چا دەخورێتەوە، ئەوجا ژەمی بەیانی دادەنرێت.

ژەمی بەیانیان جگە لە مرەبا و ماست و پەنیر و هێلکە و چا، کاشانییەکان پێیانخۆشە حەلیم لەسەر سفرەیان هەبێت، حەلیم خواردنێکە لە گەنمە کوتراو و گۆشت دروست دەکرێت، بە زۆری گۆشتی وڵاخ یان مریشك، خوێ و بەهارات و مێخەك و شەکر و کەرەی پێ تێکەڵ دەکرێت، جۆرێکی تر لە خۆراك لەسەر سفرەی بەیانیان هەیە، پێیدەوترێت نێرگسی، بە هێلکە و سپیناخ و پیاز ئامادە دەکرێت، هەروەها قەیماخ و هەنگوین بە نانی گەرمەوە لەسەر سفرە دادەنرێت.

کاشانییەکان گرنگی زۆر دەدەن بە ژەمی بەیانیان، ئەو گرنگی پێدانە بەشێکە لە کلتووری سەدان ساڵەیان، ژەمی بەیانیان لای ئەوان ژەمێکی سووك نییە، بەڵکو ژەمێکی تێر و تەواوە و وزەی هەشت نۆ سەعات کاری لێوە بەدەست دەهێنن، لای ئەوان ژەمی بەیانیان رۆشنبیری

میواندارى نیشان دەدات، هەتا ژەمى بەیانیان ژەمێکى کاملّتر بێت، رۆشنبیرى میوانپەرێرى زۆرتر و زیاتر نیشان دەدات، ئەمە و شارى کاشان بە بەرهەمهێنانى زەعفەران و ئاوى گوڵ و هەنگوینى سروشتى بەناوبانگە، هەموو ئەمانەش لە دروستکردنى ژەمى بەیانیاندا بەکاردەهێنرێن.

بەهۆى کەش و هەواى وشکى ناوچەکەوە کاشانییەکان لە بەیانیان حەزیان بە ژەمى گەرمە، وەك ئاش و حەلیم و نانى گەرم.

رۆژمان لێ بوویەوە سەید رەحمان گەڕایەوە بۆ مەریوان، ئەو رۆژە من و ئاغا جەواد بڕیارى گەشت و گەڕانمان دا بەناو شارى کاشاندا، یەکەمجار رۆیشتین بۆ خانەى تەباتەبائییەکان، کۆشکێکى مێژوویی لە سەدەى نۆزدەهەم بۆ خانەوادەى تەباتەبائییەکان دروستکراوە، بە نەخشەى تەلارسازى فارسى و زەخرەفەى گەچینە بەناوبانگە، پەنجەرەکانى شووشەى رەنگاوڕەنگ و مەیدانێکى جوان و قەشەنگى هەیە.

پاشان رۆیشتین بۆ خانەى بروجردیەکان، ئەویش کۆشکێکى مێژوویی و لە هەمان سەدەدا دروستکراوە، وردەکارى زۆرى تێدا بەکارهاتووە و زەخرەفە و رازانەوەى قەشەنگ لە خۆ دەگرێت، شوێن و لوولەى هەوا گۆڕکێى بە نەخشەیەکى ئەندازیارى ورد بۆ دروستکراوە،

لە هاویندا فێنکە و لە زستاندا گەرم، ئەوەش وا دەکات بۆ هەموو وەرزەکان شیاو بێت.

پاشان رۆیشتین سەردانی باخی فینمان کرد، یەکێکە لەو باخە بەناوبانگانەی خراونەتە ناو لیستی یونسکۆوە، چەندین گۆمی ئاوی جوانی تێدایە، هەروەها چەم و ئاوی جاری سروشتی و درەختی بەتەمەن، باخەکە ئەو شوێنەیە وەزیری بەناوبانگ میرزا تەقی خانی فەراهانی لە ساڵی ١٨٥٢ی زایینی، تێدا کوژراوە، ئەوەش بەهۆی کارە چاکسازییەکانییەوە لە سەردەمی شای قاجەری، ناصر الدین.

پاشان هاتینەوە بۆ چەقی بازاڕ و سەردانی بازاڕی دێرینی کاشانمان کرد، کۆنترین بازاڕی کاشانە، بەشێکی وەك قەیسەری وایە، دوکان و کۆگای فەرشی کاشانی دەستکرد لەم بازاڕەیە، هەر بەو جۆرە دوکانی عەتارەکان و بەهارات و بازاڕی بۆن، دەکەونە ئەم بەشەی بازاڕی شاراوە.

من لە منداڵییەوە لە دەمی باوك و دایکم وشەی (فەرشی کاشان)م بیستبوو، شتێك گران و بەنرخ بوایە دەیانوت (بۆچی فەرشی کاشانە؟!)، سەرەتا رۆیشتین بۆ بازاڕی فەرشی کاشان، کاشان بەناوبانگترین شاری ئێرانە بۆ دروستکردنی فەرشی دەستکرد، لەسەر ئاستی جیهان باشترین

فەرش لەم شارە دروست دەکرێت، ئەوەش بۆ باشی و بەرگەگری و رەنگی جوان و نەخشەی وردی فەرشەکە دەگەڕێتەوە.

چەندین جۆر فەرش لەم شارەدا بەرهەم دەهێنرێت، لەوانە:

فەرشی خووری کە لە خووری سروشتی دروست دەکرێت، بە پتەوی و گەرمی بەناوبانگە.

فەرشی ئاورشمی لە ئاورشمی رەسەن دروست دەکرێت، ئەم جۆرەیان گرانترینە و بە بریسکانەوە و رەنگی قەشەنگ و جوانی بەناوبانگە و لە شوێنە زۆر فاخیرەکاندا دادەنرێ و هەڵدەواسرێت.

فەرشی لۆکەیی لە لۆکە دروست دەکرێت و زۆرتر لەناو چینی ناوەندا بەکاردەهێنرێت.

فەرشی کۆرك، لە خوریيەکی فرە باڵای نەرم دروست دەکرێت، گرێکانی زۆر و بێشومارن، ئەوەش وا دەکات لەگەڵ نەرمییەکەی زۆر تۆندوتۆڵ و بەرگەگر بێت.

نەخشەی فەرشی کاشانی جۆراوجۆرە:

جۆرێك نەخش هەیە پێی دەوترێت مەدالیۆن، لە ناوەڕاستی فەرشەکە نەخشەی بازنەیی یان هێلکەیی لەخۆ دەگرێت.

نەخشەی رووەکی، لە سروشتەوە وەرگیراوە وەك نەخشی گوڵ و گەڵا.

نەخشەی ئەندازیاری، چەندین شێوەی ئەندازەیی لەخۆ دەگرێت.

نەخشەی شکار، چەندین وێنەی راوچی و نێچیر لە خۆ دەگرێت، بە شێوەیەکی هونەری فرە باڵا کێشراون.

چۆنێتی دروستکردنەکەی بەم جۆرەیە:

یەکەم جار داوەکانی بۆ ئامادە دەکەن، ئەوەش لە خوری و ئاورشم و لۆکە، پاك دەشۆرێن و دەڕێسرێن و بۆیاخ دەکرێن بە رەنگی سروشتی کە لە رووەك و کانزاکان دەرهێنراوە.

ئەوجا ئامادەکردنی چوارچێوەی فەرشەکە، بەپێی گەورە و بچووکی فەرشەکە، ئەو چوارچێوەی فەرشەکەی لەناودا دەچنرێ بە تان و پۆیەوە.

دوای چنین و بڕینی فەرشەکە، جارێکی تر دەشۆررێت و وشك دەکرێتەوە.

ئەوجا لە بازاڕ و پێشەنگا نێودەوڵەتییەکان و کۆگای تایبەت بە فەرش دەخرێتە روو.

بۆ ژەمی نیوەڕۆ ئاغا جەواد بردمی بۆ چێشتخانەیەکی سوننەتی، داوای فسنجان و قورمە سەوزی و چیلو کەبابی کرد، فسنجان مریشك یان قاز بە گوێزی هاڕاو و روبە هەنارەوە ئامادە دەکرێت، لەگەڵ برنج پێشکەش دەکرێت، قورمە سەوزیش خواردنێکی باوی ئێرانییە و هەر

شارێك به كەمێك گۆڕانی تایبەت به زەوق خۆیان ئامادەی دەكەن، له كۆمەڵێك سەوزە پێكهاتووه له گۆشتی مەڕ یان وڵاخ ئاماده دەكرێت، چیلو كەبابیش بریتییه له گۆشتی ناسكی برژاو، هەموو ئەمانه لەگەڵ چەند دەوروبەرێك برنجی نایابی تارم و هاشمی و عەنبەربۆ، زەعفەرانی تەڕ بەسەر برنجەكەدا دەكرێت و كەباب و گۆشت لەسەر برنجەكه دادەنێن.

كاشان به كلتووری چای رەسەن و دێرین بەناوبانگه، چا له ماڵەوه بێت یان له بازاڕ، بەشێكی گرنگ و دانەبڕاوه له ژیانیان.

بەناوبانگترین چا لەو شارەدا چای كاشانییه، چایەكی رەشه و بۆن و بەرامێكی تایبەتی هەیه و لەگەڵ قەن یان خورما دەخورێتەوه.

جۆرێكی تر له چا لەو شارەدا چای زەعفەرانه، واته چایەكه هەندێ زەعفەرانی تێدەكرێت و رەنگی زێڕینی پێ دەبەخشێت لەگەڵ بۆن و بەرامێكی خۆش.

هەروەها چای گوڵ محەمەدی كه له ناوبانگدا هیچی له چای كاشانی كەمتر نییه، چەند كۆپكێك له گوڵەباخی دەكەنه ناو، تام و بۆن و بەرام و رەنگێ كەوێنەی پێ دەدات، هەندێك له جێگەی گوڵ هێل، یان دارچینی یان نەعنای تێدەكەن، هەشیانه هەموو ئەوانه لەگەڵ گوڵ تێكەڵ دەكات و دەیكاته ناو چایەكەوه.

چایەکی تریان چای گیای کاشانییە یان چای دەمنووشی کاشانی، لە تێکەڵەیەك لە گیا پێکهاتووە، لەوانە گیای زوفا و زەعتەر و گوڵە بەیبوون.

لە چاخانەکانی کاشان ئامادەکردنی چا بە سەماوەر و قۆرییە، ئاوی گەرمی سەماوەر دەکەن بەسەر چای ناو قۆریدا و بۆ ماوەی پێنج تا دە خولەکێك لەسەر سەماوەرەکە دایدەنێن تا بە باشی رەنگ بداتەوە، پاشان دەکرێتە پیاڵەوە و لەسەر سینی یان ژێرپیاڵە بە قەندەوە پێشکەش دەکرێت، یاخود لەگەڵ جۆرەکانی تری شیرینی کاشانی.

چەندین جۆری قەند لەگەڵ چا پێشکەش دەکرێت، قەندی سادە و قەندی زەعفەرانی و قەندی هێلدار و قەندی گوڵاوی کە ئاوی گوڵی پێ تێکەڵە، و قەندی قاوەیی، ئەمەی دواییان لە قامیشی شەکری سروشتی دروست دەکرێت، باوترینی قەند قەندی سادەیە، بە قەندی شەهابات ناوی دەرکردووە و شێوەیەکی سپی شەشپاڵووی هەیە.

لەدوای نۆشکردنی چەند چایەك لەگەڵ ئاغا جەواد رۆیشتین بۆ سەردانی مزگەوت و قوتابخانەی ئاغای بوزرگ، ئەم مزگەوتە توحفەیەکی تەلارسازییە و لە سەدەی هەژدەدا دروستکراوە، حەوشێکی بەرین و رازاوەی هەیە، گومبەزێکی زەبەلاحی لەسەر سەر ناوە، ناوەوەی بە زەخرەفەی سوور و قرمیدی رازاوەتەوە، ئەم مزگەوتە لە

لایەن حاجی محەمەد تەقی خانیانەوە دروستکراوە، ئێستاش وەك قوتابخانەیەکی ئایینی و شوێنی عیبادەت بەکاردەهێنرێت.

پاشان رۆیشتین سەردانی (تەپەی سیەلك)مان کرد، کۆنترین شوێنی ئەسەرییە لە ئێران و مێژووەکەی بۆ حەوت هەزار ساڵ دەگەڕێتەوە و گەواهیدەری کۆنترین شارستانێتە لەبۆ ناوچەیە سەریهەڵداوە.

لێرەدا مینا رووی لە خێزانم کرد و وتی: ئەی ئەو ماوەی مامۆستا و ئاغا جەواد گەڕانی خۆیان دەکرد، تۆ و خێزانی ئاغا جەواد بە چییەوە خەریك بوون؟

خێزانم وتی: مینا گیان، سەردان و گەشت و گەڕانی ئێمەش رۆمانێکە، رۆژێ دوو بە دوو بۆت باس دەکەم.

مینا وتی: کەوابوو مامۆستا تۆ بەردەوام بە لە باسەکەت.

وتم: رۆژی دووەم لەگەڵ ئاغا جەواد رۆیشتین بۆ سەردانی بازاڕی بۆن لە کاشان، شاری کاشان یەکێکە لە کۆنترین شارەکانی ئێران بۆ بەرهەمهێنانی عەتر و دەرهێنانی بۆنی سروشتی، بەتایبەت ئەو بۆنانەی لە جۆرەکانی گوڵەوە بەرهەم دێن، لەوانە:

گوڵەباخی سوور و پەمپە و زەرد، پێشی دەوترێت گوڵی جووری، گوڵەباخ مەلیکی عەتر و بۆنی ئێرانییە، بەتایبەتتر گوڵەباخی دیمەشقی، بۆنێکی بەهێز و شیرینی هەیە و خۆیان پێی دەڵێن (گوڵابی کاشانی) و

چەندین جۆر زەیتی بۆنداریشی لێ دەردەهێنن، لە مانگەکانی بەهار گوڵەباخ دەڕنرێ و کۆدەکرێتەوە، لە کاشان کەڕنەقاڵێك بە بۆنەی دروێنەی گوڵەوە، سازدەدرێت.

گوڵی یاسمین، بۆنێکی چڕ و نەرمی هەیە، لە کاشان کێڵگەی تایبەت هەیە بەم گوڵە، بۆنی خۆش و زەیتی بۆنداری لێ دروست دەکرێت، بۆنەکەی گەرموگوڕی و رۆمانسییەتی تێدایە.

بۆنی پەرتەقاڵ، لە گوڵی درەختی پرتەقاڵ دروست دەکرێت، بۆنێکی مزر و وزەبەخشە، بۆنی پرتەقاڵ زیاتر وەرزی بەهار و هاوین بەکاردەهێنرێت، چونکە میوەی پرتەقاڵ میوەیەکی پایزە و زستانەیە و لە وەرزی گەرمادا هەستی فێنکی و ساردی دەبەخشێ، زەیتی گوڵی پرتەقاڵ گرانترین زەیتە لە جیهاندا.

گوڵ و گیای لاڤەندەر، بۆنێکی گیایی هەیە، لە بەرهەمهێنانی عەتری ئارام و هێورکەرەوەی مێشك و دەماغ بەکاردەهێنرێت، لەگەڵ هەندێ بۆنی تر تێکەڵ دەکرێ و سروشتێکی ئارام و دڵخۆشکەر دەبەخشێت.

گوڵی سەوسەن، عەتری شاهانەی لێوە بەرهەم دێت، ئەوەش لە رەگ و ریشکی گوڵی سەوسەن، زەیتی سەوسەنی بۆندار یەکێکە لە گرانترین زەیتەکانی جیهان، بۆنێکی بۆدرەیی نەرمی هەیە و لە عەتری فاخیری

فەرەنسیدا بەکاردەهێنرێت، زیاتر عەتری ئافرەتانی لێوە بەرهەم دەهێنرێت، چونکە سروشتێکی ئافرەتانەی تایبەتی هەیە.

گوڵی بەنەفسەج، گوڵێکی نەرمە، بۆنێکی سووکی تیژی هەیە، بۆ دروستکردنی عەتری نەرم و وزەبەخش بەکاردەهێنرێت، زیاتر عەتری بەهاری سووکی لێ دروست دەکرێت.

مادەی عەنبەر کە لە نەهەنگی عەنبەرییەوە وەردەگیرێت، چوار جۆر عەنبەر هەیە:

عەنبەری خۆڵەمێشی: ئەمەیان بۆنخۆشترینە و بەپێی کات بۆنەکەی دەگۆڕێت و گەشە دەکات.

عەنبەری سپی: زۆر دەگمەنە، باڵاترین جۆری عەنبەرە.

عەنبەری ڕەش: لە سەرەتاوە تەڕ و زەیتییە، بەپێی تێپەڕبوونی کات ڕەق دەبێت.

عەنبەری زەرد: تێکەڵێکە لە خۆڵەمێشی و ڕەش، لەگەڵ هەندێ پیشەسازی عەتریدا بەکاردەهێنرێت.

مینا پرسی: چۆن عەتر و بۆن و زەیت لەو گوڵ و گیا و مادانە دەردەهێنرێن؟

وتم: لە کاشان بە سێ ڕێگە لەو گوڵ و گیا و مادانەوە عەتر دەردەهێنرێت:

یەکەم دڵۆپاندن بە هەڵم: گوڵ و گیا بە سەوزی و تازەیی ورد دەکرێت و دەکرێتە دەفرێکەوە، ئاو گەرم دەکرێت و هەڵم بەرهەم دێت، هەڵمەکە ئاراستەی دەفری گوڵەکان دەکرێت، پلەی گەرمی گوڵەکان بەرزدەکاتەوە، هەڵمەکە پێکهاتە عەتریيەکانی گوڵەکان دەکات بە هەڵم و لە رێگەی بۆرییەکەوە هەڵمەکە لە دەفری گوڵەکانەوە دەردەچێت، تا دەگاتە بۆرییەکی سارد، لە بۆرییە سارەدەکەدا هەڵمەکە دەبێتەوە بە دڵۆپی ئاو و دەچۆڕێتە ناو دەفرێکی تریەوە، زەیتی بەرهەمهاتوو لە گوڵەکان دەکەوێتە سەر ئاوەکە و لە شوشەدا کۆدەکرێتەوە و زۆر بە مەحکەمی دەرگاکەی دەبەستن بۆئەوەی بۆنەکەی نەڕوات، ئەو ئاوەش کە لە زەیتی گوڵەکان جیادەکرێتەوە بۆ مەبەستی جوانکاری بەکاردەهێنرێت.

رێگەی دووەم بۆ ئامادەکردنی عەتر و بۆن رێگەی دەرهێنانی زەیتە بە توێنەرەوە، ئەم رێگەیە بۆ دەرهێنانی زەیتی چڕ لە گوڵی نەرم بەکاردەهێنرێت، وەك یاسمین و سەوسەن، توێنەرەوەی کیمیایی ئەندامی بەکاردەهێنرێت بۆ توانەوەی پێکهاتە عەتریيەکان، پاشان جیاکردنەوەی توێنەرەوە کیمیاییەکە، بەوەش زەیتێکی عەتری پاڵفتە بەدەست دێت.

سەرەتا گوڵەکان دەکرێنە ناو دەفرێکی تایبەتەوە، پاشان مادە توێنەرەکەی دەکرێت بەسەردا، وەك مادەی هێکسان، مادە کیمیاییەکە گوڵەکان دەتوێنێتەوە و زەیتیان لێوە پەیدا دەبێت، ئەم کارە چەندین رۆژ

دەخایەنێت تا هەموو زەیتی گوڵەکان پاڵفتە دەکرێت، پاشان تۆپنەرەکە دەکرێت بە هەڵم و لە زەیتە بۆندارەکە جیادەکرێتەوە

رێگەی سێیەم بۆ بەرهەمهێنانی عەتر و بۆن هەڵژەندنی گوڵە لە زەیتی رووەکی، وەك زەیتی زەیتوون و زەیتی گوێزی هندی، بۆ ماوەیەکی دیاریکراو، ئەوەش زەیتی گوڵەکان تێکەڵ دەکات بە زەیتە رووەکییەکە، بۆ ماوەی دوو تا شەش هەفتە بە مەحکەمی سەری دەفرەکە دەگیرێت و لە شوێنێکی گەرم هەڵدەگیرێت، رۆژانە بە هێواشی و ئارامی دەفرەکە دەجوڵێنرێ بۆ تێکەڵبوونی زیاتری مادەکات و هەڵمژینی زۆرتری زەیتە عەترییەکە لە گوڵەکان، دوای ئەو ماوەیە بە هۆی پارچە قوماشەوە زەیتەکە دەپاڵوێرێت، بۆ چەندین جار ئەو پاڵافتنە دووبارە دەکەنەوە، لە کۆتاییدا زەیتە بۆندارەکە دەکرێتە شووشە و بە مەحکەمی دەمی دەبەسترێت.

کاتێ سەردەکێشییە ناو بازاڕ و دوکانی عەتر و بۆن گەشتێکت پێ دەکات بەرەو جیهانی گوڵ و باخچە و باخی رازاوە بە گوڵ، دەڵێی سەردانی مەملەکەتی گوڵستانت کردووە.

بازاڕی بۆن یەکێکە لە کۆنترین بازاڕاکانی کاشان و دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی سەفەوییەکان، دوکانەکان دیمەنێکی دڵڕفێنیان هەیە، دیوارەکان بە بەردی نەقشکراو دروستکراون، دەرگاکانیان لە دار

دروستکراون، رەفەی دارینیان لەناودایە بۆ خستنەڕووی شووشەی بۆنەکان و ئاوی گوڵ.

بۆنێکی دڵڕفێنی سروشتی تێکەڵ بە هەوا دوکانەکەی پڕ کردووە، دوکاندارانی بۆن بە مامەڵەی شیرین و جوان بەناوبانگن، زمانی شیرین و ڕەفتاری شیاو، خاوەن ئەزموونێکی کەموێنەن، زەوقێکی باڵایان هەیە، بەخشندەیی زۆر دەنوێنن بۆ ڕاکێشانی کڕیاران و قەناعەت پێ کردنیان بۆ کڕینی عەتر و بۆن و زەیتی بۆندار، لە سەرەتاوە سەردەکێشییە ناو دوکانەکە بەخێرهاتنێکی گەرمت دەکەن: زۆر بەخێر بێن، چۆن خزمەتت بکەم، هەندێ جار قاوە و چا بۆ کڕیارەکان داوا دەکەن، زۆربەیان پرژەیەکی بۆنی خۆش دەکەن بەسەر کڕیارەکانیاندا، وەك میوانداری و ڕێزلێنان.

عەتر و بۆنەکانیان بە ڕێگەیەکی پیشەییانە ریز کردووە، پرسیار دەکەن لە زەوقی کڕیارەکە و حەز لێ کردنی، ئایا عەتری بەهێزی پێخۆشە، یان سووك و بێهێز، بۆنی گوڵ بێت، یان بەرهەمهێنراو لە توخمە کیمیایی و کانزاییەکان، خۆرهەڵاتی، یان خۆرئاوایی؟

عەتر و بۆنەکان لە سووك و لاوازەوە ڕێکخراون بۆ بەهێز و تیژ، تاکو بۆنەکان تێکەڵ بە یەکتر نەبن، دڵۆپی بۆنیان داوە لە پەڕەی بۆنداری

بلوتر بۆئەوەی کڕیار بە بۆن کردنی ئەو پەڕە بۆندارانە بۆنی گونجاو و دڵخوازی خۆی هەڵبژێرێت.

کەسی فرۆشیار بە وردی باسی سەرچاوە و پێکهاتەی عەتر و بۆنەکان دەکات، دەڵێت ئەم زەیتە لە گوڵی گوڵەباخ دەرهێنراوە کە لە چیاکانی کاشان چێنراون، ئەم بۆنەیان هەناسەیەك لە بۆنی میسك و عەنبەری پێ تێکەڵە، گونجاوە لە بۆنە باڵاکاندا لە خۆ بدرێت، هەروەها باسی رادەی مانەوەی بۆنەکان دەکات، لەگەڵ سوودی ئەو جۆرە بۆنە.

رێگە دەدەن بە کڕیار چەند بۆنێك تاقیبکاتەوە بەرلەوەی بڕیاری خۆی بدات، ئامۆژگاری دەکات زۆر کەم لە بۆنەکە هەڵبمژێت، بۆئەوەی بە بۆنێك کاس نەبێت و نەتوانێ بۆنەکانی تر لە یەکتر جیابکاتەوە، هەندێ جار داوای لێ دەکات لەسەر پێست بۆنەکە تاقیبکاتەوە، تا بۆی دەربکەوێ تا چەند بۆنەکە دەمێنێتەوە و چ گۆڕانێك بەسەر بۆنەکەدا دێت.

فرۆشیاری بۆن خاوەن لێوەشاوەیی کەموێنەیە بۆ قەناعەت پێکردنی کڕیار، ئەوەش بە شێوازێکی شیرین و سەرنجڕاکێش نەك بە پێداگری و زۆر لێ کردن و زیادەڕەوی، بۆ نموونە بە کڕیارەکە دەڵێت: ئەم بۆنە لەگەڵ کەسایەتی پێکەوتووی تۆ و شێوازی هەڵسوکەوت و رەفتاری شیرینت، گونجاوە، یان دەڵێ: ئەم شووشە بۆنە نایابە هەدیەی ئێمەیە، بۆ

بۆنەی تایبەت بە خۆت، تەنانەت گەر کڕیارەکە هیچ نەکڕێت فرۆشیار بە رووی خۆش و وشەی شیرین و خواحافیزی گەرمەوە بەڕێیدەکات: شەرەفمەند بووین بە سەردانی کردنت، هیوامان وایە بەم نزیکانە جارێکی تر سەردانمان بکەی، هەر راوێژێکت پێویست بوو دەربارەی بۆن سەردانمان بکە ئێمە لە خزمەتین.

شەوەکەی ئاغا جەواد پێشنیاری کرد بۆ سبەینێ بە خێزانی سەردانی شاری مەشهەد بکەین و جیهان و سروشتی جوانی ئەو شارە ببینین.

سبەینێ دوای نیوەڕۆ لە فڕۆکاخانەی کاشان سواری فڕۆکە بووین بۆ شاری مەشهەد، فرۆکەخانەی کاشان فڕۆکەخانەیەکی بچووکە زیاتر بۆ گەشتە ناوخۆییەکان بەکاردەهێنرێت، لە کاشانەوە بۆ مەشهەد نزیك سەعات و نیوێکە بە فڕۆکە، چونکە زیاتر لە نۆسەد کیلۆمەترە بە ڕێگەی وشکانی.

مەشهەد دەکەوێتە باکووری خۆرهەڵاتی ئێران، پایتەختی خوراسانی ڕەزەوییەیە، لە باشووری خۆرئاواوە بە زنجیرە چیای بینالود ئابڵۆقە دراوە، نزیك بە هەزار مەتر لە ئاستی دەریاوە بەرزە، کەوتووەتە سەر دەشتێکی بەپیتی نێوان چیاکان، بۆیە هەڵکەوتەیەکی دەشتی و چیایی هەیە.

هاوینی گەرما لە سییەوە بۆ چلە، زستانیش بۆ ژێر سفر دەڕوات و چیاکانی بە بەفر دادەپۆشرێن، بەهارانیش پلەی گەرما بۆ بیست و پێنج بەرز دەبێتەوە و بارانێکی بەهارەی زۆر دەبارێت.

ژمارەی دانیشتوانی شاری مەشهەد لە ئێستادا زیاتر لە سێ ملیۆنە، ناوەندێکی دینی و گەشتیاریییە، ئەوەش لەبەر بوونی مەرقەدی ئیمام رەزا لەو شارەدا.

شاری مەشهەد چەندین دەروازەی دێرینی هەیە، بە هۆی گەشەی شارەکەوە زۆربەیان بزر بوون، لەو دەروازە مێژوویییانە:

دەرەوازەی نادری، گرنگترین دەروازەی شار بووە لە سەردەمی قاجاردا، دەروازەکە بە ناوی نادر شای ئەفشارەوە ناونراوە، لە ئاراستەی خۆرئاوای شارەکەوەیە، لە سەدەی بیست بەهۆی بەرینبوونی شارەکەوە روخێنرا.

دەروازەی تووس دەروازەیەکی تری شارەکە بووە، کەوتووەتە بەشی باکووری خۆرئاوای شارەکە، بەو ناوە ناونراوە چونکە لێیەوە بەرەو شاری تووسی مێژوویی رێگە درێژ دەبێتەوە، گۆڕی ئیمامی غەزالی و شاعیری بەناوبانگی ئێرانی فیردەوسی لە شاری تووسە، بیست و پێنج کیلۆمەتر لە مەشهەدەوە دوورە، لەم دەروازەیەوە کاروانی و موسافیران هاتوونەتە ناو شارەکە، لە ئێستادا بەهۆی بەرینبوون و گۆڕانی شارەوە،

دەروازەی تووس ئاسەواری نەماوە، بەڵام ئەو ڕێگەی دەچێت بۆ شاری تووس هەمان ڕێگەیە و نەگۆڕاوە.

دوای گەشتێکی سەعات و نیوی بە ئاسماندا، گەیشتینە فڕۆکەخانەی مەشهەد، پێشتر ئاغا جەواد شوقەیەکی بەرینی بە دوو جەناحەوە بە کرێ گرتبوو، جەناحێکیان بۆ من و خێزانم و جەناحەکەی تر بۆ خۆیان، لەگەڵ چێشتخانەیەکی هاوبەش لە نێوانیان.

شەوەکەی ئیسراحەتم کرد، بۆ بەیانی بە خێزانی ڕۆیشتین بۆ خواردنی ژەمی بەیانی لە چێشتخانەیەکی سوننەتی.

ژەمی بەیانی لە چێشتخانەکانی مەشهەد تایبەتە، پێکهاتووە لە حەلیمی مەشهەدی، و چێشتی شولەی قەلەمکار، و نان و پەنیر و سەوزی، و نەرگسی.

حەلیمی مەشهەدی لە گۆشتی بەرخ و گەنمی هاڕراو پێکهاتووە، هەندێ جاریش بە گۆشتی مریشك، چەندین سەعات لەسەر ئاگرە تا بە تەواوی کەرەستەکانی دەتوێنەوە، پاشان لەگەڵ مێخەك و شەکر، یان کەرێ و هەنگوین، پێشکەش دەکرێت، هەڵبەت دۆیەکی تایبەت بە سفرەی خۆیان هەیە، لە شوێنانی تر تامی ئەو دۆیەم نەکردووە.

شولەی قەلەمکار شۆربایەکی ئێرانییە، لە پاقلە و ماش و فاسۆلیا و نیسك و سەوزە و گۆشت پێکدێت، زیاتر زستانان دەخورێت، چونکە وزەبەخشێکی کەمویَنەیە.

نانی مەشهەد کە سەنغەکی پێ دەوترێ، لەسەر بەردی گەرمی ناو فڕن دەبرژێت، لەگەڵ پەنیرێکی تایبەت کە ناوی لیغوان یان پەنیری بزنە، پێشکەش دەکرێت، هەڵبەت لەگەڵ سەوزەی تازە وەك نەعنا و پیازی سەوز و ڕێحان.

نێرگزیش لە نیسك و پەتاتە و هێلکەی سوورکراو، پێکدێت.

ئەوان لەبیریان ناچێت شیری گەرم بە هەنگوین و خورماوە دابنێن.

لەگەڵ هەموو ئەمانە قۆرییەك چا بە زەعفەران و هێل و قەند و پیاڵە دادەنرێت.

لە دوای خواردنی ژەمی بەیانی بڕیارماندا سەردانی مەرقەدی ئیمام ڕەزا بکەین.

ساڵانە ملیۆنان گەشتیار لە جیهانەوە سەردانی ئەو مەزارە دەکەن، گۆڕی ئیمام ڕەزا و کتێبخانە مەزنەکەی و مۆزەخانەیەکی گەورە و مزگەوتی گەوهەرشادی مێژوویی، لەخۆ دەگرێت.

مزگەوتی ئەمیر گەوهەرشاد کە بۆ سەدەی پازدە دەگەڕێتەوە و لە سەردەمی تەیموورییدا دروستکراوە، دەکەوێتە ناو حەرەمی ڕەزەوییەوە،

بە تەلارسازییەکی ناوازە دروستکراوە، چەندین جۆر زەخرەفەی ئیسلامی لەخۆ دەگرێت لەگەڵ گومبەزێکی شینی کەموێنە.

مۆزەخانەی رەزەوی چەندین شتی توحفە و دەگمەن لەخۆ دەگرێت، لەوانە مەختووتەی کۆنی قورئان و بەرماڵی دەستکردی فرە نایاب و سەرنجڕاکێش و هەدیەی مەلیك و سوڵتانەکان کە پێشکەش بەو شوێنە کراون.

کتێبخانەکەی زیاتر لە یەك ملیۆن کتێب و مەختووتەی دەگمەن لەخۆ دەگرێت.

پێوانەی حەرەمی رەزەوی نزیك بە یەك ملیۆن مەتر چوارگۆشەیە و نۆ مەیدانی فراوان و بەرین لەخۆ دەگرێت، لە بۆنە ئاینییەکاندا دەتوانێ ملیۆنێ گەشتیار لە ئامێز بگرێت.

ئیمام رەزا ناوی عەلی کوڕی موسایە، هەشتەمین ئیمامی ئەهلوبەیتە، سااڵی سەد و چل و هەشتی کۆچی لە تووس لەدایك بووە کە دواتر دەبێت بە مەشهەد.

باوەڕ وایە بە فەرمانی خەلیفەی عەباسی، مەئموون، ژەهرخوارد کراوە، لەدوای شەهیدکردنی لە کۆشکەکەی مەئموون لە تووس دەنێژرێت.

مەقامی ئیمام زادە یەحیا کە یەکێکە لە کوڕەکانی ئیمام موسای کازم، مەرقەدەکەی مەزنترین بینایە لە رووی تەلارسازی و زەخرەفەوە.

گومبەزێکی زێڕنی لەسەرە بە مەزنترین گومبەزی زێڕین دادەنرێت لە جیهان، تەواوی گومبەزەکە بە لەوحی زێڕ داپۆشراوە، مەیدانێکی بەرین لەخۆ دەگرێت مێژووەکەی بۆ سەردەمی سەفەوییەکان دەگەڕێتەوە، نافوورەیەکی مەزن لەئامێز دەگرێت بۆ نوێژ و کۆبوونەوە و بۆنەی ئایینی بەکاردەهێنرێت، مەیدانێکی نوێی دراوەتەدەم بە مەیدانی جمهووری بەناوبانگە بۆئەوەی گەشتیارانی زۆرتر و زیاتر لەخۆ بگرێت، لەم مەیدانەدا هونەری ئیسلامی و فارسی ئاوێزانی یەکتر بوون.

هەیوانی زێڕین، هەیوانێکی نەقشکراوە بە بە زێڕ و نەقشی قورئانی، جوانترین بەشی حەرەمی رەزەوییە.

بۆ ئاسانکاری جووڵەی گەشتیاران دەرگای چوونە ژوورەوەی پیاوان لە دەرگای چوونە ژوورەوەی ئافرەتان جیاکراوەتەوە، دەروازەی شێخی تووسی بۆ پیاوان بەکاردەهێنرێت، لە ژوورەوە شوێنی پشوو و دانیشتنی ژن و پیاو لە یەکتر جیایە، هەریەك لە رێگەی تایبەت بە خۆیان زیارەتی گۆڕی ئیمام رەزا دەکەن، شوێنی دەستنوێژ و نوێژی هەردوو لایان جیاوازە.

پابەندبوون بە باڵاپۆشییەوە لەو شوێنە پێویستە، لە کاتی چوونە ژوورەوە دەبێت ئافرەتان پۆشاکی شادوور بپۆشن، شادوور عەبایەکی دەرەدامان و سەراپایە، لەو شوێنە شادوور بێ بەرانبەر بە ئافرەتان دەدرێت گەر بۆ خۆیان نەیانهێنابێت، پیاوانیش پۆشاکی داپۆشراو دەپۆشن، و نیو شەروااڵ بەکارناهێنن.

لە هەندێ کات حەرەمی رەزەوی قەرەباڵغییەکی زۆر بەخۆوە دەبێنێت، لەوانە شەوی قەدر و یادی لە دایکبوونی ئیمام رەزا و یادی شەهید کردنەکەی.

هەوڵدراوە شوێن و جێگەی حەوانەی ئافرەتان دابین بکرێت، بەتایبەت بۆ ئەو ئافرەتانەی منداڵیان لەگەڵ خۆیان هێناوە، دەیان و سەدان ئافرەتی خۆبەخش لەو شوێنە کاردەکەن و ئاسانکاری بۆ ئافرەتانی گەشتیار دەکەن و رێنموونییان دەکەن.

خێزانم لەگەڵ خێزانی ئاغا جەواد لە ئێمە جیابوونەوە، وتیان ئێمە دوای زیارەت گەشتێکی بازاڕەکەی نزیك حەرەمی رەزەوی دەکەین، پاشان دێینەوە بۆ ئەم مەیدانە بەرینە، من و ئاغا جەوادیش دەستنوێژمان هەڵگرت و لە مزگەوتی گەوهەرشاد چەند رکات نوێژمان کرد، لە دەروازەی پیاوانەوە چووینە ژوورەوە بۆ زیارەتی ئیمام رەزا.

هەر کەس بە جۆرێك و هەر کەس بە مەرامێك ڕوو لەو مەزارە دەکات، مەرامی من خۆشەویستی چاکان و ئالوبەیتی پێغەمبەری ئەکرەم بوو، لەدوای خوێندنی فاتیحە لە جێگەیەك دانیشتم، ئاغا جەوادیش چەند مەترێك لە دووری من دانیشت، پشتم نا بە پایەیەکەوە، ئارامانە چاوەکانم لێکنا، کەوتمە ناو جیهانی خۆم، سەرەتا ئیمام ڕەزام بینی لە ژوورێك دانیشتبوو، پاسەوان لەبەر دەرگاکەی بوو، هەستایە سەر پێ و بانگی کردم، منیش چوومە خزمەتی، پێی وتم هەموو خەڵك بۆ خۆیان سەردانی ئێمە دەکەن، بەڵام تۆ بۆ ئێمە زیارەتی ئێمەت کرد، هەر سەردانێك بە خۆشەویستی خودا و پێغەمبەرەوە نەبێت، زیارەت نییە.

وتم: قوربان، ئەم خەڵکەش گوناهن، هەژاری و نەخۆشی و بەڵا و ناڕەحەتی پاڵیناون ڕوو لەم مەزارە بکەن.

وتی: دەبێ زانایان نەزانان حاڵی بکەن، خۆشەویستی خودا و پێغەمبەر و ئالوبەیت و ساڵحان بخەنە دڵیان، فێریان بکەن داوا لە کێ دەکەن و داوا بۆ چی دەکەن، ئەو کات هاتنەکەیان بۆ خودا عیبادەتە و بەری گەورەی لێ دروێنە دەکەن، خودا بەڵا و نەخۆشی و ناخۆشییان لەسەر لادەبات.

ئاماژەی کرد بۆ شوێنێ وەك ئەوەی پێم بڵێ بڕۆ بۆ ئەو جێگەیە، منیش ڕووم لەو شوێنە کرد، ماوەیەك ڕۆیشتم چەند ژوورێك هاتنە بەردەم،

ڕاپەوەکە بە بەردەم ژووورەکان تێدەپەڕی، پەنجەرەی ژووورەکان لەسەر ڕاپەوەکە بوو، پەنجەرەکان بێ پەردە بوون، لە دەرەوە ناوەوە دەبینرا، ژووری یەکەم کەسێکی تێدا بوو، پۆشاکی مەلای پۆشی بوو، کۆمایە پارەی کاغەز لە بەردەمی دانرا بوو، دەیژمارد و دەیکردە باخەڵییەوە، پارەکە دەبووە گڕ و دەچووە گیانی، کەچی کۆڵی نەدەدا دیسان دەستی بە ژماردنی پارەکە و خستنە ناو گیرفانی دەکرد.

ڕۆیشتم تا گەیشتمە ژووری دووەم، چەند پیاوێك کچۆڵەی هەشت نۆ ساڵانیان لەگەڵ بوو، کاری نەشیاو و شەرمەزارکەریان لەگەڵ ئەنجام دەدان، چەند مارێکی ترسناك بۆیان بەردەبوونەوە و دەیاندا بە عەوراتیانەوە، ئەوەندە شەرم دایگرتم و دیمەنەکە ئەوەندە ترسناك بوو بە پەلە ڕۆیشتم تا گەیشتمە بەردەم ژووری سێیەم، پیاوێکی تێدا بوو جەستە و ورگی ژووورەکەی پڕ کرد بوو، کیماو و زوخاو لە جەستەی داچۆڕا، ئەوەندە بۆنی ناخۆش بوو لوتی خۆم گرت و ڕۆیشتم تا گەیشتمە بەردەم ژووری چوارەم، چەند ئافرەتێکی تێدا بوو کاری شەرمەزارکەریان ئەنجام دەدا، دواتر لە سەقفەکەوە ئاسنێك بەزدەبوویەوە و سەری پان دەکردنەوە، چاکدەبوونەوە و دیسان دەکەوتنەوە ناو کارە قێزەونەکەیان، هێشتا چەندین ژووری تر مابوو لە بەردەمم، بەڵام دیمەنی ترسناك و قێزەونی ناو ژووورەکان بە جۆرێ بێزاریان کردم نەتوانم لە تەماشاکردنی

ژووورەکانی تر بەردەوام بم، بە رێگەی خۆمدا گەڕامەوە و هاتمەوە خزمەت ئیمام رەزا، وتم: قوربان ئەو کەسانە چی بوون لەناو ئەو ژوورانە؟

وتی: پیاوەکەی ژووری یەکەم ئەوانەن لە خێر و خێراتی ئەم مەزارە لادەخەن و دەیخۆن، بەبێ ئەوەی هەژار بن و پێی ئاتاج بن، ژووری دووەم ئەو کەسە خراپانەن لەم مەزارەدا کار دەکەن و ئافرەتی گەنج فریو دەدەن و کاری خراپیان لەگەڵ ئەنجام دەدەن، پیاوەکەی ژووری سێیەم ئەو بەناو زانایەیە حەق دەکات بە باتڵ و باتڵ دەکات بە حەق، سەر لێ شێوان بۆ خەڵکی دروست دەکات، ئافرەتەکانی ژووری چوارەم ئەو ئافرەتانەن بوون بە دەڵاڵ، لەم مەزارەدا بەرانبەر بڕێك پارە ئافرەت بۆ پیاوان دەدۆزنەوە، ئەوجا وتی: تەماشای ئەو جێگەیە بکە.

تەماشام کرد شوێنێکی قەرەباڵغ بوو، هەمووی ئافرەت بوو، ئافرەتێکی گەنج لە ناویان دزی لەوانی تر دەکرد، ئەو نێر بوو، بەڵام پۆشاکی ئافرەتی پۆشی بوو، ئیمام رەزا وتی: لەگەڵ جەواد بڕۆن بیگرن، جەواد نەوەی منە، خۆی نازانێت.

ئەوەم بینی هاتمەوە هۆش خۆم و چاوم کردەوە، تەماشایەکی ئاغا جەوادم کرد، ئەویش هەروەك من تا هاتبووەوە هۆش خۆی، پێی وتم: با بچین بیگرین، هاتینە مەیدانە بەرینەکە، ئەو کۆمەڵە ئافرەتەمان بینی، ئەو گەنجەمان بینی بە پۆشاکی ئافرەتانەوە دزی لێ دەکردن، چووینە لای

دوو پاسەوانی پۆلیس و بابەتەکەمان تێگەیاندن، کەسەکەمان پێ نیشاندان و قۆڵبەستیان کرد، نیشاندانی ئەو دزە بۆ ئەوە بوو دیمەنەکانی تر لە لامان راستەقینە بێت، بە خەون و خەیاڵیان نەزانین.

وتم: ئاغا جەواد، شەجەرەی ئالوبەیتت لێ موبارەك و پیرۆز بێت، بیستت ئیمام رەزا چی وت؟

دیاربوو ئاغا جەواد لە هەموو دیمەنەکان ئاگادار بوو، وتی: لە مێژە ئەو پرسیارەم هەبوو، ئایا من لە ئالوبەیتم؟ دەیان جار دەهاتمە خزمەت ئیمام رەزا و دەمپرسی، وەڵامم دەست نەدەکەوت، تا ئەم جارە پێکەوە چووینە خزمەتی، بەردەوام بوو لە قسە و وتی: گەر من ئالوبەیت بم، دەبێ تۆش ئالوبەیت بیت؟!

وتم: راستە من و تۆ لە رۆحدا دوانەین، بەڵام مەرج نییە یەك خوێن و رەچەڵەکمان هەبێت، من بە رۆح ئالوبەیتم، نەك بە رەچەڵەك، شێخی گەیلانی فەرموویەتی: هەرچی تەقواداره ئالی محەمەدە دروود و سەلامی خوای لەسەر بێت، ئەوان بە تەقوا چوونەتە ناو ئەو خانە موبارەکە، چونکە ئالی پێغەمبەری ئەکرەم لە تەقوا جیانابنەوە، ئەوانەشیان دەبنە خراپەکار شەرەفی ئالبوونیان لێ وەردەگیرێتەوە، چونکە تەقوادار نین، تا تەوبە دەکات و دەگەڕێتەوە، نابینی کاتێ نوح پێغەمبەر کوڕەکەی بەر تۆفانەکە کەوت و خنکا، پرسیاری لە خودا کرد و وتی: پەروەردگار تۆ

بەڵێنت پێدام خانەوادە و ئەهلەکەم لەم تۆفانە رزگار بکەی، خۆ کوڕەکەم خانەوادە و ئەهلی من بوو، خودا پێی فەرموو: کوڕەکەت ئەهل و خانەوادەی تۆ نییە، چونکە ئەو خراپ و ناباش بوو. خراپی و ناباشی ئەوی دەرکرد لە خانەوادەی نوح، لە کاتێکدا خەڵکانێك لەگەڵ نوح رزگاریان بوو کوڕ و کچ و نەوەی ئەو نەبوون.

ئاغا جەواد لە مەیدانی مەزارەکە دانیشت و سوژدەیەکی شوکری بۆ خودا برد.

لێم پرسی: دیمەنی ناو ژوورەکانت بینی؟

وتی: بەڵێ، تەنها چوار ژووریان.

وتم: منیش تەنها چوار ژوورم بینی، دەبێ چی بکەین؟ بەرپرسیارێتی ئێمە چییە بەرانبەر ئەو کارە خراپانە؟

ئاغا جەواد وتی: ئەوە بۆ من بەجێبهێڵە، هەموویان دەدۆزمەوە و رادەستی یاسایان دەکەم، درێژەی بە قسەکەی دا و وتی: لە هەر جێگەیەك شوێنی پیرۆز و مەزاری چاکانی لێ بێت-بەتایبەت ئەو شوێنانەی زۆر قەرەباڵغن- کۆمەڵێك خەڵکی مشەخۆر و مفتەخۆر و خراپەکار تێکەڵ بە خەڵکە باشەکە دەبن و خزمەت بە حەز و ئارەزوو و گیرفانی خۆیان دەکەن، بێ خەم بە ناهێڵین بۆیان بچێتە سەر.

دوای نوێژی نیوەڕۆ بە خێزانی رۆیشتین بۆ پارکی کۆسەنگی، یان بوستانی کۆسەنگی، دووەمین باخی مەزنی شاری مەشهەدە، لەدوای پارکی میللەت، بە لاپاڵی چیایەکەوە، جوانترین دیمەنی سروشتی و گەشتیاری هەیە.

بوستانی کۆسەنگی لە خۆرئاوای شارەکەوەیە بە لاپاڵی چیای کۆسەنگەوە، نزیك بە پێنج کیلۆمەتر لە حەرەمی رەزەوییەوە دوورە و خەڵکی بە پێیان رووی لێ دەکەن، بەسەر بەشێکی شارەکەدا دەڕوانێت، لە سەردەمی سەفەوییەکانەوە ئەم باخە بوونی هەیە و چەندین گەشە و گۆڕانی بە خۆوە بینیوە تا گەیشتووەتە ئەم سەردەمە، لە سەردەمانی پێشوو پیاو ماقوڵان و دەسەڵاتداران رووبان لێ دەکرد و تیایدا کۆدەبوونەوە، لە ئێستادا پارکێکی والایە و هەموان رووی لێ دەکەن، دەریاچەیەکی دەستکردی لە ئامێزە و گەشتیاران دەتوانن تیایدا سواری بەلەم بن و چێژ لە دیمەنی سروشتی ببینن، ئێواران تیشکی خۆر لەسەر ڕووپەڕی دەریاچەکە دەشکێتەوە و دیمەنێکی دڵڕفێنی پێ دەبەخشێت، بە ناو پارکەکەدا چەندین ڕێگەی گەڕان و پیاسەکردن لێدراوە بۆ ئەوانەی ئارەزووی گەڕان و سەرکەوتنیان هەیە بە چیاکەدا، پەیکەری نادر شا لە پارکەکە دانراوە، نادر شا لە ئەفشارەکان بووە و بە نابلیۆنی فارس ناوبانگی دەرکردووە، جەنرالێکی لێهاتوو بووە لە بواری

سەربازیدا، هەیبەت و سەروەری بۆ ئێران گەڕاندەوە دوای فەوزا و روخان و تێکچوونێکی گەورە بە هۆی هێرشەکانی دەوروبەر بۆ سەر ئێران، ئەو لە سەرەتای سەدەی هەژدەهەمەوە دەسەڵات دەگرێتە دەست و هیرات و خوراسان و ئۆزبەك لە دەستی ئەفغانەکان ومردەگرێتەوە، ساڵی هەزار و حەوتسەد و سی و شەشی زایینی بە فەرمی دەبێتە شا و دەوڵەتی ئەفشاری لە جێگەی دەوڵەتی سەفەوی دادەمەزرێنێت.

ژەمی نیوەڕۆمان لە چێشتخانەیەکی لاپاڵی ئەو چیا نۆشکرد، مرۆڤ بە ئەندازەی خواردن چێژ لە دیمەن دەبینێت، گەر برسیت بێت و ژەمی خواردنی خۆشت لە بەردەم بێت و بەرانبەر تابلۆیەکی سروشت دانیشتبی و دیمەنی جوان هەستەکانت تێر بکات، و لەگەڵ ئازیزان و خۆشەویستان بیت، چێژ و یادێکە لەبیرناچێتەوە.

لێرەدا خێزانم بە خەندەیەکەوە قسەکانی پێ بڕیم و پرسی: ئازیزەکەت ئاغا جەواد بوو، یان من؟

وتم: ئازیزەکەم تۆی، ئاغا جەوادیش شوێنێکی تایبەتی هەیە لە دڵی منداا.

وتی: باشە، قبووڵمە، دەمزانی وایە، بەڵام پێمخۆشە زوو زوو لە دەمی خۆتی ببیستم.

گەڕامەوە سەر باسەکە و وتم: پارکەکە جێگەی تایبەت بە منداڵانی هەیە و چەندین جۆر یاری لەخۆ دەگرێت، هەڵبەت لەگەڵ پانتاییەکی بەرین بۆ دانیشتنی خانەوادەکان و حەوانەیان.

لەگەڵ ئاوابوونی خۆر پارکەکە دەگۆڕێت بۆ فەزایەکی رۆمانسی قەشەنگ بەهۆی ئەو هەموو رۆشنایی و تیشکە جۆراوجۆرانەی لە پارکەکەدا هەڵدەکرێن، تەماشاکردنی رۆشناییەکانی شاریش دیمەنێکی جوانی تر بە شوێنەکە دەبەخشێت.

بۆ خزمەت کردنی گەشتیاران هەموو شت ئامادە کراوە، شوێنی وەستانی ئۆتۆمبێل، دەستشۆر و شوێنی نوێژ، جێگەی دانیشتن و حەوانەوە، شوێنی یاری منداڵان، شوێنی پیاسە و گەڕان، شوێنی گەشتکردن و گەڕان بە پاسکیل، حانووتی تایبەت بە چا و ساردی و ساردەمەنی.

دوای ئاوابوونی خۆر گەڕاینەوە بۆ شوقەکەمان، رۆژێکی پڕ لە خۆشی و سروور بوو، هەموو شت تام و چێژی خۆی هەبوو، هەستمان بە هیلاکی نەکرد تا گەڕاینەوە، ژەمی ئێوارەمان دوای عیشا نان و پەنیر و چا بوو، پاش کەمێ دانیشتن و باس و خواس، هەموو خەو و خامۆشی داگیری کردبووین، بۆیە شەوباشمان لێکردن و هاتین بۆ جەناحەکەی خۆمان و کەوتینە ناو خەوێکی قوواڵەوە.

دوای نوێژی بەیانی و کاتێ رۆشنای کرد دیسان بۆی خەوتینەوە، دیار بوو هێشتا شەکەتی گەڕان بەرینەدابووین، دەوروبەری سەعات هەشت بە لێدانی تەقەی دەرگا سەرەکییەکەی نێوان دوو جەناحەکە بەئاگا هاتین، دیاربوو ئاغا جەواد دەیویست هەستین، دەستنوێژمان هەڵگرت و دوو رکات نوێژمان کرد و رۆیشتین بۆ چێشتخانەکە، ئاغا جەواد و خێزانی ژەمێکی تایبەتیان ئامادە کرد بوو، ژەمی بەیانی تێکەڵ بە ژەمی سەرەکی نیوەڕۆ.

ئەو رۆژە بڕیارماندا چەند شوێنێکی تر بگەڕێین، ئافرەتەکان پشوویان پێ خۆش بوو، وتیان ئەمڕۆ دەحەوێینەوە، سبەینێ لەگەڵتان دێین.

ئاغا جەواد پێی باش بوو سەردانی گۆڕستانی فیردەوسی بکەین، لەوێشەوە سەردانی مەزاری ئیمامی غەزالی.

غەزالی مەزنترین فەیلەسوف و عاریفی دنیای ئیسلام، فەقیە و موتەکەلیمی کەموێنە ساڵی هەزار و پەنجا و هەشتی زایینی لە دایك بووە و ساڵی هەزار و سەد و یازدەی زایینی بەرانبەر بە پێنجسەد و پێنجی کۆچی لە شاری تووس کۆچی دوایی کردووە، دوای تەمەنێك لە گەڕان بۆ بەدەستهێنانی زانست و وتنەوە و نووسینەوەی زانست دەگەڕێتەوە بۆ زێدی خۆی و هەر لەوێش دەمرێت و ئەسپەردەی خاك دەکرێت.

شاری تووس دەکەوێتە باکووری خۆرهەڵاتی ئێران، نزیك بە شاری مەشهەد، مەزارەکەی وەك مەزاری ئیمام زادەکانی ئێران گرنگی پێ نەدراوە و بینای بۆ دروست نەکراوە، تەنها شوێنێکی مێژوویی سادەیە.

گۆڕەکەی نزیکە لە گۆڕی شاعیری شانامەی ئێرانی، فیردەوسی کە دیارترین و بەناوبانگترین مەشخەڵی شاری تووسە، دەڵێن ئەو جێگەی غەزالی لێ نێژراوە شوێنی کۆمەڵگەیەکی زانستی گەورە بووە کە بە مەدرەسەی نیزامییە ناسراوە، غەزالی تیایدا وانەی وتووەتەوە.

لێرەدا مینا پرسی: بۆ مەگەر مەدرەسەی نیزامییە لە بەغداد نەبووە؟

وتم: ئەم مەدرەسەی شاری تووس هەمان ناوی ئەو مەدرەسەی هەبووە نیزامولمولك لە بەغداد دروستی کردووە، چونکە بە هەمان پەیڕەو کاری کردووە و لەسەر هەمان ڕێگە و ڕێباز بووە، وەك ئەوەی لقێك بووبێت لە ناوەندی سەرەکی مەدرەسەکە.

لە ئێستادا تەنها بینایەکی کۆنە، ئاساری گومبەزێکی ڕوخاوی بەردین لەو جێگەدا هەیە، دەوترێت کاتی خۆی گومبەزی سەر گۆڕەکەی غەزالی بووە و بە تێپەڕبوونی کات ڕوخاوە و چاك نەکراوەتەوە، هەوڵێك هەیە لە ئێران بۆ پارێزگاری لە ئاسەوار و مەزار و شوێنە دێرینەکان، وەلێ تا ئێستا مەزاری غەزالی وەك خۆیەتی، لە کاتێکدا سااڵنە خەڵکانێك سەردانی ئەو مەزارە دەکەن، زانایان و لێکۆڵەران و

فەیلەسوفان و قوتابیانی زانستیان تێدایە و بە یادی ئەو کەڵە زانایە ڕوو لەو شوێنە دەکەن.

لەگەڵ ئاغا جەواد تەکسییەکمان گرت بۆ شاری تووس و گۆڕستانی فیردەوسی، مامەڵەمان لەگەڵ کرد ئەو ڕۆژە تا ئێوارە لەگەڵمان بێت، تووس بیست و پێنج کیلۆمەتر لە مەشهەدەوە دوورە، بە شەقامی خوسرەوی نوێدا گوزەرمان کرد و کەوتینە سەر ڕێگەی سەرەکی شاری تووس، کاتێ نزیکبووینەوە لە شارەکە تابلۆی سەر جادەکە ئاماژەی دەکرد بۆ (ئارامگای فیردەوسی)، مەزاری ئیمام غەزلی بە ئۆتۆمبێل پێنج خولەك لە مەزاری فیردەوسییەوە دوورە.

گەیشتینە خزمەت غەزالی و چووینە سەر گۆڕەکەی، وتم ئاغا جەواد لە غەزالی بڕوانە بزانە چی تێدەگەی.

ئۆتۆمبێلەکەمان لە تەنیشت مەزارەکە ڕاگرت، هەر کە وەستاین پیاوێکی لاوازی ڕیش سپی سوورکاری باڵا میانەمان لێ پەیدا بوو، وتی: سەردانی غەزالی دەکەن؟

وتمان: بەڵێ.

وتی: بەدوامدا وەرن.

ئێمەش شوێنیکەوتین تا بردینی بۆ سەر گۆڕەکەی، خۆشبەختانە مەزارەکە چۆڵ بوو، پیاوەکە غەریب و نامۆ هاتە پێش چاوان، خۆی نەهاتە پێشەوە، تەنها وتی: ئەوە گۆڕەکەیەتی.

ئەوەی وت و لە دوای ئێمەوە دانیشت.

ئادابی شەرعی سەردانیکردنی گۆڕی سالْحانمان بەجێهێنا، هەر یەکەمان کەوتینە ناو دنیای رۆحی خۆمان، هەردوو بە خزمەتی غەزالی گەیشتین، دڵخۆش بوو بە هاتنمان، ئەوەی جێگەی سەرسوڕمان بوو ئەوە بوو ئەو پیاوەی پێشوازی لێ کردین کاتێ ئۆتۆمبێلەکەمان وەستاند، هەمان ئەو غەزالییە بوو ئێمە بە موشاهەدەی رۆح بە خزمەتی گەیشتین، گلەیی هەبوو لە ئاغا جەواد چەندین جار هاتووەتە مەشهەد و سەردانی ئەوی نەکردووە، دەستی هەردووکمانی گرت، وتی: وەرن لەگەڵم، هەر سێ رومان لە کۆشکێکی مەزن کرد، دەرگامان بۆ خرایە سەر پشت، چوینە ژوورەوە مەجلیسێکی نوورینمان بینی، ئیمامی عەلی و کۆمەڵێك لە ئیمامانی مەزن، لەناو ئەواندا ئیمام رەزا، رۆیشتین دەستی ئیمام عەلیمان ماچ کرد، سەلامان کرد لە دانیشتوان، ئیمام عەلی غەزالی بانگکرد و لای خۆیەوە داینا، رووی لە ئێمە کرد و فەرمووی: ئەم پیاوە لە ئێمەیە.

غەزالی لە شەرمی مەجلیسەکە سەری داخست، ئەوجا رووی لە ئاغا جەواد کرد و فەرمووی: هەرکات هاتی بۆ مەشهەد بۆ سەردانی نەوەی

ئێمە عەلی رەزا، سەردانی خۆشەویستی ئێمە غەزالی بکە، ئاغا جەواد لە شەرمەزاریدا وەخت بوو بچێت بە ناخی زەویدا، پاشان ئیمامی عەلی رووی لە ئیمام عەلی رەزا کرد و فەرمووی: مافی جیرانی بدە، غەزالی جیرانی تۆیە، ئیمام رەزا بە شەرمەوە سەری نەوی کرد.

ئەوجا ئیمام عەلی سەرنجی خستە سەر من و فەرمووی: یاخوا بەخێر بێن، لە وڵاتی کوردانەوە، لە هەموو سەر زەوی پشکۆی ئیمان بکوژێتەوە لای ئێوە دەمێنێت.

ئەوان هەستان و رۆیشتن، من بەئاگاهاتمەوە و بە پەلە ئاوڕمدایەوە بۆ بینینی پیاوە ریش سپییەکە، ئەو پیاوەی پێشوازی لێ کردین، بەڵام دیار نەما و بزر بوو، چوومە دەرەوە و هەموو ئەو ناوەم پشکنی نەمبینییەوە، هاتمەوە بۆ لای ئاغا جەواد، تەماشایەکی کرد و پێکەنی و وتی: بەدوایدا گەڕای؟

وتم: بەڵێ.

وتی: غەزالی بوو، ماشەڵا چەند بە قەدرە لای ئالوبەیت، من رووزەردی لای ئەو بووم، ئەو هەموو جارە هاتوومەتە مەشهەد و زیارەتی ئەوم نەکردووە.

وتم: هەوڵبدە مەزارەکەی پاك و خاوێن بکرێت، ببێت بە جێگەیەکی شایستە بە ئیمامی غەزالی.

ئاغا جەواد وتی: دوعام بۆ بکە، بتوانم ئەو کارە بکەم.

مەجلیسەکە مەجلیسی مەزنان بوو، بۆ رێزنان لە غەزالی ئامادە کرابوو.

لە دوای سەردانی غەزالی سەردانی گۆڕستانی فیردەوسیان کرد، فیردەوسی شاعیری شانامە داستانی مێژووی کۆنی ئێرانی بە هۆنراوە داڕشتووە، لە تووس لە دایکبووە و هەر لەوێش ساڵی هەزار و بیستی زایینی کۆچی دوایی کردووە، خاوەن بەناوبانگترین مەلحەمەی شیعرییە بە ناوی شانامە کە شەست هەزار دێڕ هۆنراوەیە، سی ساڵ خەریکی نووسینی شانامە بووە، ئامانجی زیندووکردنەوەی مێژووی کۆنی ئێران بووە، هەڵبەت لەگەڵ ئەوەش پارێزگاری کردووە لە زمانی فارسی، مێژووی دێرینی ئێران لە چاخە کۆنەکانەوە باس دەکات هەتا فەتحی ئیسلامی، چەندین پاڵەوانی ئەفسانەیی داهێناوە لەوانە رۆستەم و سوهراب.

فیردەوسی شانامەکەی پێشکەش بە سوڵتان مەحموودی غەزنەوی کردووە کە لەو کاتەدا فەرمانڕەوای ئێران و ئەفغانستان بووە، فیردەوسی پێیوابوو سوڵتان مەحموود مەزنترین خەڵاتی دەکات، بەڵام هەدیەیەکی کەم نرخی پێداوە، ئەوەش فیردەوسی نیگەران دەکات، بۆیە بە هۆنراوەکانی کەوتە هێرش و پەلامار دژ بە سوڵتان مەحموود، ئەوەش

سەریکێشا بۆ نەفی کردنی فیردەوسی، دەشڵێن بۆ خۆی ماوەیەك شاری تووسی بەجێهێڵاوە.

فیردەوسی وەك شاعیرێکی هەژار و بێهیوا ژیاوە و هەر بەو جۆرەش سەریناوەتەوە، بەڵام لەدوای مردنی شانامە دەبێتە شاکارێکی مەزنی ئەدەبی و تاکو ئەمڕۆش گەورەترین کاریگەری هەیە لەسەر رۆشنبیری ئێرانی.

مەزاری فیردەوسی لە ناوەندی باخچەیەکی مەزندایە، پڕ لە درەخت و گوڵ، ئەوەش ئارامی و جوانی سروشتی بە شوێنەکە بەخشیوە، چەندینن نافوورە و ڕاڕەوی بۆ دروستکراوە، جێگەیەکە بۆ هێوربوونەوە و تێڕامان.

مۆزەخانەی فیردەوسی، پێشی دەوترێت مۆزەخانەی تووس، چەندین مەختووتە لەخۆ دەگرێت، لەوانە مەختووتەی شانامە و پەیکەری نواندنی جەنگی ڕۆستەم و سوهراب و ڕووداوەکانی تری ناو شانامە، بەشێك لە مۆزەخانەکە مێژووی شاری تووس لەخۆ دەگرێت و گرنگی ڕۆشنبیری شارەکە دەردەخات.

فیردەوسی بووە بە هێمایەك بۆ شوناسی فارسی، عاشقانی ئەدەب و شیعر و مێژوو ڕوو لە مەزارەکەی دەکەن، سااڵنە میهرەجانێکی شیعر و ئەدەب لەو شارە ئامادە دەکرێت و لە هەموو جیهانەوە ئەدیبان و

شاعیران و مێژوونووسانی بۆ بانگهێشت دەکرێت، هۆڵێکی مەزنی بۆ دروستکراوە بۆ ئەنجامدانی بۆنەکان تیایدا.

لە ڕاڕەوی چوونە ژوورەوە بۆ لای گۆڕی فیردەوسی پەیکەری مەزنی ڕۆستەم و سوهراب دانراوە، گۆڕەکەی لە بینایەك پێکهاتووە بە بەردی سروشتی سپی دروستکراوە و نەقش و زەخرەفەی جوانی لەسەر کێشراوە، چەندین دێڕ هۆنراوەی شانامە لەسەر دیوارەکان نوسراون، نەخشەی گۆڕەکە تەلارسازی ئەخمینییەکان و هونەری ساسانی نیشان دەدات، بۆئەوەی فیردەوسی وەك هێمایەکی نیشتمانپەروەر بەنرخێنن.

لەگەڵ ئاغا جەواد هەموو ئەو شوێنانە گەڕاین، کاتەکەی لە نیوەڕۆ نزیك بوو، گەڕاینەوە بۆ لای تەکسییەکەمان، پێمانخۆش بوو بچین لەناو شاری تووس نوێژەکانمان بکەین و دواتر ژەمی نیوەڕۆ بخۆین.

سواری تەکسییەکە بووین و ڕوومان لە چەقی شاری تووس کرد، چاوگەی گچك چاوگەیەکی ئاوی سروشتی شیرینە، نزیکە بە شارەکە، لە کۆندا خەڵکی شارەکە ئەو چاوگەیان بۆ خواردنەوە و پاککردنەوە و کشتوکاڵ بەکارهێناوە، باوەڕوایە بۆ گەدە و پێست ئاوێکی شفابەخشە، ئاوەکەی لە چینە قوواڵەکانی زەوییەوە هەڵدەقوڵێت، بۆیە بە پاککترین و سازگارترین ئاو دادەنرێت، بەناو کۆمەڵێك زەوی کشتوکاڵی و دنیایەکی سەوز بە درەخت و باخ.و بێستان، تێدەپەڕی و دیمەنێکی سروشتی جوان

بە ناوچەکە دەبەخشێت، ئاوی چەشمەی گچك تەنانەت لە هاوینیش سارده، خەڵکی روو لە چەشمەی گچك دەکەن بۆ وەرگرتنی ئارامی و چێژبینین لە دیمەن و تابلۆی سروشت.

لە کۆندا شاری تووس ناوەندێکی بازرگانی بووە، شورا بە دەوری شارەکەدا هەبووە، لە سەردەمی عەباسییەکان و سەفەوییەکان گرنگی خۆی هەبووە، باوەڕ وایە گۆڕی خەلیفەی عەباسی، هارووونە رەشید لەم شارە بێت، شارەکە دەکەوێتە سەر ڕێگەی حەریر و لە کۆندا چالاکی بازرگانی زۆری تێدا ئەنجام دراوە.

بازاڕە کۆنەکەی شاری تووس کەوتووەتە ناو شورای شارەکەوە، نزیك بە دەروازە سەرەکییەکان، ئەوەش بۆ پارێزگاری لە بازرگانان و کاوانییەکانیان، ڕێگە و بانی گەڕەکە کۆنەکان بە بەرد فەرشڕێژ کراوە، بازاڕەکان بەپێی پیشەکان دابەش کراون، بازاڕی عەتارەکان، بازاڕی مسگەرەکان، بازاڕی تەزبێح، بازاڕی پیشەوەرەکان.

لە هند و یەمەن و نیمچە دوورگەی عەرەبییەوە عەتر و بوخوور، و ئاورشمی چینی، و قوماشی برۆکاری دیمەشقی بەناوبانگ ڕووی لەم شارە کردووە، وشەی برۆکار لە بنچینەدا وشەیەکی فەرەنسییە، جۆرە قوماشێك بووە لە ئاورشمی پاڵفتە.

بەردی بە نرخ لە یاقووت و پیرۆزە و عەقیق کە لە بەدخشان و یەمامەی جەزیرەی عەرەبییەوە هێنراوە، گەیەنراوەتە شاری تووس، بەدخشان ناوچەیەکە لەسەر زنجیرەی چیای هندۆگوش، لە خۆرهەڵاتەوە چین، و لە باکوورەوە تاجیکستان ئەفغانستان، و لە باشوورەوە پاکستان، دەورەی ناوچەکەی داوە، بە چیای زۆر و سەخت، شیو و دۆڵی قووڵ و بێشومار بەناوبانگە، بەردە بەنرخەکان، وەك لازۆرد و یاقووت، لەم ناوچەیە دەردەهێنرێن، بەشێك لە راپەوی واخان کە رێگەیەکی شاخاوی بووە و بازرگانان لەسەر رێگەی حەریر بەکاریان هێناوە، دەکەوێتە ناوچەی بەدخشان، ئێستاش یاقووتی بەدخشان جوانترین و رەسەنترین یاقووتە، بەشێك لە تابووتی فیرعەونییەکان و موجەوهەراتی شاهانە لە هەر سێ شارستانێتی دۆڵی رافیدەین و مسر و ئێران، لە لازۆرد دروستکراون و باوەڕوایە مادەکانیان لە ناوچەی بەدخشانەوە رەوانەی ئەو وڵاتانە کراوە.

لەبەرئەوەی شاری تووس شارێکی زانستی بووە، دەیان جۆر مەختووتەی تێدا پارێزراوە، بە تایبەت موصحەف و شانامەی فیردەوسی، تاکو ئێستاش بازرگانی کتێب و مەختووتە لەم شارەدا رەواجی هەیە.

لە کۆندا لەم شارەدا بازاڕێکی تایبەت بە خۆراك و بەهارات بوونی هەبووە، لەوانە زەعفەران و مێوژ و گوێز و خورما کە لە خوراسان و هندستانەوە هاوەردە کراون.

شاری تووس بە دروستکردنی دەفری مس و ئیبریقی نەخشێنراو، بەناوبانگ بووە، بۆیە بازاڕێکی تایبەت بە مسگەرەکان بوونی هەبووە.

بازاڕی عەتارەکان لێوان لێوە بووە بە گیای پزیشکی و بوخوور و عوود و بەهارات، پزیشکان و دەرمانسازان رووبان لەم بازاڕە کردووە.

لە ئێستا شاری تووس ئەو گرنگییەی سەردەمانی پێشووی نەماوە، بەڵام نزیك بەم شارە و لە شاری مەشهەد بازاڕی بازرگانی مەزن هەیە، لەوانە بازاڕی رەزا و بازاڕی بەردی بەنرخ.

لە مزگەوتی گەورەی تووس نوێژەکانمان بە جەماعەت ئەنجامدا، ئیمامەکەمان شێعە بوو، بەڵام ئاغا جەواد دەیوت من دەیناسم کەسێکی بیروباوەڕ پاك و بۆ خودا سوڵحاوە، من وەك کەسێکی ئەهلی سوننەت نوێژەکەم کرد، بەڵام لەگەڵ ئەوەش بە جەماعەت ئەنجاممدا، چوار رکات بە وەستان و خوێندنی سورەتی فاتیحە و رکووع و سجوود و تەحیاتەوە، لەدوای تەواوبوونی نوێژەکە ئیمامی مزگەوتەکە و نوێژخوێنان هاتن بۆ لام و تەوقەیان لەگەڵ کردم، دڵخۆشییان دەربڕی، مزگەوتەکە لە

سەردەمی سەفەوییەکان بیناکراوە، هونەری ئێرانی و ئیسلامی لەسەر نەخش بووە و بەشێکە لە رەسەنایەتی شارەکە.

لەم جێگە مینا پرسی: ئایا نوێژکردن لە پشت ئیمامی شێعەوە دروستە، ئیمامەکانی ئەهلی سوننەت چی دەڵێن لەو بارەیەوە؟

وتم: مینا گیان، ئەهلی سوننە لە هەر چوار مەزهەبەکەدا دەبن بە دوو بەشەوە، بەشێکیان دەڵێن دروستە و بەشێکیان دەڵێن دروست نییە، ئەم جیاوازییەش بۆ جیاوازییان دەگەڕێتەوە لە روانینی بیروباوەڕی شێعە، ئەوەش سێ بۆچوونە، تۆندگیران شێعە لە ئیسلام دەردەکەن و لەوێشەوە نوێژکردن لە پشتیانەوە بە دروست دانانێن، بۆچوونی دووەم شێعە بە ئەهلی ئیسلام دادەنێ و پێیانوایە گەر بیدعەیەکی نەبێت لە ئیسلام دەریبکات دروستە نوێژ لە پشتییەوە بکرێت، دەستەی سێیەم، شێعەی دوازدە ئیمامی و زەیدی بە مەزهەبێك لە مەزهەبەکان دەزانێت و نوێژکردن لە پشتیانەوە وەك نوێژکردنی کەسێکی حەنبەلی مەزهەبە لە پشت ئیمامێکی حەنەفی مەزهەبەوە، یان بە پێچەوانەوە.

پاشان رۆیشتین ژەمی نیوەڕۆمان خوارد، شاری تووس چێشتخانەی تایبەت بە خۆی هەیە، لەوانە چێشتخانەی خەسرەو شاهی و چێشتخانەی قەڵا، ژەمی ئێرانی نەرێتی و کەبابیان تێدا پێشکەش دەکرێت.

چەند رۆژێکی خۆشمان لە شاری مەشهەد بەسەر برد، بڕیارماندا بە شەمەنەفەر بگەڕێینەوە بۆ شاری کاشان، بە قیتار نزیك چوارده سەعات رێگەیە.

لەناو قیتارەکە کاتی زۆرمان بە دەستەوە بوو، لە ئاغا جەوادم پرسی: باوکت کاری چی بوو؟ چۆن کەوتی بەسەر بازاڕی عەتر و بۆندا؟

ئاغا جەواد وتی: باوکم پیاوێکی هەژار بوو، کرێچی بووین، پێنج سەر خێزان بووین، بەڵام زۆر بەختەوەر بووین، دایك و باوکم ژن و پیاوێکی تەبا بوون، بە عیشقەوە لەگەڵ یەکتر دەژیان، خواناس و دیندار بوون، خۆشەویستی پێغەمبەری ئەکرەم و ئالوبەیتی موبارەکی ویردی سەر زمانیان بوو، رازی لە خودا و ئەو بەشەی پێیدابوون، قەناعەت کاڵای باڵایان بوو، ئارامگر لە کاتی نەخۆشی و ناخۆشی و هەندێ کاتیش نەبوونی، دایکم دروومانی دەکرد و کڵاو و گۆرەوی دەچنی و باوکم دەیبرد بۆ دوکانەکان و ساغی دەکردەوە، لەگەڵ ئەوەش کاری باخەوانی دەکرد، بە پاسکیلێکی سێ تایە کوچە و کۆڵانەکان دەگەڕا و باخی مااڵنی هەڵدەپاچی و دار و گوڵی بۆ دەناشتن و باخەکەی پاك دەکردەوە، ئەو وەرزانەش کاری باخەوانی کز دەبوو، چەرخێکی پێبوو چەقۆ و کارد و خەنجەر و داسی دەمەزمرد و تیژ دەکرد، چەرخەکەی دەخستە ناو سەبەتی پاسکیلە سێ تایەکە و بە کۆڵان و گەڕەکەکاندا هاواری دەکرد

و خەڵکی گەڕەك لێی کۆدەبوونەوە، کە منداڵبووم هەندێ جار سواری پاسکیلەکەی دەکردم و لەگەڵ خۆی دەیبردم، ئای تامی ئەو سواربیە چەند خۆش بوو! هەموو شاری کاشان باوکمیان دەناسی، پیاوێکی پاك بوو، ئەهلی ئەمانەت بوو، لای هەموان خۆشەویست بوو.

ئەو روداوەی ژیانی باوکم و ژیانی ئێمەی گۆڕی ئەمە بوو: لە شەوێکی ساردی زستان چاو دەکاتەوە سێ کەس بە پۆشاکی سەوزەوە لە ژوورەکەی بە پێوە وەستاون، پێی دەڵێن هەستە و لەگەڵمان وەرە، ئەویش بەبێ ویستی خۆی و سەرسامانە هەڵدەستێت و شوێنی سێ پیاوەکە دەکەوێت، چەند جار بۆمانی گێڕاوەتەوە، با لەسەر زمانی خۆی بۆت بگێڕمەوە، ئەو دەیوت: سێ کەسەکە باڵایان بەرز بوو، جۆرە پۆشاکێکیان لەبەر بوو هیچ کەس پۆشاکی لەو جۆرە ناپۆشێت، یەکێکیان لە پێشمەوە و دوانیان لای راست و چەپم، وتیان ئاوڕ مەدەرەوە، تەنها بڕۆ، ماوەیەك رۆیشتین، شارمان بەجێهێڵا، بردمیانە بینایەك بانق بوو، لە بیناکە بردمیانە ناو ژوورێك پارەی تێدا دانرابوو، کیسێکی نایلۆنیان هێنا و وتیان چەندت دەوێ پارەی تێ بکە، وتم هیچم ناوێ، ئەمە پارەی من نییە، بە من حەڵاڵ نییە، وتیان ئێمە حەرام دەرخواردی تۆ نادەین، چەندت دەوێ لێی ببە، وتم من ژیانم باشە و شوکری خودا دەکەم لەشم ساغە و کار و کەسابەتم هەیە، پارەم ناوێت، هەرچەند هەوڵیاندا

نەچوومە ژێر وەرگرتنی پارەکە، وتیان کەوابوو هەستە با بتبەینەوە، وتم خۆم دەڕۆمەوە، تەماشای یەکتریان کرد و پێکەنین، وتیان بۆچی تۆ پێتوایە لە کوێی؟ وتم لە قەراغ شارەکەی خۆمان، وتیان یەك مانگ بە پێیان ئەوجا دەگەیەوە شارەکەی خۆت، پرسیم: بۆچی من لە کوێم؟ وتیان لە ئەوپەڕی زنجیرە چیای قەوقازی، وەرە با بتبەینەوە بۆ شارەکەی خۆت، لەگەڵیان هاتمە دەرەوە، یەکێکیان پێشمکەوت و دوانیان لای راست و چەپمەوە، کەوتینە ڕێ، نازانم چۆن بوو ئاوڕمدایەوە، بینیم بە دوو ریز لە چەپ و راستەوە هەتا چاو هانا بکات تارمایی لە دوامانەوە شەپۆل دەدات و لەگەڵمان دێن، پاش کەمێك ڕێگە بڕین هاتینەوە شاری کاشان و بەر دەرگای ماڵەکەی خۆمان، لەبەر دەرگاکە پێچراوەکیان دایە دەستم، کێشەکەی لە کیلۆ زیاتر بوو، وتیان ئەمە هەدیەیە، تۆ لە تاقیکردنەوەکە دەرچوویت، بە جەوادی کوڕت بڵێ با کاری عەتر و بۆن بکات، خودا دەرگای ڕۆزی لێ دەکاتەوە، هاتمە حەوشەکە و ئەوان ڕۆیشتن، هاتمە ژوورەوە، لە ترس و سەرسامیدا بوورامەوە، بەئاگا هاتم بانگی بەیانی بوو، خێزانم خەبەر کردەوە، وتم چاکترە ئێستا ڕوداوەکەی بۆ باس بکەم، وتم ئافرەت، من ئەم شەو ڕوداوێکی لەم جۆرەم بەسەردا هاتووە، گەڕامەوە ناو ژوورەکە بوورامەوە، ئێستا بەئاگا هاتمەوە، ئەو پێچراوەیان داوەتە دەستم بیکەرەوە بزانە چییە، خێزانم هێنای و وتی

خۆت بیکەرەوە، پێچراوەکەم کردەوە، دوو شت بوو: شووشە عەترێك و هەندێ زێڕ کە لەناو سورب پێچرابوویەوە، وتم بە خێزانم هەڵیبگرە و هیچ شت لای منداڵەکان و خەڵکی باس مەکە، زیاتر لە سااڵنێك بەسەر ئەو روداوەتە تێپەڕی، گوێم هەڵدەخست بزانم کەس عەتر و زێڕی بزر نەکردووە، هەندێ کەسیشم ئاگادار کرد گەر یەکێك شتی لێ بزر بوو بوو ئاگادارم بکەنەوە، من شتێکم دۆزیوەتەوە، هیچ کەس هەواڵ و سۆراخی ئەوەی نەکرد بە من درابوو، خێزانم وتی: دڵنیابە ئەمە هەدیەی خودایە، با بیفرۆشین و خۆمان لە کرێچێتی رزگار بکەین، لە تاران کەم کەم زێڕەکەم ساغ کردەوە، تا توانیمان خانوویەك بکڕین.

ئاغا جەواد دوای چیرۆکەکەی باوکی کەوتەوە سەر بەسەرهاتی خۆی و وتی: من تەمەنم سیازدە ساڵان بوو، چووینە ناو خانووی خۆمان، دوای کڕینی خانووەکە باوکم دوکانێکی بچووکی عەتر و بۆنی دانا و منیشی لەگەڵ خۆی دەبرد بۆ دوکانەکە، لەو دوکانە بچووکەوە خودا دەرگای رۆزی لێ کردینەوە، خوشکەکانم مێردیان کرد، من ژنم هێنا، خودا دوو منداڵی پێ بەخشین، دوای تەمەنێکی پڕ لە خێر و عیبادەت دایکم و باوکم لە یەك هەفتەدا کۆچیان دوایی کرد، هەڵبەت سااڵنێك دوای حەجەکەیان، باوکم پیاوێکی خێرۆمەند بوو، چاوی لە هەژاری ئەم شارە بوو، خۆی هەژاری چەشتبوو، پیاوێك بوو هیچی لە خۆی نەدەناسی،

زۆر شوکری خودای دەکرد، ماڵ و سامانی بە ئەمانەت دەزانی، لەوانەیە ئەویش-وەك خۆی- بە قەدەر هەژارێك لەو دەوڵەمەندبوون و دەرگای رۆزییە نانی خوارد بێت، زۆربەی کات بەڕۆژوو بوو، زیادەڕوی و دەستپڕانی نەبوو، بەر لەو روداوە باوکم خۆشخۆرتر بوو، لەدوای ئەو روداوە زوهدی لە خواردن و زرق و برقی دنیا کرد، راستە دەوڵەمەند بوو، بەڵام رەفتار و ئەخلاقی هەروەك جاران هەژارانە بوو، کەسێکی خاکی و پڕ لە تەوازوع، خۆشەویستی خەڵکی شار بۆ ئەو زیادی کرد، کەمی نەکرد، هەتا کۆچی دوایی کرد عارەبانە سێ تایەکەی لە حەوشەکە دانابوو، دەیپاراست و وەك توحفەیەك پارێزگاری لێ دەکرد.

ئەوجا ئاغا جەواد وتی: ئێستا تۆ باسی خۆت و باوکت و ژیان و گوزەرانم بۆ بکە، منیش بە دوور و درێژی هەموو شتێکم بۆ باس کرد، کاری باوکم و ژیان و گوزەران و نهێنییەکانی ئەو و مردنی، پاشان گەڕانی من و ناسینی پیاو چاکان و دۆستانی خودا و کار و کەسابەت.

ئاغا جەواد وتی: باوکم هەموو جار دەیوت لە کوردستانەوە بۆنی پیاوێك دەکەم، هاوتەمەنی خۆمە، نیشانیانداوم، قوماشفرۆشە، ئێمە دەمانوت باوکە، ئەوە تەنها خەونە، شاری ئێمە لە کوێ و کوردستان لە کوێ! دەیوت ئەی بۆچی لە دووری سەدان کیلۆمەتر یەعقووب بۆنی کراسەکەی یوسفی دەکرد؟! دەمانوت ئەو پێغەمبەر بوو، دەیوت هەندێ

لەو کارانەی بۆ پێغەمبەران موعجیزەن خودا دەیکات بە کەرامەتێك و نیشانی بەندەیەکی لاوازی وەك منی دەدات، من دڵنیام ئەو بۆنی باوکی تۆی دەکرد، خۆزگە ئێستا باوکم لە ژیاندابا و چاوی بە هاتنی تۆ رۆشن بوایە و هاتنەدی کەراماتەکەی بینیبایە.

دوو رۆژی تر لە شاری کاشان ماینەوە و تەلەفونمان بە سەید رەحمان کرد و هات لە دوومان.

بە چاوی پڕ لە فرمێسك خواحافیزیمان لە یەکتر کرد، بەڵێنم لێ وەرگرت سەردانم بکات، ئەوجا سواربووین و گەڕاینەوە.

ئەمە پوختەیەك بوو لە ئەزموونی ژیانم، لە شەش شەودا بۆ ئێوەم باس کرد، هەر شارە و ئەزموونێك، هەر ئەزموونە و واڵابوونی ئاسۆیەکی بەرین و تاقیکردنەوەی جیهانێکی نوێ، هاوسەری ئازیزم لە بەشێکی رووداوەکان و ئەزموونەکان بەشدارە، شایەتحاڵی هەندێکی تریانە، ئەوەی نەگۆڕە لەناو تەمەنم بەزەیی خودایە بە من، لە هەموو قۆناغەکانی تەمەن دەستی لێ بەرنەداوم، لە تەنگانەکان دەرووی لێ کردمەوە، لەگەڵ خەڵکانی باش و دۆستانی ئازیز ئاشنایی بۆ دروست کردم، دایك و باوکێکی باوەڕدار و میهرەبانی پێ بەخشیم، ئافرەتێکی نموونەی کردە هاوسەرم، دەرگای رۆزی حەڵاڵی لێ واڵا کردم، تەندروستی باشی پێ بەخشیم، لە منداڵ بێ بەشی نەکردم، من نازانم چۆن شوکری مەولای

خۆم بکەم، خودایەکی میهرەبان و پەروەردگارێکی بە بەزەیی، خودایە، تۆ هەموو خێرێکت بە من بەخشی، لە کاتێکدا من شایستە نەبووم بەو هەموو چاکانەی تۆ، دەزانم هەموو ئەو نیعمەتانە لە مەزنی تۆیە، نەك لە شایستەبوونی من، دەزانم هەموو ئەوانە تاقیکردنەوەن بۆ من، تا ئاشکرا بێت شوکرت دەکەم، یان سپڵەیی دەنوێنم بەرانبەر چاکەکانت، خودایە، تۆ زۆر بەوەفای، بە چاکی باوکان و دایکان سەرۆکاری منداڵەکانیان دەکەی، چاوت لە هەژاران و غەریبان و لێقەوماوانە، مرۆڤ هەژار دەکەی تا فێری ئارامگرتن بێت، دەوڵەمەندی دەکەی تا شوکرت بکات، هەژاریت دروستکردووە، بەزەییشت هەڵداوەتە ناو دڵی دەوڵەمەندان تا لە هەژاران ئاوڕ بدەنەوە، نەخۆشیت خولقاندووە، شفا و چارەسەریشت داناوە، خودایە، نەزانی کاڵای باڵای مرۆڤە، خۆشەویستی زانستت لە دڵان رووواندووە و توانات بە زانایان بەخشیوە تاکو لێشاوی تاریکی نەزانی بڕەوێنن، خودایە پێغەمبەرانت بە پەیامەوە بۆ هیدایەتی مرۆڤایەتی ڕەوانە کردووە، کۆمەڵێ نهێنیت هەڵداوەتە دڵی هەندێ لە بەندەکان تا پێیان بسەلمێنن نوور و ڕەحمەت و زانست و حیکمەتی خودا سنووردار نییە، نووری حیکمەتی عاریفان لە چرای ریسالەت وەرگیراوە، عاریفترین کەس بە خودا پێغەمبەرانن.

ئەمەی باسم کرد، مشتێکە لە خەرمانێك، رۆداوەکان و نهێنییەکان زۆرترن لەوەی باسکرا، خۆم لادەوە لە باسی هەندێ لە کەسەکان، لە هەندێکیانەوە کەمێکم باس کردووە، ئەوەش چونکە ژیری مرۆڤ سنوورێکی هەیە لە وەرگرتن و حاڵبوون، دەزانم لە نووسینەوەی قسەکان لە تۆمارەکەوە پرسیاری زۆرت بۆ دروست دەبێت، خۆت بۆ وەڵامەکان بگەڕێ، وەڵامی ئامادە بۆ دنیای فکر و بیرە، نەك بۆ دنیای عیرفان، جیهانی عیرفان ئەزموون و چێژە، بۆیە گەڕان و کۆشانی گەرەکە.

لێرەدا مینا وتی: من هەر ئێستا کۆمەڵێك پرسیارم هەیە، دەربارەی دەفتەرەکەی پیری گەڕۆك، دەربارەی خودی پیری گەڕۆك، دەربارەی سەید تەها و سەید رافیع و حاجی سەلمان، دەربارەی مام حەمید و سەرئەنجامی، دەربارەی ئاغا جەواد و پەیوەندیتان!

وتم: کچی شیرینم، مینا گیان، تۆ مافی خۆتە عەوداڵی وێنەیەکی کاملّی چیرۆکەکە بیت، بەڵام باسەکەی من چیرۆك نییە، ئاشناکردنی تۆیە بە کۆمەڵێك جیهان، تێگەیشتن لە جیهانەکان ئامانجە، نەك ناساندنی کەسایەتییەکان.

مینا وتی: بەڵام لە کەسایەتییەکانەوە بە جیهانەکان ئاشنا دەبین؟

وتم: ئەوەندەی پێویست بێت بۆ ئاشنابوون بەو جیهانانە ئاماژەم بە کەسایەتییەکان داوە، دریژەپێدان خزمەت بە تۆ ناکات.

مینا وتی: تەنها وەڵامی یەك پرسیارم بدەرەوە، ئەوەش دەفتەرەكەیە، ئێستا لە كوێیە؟ چ كارێكی پێ ئەنجام دەدەی؟ راستەقینەی نهێنی ناو ئەو دەفتەرە چییە؟

وتم: دەمزانی ئەو پرسیارە دەكەی، چونكە پێتوایە هەموو نهێنییەكان لە ناو دەفتەرن، سەرەتا بزانە دڵی مرۆڤ قەشەنگترین و مەزنترین تێنووسە، ئەوە نییە خودا لە قورئاندا دەفەرموێت: (ئەوانە خودا لەناو دڵیان ئیمانی نووسیوە[٤٤])، لە ئێستادا دەفتەرەكە لای من نییە.

مینا پرسی: ئەی لای كێیە؟!

وتم: رادەست بە ئافرەتێك كراوە لە شارێكی تر.

مینا پرسی: بڵێی رۆژێك ئێمەش چاومان بە بینینی رۆشن ببێت؟

وتم: سەرەتا دەفتەری دڵی خۆت بخوێنەرەوە.

مینا رووی لە چرا خانی هاوسەرم كرد و پرسی: تۆ دەفتەرەكەت بینیوە؟

هاوسەرەكەم وتی: منیش هەروەك تۆ لەم شەوانە لە دەمی مامۆستام بیستووە، بەڵام چەند ساڵێك پێش ئێستا، رۆژێك ئافرەتێك سەردانی كردین، تەمەنی سەرو چل ساڵ بوو، كەسێكی عەوداڵ دیاربوو، مرۆڤێكی ئاسایی نەبوو، لە ناو خۆیدا نوقم بوو، دەتوت مەست و

-.-

(٤٤) ئاماژەیە بۆ ئایەتی: (... أُوْلَٰٓئِكَ كَتَبَ فِي قُلُوبِهِمُ ٱلْإِيمَٰنَ ...۝٢٢) المجادلة.

بێئاگایە، هەواڵی مامۆستای پرسی، وتم: لە بازارە، کەمێکی تر دەگەڕێتەوە، فەرمووم لێ کرد بۆ ژوورەوە، لە حەوشەکە دانیشت و وتی نایەمە ژوورەوە، مامۆستا گەڕایەوە و دوای بەخێرهاتن، بێ پرسیارکردن لە ئافرەتەکە، ڕۆیشت عەلاگەیەکی هێنا و ڕادەستی ئافرەتەکەی کرد، ئەو کات وامزانی پارەی تێدایە و ئافرەتەکە هەژار و موحتاجە، ئێستا تێدەگەم پارە نەبوو، پێچراوەی ناو عەلاگەکە دەفتەرەکە بوو.

مینا وتی: ئەو گشتە ساڵە نەتزانی لە کوێ دەفتەرەکەی حەشاردابوو؟

هاوسەرەکەم وتی: لە ژیانی خێزانیم لەگەڵ مامۆستا بۆ تەنها ڕۆژێکیش لە کارەکانی دڵکرمێن نەبووم تا بکەومە چاودێری کردن و پەردەلادان لەسەر نهێنییەکانی، بۆیە گەر دەفتەرەکەش لەبەردەست بوایە نەمدەکردەوە تا بزانم چی تێدا نووسراوە.

مینا وتی: هەردوو کاڵای باڵای یەکترن، خودا بۆ یەکترتان بهێڵێت.

خێزانم وتی: خوای میهرەبان بەختەوەری دنیا و دواڕۆژ بە تۆ ببەخشێت.

مینا: مامۆستا، دەمەوێ لە کۆتاییدا و لە ئەزموونی خۆتەوە، نەخشەڕێگەی بەرەو خوداچوونم بۆ دیاری بکەی، لە کوێوە و چۆن دەست پێ بکەم و قۆناغەکانی ڕێگە کامانەن؟

بیری خۆم ڕێکخست و وتم: کچی شیرینم، گەشتەکە لەو شوێنەوە دەست پێ دەکات ڕۆحت بەئاگا دێت، بێداربوونەوە ڕووت لێ دەکات، لە دۆخی بێئاگایی دێیە دەرەوە، هەست دەکەی دنیا ڕۆحت تێر ناکات، چونکە کۆتاییەکەی دابڕانە لە خۆشییەکانی دنیا، جا یان دنیا تۆ بەجێدەهێڵێت، یان تۆ دنیا بەجێدەهێڵی، هەست دەکەی تۆ بۆ کارێکی مەزن دروستکراوی، نەك تەنها بۆ خۆشی و چێژبینین لە دنیا، عاریفان دەڵێن: یەکەمین هەنگاوی ئەم ڕێگە بێدابوونەوەیە لە خەوی بێئاگایی، لێرەدا ئەرکی سەر شان تێڕامانە لە زۆری و فرەیی نیعمەتەکانی خودا لەسەر خۆت، هەروەها بیرکردنەوە لە مردن و دادگایی دوای مردن، مرۆڤ دەکەوێتە دەربڕینی ملکەچی بۆ خودا و پاڕانەوە لە خزمەتی، خودایە دڵم لە بێئاگایی بەئاگابهێنە.

ئەمەی وتمان هەنگاوی یەکەمە و پێشەکییە بۆ قۆناغەکانی تر.

بەدوای بێداربوونەوە قۆناغی دووەم دێتە بەرەوە، ئەوەش تۆبەکردنە لە گوناهان و گەڕانەوەی ڕاستگۆیانە بۆ لای پەروەردگار، تەوبەی ڕاستەقینە بە دڵ و زمان و ئەندامەکانە، دڵ پەشیمانی و نەدامەت ڕووی لێ دەکات، حەسرەت دایدەگرێت، دەکەوێتە لۆمەکردن و دادگایی کردنی خۆ بۆ گوناهانی، زمان دەکەوێتە داوای لێخۆشبوون و پاڕانەوە و

دەربڕینی زەلیلی لە خزمەت پەروەردگار، ئەندامەکانی جەستەش لە گوناهان دەکشێنەوە و دەست هەڵدەگرن.

قۆناغی سێیەم تێکۆشانە دژ بە نەفس، تێکۆشان و موجاهەدە بۆ تێکشکاندنی خو و خدە پەست و دزێوەکانە، بە گژداچوونی ئارەزوو و تەمبەڵییە، ڕێکخستنی کاتەکانە بۆ بەدەستهێنانی زانست و ئەنجامدانی عیبادەت و یادی خودا، ئارامگرتنە لەسەر وازهێنان لە گوناهان و ئەنجامدانی تاعەت و سەرپێچی لە نەفس و داخوازییە ناڕەواکانی، باشترین زکر لەم سەرەتاوە زکری (لا إله إلا الله)یە.

قۆناغی چوارەم پاکژبوونەوە و تەزکییەیە، واتە پاککردنەوەی دڵ و دەروون لە نەخۆشییەکان و سیفەتە پەستەکان، لەوانە خۆبەزلزانی و خۆپەسەندی و حەسادەت و ڕق و کینە، بەرانبەر بەم سیفەتانە خۆڕازاندنە بە سیفەتە بەرز و بڵندەکان، لە ئیخلاس و بەزەیی و خاکیبوون و ڕاستگۆیی و شوکردنی خودا و ئارامگرتن لەسەر ئازار و ناخۆشییەکان و خۆپارێزی لە گوناهان، بۆ ئەو مەبەستە پێویستت بە خوێندنەوەی کۆمەڵێك کتێبە لە مەیدانی تەزکییەدا، یان وەرگرتنی کۆمەڵێك وانە لای مامۆستایەکی شارەزا یان لای پیرێکی مەزن.

لێرەدا مینا پرسی: ناوی چەند کتێبێك لە مەیدانی تەزکییە؟

وتم: کتێبی (إحیاء علوم الدین) یان پوختەکەی بە ناوی (مختصر منهاج القاصدین)، هەروەها کتێبی (مدارج السالکین) و (منازل السائرین) و ریسالەی قوشەیری، ئەم کتێبانە نەخشەڕێگەن بۆ ڕۆیشتن بەرەو پەروەردگار.

گەر ئەم چوار قۆناغەی بڕی قۆناغێکی نوێ تیایدا سەرهەڵدەدات، ترسی لە خودا دەگۆڕێت بۆ خۆشەویستی و شەوق و تامەزرۆبوون بۆ دیداری، بە خوداوە هۆگر دەبێت، شیرینی دەکەوێتە ناو عیبادەت و یادی خودا، ئەمەش قۆناغی پێنجەمە.

لە قۆناغی شەشەمدا مەعریفەت و ناسینی خودا دێتە ئاراوە، ناسینی ناوەکان و سیفەتەکانی خودا، ئەم ناسینە جیایە لە ناسینەکەی سەرەتای دەست پێکردن، ئەوەیان ناسینێکی گشتییە، زانیارییە و زیاتر لەناو بیردایە، ئەم ناسینە لەناو دڵدایە و لە ئامادەبوونی دڵەوە لە خزمەت خودا سەرهەڵدەدات، مەعریفەیەکە لێوانلێوە بە چێژ، لێرەدا مرۆی باوەڕدار لە کارەکاندا یەکتایی بۆ دروست دەبێت.

مینا پرسی: یەکتایی لە کارەکاندا مانای چییە؟

وتم: هەرچی شتە لە خوداوە تەماشا دەکات، لە پشت روداوەکانەوە دەستی خودا دەبینێت، دەستی خودا واتە زانست و حیکمەت و

دەسەڵاتی خودا، لای ئەو دروستکراوان بەڵگە و نیشانەن بۆ ناسینی پەروەردگار.

مینا پرسی: قۆناغی حەوتەم؟

وتم: چەند قۆناغێکی تر بوونیان هەیە، بەڵام زمان ناتوانێ مافی باسکردنیان بدات، گەر کەسێك بتوانێ ئەم شەش قۆناغە ببڕێت، قۆناغەکانی تر بە رووبدا والّا دەبن.

مینا وتی: لە چەند وشەیەکدا پوختەی رێگەکە ئاماژە پێ بدە.

وتم: ئەم رێگە لەسەر سێ پایەیە: ئیمان، زانست، کاری چاکە، بە بڕینی قۆناغەکانی ئیحسان ئیمانت پەروەردە دەکەی، مەبەست بە زانست زانستە بە قورئان و فەرموودە و رۆشنکردنەوەی زانایان لە بوارە جۆراوجۆرەکان، عیبادەت و یادی خودا و کاری چاکەش لەسەر بنچینەی ئیمان و زانست ئەنجام بدرێت.

بۆ کۆتاهێنان بە شاری شەشەم و شارەکانی تر درێژەم بە قسەکانمدا و وتم: ئەزموونی شەش شارم خستە بەردەمت، تاکو بە ناویاندا گوزەر بکەی، بەڵکو بتوانی ئاسۆی شاری حەوتەم ببینی.

مینا بەسەرسوڕمانەوە پرسی: ئاسۆی شاری حەوتەم؟!

وتم: بەڵێ، مەزنترین شار و نزیکترین شار لە خۆت، شاری دڵی مرۆڤ، گەر ئاوەدان بێت، هەموو ژیان ئاوەدانە، گەر چۆڵکراو بێت، هەموو ژیان وێرانەیە.

مینا پرسی: بە چی و بە کێ شاری دڵ ئاوەدان دەبێتەوە؟

وتم: بە خۆشەویستی خودا و خۆشەویستی پێغەمبەر و خۆشەویستی مرۆڤ و ژیان و گەردوون، لای عاریفان دەیان مەنزیلەت بۆ ئیمان و ئیحسان باسکراون، لای غەزالی تەنها یەك مەنزیلەت بوونی هەیە، ئەوەش مەنزیلەتی مەحەبەتە، ئەی مەنزیلەتەکانی تر چین و لە کوێن؟ غەزالی دەڵێت: هەرچی مەنزیلەتە لە پێش مەحەبەتەوە پێشەکین بۆ لە دایکبوونی مەحەبەت، هەرچی مەنزیلەتە لە دوای مەحەبەتەوە بەری دەرختی مەحەبەتن، بۆیە مەحەبەت تەنها مەنزیلەتێکە هەموو مەنزیلەتەکان کۆدەکاتەوە.

مینا وتی: دەمەوێ دەربارەی رق شتێکم بۆ باس بکەی، ئایا رقی پیرۆز و رقی دزێو بوونی هەیە؟

وتم: رق لە باوەڕی چەوت و کاری ناپەسەند و زوڵم و زۆردارییە، من نااڵێم رقی پیرۆز، چونکە سیفەتی مرۆڤ پیرۆز نییە، دەڵێم ئیمانی راستەقینە بەشێکی خۆشویستنە و بەشێکی رقلێبوونە، خۆشەویستی بۆ

ئەوانەی شایستەن بە خۆشەویستی، رقیش لە باوەڕ و رەفتار و ئاکارێك مرۆڤ بە کۆیلە دەکەن.

مینا وتی: هەندێ پێیانوایە رق نەخۆشییە، ئایا رق بەو جۆرەیە؟

وتم: گەر کەسێکی زۆردار ببینیت ستەم لە مرۆڤێك بکات، مااڵی داگیر بکات، یان دەستدرێژی بکاتە سەر حەیا و حورمەتی، یان خوێنی بڕێژێت، ئایا دەبێ خۆشتبوێ یان رقت لە رەفتارەکەی بێت؟

مینا وتی: دەبێ رقم لە رەفتارەکەی بێت.

پرسیم: ئایا خۆشویستنی رەفتارەکەی نەخۆشییە، یان رقبوون لە رەفتارەکەی، کامیان لەگەڵ سروشت و فیترەتی تەندروستی مرۆڤ گونجاوە؟

مینا وتی: رقبوون لە رەفتارەکەی لەگەڵ ناخم گونجاوە.

وتم: مرۆڤ دەبێ رقی لە باوەڕ و رەفتاری خراپ بێت، نەك رق لە خودی کەسەکە.

مینا وتی: تێناگەم!

وتم: لە فەرموودەیەکدا کە ئیمامی بوخاری و موسلیم ریوایەتیان کردووە، پێغەمبەری ئەکرەم دەفەرموێ: (براکەت سەر بخە، ستەمکار بێت، یان ستەملێکراو)، پیاوێك پرسی: ئەی پێغەمبەری خودا، براکەم سەردەخەم کاتێ ستەملێکراو بێت، ئەی ئەگەر ستەمکار بوو، چۆن

سەریبخەم؟ فەرمووی: رێگری لێ بکە لە ستەمکردن، ئەوە سەرخستنییەتی)، ئێمە کاتێ لە ستەمکاری دەستی ستەمکار دەگرین رقمان لە کارە خراپەکەیەتی، لە هەمان کاتدا خاوەن بەزەیین بەرانبەر بە خودی خۆی، چونکە نامانەوێ ستەم بکات و خۆی رووبەڕووی توڕەبوونی خودا بکاتەوە.

مینا وتی: پێشتر وتت (رق لە باوەڕی چەوت)، ئایا ئەمە سەرناکێشێت بۆ چەوساندنەوەی کەسی بەرانبەر، واتە چەوساندنەوەی ئایینی و مەزهەبی؟ چونکە دەچین بە گژ باوەڕەکەیدا و ناچاری دەکەین باوەڕێکی تر وەربگرێت؟!

وتم: لە ئیسلامدا بۆ ژیانی دنیای مرۆڤەکان داننراوە بە فرەیی باوەڕدا، بۆ ئەوەی بتوانن لەگەڵ یەکتر بژین و ژیانیان پڕ نەبێت لە ململانێ و خوێنڕێژی، نەسارا دەڵێن عیسا کوڕی خودایە و ئیسلام وەك ئاینێك تەماشای دەکات و شوێنکەوتوانی ناچار ناکات لەسەر باوەڕێکی تر، هەر بەو جۆرە ئایینی جوولەکە و سابیئە و مەجووس، مەبەست بە (رق لە باوەڕی چەوت) ئەو باوەڕە داهێنراوانەن مرۆڤ و خێزان و کۆمەڵ و گەلان بەرەو هەڵدێر و پشێوی دەبەن، ئاشتی و ئارامی لە مرۆڤ دەشێوێنن، جیاکاری لە ناو مرۆڤەکاندا دروست دەکەن، جیاکاری چینایەتی، جیاکاری لەسەر بنچینەی ڕەنگ و ڕوو، جیاکاری ڕەگەز و

جۆر و جوغرافیا، نازییەکان دەیانوت رەگەزی ئەڵمان باڵاترین رەگەزە، یەهوودییەکان دەڵێن یەهوود گەلی هەڵبژێرراوی خودایە، رەش پێستەکانی ئەمریکا و باشووری ئەفریقا سەدان ساڵ لەسەر بنچینەی رەنگ و روو چەوسێنرانەوە، کیشوەری ئەوروپا خۆیان باڵاتر دەبینن لە گەلانی تر، چونکە پێیانوایە ژیار و شارستانییەت لەوانەوە سەریهەڵداوە و گەلانی تر بەربەرین، مارکس و ئینجلس مافی تەواو دەدەن بە چینی پرۆلیتاریا تەنها ئەوان لە لوتکەی هەرەمی دەسەڵاتدا بن و هەموو توێژ و چینەکانی تر بسڕنەوە، تەنانەت گەر ئەو دوو فەیلەسووفە بێلایەنانە شیکاری جوولەی مێژوویان کردبێت، کارەکەیان رێخۆشکەر بوو بۆ کوشتنی دەیان ملیۆن مرۆڤ لە یەکێتی سۆڤییەتی جاران، هەموو ئەمانە باوەڕی چەوت و خوارن، مرۆڤبوونمان دەشێوێنن، دەبێ بەرەنگاریان بینەوە، بەرەنگاربوونەوە مانای رەشە کوژی و پاکتاوکردن و سڕینەوە نییە، مانای بەرەنگاربوونەوەی فکرە بە فکر.

مینا وتی: ئامۆژگاریت چییە بۆ گەنجانی وەك من؟

وتم: خودا(سبحانه وتعالی) دەفەرموێت: ﴿... وَتَزَوَّدُواْ فَإِنَّ خَيْرَ ٱلزَّادِ ٱلتَّقْوَىٰۖ وَٱتَّقُونِ يَـٰٓأُوْلِى ٱلْأَلْبَـٰبِ﴿١٩٧﴾﴾ البقرة-تۆیشوو کۆبکەنەوە باشترین توێشوو تەقوایە، لە من بترسن و خۆپارێز بن، ئەی ژیرمەندان و خاوەنانی هۆش و فام.

ئێمەی مرۆڤ لە سەفەرێکی دوور و درێژداین، ژیانی دنیامان قۆناغێکە لەو قۆناغانە، لەبیرت نەچێت پێش ژیانی سەر زەوی دوو قۆناغی ترت بڕیوە، قۆناغی جیهانی رۆح و جیهانی ناو رەحمی دایکان، هێشتا سێ قۆناغی ترمان لەبەردەمە تا گەیشتن بە دواییین مەنزڵ و بەختەوەری هەتاهەتایی، قۆناغی بەرزەخ و قۆناغی زیندووبوونەوە و قۆناغی نیشتەجێبوون لە بەهەشت یان لە دۆزەخ، ئێمە بۆ کۆکردنەوەی توێشوو لاماندواوەتە سەر ئەم دوورگەیە، دوورگەی هەسارەی زەوی، کەشتی رۆیشتن و گەشتی دەریامان لە بەندەر لەنگەری گرتووە، چاوەڕوانی گەڕانەوەی ئێمەیە، دەبێ کاتی گەڕانەوە بۆ لای کەشتییەکە لە یاد نەکەین، گەشتەکەمان لەبیربێت، ژیانی ناو ئەم دوورگەیە فریومان نەدات، ئەگین بەجێدەمێنین.

تەقوا خۆپارێزییە لە دڕکێك بچەقێتە ناو جەستەی رۆح و لە جێگەدا دامان بنێت، عومەر(خوا لێی رازی بێت) لە یەکێك لە هاوەڵانی خۆی پرسی و وتی: وەسفی تەقوام بۆ بکە، هاوەڵەکەی پیاوێکی ژیرمەند بوو، ئەویش لە عومەری پرسی: ئەی ئەمیری باوەڕداران، ئایا هەرگیز بە رێگەیەکی دڕکاویدا رۆیشتووی؟ عومەر وتی: بەڵێ، پرسی: بۆئەوەی دڕك نەچەقێتە پێیەکانت، چیت دەکرد؟ عومەر وتی: خۆم هەڵدەکرد، و پێیەکانم دەگواستەوە بۆ شوێنێك دڕکی تێدانەبێت، پیاوەکە وتی: ئەو

کارەی تۆ بریتییە لە تەقوا، واتە بریتییە لە خۆپارێزی، بەڵام خۆپارێزی لە درۆ.

کەوابوو دەبێ لە درۆکی گوناە خۆمان بپارێزین، چاو و گوێ و دەست و زمان و سك و داوێنمان پارێزگاری لێبکەین تاکو مانای تەقوا لە خۆماندا بەدیبهێنین، کاتێك بەم مانا بەرز و بڵندە رازاینەوە لەگەڵبوونی خوداییان بۆ بەدەستەبەر دەبێت، خودا(سبحانه وتعالی) لە سێ شوێنی قورئان دەفەرموێت: ﴿... أَنَّ ٱللَّهَ مَعَ ٱلْمُتَّقِينَ﴿١٩٤﴾﴾ سُورَةُ البَقَرَةِ-خودا لەگەڵ خۆپارێزانە. کاتێ خودا لەگەڵ باوەڕدار بوو لە شەڕی نەفس و داوی شەیتان دەیپارێزێت.

کچی شیرینم، شەیتان حەسوودیت پێ دەبات، نایەوێت وەك گەنجێکی خواناس لەسەر رێگەی راست و دروست بەردەوام بیت، نایەوێ بەر ئەو فەرموودەی پێغەمبەر(صلی الله علیه وسلم) بکەوی کە دەفەرموێ: ((لە رۆژی قیامەت حەوت کۆمەڵ لەژێر سێبەری عەرشی خودا دادەدرێن، یەکێك لەو حەوت کۆمەڵە (گەنجێك لەناو عیبادەت و بەندایەتی خودا گەورە بووبێت))، مەهێڵە ئەو دوژمنە سەرسەختە زەفەرت پێ ببات و قەڵای باوەڕت داگیر بکات، قەڵای ئیمانی تۆ بریتییە لە دڵت، نابێ بهێڵی پڕ بێت لە حەز و ئارەزوو، مەهێڵە سەربازانی شەیتان دەستی بەسەردا بگرن، گەر حەز و ئارەزوو سوپای شەیتان بێت، یادی

خودا سوپای ڕەحمانە و گەرەکە بەو سوپا بەهێزە بەر لە سوپای شەیتان بگری.

کچی شیرینم، گەر هەموو مرۆڤایەتی لە نەوەکانی ئادەم، بچنە ناو ئاگر، تۆ بچییە ناو بەهەشت، بزانە تۆ براوە و سەرفرازی، گەر تەواوی مرۆڤەکان بە قسە و ئامۆژگاری تۆ بچنە بەهەشتەوە، بەڵام خوانەخواستە تۆ بەهەشت بەدەست نەهێنی، بزانە زیانۆمەندترین مرۆڤی، مرۆڤی باوەڕدار یەکەمجار خۆی رزگار دەکات ئەوجا کەسانی تر، بۆ خودا دەژی ئەوجا بۆ خەڵکی، واتە لەپێناو خودا بۆ خەڵکی دەژی، ئەگینا ئەو باکی بە کەس نییە، ئەو لەگەڵ پەروەردگار مامەڵە دەکات، ڕەوشتی جوانی، قسە و گوفتاری باشی، بەخشندەیی و لێبوردنی، کۆمەکی و دەستگرتنی، هەموو لەپێناو مەحبووبی خۆیدایە کە خودایە، دەبێ بزانین رازی کردنی هەموو خەڵك کارێکی ئەستەمە، بۆیە ڕەزامەندی خودا بەسەر هەموو شتەکانی تردا پێشبخە.

کچی شیرینم، یادی مردن بکە، سەفەری مردن بە گەنجی و پیری نییە، لە تافی گەنجیم هەندێ جار سەردانی گۆڕستانم دەکرد، لەبەرئەوەی گەنج بووم مردنم لە خۆم بەدوور دەزانی، ڕۆژێك ڕێمکەوت لە گۆڕێك ئەمەی لەسەر نووسرا بوو: (ئەمە گۆڕی فلانی کوڕی فلانە، قوتابی

کۆلێژی پزیشکی زانکۆی بەغدا، رۆژی وەرگرتنەوەی بڕوانامەکەی گەڕاوەتەوە بۆ شارەکەی خۆی، لە رێگە بە کارەساتی ئۆتۆمبێل گیانی لەدەستداوە)، ئەم تابلۆیە ساتێك تاساندمی، زۆر گریام بەسەر گۆڕەکەیدا، بەدرێژایی ئەو چەند ساڵە هەموو هەفتەیەك دەچوومە گۆڕستان و لەناو گۆڕێك رادەکشام و خۆم دەبردە ریزی مردووانەوە.

کچی شیرینم، تام و چێژی گوناە زوو گوزەر دەکات، بەڵام تاڵاو و کۆڵی قورسی گوناە زۆر دەمێنێتەوە، مرۆڤی ژیر بۆ ساتێکی کەمی تام و چێژ، تەمەنێك خۆی گیرۆدە ناکات، مرۆڤ لە گەنجیدا هەندێ گوناە دەکات هەتا پیری لەگەڵی دەمێنێتەوە، دۆستێکم بۆی باس کردم، وتی: (قوتابی پۆلی شەشی ئامادەیی بووم، لەگەڵ پێنج قوتابی تر لە مزگەوتێك حوجرەیەکیان پێدابووین، رۆژێك مزگەوتەکە چۆڵ بوو، نوێژی چێشتنگاوم دەکرد، لە ناکاو قسەی دوو پیاوی پیر کەوتە بەر گوێم، یەکێکیان لە ئەویتری پرسی: تەمەنت چەندە؟ وتی: نەوەد ساڵم، ئەی تۆ تەمەنت چەندە؟ وتی: هەشتا و پێنج ساڵم، ئەو پیاوەیان تەمەنی هەشتا و پێنج ساڵ بوو بە پیاوەکەی تری وت: فلان کەس، خراپم لێ قەوماوە، پرسی: چیت لێ قەوماوە؟ وتی: ئێواران کە دەڕۆمەوە بۆ ماڵەوە حەز دەکەم تەماشای ئافرەتان بکەم).

ئەمە راستەقینەی نەفسی ئێمەیە، بەهەمیشەیی سەوز و تەڕ و هەرزەیە، گەر لە گەنجییەوە دەستی بەسەردا نەگرین لە پیریدا رسوا و شەرمەزاری لای خودا و خەڵکمان دەکات.

کچی شیرینم، گوناە دەبێتە هۆی راکێشانی گوناهی تر، وەك چۆن چاکە چاکەی تر رادەکێشێت، سەرەتا لە گوناهێکی بچووکەوە دەست پێ دەکات، بەپێی تێپەڕبوونی کات وەك تۆپەڵی بەفر هەتا خول بخوات و بسوڕێتەوە قەبارەکەی گەورەتر دەبێت، دواجار خاوەنەکەی دەکات بەژێرەوە و لێشاوی گوناە و تاوان دایدەپۆشێت، لە قۆناغی زانکۆ گەنجێکم دەناسی، قورئانخوێن بوو، نوێژ و رۆژووی زۆر بوو، بانگی خەڵکی دەکرد بۆ لای خودا، تەنها یەك خاڵی لاوازی هەبوو، چاوی خۆی پێ رانەدەگیرا، لەم حەزە بچووکەوە بازنەی گوناە تیایدا بەرین بوو، تا دواجار بەربوویەوە بۆ ناو گوناهی گەورە، گوناهی گەورە لە خودا بێهیوای کرد، دواجار وازیهێنا لە هەموو پابەندبوونێك بە ئایینەوە.

کچی شیرینم، ئەنجامدانی پێنج نوێژەکە لە کاتی خۆیان، و یادی خودا لە زۆربەی کاتەکان، و خوێندن و گوێگرتن لە قورئان، و پاراستنی چاو و زمان، و خواردنی حەڵاڵ، پێنج پارێزەری بەهێزن، هەرگیز لە یادیان مەکە.

لێرەدا مینا وەك پشوودان بە خۆ هەناسەیەکی قوولّی هەلّمژی و وتی: بە پرسیارەکانم زیاتر ماندووت ناکەم، باسی ئەم شەش شارە رۆمانێکی تێر و تەواوە، هەموو قسەکانی تۆم تۆمار کردووە، تا ئەم جێگە لەسەر زمانی تۆ رۆمانەکە دەگێڕمەوە، لە کۆتایی رۆمانەکەش بۆ خۆم هەندێك دەدوێم.

کۆتایی

مینا دەدوێ

هەفتەیە لە مااڵی مامۆستا عیرفان بووم، خۆی و چراخانی هاوسەری بۆ من وەك باوك و دایك بوون، هەموو ناز و خۆشەویستییەکیان پێ بەخشیم، هەستم نەدەکرد لە مااڵیان بێگانەیەك بم، دەتوت تەمەنێکە دەیانناسم، رۆحم بەوان ئاشنا بوو، ئاشنایی و نزیکییەك لە رۆحیان بەربەستەکانی تەمەن و بێگانەبوونی تێپەڕاند، هەفتەیەك لە جیهانی مەلەکووت ژیام، هەرچی قورسی و شەکەتی دڵ و دەروونە بە بینینیان کۆتایی هات، ئێستا مرۆڤێکم سەر لە نوێ لە دایك بوومەتەوە، مینای جاران بوو بە رابردوو، رابردوویەك بەشێکی بێئاگایی و بەشێکی عەوداڵ و ناجێگیر، لە دوای بینینی مامۆستا و خاتوونی خێزانی، مینای کۆن و مینای نوێ بوو بە دوو قۆناغی ژیانم.

لە شاری فیترەت بەرائەت و سینەسافی و پەیبردن بە جوانی سروشت فێربووم، رەنگەکان و رەسەنایەتی بوو رۆحێك و کرا بە بەرمدا، لە شاری کەسابەت فێری ئارامگرتن و دڵسۆزی و خۆ رادەستکردن بە خودا بووم، فێری گرنگی بەدەستهێنانی نانی حەاڵڵ بووم، خەمخۆری و بەزەیی بۆ هەژاران بوو بە کاڵای باڵام، لە شاری ویلایەك نهێنییەکانی جیهانی عیرفانم بۆ واڵا بوو، تێگەیشتم لەودیو ئەم ژیانەی ئێمە دەستێکی نهێنی و قەدەرێکی خودایی کارەکان هەڵدەسوڕێنێت، لە شاری مەعریفەت گرنگی راستکردنەوەی بیروباوەڕ فێربووم، مەزنی سەفەری مەککە و

مەدینەم لا ئاشکرا بوو، ئەو دوو شوێنە پیرۆزەی هەموو موسڵمانان رووی لێ دەکەن و جیاوازییەکانی خۆیان وەلا دەنێن، لە شاری رەفاقەت فێری خۆشەویستی بووم بۆ مرۆڤ، بەتایبەت خۆشەویستی بۆ ئەوانەی هاو دڵ و هاو رۆحن، فێربووم خۆشەویستی سنووری مەزهەب و زمان و نەتەوە دەبەزێنێت، چونکە خۆشەویستی لە هەموو ئەوانە مەزنترە، خۆشەویستی لە رۆحەوەیە و جیاوازییەکانی تر لە بیر و بۆچوونەوە.

سەردانی مامۆستا و چرا خانی هاوسەری بۆ من تەنها بینین و قسە نەبوو، ئەوان نموونەیەکی باڵا بوون لە ئیمانی دامەزراو و پیبادەت و یادی خودا، ماڵەکەی ئەوان تەنها چوارچێوەیەك نەبوو، بەڵکو وەك کایەیەکی موگناتیسی رۆحانی بوو، هەر کەس رووی لێ بکات بە کێشندەی خۆی کێشی دەکات و لە دەوری خۆی مەست و سەوداسەری دەکات.

ئێستا دە ساڵ بەسەر یەکەمین سەردانم بۆ لای ئەوان تێپەڕیوە، لەو دە ساڵەدا چەندین جاری تر بە دیداریان شاد بووم، لە دواییین دیدارم لەگەڵیان-بە دیاریکراوی کاتی خواحافیزی- وتم: چرا خان، ئەم جارە گەڕامەوە بۆ لاتان دەبێ ژیانی خۆتم بۆ باس بکەی، چل ساڵ تەمەن لەگەڵ مامۆستا لێوانلێوە بە ئەزموون و روداو، تا من دێمەوە خۆت ئامادە

بکە و بیرت رێکبخە، هەندێ سەردێڕ و ناونیشان بنووسە، تامەزرۆم بۆ خوێندنەوەی لاپەڕەکانی ژیانت، پێویستم بە ئەزموونی دایکێکی مەزنە.

چرا خان وتی: هەوڵی خۆم دەدەم، لە دەفتەری یاداشتەکان هەندێ شتم تۆمار کردووە.

مامۆستا وتی: گەر جارێکی تر یەکترمان نەبینی، دیداری هەموومان لە جیهانی بەرزەخ.

بە بیستنی دواپین قسەی مامۆستا خورپەیەك کەوتە دڵم، چاوەکانم بە فرمێسك تەڕ بوون، وتم: خودا ئێوە بۆ من بهێڵێ و دوو جار بێباب نەکات.

دوای دوو ساڵ و لە ناوەڕاستی وەرزی پایز بڕیارمدا بۆ بینینیان سەفەرێکی تر بکەم، دەفتەر و تۆمارکەری دەنگ و پێویستی یەك هەفتەم لەگەڵ خۆم هەڵگرت و بەڕێکەوتم، زۆر تامەزرۆی دیدار بووم، کراسێکی کوردیم بۆ چرا خان بە دیاری هێنا بوو، چەند کتێبێکم بە دیاری بۆ مامۆستا کڕی بوو، ئەو ساتەم وێنا دەکرد تەقە دەدەم لە دەرگا و مامۆستا یان چرا خان دەرگاکە دەکەنەوە، بە رووبەکی خۆشەوە پێشوازیم لێ دەکەن، ئەمجارەیان بە تۆتۆمبێلی خۆم هاتبووم، ئۆتۆمبێلەکەم وەستاند و دابەزیم.

تەقەمدا لە دەرگا سەرەکییەکە، جارێك، دوو جار، سێ جار، هیچ وەڵام و دەنگێك نەبوو، لە دڵی خۆم وتم لەوانەیە لە شار بن، ئەوان زیاتر رۆژی پێنجشەم و جومعان لە شارن، ئەمڕۆ دووشەمە، لە درزێکی دەرگاکەوە تەماشای حەوشەکەم کرد پێدەچوو ماوەیەکی زۆر بێت چۆڵ کراوە، گەڵای درەختەکان شۆستە دڕێژەکەیان داپۆشی بوو، حەوزی ئاوەکە قەوزەی لەسەر نیشتبوو، لق و پۆپی دارەکان نەبڕابوون، گیاندارەکان و باڵندەکان نەدەبینران.

دواییین قسەی مامۆستام بە بیر هاتەوە: (گەر جارێکی تر یەکترمان نەبینی..)، ئەقڵم ویستی شتێك بڵێت، دڵم رێگەی پێ نەدا، دڵم پێمی وت خەیاڵی خراپ وەلابنێ، جارێکی تر تەماشای ناو حەوشەکەم کرد، لە چەند درزێکەوە سەرنجم دەدا، لای راستی دەرگاکە درزێکی بەرینی هەبوو، زۆر وردبوومەوە، لە ژێر یەکێك لە دار بەڕووەکان و لە دووڕەوە دوو کۆما گڵی رۆکراوم بینی، بە پەلە چاوم لەسەر هەڵگرتن، هەندێ بیرم کردەوە و جارێکی تر کەوتمەوە سەرنجدانیان، کۆما گڵەکان بەردیان لەسەر داکوترابوو، دووریم لە شوێنەکە و نەبینینی تەواوی کۆما گڵەکان بیری ئەوەیان لا دروست کردم، لەوانەیە مامۆستا بیەوێت لە پەنای دار بەڕووەکە شوێنێکی دانیشتن و حەوانەوە دروست بکات، بۆ خۆ دانە بەر هەتاوی پایز دانیشتن. لەو شوێنە زۆر نایابە، بە تایبەت گەر چرا خان

فەرشی راخستبێ و سەماومرەکەی هێنا بێت و سینییە چای تێکردبێت، جارێکی تر کەوتمەوە سەرنجدانی کۆما گڵەکان، دڵم رێگەی نەدەدا بڵێ دوو کۆما گڵەکە لە دوو گۆڕ دەچن، هەر زوو وتم خۆ ئێرە گۆڕستان نییە، بۆچی وا بیردەکەیەوە؟! وردتر سەرنجمدا، هەر بە راست گۆڕ دەبینم، چەندین جاری تر لە هەموو لایەکەوە تەماشام کرد، دڵنیابووم دوو گۆڕ لە ژێر دار بەڕووەکەیە، من دڵنیا نەبووم ئەوانە گۆڕی کێن، بەڵام نازانم بۆ گریانم دەهات؟ پشتم نا بە دەرگاکەوە و زۆر گریام، لەبەردەم دەرگاکە دانیشتم، فرمێسکی زۆرم هەڵوەراند، بە دەم گریانەوە لە دەرگاکەم دەدا: مامۆستا، بۆچی نایکەنەوە، چرا خان، من مینام، دەرگاکەم لێ بکەنەوە، ئەوەندە گریام فرمێسك لە چاوم بڕا، نازانم بۆ نەمدەویست بچم پرسیار بکەم دەربارەی ئەو گۆڕانە؟ نەمدەویست لەو بارەیەوە هیچ ببیستم، سوڕامەوە بۆ لای دەرگای باکووری زەوییەکە، ئەوە دەرگای ئاژەڵەکان بوو، لێیەوە هاتمە ژوورەوە، بە دەم گریانەوە دابەزیم بۆ لای دار بەڕووەکە، دوعام دەکرد چاوم هەڵەی کردبێت، ئەو دوو کۆما گڵە گۆڕ نەبن، گەیشتمە لای دار بەڕووەکە دوو گۆڕم بینی، گۆڕەکان نوێ بوون، بە کێلەکاندا زانیم پیاوێك و ژنێکن، گریانم زیادی کرد، لە نێوان دوو گۆڕەکە دانیشتم، هێشتا دوعام دەکرد گۆڕی ئەوان نەبێت، ئاخر هیچیان لەسەر نەنوسرا بوو، بەڵام بۆچی ئەوەندە گریانەکەم بەکوڵە؟ لە ناکاو

نزیك بە ماڵەکەیان و لای باخچەی گوڵەکان مامۆستا و چرا خانم بینی، پێدەکەنین و بە دەست بانگیان دەکردم، هەستام عەودالانە چووم بۆ لایان، گەیشتمە لای حەوزەکە ئەوان بوونە سەراب و بزر بوون.

هاتمەوە بۆ لای دوو گۆڕەکە، زۆر دانیشتم، زۆر گریام، گۆڕەکان بۆنی ئەوانی لێ دەهات، وتم: دایکی ئازیزم، مامۆستا چرا، دەفتەرم لەگەڵ خۆم هێنا بوو یادەوەرییەکانی تۆی تێدا بنووسمەوە، کراسێکی کوردیم بۆ هێناوی، ڕەنگی گەڵای پایزە، وتم بیپۆشی و بە حەوشەکەدا بتبینم هاتوچۆ بکەی، مامۆستا گیان سێ کتێبم بۆ کڕیت، نازانم لە کوێ دایان بنێم، من لەگەڵ دوو گۆڕەکە دەدوام و بەردەوام دوو باڵندەی پەڕ و باڵ زەرد لەسەر دار بەڕووەکە دەیانخوێند، من بێدەنگ بووم و ئەوانیش بێدەنگ بوون، هەستام و دوو گۆڕەکەم بەجێهێڵا، دوو باڵندەکەش فڕین.

دڵنیابووم جەستەی مامۆستا و چرا خان لەناو ئەو دوو گۆڕە ڕاکشاون، بەڵام دڵم ڕێگەی نەدا بپرسم، چونکە بیستنی: "ئەوان مردوون" وەك مردنی من بوو، ئەوان لای من زیندوون، بڕیارمدا هەموو پایزێك هەدیەیان بۆ بکڕم و بێم بۆ دیداریان، ڕۆژێك تا ئێوارە لایان دانیشم و لەگەڵیان بدوێم، ئەوان نەمردوون، ئەوان لە ناو ڕۆحی منداً زیندوون.

پێرست

پێشەکی..... ۷

شەوی یەکەم:

شاری فیترەت (شاری رەنگەکان) ۲۹

شەوی دووەم:

شاری مەحەبەت (شاری مەعریفەت) ٦١

شەوی سێیەم:

شاری کەسابەت (شاری سەخاوەت)..... ۱۸۱

شەوی چوارەم:

شاری ویلایەت (شاری نهێنییەکان)..... ۲۳۱

شەوی پێنجەم:

شاری رەحمەت (شاری ریسالەت) ۲۸۷

وانەی یەکەم و لە رۆژی یەکەمدا:.....۳۰٦

وانەی دووەم لە رۆژی دووەم:.....۳۲۰

وانەی سێیەم و لە رۆژی سێیەم:.....۳۲۵

وانەی چوارەم و رۆژی چوارەم:.....۳۳۷

وانەی پێنجەم و لە رۆژی پێنجەمدا:.....۳٦۰

وانەی شەشەم لە رۆژی شەشەمدا:.....۳۷۵

شەوی شەشەم:

شاری رەفاقەت (شاری بۆنە خۆشەکان)..... ٣٩٥

کۆتایی

مینا دەدوێ ٤٨٥

پێرست ٤٩٣

ئاوڕمدایەوە تەمەن تێپەڕی بوو، شەست ساڵ لە عومر گوزەری کرد بوو، کاتێ هاتمەوە بەرهۆش، مووی ڕەشی سەرم بەفری لێ باری بوو، تین و تواناکان ڕوو بە لاوازی بوون، پەتی پەیوەندییەکان لە کورتییان دابوو، حەزی تەنهایی چۆڕابوویە گیانمە.

کتێبخانەی حاجی قادری کۆیی

چوارڕیانی شێخ مەحموود - بەرانبەر مزگەوتی مەحموود عەللاف

دوزگای حاجی ٠٧٨٢٤٦٧١٣٩٤ - ٠٧٥٠٤٦٧١٣٩٤ Dazgayhaji ٩٠٠٠